# شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەڕەنسادا

# ١٩٦١-١٩٧٦


**کۆکردنەوە و وەرگێڕانی:**

**وریا ڕەحمانی**



**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب:**

شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەڕەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦

**کۆکردنەوە و وەرگێڕانی:** وریا ڕەحمانی

**پێداچوونەوە و هەڵەچنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک.

**دیزاینی بەرگ و ناوە:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤

**چاپخانە:** ڕۆکسانا

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ( ١٢٧) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.**

**ئـەم کتێبـە پێشکەشـە بـەم بەڕێزانـەی بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان یارمەتیـان داوم، چاکەیانـم لـە بیـرە:**

دۆکتـۆر کەمـال کەرکووکـی، دۆکتـۆر ڕەفیـق سـابیر، کاک ئاسـۆ کەریـم، مـەلا بەختیـار، مامۆسـتا فەرهـاد عەونـی، مامۆسـتا عەبدوڵـڵا زەنگەنـە، کاک کەریـم قـادر، مامۆسـتا تاریـق کارێـزی، کاک غەفـور مەخمـوری، کاک سـەلمان کەریـم، کاک حەسـەن دانیشـفەڕ، کاک هەڵگـورد مەسـعود و هتـد....

## پێڕست:


- وتەیەک لەبارەی ئەم پەرتوکەوە
- پێشەکیی وەرگێڕ
- دەستپێکردنی ڕاپەڕینی کورد لە عێراق- ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦١
- شرۆڤەیەکی تایبەت دەربارەی ڕاپەڕینی کورد- ١٩ی ئەیلوولی ١٩٦١
- دوایین پێشهاتەکانی ڕاپەڕینی کورد -٢١ ئەیلوولی ١٩٦١
- هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد- ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١
- بۆچوونی تورکیا دەربارەی ڕاپەینی کورد- ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٦١
- دوایین گۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی کورد- ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١
- دوایین هەواڵەکان دەربارەی چالاکییەکانی مەلا مستەفا بارزانی- ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١
- بۆچوونی عەبدولکەریم قاسم دەربارەی وتووێژ لەگەڵ بارزانی- ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢
- داواکارییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە حکومەتی عێراق- ٣٠ی کانوونی دوەمی ١٩٦٢
- حکومەتی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دژی هێزەکانی بارزانی ئەنجام دەدات- ٣ی نیسانی ١٩٦٢
- سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی بارزانی بە سەر هێزەکانی حکومەتی عێراقدا- ٢٧ی نیسانی ١٩٦٢
- ڕاپەڕینی کورد ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمی خستووەتە مەترسییەوە- ١٢ی ئایاری ١٩٦٢
- کوردستانی عێراق، و ئەگەرەکانی بەردەم ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم- ٢٤ی ئایاری ١٩٦٢
- پارتی دیموکراتی کوردستان داوای پشتیوانیی فەڕەنسا لە شۆڕشەکەی دەکات- ٢٧ی

تەمووزی ١٩٦٢

- داهاتووی ڕاپەڕینی کورد- ٢٤ی ئابی ١٩٦٢
- سوپای عێراق بە هەموو هێزییەوە هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی بارزانی- ٢٥ی ئابی ١٩٦٢
- سیاسەتی فەڕەنسا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد- ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٢
- هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەت سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد- ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢
- کێشەی کوردی عێراق لە ئەجێندای ناتۆدا- ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣
- ئەگەری دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی- ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣
- دەنگدانەوەی کێشەی کوردی عێراق لە تورکیا- ١٦ی ئاداری ١٩٦٣
- فەڕەنسا و کێشەی کورد- ٢٣ی نیسانی ١٩٦٣
- سەرکردایەتیی کورد دەیەوێت لە ئێران نزیک بێتەوە- ٤ی ئایاری ١٩٦٣
- جەلال تاڵەبانی دەیەوێت چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێت- ١١ی ئایاری ١٩٦٣
- وەزیری ناوخۆی عێراق داوای پشتیوانیی فەڕەنسا لە ڕاپەڕینی کورد دەکات- ١٥ی ئایاری ١٩٦٣
- سەرۆک کۆماری فەڕەنسا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کورد دەکات- ٢٩ی ئایاری ١٩٦٣
- ئەنجامی گفتوگۆکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر- ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣
- حکومەتی عێراق ملکەچی کۆمەڵێک لە داواکارییەکانی کورد دەبێت- ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣
- دانیشتن لەگەڵ نوێنەری بارزانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا- ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣
- هەڵوێستی کۆماری یەکگرتووی عەرەب سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد- ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣

- دیدار و گفتوگۆی نووسینگەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا لەگەڵ نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی- ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣
- ڕاپەڕینی کورد و کاریگەرییەکانی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق- ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٣
- سۆڤیەت کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتەڕوو- ١٠ی تەمووزی ١٩٦٣
- ئەگەری ڕووبەڕوونەوەی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکە لە کوردستانی عێراق- ١٧ی تەمووزی ١٩٦٣
- هەوڵە هاوبەشەکانی ئێران و تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاپەڕینی کوردی عێراق- ٣١ی ئابی ١٩٦٣
- پەیامێکی کوردی عێراق بۆ پاپای ڤاتیکان- ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤
- ڕێککەوتنی مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق- ١١ی شوباتی ١٩٦٤
- دووبەرەکی دەکەوێتە ناو ڕاپەڕینی کورد- ٥ی ئایاری ١٩٦٤
- هەڵوێستی شیوعییەکان لە هەمبەر ناکۆکییەکانی ناو سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کورد- ١٤ی ئایاری ١٩٦٤
- ئێران دەیەوێت باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بارزانی ئاشت بکاتەوە- ١٩ی ئابی ١٩٦٤
- پەیوەندییەکانی ئێران و بارزانی- ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤
- نامەیەکی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥
- دەرکردنی نوێنەری شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا- ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥
- چالاکییەکانی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەڵمانیا- ٢٦ی ئاداری ١٩٦٥
- جەلال تاڵەبانی دەوڵەتی عێراق بە کیمیابارانکردنی کورد تۆمەتبار دەکات- ٢١ی ئایاری ١٩٦٥
- نامەیەکی دیکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ٣١ی تەمووزی ١٩٦٥
- نامەیەکی دیکەی ڕابەری کورد، بارزانی، بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ٢٦ی ئابی

١٩٦٥

- داواكارییەكـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـە ژەنـەڕاڵ دیگـۆڵ، سـەرۆک كۆمـاری فەڕەنسـا- ٢٩ی ئەیلوولـی ١٩٦٥
- بۆچوونـی نوێنـەری مەسـیحییەكان دەربـارەی شۆڕشـی كـورد- ٢١ی كانوونـی یەكەمـی ١٩٦٥
- داواكارییەكـی عێـراق لـە فەڕەنسـا بـۆ دژایەتیكردنـی كـورد- ٤ی كانوونـی دووەمـی ١٩٦٦
- عێـراق ئیمپیریالیزمـەكان بـە پشـتیوانیكردن لـە كـورد تۆمەتبـار دەكات- ٥ی كانوونـی دووەمـی ١٩٦٦
- ڕاپەڕینـی كـورد و كاریگەریـی لـە سـەر پەیوەندییەكانـی ئێـران و عێـراق- ٨ی كانوونـی دووەمـی ١٩٦٦
- هەڵوێسـتی سـۆڤیەت سـەبارەت بـە شـەڕ لـە كوردسـتانی عێـراق- ٢١ی كانوونـی دووەمـی ١٩٦٦
- هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە داواكارییەكانی كوردی عێراق- ٧ی شوباتی ١٩٦٦
- دەوڵەتی عێراق نایەوێت لەگەڵ كورد وتووێژ بكات- ١ی ئاداری ١٩٦٦
- بارودۆخی ڕاپەڕینی كورد لە زمانی ئوسقۆفی گەورەی بەغداوە- ١٩ی ئاداری ١٩٦٦
- عێراق چەكی كیمیایی دژی كورد بەكاردێنێت- ٢٣ی ئاداری ١٩٦٦
- كێشەی كورد ناكۆكی خستووەتە ناو دەسەڵاتدارانی عێراق- ٣٠ی ئاداری ١٩٦٦
- شۆڕشی كورد هەڕەشە لە كۆمپانیای نەوتی عێراق دەكات- ٣٠ی ئاداری ١٩٦٦
- نامـەی سـەركردایەتیی شۆڕشـی كـورد بـۆ سـەرۆكی كۆمپانیـای نەوتـی عێـراق- ٥ی نیسـانی ١٩٦٦
- هەوڵە سیاسییەكانی عێراق بۆ كۆتاییپێهێنان بە ڕاپەڕینی كورد- ١٢ی نیسانی ١٩٦٦
- سەردانی نوێنەری بارزانی بۆ ئەوروپا- ١٣ی ئایاری ١٩٦٦
- شەڕی خوێناویی لە نێوان كورد و سوپای عێراق- ١٧ی ئایاری ١٩٦٦
- شا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی كوردی عێراق دەكات- ١٨ی ئایاری ١٩٦٦

- شەڕیی خوێناویی لە لە چیاکانی کوردستان- ٢٣ی ئایاری ١٩٦٦
- حکومەتی عێراق کەرکووک و مووسڵ تەعریب دەکات- ٣١ی ئایاری ١٩٦٦
- سوپای عێراق دەڵێت کوردی بەزاندووە- ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- حکومەتی عێراق دەیەوێت لەگەڵ بارزانی وتوویژ بکات- ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ گۆشەگیرکردنی بارزانی- ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- ناکۆکییەکانی حکومەت و سوپای عێراق دەربارەی کێشەی کورد- ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- پەیامی بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق- ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- دەستپێکردنی وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- کێشەی کورد بارودۆخی عێراق تێکدەدات- ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦
- بارودۆخی عێراق پاش چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ١ی تەمووزی ١٩٦٦
- پلانی دەوڵەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ٦ی تەمووزی ١٩٦٦
- هەڵوێستی سۆڤیەت لە هەمبەر ڕێکەوتنی کورد و دەوڵەتی عێراق- ٦ی تەمووزی ١٩٦٦
- بۆچوونەکانی بارزانی دەربارەی پلانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ١٣ی تەمووزی ١٩٦٦
- دیداری نوێنەرێکی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا- ٢٩ی تەمووزی ١٩٦٦
- دەستپێکردنی قۆناخی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ٢ی ئابی ١٩٦٦
- کەندوکۆسپەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی کورد و عێراق- ٢ی ئابی ١٩٦٦
- چارەنووسی ڕێککەوتننامەی کورد پاش دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق- ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٦
- بۆچوونەکانی وەزیرێکی کورد دەربارەی ڕێککەوتننامەی کورد و عێراق- ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦
- دیداری سەرۆک کۆماری عێراق و مەلا مستەفا بارزانی- ٢٩ی تشرینی یەکەمی

١٩٦٦

- لێدوانەکانی سەرۆک کۆماری عێراق و بارزانی پاش دیدارەکەیان- ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦
- نامەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ سکرتێری کۆمیتەی پشتگیریی شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا- ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦
- هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە کێشەی کوردی عێراق- ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧
- داواکارییەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لە نوێنەری وڵاتی سەنمارینۆ- ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧
- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی باڵەکانی ناو بزووتنەوەی کورد- ٧ی شوباتی ١٩٦٧
- دیداری وەزیری ناوخۆی عێراق لەگەڵ بارزانی- ١٣ی ئاداری ١٩٦٧
- کێشەی کورد، و سەردانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ ئێران- ١١ی نیسانی ١٩٦٧
- بارزانی نایەوێت بەشداری لە شەڕ دژی ئیسرائیلدا بکات- ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٧
- پەیامێکی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ٣ی تەمووزی ١٩٦٧
- هەڵسەنگاندنێک بۆ پاشەڕۆژی کێشەی کورد لە عێراق- ٢٥ی تەمووزی ١٩٦٧
- دیداری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ بارزانی- ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٧
- شۆڕشی کورد داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کۆتایی بە قسە و لێدوان بهێنێت- ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٧
- هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران- ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧
- بارزانی داوای کۆمەڵێک شتی نوێ لە حکومەتی عێراق دەکات- ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧
- مەلا مستەفا بارزانی داواکارییەک پێشکەش بە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا دەکات- ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧
- نامەی ڕابەری کورد، بارزانی، بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧

- ناکۆکیی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر کێشەی کورد- ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨
- زانیاری دەربارەی کۆبوونەوەیەکی نهێنیی شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا- ٧ی ئاداری ١٩٦٨
- بارزانی دەیەوێت شێوازی خەباتەکەی بگۆڕێت- ٢٧ی ئاداری ١٩٦٨
- هەندێ ڕووداوی خوێناوی لە باکووری عێراق- ١٦ی نیسانی ١٩٦٨
- دەوڵەتی عێراق نیگەرانی کودەتای کورد و بەعس و شیوعییەکانە- ١٧ی نیسانی ١٩٦٨
- بۆچوونەکانی بارزانی دەربارەی بارودۆخی کوردستان و عێراق- ٣٠ی نیسانی ١٩٦٨
- کورد ناڕازییە لە هەموارکردنەوەی یاسای کاتیی عێراق- ١٥ی ئایاری ١٩٦٨
- هەڤاڵەکانی بارزانی ژەنەڕاڵێکی سوپای عێراق دەکوژن- ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨
- هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بە دەسەڵاتی بەعس- ٢ی ئابی ١٩٦٨
- هەڵوێستی حکومەتی بەعس سەبارەت بە کێشەی کورد- ٤ی ئابی ١٩٦٨
- حکومەتی بەعس هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرێت بۆ دڵخۆشکردنی بارزانی- ٦ی ئابی ١٩٦٨
- وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی بەعس- ٤ی ئەیلوولی ١٩٦٨
- هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە کێشەی کوردی عێراق- ٥ی ئەیلوولی ١٩٦٨
- هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بە ڕژێمی نوێی عێراق- ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٨
- هاوکاریی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ جەلال تاڵەبانی- ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨
- هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی عێراق- ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨
- گلەیی لە سیاسەتی فەڕەنسا لەهەمبەر دۆزی کورد - ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨
- تاوتوێکردنی داواکارییەکی نوێنەرێکی بارزانی- ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨
- شەڕی کورد دژی حکومەتی بەعس دەستیپێکرد- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨
- ناکۆکیی نێوان حکومەتی بەعس و کورد پەرەدەسێنێت- ١٩ی تشرینی دووەمی

١٩٦٨

- شەڕی نێوان هەڤاڵانی بارزانی و تاڵەبانی پەرەدەسێنێت- ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨
- باڵی جەلال تاڵەبانی هێرش دەکەنە سەر نوێنەری بارزانی لە فەڕەنسا- ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨
- باری چەکوچۆڵی ئەمریکایی بۆ بارزانی- ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨
- هەوڵەکانی باڵی تاڵەبانی بۆ نزیکبوونەوە لە چین- ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨
- دەستپێکردنی وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی عێراق- ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩
- بارزانی بەتەمایە سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت- ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩
- جەلال تاڵەبانی، کورد دژی ئێران هان دەدات- ١ی شوباتی ١٩٦٩
- مەسەلەی کورد بووە بە کێشەیەکی گەورە بۆ حکومەتی بەعس- ٦ی شوباتی ١٩٦٩
- بەردەوامبوونی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق- ١١ی شوباتی ١٩٦٩
- بارزانی کارمەندە عەرەبەکان لە کوردستان دەردەکات- ١٩ی شوباتی ١٩٦٩
- کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ڕاپەڕینی کورد- ١٨ی ئاداری ١٩٦٩
- حکومەتی عێراق هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ڕازیکردنی کورد- ١٨ی ئاداری ١٩٦٩
- سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان سەرکردەکانی ڕاپەڕینی کورد- ٢١ی ئاداری ١٩٦٩
- پشتیوانیی ئیسرائیل لە ڕاپەڕینی کورد- ٢٥ی ئاداری ١٩٦٩
- هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی- ١٦ی نیسانی ١٩٦٩
- ناکۆکی دەکەوێتە نێوان جەلال تاڵەبانی و حکومەتی عێراق- ٢٤ی نیسانی ١٩٦٩
- حکومەتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بارزانی دەکات- ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- هەڤاڵێکی نزیکی بارزانی دەچێتە پاڵ حکومەتی عێراق- ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- حکومەتی عێراق دیسان هەوڵ دەدات کورد ڕازی بکات- ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- بارزانی هەڕەشە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەکات- ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٩

- گەشەی ڕاپەڕینی کورد لە ڕووی سەربازییەوە- ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- حکومەتی عێراق دەیەوێت ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد- ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- بارزانی قسەی خۆی بۆ تێکدانی نەوتی عێراق، بردەسەر- ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٩
- سەردانی لێژنەیەکی ئیسرائیل بۆ بارەگای سەرکردایەتی بارزانی- ١١ی تەمووزی ١٩٦٩
- حکومەتی عێراق داواکارییەکانی بارزانیی پێ قەبوڵ ناکرێت- ٦ی ئابی ١٩٦٩
- بارودۆخی سەربازیی ڕاپەڕینی کورد- ١١ی ئابی ١٩٦٩
- دەوڵەتی ئێران نیگەرانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستانە- ١١ی ئابی ١٩٦٩
- شەڕی خوێناوی لە کوردستانی عێراق- ١٤ی ئابی ١٩٦٩
- بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە- ١٦ی ئابی ١٩٦٩
- ڕاپۆرتێک دەربارەی شۆڕشی کوردستانی عێراق- ١ی ئەیلوولی ١٩٦٩
- سۆڤیەت، بارزانی بە ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەزانێت- ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٩
- سوپای عێراق خەڵکی گوندێکی مەسیحیی کوردستان گولەباران دەکات- ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٩
- کێشەی کورد و کۆمەڵکوژیی سۆریا- ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٩
- حزبی بەعس کۆمەڵێک مافی کولتووری دەدات بە کورد- ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩
- دەوڵەتی ئێران یارمەتیی باڵی جەلال تاڵەبانی دەدات- ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩
- دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یارمەتی ڕاپەڕینی کورد نادات- ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩
- سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق و تاڵەبانی بە سەر هێزەکانی بارزانیدا- ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩
- نیگەرانیی عێراق لە چالاکییەکانی نوێنەری بارزانی لە فەڕەنسا- ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩

- ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات یارمەتیی عێراق دەدات دژی کورد- ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩
- دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بارزانی و حکومەتی بەعس- ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- شیوعییەکان دوا دەکەن کێشەی کورد چارەسەر بکرێت- ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- تێکچوونی وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی بەعس- ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق- ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- ئێران و تورکیا لە وتووێژەکانی عێراق و کورد نیگەرانن- ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- هەڵوێستی سۆڤیەت لە هەمبەر وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق- ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠
- کێشەکانی حکومەتی بەعس پاش ڕێککەوتن لەگەڵ کورد- ٣ی شوباتی ١٩٧٠
- ڕاپۆرتێک دەربارەی هۆکار و ئەنجامەکانی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق- ٥ی شوباتی ١٩٧٠
- باڵی جەلال تاڵەبانی خەریکە هەڵدەوەشێتەوە- ٩ی شوباتی ١٩٧٠
- وتووێژەکانی حکومەت و کورد کێشەی تێکەوتووە- ١٧ی شوباتی ١٩٧٠
- ئیسرائیل و ئێران دەیانەوێت وتووێژەکانی بارزانی و عێراق تێکبچێت- ٢١ی شوباتی ١٩٧٠
- ئامانجی سۆڤیەت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد- ٤ی ئاداری ١٩٧٠
- پەیامی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆک کۆماری عێراق بەبۆنەی بەیانی ١١ی ئادار
- پەیامی پیرۆزبایی حزبی شیوعی عێراق بە بۆنەی بەیانی ١١ی ئادار
- مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار لە زمانی سەرۆک کۆماری عێراقەوە- ١٢ی ئاداری ١٩٧٠

- یەکەم کاردانەوەکان لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٢ی ئاداری ١٩٧٠
- نیگەرانیی کاربەدەستانی ئێران لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٢ی ئاداری ١٩٧٠
- لێدوانی سەرۆک کۆمار و کوڕەکانی بارزانی دەربارەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٣ی ئاداری ١٩٧٠
- نیگەرانیی ئیسرائیل لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٣ی ئاداری ١٩٧٠
- کاردانەوەی سۆڤیەت لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٨ی ئاداری ١٩٧٠
- چارەنووسی عێراق پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٨ی ئاداری ١٩٧٠
- کاردانەوەی مسر لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ٢٠ی ئاداری ١٩٧٠
- کاردانەوەی تورکیا لە هەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ٢٤ی ئاداری ١٩٧٠
- کێشەی کورد پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار-٢٥ی ئاداری ١٩٧٠
- کاردانەوەی سوریا لە هەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ٢٧ی ئاداری ١٩٧٠
- وتووێژەکانی سەدام حوسەین و دکتۆر مەحمود عوسمان لە بەغدا- ٣١ی ئاداری ١٩٧٠
- لێدوانی سەرۆک کۆماری عێراق دەربارەی کێشەی کورد- ١ی نیسانی ١٩٧٠
- ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار سەرۆک کۆماری عێراق دەفەوتێنێت- ١ی نیسانی ١٩٧٠
- هەڵوێستی ئیسرائیل لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق- ٨ی نیسانی ١٩٧٠
- هەڵوێستی سۆڤیەت لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق- ١٧ی نیسانی ١٩٧٠
- نیگەرانی تورکیا لە گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەی کەرکووک- ٢٢ی نیسانی ١٩٧٠
- فەڕەنسا و کێشەی کوردی عێراق- ٢٩ی نیسانی ١٩٧٠
- بڕیاری ڕیفڕاندۆم لە کەرکووک- ١٣ی ئایاری ١٩٧٠
- دەسەڵاتدارانی کورد پێیانوایە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ نابێت- ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٠
- عێراق و تورکیا دژی کورد یەکدەگرن- ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٠
- کەرکووک، پایتەختی کوردستان- ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٠

- توركیا تورکمانەکانی کەرکووک دژی کورد هان دەدات- ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٠
- دەستپێکردنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان- ١ی تەمووزی ١٩٧٠
- ناکۆکیی کورد و حکومەتی عێراق لەسەر پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار- ٧ی تەمووزی ١٩٧٠
- کێشەکانی کورد و حکومەتی عێراق زیاتر دەبێت- ٨ی تەمووزی ١٩٧٠
- کۆتاییپێهاتنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان- ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٠
- سەردانی لێژنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وڵاتی بولگاریا- ٣١ی تەمووزی ١٩٧٠
- کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی گۆڤارێکی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق- ٢١ی ئابی ١٩٧٠
- ئامادەکارییەکانی کورد بۆ ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی بەعس- ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠
- ئامانجی کۆتایی بارزانی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە- ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠
- مەسەلەی کەرکووک پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەکات- ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠
- سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بە ناوبژیوانیی بارزانی ئازاد دەکرێت- ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠
- هەوڵ تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی- ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠
- ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق- ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠
- پەیوەندییەکانی کورد و عێراق پاش هەوڵ بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی- ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠
- دیداری کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەگەڵ بارزانی- ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧١
- دیسان مەسەلەی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی- ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١
- گوشار دەخرێتە سەر بارزانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بپچڕێنێت-

٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٧١

- کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی- ٣ی شوباتی ١٩٧١
- پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق ساڵێک پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار- ١٧ی ئاداری ١٩٧١
- ڕۆڵی تورکمانەکان لە هاوکێشەکانی کورد و حکومەتی عێراقدا- ٢٨ی نیسانی ١٩٧١
- کاریگەریی ململانێی دەسەڵات لە بەغدا لە سەر کێشەی کورد- ٦ی ئابی ١٩٧١
- سەرکردایەتیی کورد هەڕەشە لە دەوڵەتی عێراق دەکات- ١١ی ئابی ١٩٧١
- شەڕی دەسەڵات لە ناو بزووتنەوەی کورد- ٢٨ی ئابی ١٩٧١
- شەپۆلی دەستبەسەرکردنی بەرپرسانی کورد لە بەغدا- ١٥ی ئەیلوولی ١٩٧١
- هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی- ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١
- هەڵسەنگاندنێک بۆ پیلانی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی- ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١
- سەردانی لێژنەیەکی سۆڤیەت بۆ دڵنیاییدانەوەی مەلا مستەفا بارزانی- ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١
- بارزانی لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک سازش ناکات- ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧١
- شەڕی دەروونی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس- ١٥ی ئاداری ١٩٧٢
- دیداری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی- ١٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢
- ڕووداوەکانی سنجار پەیوەندییەکانی گەلاڵە و بەغدا ئاڵۆز دەکات- ١٢ی تەمووزی ١٩٧٢
- دیسان هەوڵ بۆ کوشتنی بارزانی- ٤ی ئابی ١٩٧٢
- پەیوەندییەکانی کورد و حکومەت ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێت- ٢٤ی ئابی ١٩٧٢
- ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی سۆڤیەت- ٢٦ی ئابی ١٩٧٢
- سیاسەتی ئێران لە هەمبەر ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق- ١٢ی ئەیلوولی ١٩٧٢

- وتوویـژی نهێنیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، حزبـی شـیوعی و حزبـی بەعـس- ٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٢
- دیسان پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەبێت- ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢
- کورد خەریکە عێراق تێکدەدات- ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢
- ڕژێمـی بەعـس تۆمەتـی قـورس دەخاتەپـاڵ سـەرکردایەتی کـورد- ١٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٢
- تەنگژەکانی کورد و حکومەت هێور دەبێتەوە -٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢
- یارمەتییە سەربازییەکانی ئێران بە بارزانی دەستپێدەکاتەوە- ٢٣ی نیسانی ١٩٧٣
- پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەبێت- ٢٥ی ئایاری ١٩٧٣
- ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بە بنبەست گەیشتووە- ١٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣
- شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق دەستپێدەکاتەوە- ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٣
- ناوبژیوانـی حزبـی شـیوعی عێـراق بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی کـورد و حکومـەت- ١٣ی تەمـووزی ١٩٧٣
- حکومەتی عێراق چوار سیخوڕی کورد لەسێدارە دەدات- ٢٤ی ئابی ١٩٧٣
- شــەڕ و پێکدادانــی حزبــی شــیوعی عێــراق و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان- ١٢ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٣
- ڕێککەوتنـی حزبـی شـیوعی عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- ٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٣
- حکومەتـی بەعـس پرۆژەیەکـی نـوێ بـۆ ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان دەخاتـەڕوو- ١٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٤
- وتوویژەکانـی کـورد و حکومەتـی عێـراق گەیشـتووە بـە بنبەسـت- ٣٠ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٤
- شەڕ و پێکدادانی کورد و سوپای عێراق لە کەرکووک- ٥ی ئاداری ١٩٧٤
- هەڵوێسـتی سـۆڤیەت لـە هەمبـەر کێشـەکانی کـورد و ڕژێمـی عێـراق- ٨ی ئـاداری ١٩٧٤

- حکومەتی عێراق ئۆتۆنۆمی کوردستانی بە شێوەی یەکلایەنە ڕاگەیاند- ١٢ی ئاداری ١٩٧٤
- شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق هەڵدەگیرسێت- ١٣ی ئاداری ١٩٧٤
- هاوکێشەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچە بە زەرەری بزووتنەوەی کوردە- ١٤ی ئاداری ١٩٧٤
- نیگەرانی تورکیا لە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق- ١٤ی ئاداری ١٩٧٤
- هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق- ١٤ی ئاداری ١٩٧٤
- کاریگەریی هاوکێشەکانی ناوچە لە سەر چارەنووسی شۆڕشی کوردی عێراق- ١٨ی ئاداری ١٩٧٤
- دیداری شا و نوێنەرانی بارزانی- ٢٠ی ئاداری ١٩٧٤
- بارودۆخیی سەربازی و سیاسیی بزووتنەوەی کوردی عێراق- ٢٢ی ئاداری ١٩٧٤
- سۆڤیەت پشتیوانی لە عێراق دژی کورد دەکات- ٣ی نیسانی ١٩٧٤
- سوریا یارمەتی جەلال تاڵەبانی دەدات- ٥ی نیسانی ١٩٧٤
- هەندێ کەسایەتیی کورد دەچنە پاڵ حکومەتی عێراق- ١٠ی نیسانی ١٩٧٤
- کۆمپانیاکانی نەوت یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دەدەن- ٢٢ی نیسانی ١٩٧٤
- کوردستان بەرەو هەڵگیرسانی شەڕ دەچێتەپێش- ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤
- پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی عێراق پچڕا- ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤
- سەدام حوسەین هەڕەشە لە مەلا مستەفا بارزانی دەکات- ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤
- شەڕی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد دەستپێکرد- ٢٩ی نیسانی ١٩٧٤
- سوپای عێراق لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکاتە سەر کوردستان- ٦ی ئایاری ١٩٧٤
- شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە توندی بەردەوامە- ١٠ی ئایاری ١٩٧٤
- داواکارییەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی- ١٥ی ئایاری ١٩٧٤

- دوایین هەواڵەکانی شەڕی کوردستان- ٢٢ی ئایاری ١٩٧٤
- دەوڵەتی عێراق سەرجەم سوپاکەی دژی کورد تەیار دەکات- ٢٨ی ئایاری ١٩٧٤
- ئاسۆی شەڕی کورد و حکومەتی عێراق- ٣١ی ئایاری ١٩٧٤
- سۆڤیەت دەڵێت شەڕ، بارزانی بەهێزتر کردووە- ١ی حوزەیرانی ١٩٧٤
- کوردی ئێران هاوکاریی بزووتنەوەکەی بارزانی دەکەن- ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤
- هەڵوێستی حزبی شیوعیی عێراق لە هەمبەر کێشەی کورد- ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٧٤
- وڵاتانی عەرەب هاوکاریی حکومەتی کوردی دەکەن- ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٤
- حزبی شیوعیی عێراق داوای دامەزراندنی حیزبێکی نوێی کورد دەکات- ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٤
- حزبی شیوعیی عێراق هێرش دەکاتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و شای ئێران- ٣ی تەمووزی ١٩٧٤
- وڵاتانی دەرەوە یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دەدەن- ٥ی تەمووزی ١٩٧٤
- بارودۆخی کوردستان پاش سێ مانگ شەڕ- ١٢ی تەمووزی ١٩٧٤
- سەرۆک کۆماری جەزاییر هەڕەشە لە کورد دەکات- ٢٦ی تەمووزی ١٩٧٤
- پرۆپاگەندەی سیاسیی حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق دژی پارتی دیموکراتی کوردستان- ٥ی ئابی ١٩٧٤
- سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق بە سەر کورددا- ٢٦ی ئابی ١٩٧٤
- دوایین هەواڵەکانی شەڕی کوردستان- ١٩ی ئەیلوولی ١٩٧٤
- ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی عێراق لە کوردستان کوژراون- ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤
- نامەیەکی بەپەلەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا- ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤
- دەوڵەتی عێراق کورد لە مووسڵ دەردەکات- ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤
- بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی مەلا مستەفا بارزانی- ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤
- سەرکردایەتیی کورد دەیەوێت لەگەڵ حکومەت وتووێژ بکات- ٤ی کانوونی

یەکەمی ١٩٧٤

- کورد هێرش دەکاتە سەر دامودەزگای نەوتی کەرکووک- ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤
- هەڵوێستی بولگاریا لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق- ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥
- کۆمەڵگای نێونەتەویی هەوڵ دەدات یارمەتی کوردی عێراق بدات- ٣ی شوباتی ١٩٧٥
- هەڵوێستێکی ناجوامێرانەی تورکیا لەهەمبەر کوردی عێراق- ٥ی شوباتی ١٩٧٥
- داواکارییەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لە کۆنفرانسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان- ١٤ی شوباتی ١٩٧٥
- هاوکێشەکانی ناوچە، بزووتنەوەی کورد بەرەو ڕووخان پاڵپێوەدەنێت- ٢٧ی شوباتی ١٩٧٥
- مەرگی شۆڕشی کورد و بێدەنگی دنیای ئازاد- ١١ی ئاداری ١٩٧٥
- شا سووچی نسکۆی شۆڕشی کورد دەخاتە ملی سەرکردایەتیی کورد- ١٧ی ئاداری ١٩٧٥
- هۆکارەکانی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لە جەزاییر، و نسکۆی شۆڕشی کورد- ٢١ی ئاداری ١٩٧٥
- هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان- ٢٦ی ئاداری ١٩٧٥
- دەوڵەتی عێراق هەڕەشە لە کوردی دانیشتووی فەڕەنسا دەکات- ٨ی نیسانی ١٩٧٥
- داواکارییەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا- ١٤ی نیسانی ١٩٧٥
- ئێران و چارەنووسی شۆڕشی کوردی عێراق- ١٧ی نیسانی ١٩٧٥
- نامەی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەوروپا بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان- ٢٨ی نیسانی ١٩٧٥
- هەوڵ بۆ کوشتنی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەوروپا - ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦

## وتەیەك لەبارەی ئەم پەرتوكەوە

لە زۆر قۆناغ و سەردەمدا، شۆڕشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان بە کێشەی ناوخۆ، یان ڕاپەڕین و یاخیبوون پێناسە کراوە، بەڵام لە کۆریدەر و سەر مێزی وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی حکومەتەکانیاندا ئامادەیی هەبووە و بە وردی و لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ هەنگاو و ڕووداوەکانی کراوە. لە دووتوێی ئەم پەرتوکەدا (شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەڕەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦) کە سێسەد بەڵگەنامە لە خۆدەگرێ، ئەو ڕاستییە درەوشاوەتان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەمیشە بە ئێستاوەش بەرژەوەندییەکان لە مافە سروشتییەکانی گەلانی چەوساوە و دروشم و پرەنسیپەکانی وڵاتان بەهێزترە، هاوکات ئەو مامەڵە دووڕییە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە هەر هەنگاوێکی کورد بە ئاراستەی بەدیهاتنی مافەکانی بووەتە بابەتی وڵاتان و کاریان لەسەر کردووە، لە کوێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکان هاتبێتەوە، پشتیوانیان لێکردووە، لە کوێش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان تێکی نەکردبێتەوە، تەنانەت ئەگەر دژ بە دروشم و پرەنسیپەکانی خۆشیان بێت، دژی وەستاونەتەوە. ئەوەتە لە بەڵگەنامەیەکدا کە ڕێکەوتی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦١ی بەسەرەوەیە، واتە تەنیا هەفتەیەک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، بەناونیشانی (دەست پێکردنی ڕاپەڕینی کورد) کە لەلایەن باڵیۆزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردراوە، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە هیچ کاتێک دۆزی کورد، دۆزێکی ناوخۆیی نەبووە، بە پێچەوانەوە بەردەوام کاریگەری بەسەر سیاسەتی وڵاتان هەبووە و کاریگەری ئەوانیش بەسەر شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەیدا هەبووە. واتە وەک دۆزێکی نێودەوڵەتی لێی ڕواندراوە، ئەگەر بەو نەفەسە مامەڵەشی لەگەڵ نەکرابێت.

لە بەڵگەنامەی سەرەوە کە ئاماژەمان بە ڕێکەوتەکەی کردووە و لە پەرتوکەکەشدا ڕیزبەندی یەکەمی بەڵگەنامەکانی گرتووە، تێیدا باس لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول کراوە و بەو شێوەیە بۆچوونەکەی گەیاندووە کە (ئەو مەسەلەیە، ناڕاستەوخۆ دەتوانێت کێشە و سەرئێشە بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکات). هەروەها لە ڕۆژی دواتردا، هەمان باڵیۆزخانە ئاماژە بە جیاوازی ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٠ی کەرکووک دەکات کە دوو ڕووداوی جودایە. بە مانایەکی دیکە دەیەوێ بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ڕوون بکاتەوە کە ڕووداوەکانی

ئەیلوول، خەباتی گەلێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی، یان جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و ڕێککەوتننامەیە کە پێشتر قاسم بۆ بەڕێوەبردنی عێراق بە هاوبەشی لەلایەن کورد و عەرەب بە مەلا مستەفا بارزانی دابوو. جگە لەوە باس لەوە دەکات کە ئەفسەر و سەربازانی کورد ڕیزەکانی سوپایان جێهێشتووە، باس لە هەڵەکانی قاسم دەکات و نووسیویەتی: "ئەگەر دەستێوەردانی کورد نەبوایا، حکومەتی قاسم نەیدەتوانی ڕاپەڕینی مووسڵ لە ١٩٥٩ سەرکووت بکات، بەڵام دواتر حکومەت ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکرد و وەک حکومەتی پێشووتری عێراق لەگەڵ دانیشتووانی پارێزگاکانی باکوور هەڵسوکەوت دەکات". ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە وڵاتان هەر لەو ڕۆژەی کوردستان بە عێراقی دەستکردەوە لکێندراوە، درکیان بەو ڕاستییە کردووە کە حکومەتەکان، چ ئەوانەی سەردەمی سیستمی پاشایەتی، چ سیستمی کۆماری بە یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مافی گەلی کوردستان نەکردووە، واتە دۆزی کورد لە عێراقی دەستکردنی خۆیان بەلایانەوە نامۆ نەبووە.

وەک ڕاستی، هەمیشە حکومەتەکانی عێراق بۆ خۆدزینەوە لە ددانনان بە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، گشت هەوڵە ڕزگاریخوازەکانی کوردیان بە دەستکردنی ئیمپریالیزم داناوە، تەنانەت یەکێکی وەک عەبدولکەریم قاسم بە پێچەوانەی مەزەندەکانی کە لە سەرکووتکردنی شۆڕشی ئەیلوول شکستی هێنا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٢ی کانوونی دووەم لە بەغدا، گوتی: "ئەم یاخیبوونە ئیمپیریالیستەکان دروستیان کردووە و بە تەواوی لەناوبراوە.) بەڵام لە مەیداندا پێچەوانە بوو، چونکە شۆڕش تەنگی بە هێزی هێرشکار هەڵچنیبوو. ئەوەتە لە ٢٧ی نیسانی ١٩٦٢ باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران لە ڕاپۆرتیکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە باس لە سەرکەوتنەکانی شۆڕش بەسەر هێزی هێرشبەر دەکات و نووسیویەتی (ڕاپەڕیوەکان سەرجەم ناوچەکەیان بەدەستەوەیە، لە سلێمانی تا مووسڵ و سنووری تورکیا. ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکومەت لەناوچوون. مستەفا بارزانی کە زۆربەی کوردەکانی عێراق پشتیوانی لێدەکەن، بڕیاریداوە درێژە بە خەبات بدات تا ئەو کاتەی ژنەڕاڵ قاسم ئەو پلانە ١١ بڕگەییە قەبوڵ بکات کە پارتی دیموکراتی [کوردستان]پێشکەشی کردووە".

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی باڵوێزی فەڕەنسا لە بەریتانیا بۆ وەزیری دەرەوەی

[فەڕەنسا]، جەنابی کوف دۆ مۆغڤیل بە ناونیشانی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای پشتیوانیی فەڕەنسا لە شۆڕشەکەی دەکات هاتووە (لە قۆناخی ئێستای خەباتدا، پارتی دیموکراتی[کوردستان] زۆر پێویستی بە یارمەتی مادی و مەعنەویی دەرەوە هەیە، داوای لە فەڕەنسا کردووە یارمەتیان بدات، چونکە وڵاتی ئێمە باش کێشەی کورد دەناسێت و ئەوکاتەی ئێمە سەرپەرشتی وڵاتی سووریامان کردووە هۆگری مەسەلەی کورد بووینە، کەوابوو هیوادارن ئێمە لە ڕێگای دیپلۆماتیکەوە، بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پشتیوانی لە دۆزی نەتەوەی کورد بکەین. وادیارە ئەم داواکارییە پێشکەش بە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کراوە). لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا وەزارەتی دەرەوەی[فەڕەنسا] نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک کە ڕێکەوتی٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٢لەسەرە نایشارێتەوە کە هاوسۆزیان بۆ ئەمجۆرە بزووتنەوە نەتەوەییانە هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو درز و ناکۆکییە قوڵەی لە نێوعەشیرەتە کوردەکاندا هەیە لە بارودۆخی ئێستادا خەون و خەیاڵە، لەوەدا دووڕووییەک بەدی دەکرێت، چونکە لە لایەک وەک خۆیان باسیان کردووە وڵاتەکەیان باش بە کێشەی کورد ئاشنایە، بەڵام ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەو بۆچوونە یەکدەگرێت کە ئەمدواییە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ باڵوێزخانەکەمان لە واشنتۆن باسی کردووە. واتە ناخوازێ دژ بە بۆچوونی وڵاتانی دیکە کار بکات.

بەهەرحاڵ، ئەوڕۆ بە پێچەوانەی دوێنێ لە سایەی ئەو کەشەی قەوارەی هەرێمی کوردستان خوڵقاندوویەتی، دەرفەت لە بەردەم توێژەر و ئەکادیمیسان و شارەزایانی کورد لە زمانی ئەوڕووپی کراوەتە، تا ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی جیهان بەسەر بکەنەوە و لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانەوە بە بۆچوونی ئەو وڵاتانە شارەزا بین کە چۆن لە دۆزی کورد دەڕوانن و لەسەر چ بنەمایەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووە، بەتایبەتی خوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە بۆ دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدارانی کورد پێویستییەکی لە ڕادە گرنگە، بۆئەوەی بزانن لە هەنگاوەکانی داهاتوویاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکەن کە کاریگەریان بەسەر سیاسەتی جیهانییەوە هەیە.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک**

**هەولێر-٢٠٢٤**

## پێشەکیی وەرگێڕ

من سەردانی هەر وڵاتێک بکەم، تەنانەت ئەگەر زمانەکەشی نەزانم یەکسەر پێش هەموو شتێک دەچم سەردانی ئارشیڤی ئەو وڵاتە دەکەم بزانم چی بەڵگەنامەیەکی دەربارەی کورد هەیە. کاتێک وەک پەنابەر هاتمە فەرانسا، هەرچەند هیچ فەڕەنسیم نەدەزانی، سەردانی ئارشیڤخانە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتەم کرد، تەنانەت ئارشیڤی ناوچەکان و ناوەندی پارێزگاکان. یەک ڕستەم بە فەڕەنسی لەبەر کردبوو، لە لای کارمەندەکانی ئارشیڤخانەکان دووپاتم دەکردەوە: "ژۆ شیغش لێ دێکیومون ئا پغۆپۆ دۆ لا کێسیون کویغد"، یانی بە شوێن ئەو بەڵگەنامانەدا دەگەڕێم کە دەربارەی مەسەلەی کوردە. لە ئارشیڤخانەی وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی سوپا و ئارشیڤخانەی نیشتمانیی فەڕەنسا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی زۆرم لەساڵی ١٩١٥تا ١٩٨٥ دەربارەی هەر چوار پارچەی کوردستان دۆزییەوە، بە مۆبایل وێنەم گرتن و لای خۆم ڕامگرتن. بەتەما نەبووم وەریانبگێڕم، یەکەم لەبەر ئەوەی فەڕەنسیم نەدەزانی و دووەم لەبەر ئەوەی پێموابوو حەتمەن ئەم هەموو کوردە کە لە فەڕەنسا دەژی، بەتایبەت کوردی باشوور کە لەمێژە لێرەن، حەتمەن ئەم بەڵگەنامانەیان کردووە بە کوردی. چەند ساڵ تێپەڕ بوو، فێری زمانی فەڕەنسی بووم، کاتێک دڵنیا بووم کە کەسی دیکە کاری لەسەریان نەکردووە دەستم کرد بە وەرگێڕانیان. بە هۆی هۆگربوونی خۆم بە شۆڕشی ئەیلوولەوە لە سەرەتاوە بەڵگەنامەکانی ئەم قۆناخەم هەڵبژارد.

دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول، کە گەورەترین ڕاپەڕینی سیاسی و چەکداری نادەوڵەتی جیهان بووە لە ساڵەکانی شەستاکان و حەفتاکاندا، بەڵگەنامە لە ئارشیڤی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت ئەمریکا و فەڕەنسا زۆرە. ئەوانەی ئەمریکام پێشتر بڵاوکردووەتەوە[١]. کۆمەڵێک جیاوازی هەیە لە نێوان بەڵگەنامەکانی ئەم دوو وڵاتەدا. ئەوانەی ئەمریکا زیاتر باسی پەیوەندییە تەواو نهێنییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ کیسینجێر و شای ئێران و ئیسرائیل دەکەن، بەڵام ئەمانەی فەڕەنسا بەپێچەوانەوە زیاتر باسی ناوخۆی شۆڕش و هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق و مەسەلەی کەرکووک دەکەن. کۆمەڵێک شت و

(١) شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢ و مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٣.

زانیاریی نهێنی لەم بەڵگەنامانەدا هەیە کە من تا ئیستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمبینیوە و نەمبیستووە. خاڵی دیکە ئەوەیە، بەپێچەوانەی بەڵگەنامەکانی ئەمریکا کە کۆمەڵێک زانیارییان تێدا ڕەش کردووەتەوە، ئەمانەی فەڕەنسا هیچیان لێ ڕەش نەکراوەتەوە و وەک خۆی بڵاویان کردوونەتەوە. تۆزێ جیاوازیی لە نێوان بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی سوپا بەدی دەکرێت: ئەوانەی وەزارەتی دەرەوە بە زمانی دیپلۆماسی نووسراون، زانیارییەکانیان لە سەرچاوەی دیپلۆماتیکەوە وەرگیراوە، زیاتر جێگای متمانەن و لایەنگیریشیان تێدا کەمتر بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوانەی وەزارەتی سوپا و نووسینگەی دژە سیخوڕیی بە زمانی سادە نووسراون، زانیارییەکانیان زیاتر لە زمانی جاسوسەکان و کەسایەتییەکان وەرگێراوە و هەست و سۆزیان زیاتر بەرەولای کوردە. خاڵێکی دیکە کە لەم بەڵگەنامانەدا شاراوەیە ئەوەیە کە لەو قۆناخەدا هەرچەند فەڕەنسا پەیوەندیی ئابووری و سەربازیی تاڕادەیەک بەهێزی لەگەڵ عێراقدا هەبووە بەڵام کاربەدەستانی فەڕەنسا، چی لە پاریس چی لە بەغداد و وڵاتانی دراوسێی عێراق، پێیانخۆش بووە شۆڕشی کورد سەربکەوێت، هەرچەند هیچ یارمەتییەکی سیاسی یان سەربازیی شۆڕشیان نەداوە و هیچ وەڵامێکیشیان بەو هەموو نامانە نەداوەتەوە کە مەلا مستەفا بارزانی بەردەوام بۆ دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا ناردوویەتی و داوای پشتیوانی مادی و مەعنەویی لێکردوون و زۆربەشیان بە زمانی دیپلۆماسیی و لەلایەن شارەزایانی کورد و فەڕەنسییەوە نووسراون.

ماوەتەوە بڵێم هیچ بەڵگەنامەیەک نەبووە کە وەرمنەگێڕابێت و داخم هەڵنەکێشابێت. لە زمانی ئەم بەڵگەنامانەوە بەراوردی بارودۆخی ئێستا و ئەوسای کورد لە کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و تەنانەت بەغدادیش بکەن. سەیری هێز و دەسەڵاتی مەلا مستەفا بارزانی بکەن لە سەرجەم عێراق، لە زاخۆ تا بەسرە. سەیری یەکگرتویی و یەکڕیزیی کورد بکەن لە هەڵەبجە تا مووسڵ و سنجار و لە زاخۆ تا بەدرە و خانەقین. نیشتمانپەروەریی و دڵسۆزیی مستەفا قەرەداغی و فواد عارف و تەنانەت عەزیز شەریفی شیوعی بەراورد بکەن بە هەڵوێستی هەندێ لە نوێنەرانی ئێستای حیزب و لایەنە کوردەکان لە بەغداد. دڵسۆزیی و کوردپەروەریی قەشە پۆلس بێداری بەراورد بکەن بە... کە لەبەر سرودی (ئەی ڕەقیب) هەڵناسێتە سەرپێ و داوای هەڵوەشانەوەی قەوارەی

هەرێمی کوردستان دەکات. دڵسۆزیی و چالاکیی (کۆمیتەی پشتگیریی لە شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا) کە بە پارەی ئەندامە خۆبەخشە فەڕەنسییەکانی خۆی بەڕێوەدەچوو بەراورد بکەن بەم هەموو کۆمیتە و ئەنیستیتۆ و نوێنەرایەتی و دامەزراوانە کە ئێستا لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بودجەیەکی زۆر وەردەگرن و هیچیش ناکەن.

ئەم بەڵگەنامانە لە هەموو شوێنێکدا بارزانی بە ڕابەری کورد ناودەبات. باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق لە پەیامێکدا بۆ وەزیری دەرەوە لە شوباتی ١٩٧١ دەڵێت: " ئەو سەرکەوتنەی کورد بەدەستیهێناوە لە خەباتەکەی لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا، یانی دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد لە عێراق، بەشێکی بەهۆی ئەوەیە کە کورد ڕابەرێکی خاوەن هەیمەنە و بلیمەت و کوردستانێکی ئازادی هەیە کە سوپایەکی ڕاستەقینە دەیپارێزێت و ڕێکخستنە بەهێزەکانی حزبێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات. گروپێکی بچووکی پێشمەرگە ئامادەن گیان و ڕۆحی خۆیان بکەن بە قوربانی، بارزانی دەپارێزن. بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی ناو سەنگەر دەژیت. مەلا مستەفا بارزانی زۆر خۆی دەرناخات، بۆیە ناسینی ئاسان نییە، بەڵام وادیارە ئینسانێکی فێڵزان نییە و بەناحەق قسە لە سەر کەسێک یان ڕووداوێک ناکات. کوردەکان زۆر بە دەگمەن باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بێگومان پێشمەرگەکان و بارزانیی ڕابەریان هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە ڕۆژێک بگەن بە سەربەخۆیی. بوونی ئەم کوردستانە ئازادەی ئێستا دەیسەلمێنێت کە هیوای سەربەخۆیی کوردستان خەون و خەیاڵ نییە".

ئەم بەڵگەنامانەی فەڕەنسا هێز و دەسەڵاتی بارەگای سەرکردایەتی بارزانییان لە گوندی گەڵاڵە و ناوپردان خستووەتە هاوشانی دەسەڵاتی کۆشکی سەرۆک کۆماریی عێراق و تەنانەت کۆشکی کرملین و دەیانجار دەڵێت گەڵاڵە، بەغداد، تاران، مۆسکۆ... ئەو کاتە مەلا مستەفا قسەیەکی دەکرد یان هەڕەشەیەکی دەکرد دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ترس و لەرزیان لێدەنیشت. نوێنەرانی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە، بەتایبەت سۆڤیەت، بە ڕۆژان لە بەغداد و تاران چاوەڕوانیان دەکرد تا مەلا مستەفا ڕازی بێت لەگەڵیان دیدار بکات. مەلا مستەفا نەبوو چەند ڕژێمی عێراقی یەک لە دوای یەک ڕووخاند یان بواری بۆ ڕووخاندنیان خۆش کرد؟ ئەگەر ڕێککەوتننامەی جەزاییر نەبایا و شۆڕشی کورد شەش مانگی دیکە بەردەوام بایا

ڕژێمی سەدامیشی دەڕووخاند. ئەوە نەبوو سەدام لە سەدا ٩٩ی سوپاکەی بە هەموو توانا و چەکوچۆڵی پێشکەوتووی سۆڤیەت ناردبوو بۆ شەڕی کورد؟. پاش نسکۆی شۆڕش لە وەڵامی ڕەخنەی هەندێ لە کاربەدەستانی باڵای بەعس کە وتبوویان بۆ بەشێک لە خاکی عێراقی داوە بە شای ئێران، سەدام وتبووی تەنیا یەک فڕۆکە لە بەغداد مابوو، هەمووم ناردبوو بۆ شەڕی شیمال، ئەگەر ئەوەم نەکردبا هەموو عێراق لە یەک هەڵدەوەشایەوە، ئەگەر پێویستی کردبا لەوە زیاتریشم دەدا بە شا.

مەلا مستەفا بوو بۆ یەکەم جار کێشەی کوردی خستە ناو ئەجێندای زلهێزەکان، بەتایبەت ئەمریکا و کارێکی کرد کە هەر دوو سەرۆک کۆماری ئەمریکا - نیکسۆن و فۆرد- بڕیاری پشتیوانی لە شۆڕشی کورد بکەن. هەرچەندە بەداخەوە لە کۆتاییدا پشتیوانییەکەیان هیچ خێری بۆ شۆڕشی کورد نەبوو.

مەلا مستەفا بوو مامۆستا هەژار و (ئەحمەد تۆفیق)ی کوردی ڕۆژهەڵات، (کامەران بەدرخان)ی کوردی باکوور، (عیسمەت شەریف وانلی)ی کوردی ڕۆژئاوا، (حەسەن محۆ)ی کوردی لوبنان، (فرانسوا حەریری)ی کریستیان و (حەبیب محەمەد کەریم)ی کوردی فەیلی بەغدادی هێنایە ناو شۆڕش و ئەوپەڕی ڕێزی لێگرتن.

ئەوەی کوردی باشوور، بەتایبەت لە قۆناخی شۆڕشی ئەیلوولدا، بە هەموو توێژ و چین و لایەنێکەوە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی کردوویەتی، کە بێگومان ئامانجی کۆتاییشی سەربەخۆیی بووە، ئەو قوربانیدانە و ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییە کە بەسەریدا هاتووە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەکراوە و نەبینراوە. شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای باشووری کوردستانی یەکخست، شۆڕشی ئەیلول بوو کە خەڵکی پارچەکانی کوردستانی بەو هەموو زاراوە و کولتوور و دابونەریتە جیاوازەوە بە یەک ئاشنا کرد، کێشەی کوردی بە دنیا ناساند، خودی کوردی بە جیهانی دەرەوە ئاشنا کرد و بواری ڕەخساند بۆ ئەوەی کەسایەتییە لێهاتوو و زمانزانەکانی بە سیاسەتی دەرەوە ئاشنا بن. شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بۆ یەکەم جار ئەو هەموو ڕۆژنامەنووس و دۆستەی لە ڕۆژئاوا بۆ کورد پەیدا کرد و سۆز و عەتفی خەڵکی ڕۆژئاوای بەرەولای کورد ڕاکێشا. ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول نەبایا زۆر زەحمەت بوو کورد توانیبا لە قۆناخەکانی پاشتردا خەباتی کردبا و

لە کۆتاییدا بگات بەم نیمچە ئازادییە، کە بەداخەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بە هۆی پیلان و گوشاری دژمنانی دەرەوە و چەپڵەلێدانی ناحەزانی ناوخۆوە سنووردار دەکرێت.

من ساڵی ١٩٨٠ لەدایکبووم، قۆناخی شۆڕشی ئەیلوولم نەبینیوە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە هەستم بە کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە سەر ناوچەی جافایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. خەڵکی ناوچەی ئێمە قەد ناوی هیچ ڕێبەرێکی کوردیان، تەنانەت قازی محەمەدیش، نەبیستبوو، بەڵام هەموویان مەلا مستەفایان دەناسی و خۆشیان دەویست. لەوانەیە خوێنەر بڵێت ئەوە ئاساییە، چونکە ناوچەی ئێمە نزیکە لە سنووری هەڵەبجە، بەڵام وا نییە، نموونەیەکی دیکە دەهێنمەوە: ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ هاوپۆلییەکی خۆم لە زانکۆ کە سەر بە عەشیرەتی میلان بوو و لە ناوچەی سنووری ئێران و تورکیا و ئەرمەنستان دەژین، سەردانی گوندێکی کوردنشینی سەر سنووری ئێران و ئەرمنستانم کرد. شەو کوێخای گوند کە پیرەمەردێک بوو بانگهێشتی کردین بۆ دیوەخانی خۆی. خەڵکی گوند هەموو هاتبوون بۆ بەخێرهاتنم. یەکێک لە ئامادەبووان پرسیاری لێمکرد قەت پێشتر ناوی ئەم گوندەی ئێمەت بیستووە. وتم بەڵێ لە کتێبێکدا[1] خوێندومەتەوە کە بارزانی و هەڤاڵەکانی لە کاتی ڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت بەم گوندەی ئێوەدا دەرباز بوونە. ئای کە چەندیان پێخۆش بوو ئەمەم وت. یەکسەر کوێخا بانگی کردم بۆ لای خۆی و پێیوتم بەشکەم ئەو کتێبەم بۆ بنێری بۆ ئەوەی لە دیواخان دایبنێم و نیشانی هەموو کەسی بدەم. پاشان بە تێروتەسەلی باسی گەورەیی و ناوبانگی مەلا مستەفای لای خەڵکی ناوچەکەی خۆیان کرد، وتی پشتێ ناڤا خودێ لە جەم مە ناڤا مەلا مستەفا هەبوو، یانی پاش ناوی خودا ناوی مەلا مستەفا لای ئێمە هەبوو.

ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری مەشهەد، ناوەندی پارێزگای خوراسان دەمەویست لای وێنەگرێکی گەڕۆک لە پێشەوەی تیمثال و ئەسپ و گورزەکەی نادرشای ئەفشار کۆمەڵێک وێنە بگرم. وێنەگرەکە وتی بەیانی وەرەوە بۆ وەرگرتنی وێنەکان. وتم من خەڵکی ئێرە نیم، دەبێت ئەمشەو بگەڕێمەوە تاران. پرسیاری کرد خەڵکی کوێیت، وتم کرماشان. تۆزێ سەیری کردم، پاشان وتی منیش کورمانجم، ئەم عەسرە وەرە دەر ماڵ وێنەکانت وەربگرە. ئادرەسی ماڵی دامێ، ڕۆیشتم، ماڵەکەیم دۆزییەوە، خوڵکی کرد بچمە ژوورەوە، بە

(١) ناوی ئەم کتێبە ئەوەیە: از کردستان عراق تا ان سوی رود ارس، راهپیمایی تاریخی ملا مصطفی بارزانی ١٣٢٦، بە کوشش مرتضی زربخت، انتشارات شیرازه، ١٣٧٦

ژنەکەی وت ئەمە ئەو کوردە بوو کە بۆتم باسم کرد، یەکسەر چای بۆ هێنام. وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفای لەماڵەوە هەڵواسیبوو. پێموت وەڵا پێموانەبوو ئێوەی کوردی خۆراسان، کە بە هەزاران کیلۆمەتر لە سنووری کوردستان دوورن، مەلا مستەفا بناسن. بە فارسی وتی مەلا مستەفا پاشای کورد بوو. پارەی وێنەکانیشی لێوەرنەگرتم.

ساڵی ١٩٧٤ ژنی شای ئێران سەردانی مهابادی کردبوو. ژنی پێشەوا قازی محەمەد ڕۆیشتبوو بۆ پێشوازی، پێیوتبوو: مادام ئێوە پشتیوانی لە مەلا مستەفا دەکەن و یارمەتیی دەدەن من لە خوێنی شووی خۆم خۆش بووم.

دکتۆر قاسملوو، کە زۆر حەزیشی لە مەلا مستەفا نەبوو، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کریس کۆچێرا دەڵێت: "ئەوەی ڕۆشنبیری کورد لێی تێنەگەیشتووە ئەوەیە کە بارزانی یەکەم ڕابەری کورد بوو توانی کۆمەڵێک خەڵکی نەخوێندەوار و عەشاییر لە پێناو ئامانجی نەتەوەیی کورددا ڕێکبخات، ئەوەی بارزانی کردی بە هیچ ڕابەرێکی دیکەی کورد نەکراوە". (١)

دەڵێن شەهید ئارام، سەرکردەی شۆڕشگێڕ و لێهاتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دوو ساڵ پاش نسکۆی شۆشی ئەیلوول وتبووی: ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەگەر مەلا مستەفا بە دووربین سەیری قەرەداغ بکات خەڵک ئێمە دەکەن بەودیو چیای حەمریندا.

ساڵی ٢٠١٥ بۆ پێشکەشکردنی کتێبی بیرەوەرییەکانم چووبووم بۆ کتێبفرۆشییەکی گەورەی ئێرە کە پێیدەڵێن ( کویلتویغا). ژنێکی نیمچە ڕەش و نیمچە سپی زۆر بە گەرمی لێم نزیک بوویەوە و وتی: سێ ڕۆژ لەمەو پێش لە سەر سایتی کتێبفرۆشییەکە بینیم جەنابت ئەمڕۆ دێیت بۆ پێشکەشکردنی کتێبەکەت، بەتایبەت بۆ ئەوە هاتووم بتبینم و کتێبەکەت بکڕم. تۆزێ پێمسەیر بوو، پرسیارم لێکرد جا بۆ جەنابت ئەوەندە هۆگری کتێبی منی کوردیت. وتی: من خەڵکی باشوری جەزاییرم، منداڵ بووم نەخۆش بووم باوکم بردمی بۆ لای دکتۆر لە شار. ئێوارە ڕۆیشتینە مێوانخانەیەک، خەریکبووین لە ژوورەکەمان نانمان دەخوارد باوکم ڕادیۆکەی کردەوە، بێژەرەکە وتی ئەمڕۆ زەعیمی کورد، مەلا مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کردووە. بە بیستنی ئەو

(1) Chris Kutschera, Le Mouvement national kurde, p 263, Paris, Flammarion, 1979

هەواڵـە کەوچـک لـە دەسـتی باوکـم کـەوت. ئـەو هەڵوێسـتە نامۆیـەی باوکـم هەمیشـە لەبەرچـاو بـوو، کـە گـەورە بـووم پرسـیارم لێکـرد، وتـی، لـە باپیـرم بیسـتوویەتی کـە ئێمـە بـە ئەسـڵ کوردیـن. کـە هاتمـە فەرەنسـا دەرفەتـم بـۆ ڕەخسـا کـورد باشـتر بناسـم، هـەر کتێبێـک دەربـارەی کـورد بـڵاو بێتـەوە دەیکـڕم و دەیخوێنمـەوە).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

- لـە نێـو نزیکـەی هـەزار دانـە بەڵگەنامـە دەربـارەی شـۆڕشـی ئەیلـوول تەنیـا ئەمانـەم هەڵبـژاردووە کـە دەیبینـن. ئـەو بەڵگەنامـەم هەڵنەبـژاردووە کـە کەمتـر باسـی کـورد دەکـەن و زیاتـر باسـی بارودۆخـی عێـراق بـە گشـتی دەکـەن یـان ناوەڕۆکەکەیـان زۆر دەوڵەمەنـد نەبـووە یـان زانیارییەکـی تایبەتـی تێـدا نەبـووە یـان لـە بەڵگەنامەکانـی دیکـەدا ئاماژەیـان پێکـراوە.
- ناوەڕۆکـی هەنـدێ لـە بەڵگەنامەکانـی دیکـەم کـورت کردوەتـەوە و لـە پەراوێـزی وەرگێـڕدا ئامـاژەم پێکـردوون.
- بابەتـی زۆربـەی بەڵگەنامـەکان (کێشـەی کـورد) بـووە، مـن بـە گوێـرەی ناوەڕۆکـی هـەر بەڵگەنامەیـەک بابەتێکـی گونجـاوم بـۆ هەڵبـژاردووە.
- لـە هەنـدێ لـە بەڵگەنامەکانـدا لـە باتـی ڕاپەڕینـی کـورد نـووسراوە یاخیبوونـی کـورد، بـەڵام مـن هەموویانـم کـردووە بـە ڕاپەڕیـن.
- نـاوی کەسـایەتییەکانم بـە هەمـان شـێوە نووسـیوە کـە فەرەنسـییەکان گـۆی دەکـەن، بـۆ نموونـە لـە باتـی فرانسـوا نووسـیومە فغانسـوا، لـە باتـی بێرنـارد نووسـیومە بێغنـاغ، لـە باتـی هێنـری نووسـیومە هێنغـی، لەباتـی ڕابێـرت نووسـیومە غۆبێـغ.
- کۆمەڵێـک تێبینـی و ڕوونکردنـەوەم لـە ژێرنووسـی لاپەڕەکانـدا نووسـیوە بـۆ ئـەوەی خوێنـەر باشـتر لـە مەسـەلەکە تێبـگات.
- ئـەو وشـانە یـان پیتانـەی لـە نـاو کەوانـەدا نـووسراوە خـۆم زیـادم کـردووە، بـۆ نموونـە پارتـی دیموکراتـی کورد[سـتان].
- ڕۆژ و کاتژمێـری گەیشـتنی زانیارییـەکان بـە وەزارەتـی دەرەوە و تۆمارکردنیـان وەک بەڵگەنامـە - کـە لـە زۆربەیانـدا ڕۆژێکـی خایانـدووە- وەرمنەگێـڕاوە.

**وریا ڕەحمانی**

# بەڵگەنامە وەرگێڕدراوەکان

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٨ی ئەیلووی ١٩٦١**

**بابەت: دەستپێکردنی ڕاپەڕینی کورد**

باڵوێزخانەکەمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی[بەریتانیا] ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد، دەربارەی ڕێژە و گرنگی ئەو ناکۆکییانە کە بەمدواییە لە نێو عەشیرەتە کوردەکانی عێراق سەریهەڵداوە. وادیارە نووسینگەی دەرەوە جارێ نیگەرانی ئەوە نییە کە ڕووداوەکان پەرەبسێنێت.

بە وتەی بەرپرسی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی[بەریتانیا] ڕەگوڕیشەی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەند مانگ لەمەوپێش پەیوەندییەکانی ژەنەڕاڵ قاسم و مەلا مستەفا بارزانی پچڕاوە. مەلا مستەفا بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی جیاخوازی کورد کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرتووە کە بۆی ڕەخساوە، چونکە قاسم ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە لەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کوێت دا.

بارزانی توانیویەتی هەندێ ناوچەی شاخاویی دوورەدەست بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام کۆنترۆڵی ناوچەکانی خاوەن نەوت (مووسڵ و کەرکووک) بە دەستی هێزەکانی عێراقەوەیە. کەوابوو ڕاپەڕینی بارزانی خۆجێیە و سوپای عێراق دەبێ توانایی ئەوەی هەبێت تۆزێ بە ئاسانی سەرکووتی بکات.

بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە ناڕاستەوخۆ دەتوانێت کێشە و سەرئێشە بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکات. لەڕاستیدا دەوڵەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئیمپێریالیستەکان لە پشتی ئەم مەسەلەیەدان. ژەنەڕاڵ قاسم دەتوانیت ئەم مەسەلەیە وەک بیانوویەک بەکاربێنێت بۆئەوەی پێگەی خۆی لەبەرامبەر کۆمپانیای نەوتی عێراق قایمتر بکات، تەنانەت وەک هەلێک بەکاری بێنێت، بۆئەوەی کێشەی کۆمپانیاکانی نەوت لە عێراق بە شێوەی یەکلایەنە چارەسەر بکات.

هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەم ڕوونکردنەوەیـەی وەزارەتـی دەرەوەی[بەریتانیـا]، ڕۆژنامـە گـەورەکان گرنگـی بـەم مەسـەلەیە دەدەن، بـەڵام بـە پارێـزەوە لەگـەڵ ئـەو زانیارییانـە هەڵسـوکەوت دەکـەن کـە بـە دەسـتیان دەگات. زانیارییـەکان زیاتـر لـە سـەرچاوە مسرییـەکان وەردەگیردرێـت.

بەهەرحاڵ لە بارودۆخی ئێستادا ئەم مەسەلەیە جێگای نیگەرانییە.

**شۆڤێڵ**(۱)

(1) CHAUVEL

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٩ی ئەیلوولی ١٩٦١**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٣٠٥٧ی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن**[١]

**بابەت: شرۆڤەیەکی تایبەت دەربارەی ڕاپەڕینی کوردی عێراق**

تۆزێ لەمەوپێش لەگەڵ کاربەدەستێکی بەشی کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی[ئەمریکا] گفتوگۆم کرد. بۆچوونەکانی ناوبراو دەربارەی ڕووداوەکانی باکووری عێراق لەگەڵ بۆچوونەکانی کاربەدەستەکەی نووسینگەی دەرەوەی [بەریتانیا] کە باڵوێزخانەکەمان لە لەندەن بۆی ناردوون، جیاوازە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە واشنتۆن گەیشتووە، ئەو شتەی [لە باکووری عێراق ڕوودەدات]ڕاپەڕینێکی کوردیی ڕێکخراو نییە، بەڵکوو پێکدادانی نێو عەشیرەتەکانە کە بەهۆی دەستێوەردانی هێزەکانی دەوڵەت توندتر بووە، هەر عەشیرەتێک چوونەتە ناو بەرەیەکەوە.[٢] بەڕێز واڵستۆن وتی ئەو کێشەیە باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە حکومەتی نوێی عێراق بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووە، کێشەیەکی جددییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ ڕژێمی [قاسم] ساردە، بەڵام بارزانی لە پشتەوەی نائارامییەکانی ئێستادا نییە و سەرچاوەی ئیلهامیی سیاسیی نییە بۆ ڕووداوەکان. ئەم نائارامییانە لەگەڵ ئەو نائارامییانە جیاوازە کە ساڵی پار بەهۆی هاندانی کەمینەیەکی کۆمۆنیست، لە کەرکووک ڕوویدا. لەوانەیە بەمەبەستی ڕازیکردنی بارزانی، بۆئەوەی خۆی تێکەڵی کێشەکە نەکات، سوپای عێراق زیاتر لەو عەشیرەتانە بدات کە نەیاری بارزانین، چونکە بارزانی لە قۆناخی ئێستادا دەتوانێت کێشەی جیددی بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکات.

---

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی بەرەی حکومەت و کوردە. وەرگێڕ

**لە هێنغی غۆز[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**بەڕێز وەزیری دەرەوە، پاریس**

**٢١ی ئەیلوولی ١٩٦١**

**تاران**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە و بەیرووت**

**بابەت: دوایین پێشهاتەکانی ڕاپەڕینی کورد لە عێراق**

هێشتا زانیاریی ڕاست و دروست دەربارەی ڕووداوە خوێناوییەکانی کوردستانی عێراق کەم بە تاران دەگات. لە یەکەم ساتەکانی دەستپێکردنی ڕاپەڕین، تا ئەم ڕۆژانەی دوایی، کاربەدەستانی ئێران بەرپرسە حکوومیەکانی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیان بانگهێشت دەکرد بۆئەوەی زانیاری نهێنییان دەربارەی ڕاپەڕینەکە بدەنێ. ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران کار دەکەن هەڕەشەیان کرد لە کارکردن مان دەگرن ئەگەر زانیارییان لەم پەیوەندییەدا نەدەنێ. سەرنجڕاکێشە ببینین ئەنجامی هەڕەشەکەیان چی دەبێت.

لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕاپەڕیندا، ڕۆژنامەکانی ئێران لێدوانەکانی کاربەدەستانی عێراق و بەتایبەت هەواڵە بەپەلەکانی ئاژانسەکانی هەواڵ لە بەغدا و دیمەشق دووپات دەکەنەوە. ئەم ئاژانسانە بە خێرایی هەواڵەکانی ڕووداوەکان لە شارەکانی ئامێدییە، زاخۆ و دهۆک و سلێمانی بڵاو دەکەنەوە، و باسی ئەوە دەکەن کە ئەفسەر و سەربازە کوردەکان ڕیزەکانی سوپایان بەجهێشتووە و مەلا مستەفا بارزانی سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە. باڵوێزخانەی عێراق لە تاران ئەم هەواڵانەی بەدرۆ خستووەتەوە و جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە ڕووداوەکان مۆرکی ڕاپەڕینی پێوە نەبووە، بەڵکوو ناکۆکی و پێکدادانی سادەی نێوان عەشیرەتەکان بووە و هێزەکانی حکومەت ناچار بوونە دەستیوەردان بکەن و بارودۆخەکە هێور بکەنەوە.

(1) Henri ROUX

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئێرانی کە زۆر شارەزای بابەتەکەیە، ئەمە لەڕاستیدا بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کوردەکانی عێراق بووە دژی ژەنەڕاڵ قاسم. قاسم هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتدارییەوە، هەروەها مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانە سەرەکییەکانی، لە نێو لایەنە کۆنەپارێزەکاندا خۆشەویست نەبوونە. ئەگەر دەستێوەردانی کورد نەبوایا، حکوومەتی قاسم نەیدەتوانی ڕاپەڕینی مووسڵ لە ١٩٥٩سەرکووت بکات. بەڵام مانگی هەنگوینی کورد و عەرەب زۆری نەخایاند، لە چەند مانگ لەمەو پێشەوە پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا و ژەنەڕاڵ قاسم ئەوەندە سارد بووەتەوە کە قاسم بەشێک لە ڕۆژنامەکانی پ.د.ک. ی داخستووە و هەندێ لە بەرپرسەکانیانی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە و هەندێ لە عەشیرەتەکانی کە کۆنەقینیان لە بارزانی هەیە، دژی بارزانی هانداوە. پێکدادان لە نێوان بارزانییەکان و ئەم عەشیرەتانەدا ڕوویداوە و لە ئەنجامدا ئەم عەشیرەتانە، بەتایبەت، زێبارییەکان، پەنایان بۆ تورکیا بردووە. (ئەمە زانیاریی سەرەتای مانگی ئابە). لەگەڵ ئەوەشدا، کوردی عێراق، چی دۆست چی دوژمنی مەلا مستەفا بارزانی، لەبەرامبەر حکومەتی بەغدا یەکهەڵویستن. حکومەت ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکردووە کە لە یاسای کاتیدا گونجێندراوە و وەک حکومەتی پێشووتری عێراق لەگەڵ دانیشتووانی پارێزگاکانی باکوور هەڵسوکەوت دەکات.

بە وتەی سەرچاوە ئێرانییەکان، پەیوەندییەکانی کورد و حکومەت ئەوەندە خراپ بووە کە لە چەند مانگ لەمەو پێشەوە، بارزانی و ڕکابەرەکانی ئاشت بوونەتەوە بۆئەوەی خەباتێکی هاوبەش دژی دەسەڵاتی ناوەندی دەستپێبکەن. ئەوەی کە هێشتا ئێمە لە تاران نایزانین ئەوەیە کە ئایا کورد دەستپێشخەر دەبن بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، یا بەپێچەوانەوە، دەوڵەتی عێراق بە تووندوتیژی ئەم ڕاپەڕینە گەورەیە سەرکوت دەکات. بەهەرحاڵ ڕوونە کە دەوڵەتی عێراق پێشتر هەوڵی بۆ ئەم ئامانجە داوە، فڕۆکەکانی عێراق هەموو گوندەکانیان بۆمبباران کردووە و تەقەیان لە گوندنشینەکان کردووە. کونسوڵی خۆمان لە تەورێز لە ڕاپۆرتێکی بەپەلەدا ئاماژەی بە پێکدادان لە ناوچە سنوورییەکان کردووە.

چەند هەفتەیە هەندێ عەشیرەت، بەتایبەت ژن و منداڵ، داوایان لە کاربەدەستانی

ئێـران کـردووە وەک پەنابـەر وەریـان بگـرن. کاربەدەسـتانی ئێـران وەڵامـی ئەرێنییـان داوەتـەوە، بـەڵام تـا ئێسـتا کـەس پەنـای بـۆ ئێـران نەهێنـاوە. لـەوە دەچێـت مـەلا مستەفا داوای لـە ئێـران کردبێـت خـۆی و هەڤاڵەکانـی پەنـا بـدات. وادیـارە ئێـران داواکارییەکـەی بارزانـی قەبـوڵ دەکات بـەو مەرجـەی هێزەکانـی چـەک بکرێـن. کەوابـوو ڕێگـە بـە بارزانی و هێزەکانـی دەدرێـت بێنـە ئێـران، ئەگـەر مەرجەکـە قەبـوڵ بکـەن، ئەگـەر نەیکـەن بـە زۆر پێیـان دەکـەن.

بەهـۆی بارودۆخـی عێـراق، سـوپای ئێـران ڕێوشـوێنە ئەمنییەکانـی لـە کوردسـتانی ئێـران توونـدوتۆڵـتر کـردووە. لـە لایەکـی دیکـەوە خـودی شـا ئـەم ڕۆژانـەی دوایـی لەگـەڵ سـەرۆک [عەشـیرەتە] کـوردەکان دیـداری کـردووە بۆئـەوەی دڵنیابێتـەوە کـە وەفـادار بـن بـە [حکومـەت]. شـا بـە گەرمییـەوە پێشـوازیی لێکـردوون و دڵنیـای کردوونەتـەوە کـە بـە جۆرێـک چاکسازی زەویـوزار لـە ناوچەکانیـان دەکات کـە بـە قازانجیـان بێـت، بـەڵام چەکوچۆڵیـان ناداتـێ، کـە دەبـێ داوایـان کردبێـت.

بـە گوێـرەی هەمـوو ڕاپۆرتـەکان، هیـچ نائارامیـەک لـە پارێـزگا کوردەکانـی ئێرانـدا لـە ئـارادا نییـە، بـەڵام سـەرجەم کـوردەکان، چـی ناسیونالیسـت چـی غەیـری ناسیونالیسـت، زۆر بەپەرۆشـن بزانـن ڕووداوەکانـی عێـراق بـە چـی دەبێـت. بـە دڵنیاییـەوە ئەگـەر مـەلا مسـتەفا و هەڤاڵەکانـی بـە چەکـەوە سـنوور ببەزێنـن، هەنـدێ شـت ڕوودەدات.

بەپێچەوانـەی ڕۆژنامەکانـی تورکیـای دراوسـێ، ڕۆژنامەکانـی ئێـران ئازادانـە بـە کـورد دەڵێـن (کـورد)[(١)] و بەگشـتی هاوخەمـن لەگـەڵ ڕاپەڕینەکـەدا. ڕۆژنامـەکان گرنگییـان بـە بانگەشـەکانی دەوڵەتـی عێـراق نـەداوە کـە وتویەتـی ئیمپریالیسـتەکان لـە پشـتی ڕاپەڕینـەوەن، بـەڵام بـە گرنگییـەوە باسـی ئەوەیـان کـردووە کـە کـورد لـە بنەماڵـەی گـەورەی (ئـاری)ن و ڕەتـی دەکەنـەوە ببـەن بـە ژێردەسـتی عەرەبەکانـی عێـراق، کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەب[میـسر] و تەنانـەت هاوپەیمانـە تورکـەکان.

(١) مەبەسـتی ئەوەیـە کـە لـە تورکیـا ناتوانـن وشـەی (کـورد) بنووسـن، چونکـە دەوڵەتـی تورکیـا دەڵێـت کـورد نییـە. وەرگێـڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسا لـە تـاران لەتیلیگرامێکـدا بۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٦١، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "٤٠٠ بنەماڵـەی کـورد لە سـەر سـنووری ئێـران کۆبوونەتەوە بۆئـەوەی داوای پەنابـەری لـە ئێـران بکـەن. ئـەم بنەماڵانـە سـەر بـە عەشـیرەتی هەرکیـن کـە بـە زسـتان لـە هاوینەهەوارەکانـی عێراقـن و بـە هاویـن لـە زستانەهەوارەکانی ئێرانـن. لەوانەیـە ئێـران داواکارییەکەیـان قەبـوڵ بـکات. هیـچ هەواڵـمان لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بزووتنـەوەی مسـتەفا بارزانـی بەدەستنەگەیشـتووە."

هەروەهـا باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە لەنــدەن لەتیلیگرامێکــدا لــە ٢٥ی ئەیلوولــی ١٩٦١بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "کاربەدەسـتانی بەریتانیـا چاوەڕوانـی ئـەو بانگەشـانەیان لـە ژەنـەڕاڵ قاسـم نەدەکـرد کـە وتوویەتی بەریتانیـا ٤٠٠ هـەزار پاوەنی داوە بـۆ دەسـتپێکردنی ڕاپەڕینـی کـورد و هەڕەشـەی کـردووە باڵوێزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا دادەخـات. ڕاپەڕینەکـە یـەک لـە سـێی وڵاتـی عێراقـی گرتوەتـەوە و بووەتـە هـۆی کوژرانـی ژمارەیەکـی زۆر لـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق. دیکتاتـۆری عێـراق سەرزنشـتی ئیمپریالیسـتەکانی کـردووە، بـەڵام هیـچ باسـی سـۆڤیەتی نەکـردووە. ئامانجـی قاسـم لـەم لێدوانـە ئەوەیـە کـە بڵێـت وڵاتانـی بیانـی لـە پشـتی ڕاپەرینەکـەوەن و هێشـتا کۆنترۆڵـی سـوپای بەدەسـتەوەیە، بـۆ ئـەوەی بـۆ وتوویـژ لەگـەڵ کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق خـۆی ئامـادە بـکات."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی پێشوومان، ژمارە ٥٢٢٦**

دەربارەی ڕێژە و چۆنییەتی ڕووداوەکانی باکووری عێراق وتەبێژێکی حزبی[کۆمۆنیستی سۆڤیەت] کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی لە مۆزەخانەی پۆلیتەکنیکی مۆسکۆ ئەنجام دا، تێیدا وتی: " بە گوێرەی هەندێ ڕاپۆرت بزووتنەوەی ڕاپەڕینی کورد ئێستا سەرکوت کراوە، بە گوێرەی هەندێ ڕاپۆرتی دیکە هێشتا سەرکووت نەکراوە. هێشتا هۆکاری ڕاپەڕینەکە چی لە ناو ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت، چی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا باسی لێنەکراوە."

ئەم هەڵوێستە ناڕوونە چاوەڕانکراوە نیشان دەدات کە کاربەدەستانی سۆڤیەت هێشتا بڕیاریان نەداوە چی ڕێڕەوێک بگرنەبەر سەبارەت بەو خەباتە کە ئێستا لە کوردستانی عێراق لە ئارادایە.

کەوابوو ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ شرۆڤەکەی وەزارەتی دەرەوەی [ئەمریکا] کە لە تیلیگرامی ژمارە ٤٩٣٠ دا بۆتان هاتووە، یەکدەگرێتەوە.

**موغیس دۆژان**[١]

(1) Maurice DEJEAN

**لێژنەی فەڕەنسا لە ئەنجوومەنی [پەیمانی] ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ)**

**بۆ: بەڕێوەبەرایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**پاریس**

**٢٧ی ئەیلوولی ١٩٦١**

**بابەت: بۆچوونی تورکیا دەربارەی ڕاپەینی کورد**

لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سیاسی لە ٢٦ی ئەیلوول، نوێنەری تورکیا ئەم زانیارییانەی دەربارەی ڕاپەڕینی ئەمدواییەی کوردەکان لە عێراق خستەڕوو:

ڕاپەڕین لە پێکدادان و ناکۆکی عەشیرەتەکانەوە دەستیپێکردووە. ئامانجی سەرۆک بارزانی ئەوەیە مۆرکی ڕاپەڕینێکی گشتی بدات بە پێکدادانەکە و لە پێناو ئامانجی خۆیدا بەکاری بێنێت. پۆلیسی عێراق نەیتوانیوە ئاسایش و هێمنی دەستبەر بەربکات، بۆیە دەوڵەتی بەغدا داوای لە سوپا کردووە دەستێوەردان بکات. عەشیرەتەکان بەرەو ناوچەی شاخاویی دووردەست پاشەکشەیان کردووە. [عەبدولکەریم ] قاسم لە باتی ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، کە دەیتوانی بیکات، لە پێناو ئامانجی خۆیدا هەوڵی داوە هاوسەنگییەکی پێویست لە نێوان عەشیرەتەکان دروست بکات. هەندێ لەم عەشیرەتانە چوونەتە پاڵ حکومەتەوە.

لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا پەیوەندی لە نێوان عەشیرەتەکان و کوردی ئێران دروست بووە. وادیارە ڕاپەڕینەکە بەڕێکخراو بووە، لە دەرەوەوە دروستکراوە، بەتایبەت لەلایەن دەستوپەیوەندییەکانی ڕووس کە لەگەڵ بارزانیدا لە پەیوەندیدان.

**بەرێوبەرایەتی بەشی ئەوڕوپا**

**بەشی پەیماننامەکان**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١**

**تاران**

**بابەت: دوایین گۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی کورد**

سەرۆک وەزیرانی [ئێران] کە تازە لە سەفەرەکەی بۆ ئورشەلیم[(١)] و کوردستان گەڕاوەتەوە، پێیوتم نائارامییەکان لە باکووری عێراق بەردەوامە و فڕۆکەکانی حکومەت درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکانیان دەدەن. زیاتر لە هەزار کوردی عەشایر کە بە هەڵە بۆمبباران کراون، پەنایان بۆ ئێران هێناوە.

نازانین مستەفا بارزانی لە کوێیە.

بەڕێز ئەمینی[(٢)] سەردانی شارە سەرەکییەکانی کوردستانیی ئێران و تەنانەت هەندێ گوندی سەر سنووری کردووە، بینیویەتی کە پارێزگای [کوردستان] تا ڕادەیەک پشتگوێ خراوە و نەیشاردەوە کە ئەمە بووەتە هۆکار کە خەڵکی ئەم ناوچانە وەک خەڵکی مهاباد بیر بکەنەوە. [(٣)]

**لێسکۆ**

---

(1) Jérusalem

(٢) دۆکتۆر عەلی ئەمینی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران بووە. وەرگێڕ

(٣) مەبەستی ئەوەیە کە بۆچوونی خەڵکی مهاباد سەبارەت بە حکومەتی ئێران باش نییە، چونکە ناوچەکەیان لەلایەن حکومەتەوە پشتگوێ خراوە، ئەگەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت خەڵکی پارێزگای کوردستانیش حەزیان لە حکومەت نابێت. لەو سەردەمەدا خەڵکی پارێزگای کوردستان کەمتر لە خەڵکی ناوچەی مهاباد دژایەتی حکومەتیان دەکرد. وەرگێڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

لێسکۆ، بەرپرسی کاروباری فەرەنسا لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزیری دەرەوە لە ١٠ی تشرینی یەکەم، ئاماژەی بەوە کردووە: "بە گوێرەی زانیارییەکانی کونسوڵی خۆمان لە تەورێز، هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانی هیچ زەرەر و زیانێکیان لێنەکەوتووە. سوپای عێراق خۆی دەدزێتەوە لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزەکانی بارزانی، تەنیا فڕۆکەکان، گوندەکان و عەشیرەتە ڕەوەندەکان بۆمبباران دەکەن. سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران نیگەرانە کە ئەمڕۆ یا سبەی مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی سنووری ئێران تێبپەڕێنن و خراپکاری لە ئێران بکەن، بە هەمان شێوەی ساڵی ١٩٤٥ لە کاتی پاشەکشە بۆ سۆڤیەت کردیان. هەندێ لە فەرماندەکانی سوپا پێیانوایە ناتوانن پێش لە جموجۆڵەکانی بارزانی لە ئێران بگرن. سەرۆک وەزیرانی ئێران کە سەردانی ڕەزاییە، سەردەشت، سنە، سەقزو مهابادی کردووە، زۆرێک لە نیگەرانییەکانی ڕەویوەتەوە، بەڵام پەی بەوە بردووە کە کوردەکانی ئێران پەیوەندیان لەگەڵ براکانیان لە وڵاتانی دراوسێ هەیە. گۆڤاری ( کوردستان) کە لە ژێر چاوداری ساڤاک بڵاو دەبێتەوە نووسیویەتی، گەلی ئێران هاوخەمن لەگەڵ گەلی کورد... ئەم ڕەوتە نیشان دەدات کە بیرۆکەی (ناسیونالیزم) لە نێو کوردی ئێراندا گەشەی کردووە. ئەمینی وتی دەبێ ئاگاداری ئەم جۆرە ناسیونالیزمە کوردییە بین".

رۆژێ لێسکۆ، ڕۆژهەڵاتناس و بەتایبەت کوردناسێکی گەورە بووە، ساڵی١٩١٤ لە فەڕەنسا لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە. چەند ساڵێک لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران کاری کردووە. کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی باشی دەربارەی کورد بڵاو کردووەتەوە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١**

**تاران**

**بابەت: دوایین هەواڵەکان دەربارەی چالاکییەکانی مەلا مستەفا بارزانی**

**ئاماژە بە تیلیگرامی بەپەلەی ١١٦١ی ١٠ی تشرینی یەکەم**

بەپێچەوانــەی هەواڵــی ڕۆژنامــەکان، مــەلا مســتەفا بارزانــی نــە برینــدارە و نــە ڕایکــردووە. بارزانــی ئەمدوایيــە هێرشــی کردووەتــە ســەر عەشــیرەتی برادۆســت لــە ســەر ســنووری ئێــران، ماوەیــەک لــە ناوچەکــە ماوەتــەوە و پاشــان بــەرەو ڕۆژئــاوا ڕۆیشــتووە. ئــەم جموجۆڵانــەی بارزانــی، ســوپای ئێرانــی زۆر نیگــەران کــردووە، دەترســن کــوردە ڕاپەڕیــوەکان، عێــراق بەجێبێڵــن و ڕوو لــە باکــوور بکــەن، بۆیــە ســەرجەم هێزەکانــی لــە کوردســتانی[ئێران] کۆکردووەتــەوە و خســتوونییەتی حاڵەتــی ئامادەباشــی بــۆ شــەڕ.

بە وتەی سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی تاران، چالاکییەکانی هێزی هەوایی عێراق هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر توانای سەربازیی مستەفا بارزانی نەبووە، تواناییەکەی لە سەرەتای بەهارەوە زیاتر دەبێت. بارینی بەفر لە چیاکان، چالاکی سوپای عێراقی پەکخستووە. بەهۆی بارودۆخی تورکیا[1]، کاربەدەستانی ئێران لەم بارودۆخە دەترسن.

بێگومــان بەهــۆی ئــەم مەســەلەیەوە بــوو کــە دکتــۆر ئەمینــی پــاش گەڕانــەوە لــە تەوریــز ڕایگەیانــد، پێشــنیاری کــردووە ٢٧ بەندکراویــی سیاســیی کــورد بخرێنــە نــاو لیســتی ئــەو کەســانەی دەبــێ لــە ســاڵڕۆژی لەدایکبوونــی شــا لــە ٢٦ی تشرینــی یەکــەم [بــەر لێبــوردن بکــەون] و ئــازاد بکرێــن.

**غۆز**

(١) مەبەستی ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا سنووری خۆی داخستووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢**

**بابەت: بۆچوونی عەبدولکەریم قاسم دەربارەی وتووێژ لەگەڵ بارزانی**

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٢ی کانوونی دووەم لە بەغدا، ژنەڕاڵ قاسم ئەو دەنگۆیانەی بە درۆ خستەوە کە دەڵێن لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دەستیان کردووە بە وتووێژ. قاسم وتی: "ئەم یاخیبوونە ئیمپیریالیزتەکان دروستیان کردووە و بە تەواوی لەناوبراوە."

قاسم لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەکانی دژی کوەیت دووپات کردەوە و جەختی کردەوە کە بوونی ئەم وڵاتە ئەوەندەی بوونی ئیسرائیل بۆ وڵاتانی عەرەب مەترسیدارە، لەبەرئەوەی لە خاکی کوەیتەوە ئیمپریالیستەکان دەتوانن سەرجەم بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لەم ناوچەیە، تەنانەت لە عەرەبستانی سعودی و ئێران، لە ناو ببەن.

ژنەراڵ قاسم لە کۆتاییدا ڕایگەیاند، چالاکییە سەربازییەکانی ئەم دواییە بۆ ئەوە بووە کە گوشار بخەنە سەر عێراق داواکارییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت قەبوڵ بکات.

**شۆڤیڵ**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە لەنـدەن لەتیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١١ی کانوونـی دووەم یانـی دوو ڕۆژ پێـش ئـەم تیلیگرامـە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بـە گوێـرەی ئـەو هەواڵانـە کـە لـە بەیروتـەوە هاتـوون بەمزوانـە ئاگربەسـتێک لـە نێـوان هێـزە کـوردە ڕاپەڕیـوەکان و سـوپای عێـراق ڕادەگەیەندرێـت و لێژنەیەکـی حکومـەت پەیوەنـدی بـە بارزانییـەوە دەگرێـت. بارزانـی داوای کـردووە حکومـەت لێبـوردن بـۆ هەڤاڵەکانـی دەربـکات، ڕێگەیـان بداتـێ چـەک هەڵبگـرن، مافـی یەکسـانی زمانـی و کولتـووری وەک عـەرەب بدرێـت بـە کـورد و مافـی ئـازادی ڕادەربڕیـن و چالاکـی بدرێـت بـە کـورد".

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢**

**بابەت: داواکارییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە حکومەتی عێراق**

هاوکارێکم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی بارودۆخی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد. ئەو زانیارییانە کە لە ئەنجامدا دەستمان کەوت لەگەڵ زانیارییەکانی باڵوێزخانەکەمان لە تاران (تیلیگرامی ژمارە ٤٧ی ١٦ی کانوونی دووەم) دەگونجێت. کۆمەڵێک زانیاری دیکە:

١- بەپێچەوانەی ئەو زانیارییانە کە ڕۆژنامەکانی بەیروت بڵاویان کردوونەتەوە، هیچ ئاگربەستێک لە نێوان ژنەڕاڵ قاسم و مەلا مستەفا بارزانی نەکراوە. بارزانی و نزیکەی هەزار چەکدارەکەی خۆیان لە ناوچە شاخاوییە پڕ لە هەوراز و نشیوە پڕ لە بەفرەکان حەشار داوە. هێزە چەکدارەکانی عێراق، یانی زۆرتر یەکینەیەکی تایبەت، لە شارەکان جێگیرن و خۆیان دەبوێرن لە گەڕان بە شوێن چەکدارەکانی [مەلا مستەفا] بارزانیدا. پارێزگاری کەرکووک، ئاڵایەکی سپی گرتووە بە دەستەوە و لە شوێنێکی چۆڵوهۆڵ لەگەڵ بارزانی دیداری کردووە. لەوانەیە بەهۆی ئەم کارەی ژەنەڕاڵ قاسم لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات و سزای بدات.

٢- مەلا [مستەفا] داوای ئۆتۆنۆمی نەکردووە، داوای مافی یەکسانی بۆ کورد کردووە، و داوای کردووە یاسا جێبەجێ بکرێت، کە دانی بە مافە کولتووری و زمانییەکانی کورددا ناوە. بارزانی هەروەها داوای کردووە کورد ئیدارەی تایبەت بە خۆی هەبێت.

٣- وەزارەتی دەرەوە زانیاری وردی لا نییە دەربارەی ئەو یارمەتیانە کە سۆڤیەت دەیدات [بە مەلا مستەفا]. پێمانوانییە ڕێژەی ئەم یارمەتییە زۆر بێت. ئەمە بۆ سۆڤیەت ئۆپەراسیۆنێکی لاوەکییە، و بەرژەوەندی سۆڤیەت زیاتر لەوەدایە کە دەسەڵاتی خۆی لە عێراق قایمتر بکات.

**شۆڤێل**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تـاران لەتیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٦ی کانوونی دووەم، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بـە وتـەی سـەرچاوە ئێرانییـەکان، ئـەو ئاگربەسـتە کـە بڕیاربـوو لـە نێـوان قاسـم و بارزانیـدا بکرێـت جـارێ هەڵوەشـاوەتەوە. سـوپای عێـراق چاوەڕوانـە بەهـار بێـت بۆئـەوەی دەسـت بە جموجـۆڵ بـکات دژی بارزانـی و هەڤاڵەکانی. ئیرانییـەکان پییانوانییـە کـە هێـزە دەرەکییـەکان، روسـیا یـا بەریتانیـا، دەسـتیان لـە ڕاپەرینی بارزانیـدا هەبێـت. خۆشەویسـتی مسـتەفا بارزانـی لـە نێـو کـوردی عێـراق زۆر زیاتـر بـووە. پێگـە و خۆشەویسـتی بارزانـی لـە نێـو کـوردی ئێرانیشـدا زیاتـر بـووە، و ڕۆژبـەڕۆژ زیاتـر بـە کوردێکـی ناسیونالیسـتی پـاراو لـە قەڵەمـی دەدەن. کاربەدەسـتانی ئێـران گرنگـی بـە جموجۆڵەکانی بارزانـی دەدەن و ئامادەکاریـان کـردووە پێـش لـە هاتنـی بارزانییـەکان بـۆ ئێـران بگـرن."

هەروەهـا باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تـاران لـە دوو تیلیگرامـی دیکـەدا لـە ٣ و ٤ی کانوونـی دووەم بـۆ وەزارەتـی دەرەوە ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بەهـۆی شـەڕی بارزانییەکان و بەروارییـەکان، و هێرشـی کـوردەکان بـۆ بنکـەی سـوپای عێـراق و ناوەنـدە ئیدارییـەکان ٤٠٠ کـەس کـوژراون و بریندارب‌ـوون. کاربەدەسـتانی ئێـران زۆر مەراقیانـە بزانـن ئێسـتا مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە کوێیـە. ئەمدواییانـە بارزانـی لـە نزیـک سـنووری ئێـران بینراوە. کوردەکانـی ئێـران هیـچ جموجۆڵێکیـان نییـە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣ی نیسانی ١٩٦٢**

**تاران**

**بابـــەت: حکومەتـــی عێـــراق ئۆپەراســـیۆنێکی گـــەورە دژی هێزەکانـــی بارزانـــی ئەنجـــام دەدات**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤٧ی پێشوومان**

بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی تـازە بـە دەسـتم گەیشـتووە دەوڵـەتـی عێـراق باڵوێـزی تورکیـا و ئێرانـی ئـاگادار کردووەتـەوە کـە بەمزوانـە کۆمەڵێـک ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە سـەر سـنووری ئـەم دوو وڵاتـە ئەنجـام دەدات. چالاکیەکانـی مسـتەفا بارزانـی ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر دەبێـت بـە مایـەی نیگەرانـی. کاربەدەسـتانی ئێـران زۆر گرنگـی بـە چالاکیەکانـی بارزانـی دەدەن. بارزانـی لـە وەرزی زسـتان کەڵکـی وەرگرتـووە بۆئـەوەی تاکتیـک و پێگـەی خـۆی قایـم بـکات و دەسـەڵاتی خـۆی لـە نـاو کۆمەڵێـک لـە عەشـیرەتەکان زیاتـر بـکات.

وادیـارە هەوڵـەکان بـۆ وتوویـژ لـە نێـوان ژەنـەڕاڵ قاسـم و مەلا[مستەفا] بـە تـەواوی هەرەسـی هێنـاوە. ئـەم هەوڵانـە بـە ناوبژیوانـی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی، بـرای گـەورەی مسـتەفا [بارزانی]کـە بـە زۆری حکومـەت لـە بەغـدا نیشـتەجێیە، ئەنجـام دراوە.

لـە کۆتاییـدا لـە زمانـی سـەرچاوەیەکی تورکـەوە ئاگادارتـان دەکەمـەوە عەشـیرەتی زێبـاری کـە سـاڵی پـار دوابـەدوای ناکۆکـی توونـد لەگـەڵ عەشـیرەتی بارزانـی، چووبوونـە تورکیـا، لەمێـژە گەڕاونەتـەوە عێـراق، چونکـە حکومەتـی تورکیـا زۆر بـە ساردی پێشـوازی لێکـردوون.

**سیڤان**[١]

(1) SIVAN

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**تاران**

**٢٧ی نیسانی ١٩٦٢**

**بابەت: سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی بارزانی بە سەر هێزەکانی حکومەتی عێراقدا**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ١٩٨ی پێشوومان**

چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەکانی ئێران بەردەوام باسی بارودۆخی کوردستانی عێراق دەکەن، دەڵێن یەک لە سێی سوپای عێراق [دژی کورد] خراوەتەگەڕ. سوپا بەشێوەگەلی هۆڤانە و وەحشییانە مامەڵە دەکات، لەوانە بە فڕۆکە گوندەکان و زەوی و مەزراکان بۆمباران دەکات. هێزەکانی حکومەت سەرکەوتنیان دژی ڕاپەڕیوان بەدەستنەهێناوە. ڕاپەڕیوەکان سەرجەم ناوچەکەیان بەدەستەوەیە، لە سلێمانی تا مووسڵ و سنووری تورکیا. ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکومەت لەناوچوون. مستەفا بارزانی کە زۆربەی کوردەکانی عێراق پشتیوانی لێدەکەن، بڕیاریداوە درێژە بە خەبات بدات تا ئەو کاتەی ژنەڕال قاسم ئەو پلانە ١١ بڕگەییە قەبوڵ بکات کە پارتی دیموکراتی [کوردستان]پێشکەشی کردووە.

ڕۆژنامەکانی ئێران بە گوێرەی ئەو ڕێنوێنییانەی کاربەدەستانی حکومەت بۆی ناردوون، بەتایبەت باسی پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ جیهانی کۆمیزم دەکەن و دەڵێن هێزەکانی بارزانی بەتایبەت چەکی ناوچەی (پەردەی ئاسنین)یان پێیە[١]، هاوکات دان بەوەدا دەنێن کە زۆربەی چەکوچۆڵەکانیان ئەوانەن کە [لە کاتی شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق] دەستیان بەسەردا داگرتووە.

---

(١) پەردەی ئاسنین بەو سنوربەندییە دەوترێت کە سۆڤیەت پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئەوروپا دروستی کرد بۆ ئەوەی وڵاتانی کۆمۆنیستی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، لەوانە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا... لەپەیوەندیدا نەبن. مەبەست لێرە ئەوەیە کە چەکوچۆڵی هێزەکانی بارزانی هی وڵاتانی کۆمۆنیستن. وەرگێڕ

کاربەدەستانی ئێران بە چاوچنۆکییەوە بۆچوونی خۆیان دەربارەی ڕووداوەکانی عێراق دەردەبڕن، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئێمە لە پرۆپاگەندەی پەیوەندیدار بە دابەشکردنی زەوی لە نێو جوتیارە کوردەکانی ناوچەی ڕەزاییە (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٥٠٤ی ٢١ی نیساندا باسم کردووە) لێی تێگەیشتووین، لە ڕووداوەکانی [کوردستانی عێراق] نیگەرانن.

ئەگەر پشت بەو دەنگوباسانە ببەستین کە لێرە بڵاوکراونەتەوە، دەبێ بڵێین نائارامییەکانی پارێزگاکانی باکووری [عێراق] سەقامگیری ڕژێمی عێراق دەخاتە مەترسییەوە: ورەی سوپای [عێراق] ڕووخاوە، ژمارەی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی لەگەڵ ڕاپەڕیواندا لەپەیوەندیدان و فەرمانەکان جێبەجێ ناکەن و لە ریزەکانی سوپا ڕادەکەن، زیاتر بووە. سوپای عێراق لایەنی سەرەکییە کە پشتیوانی لە [عەبدولکەریم] قاسم دەکات. لەم پەیوەندییەدا لە ئێران بە گرنگیەوە باسی گەڕانەوەی بەڕێز [کەمال] چادرچی بۆ مەیدان دەکەن کە باسی هەڵبژاردنی کردووە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٢ی ئایاری ١٩٦٢**

**تاران**

**بابەت: ڕاپەڕینی کورد ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمی خستووەتە مەترسییەوە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٢٤٥ی پێشوومان**

لە تارانەوە درێژە دەدەین بە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی عێراق کە پێمانوایە زۆر جێگای نیگەرانییە بۆ داهاتووی ژەنەڕاڵ قاسم.

بە وتەی سەرچاوە ئەمریکاییەکان، ٥ یەکینەی هیزەکانی حکومەت سەرقاڵی پیکدادانەکانی کوردستانن و ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕەکە توندتر دەبێت. هێزەکانی حکومەت لە زۆر شوێندا پاشەکشەیان کردووە و چەند سەد کەسیان لەناوچەی ئاکرێ کوژراون.

ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردووەتەوە کە کۆمۆنیستەکان لە بەغدا خۆپیشاندانیان کردووە و [ئەندامانی ڕێکخراوی] (برایانی مووسڵمان)(١) نووسراویان بە پشتیوانی لە کورد لە ناو خەڵکدا بڵاوکردووەتەوە. ڕۆژنامەکان هەروەها باس لەوە دەکەن کە نزیکەی بیست کەس لە ئەفسەرانی پۆلیس دەستبەسەر کراون، کۆلۆنیل [عبدالرحمان عارف] پاش ئەوەی دیسان گیراوە، ئەمدوایانە ئازاد کراوە. هەموو ئەم ڕووداوانە وەک قۆناخی سەرەتای قەیرانی ڕژێمی [عێراق] شرۆڤە دەکرێن.

**سیڤان**

(١) مەبەستی (اخوان المسلمین)ە. وەرگێڕ

**تێبینی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسا لـە تـاران لەتیلیگرامێکـدا لـە ٨ی ئایـار بـۆ وەزارەتـی دەرەوە ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "دوو یەکینـەی سـوپای عێـراق دژی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان تەیـار کـراوە. زۆربـەی ئەفسـەرەکان دژی قاسـمن، بۆیـە ناتوانیـت ئۆپەراسـیۆنیکی گـەورە دژی کـورد ئەنجـام بـدات. کاربەدەسـتانی سـەربازیی ئێـران بـە وردی و وریاییـەوە کوردەکانـی ئێرانیـان خسـتووتە ژێـر چاودێرییـەوە. تـا ئێسـتا کـوردی ئێـران هیـچ جموجۆڵێکیـان نەبـووە."

**لە باڵوێزی فەڕەنسا لە بەریتانیا بۆ:**

**وەزیری دەرەوەی[فەڕەنسا]، جەنابی کوڤ دۆ مۆغڤیل(١)**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک(٢)**

**لەندەن**

**٢٤ی ئایاری ١٩٦٢**

**بابەت: کوردستانی عێراق و ئەگەرەکانی بەردەم ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم**

نوسینگەی کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی[بەریتانیا]کۆمەڵێک زانیاری دامێ دەربارەی بارودۆخی کوردستان، بە گشتی ئەو زانیاریانە پشتڕاست دەکاتەوە کە بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتووە (لە تیلیگرامی ژمارە ١.٠١ لە واشنتۆنەوە نێردراوە بۆتان).

ڕاپەڕینی کورد ئێستا بە تەواوی ڕەگوڕیشەی داکوتاوە و بەهۆی هەڵکەوتی ناوچەکە لە ڕووی جوگرافیاییەوە، زۆر زەحمەتە و قورسە بنبڕ بکرێت. شەڕکردنی سەربازانی حکومەت دژی ڕاپەڕیوەکان زۆر زەحمەتە، چونکە بۆ چالاکی سەربازیی لە ناوچە شاخاوییەکان دەبێ سەرەتا سەرشاخەکان بگیردرێت بۆئەوەی ئەو هێزانە بپارێزێت کە لە خوارەوە جموجۆڵ دەکەن. سەرباز لەبەرامبەر تاکتیکی پێشمەرگەیانەی کورد هیچی پێناکرێت، ئەوەی هێرش دەکات زۆرترین مەترسیی لەسەرە و ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی زۆر لە لایەنی بەرامبەر زیاتر دەبێت. لە لایەنی سەربازییەوە، بەریتانیایەکان ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان لە باکووری هیند بەراورد دەکەن، کە زەحمەت بووە. کەرەستەی مۆدێرن، ئوتۆمبیلی زرێپۆش و فڕۆکە لەم بارودۆخەدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. دەبێ یەکینەی سەربازیی تایبەتی مەشقپێکراو و خاوەن ورەی بەرز بەکاربێت.

---

(1) Couve DE MURVILLE

(٢) لە زمانی دیپلۆماتیکی فەرەنسیدا ئەو کاتە لە باتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ڕۆژهەڵاتی نزیکیان بەکارهێناوە. وەرگێڕ

بە وتەی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی[وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا] هێزەکانی حکومەت ڕانەهاتوون بەم جۆرە ئەرکە، زۆر کەم مەشقیان پێکراوە، زۆربەیان سەرکووتی کوردە ڕاپەڕیوەکانیان پێناخۆشە و بە هاووڵاتی خۆیانیان دەزانن.

لە لایەنی کوردەوە، مەلا مستەفا بارزانی توانیویەتی هەندێ لە عەشیرەتەکان لە پێناو ئامانجی خۆیدا تەیار بکات. ئەم عەشیرەتانە لە ڕوانگەی بەریتانیاییەکانەوە گرنگن. لە ناو خودی[ڕژێمی] عێراقدا، کەس پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد نەکردووە، بەڵام ژێربەژێر هەندێ لایەنی ڕکابەری ژەنەڕاڵ قاسم، بەتایبەت حزبی شیوعی(بەشێوەی نهێنی) ڕاپەڕینەکەیان بەکار هێناوە، هەرچەند یەکێتی سۆڤیەت هیچ هانی ڕاپەڕینەکەی نەداوە. هیچ شتێک نییە کە نیشان بدات ڕوسیا چەکوچۆڵ و لۆجستیک بۆ ڕاپەڕیوەکان دابین بکات، چونکە چەکوچۆڵەکانیان بەدەگمەن ڕووسین، جگە لەو سەربازانە کە ژمارەیان زۆرە و چەند مانگێکە بە چەکی ڕوسییەوە ڕادەکەن و دەچنە ڕیزی کوردەکانەوە.

لەپەیوەندی لەگەڵ ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم مەسەلەیە بۆ پێگەی ژنەراڵ قاسم، نووسینگەی ڕۆژهەڵات پێیوانییە ئەوەندە گرنگ بێت کە ببێتە هۆی تێکدانی ڕژیم و ڕووخانی. پێیانوایە ئەمە کێشەیەکی نوێیە کە بە سەر کێشەکانی دیکەدا زیاد دەبێت وەک: کێشە ئابوورییەکان، کەمبوونی خەلەوخەرمان، ناڕەزایەتی و خەمساردیی ڕووناکبیر و نوخبە و چینی بورژوای ناوین. ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت ژەنەڕاڵ قاسم لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا حکومەت دەکات و بەپێچەوانەی پێشبینییەکان، نەڕوخاوە. قاسم ئەمڕۆکە زۆر گۆشەگیرە، خۆی لە هەموو شتێک بەدور دەگرێت و سەرجەم ئەو لایەنانەی لە ناو سوپا لابردووە کە لەوانەیە بتوانن ببن بە ڕکابەری. لە مەیدانی سیاسیشدا هەروای کردووە. قاسم ئەوەندە بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت وەک فەرماندەی گشتی کەسی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی کوردستان دانەناوە، چونکە دەترسێت بەشێک لە سوپا دژی دەسەڵاتەکەی لە بەغدا هەڵبگەڕێنەوە.

لەپەیوەندی لەگەڵ ئەگەری ڕووخانی ژنەڕال قاسم، نووسینگەی دەرەوە پێیوایە دوورە شیوعیەکان بتوانن دەسەڵات بگرنەدەست، بەڵکوو زیاتر لایەنە ناسیونالیستە[عەرەبەکان]کانن کە زۆرترین شانسیان هەیە بگەن بە دەسەڵات و

دەوڵەتێکــی کاتبەڕێوەبــەر- ئینتیقالــی- وەک ئــەوەی [بەعســی] ســوریا پێکبێنــن.

لـە کۆتاییـدا نووسـینگەی ڕۆژهـەڵات ئامـاژەی بـەوە کـرد لـە کاتـی سـەفەری بینبێڵلا بـۆ بەغـدا، هەنـدێ لایەنـی لایەنگری [جەمـال عەبـدول] نـاسر لـە فڕۆکەخانـەی بەغـدا خۆپیشـاندانیان کـردووە و کۆمەڵێکیـان دەستبەسـەر کـراون. ئێمـە زۆر گرنگـی بـەم پێشـهاتە نادەیـن کـە لـە لایـەن حکومەتـی مـسرەوە گـەورە کراوەتـە. نووسـینگەی دەرەوە پێیوایـە شۆڕشـێکی نـوێ لـە بەغـدا هیـچ قازانجێکـی بـۆ سـەرۆک نـاسر نابێـت.

**ژ.دۆکۆغسێژ**

**لە باڵوێزی فەڕەنسا لە بەریتانیا بۆ:**

**وەزیری دەرەوە[ی فەڕەنسا]، جەنابی کوڤ دۆ مۆغڤیل[١]**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**لەندەن**

**٢٧ی تەمووزی ١٩٦٢**

**بۆ ئاگاداری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران و ئەنقەرە**

**بابەت: پارتی دیموکراتی کوردستان داوای پشتیوانیی فەڕەنسا لە شۆڕشەکەی دەکات**

ڕۆژی ٢٧ی تەمووز کەسێک بە ناوی بەڕێز مستەفا موحەمەد قەرەداغی کە خۆی وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد[ستان] ناساند سەردانی باڵوێزخانەکەمانی کرد و ئەم یادداشتنامەیەی لەلایەن ئەم حیزبەوە تەسلیم بە ئێمە کرد. ناوبراو لەپێشەوە داوای بینینی ئێمەی کردبوو بۆ ئەوەی باسی تەوەری دیدارەکەی بکات. یەکێ لە هاوکارەکانم پێشوازی لە بەڕێز قەرەداغی کرد. قەرەداغی کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراقە و تا ئەم دوایانە کونسوڵی عێراق بووە لە شاری لاگۆس [لە نێجیریا]. قەرەداغی وتی وازی لە پۆستەکەی هێناوە بۆئەوەی ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ خەباتی کورد دژی دەوڵەتی عێراق. ناوبراو وتی: "لە چەند هەفتە لەمەوپێشەوە ژمارەی ئەو کارمەند و ئەفسەرە کوردانەی دەستیان لە کارکێشاوەتەوە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بووە. ڕاپەڕینی کورد دژی هێزەکانی ژنەڕاڵ قاسم تا ئەم ئانوساتە سەرکەوتوو بووە. ئێستا مەلا مستەفا بارزانی ناوچەیەکی شاخاوی گەورەی بەدەستەوەیە و سەرجەم عەشیرەتەکان پشتیوانی لێدەکەن."

بەڕێز قەرەداغی وتی ئەمە تەنیا قۆناخی دەستپێکی خەباتی کورد بووە، لە داهاتوودا مەلا مستەفا سڵ ناکاتەوە لە هێرشکردن بۆ سەر شاری کەرکووک و

(1) Couve DE MURVILLE

مووسڵ، ئەگەر ئیمکان و چەکوچۆڵی پێویستی هەبێت، بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا تەنیا بە شێوەی پێشمەرگەیانە خەبات دەکات کە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بووە و بەرپەرچی هێرشە گەورەکانی سوپای عێراقی داوەتەوە.

هاوکارەکەم دەربارەی پەیوەندییەکانی ڕاپەڕینی کورد لەگەڵ کەمینەکانی دراوسێ پرسیاری کرد.[١] بەڕێز قەرەداغی وتی بە ڕەزامەندی کاربەدەستانی ئێران، کوردەکانی ئێران پەنا و یارمەتی پێشمەرگەکانی بارزانییان داوە. ناوبراو وتی دەوڵەتی ئێران پێیخۆشە ڕژێمی ژەنەڕاڵ قاسم توشی کێشە و تەنگوچەڵەمە بێت، بۆیە ژێربەژێر پشتیوانی لە ڕاپەڕیوەکان دەکات کە بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق خەبات دەکەن و زۆر گرنگی بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی نادات. ئەمە کارئاسانییەکی باشە بۆ کوردە ڕاپەڕیوەکان. بەهەرحاڵ ئێمە نازانین قەسد و نیازی ڕاستەقینەی حکومەتی ئێران چییە. ئەگەر کێشەی کورد و عێراق ببێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمی قاسم، ئێران یەکسەر هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت و هەمان سیاسەتی هەمیشەیی خۆی دەگرێتەوەبەر. شا بیرەوەری و وانەکانی کۆماری کورتخایەنی مهابادی لەبیرنەچووە.

حکومەتی تورکیا هیچ چەشنە یارمەتییەکی بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی نادات. بە وتەی بەڕێز قەرەداغی، لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەکەدا دەوڵەتی تورکیا ئەمدوایانە پەیامی هاوخەمی و هاودەردی ناردووە بۆ دەوڵەتی عێراق. ناوبراو وتی سۆڤیەت هیچ پشتیوانی لە خەباتی کورد ناکات و بەردەوام پشتیوانی لە ڕژێمی قاسم دەکات. بەپێچەوانەوە، حزبی شیوعی عێراق لایەنی ڕاپەڕینی کوردی گرتووە.

لە قۆناخی ئێستای خەباتدا، پارتی دیموکراتی[کوردستان] زۆر پێویستی بە یارمەتی مادی و مەعنەویی دەرەوە هەیە، داوای لە فەڕەنسا کردووە یارمەتیان بدات، چونکە وڵاتی ئێمە باش کێشەی کورد دەناسێت و ئەوکاتەی ئێمە سەرپەرەشتی وڵاتی سوریامان کردووە هۆگری مەسەلەی کورد بووینە، کەوابوو هیوادارن ئێمە لە ڕێگای

(١) مەبەستی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانە. هەمیشە یەکەم پرسیارێک کە کاربەدەستانی فەڕەنسا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لە نوێنەرانی شۆڕشی کوردیان کردووە ئەوە بووە کە ئێوە چی پەیوەندییەکتان بە کوردی ئێران و بەتایبەت تورکیاوە هەیە، و چی پەیوەندییەکتان لەگەڵ سۆڤیەت هەیە. وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر خەمی یەکپارچەیی خاکی ئێران و بەتایبەت تورکیای هاوپەیمانیان خواردووە. وەرگێڕ

دیپلۆماتیکەوە، بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پشتیوانی لە دۆزی نەتەوەی کورد بکەین. وادیارە ئەم داواکارییە پێشکەش بە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کراوە.

هاوکارەکەم هیچ هەڵوێستێکی دەربارەی بۆچوونەکانی بەڕێز قەرەداغی دەرنەبڕی، تەنیا وتی داواکارییەکەی دەنێرێت بۆ وەزارەتی دەرەوە.

نوێنەرەکەی پارتی دیموکراتی کورد[ستان] وتی لە لەندەن دەچێت بۆ شوێنێکی دیکە کە ناتوانیت ناوی ببات، ئەگەر دەوڵەتی فەڕەنسا بیەوێت وەڵامی داواکارییەکەی بداتەوە باشترە لەگەڵ ئەمیر بەدرخان کە دانیشتووی پاریسە، پەیوەندی بگرێت.

**ژ.دۆکۆغسێژ**

**تێبینی**: بەڕێز قەرەداغی ساڵی ١٩٥٤ لە زانکۆی کالیفۆڕنیا خوێندنی تەواو کردووە لە قۆناخی بەکالۆریۆس و ماستەر لە زانستە سیاسییەکان. پێشتر بەڕێوەبەری بەشی کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان بووە لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا. تا ساڵی ١٩٦١ کونسوڵی عێراق بووە لە پراگ، ئێستا کونسوڵی عێراقە لە لاگۆس، وڵاتی نیجیریا. لە ماوەی پشووی ساڵانەیدا سەردانی لەندەنی کردووە، ئەم داواکارییەی پێشکەش کردووە بە بەڕێز باڵوێزی فەڕەنسا لە بەریتانیا لە لەندەن.

لەندەن

٢٦ی تەمووزی ١٩٦٢

## پەراوێزی وەرگێڕ:

قەرەداغـی بـە زمانـی دیپلۆماسـی نامەیەکـی دورودرێـژی پێنـج لاپەڕەیـی بـە زمانـی ئینگلیـزی نووسـیوە بـۆ باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە لەنـدەن. نامەکـەم لـەم چەنـد خاڵـە سـەرەکییەدا کـورت کردووەتـەوە:

(سەرباز و ئەفسەرە کوردەکان ڕۆڵی باڵایان لە کودەتای سەربازی ١٤ی تەمووز گێڕاوە. عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتای دەسەڵاتەوە کۆمەڵێک مافی داوە بە کورد، بەڵام کەمکەم سیاسەتی دووبەرەکی ناناوەی نیو کوردی گرتوەتە بەر بۆ ئەوە حوکمی عێراق بکات. لەپێناو مافەکانی کورددا پارتی دیموکراتی کوردستان سوپای ئازادیخوازی کوردستانی بە ڕابەرایەتی ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی ڕێکخستووە و لە هەموو شەڕەکاندا سەرکەوتوو بووە و سوپای عێراقی شکاندوە و کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی بەدەستەوە گرتووە. ئەگەر لایەنە دەرەکییەکان پێداویستییە مۆدێرنەکانی سوپای ئازادیخوازی کوردستان دابین بکەن و یارمەتی ماددیی بدەن، کۆنترۆڵی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەکات و دەتوانێت بەرەوە باشوور بچێتە پێش و کۆتایی بە دەسەڵاتی قاسم بهێنێت. کاتێک فەڕەنسا سەرپەرشتی وڵاتی سوریا و لوبنانی کردووە، چالاکیی سیاسی و کولتووری کورد دەستپێکردووە و بوژاوەتەوە. فەڕەنسا هەمیشە پشتیوانی لە کورد کردووە و ئازادیی کوردی خواستووە. بەهۆی گوشارەکانی فەڕەنسا بووە کە پەیماننامەی سێڤر دانی بە سەربەخۆیی کوردستاندا ناوە. ئەگەر بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخوازی کوردستان سەربکەوێت، دەبێت بە خاوەنی سەرجەم سەرچاوەکانی نەوتی عێراق و بەشی نەوتی فەڕەنسا مسۆگەر دەکات. قاسم دەیەوێت دەست بە بەشی نەوتی فەڕەنسادا بگرێت. عەرەبەکان هەمیشە بە چەک و پارە و دابینکردنی پێداویستی، پشتیوانیان لە بزووتنەوەکان دژ بە فەڕەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا کردووە. لە حوزەیرانی ١٩٦٢ قاسم بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە عێراق تا ئێستا ٨ میلیۆن پوندی داوە بە شۆڕشی جەزاییر و چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بۆ دابین کردووە. دەبێ دەوڵەتی فەڕەنسا بەرپەرچی هەڕەشەکانی قاسم بداتەوە لەڕێگای پشتیوانیکردنی مادی و مەعنەوی لە بزووتنەوەی کورد کە خەبات دەکات بۆ ئۆتۆنۆمی نیشتمانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. هیوادارین دەوڵەتی فەڕەنسا بتوانیت وەڵامی داواکاریەکانمان بداتەوە. لە کۆتاییدا ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسی خۆمان پێشکەشی گەلی فەڕەنسا دەکەین.)

**تێبینیی وەرگێڕ:**

مستەفا محەمەد عەبدولڕەحمان حسێن ئاغا ناسراو بە مستەفا قەرەداغی و سالار قەرەداغی ساڵی ١٩٢١ لە سلێمانی لەدایک بووە، یەکەم کورد بووە ساڵی ١٩٤٧ بۆ خوێندن چووەتە ئەمریکا. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ناو شۆڕشی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٦ نازانم لەبەر چی هۆکارێک لە شۆڕش دەرکراوە، پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە باڵوێزخانەی عێراق لە ئەندونیزیا دەست بە کار بووە. ساڵی ١٩٧٣ وەک پەنابەر چوەتە ڕۆمانیا و پاشان ئەمریکا. ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەمریکا کۆچی دوای کردووە، لە زێدی خۆی، قەرەداغ، نێژراوە. کۆمەڵێک کتێب و شانۆنامەی بڵاو کردوەتەوە.

**لە باڵوێزی فەڕەنسا لە بەریتانیا بۆ:**

**وەزیری دەرەوەی[فەڕەنسا]، جەنابی کوڤ دۆ مۆغڤیل**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**لەندەن**

**٢٤ی ئابی ١٩٦٢**

**بۆ ئاگاداری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەیروت و واشنتۆن**

**بابەت: داهاتووی ڕاپەڕینی کورد**

ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندنەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دوایین هەواڵەکانی ڕاپەڕین بڵاودەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەفتەکەیە زۆر باسی ڕاپەڕین ناکرێت، بەڵام بەهۆی ئەو پرۆپاگەندەیە کە بۆی دەکرێت دیسان لە ناوخۆی عێراق و ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگدانەوەی بووە.

هاوکارێکم ئەمدواییە پرسیاری لە وەزارەتی دەرەوەی [بەریتانیا] کرد، چی زانیارییەکی نوێیان لە بەغداوە دەربارەی ڕاپەرینی کورد پێگەیشتووە. وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری ڕاپۆرتەکەی هەواڵنێری ڕادیۆی لۆزان، بەڕێز ڕیچاغد ئاندغێ نەبوو کە ماوەی شەش هەفتە لە کوردستانی عێراق ماوەتەوە و کۆمەڵێک زانیاری ڕۆژنامەنووسیی کۆکردووەتەوە، کە ئاسان نییە بزانین چەندە ڕاستن. هیچ گومان لەوەدا نییە ڕاکردنی پۆلیس و سەرباز و ئەفسەرە[کوردە]کان زیادی کردووە: باس لە ڕاکردنی نزیکەی ٢٠٠ کەس لە مانگێکدا دەکەن. ڕاپەڕیوەکان ئێستا چەکوچۆڵێکی زۆریان لە چنگی هێزەکانی پۆلیس و سوپا دەرهێناوە، لەوانە چەکی سووک، چەکی ئۆتۆماتیک و تەنانەت بیکەیسیبیەکیش. زۆربەی عەشیرەتەکان چوونەتە پاڵ مەلا[مستەفا بارزانی]، هەندێکیان، بەتایبەت زێبارییەکان، هێشتا نەیاری بارزانین.

کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکارانە ئایا دەتوانین بڵێین پارسەنگی هێز بەلای کوردە قورسایی دەکات؟ پێمانوانییە نە کورد و نە ڕژێمی عێراق ئەوەندە

هێزیـان هەبێـت، بتوانـن ئیـرادەی خۆیـان بـە سـەر ئـەوی دیکـەدا بسـەپێنن. سـوپای عێـراق نیشـانی داوە ناتوانیـت ڕاپەڕینـی کـورد سـەرکوت بـکات، لەگـەڵ ئـەم جـۆرە شـەڕەدا ڕانەهاتـووە کـە بەریتانیاییـەکان بـاش دەیناسـن، یانـی شـەڕ لەگـەڵ عەشـیرەتەکان کـە هەموویـان چەکـدارن و دوژمنـی حکومەتـی عێراقـن. سـەربازانی عێـراق چەکوچۆڵـی زۆر باشـیان هەیـە، بـەڵام بـاش فەرماندەیـی ناکرێـن و توانایـی شـەڕکردنیان کەمـە.

لەلایەکـی دیکـەوە پرسـیارەکە ئەوەیـە، ئایـا بارزانییـەکان تەنانـەت ئەگـەر هەمـوو عەشـیرەتەکان پشـتیوانیان لێبکـەن دەتوانـن لـە دەشـتەکاندا سـوپای عێـراق ببەزێنـن و بـن بـە هەڕەشـە بـۆ ناوچـە دەشـتەکانی دیجلـە و فـورات؟ بێگومـان نەخێـر. کـورد لـە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا پشـتیوانی لێناکرێـت. بێگومـان دەتوانـن پشـت ببەسـتن بـە پشـتیوانی و هاوخەمـی کوردەکانـی ئێـران و تورکیـا، بـەڵام بـە بۆچوونـی وەزارەتـی دەرەوە، دەوڵەتـی ئێـران و عێـراق بـەردەوام چاودێـری دوایيـن پێشـهاتەکان دەکـەن و بـە هیـچ شـێوەیەک ناهێڵـن ڕووداوەکانـی کوردسـتانی عێـراق کار بکاتـە سـەر کوردەکانـی خۆیـان و کوردسـتانی سـەربەخۆ دروسـت بێـت. دەتوانیـن بڵێیـن ڕۆژهـەڵات[1]، ناڕاسـتەوخۆ پشـتیوانیی مەعنـەوی لـە مـەلا مسـتەفا دەکات، چونکـە نەتەنیـا سـۆڤیەت، بەڵکـوو هەنـدێ ئیزگـەی ڕادیـۆی[کۆمۆنیسـت]ی ئەملاوئـەولا وەک ئـەوەی بەرلینـی ڕۆژهـەڵات [2]، کـە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پەخـش دەکرێـت، ڕەخنـە لـە سیاسـەتەکانی ژەنـەڕاڵ [عەبدولکەریـم] قاسـم دەگـرن. بێگومـان ئـەم شکسـتهێنانە گـەورە سـەربازییەی ژەنـەڕاڵ قاسـم وەک شکسـتهێنانەکەی ئیسـپانییەکان لـە ڕیـف[3] لـە ١٩٢٥دا، کە دەتوانێـت ئەنجامی خراپـی بـۆ حکومەتەکـەی لـە بەغـدا هەبێـت.

ئێسـتا بارودۆخەکـە ئاڵـۆزە و پیلانگێـڕی زۆرە. کۆمەڵێـک گـروپ و نیمچـە گروپـی جۆراوجـۆری ئۆپۆزیسـیۆن (بەعسـی، لایەنگـری [جەمـال عوبـدول] نـاسر، کۆمۆنیسـت و هتـد) ئەمدواییـە هاتوونەتـە مەیـدان و تاڕادەیەکـی زۆر لایەنگـری لـە بیرۆکـەی زیندووکردنـەوەی حکومەتـی هاشـمیان خسـتوەتە پەراوێـزەوە. وەزارەتـی دەرەوە چاوەڕوانـی ئەمـە نـاکات، چونکـە سـەرجەم ڕووناکبیرانـی عێـراق و بەشـێکی گـەورەی

(١) مەبەستی سۆڤیەتە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی ڕادیۆی (پەیکی ئێران)ی حیزبی تودەی ئێرانە کە شیوعی بووە. وەرگێڕ

(٣) ڕیف ناوچەیەکی کەنارئاوی وڵاتی مەغریبە. وەرگێڕ

ئەفسەرانی سوپا دژی حکومەتی پاشایەتین و بە داردەستی بەریتانیای دەزانن. ئێستا خەڵک زۆر گلە و گازندە [لە حکومەتی پاشایەتی ناکات]، چونکە بارودۆخی ناسەقامگیری ئێستا لەگەڵ ئەوەی سەردەمی پێشوو بەراورد دەکەن. بەهەرحاڵ سەرجەم چالاکییە سیاسییە ناحکومییەکان ژێربەژێر دەکرێت. نەیارانی قاسم لە نێو خۆیاندا زۆر پەرش و بڵاون و دووره بتوانن هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری عێراق.

شارەزایانی نووسینگەی کاروباری جیهانی عەرەب لە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان [لە بەریتانیا] کە کوردستان باش دەناسن، کۆمەڵێک تێبینیی تاکەکەسییان خستوەتە بەردەم هاوکارەکەم:

سەرەڕای پشتیوانی نەکردنی دەرەوە، کورد توانیویەتی کێشەی خۆی بە دەرەوە بناسێنێت و نوێنەرەکانیان کاریگەریی باشیان هەبووە لە واشنتۆن و نیۆیۆرک. وەزارەتی دەرەوەی[ئەمریکا] ئەمیر بەدرخان، کە دانیشتووی پاریسە، بە کەسایەتییەک دەزانێت کە زۆرترین نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کورد دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا وادیارە ڕێکخستنی دەرەوەی ڕاپەڕین نەیتوانیوە پەیوەندی بگرێت بەو وڵاتەی[١] کە ڕاپەڕینەکە بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی نیشتمانیی ڕاستەقینە دەزانێت.

لە کۆتاییدا ئەم ڕاپەڕینە تەنیا پاشاگەردانییەکی خراپکارانەیە.

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ لەتیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٣١ی ئاب، ئاماژەی بەوە کردووە: "دەوڵەتی سۆڤیەت هێشتا بیدەنگە لە ئاست کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق. وادیارە بۆ سۆڤیەت زەحمەتە هەڵوێستی خۆی لەم پەیوەندییەدا ڕابگەیەنێت."

(١) وادیارە مەبەستی سۆڤیەتە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٥ی ئابی ١٩٦٢**

**تاران**

**بابەت: سوپای عێراق بە هەموو هێزییەوە هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی بارزانی**

بە وتەی کاربەدەستێکی فەرمیی ئێران کە زۆر لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ کێشەی کورد دەکات، ژەنەڕاڵ قاسم خۆی ئامادە دەکات هێرشێکی گەورە بکاتە سەر هێزەکانی مستەفا بارزانی. سەرجەم یەکینەکانی سوپای عێراق لە باشوور پاشەکشەیان پێدەکرێت و بەرەو باکوور دەنێردرێن بێ ئەوەی کار بکەنە سەر ئاسایشی بەغدا. هێزەکە دەکرێت بە دوو بەش: بەشێک بۆ پاراستنی جادەی سلێمانی- ڕواندوز، ئەوی دیکە لە سەر جادەی زاخۆ- ئامێدی لە پاڵ سنووری تورکیا پێشڕەوی دەکات. بەهۆی نەبوونی ڕێگای پەیوەندی لەم ناوچەیە، ئەم ئەرکە ئاسان نابێت.

سوپای عێراق پشتیش بەو عەشیرەتانە دەبەستێت کە لەگەڵ مەلا مستەفا ناکۆکن و بڕێکی زۆر چەکوچۆڵیان دەداتێ.

ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنانە ئەوەیە هێڵی پەیوەندی ڕاپەڕیوان لەگەڵ دەرەوە بپچڕێندرێت. بە وتەی سەرچاوە ئێرانییەکە، کوردە ڕاپەڕیوەکان بە پشتیوانی کوردی تورکیا و ئێران توانیویانە سیستمێکی پەیوەندیگرتن بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان دروست بکەن. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە سەرچاوە ئێرانییەکە دەڵێت کوردی ئێران هاوکاری هێزەکانی بارزانی دەکەن.

سەرچاوە ئێرانییەکە خۆی لە وەڵامدانەوە ئەو پرسیارەی من بوارد کە ئەگەری چەندە ئەم هێرشەی عێراق سەربکەوێت، تەنیا وتی هێرشەکە چەند ڕۆژی دیکە دەستپێدەکات. بە بۆچوونی ئەو، ئەمە دوایین کارتە بە دەست ژەنەڕاڵ قاسمەوە، ئەگەر سەرنەکەوێت ئەنجامی زۆر خراپی بۆ دەسەڵاتەکەی لە بەغدا دەبێت. بەهۆی

مەسـەلەی ڕاپەڕینـەوە، ئێسـتا وردە وردە گرنگـی بـە مەسـەلەی کـورد لـە ئەوڕوپـا و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان دەدرێـت. سـەرچاوە ئێرانییەکـە بـە ڕووترشـییەوە وتـی ( ئێسـتا کوردسـتانی عێـراق پـڕ بـووە لـە ڕۆژنامەنووسـی بیانـی).

لـەم بارودۆخـەدا کاربەدەسـتانی ئێران وەک پێشـوو لـە نزیکەوە چاودێـری ڕووداوەکان دەکـەن. سـوپای[ئێران] لـە سـەر سـنوور لـە ئامادەباشـیدایە، بـەڵام یارمەتـی هێزەکانـی ژەنـەڕاڵ قاسـم نـادات. سـوپای ئێـران لـە نـاو خاکـی ئێرانـدا دوو بنکـەی تەندروسـتی دانـاوە بـۆ تیمارکردنـی برینـدارە کـوردە [عێرقییـەکان]. بۆیـە هەنـدێ کـوردی ئێـران پێیانوایـە حکومەتـی ئێـران یارمەتـی مـەلا مستەفا دەدات. بێگومـان مـەلا مستەفا لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ئێـران پەیوەنـدی گرتـووە و نوێنەرەکانـی بـەردەوام جەختیـان کردووەتـەوە کـە تەنیـا بـۆ ئۆتۆنۆمـی خەبـات دەکـەن، نـە سـەربەخۆیی.

لـە کۆتاییـدا دەبـێ بڵێـن بەشـی پڕۆپاگەنـدەی حکومەتـی ئێـران[1] تـازە ئێزگەیەکـی ڕادیـۆی بەهێـزی لـە کرماشـان کردووەتـەوە کـە چەنـد کاتژمێـر لـە ڕۆژدا بەرنامـە بـە چەنـد زاراوە پەخـش دەکات بۆئـەوەی سـەرنجی کوردەکانی ئێـران و وڵاتانـی دیکـە بـەرەو لای خـۆی ڕابکێشـێت. لەوانەیـە حکومەتـی تورکیـاش ئێزگەیەکـی ڕادیـۆی هاوشـێوە لـە دیاربەکـر دابمەزرێنێـت، یـان لەوانەشـە تـازە دایمەزراندبێـت.

**لێسکۆ**

(١) مەبەستی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە. وەرگێڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

لێژنـەی فەڕەنسا لـە ئەنجوومەنـی ئاتلانتیکـی باکـوور لە پەیامێکـدا بـۆ بەڕێوەبەرایەتی بەشـی ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی وەزارەتـی دەرەوە لە ١١ی کانونـی یەکەمی ١٩٦٢ ئامـاژەی بەوە کـردووە: "لێژنـەی ئیتالیـا لـە کۆمیتـەی سیاسـیی ئەنجوومـەن ڕایگەیانـدووە ڕابەرایەتیـی ڕاپەڕینـی کـورد یادداشـتێکی تەسـلیم بـە هەنـدێ کاربەدەسـتی بیانـی کـردووە، تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە حکومەتـی عێـراق دانیشـتوانی سـیڤیلی ناوچـەی باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی[عێراقی] ئـاگادار کردووەتـەوە کـە دەبـێ گوندەکانیـان چـۆڵ بکـەن. لـە یادداشـتنامەکەدا هەروەهـا باسـی ئـەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە کـراوە کـە سـوپای عێـراق بەتەمایـە بەمزوانـە ئەنجامـی بـدات".

**وەزارەتی دەرەوەی [فەڕەنسا]**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٢**

**بابەت: سیاسەتی فەڕەنسا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی نوێنەرایەتی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان**

ئێمە پێمانوایە باش دەبێت تیلیگرامی باڵوێزخانەکەمان لە لەندەن لە بەرواری ٢٠ی ئەیلوول دەربارەی کێشەی کورد بۆ نیۆیۆرک بنێرین بۆ ئەوەی لێژنەی فەڕەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکبکەون بۆئەوەی هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت ئەگەر هات و کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان خرایەڕوو.

هەروەها باش دەبێت باسی ئەو هۆکارانە بکەین کە بەڕێز سیدۆکس[1] بە نهێنیپارێزییەکی زۆرەوە دەربارەی کێشەی کورد خستوویەتیەڕوو. ڕوونە کە کێشەی ئێمە ئەوەیە چۆن لەگەڵ هەستیاربوون و حەساسییەتی ئەو وڵاتانە هەڵسوکەوت بکەین کە کورد تێیاندا دەژی، بەتایبەت تورکیا و ئێران کە پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵیاندا هەیە. لەلایەکی دیکەوە ناتوانین حەساسیەتی دەوڵەتی عێراقیش پشتگوێ بخەین، چونکە لەوانەیە پەیوەندیمان لە داهاتوودا لەگەڵی هەبێت و هەروەها بەهۆی بەرژەوەندییە بەرچاوەکانمان لە بەشەکەمان لە کۆمپانیای نەوتی عێراق.

هەرچەند مستەفا بارزانی ئەمدواییانە لە گفتوگۆکانیدا هەستوسۆزی خۆی بۆ ڕۆژئاوا دەربڕیوە، بەڵام دەبێ ئاگادار بین بزووتنەوەکەی، کە بارودۆخی ئێستای ناوچەی تێکداوە، نەبێت بە داردەستی یەکێتیی سۆڤیەت. بەهەرحاڵ بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، هەرچەند ئێمە هەستوسۆزمان بۆ ئەمجۆرە بزووتنەوە

(1) SYDOUX

نەتەوەییانــە هەیــە، لــە بارودۆخــی ئێســتادا خــەون و خەیاڵــە، چونکــە درز و ناکۆکــی قــوڵ لــە نێوعەشــیرەتە کوردەکانــدا هەیــە و ناوچــەی [کوردســتان] گەشــەی نەکــردووە. ئــەم بۆچوونــە لەگــەڵ ئــەو بۆچوونــە یەکدەگرێــت کــە ئەمدواییــە وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکا بــۆ باڵوێزخانەکەمــان لــە واشــنتۆن باســی کــردووە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢**

**بابەت: هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەت سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد**

تا ئەمڕۆ ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت لە ئاست ڕاپەڕینی کورد بێدەنگ بوون، بەڵام ئەمڕۆ، ١٥ی تشرینی دووەم، ڕۆژنامەی پراڤدا[١] بێدەنگی شکاند و لە زمانی ئاژانسی هەواڵی (تاس)ەوە هەڵبژاردەی وتارێکی ڕۆژنامەی لوبنانی (الهدف)ی لە ژێر ناوی (درۆ و دەلەسەکانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا دەربارەی پێگەی کوردەکانی عێراق) بڵاوکردەوە. لەم هەواڵەدا لە زمانی جێگرێکی بارزانییەوە کە لە دیمەشق لەگەڵ ڕۆژنامە لوبنانییەکە قسەی کردووە و ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە، قسەکانی (دانا ئیشمیتس)، هەواڵنێری ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بە درۆ خراوەتەوە کە هاوینی پار سەردانی کوردستانی کردووە. جێگرەکەی بارزانی بەتایبەت وتوویەتی بارزانی نایەوێت وڵاتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت کە هەموو کوردەکانی عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا لەخۆبگرێت. هەروەها وتوویەتی ڕابەری شۆڕشی کورد تەنیا داوا دەکات [عەبدولکەریم ] قاسم ڕێز لە ئۆتۆنۆمی کوردی عێراق بگرێت بەو شێوەیەی یاسای کاتیی ١٩٥٨ دانی پێداناوە، هەرچەشنە شرۆڤەیەکی دیکە بۆ قسەکانی بارزانی مەبەستدارە و دەستی ئیمپیریالیستەکانی تێدایە کە دەیانەوێت[هەندێ لایەن] زیاتر دژایەتی بارزانی بکەن، بەتایبەت [دەوڵەتی] ئێران، تورکیا و سوریا.

جێگرەکەی بارزانی هەروەها جەختی کردووەتەوە کە ئینگلیز هەوڵ دەدات ڕاپەڕینی کورد بۆ گوشارخستنە سەر قاسم بەکاربێنێت، بۆئەوەی قاسم لە هەڵوێستەکانی دەربارەی مەسەلەی کوەیت و کۆمپانیا گەورەکانی نەوت پاشگەز بێتەوە. بە بۆچوونی ناوبراو تەنانەت ئەگەر بارزانی داوای چەکوچۆڵیشی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردبێت، هیچ لە پێگەی بارزانی کەم ناکاتەوە و بە مانای

---

(١) ڕۆژنامەی پراودا زمانحاڵی حکومەتی سۆڤیەت بووە. وەرگێڕ

هـاوکاری لەگـەڵ ئیمپیریالیـزم نییـە، بەپێچەوانـەوە ژەنـەڕاڵ قاسـمە کـە توشـی هەڵـە بـووە و دەسـتوپەیوەندییەکانی ئینگلیـز بـە دۆسـتی وەفـاداری شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز لەقەڵـەم دەدات.

نوێنەرەکـەی ڕاپەرینـی کـورد لـە ئەنجامـی قسـەکانیدا وتوویەتـی (ئێمـە دەمانەوێـت لەگـەڵ قاسـم ڕێکبکەویـن و بگەڕێینـەوە ڕێـڕەوی هاوکاریـی کـورد و عـەرەب بـۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی وڵاتەکەمـان).

زەحمەتـە دەستنیشـانی بکەیـن ئـەم وتـارە تـا چـی ئاسـتێک دەربـڕی خواسـتەکانی دەوڵەتـی سـۆڤیەتە، بـەڵام هـەر ئـەوەی لـە لایـەن ڕۆژنامـەی (پراڤـدا)وە بـڵاو کراوەتـەوە، خاڵێکـی گرنگـە.

**لێژنەی فەڕەنسا لە ئەنجوومەنی ئاتلانتیکی باکوور**

**بۆ: بەڕێوەبەرایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**پاریس**

**٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣**

**بابەت: کێشەی کوردی عێراق لە ئەجێندای ناتۆدا**

لـە کۆمیتـەی سیاسـیی ناتـۆ باسـی کێشـەی کـورد کـرا، بەتایبـەت نوێنـەری تورکیـا، ئەمریـکا، بەریتانیـا و ئەڵمانیـا لـەم پەیوەندییـەدا ئاڵوگـۆڕی بیروڕایـان کـرد. سـەرەتا وتیـان هیـچ زانیارییەکـی دروسـت لەبەردەسـتدا نییـە کـە هەواڵـی مردنـی بارزانـی پشتڕاسـت بکاتـەوە، کـە پێشـتر چەندجـار بڵاوبووەتـەوە.

نوێنـەری ئەمریـکا و ئەڵمانیـا وتیـان پێیانوانییـە پـاش پێشـنیارەکانی [عەبدولکەریـم] قاسـم لـە ١٠ی کانوونـی دووەم و پێشـنیارەکانی دواتـری سـەرۆکایەتی ئەرکانـی سـوپای عێـراق، کـورد و حکومەتـی عێـراق ڕێکبکـەون. نوێنـەری ئەمریـکا وتـی پێگـەی کـورد ئەوەنـدە بەهێـزە کـە لـە داواکردنـی ئۆتۆنۆمـی، کـە وەکـوو پێویسـت گەرەنتـی بکرێـت، پاشـگەزنابێتەوە. قاسـم لەگـەڵ کۆمەڵێـک کێشـەی دارایـی قـورس ڕووبـەڕوو بووەتـەوە، هـاوکات ورەی سـوپای عێراقیـش دابەزیـوە.

وادیـارە هەنـدێ پەیوەنـدی لـە نێـوان کـورد و عەرەبـە ناسیونالیسـتەکان[1]، دروسـت بـووە. عەرەبـە ناسیونالیسـتەکان هەرچەنـد دان بـە ئۆتۆنۆمـی کـورددا دەنێـن، بـەڵام ئـەوەی زیاتـر لـە هـەر شـتێکی دیکـە لـە کـورد نزیکـی کردوونەتـەوە، دژایەتیکردنـی قاسـمە. قوتابییـە کوردەکان ئەمدواییـە لـە ڕێپێـوان و خۆپیشـاندان و مانگرتنـەکان [دژی ڕژێمـی عەبدولکەریـم قاسـم] بەشـدارییان کـردووە.

---

(١) وادیارە مەبەستی جەماعەتی جەمال عەبدولناسرە. وەرگێڕ

**لە ئێغڤێ ئالفاد، باڵوێزی فەڕەنسا لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا بۆ:**

**وەزیری دەرەوە[ی فەڕەنسا]، جەنابی کوڤ دۆ مۆغڤیل**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣**

**واشنتۆن**

**بابەت: ئەگەریی دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی**

وەزارەتـی دەرەوەی [ئەمریـکا] گرنگـی نـەداوە بـە ڕاگەیاندننامەکـەی دەوڵەتـی عێـراق کـە تێیـدا بـە دەستپێشـخەریی [شـێخ] ئەحمـەد بارزانـی، داوا لـە کـوردە ڕاپەڕیـوەکان کـراوە چەکەکانیـان دابنێـن و کەڵـک لـە لێبـوردن وەربگـرن. وەزارەتـی دەرەوە پێیوایـە ئەمـە تەنیـا پڕۆپاگەندەیـە و هیچـی لـێ سـەوز نابێـت.

بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی بـە واشـنتۆن گەیشـتووە، پێگـەی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان زۆر قایمـتر بـووە. مسـتەفا بارزانـی توانیویەتـی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر سـەرجەم کوردەکانـدا مسـۆگەر بـکات و لـە پشـتی خـۆی کۆیـان بکاتـەوە. بارزانـی دەیەوێـت لـە هەمانکاتـدا سـەرۆک عەشـیرەت بێـت، سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کورد[سـتان]یش بێـت، بـەو شـێوەیە کـە لـە سـەرچاوە بەریتانیاییـەکان ئاماژەیـان پێکـردووە (و لـە تیلیگرامـی ژمـارە ٢٠ی ٤ی کانوونـی دووەمـدا بۆتـان نێـردراوە).

لـە بارودۆخـی ئێسـتادا، ئـەو کەسـانەی بـە دەوروبـەری ژەنـەڕاڵ قاسـمەوەن زیاتـر هـەوڵ بـۆ ئـەوە دەدەن گوشـار بخەنـە سـەری بۆئـەوەی لەگـەڵ بارزانـی ڕێکبکەوێـت.

وەزارەتـی دەرەوەی [ئەمریـکا] پێیوایـە ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە سـەرۆکی دەوڵەتـی عێـراق لـەم پەیوەندیـەدا هەنـگاو هەڵبگرێـت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تورکیا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**ئەنقەرە**

**١٦ی ئاداری ١٩٦٣**

**بابەت: دەنگدانەوەی کێشەی کوردی عێراق لە تورکیا**

ڕۆژنامەکانی تورکیا گرنگیان بە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە، یەک لەوانە بارودۆخی کورد. چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەکان باسی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕیوە مافی ئیدارەی ناوچەیی و لۆکالی بە کورد بدات. ڕۆژنامەی بەناوبانگی (میللیەت) ئاماژەی بەوە کردووە هەرچەندە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی دەوڵەتی عێراق و بارزانی هێشتا دیار نییە، بەڵام وادیارە ڕاپەڕینی کورد سەرکەوتووە و بە یەکەم ئامانجی خۆی گەیشتووە. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، (تەنانەت ژەنەڕاڵ قاسمیش لە بارزانی تێگەیشتووە) و پرسیاری کردووە: "ئایا بارزانی پاش ئەو مافانەی لە دەوڵەتی عێراقی سەندوە، واز لە بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ دەهێنێت؟".

ڕۆژنامەی سۆشیالیستیی (وەتەن) دوێنێ وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوە کوردەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپا، ئاماژەی بەوە کردووە ( ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا بە زمانی سووک، باسی کوردە داماوە چەوساوەکان دەکەن). ڕۆژنامەکە لە زمانی ئیدارەی سەرژمێریی تورکیاوە ئاماژەی بەوە کردووە: "لە تورکیا ملیۆنێک و شەشسەد و هەشتا و یەک هەزار تورک زمانی دایکییان کوردییە و ملیۆنێک و شەشسەد و هەشتا و یەک هەزار کەس زمانی دووەمیان کوردییە". ڕۆژنامەکە هەروەها وتوویەتی: "کەس ناوێرێت باسی کێشەی کورد لە تورکیا بکات".

ڕۆژنامەی (وەتەن) ئاماژەی بەوە کردووە: "مەترسیە گەورەکە ئەوەیە کە تورک بە کوردی قسە بکات" و سەرزەنشی دیپلۆماسی تورکیا لە دەرەوەی کردووە کە هەڵوێستی نەبووە لەبەرامبەر ئەو دوو وتارە کە لە ماوەی مانگێکدا لە بۆنی[ئەڵمانیا]

دەربـارەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بڵاوبووەتـەوە و نەخشەیەکی[کوردسـتانی گـەورەی] تێدابـووە کـە بەشـێکی خاکـی تورکیـای لەخـۆ گرتـووە.

**دێسیغی**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە ئەمریـکا لـە ٣٠ی نیسـان پەیامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژنامـەی نیۆیـۆرک تایمـز لـە زمانـی هەواڵنێرەکـەی لـە ئەنقـەرە بـڵاوی کردووەتـەوە کـە کاربەدەسـتانی تورکیـا بڕیاریـان داوە تا پـاش کۆبوونەوەی سـێنتۆ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ئێـران و ئەمریـکا لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کێشـەی کـورددا ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا نەکـەن. کاربەدەسـتانی تورکیـا ئـەم دواییـە لێکۆڵینەوەیەکیـان دەربـارەی کێشـەی کـورد کـردووە و پەیـان بـەوە بـردووە کـە کـوردی تورکیـا پەیوەنـدی گەرموگوڕیـان لەگـەڵ شـانە نوسـتووەکانی کـوردە ناسیونالیسـتەکانی [پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان] لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا و فەڕەنسـا هەیـە. ڕۆژنامـەی نیۆیـۆرک تایمـز ئامـاژەی بـەوە کـردووە کاربەدەسـتانی تورکیـا بەهـۆی پێشـهاتەکانی ڕاپەڕینـی کـورد لـە عێـراق، زۆر نیگەرانـن کۆمـاری نوێـی یەکگرتـووی عـەرەب بـە پشـتگیریی جەمـال عەبدولنـاسر، سیاسـەتێکی ئازادتـرو نەرمونیانـتر لـە بەرامبـەر کـوردی عێـراق بگرێتەبـەر، ئەمـەش کاریگـەری خراپـی بـۆ تورکیـا دەبێـت".

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تورکیـا بـەردەوام پەیامـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێیانـدا زۆرتـر باسـی سـەرکوتی کـورد و نیگەرانـی کاربەدسـتانی تـورک لـە شۆڕشـی کوردسـتانی باشـووری کـردووە.

**وەزارەتی دەرەوەی [فەڕەنسا]**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٣ی نیسانی ١٩٦٣**

**پاریس**

**بابەت: فەڕەنسا و کێشەی کورد**

فیدراسیۆنی عێراق- سوریا- مسر کە ئەمدواییە دامەزراوە، وادیارە سەرنجی وڵاتانی دیکەی عەرەب، بەتایبەت جەزاییری بەرەولای خۆی ڕاکێشاوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان گروپە جۆراوجۆرە سیاسی، ئایینی و ئەتنییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتانە کۆمەڵێک ناکۆکی هەیە کە تازە چوونەتە ناو بەرەکە و دەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ ناو بەرەکە. یەکێ لەو کێشە هەرە گرنگانە کە هێشتا چارەسەر نەکراوە، بێگومان کێشەی کوردە. کێشەی کورد بەردی بناخەی ڕاگرتنی هاوسەنگی و ناسەقامگیریی هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیکە و پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە خودی کوردەوە هەیە کە گەلێکی ئازان و ژمارەیان تا ڕادەیەک زۆرە (نزیکەی سێ ملیۆن) و لەو ناوچانەدا دەژین کە بەرژەوەندی زۆری (بەهۆی نەوتەکەی) بۆ فەڕەنسا هەیە و خەڵکەکەی بۆچوونیان دەربارەی فەڕەنسا زۆر باشە. جگە لەم هۆکارە [ئابووری و سیاسییانە] کۆمەڵێک هۆکاری کولتووری و ڕووناکبیریش هەیە کە وامان لێدەکات زۆر گرنگی پێبدەین و بچینە ناو دڵی ئەم ناوچە شاخاوییە سەختەوە.

لە ساڵەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کاربەدەستانی سیاسیی فەڕەنسا، تاڕادەیەک بەهۆی هاندانی ڕۆژنامەکانەوە، هەوڵی زۆریان دا نەتەوەی کورد ببێت بە خاوەن کیانی خۆی، بەڵام هەوڵەکانیان بەهۆی کردەوەکانی کەمال ئاتاتورک شکستی هێنا. یەکسەر پاش کۆتاییپێهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی، لەکاتێدا کورد کەوتبووە بەر هێرشی سوپای عێراق و هەندێجار سوپای ئێران، ناوەندێکی لێکۆڵینەوە و پرۆپاگەندەی کورد لە پاریس دامەزرا. ناوەندەکە [کامەران]بەدرخان

سەرپەرشتیی دەکرد، هەواڵنامەیەکی ناسیونالیستی بڵاو دەکردەوە کە کۆمەڵێک فەڕەنساوی هاوکارییان دەکرد و شەپۆلی هاوخەمی و دڵسۆزی خەڵکی فەڕەنسای بەرەو لای گەلی کورد ڕاکێشا کە گەلێکی پێشنەکەوتوو بوون، بەڵام ئازا بوون و بەتایبەت چەوسابوونەوە. کاتێک بەدرخان و گروپە بچووکەکەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان[١]، خۆشەویستیی فەڕەنسا لە ناخی دڵیاندا چەقابوو، هەروا ئەم خۆشەویستییە لە ناو باپیرانیاندا چەقابوو [٢]و بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە کە لە فەڕەنسا چی پێشوازییەکی گەرمیان لێکراوە و چەند بە سەخاوەت و بەخشەندەییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە. پاش تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە، ئەم ئەمەگناسییەی کورد بۆ فەڕەنسا قەد کەم نەبووە، زیاتریش بووە. یەکێ لە نموونەکانی ئەوەیە کە ڕابەرانی ئێستای گەلی کورد هەر بەو قەناعەتە گەیشتن کە کاتی خەبات بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان زۆر نزیک بووەتەوە، ڕوو لە فەڕەنسا دەکەن و فەڕەنسا بە پشتیوان و پارێزەرەی خۆیان دەزانن. ڕابەری ئێستایان، مەلا مستەفا بارزانی، هەمان هەست و سۆزی بۆ فەڕەنسا هەیە و بە ئاشکرا لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ هەواڵنێرێکی فەڕەنسیدا کە پێشتر هاوکاریی هەواڵنامەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد لە پاریسی کردووە، ئەم هەستەی دەربڕیوە.

دەزانین تۆزێ پێش لە دامەزراندنی کۆماری نوێی یەکگرتووی عەرەب، بارزانی لەگەڵ [جەمال عەبدول]ناسر دیداری کردووە. لە ئەنجامی گفتوگۆکەدا بارزانی بۆی دەرکەوت کۆماری یەکگرتووی عەرەب ئاسانکاریی بۆ ناکات بۆ کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی بەدەست کوردەیەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ڕێگە بە [عەبدولڕەحمان عارف] نادات وەک عەبدولکەریم قاسم شار و گوندە زۆرتر کوردنشینەکان خاپور بکات. ئەم بەڵێنە خۆشانە نابێتە هۆی دروستبوونی بەمزوانەی کوردستانی سەربەخۆ.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەوەی بارزانی ئەمەکی ڕووسیای لەبیرە، چونکە لە [٣]١٩٤٣

(١) مەبەستی سوریایە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی کودی ڕۆژئاوایە ئەوکاتە کە سوریا لە ژێر سەرپەرشتی فەڕەنسا دا بووە. وەرگێڕ

(٣) ١٩٤٧ ڕاستە. وەرگێڕ

پێشوازی لە خۆی و ٣٠٠ کەس[١] لە هەڤاڵەکانی لە باکوو کردووە لە کاتی ڕاکردن لە کوردستان، بارزانی ئێستا بە شوێن پشتیوانیی لایەنەکانی دیکەدایە. بارزانی زیاتر خۆی بە قەرزارباری سێمیۆن سکاشۆڤ (کە ئەوکاتە کارمەندێکی ئاسایی بووە، بەڵام ئێستا بووە بە سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوەی سۆڤیەت) دەزانێت و ئەمدواییانە سەردانی کردووە. خرۆشچۆڤ لە ئەنجامی بڕیارێکی بریا[٢]، ڕابەری کورد و هەڤاڵەکانی دوورخستبووە بۆ ئاسیای ناوەڕاست بۆئەوەی کێشە بۆ سیاسەتی سۆڤیەت لەبەرامبەر ئێران دروست نەکەن. لە باتی ئەو یارمەتییەی مۆلۆتۆڤ و مالەنکۆڤ بە بارزانییان دا ڕێگەپێیدا لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە عێراق خەبات بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی مۆلۆتۆڤ و مالەنکۆڤ لە سەر دەسەڵات نەماون و خرۆشچۆڤ هەڵوێستێکی جیاوازی لەهەمبەر بارزانی گرتووەتەبەر، بارزانی ئیدی ناچار نییە پابەند بێت بەو بەڵێنانەی داوییەتی بە سۆڤیەت، ئێستا بە ئازادیی زۆر زیاترەوە هەڵسوکەوت دەکات.

لە ئاستی ناوخۆدا، بارزانی دەیەوێت بە کەیفی خۆی کار بکات بێ گوێدان بە گوشارەکانی سۆڤیەت. لەم پەیوەندییەدا بارزانی ئەمدواییانە بە هەواڵنێرەکەمانی وتووە: "ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە پێناو حوکمکردنی جیهان، وڵاتە بچووکەکان ئەتلیقێنن. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە گەلەکەمەوە هەیە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەک یەکن. ئێمەی کورد تەنیا و بێ کەسین، قەیچییەکا با فەڕەنسا ببێت بە ڕێنیشاندەر و پارێزەرمان. ئێمە لە کاتی لێقەومانە گەورەکەماندا دەستمان خستە ناو دەستی سۆڤیەت[٣]، ئێستا دەمانەوێت دەستمان بخەینە ناو دەستی دیکە. من و هەموو کورد فەڕەنسامان پێباشە. بۆ خاوەنەکانی نەوتی عێراق ئێمە بە دز بزانن تەنیا بەهۆی ئەوەی ئێمە لە بێکەسی خۆماندا بەرەولای ئەمریکا بچین بۆئەوەی بژین؟".

تەنانەت کاربەدەستانی وڵاتی (چین)ی نوێش گرنگیی بە کێشەی کورد

---

(١) نزیکەی ٥٥٠ کەس بوونە. وەرگێڕ

(٢) لاڤرنتی دزە بریا سیاسەتمەدار و کاربەدەستێکی نزیک لە ئیستالین بووە، پاش مردنی ئیستالین لەسێدارەدراوە. خرۆشچۆڤ سەرۆک کۆماری سۆڤیەت بووە. وەرگێڕ

(٣) نازانم مەبەستی سەردەمی کۆماری کوردستانە یان قۆناخی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول. وەرگێڕ

دەدەن. سـەرۆکی سـەندیکاکانی چیـن، لیڤنینگـی، لـە میانـەی کۆنفرانسـێکدا کـە نوێنەرانـی کۆمۆنیسـتیی چەنـد وڵاتێـک تێییـدا بەشـداربوون، باسـی مەسـەلەی کـورد و کاریگەرییەکانـی لـە سـەر جیهانـی ڕۆژهـەڵات کـردووە و وتوویەتـی: "دەبـێ کاری هاوبـەش بکەیـن، بەتایبـەت بـەرەو ئاراسـتەی کوردسـتان، بـۆ لقـاودان و پوچەڵکردنـەوەی سیاسـەتی نەوتـی کاپیتالیسـم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئەفریقـا".

کـورد لـە سـۆڤیەت، ئێـران، عێـراق و تورکیـا هەیـە، لـە ئێسـتادا کۆنترۆڵـی دوو شـاری مووسـڵ و کەرکووکیـان بەدەسـتەوەیە، کـە کلیلـی ئابـووری ئـەم وڵاتەیـە و دەیانەوێـت خۆیـان لەبەرامبـەر هێرشـە نوێکانـی دەوڵەتـی عێـراق بپارێـزن. هەنـدێ لایـەن کـە پێشـتر پشـتیوانیان لـە نـووری سـەعید و قاسـم کـردووە دەیانەوێـت بـە یارمەتـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق بگەڕێنـەوە بـۆ سیاسـەتی دژایەتیکردنـی کـورد بـە هـاوکاری بەرەبـەرەی طالـب حسـین شـەبیب، وەزیـری دەرەوەی حکومەتـی عـارف و ئەندامـی حزبـی بەعـس.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١١ی ئایاری ١٩٦٣**

**بابەت: نوێنەری بارزانی، جەلال تاڵەبانی دەیەوێت چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێت**

**ئاماژە بە تیلیگرامی ژمارە ٢٣٣ی پێشووترمان**

بەڕێز تاڵەبانی بە یەکێ لە هاوکارە [دیپلۆماتیکە] ڕۆژئاواییەکانی ڕاگەیاندووە بەتەمایە بگەڕێتەوە مسر بۆ بینینی سەرۆک ناسر. تاڵەبانی وتوویەتی لەلایەن[ڕابەرایەتی ڕاپەڕینەوە] ڕێنوێنی بۆ هاتووە داوا لە سەرۆک ناسر بکات لە ئەگەری دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەوڵەتی عێراق، کۆماری یەکگرتووی عەرەب خۆی تێکەڵی هیچ چەشنە کردەوەیەکی سەربازی نەکات.

تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربم، ئەمە سێیەمین جارە کورد پەیوەندیی بە سەرۆکی حکومەتی مسرەوە دەگرێت. وادیارە ئامانجی نوێنەرەکەی بارزانی لە دیدار لەگەڵ ناسر شتی گرنگتر بێت، نە وەرگرتنی بەڵێنێکی سادە بۆ دەستێوەرنەدانی سەربازی، چونکە پێموانییە کورد زۆر لەم مەسەلەی دەستێوەردانە سەربازییە بترسن. بێگومان ئامانجی تاڵەبانی ئەوەیە کۆلۆنێل جەمال عەبدولناسر گوشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆئەوەی مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان قەبوڵ بکات. هەروەها هیچ دور نییە بیانەوێت بەم جۆرە شەڕی دەروونی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بکەن.

**لۆگۆغییەغس**[1]

---

(1) LEGOURRIEREC

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

بەرپرسی کاروباری فەرانسا لە باڵوێزخانەی کۆماری یەکگرتووی عەرەب لە مسر لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزیری دەرەوە لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦٣ ڕایگەیاندووە: "گۆڤاری ڕۆز الیوسف گفتوگۆیەکی کردووە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی". تاڵەبانی وتوویەتی : "عەبدولکەریم قاسم بەڵێنی کۆمەڵێک مافی داوە بە کورد ( کە زۆر لەو مافانە زیاتر بووە کە کورد داوای کردووە" بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە عێراق پتەو بکات، بەڵام پاشان بۆ کورد دەرکەوتووە کە بەڵێنەکانی درۆن. ئەگەر بارزانی داوای مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد بکات زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق دژی دەوەستنەوە. ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت نە دەوڵەتی کوردی دروست بکەین نە لە عێراق جیا ببینەوە. تاڵەبانی داوای لە دەسەڵاتدارانی مسر کردووە مۆچیاری حکومەتی عێراق بکەن ڕێز لە ڕێکەوتننامەکانی پاش شۆڕشی ٨ی شوبات بگرن.)

هەروەها باڵوێزخانەی فەرانسا لە قاهیرە لە پەیامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ئاماژەی بەوە کردووە: "بەڕێز تاڵەبانی دوێنێ لەگەڵ کۆلۆنێل ناسر دیداری کردووە. تاڵەبانی لە دیدارەکەی لەگەڵ ناسر تارادەیەک ڕازی و خۆشحاڵ بووە. لە بارودۆخێ ئێستادا کە پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و مسر خراپە، کۆلۆنێل ناسر نایەوێت ژێربەژێر کێشە بۆ حیزبی بەعس دروست بکات."

**نووسینگەی سەرۆک وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**زانیاری**

**زۆر نهێنی**

**١٥ی ئایاری ١٩٦٣**

**بابەت: سەرکردایەتیی کورد دەیەوێت لە ئێران نزیک بێتەوە**

ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٦٣ ژەنەڕاڵ فواد عارف، کە ئێستا وەزیری ناوخۆی عێراقە و بە ئەسڵ کوردە، جارێکی دیکە[1] لەگەڵ نوێنەرێکی فەرمیی دەوڵەتی ئێران دیداری کردووە و بە چڕوپڕی ئەم خاڵانەی پێڕاگەیاندووە:

١- لە چوارچێوەی وتووێژەکانی ئێستای حکومەتی عێراق و مسر[بۆ پەیوەستبوون بە کۆماری نوێی یەکگرتووی عەرەب] حکومەتی عێراق زۆر گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادات و ناسیونالیزمی عەرەب ڕووی لە هەڵکشانە. ئەم مەسەلەیە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی[کوردی] بە توندی نیگەران کردووە، بۆیە بڕیاریان داوە بەتەواوی لە ئێران نزیک ببنەوە و داوا لە شا بکەن پشتیوانی لە دۆزە ڕەواکەیان بکات.

٢- گرنگە حکومەتی ئێران خواست و نیازەکانی خۆی بە تەواوی بۆ کورد ڕوون بکاتەوە بۆئەوەی کاربەدەستانی کورد هەڵوێستێک بگرنەبەر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتی ئێراندا. لەم پەیوەندییەدا وا باشە شا:

- هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبەرامبەر (فدراسیۆنی عەرەبی) نوێ پێناسە بکات.
- هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە داواکارییەکانی کورد ڕوون بکاتەوە بۆئەوەی ڕابەرانی کورد بزانن دەبێ درێژە بەم سیاسەتەی ئێستایان بدەن یان بیگۆڕن.
- بڵێت لە ئەگەری سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی [ کورد و حکومەتی عێراق]دا چی

(١) بنواڕن بۆ زانیارییەکانی ٤ی ئایاری ١٩٦٣

پشتیوانییەک لە کورد دەکات.

٣- ئەو کاربەدەستە فەرمییەی وەزارەتی ناوخۆی ئێران کە لەگەڵ [فواد عارف] دیداری کردووە ناوەرۆکی دیدارەکەی ناردووە بۆ کاربەدەستانی باڵای ئێران و ئاماژەی بەوە کردووە:

- فواد عارف نەیدەزانی پەیوەندیی نهێنی لە نێوان دەوڵەتی ئێران و مەلا مستەفا بارزانی (بە ناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی) لە ئارادایە.
- لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستادا، دروستبوونی هاوپەیمانیی کورد و ئێران، پێگەی [جەمال عەبدول] ناسر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی تێکدەدات و لاوازی دەکات.

ژەنەڕاڵ فواد عارف هەروەها وتوویەتی کورد پشت بە پشتیوانیکردنی شا لە دۆزەکەی دەبەستێت و ئامادەن ڕێنوێنییەکانی شا جێبەجێ بکەن.

**باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**نووسینگەی کاروباری جەنگ**

**لە بەرپرسی کاروباری فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**بەڕێز وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی ئایاری ١٩٦٣**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی کاروباری سیاسیی [وەزارەتی دەرەوە]، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن، واشنتۆن، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، قاهیرە، رەبات**

**بابەت: وەزیری ناوخۆی عێراق داوای پشتیوانیی فەڕەنسا لە ڕاپەڕینی کورد دەکات**

ڕۆژی ١٠ی ئایار لەڕێگای تیلیگرامەوە، وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردەوە کە گفتوگۆم کردووە لەگەڵ ژەنەڕاڵ فواد عارف، وەزیری ناوخۆی عێراق و نوێنەری بزووتنەوەی کورد لە ناو دەوڵەتی عێراق. جاری یەکەم کە لە بەغدا دەستبەکار بووم، بەڕێز عارف بە شێوەی فەرمی پێشوازی لێکردم. لەم دیدارەی دواییدا بەڕێزیان زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و داوای لێکردم هەر کاتێک بۆم بکرێت بچم دیسان سەردانی بکەم. چونکە بەڕێزیان ئینگلیزی نەدەزانی، سکرتێری بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی باڵوێزخانەم لەگەڵ خۆم برد [بۆئەوەی قسەکانی بکات بە فەرەنسی بۆم].

وەک هەموو ئەو کوردانەی دەرفەتم بۆڕەخساوە و بینیومن، فواد عارف لە سەرەتاوە بە ناوی گەلی کوردەوە سوپاسی فەڕەنسای کرد بەهۆی هەڵوێستی باشی ڕۆژنامەکانی فەڕەنسا سەبارەت بە دۆزی کورد، و هەروەها ئەو دۆستی و نزیکایەتییەی لە نێوان گەلی کورد و فەڕەنسا هەیە. باسی سەفەرەکەی ئەمدوایەی بۆ جەزاییر کرد، وتی سەرەڕای حەوت ساڵ شەڕ[لە نێوان جەزاییر و فەڕەنسا]،

فەڕەنسا زۆر خزمەتی ئابووریی جەزاییری کردووە (دەیەویست بڵێت دەوڵەتی بەغدا بەپێچەوانەوە هیچ خزمەتی کوردستانی نەکردووە). بەڕێزیان داوای کرد فەڕەنسا یارمەتی کورد بدات.

لە وەڵامدا وتم تەنیا ئەوەم لە دەستدێت هیوا بخوازم کە وتووێژەکانی ئێستای کورد و حکومەت سەربکەوێت و ناتوانم هیچی دیکە بڵێم. ژەنەڕاڵ یەکسەر وتی کوردیش هیوادارە وتووێژەکان سەربکەوێت و جەختی کردەوە مەبەستی لە یارمەتی فەڕەنسا تەنیا یارمەتی مەعنەوییە، بەتایبەت ئەگەر بێت و ڕۆژێ مەسەلەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخرێتەڕوو. (١)

وەزیری ناوخۆی عێراق باسی ڕەگوڕیشەی کێشەی کوردی کرد و جەختی کردەوە ئەم کێشەیە چەند سەدەیە هەیە، کورد چەندجار دژی دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕیوە، تەنانەت پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لە ١٩١٧ هاوپەیمانان بەڵێنی ئۆتۆنۆمیان بە کورد دابوو، بەڵام پاش دروستبونی عێراق کورد دیسان دەستیکردووە بە ڕاپەڕین و لە ١٩٢٤ تا ١٩٥٨ بەردەوام خەباتی کردووە دژی دەوڵەتی عێراق.

بەڕێزیان وتی لە کاتی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی[١٩٥٨] وەک پێشتر کۆمەڵێک بەڵێن بە کورد دراوە، بەس تەنیا قسەی سەر کاغەز بووە. دەربارەی ڕۆڵی خۆی لە پاڵ ژەنەڕاڵ قاسمدا، فواد عارف وتی لە سەروبەندی کودەتاکەی مارشاڵ [عەبدولسەلام] عارف لەگەڵ قاسم بووە و ئەو بووە کە چەکی لە دیکتاتۆری عێراق کێشاوە. پاساوەکەی ئەوە بوو کە قاسم سیاسەتی خۆی، بەتایبەت سەبارەت بە کورد، گۆڕیبوو. وتی سەرۆک وەزیران کۆمەڵێک بەڵێنی ناڕوونی پێداوە کە هیچیشی جێبەجێ نەکردووە. وتی هەر کە دەوڵەتی عێراق شەڕی دژی کوردستان ڕاگەیاندووە یەکسەر دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

بەڕێزیان وتی پاش ئەم دابڕانە لەگەڵ نەیارانی [قاسم] وتووێژی کردووە و لەگەڵ ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا ڕێکەوتووە و بارزانی ڕێککەوتنەکەی پێباش بووە. وتی سەرلەبەیانی ڕۆژی کودەتای[بەعس دژی عەبدولکەریم قاسم] فواد عارف بەیانێکی

(١) مەبەستی ئەوەیە ئەگەر هات و دۆزی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان خرایەڕوو فەڕەنسا پشتیوانی لە کورد بکات. وەرگێڕ

لە ڕادیۆ بڵاوکردووەتەوە، کە لەوانەیە خودی قاسمیش گوێی لێبووبێت و وتوویەتی کورد و ڕاپەڕین دوو شتی لەیەکنەبڕاون و لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کورد پیرۆزبایی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی شۆڕش دەکات و متمانەی پێیەتی، چونکە لەمڕۆ بەو لاوە شک و گومانی زۆری هەیە کە حکومەت بەڵێنەکانی خۆی کە داویە بە کورد جێبەجێ بکات.

بەڕێزیان وتی لە داهاتوودا دەردەکەوێت کە ئەم شک و گومانانە لە جێگەی خۆیدا بووە. وتی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێی عێراق بەپەلەن بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن و بیرۆکەی ( ناوەندنەچێتییان) خستوەتەڕوو، بەڵام باسی ناوەرۆکەکەیان هیچ نەکردووە، بە بیانووی ئەوەی سەرەتا دەبێ کێشەی یەکگرتنی عەرەب چارەسەر بکەن. ئا لەم کاتەدا ژەنەڕاڵ عارف باسی گفتۆگۆکەی لەگەڵ سەرۆک ناسر کرد و وتی هەستیکردووە سەرۆکی مسر دژی داواکارییەکانی کورد نییە. پاشان باسی وتووێژەکانی ئێستای کورد و بەغدای کرد و جەختی کردەوە کورد هەمووی لە پشتی ژەنەڕاڵ بارزانییەوە یەکیگرتووە.

تۆزێ پێش کۆتاییپێهاتنی گفتوگۆکەمان، پرسیارم لێکرد بۆچوونی چییە سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە عەرەبەکانی بەغدا هەیە کە دەڵێن ئەگەر سوپا خێرا هێرش بکاتە سەر کورد، سەردەکەوێت و چەند هەفتەیەکە دەڵێن ژەنەڕاڵ قاسم هەموو هێزی خۆی بەکارنەهێناوە [دژی کورد]، چونکە لە سوپا ترساوە و نەیهێشتووە سوپا کاری خۆی بکات، بەڵام حکومەتی نوێ بە پشتبەستن بە حکومەتی مسر دەتوانێت بە ئۆپەراسیۆنێکی هەمەلایەنە لە ماوەی یەک یا دوو هەفتەدا کۆتایی بە ڕاپەڕینی کورد بێنێت. ژنەڕاڵ فواد عارف تۆزێ سەری لەم پرسیارەی من سوڕما، لە وەڵامدا تەنیا وتی: "سەیری مێژووی عەرەب بکە".[(١)] پاشان باسی شەڕێکی کرد کە بەمدواییانە لە نێوان هێزەکانی حکومەت و کورددا ڕوویداوە و بە وتەی ئەو، بە لەناوچوونی هێزەکانی حکومەت کۆتاییپێهاتووە ( لە تیلیگرامی ١١ی نیسان دا باسی ئەمەم بۆ وەزارەتی دەرەوە کردووە)، ئەمە نیشان دەدات کە هێزەکانی سوپای عێراق تەنیا بۆ هێرشکردن بۆ سەر ژن و منداڵ و پیرەژن و پیرەمێرد زیرەکن. ئەم وەڵامەی

(١) مەبەستی ئەوە بووە کە عەرەب لە مێژووی خۆیدا دەستی نەپاراستووە لە هێرشکردن بۆ سەر لایەنەکانی دیکە، ئەگەر هێزی هەبایا کوردی لەناو دەبرد. وەرگێڕ

[فـواد عـارف] بەشـێکە لـە شـەڕی دەروونـی ئێسـتای نێـوان بـەرەی کـورد و عێـراق، و لـە هەراوهۆریـای عەرەبـەکان دەچێـت.

ژەنـەڕاڵ عـارف شـک و گومانـی لـە سـەرکەوتنی پـرۆژەی یەکگرتنـی عـەرەب هەیـە، وتـی: "بـە هەمـان شـێوەی پێشـتر بۆتانـم بـاس کردبـوو، یادداشـتننامەی ٢٤ی نیسـانی کـورد و بەڵێنەکانـی کاربەدەسـتانی عێـراق لـە ١٧ی نیسـان لـە قاهیـرە بەیـەک ناگەنـەوە، فیدراسـیونی عەرەبەکانیـش سـەرناگرێت. بەڕێـز [جـەلال] تاڵەبانـی بـە شـێوەیەکی نەرمونیـان ناڕازیبوونـی کـوردی لـەم پرۆژەیـە دەربڕیـوە، ئەمدواییـە لـە دانیشـتنێکدا بـە بەڕێـز سـەعدی وتـووە: (ئەگـەر ئێوەی بەعسـی یەکێتیـی عەرەبتـان ناوێـت، ڕێفرانـدۆمێکی پـاک و بێگـەرد ئەنجـام بـدەن [بـا خەڵـک بڕیـاری لەسـەر بـدات]."

بەپێچەوانـەی ئـەو دەنگۆیانـەی سـەرلەبەیانی دەسـتبەکاربوونی کابینـەی دەوڵـەت لـە ١٣ی ئایـار بڵاوبوونەتـەوە، ژەنـەڕاڵ عـارف لـە پۆسـتەکەی خـۆی دانراوەتـەوە و کـراوە بـە وەزیـری ئەوقافیـش. ئەمـە نیشـان دەدات کـە کاربەدەسـتانی عێـراق نایانەوێـت لـە ئێسـتادا پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ کـورد بپچڕێنـن. ئـەم بارودۆخـە تـا کـەی بـەردەوام دەبێـت؟ نازانیـن، چونکـە نازانیـن چـی ڕوودەدات. لەوانەیـە وتووێـژەکان زۆر بخایەنێـت، چونکـە چـاوەڕوان ناکرێـت هـەر دوولا پێکـەوە بسـازێن و ڕێکبکـەون، لەبـەر ئـەوەی داواکارییەکانـی کـورد و وەڵامـی ئەرێنیـی حکومـەت زۆر لـە یـەک دوورن.

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٩ی ئایاری ١٩٦٣**

**بابەت: سەرۆک کۆماری فەڕەنسا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کورد دەکات**

بۆ زانیاریی تاکەکەسیی بەڕێز سوتو[١]:

چەند ڕۆژ لەمەوپێش بەڕێز مەیلاغ[٢] تەلەفۆنی بۆ کردم بۆئەوەی بمناسێنێت بە بەڕێز ماغسێل کۆلۆمب[٣]، بەڕێوەبەری گۆڤاری (ئوغیۆن)[٤] و مامۆستای کۆلیژی زمانەکانی ڕۆژهەلات، بۆئەوەی دەربارەی سەردانەکەی بەڕێز ڕەشید عارف، نوێنەری کوردەکانی عێراق گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. بەڕێز مەیلاغ پێوتم نوێنەرە کوردەکە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی قسە دەکات، لەم ڕووەوە لەوانەیە کێشە دروست بێت، بۆیە باشترە وەزارەتی دەرەوە لەگەڵی دابنیشێت.

دوێنی چاوم بە بەڕێز ماغسێل کۆلۆمب کەوت، پێیوتم بەڕێز ڕەشید عارف، بارزانی ناردوویەتی بۆئەوەی سەردانی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا بکات، بەڵام دەسەڵاتی تەواوی پێنەدراوە لەلایەن بزووتنەوەی [کوردەوە] گرێبەست و ڕێککەوتن واژۆ بکات. پاش سەردانێکی کورد، فەڕەنسای بەجێهێشتووە.

بە ئاگاداریی کۆشکی ئیلیزە[٥] ( بەڵام وەزارەتی دەرەوە ئاگادار نەبووە) بەڕێز

---

(1) Soutou

(2) Maillard

بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار بووە. وەرگێڕ

(3) Marcele COLOMBE

(4) ORIENT

(٥) کۆشکی ئیلیزە یانی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، وەک کۆشکی سپی کە واتای سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەدات. وەرگێڕ

پییەغ غۆزی[1] ( بەڕێوەبەریی پێشووی ناوندی کولتووری فەڕەنسا لە بەغدا کە ئێستا کارمەندی ناوەندی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی فەڕەنسایە) بە ئامادەبوونی کەسێکی دیکە و بەتایبەت وەرگێڕێک لەگەڵ بەڕێز عارف گفتوگۆی کردووە.

بەڕێز غۆزی هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەدا ڕاشکاوانە بە بەڕێز عارفی وتووە کە لەلایەن ژەنەڕاڵ دیگۆڵەوە ڕاسپێردراوە پێیبڵێت فەڕەنسا دەیەوێت پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردی عێراق بکات. پاشان لە بەڕێز عارف پرسیاری کردووە ئێوە بە دەقیقی چیتان لە فەڕەنسا دەوێت، بۆئەوەی ئێمە جێبەجێی بکەین.

بەڕێز عارف تۆزێ سەری سوڕماوە لەم هەڵوێستە ڕاشکاوانەیە، بە بەڕێز کۆلۆمبی وتووە پێیباش نییە ئاوا بەم شێوە ئاشکرا و بە دوور لە نهێنیپارێزییەوە باسی داواکارییەکانی کورد بکات. بە وتەی بەڕێز ماغسێل کۆلۆمب، بەڕێز مەیلاغ ئەم ڕێوشوێنەی نیشانی بەڕێز غۆزی داوە. لەلایەکی دیکەوە بەڕێز کۆلۆمب وتوویەتی دکتۆر[هاشم] ئاکرەیی، کە ئەمدواییە سەردانی پاریسی کردووە ( کە بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەکەمان لە بەغدا لە پێشەوە لەم سەردانە ئاگاداری کردبووینەوە) هەرچەند کە ئەندامی [سەرکردایەتی] بزووتنەوەی کورد بە ڕابەرایەتی بارزانییە، تەنیا نوێنەرایەتی خۆی دەکات نە بزووتنەوەی[کورد]. وادیارە بەڕێز بەدرخان ئەم شتەی بە بەڕێز کۆلۆمب وتووە.

---

(1) Pierre ROSSI

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لوبنان بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بەیروت**

**بابەت: ئەنجامی گفتوگۆکانی نوێنەری بارزانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر**

بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی لێژنەی کورد کە ڕاسپێردراوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گفتوگۆ بکات، پاش دوو هەفتە مانەوە لە قاهیرە، دوێنی لە بەیروت لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند بە سەرۆک ناسری وتووە کورد داوای سەربەخۆیی ناکات، بەڵکوو ئۆتۆنۆمی دەوێت لە ناوخۆی عێراقدا و داوای ئازادیی دیموکراتیک لە چوارچێوەی کۆماری عێراق یان دەوڵەتی فیدراڵی عەرەب دەکات. سەرۆک ناسر لەگەڵ داواکارییەکانی تاڵەبانیدا بەتەواوی هاوڕا بووە و جەختی لە سەر پاراستنی یەکڕیزی گەلی عێراق کردووەتەوە.

سەرکردەی کورد هەروەها ڕایگەیاندووە ئێستا لێژنەی کورد بۆ گفتوگۆ لە بەغدایە و چاوەڕوان دەکات کات دیاری بکرێت بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان. جارێ شەڕ دەستپێناکاتەوە، کورد دان بە خۆیدا دەگرێت بۆئەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت.

بەڕێز تاڵەبانی بەتەمایە بەیانی لە بەیروت بچێت بۆ ئەوڕوپا، لەوانەیە سەردانی ئەڵمانیا و فەڕەنسا بکات.

**بواسێسۆن** [1]

(1) BOISSESON

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەیـروت لـە پەیامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١١ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بەڕێـز تاڵەبانـی لـە دیدارێکـی تاکەکەسـیدا پێیوتـم هەرچەنـد ناوەرۆکـی دانیشـتنەکەی لەگـەڵ جەمـال عەبدولنـاسر هەمـان ئـەو شـتە بـووە کـە بـە ڕۆژنامەنووسـەکانی ڕاگەیانـدووە، بـەڵام دەربـارەی دەسـتپێکردنەوەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی حکومەتـی عێـراق دژی کوردسـتان هەمـوو شـتێکی بـە ڕۆژنامەنووسـەکان نەوتـووە و بەتایبـەت هیچـی دەربـارەی ئامانجـی سـەردانەکەی بـۆ ئەوڕوپا، بەتایبەتـر بـۆ فەڕەنسـا، پێیـان نەوتـووە. بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییەی بەدەستمان گەیشـتووە تاڵەبانـی بەتەمایـە داوای چەکوچـۆڵ، بەتایبـەت چەکـی دژە فڕۆکـە، لـە کاربەدەسـتانی فەڕەنسـا بـکات."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە قاهیرە بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بابەت: حکومەتی عێراق ملکەچی کۆمەڵێک لە داواکارییەکانی کورد دەبێت**

لە میانەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١١ی حوزەیران، بەرپرسی کاروباری عێراق لە قاهیرە ڕایگەیاند ئەو شەڕەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات شەڕی کورد و عەرەب نییە، بەڵکوو شەڕی نێوان تاقمێکی یاخییە کە نوێنەرایەتی کورد و گەلی عێراق بە گشتی ناکات. وتی دە هەزار شەڕڤانی کورد دێنە ڕیزی سوپای عێراق بۆ شەڕکردن لەگەڵ بارزانی.

ئەم دیپلۆماتە هەروەها هەندێ دەوڵەتی ئیمپیریالیزمی بە یارمەتیدانی بارزانی تاوانبار کرد و دژەکردنی کۆمۆنیزم لە ناو بزووتنەوەی بارزانی شەرمەزار کرد.

ناوبراو جەختی کردەوە سوریا و کۆماری یەکگرتووی عەرەب وەک هاوبەشی عێراق زۆر گرنگی بەم کێشەیە دەدەن و ئاماژەی بە پلانی ناوەندنەچێتییە کرد کە دەوڵەتی عێراق خستوویەتیەڕوو. وتی بە پێی ئەم پلانە سەرجەم ناوچە زۆرتر کوردنشینەکان دەخرێنە ژێر چەتری یەک پارێزگا کە ئەنجوومەنێکی کورد بەڕێوەی دەبات و زمانی کوردی دەبێت بە زمانی ئیداری و پەروەردە.

**فغۆمۆن موغیس**

**کۆماری فەڕەنسا**

**ئازادی، یەکسانی، برایەتی**

**وەزارەتی دەرەوە**

**بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئەفریقا**

**بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**پاریس**

**١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بابەت: دانیشتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

کۆلۆنێل (عەقید) تاڵەبانی، نوێنەری سەرۆکی کورد، مەلا مستەفا بارزانی، بە هاوڕێیەتی ئەمیر بەدرخان سەردانی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کرد. هاوتەریب لەگەڵ ئەو شتانەی [لە لوبنان] بە ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاگەیاندبوو، بەڕێزیان ئاماژەی بە هەندێ خاڵی وردتر کرد:

لە میانەی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ سەرۆک [جەمال عەبدول] ناسر، پێیوتووە کە کوردی عێراق دژی پرەنسیپی یەکگرتوویی عەرەب نین، بەڵام لە کاتی ڕیفراندۆمدا[1] دەنگ نادەن، ئەگەر گەرەنتی دەقیق و جیددیان دەربارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی فدراسیۆنی عەرەبدا پێنەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە، کۆلۆنێل تاڵەبانی پێیوایە ئەگەر حکومەتی عێراق شەڕ دژی کورد دەستپێبکاتەوە، شکست دەهێنێت و کودەتایەکی نوێ بەمزوانە دەیڕوخێنێت.

---

(١) ئەوکاتە بڕیار بووە ڕیفراندۆمێک لە عێراق بکرێت بۆئەوەی عێراق ببێت بە ئەندامی کۆماری یەکگرتووی عەرەب کە لە کۆمەڵێک وڵاتی عەرەب، لەوانە سوریا و مسر، پێکهاتووە و جەمال عەبدولناسر سەرۆکی بووە. ڕیفراندۆمەکە قەت نەکرا، چونکە بەعسییەکان بەینیان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر زۆر خۆش نەبوو. وەرگێڕ

لەگەڵ ئەوەشدا تاڵەبانی ڕوونی نەکردەوە ڕژێمی پاش کودەتا چ جۆرە ڕژێمێک دەبێت و سیاسەتی چی دەبێت. کۆلۆنێل تاڵەبانی وتی حکومەتی عێراق لەبەرئەوە ئەم کاتەی بۆ پچڕانی وتووێژەکان و دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی هەڵبژاردووە، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق هەست بە سەرشۆڕی دەکەن و پێیانوایە تێپەڕبوونی کات بە زەرەریانە، هەروەها بۆ ئەوەش نەهێڵن جوتیارە کوردەکان خەلە و خەرمانی خۆیان بدورنەوە.

کۆلۆنێل تاڵەبانی وتی: "حکومەتی تورکیا ئەوەندەش دژی بزووتنەوەی کوردی عێراق نابێت هەتا کاتێک کورد تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی بکات، نە سەربەخۆیی. هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورک تاڕادەیەک باشتر بووە، بە خۆشییەوە ئەمدواییە ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی دوو گۆڤاری کوردی دراوە لە تورکیا. پێموانییە کاربەدەستانی تورکیا یارمەتی عێراق بدەن لە شەڕ دژی کورد. هەڵوێستی ئێران ئێستا باشە و بەقازانجی بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانییە."

پاش قسەکانی کۆلۆنێل تاڵەبانی، ئەمیر بەدرخان باسی هەڵوێستی فەڕەنسا لەهەمبەر بزووتنەوەی کوردی کرد. بۆچوونەکانی بەدرخان [لەچاو بۆچوونەکانی پێشووی] زۆر نەرمونیانتر بوو. بەدرخان زۆر باش تێدەگات کە فەڕەنسا ناتوانێت ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا بکات، تەنانەت ئەگەر کورد تەنیا داوای ئۆتۆنۆمیش بکات. فەڕەنسا پێیوایە ئەو کردەوە توندوتیژانەی دەوڵەتی عێراق ئەنجامی دەدات بووەتە هۆی ئەوەی بارودۆخی شەڕێکی ڕاستەقینە بەسەر عێراقدا بسەپێت و بووە بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ ئاشتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت خۆی لێببوێرێت. بۆیە کورد بەتەمایە لە ڕێگای وڵاتێکی بچووکەوە، ئەگەر وڵاتێکی ئەفریقایی یان ئاسیایی بێت باشترە، کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت لە ئەنجوومەنی ئاسایش بخاتەڕوو. کورد تەنیا داوای ئەوە لە فەڕەنسا دەکات کە ئەگەر هات و کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان خرایەڕوو، فەڕەنسا دژایەتی داواکارییەکانی کورد نەکات.

ئێمە زۆر بە وریاییەوە (بە حەزەرەوە) وەڵامی بەدرخانمان دایەوە. ئەویش وتی هیوادارە بتوانێت بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی[وەزارەتی دەرەوە]

ببینێـت بۆئـەوەی ئـەم مەسـەلەیەی لەگـەڵ بـاس بـکات. لـە کۆتاییـدا باسـی ئـەو کێشـانەی کـرد کـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بـورس (زەمالـە)ی خوێنـدن بـۆ خوێندکارانـی کـوردی عێـراق سـەریهەڵداوە و داوای کـرد دەوڵەتـی فەڕەنسـا بـورس بـە ژمارەیەکـی زیاتـر لـە خوێندکارانـی کـورد بـدات. دەربـارەی ئـەم مەسـەلەیە، ئێمـە وتمـان بـە خۆشـحاڵییەوە بەدواداچوونـی بـۆ دەکەیـن.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە پەیامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢ی تەمـووزی١٩٦٣ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "کاربەدەسـتێکی وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق بانگهێشـتی کـردم، پێیوتـم دەوڵەتـی عێـراق نیگەرانـی چالاکییەکانـی جـەلال تاڵەبانییـە لـە فەڕەنسـا، داوای کـرد دەوڵەتـی فەڕەنسـا ئیـدی ڕێگـەی پێنـەدات سـەفەر بـۆ فەڕەنسـا بـکات یـان لانیکـەم سـنوورێک بـۆ چالاکییەکانـی دابنێـت. کاربەدەسـتەکەی وەزارەتـی دەرەوە هەروەهـا پێیناخـۆش بـوو کـە ڕۆژنامەکانـی فەڕەنسـا بـە گەرموگوڕییـەوە پێشـوازییان لـە لێـدوان و ڕاگەیاندننامەکانـی تاڵەبانـی کـردووە."

**باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە کۆماری یەکگرتووی عەرەب لە قاهیرە**

**لـە بەڕێـز هێنغـی فغۆمـۆن موغیـس، بەرپرسـی کاروبـاری فەڕەنسـا لـە کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب بـۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز مەیلاغ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دوسوزا)، سکرتاریەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تونس، لەندەن، واشنتۆن، عەدەن، مۆسکۆ، بەیروت، بۆن، ڕۆما، ئاتێن، بیلگراد، خەرتوم، نیکوسیا، ڕەبات، جەزاییر، تەلئەبیب، ئەنقەرە، تاران، بەیروت، دیمەشق، عەمان، بەغدا، جەددە، تریپولی، ئورشەلیم و نیۆیۆرک.**

**بابەت: هەڵوێستی کۆماری یەکگرتووی عەرەب سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد**

لـە ئەنجامـی سـەردانی ئەمدواییانـەی [جـەلال] تاڵەبانـی بـۆ قاهیـرە و کاردانـەوەی کاربەدەسـتانی مـسر لـە بەرامبـەر سـەردانەکەی، ئـەم هەفتانـەی دوایـی بـەو قەناعەتـە گەیشـتووین کـە کۆلۆنێـل نـاسر گرنگـی بـە مەسـەلەی کـورد دەدات و لەوانەیـە بـە قازانجـی کـورد گوشـار بخاتـە سـەر دەوڵەتـی عێـراق. ڕۆژنامەکانـی قاهیـرە ئەمـڕۆ بـە گرنگییـەوە بڵاویـان کـردەوە کـە دوابـەدوای ئـەو ئولتیماتۆمـە کـە دەوڵەتـی عێـراق داویـە بـە ڕاپەڕیـوەکان لـە کوردسـتاندا [بۆئـەوەی خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت بکـەن]، پێکدادانـەکان دەسـتیپێکردووەتەوە.

بەڕێـز نەشاشیبی وتارێکـی لـە ڕۆژنامـەی الحریـە بڵاوکردووەتـەوە کـە تێیدا هێرشـی کردووەتـە سـەر کـورد و بەتایبـەت بارزانـی و تۆمەتبـاری کـردووە کـە دەیەوێـت بەشـێکی نەتـەوەی عـەرەب پارچەپارچـە بـکات. نووسـیویەتی ئەگـەر بارزانـی و هەڤاڵەکانـی هەنـدێ شـت بـە مافـی ڕەوای خۆیـان دەزانـن، عەرەبەکانیـش هەنـدێ شـت بـە مافـی ڕەوای نیشـتمانیی خۆیـان دەزانـن. هەروەهـا ئاماژەی بـەوە کـردووە وڵاتـی کـورد هـی

نەتــەوەی گــەورەی عەرەبــە و ڕاشــکاوانە ڕایگەیانــدووە عــەرەب جیاخــوازی قەبــوڵ ناکـەن و ڕێگـە نـادەن لایەنێکـی دیکـە حوکمـی [وڵاتەکەیـان] بـکات. بەڕێـز نەشاشـیبی نووسـیویەتی لەوانەیـە دەوڵەتـی [عێراق]کۆمەڵێـک مافـی ئیـداری بـدات بـە کـورد، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەک ڕێگـە نـادات پەرلەمانێکـی کـوردی دروسـت ببێـت کـە درەنـگ یـان زوو لەدایکبوونـی دەوڵەتێکـی جیاخوازیـی کـوردی لێبکەوێتـەوە.

ئـەم هێرشـە کـە لـەم وتـارەدا کراوەتـە [سـەر کـورد] کاریگـەری دەبێـت لـە سـەر ئـەو کەشـوهەوای ئاشـتبوونەوە و پێکەوەسـازانەی[نێوان کـورد و عـەرەب] کە لێـرە دەبیندرێت. بـە گوێـرەی ئـەو قسـانەی دوێنـی [حەسـەنێن[هیکل، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی الاهـرام بـۆی کـردم، لەوانەیـە دەسـەڵاتدارانی قاهیـرە دان بـە کۆمەڵێـک مافـی ڕەوای کـورددا بنێـن لـە چوارچێـوەی جۆرێـک ئۆتۆنۆمیـدا، بـەڵام لـەم پەیوەندییـەدا ئەوەنـدە ناچنـە پێـش کـە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی جیابوونـەوەی [کـورد].

**نووسینگەی سەرۆک کۆمار**

**سکرتاریا**

**پاریس**

**١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بابەت: دیدار و گفتوگۆی نووسینگەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا لەگەڵ نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی**

ئەمڕۆ بەڕێز مەیلاغ[1] پێشوازی لە ئەمیر بەدرخان کرد کە لەمێژە دەیناسێت و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندجار بینیویە. ئەمیر بەدرخان کە ١٥ ساڵە لە پاریس دادەنیشێت و مامۆستای کۆلیژی زمان و شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتە، پیاوێکی ڕێکوپێک، ئارام و خاوەن ئەزموونە. کەوابوو زۆر باش دەزانێت کە سیاسەت و کارەکانی فەڕەنسا سنوردارە بە کۆمەڵێک بەرژەوەندی کە هەیەتی لە ناوچەی [ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست].

ئەمیر بەدرخان سەبارەت بە داهاتووی ڕاپەڕینی کورد زۆر خۆشبینە، وتی: "سوپای عێراق قەد ئەوەندەی ئێستا لە هەمبەر کورد زەلیل و داماو نەبووە و ناتوانێت زەفەر بە کورد ببات بەهۆی ئەوەی پاش ڕووخانی ڕژێمی [عەبدولکەریم] قاسم لە ڕووی ڕێکخستنەوە لاواز بووە، پێداویستییە سەربازییەکانی دابین ناکرێت، مەشق و ڕاهێنانی پێناکرێت و ورەی دابەزیوە. کوردەکان بەردەوام لە سوپا ڕادەکەن، بەتایبەت ئەفسەرەکان کە پێشتر مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ بەکارهێنانی چەکوچۆڵی مۆدێرن. بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، ئێستا هەڵوێستی ئێران لەهەمبەر ڕاپەرینی کورد باشە، چونکە شا لە سیاسەتی عەرەبچێتی دەترسێت و نیگەرانە کە [جەمال] عەبدولناسر چاوی تەماحی بڕیوەتە ناوچەی ئابادانی[ئێران]. ئێران سنوورەکانی بەڕووی کورددا کردووەتەوە هەم بۆ هاتنی

(1) MAILLARD

بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، ژەنەڕاڵ دۆگۆل بووە. وەرگێڕ

چەکوچۆڵ و پێداویستی سەربازی و هەم بۆ هاتوچۆی پەنابەرەکان، چونکە ئێران یارمەتی پەنابەرەکان دەدات و جێگایان دەکاتەوە."

بەدرخان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "کورد چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کە وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت فەڕەنسا زۆر یارمەتییان بدەن. دەوڵەتی ئینگلیز لەمێژە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی عێراق هەیە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت یارمەتی کورد بدات. ئەمریکاش دژی شیوعییەکانە بۆیە پێویستی بە دەوڵەتی ئێستای عێراقە بۆئەوەی شیوعییەکان ڕاوبنێت. فەڕەنسا، بەپێچەوانەوە، هەرچەندە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە جیهانی عەرەبدا، بەڵام دەستی تاڕادەیەک کراوەیە، چونکە سیاسەتی هەر لە کۆنەوە ئەوە بووە کە سەربەخۆیی عێراق و سوریا ڕابگرێت و تەنیا ڕێگا بۆ ڕاگرتنی ئەم سەربەخۆییە ئەوەیە کە دەوڵەتێک لە عێراق بێتەسەر دەسەڵات کە بەڕاستی دیموکرات بێت و ئازادیی و مافی هەموو پێکهاتەکان بدات، نە ئەوە کە دەوڵەتە سەربازییەکان یەک لە دوای یەک بگەن بە دەسەڵات، چونکە بوونی ئەم دەوڵەتە لاواز و ناسەقامگیرانە بە قازانجی [جەمال عەبدول] ناسرە. لایەنێکی دیکەی سیاسەتی فەڕەنسا لە ڕۆژهەڵات، کێشەی کەمینەکانە. هەر ئەم گرنگیدانەی فەڕەنسا بە مافی کەمینەکانە کە بووەتە هۆی ئەوەی فەڕەنسا لەم ناوچەیە، بۆ نموونە لە لوبنان، خاوەن هەیمەنە و پرستیژ بێت. کەوابوو بۆ ئەمڕۆ فەڕەنسا پشتیوانی لە کورد نەکات؟ ئەگەر بیکات قازانجی خۆیشی تێدایە، چونکە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە، جگە لە نەوت کۆمەڵێک سامانی دیکەشی هەیە. قەیچی دەکا با تۆزێک لەم خێرو بەرەکەتە لە داهاتوودا بۆ فەڕەنسا بێت."

بەدرخان لە کۆتاییدا دەربارەی داواکارییەکانی کورد وتی: "کورد یەکەم، دەزگای پەخشی دەوێت بۆئەوەی ئیزگەی ڕادیۆی خۆی دابمەزرێنێت. دووم، چەکوچۆڵی سووک و کەرەستەی سەربازی دەوێت، ئەگەریش کۆمەڵێک پێداویستیی دیکەی بۆ دابینکرێت وەک دەواودەرمان و جلوبەرگ و خێوەت و... زۆر باشترە. بڕی تێچوونی ئەم یارمەتیانە ١٠ بۆ ٢٠ ملیۆن فرانکی کۆنی فەڕەنسایە، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو یارمەتیانەی فەڕەنسا بە زۆر وڵاتی دیکەی داوە، زۆر نییە. ئەم پێداویستیانە دەکرێت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرپرسی کاروباری سەربازیی باڵوێزخانەی فەڕەنسا

لە تاران کە پەیوەندی لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی هەیە [بنێردرێت بۆ ئێران، لەوێشەوە بنێردرێت بۆ کوردستانی عێراق]. "

بەدرخان لە وەڵامی پرسیارێکی بەڕێز مەیلاغ دەربارەی ئەو پشتیوانییە کە ئەمدواییە دەوڵەتی سۆڤیەت لە کورد کردوویەتی، وتی: "ژەنەڕاڵ بارزانی نایەوێت سەر بنێتە سەر دەوڵەتی سۆڤیەت و زۆر لێی نزیک بێتەوە، بۆئەوەی لە بەرچاوی بیروڕای جیهان نەکەوێت و کێشە و مەترسی بۆ داهاتووی ڕاپەڕینی کورد دروست نەبێت. بۆیە پێیباشترە وڵاتانی ڕۆژئاوایی یارمەتی بدەن. ئەڵبەتە لە بارودۆخی ئێستادا کورد یارمەتی هیچ لایەنێک ڕەتناکاتەوە، هەرچەندە زۆرتر ڕۆژنامەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییین کە پشتیوانی لە دۆزی کورد دەکەن، بەتایبەت فەڕەنسا. ئەمە نیشان دەدات کە کێشەی کورد دەنگدانەوەی سیاسیی باشی بووە. هیوادارم هەنگاوی دیکە بۆ یارمەتیدانی کورد هەڵبگیردرێت. پێمباشە وڵاتێکی ئەندامی (یەکێتی ئەفریقا و ماداگاسکار[1]) ئەگەر قەبوڵی بکات کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو. ئەگەر بتوانێت لە دانیشتنی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەمە بکات باش دەبێت. سوپاسی فەڕەنسا دەکەین ئەگەر بە دزییەوە یەکێ لەم وڵاتانە ڕازی بکات کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو."

ئەمیر بەدرخان داوای کرد داواکارییەکانی کە جەلال تاڵەبانیش لە کاتی سەردانەکەی بۆ پاریس باسیکردوون، بە زووترین کات بگات بەدەستی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ. هەروەها وتی جەلال تاڵەبانی پێش گەڕانەوە بۆ لای ژەنەڕاڵ بارزانی، سەردانی (بۆن)ی کردووە، دەوڵەتی [ئەڵمانیای ڕۆژئاوا] بەڵێنی پێداوە هەندێ بورس (زەمالە)ی خوێندن بدات بە خوێندکارانی کورد. بەدرخان وتی پاشان ئەنجامەکانی سەردانەکەی تاڵەبانی بۆ ئەڵمانیامان بۆ باس دەکات.

---

(1) UAM

(یەکێتی ئەفریقا و ماداگاسکار) ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی بووە، لە ۱۹٦٥ لە ژێر سەرپەرەشتی فەڕەنسا لە نێوان وڵاتانی ئەفریقایی، کە زۆربەیان موستەعمەرەی فەڕەنسا بوونە، و ماداگاسکار دامەزراوە بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە هاوکاریی ئابووری و تۆزێ سیاسی یەکدی بکەن. کاتی خۆی ڕۆڵی هەبووە لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا. وەرگێڕ

**لە بەڕێز غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٣**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز مەیلاغ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دوسوزا)، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە، کەراچی عەدەن، جەددە، تریپولی، کابول، بەیروت، دیمەشق، عەمان، تەلئەبیب، بەغدا و قاهیرە.**

**بابەت: ڕاپەڕینی کورد و کاریگەرییەکانی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق**

ئۆپەراسیۆنە [نوێکانی]دەوڵەتی عێراق دژی مستەفا بارزانی بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە کێشەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق ببێت بە ئەجێندای یەکەمی سیاسەتی ئێران. دەوڵەتی ئێران تا ئێستا سیاسەتێکی هەستیاری لەهەمبەر کورد و عێراق گرتوەتەبەر. ئێران بۆئەوەی کوردستانی ئێران ئارام بێت، ژێربەژێر یارمەتی بارزانی داوە. یارمەتییەکە تەنیا ئەوەندە بووە کە بارزانی بەردەوام چاوی لە دەستی ئێران بێت، ئەوەندە نەبووە کە بارزانی بتوانێت کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی پێ دامەزرێنێت کە بۆ خودی ئێران ببێت بە سەرئێشە. وتووێژەکانی مارشاڵ عارف و مستەفا بارزانی ڕێگەی بە کاربەدەستانی ئێران داوە هاوسەنگییەکی لەرزۆک ڕابگرن. لەوانەیە لەمەو بەدوا ئەم سیاسەتە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

لە ڕابردوودا ئێران پێداویستییەکانی کوردی، بەتایبەت چەکوچۆڵی سووک، دابین کردووە. لەوانەیە بەهۆی دژواربوونی بارودۆخی شەڕ، بارزانی داوای شتی زیاتر بکات. ئێران نایەوێت بارزانی کە لەگەڵ هێرشی عێراق ڕووبەڕوو بووەتەوە، وەک پێشتر داوای یارمەتی لە سۆڤیەت بکات. لەلایەکی دیکەوە، هەر لە ئێستاوە، بەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە سەختە، مەترسی ئەوە هاتوەتە ئاراوە کە کورد و پێشمەرگەی ئێران و عێراق تێکەڵ بن.(ڕۆژنامە خۆجێیەکان پێشتر

باسـی ئـەم پێشـهاتەیانە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی کرماشـان کـردووە[١]).

ڕوونە کە دەوڵەتی عێراق مەسەلەی یارمەتیدانی ئێران بە کوردی نەیاری عێراق پشتگوێ ناخات. لەوانەیە عێراق لە کاتی وتوووێژدا زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە نەدات، بەڵام لە کاتی شەڕدا بێدەنگ نابێت. کەوابوو ئایا دەوڵەتی ئێران هەست بە مەترسی دەکات؟ ئێمە لێرە لە تاران چەند ڕۆژێکە هەست دەکەین هەڵوێستی فەرمیی ئێران تۆزێک بە قازانجی عێراق گۆڕاوە: سیاسەتی نادۆستانەی ژەنەڕاڵ قاسم لەهەمبەر ئێران، تورکیا و سوریا ببووە هۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتانە بێلایەن بن لە ئاست شەڕی ڕابەری عێراق دژی بارزانی. بەڵام ئێستا کە ژەنەڕاڵ عارف دەیەوێت پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ دراوسێکانی، هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێش گۆڕاوە. دەوڵەتی عێراق دەوڵەتانی دراوسێی ئاگادار کردووەتە کە خەریکی وتووێژە لەگەڵ ڕابەری کورد و لە مەیدانی سیاسەتدا قەبوڵ ناکات لایەنێک ڕابەری کورد هان بدات، ئەگەرنا شەڕ دەستپێدەکاتەوە. پێمانوایە ئەم هۆکارە وایکردووە سیاسەتی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. کەوابوو وادیارە ئێران و عێراق بەرەو پێکەوەسازان هەنگاو هەڵدەگرن و ئێران هەوڵ دەدات کۆمەڵێک پوان لە عێراق وەربگرێت. دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانەوێت لەبەرامبەر یارمەتینەدانی بارزانی، کۆمەڵێک پوان لەپەیوەندی لەگەڵ کەشتیرانی ئێران لە شەتولعەرەب و سەرچاوەکانی نەوت لە سەر سنووری عێراق وەربگرن. کەوابوو سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق بێ حیساب نییە، یانی ئێران هەموو هەوڵی خۆی دەدات لە ئەنجامی بادانەوەی سیاسەتەکەیدا قازانجی دەستکەوێت، بەڵام ئەگەر دوژمنایەتییەکان بەردەوام بێت دڵنیانییە کە بە قازانجی بێت.

ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەمان دەربارەی کێشەی کورد لەگەڵ هاوکارێکی بەریتانیایی گفتوگۆی کرد. بەڕێز فیلیپ وتی هەڵوێستی بەریتانیا لەهەمبەر عێراق زۆر جدییە، وتی پێیوانییە مارشاڵ عارف و کۆمیتەی شۆڕش خۆیان بخەنە ناو کێشەیەک کە بە دۆڕاوی لێی بێنە دەرەوە. (ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ زانیارییەکانی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا و واشنتۆن لە ١٢ و ١٣ی حوزەیران یەکدەگرێتەوە). بەهەرحاڵ لە هەموو بارێکدا ڕژێمی عێراق تووشی کێشە دەبێت و دیسان کەشوهەوای کودەتا

(١) وادیارە مەبەستی تێکەڵبوونی جافەکانی پاوە و جوانڕۆ لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولە، چونکە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە جافەکان هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە. وەرگێڕ

باڵ دەکێشێت بەسەر بەغدادا. بەریتانیا هەروەها نیگەرانە کە سۆڤیەت پشتیوانی لە بارزانی بکات. قازانجی ڕۆژئاوا لەوەدایە ڕژێمێک لە عێراق بێتە سەر دەسەڵات کە دژی کۆمۆنیست و ناسرییەکان بێت، کەوابوو گۆڕانی ڕژێمی بەغدا کار دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانیان.

بە بۆچوونی بەڕێز فیلیپ، ناسر پشتیوانی لە دۆزی کورد ناکات، چونکە بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ڕژێمی بەعس کەڵک لە کێشەی ئێستای کورد وەردەگرێت و بە قازانجیەتی، بۆیە سەردانەکەی تاڵەبانی بۆ قاهیرە سەرکەوتوو نەبووە.

لە ئەنجامدا، بەریتانیا پێیوانییە سوپای عێراق بتوانێت هێزەکانی بارزانی سەرکووت بکات، پێیوایە بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگییەکەی جاران، یانی سوپای عێراق ناوچە دەشتاییەکانی بەدەستەوە بێت و هێزەکانی بارزانی ناوچە شاخاوییەکانیان بەدەستەوە بێت و هیچکامیان بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ نەبن و ڕێگا خۆش بێت بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژ بۆئەوەی ئەمجارە بگەن بە ڕێکەوتنێکی مەعقول. کەوابوو بەو هۆکارانەی باسکرا، دەوڵەتی ئێران قازانجی لەوەدایە کێشەکە جارێ چارەسەر نەکرێت و هەر وا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، بۆئەوەی کات بۆ خۆی بکڕێت.

بەڕێز فیلیپ لە کۆتاییدا گلە و گازندەی کرد دەوڵەتی ئێران کۆمەڵێک هەڵەی کردووە لە ئاست عێراقدا، بۆ نموونە ئاماژەی بەوە کرد ئێران ئێستا دەیەوێت دەستبکات بە دەرهێنانی نەوت لە ناوچەی کەنداوی فارس، کە بە سەرچاوەکانی نەوتی عێراق و تەنانەت عەرەبستانی سعودییەوە نووساوە. بە بۆچوونی بەڕێز فیلیپ ورژاندنی ئەم بابەتە لەم قۆناخە هەستیارەی پڕ لە قەیرانی ناوخۆ و دەرەوەدا، کارێکی نابەجێ و مەترسیدارە.

**لە نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٠ی تەمووزی ١٩٦٣**

**بابەت: سۆڤیەت کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتەڕوو**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن و لەندەن**

وادیارە سۆڤیەت بێ گوێدان بە کاردانەوەی گروپی ئاسیا- ئەفریقا و بە دەستپێشخەریی کۆماری مەغۆلستان، مەسەلەی دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر کوردی خستووەتە نێو ئەجێندای دانیشتنی ئاساییی داهاتووی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. سۆڤیەت تەنانەت ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە حکومەتی عێراق کردووە کە کێشەی کورد لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەخاتەڕوو.

لە تیلیگرامی داهاتوودا، دەقی نامەی ٩ی تەمووزی نوێنەری هەمیشەیی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکانتان بۆ دەنێرم کە ناردویەتی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش، کە تێیدا نە تەنیا ڕەخنەی لە عێراق گرتووە، بەڵکوو ڕەخنەی لە سوریاش گرتووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە وڵاتانی ئەندامی پەیمانی سینتۆ، تەنانەت ئەگەر لە کردەوە سەربازییەکان دژی کورد ڕاستەوخۆ بەشداریش نەبن، هێرشەکانیان بە دڵە.

جگە لە لایەنی ئەخلاقیی مەسەلەکە، دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتەکەیان، دەڵێن هێزە دەستدرێژیکارەکان لە نزیک سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەت ئامادەییان هەیە و ئاسایشی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکە دەخەنە مەترسییەوە.

**پییەغ میلێ**[١]

(1) Pierre MILET

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٣ ئاماژەی بەوە کردووە: "نوێنەری مەغۆلستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارەکەی پاشەکشەی کرد بۆئەوەی مەسەلەی ژینوسایدی کورد بەدەستی دەوڵەتی عێراق لە ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا نوێنەری هەندێ لە وڵاتانی عەرەب، لەوانە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب، داوایان لە نوێنەری سۆڤیەت کردبوو داوا لە نوێنەری مەغۆلستان بکات لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە."

**لە باڵوێزخانەی فەرەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**بەغدا**

**١٧ی تەممووزی ١٩٦٣**

**بابەت: ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکە لە کوردستانی عێراق**

ئەو زانیارییانەی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا پێیداوم، بە گشتی ئەو زانیارییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتڕاست دەکاتەوە، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بە یارمەتیدانی سوریا و مسر هەیە. سەرچاوە ئەمریکاییەکان پێیانوایە جارێ سوریا و مسر تەقەمەنی بە هێزەکانی عێراق نادەن، چونکە خۆیان تەقەمەنی زۆریان لە ئەمبارەکانیاندا هەیە، پێویستیشیان بە پارچەی یەدەک نییە.

باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا وتی ئامانجی ئەو ئوپەراسیۆنە کە ئێستا سوپای عێراق لە ئاکرێ ئەنجامی دەدات ئەوەیە کە دەستیان بگات بە سنووری تورکیا و هێزەکانی کوردە ڕاپەڕیوەکان بکەن بە دوو لەتەوە. هێزەکانی عێراق هەرچەندە لەم ڕۆژانەی دواییدا چیای (پیرس) یان گرتووە، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جیددی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەمریکییەکان، بە هەمان شێوەی بەریتانییەکان، پێیانوایە سوپای عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕانەهاتووە لەگەڵ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەدا.

باڵوێزخانەی ئەمریکا زۆر بە ئاشکرا وتی ئەگەر سوپای سۆڤیەت بە فڕۆکە لە کوردستان دابەزێت، وڵاتانی ئەندامی پەیمانی سنتۆ دەستێوەردان دەکەن.

لە ڕووی سیاسییەوە، بۆچوونی ئەمریکا و بەریتانیا یەک شتە.

**لۆگوغییێغێ**(1)

(1) Le GOURRIEREC

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە قـبرس لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٠ی تەمـووزی ١٩٦٣ ئاماژەی بـەوە کـردووە: "بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی لـە ١٨ی تەمـووز ڕۆژنامەیەکـی کۆمۆنیسـت بـڵاوی کردوونەتـەوە، بەریتانیـا فڕۆکەکانـی لـە قبرسـەوە دەنێرێـت بـۆ شـەڕ لەگـەڵ کوردی باکووری عێـراق. دەوڵەتـی سوریا ڕێگـەی بـە بەریتانیا داوە فڕۆکەکانـی بـە ئاسـمانی ئـەو وڵاتـەدا دەربـاز بـن. فڕۆکـەکان پـاش تـەواو بوونـی ئەرکەکەیـان دەچـن بـۆ ئێـران."

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە قاهیـرە لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٣ی تەمـووزی ١٩٦٣ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی سـەرۆکایەتی [مـسر] وتـی هەڵوێسـتی سـۆڤیەت لـە هەمبـەر کێشـەی کـورد دووڕوویانەیـە. کاتێـک عەبدولکەریـم قاسـم هێـزی دژی کـورد جووڵانـد سـۆڤیەت هەڵوێسـتی نەبـوو، بـەڵام ئێسـتا کـە دەوڵەتێکـی دژە کۆمۆنیسـت لـە عێـراق گەیشـتووە بـە دەسـەڵات، سیاسـەتی خـۆی گۆڕیـوە."

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بوخارسـت لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٤ی تەمـووزی ١٩٦٣ ئاماژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژنامەکانـی ڕۆماانیـا هەڵمەتێکـی بەرفراوانیـان دژی دەوڵەتـی عێـراق دەسـتپێکردووە، ئاماژەیـان بـەوە کـردووە دەوڵەتـی ڕۆمانیـا ئەمسـاڵ بـە بۆنـەی جەژنـی نیشـتمانی ئـەو وڵاتـە پەیامـی پیرۆزبایـی بـۆ دەوڵەتـی عێـراق نەنـاردووە."

**لە بەڕێز غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣١ی ئابی ١٩٦٣**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز مەیلاغ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دوسوزا) باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە کەراچی، عەدەن، جەددە، تریپولی، ئەنقەرە، کابول، بەیروت، دیمەشق، عەمان، تەلئەبیب، بەغدا و قاهیرە.**

**بابەت: هەوڵە هاوبەشەکانی ئێران و تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاپەڕینی کوردی عێراق**

شانازی ئەوەمان پێبەخشرا هەفتەی ڕابردوو( لە تیلیگرامی ژمارە ١٢٣٨ی ١٧ی ئاب) زانیارییە سەرەتاییەکان دەربارەی دیداری کاربەدەستانی ئێران و تورکیا لە تاران بە وەزارەتی دەرەوەی[فەڕەنسا] ڕابگەیەنین.

بە وتەی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو، هەروا کە پێشبینیمان دەکرد، کاربەدەستانی تورک گوشارێکی قورسیان خستوەتە سەر ئێران ڕێگە نەدەن کوردی[عێراق] لە خاکی ئەوانەوە هاتووچۆ بکەن و یارمەتییان نەدەن. وادیارە کاربەدەستانی تورک باش تێگەیشتوون کە سوپای ئێران درێژە بە یارمەتیدانی هێزەکانی بارزانی دەدات. کونسوڵی تورکیا لە ڕەزائییە (ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا) ئەمدوایانە بە بەڕێز میشیل، کونسوڵی خۆمان لە تەورێزی وتووە کە بەڵگەی بەدەستەوەیە ئێران بە دوو شێوە یارمەتیی هێزەکانی بارزانی دەدات:

**یەکەم:** لە ڕەزائیەوە بە لۆری سەربازی چەکوچۆڵی قورس و تەقەمەنییان بۆ دەنێرێت. ئۆتۆمۆبیلەکان بە دوو جادە لە ناو شاخدا لە سەر سنووری ئێران، عێراق و تورکیا دەڕۆن کە جادەیەکیان لە شارۆچکەی زێنێ تێدەپەڕێت و دەچێت بۆ بارزان کە بنکەی سەرەکی بارزانی لەوێیە. ئەم چەکانە (کە زۆربەیان وڵاتی چیک دروستی کردوون) هی ئەمباری چەکوچۆڵی ئێرانن.

**دووەم:** لـە سەردەشـتەوە کـە شـارێکە لـە سـەد کیلۆمەتـری باشـووری ڕۆژئـاوای مهابـاد و ١٠ کیلۆمەتـری سـنووری عێـراق هەڵکەوتـووە، خـۆراک و خواردەمەنییـان بـە لـۆری سـیڤیل بـۆ دەنێرێـت.

بەرپرسـیارێتی ئـەم زانیارییانـە لـە ئەسـتۆی کونسـوڵی تورکیـا لـە ڕەزائیەیـە. بەهەرحـاڵ ئەمـە یەکەمجـار نییـە کـە باسـی ناردنـی ئـەم جـۆرە شـتانە بـۆ وڵاتـی کوردی[عێـراق] دەکرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێمانوایـە کاربەدەسـتانی خۆجێیـی ئەمدواییانـە هەوڵیانـداوە ئـەم جموجۆڵانـە کـەم بکەنـەوە و تەنانـەت بەتـەواوی ڕایبگـرن.

نوێنەرانـی تـورک داوایـان لـە کاربەدەسـتانی ئێـران کـردووە کۆتایـی بـە یارمەتیدانـی کـورد بهێنـن. کاربەدەسـتانی ئێـران وتوویانـە بەهـۆی پانوبەرینـی سـنوور و سـەختبوونی ناوچەکـە، سـوپای ئێـران ناتوانێـت سـنوور بـە تـەواوی کۆنتـڕۆڵ بـکات و پێـش لـە هاتوچـۆ و چوونـی یارمەتـی بـۆ عێـراق بگرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەوانەیـە بەهـۆی گوشـاری تورکەکانـەوە یارمەتـی ئێـران بـۆ کـوردە ڕاپەڕیـوەکان کـەم بـکات.

لەڕاسـتیدا لەوانەیە دەوڵەتـی ئێران و تورکیـا ڕێکبکـەون بـۆ کۆتاییپێهێنانـی ڕاپەڕینـی کـورد، چونکـە لەوانەیـە ڕاپەڕینەکـە ببێتـە هـۆی دروسـتبوونی مەکۆیەکـی مەترسـیداری شـۆڕشـگێڕانەی[کورد] لـە سـەر سـنوورەکانیان. تەنیـا جیاوازیـی نێوانیـان ئەوەیـە کـە تورکـەکان دەیانەوێـت بـە تـەواوی بزووتنـەوی بارزانـی سـەرکووت بکرێـت و بتلیقێندرێت، بـەڵام ئێرانییـەکان پێیانباشـترە کـورد لەگـەڵ [دەوڵەتـی عێـراق] وتوویـژ بکـەن و هەنـدێ مۆرکـی کوردییـان بپارێزرێـت.

بـە وتـەی هەنـدێ سـەرچاوەی تایبـەت لـە تـاران، کـورد، بـە هەمـان شـێوەی عێراقییـەکان، لـە داهاتـوودا لـە ڕووی سیاسـییەوە زۆر پەخـش و بـڵاو دەبـن. پێموانوایـە لـە بارودۆخـی ئێسـتادا خەڵکـی ئاسـایی کـورد بـە قـەد هێـزە چەکدارەکانیـان لەبـەردەم ئەزموونێکـی قورسـدان، و هەنـدێ لـە ڕابەرەکانیـان دەسـت بـە وتووێـژی نـوێ لەگـەڵ سـوپای عێـراق دەکەنـەوە.[1]

(١) پێشـبینیەکەی زۆر ڕاسـت دەرچـوو، چونکـە چەنـد مانـگ دوای ئـەوە گرووپـی مەکتەبـی سیاسـی لـە بارزانـی جودابوونـەوە. وەرگێـڕ

**پەراوێزی وەرگێر:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە ئەنقـەرە لـە ٢٩ی حوزەیـران یانـی دوو ڕۆژ پێـش ئـەم پەیامـە، تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "لـە ٢٣ی حوزەیرانـەوە سـوپای تورکیـا لـە ئاسـمان و زەوییـەوە و بەهێـزە تایبەتەکانییـەوە ئۆپەراسـیۆنێکی گـەورەی لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات دەسـتپێکردووە بۆئـەوەی پێـش لـە چوونـی یارمەتـی بـۆ بارزانـی بگـرن. تورکیـا قەبوڵـی کـردووە دژی ڕاپەڕینـی کـورد لەگـەڵ عێـراق هـاوکاری بـکات. ڕۆژنامـەی میللیـەت ڕۆژی ٢٠ی حوزەیـران لـە زمانـی وەزیرێکـی تورکیـاوە ڕایگەیانـدووە سـەرکوت و پانکردنـەوەی سـەری بارزانـی و یارمەتیدەرەکانیـان بـە هەمـوو شـێوەیەک بـە قازانجـی وڵاتەکەمانـە".

**لە ڕۆبێغ بواسیسۆن[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە لوبنان بۆ:**

**بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەیروت**

**٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی کاروباری سیاسیی وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ڕۆما، دیمەشق، عەممان، جەددە، بەغدا، قاهیرە**

**بابەت: پەیامێکی کوردی عێراق بۆ پاپای ڤاتیکان**

لەگەڵ ڕێزمدا دەقی ئەم پەیامەتان بۆ دەنێرم کە کوردی عێراق ناردوویانە بۆ پاپا پۆلی شەشەم[٢]، بە بۆنەی زیارەتەکەی بۆ ئورشەلیم و لە ڕۆژنامەی فەرەنسی زمانی ( لۆسواغ)[٣] دا بڵاوکراوەتەوە.

پەیامەکە بەڕێز لامبێرتینی[٤]، نۆنسیوی ئاپۆستولیک[٥] لە لوبنان لە ٢ی کانوونی دووەم تەسلیمی ئێمەی کردووە. ڕۆژنامەکانی لوبنان پەیامەکەیان بێ دەربڕینی هیچ بۆچوونێک بڵاوکردووەتەوە.

**ڕۆژنامەی لۆسواغ**

**٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤**

---

(1) Robert de BOISSESON

(2) Paul VI

(3) LE SOIR

(4) LAMBERTINI

(٥) نۆنسیو بە نوێنەری دیپلۆماتێکی پاپای ڤاتیکان لە وڵاتانی دیکە دەوترێت. وەرگێڕ

**بۆ فەخامەتی جەنابی پاپا پۆلی شەشەم**

**لەڕێگای قەشەی ئاپۆستولیک لە لوبنان**

دوو ساڵ و نیوە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، بە موسڵمان و مەسیحییەوە، تووشی شەڕێکی قەڵاچۆکردنی زۆر ترسناک بووەتەوە. زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردستان لەگەڵ زەوی تەخت کراون و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووەکانی دەربەدەر و ئاوارەبوونە، لە کەشوهەوایەکی سەخت و نالەباردا دەژین و توشی برسێتی و نەخۆشی بوونە، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافە ڕەواکانیان لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەن.

بە ناوی گەلی کوردەوە پەیامی عیشق و ئاشتی پێشکەشی جەنابی فەخامەتی پاپا دەکەین بە بۆنەی زیارەتەکەی بۆ ئورشەلیم و داوای لێدەکەین دوعای خێرمان بۆ بکات بۆئەوەی ئاسایش و ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عێراق و ڕژێمێکی یاسایی سەقامگیرو دادپەروەر [لە عێراق] بە دەسەڵات بگات، ڕێگە بە هاووڵاتیەکانی بدات لە ئاسایشدا بژین و لەو مافانە بەهرەمەند بن کە کتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکان ئاماژەیان پێکردووە و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک بە ڕەوایان زانیوە.

ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتمان قەبوڵ بفەرموون

**هانا بولوس قیراقوس**(1) **دانیشتووی ئامێدی**

**هەمزە شاسوار، دانیشتووی گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووک**

٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤

(1) Hanna Boulos Quiraqos

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١١ی شوباتی ١٩٦٤**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی کاروباری ئەوروپا[ی وەزارەتی دەرەوە]، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز مەیلاغ، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێزدوسوزا، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: ڕێککەوتنی مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق**

دەقی وەرگێڕدراوی ڕاگەیاندننامەی دەوڵەتی عێراق و پەیامی مەلا مستەفا بارزانیتان بۆ دەنێرم کە ئێوارەی ١٠ی شوبات لە ڕادیۆی بەغدا بڵاوکراوەتەوە.

تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەم ڕاگەیاندننامانە ، ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە باکووری وڵاتە. خاڵەکانی دیکە ڕوون نییە. ئاماژەکردن بە ( دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد) شتێکی نوێ نییە، پێشتر لە یاسای کاتیی عێراق کە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم پەسەندی کردووە، ئاماژەی پێکراوە بەڵام قەد جێبەجێ نەکراوە. نایەکانگیرییەکی ئاشکرا لە ڕاگەیاندننامەکەدا دەبیندرێت، و ڕووننەبوونی برگەکانی ڕێگا خۆش دەکات بۆئەوەی هەر لایەنێک بە کەیفی خۆی شرۆڤەی بکات.

باڵوێزی تورکیا و ئێران پێیانوتم نیگەرانن کە دان نراوە بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا.

ئێمە لە کۆڕوکۆمەڵە دیپلۆماتیکەکاندا سەرمان سوڕما کە بارزانی ئاگربەستی قەبوڵ کردووە، چونکە بە شێوەی فەرمی، کەم تا زۆر کۆمەڵێک گەرەنتی تەنیا بۆ هەندێ لە داواکارییەکانی وەرگرتووە وەک لێبوردنی گشتی بۆ پێشمەرگەکان و بەڵێن

بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان یـان قەرەبووکردنـەوەی قوربانیانـی شـەڕ. نازانیـن ئایـا بارزانـی پێداگـری کـردووە کـە هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان پاشەکشـە بکـەن یـان نـا، ئایـا لـە کۆمەڵێـک لـە داواکارییەکانـی پاشەکشـەی کـردووە یـان نـا، چونکـە لـە ڕاگەیاندننامەکانـدا هیـچ ئاماژەیەکیـان پێنەکـراوە. دوور نییـە کـورد، سـەرەڕای ئـەوەی بارودۆخـی سـەربازییان بـاش بـووە، لـە میانـەی وتووێژەکانـی ڕانییـە (کـە لـە تیلیگرامـی ٢٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٤دا ئامـاژەم پێکـردووە) نەرمونیانیـان نواندبێـت بەهـۆی ڕەچاوکردنـی بارودۆخـی ژیانـی دانیشـتوانی ناوچـە کـە شـەڕ وەزاڵـەی هێنـاون.

بەهەرحـاڵ ڕاوەسـتانی شـەڕ، دەسـتپێکردنی وتووێـژەکان لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـووی لێدەکەوێتـەوە.

**ڕاگەیاندننامەی دەوڵەت**

**بە ناوی خوداوەندی بەخشندە و میهربان**

لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی[عێراق] و بە لەبەرچاوگرتنی بەهاناهاتنی برایانی کورد بە پیری بانگەوازەکەی مەلا مستەفا بارزانی، بە گوێرەی خواست و ئارزوومان بۆئەوەی ژیان لە باکووری وڵاتە خۆشەویستەکەمان ئاسایی بێتەوە و پیلانی ئیمپریالیستەکان و نۆکەرەکانیان پوچەڵ بێتەوە و ناحەزان و هەلپەرستان کێشەکە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەکارنەهێنن و بۆئەوەی ڕشتنی خەڵکی بێگوناح کۆتایی پێبێت و لە کۆتاییدا لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەمان، بڕیارمان دا:

١- دان بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانماندا بنرێت هاوشان لەگەڵ مافی گەلی عێراق لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی برایەتییانەی نیشتیمانیدا کە لە ناو یاسای بنەڕەتیدا دەچەسپێندرێت.

٢- سەرجەم ئەو کەسانەی بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری عێراق گیراون، زیندانی کراون و حوکمدراون، بەر لێبوردنی گشتی بکەون و ئازاد بکرێن، ئەگەر زەوی و ماڵ یان هەر شتێکی دیکەیان لێ زەوت کراوە، بۆیان بگەڕێندرێتەوە.

٣- ناوچەی باکووری عێراق لە چوارچێوەی ئیدارەیەکی خۆجێیی ڕێکبخرێت.

٤- مووچەخۆر و کارمەندەکانی حکومەت بگەڕێنە سەر کارەکانیان.

٥- گەمارۆ لە سەر ناردنی خواردەمەنی و خۆراک بۆ [باکوور] هەڵبگیردرێت.

٦- بە زوترین کات باکوور ئاوەدان بکرێتەوە و کۆمیسیۆنێکی تێکەڵ پێکبهێندرێت بۆئەوەی گیروگرفت و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای جێبەجێبوونی ئەم پلانە لاببرێت و قەرەبووی ئەوانە بکرێتەوە کە بوونەتە قوربانی.

٧- قەرەبووی ئەوانە بکرێتەوە کە بەهۆی دروستبوونی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، ماڵ و زەوییان چووەتە ژێر ئاو.

٨- ڕێوشوێنی تایبەت بگیردرێتەبەر بۆ چەسپانی ئاسایش و سەقامگیری لە باکووری عێراق لە چوارچێوەی مافە ڕەواکانی کورددا، بۆئەوەی بەپێچەوانەی پیلانی

ئیمپیریالیـزم و شـوێنکەوتووەکانیان، بـرا کوردەکانمـان دەسـت بـە ژیانێکـی ئاسـایی بکەنـەوە. برایانـی کـورد دەبـێ بزانـن ئێمـە هەرچـی لەدەسـتمان بێـت دەیکەیـن بۆئـەوەی مافـە ڕەواکانیـان هاوشـان لەگـەڵ مافەکانـی هاووڵاتیانـی دیکـەی عێـراق دابیـن بکرێـت. اللـه یعلـم مـا فـی القلـوب

٩- فەرمـان بـە وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان بدرێـت دەسـتبکەن بـە جێبەجێکردنی بڕیـارەکان و ڕێوشـوێنەکانی ئـەم ڕاگەیاندننامەیە.

**مارشال عەبدولسەلام موحەمەد عارف**

**سەرۆک کۆمار**

**بانگەوازی مەلا مستەفا بارزانی بۆ برایانی کورد**

**بە ناوی خوداوەندی بەخشندە و میهربان**

خوداوەندی گەورە ڕاست دەفەرموێت: "ئەی ئیمانداران دەبێ لەبیرتان بێت خوداوەند چەندە بەخشەندە بووە لەهەمبەرتان، ئێوە دوژمنی یەک بوون، ئێستا بە لوتفی خوداوەند بوون بە برا."

بۆ جێبەجێکردنی خواستی بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق، مارشاڵ عەبدولسەلام عارف، بۆ پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی عێراق، بۆئەوەی کۆتایی بە شەڕی براکوژی و ڕشتنی خوێنی خەڵکی بێگوناح بێت، بۆ وەپیرەوەهاتنی نیازپاکیی دەوڵەت، بڕیارماندا بە وەستاندنی شەڕ، داوا لە براکانمان دەکەم بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵ و کار و پیشەی خۆیان.

ئەم بڕیارە ڕێگا خۆش دەکات بۆئەوەی دەوڵەتی عێراق هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت ئاسایش و ئاشتی بچەسپێنێت و ژیان لە ناوچە ئاسایی بێتەوە و شانبەشانی خەڵکی عێراق دان بە مافە نەتەوەییەکانی هاوولاتیانی کورددا بنێت بۆئەوەی سەرجەم خەڵکی عێراق لە یەکینەیەکی نیشتمانیدا یەکبگرن و برایەتیی کورد و عەرەب لە سەر بنەمایەکی زۆر پتەو وەدیبێت و پیلانی ئیمپریالیستەکان و هەلپەرستان و ناحەزان پووچەڵ بێتەوە. با هەموو کەس بزانێت سەرەوریی یاسا و چەسپانی ئاشتی لەم ناوچەیە، گەرەنتی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان دەکات.

لە خوداوەند داواکارم ڕێنوێنی باوەڕداران و نیازپاکان بکات و سەرکەوتوویان بکات لە هەوڵەکانیاندا بۆ یەکگرتن و خۆشبەختی گەل و نەتەوە. اللە یعلم ما فی القلوب

**مستەفا بارزانی**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە مۆسـکۆ لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٦ی شـوباتی ١٩٦٤ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "خرۆشـچۆڤ، [سـەرۆک کۆمـاری سـۆڤیەت] دوێنـی پەیامـی پیرۆزبایـی نـاردووە بـۆ سـەرۆک کۆمـاری عێراق بـە بۆنـەی ڕێککەوتنەکـەی لەگەڵ کورددا. خرۆشـچۆڤ لـە پەیامەکـەدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە ڕێککەوتنەکـە، دانـی بـە مافەکانـی گەلـی کـورددا نـاوە، پرسـتیژی کۆمـاری عێـراق بـەرز دەکاتـەوە ئەڵقـەی برایەتـی کـورد و عـەرەب بەهێزتـر دەکات."

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٥ی ئایاری ١٩٦٤**

**بابەت: دووبەرەکی دەکەوێتە ناو ڕاپەڕینی کورد**

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی کوردی سوریا و لوبنان، لە مانگی نیسانەوە دووبەرەکییەکی توند لە نێو سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کورددا سەریهەڵداوە و یەکڕیزیی کوردی تێکداوە. ئەم قەیرانە بەهۆی بیروڕای زۆر جیاوازی سەرکردەکان دەربارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی شەڕ تەقیوەتەوە کە لەمێژە لەنێوان مەلا مستەفا بارزانی کە زۆربەی عەشیرەتەکان پشتیوانی لێدەکەن و سەرکردە گەنجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری گشتی حیزب دا هەیە.

لە ١٥ی نیسانەوە ئەم دوو باڵە بە تەواوی لە یەک جیابوونەتەوە و پێشمەرگە و هەڤاڵەکانی خۆیان لە ناوچەی جیاواز جێگیر کردووە. مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە دە هەزار پێشمەرگەی بارزانی و پێنج هەزار پێشمەرگەی ( پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان)[١] لە یەک بدەن.

بە بۆنەی جەژنی قوربان، لە ٢٣ی نیسان، لێژنەیەکی ئاشتی بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ فواد عارف و عەلی کەمال چووە بۆ لای بارزانی، پاش سێ ڕۆژ گفتوگۆ قەناعەتیان پێهێناوە ڕێگاچارەیەک بۆ پێکەوەسازانی هەر دوو لایەن قەبوڵ بکات. لە، گفتۆگانەدا ئەم بڕیارانە دراوە:

- بارزانی ئیدی بە تەنیا سەرپەرشتی شەڕ [دژی عێراق] نەکات، بەڵکوو دەبێ بە هاوبەشی لەگەڵ (کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی) شەڕ بەڕێوە ببات.
- لە مانگی حوزەیران هەڵبژاردن بکرێت بۆئەوەی پێکهاتەی بزووتنەوەی کورد سەرلەنوێ بە تەواوی دابڕێژرێتەوە. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن ئەنجوومەنی گوندەکان بە بەشداری پێشمەرگە و لایەنگرانی بارزانی، ئەندامانی (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان) و لایەنە سەربەخۆکانی دیکە بەڕێوە دەچێت.

---

(١) مەبەستی گرووپی مەکتەبی سیاسییە. وەرگێڕ

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٤ی ئایاری ١٩٦٤**

**بابەت: هەڵوێستی شیوعییەکان لە هەمبەر ناکۆکییەکانی ناو سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کورد**

بە بۆچوونی دەزگای هەواڵگری ئێران، ئەو ناکۆکی و بیروڕای جیاوازەی لە نێو سەرکردەکانی کورددا سەریهەڵداوە، تەنیا بە کێشەی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆکەکانی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) سنووردار نابێت، بەڵکوو کار دەکاتە سەر شیوعییەکانیش، کە دژی سیاسەت و ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەتن.

حزبی شیوعی عێراق کە بە توندی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە سەرکوت کراوە، پێیخۆش نییە ئاشتی لە کوردستان بچەسپێتەوە، چونکە هاوپەیمانە تاکتیکییەکانی لە کیس دەچێت و گۆشەگیر دەبێت. لەم پێناوەدا ئەندامانی حزبی شیوعی بایان داوەتەوە بە لای سەرکردایەتی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) دا، کە بۆچۆنیان ئەوەیە دەبێ شەڕ بە هەموو شێوەیەک بەردەوام بێت هەتا ئەوکاتە کە دەوڵەتی عێراق ڕازی دەبێت بە داواکارییەکانیان. کەوابوو حزبی شیوعیی عێراق بە تەواوی دژی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتە، کە پشتیوانی لە بارزانی دەکات و هەموو هەوڵی خۆی دەدات شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق کۆتایی پێبێت. بە بۆچوونی دەزگای هەواڵگریی ئێران، لەوانەیە دەسەڵاتدارانی حزبی شیوعی بایان دابێتەوە بە لای چیندا، ئەڵبەتە بە مەرجێک کە ئەم سەنگەرگۆڕینە ئەنجامی یارییەکی دوو لایەنەی سۆڤیەت نەبێت.

هەروەها بە بۆچوونی دەزگای هەواڵگری ئێران، مەلا مستەفا بارزانی شانسی زۆرە بەسەر)پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) دا سەربکەوێت و بڕیارەکانی بچێتە سەر. زۆربەی عەشیرەتەکان لایەنگری بارزانین. باری گرانی شەڕی ئەم سێ ساڵە لە سەر شانی ئەم عەشیرەتانە و ژن و منداڵیان بووە، کەوابوو نایانەوێت

ئـەم شـەڕە واقعنەبینانەیـە بـەردەوام بێـت و لـە کورتخایەنـدا بەرهەمەکانـی نەبینـن، لـە کاتێکـدا بارزانـی توانیویەتـی دەوڵەتـی عێـراق ملکەجـی داواکارییەکانـی کـورد بـکات.

ئەگـەر شـەڕ دەستپێبکاتەوە، ئەگەری هەیـە (پارتـی دیموکراتی یەکگرتووی کوردسـتان) بیدۆڕێنێـت، چونکـە دەبـێ لەلایـەک لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق و لەلایەکـی دیکـەوە لەگەڵ بارزانـی شـەڕ بکات.

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٩ی ئابی ١٩٦٤**

**بابەت: ئێران دەیەوێت گرووپی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بارزانی ئاشت بکاتەوە**

بارودۆخی باکووری عێراق لە نیوەی یەکەمی مانگی ئاب ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە. کاربەدەستانی ئێران و سوریا پێیانوایە بە دڵنیاییەوە شەڕ لە نێوان کورد و عێراق هەڵدەگیرسێتەوە، ئەمەش ئەنجامی زۆر جیددی بەدواوە دەبێت و تەنانەت ڕژێمی عێراق دەڕوخێنێت.

ئەو وتووێژانە کە لە باکوور لە نێوان بارزانی و عێراق دەستیپێکردبوو، دیسان پچڕاوە و لیژنە عێراقییەکە بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ مەحمود عەبدولڕەزاق لە ١٣ی ئاب گەڕاوەتەوە بەغدا. هەر لە هەمان ڕۆژدا، مەلا مستەفا بارزانی داوای لە کاربەدەستانی عێراق کردووە بە زووترین کات داواکارییەکانی کورد جێبەجێ بکەن. ئەو مەشق و ڕاهێنانە چڕوپڕە کە ئەم هەفتانەی دواییە بە پێشمەرگە کراوە و قایمکردنی هەندێ بنکە و سەنگەری زۆر گرنگ، وەک ئەوەی سلێمانی، نیشان دەدات کە کورد بڕیاری داوە دەستبکاتەوە بە شەڕ بۆئەوەی حکومەت ناچار بکات داواکارییەکانی قەبوڵ بکات.

لەبەرامبەردا دەوڵەتی عێراقیش پێگەی سەربازیی خۆی قایم دەکات. دەسەڵاتدارانی عێراق وریای ئەوەشن کە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان، لایەنەکانی نەیاری حکومەت (شیعەکان، بەعسییەکان، پاشایەتیخوازەکان و ناسیوناليستەکان) دەرفەتیان بۆ نەڕەخسێت زەبری کوشندە لە ڕژێم بوەشێنن. ڕژێمی عێراق بەوپەڕی ورياييەوە بنکە و بارەگا سەربازییەکانی لە باکوور قایم کردووە، بۆئەوەی شتێک نەقەومێت کە ببێتە هۆی ئەوەی شەڕ بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵبگیرسێت.

لەلایەکی دیکەوە، دەزگای هەواڵگری ئێران پێیوایە دەکرێت بارزانی و (پارتی

دیموکراتــی یەکگرتــووی کوردســتان) بــە ســەرۆکایەتیی ئیبراهیــم ئەحمــەد و جــەلال تاڵەبانــی کــە مانگــی تەمــووز پەنایــان بــۆ ئێــران بــردووە، ڕێکبکــەون و بگەڕێنــەوە کوردســتانی عێــراق.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە تــاران لــە تیلیگرامێکــدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ١٨ی ئابــی ١٩٦٤ ئامــاژەی بــەوە کــردووە: "دەوڵەتــی عێــراق داوای لــە ئێــران کــردووە جــەلال تاڵەبانــی و ئیبراهیــم ئەحمــەد ڕادەســت بکاتــەوە."

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە تــاران لــە تیلیگرامێکــی دیکــەدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ٢٩ی ئــاب ئامــاژەی بــەوە کــردووە: "جــەلال تاڵەبانــی و ئەندامانــی دیکــەی مەکتەبــی سیاســیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لەگــەڵ ٣٠٠ کــەس لــە هەڤاڵەکانیــان دیســان لــە ٢٦ی ئــاب پەنایــان بــۆ ئێــران هێنــاوە. کاربەدەســتانی ئێــران چەکیــان کــردوون."

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤**

**بابەت: پەیوەندییەکانی ئێران و بارزانی**

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول، لوقمان بارزانی لەگەڵ نوێنەرێکی تایبەتی دەزگای هەواڵگری ئێران لە بەغدا کۆبووەتەوە و پەیامی دۆستی و وەفاداریی باوکی، مەلا مستەفا بارزانی، گەیاندووە بە شا و ئاگاداری کردووەتەوە کە:

- کورد هیچ متمانەی بە بەڵێنەکانی [جەمال عەبدول] ناسر و [عەبدولسەلام ] عارف نییە.
- درەنگ یان زوو شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق هەڵدەگیرسێتەوە.
- بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی داهاتوو، کورد زۆر پێویستی بە یارمەتی ماددیی و چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەربازیی ئێران هەیە.

هەر هەمان ڕۆژ، کاربەدەستانی ئێران نوێنەرە تایبەتەکانی خۆیان لە بەغدا ئاگادار کردووەتەوە کە:

- ئێران ئامادەیە هەر یارمەتییەک کورد داوای دەکات بیداتێ بە مەرجێک مەلا مستەفا بارزانی بێ ڕووەدەربایسی و بەڕوونی هەڵوێستی خۆی یەکلایی بکاتەوە و کەس ئاگاداری یارمەتییەکانی ئێران نەبێت و لە بواری نێونەتەوەییدا کێشە بۆ ئێران دروست نەبێت.
- دەزگایەک دامەزراوە بۆئەوەی بە بێتەل بارەگای سەرکردایەتی بارزانی و تاران پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبێت. دەزگاکە لە سەنگەسەر (لە نێوان ڕێگای ڕانییە و قەڵادزێ) دانراوە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دیکەی بەشی تۆماری دەرەکی و دژەسیخوڕی لە بەرواری ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، دەزگای هەواڵگری ئێران (ساڤاک) لە سەرەتای هاوینەوە ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکردووە بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ نەیارانی دەوڵەتی عێراق، بەتایبەت لە بەغدا، بەیروت، ئەستەمبوڵ و لەندەن کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی نەیاری عێراقی لێدەژی کە پاش ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی ئاوارەی ئەوێ بوونە. ئێران پارەیەکی زۆری پێداون و بەتەمایە ئامادەیان بکات بۆ خەباتی چەکداری. ساڤاک بەتایبەت هەوڵ دەدات لەگەڵ شێعەکانی باشووری عێراق پەیوەندی بگرێت. عەرەبە ناسیونالیستەکانی نەیاری ڕژێمی عێراق، بەتایبەت ئەوانە کە پێشتر ئەفسەر بوونە، پێیانناخۆشە ئێران لە ١٨ مانگ لەمەوپێش تا ئێستا یارمەتی مەلا مستەفا بارزانی دەدات. بۆئەوەی ئەم نیگەرانیانە بڕەوێتەوە، نوێنەرانی ساڤاک داوایان لە کاربەدەستانی تاران کردووە ڕاستەوخۆ کورد دژی دەوڵەتی عێراق هان نەدەن، بۆئەوەی دەستی ئێران لە هەمبەر بارزانی بە تەواوەتی نەبەسترێتەوە و دەسەڵاتدارانی داهاتووی عێراق ناچار نەبن شتێک بکەن کە پێیان خۆش نەبێت.

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق**

**ڕانییە، کوردستانی عێراق**

**٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥**

**زۆر بەڕێز جەنابی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ**

**سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**پاریس**

**جەنابی سەرۆک،**

**بە شانازییەوە بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە:**

کاتێک گەلەکەمان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی بۆ چەک برد، تەنیا مەبەستی ئەوە بوو بەرپەرچی هێرشێکی هێزەکانی سوپای عێراق بە فەرماندەیی سەرۆک کۆماری دیکتاتۆری عێراق، عەبدولکەریم قاسم بداتەوە. گەلەکەمان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە تەنیا داوای مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی دەکرد، بەتایبەت ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ئێمە تەنیا لەڕێگای ئۆتۆنۆمیەوە دەتوانین کاروباری وڵاتەکەمان بەڕێوەبەرین، سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بەکاربهێنین و کولتووری نەتەوەیی خۆمان پێشبخەین و لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ گەلی عەرەب باش بێت. سیستمی ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ سیستمی فدراڵی، باشترین ڕێگاچارەیە بۆئەوەی کێشە نەتەوەییەکان لەو وڵاتە شارستانییانە کە لە چەند نەتەوە پێکدێن، چارەسەر بکرێت.

دەتوانین بڵێین ئۆتۆنۆمی لانی هەرەکەمی ئەو مافانە دابین دەکات کە مافی چارەیخۆنووسین ڕێگای پێداوە کە پێویستە هەموو گەلە چەوساکەکان هەیانبێت، لەوانە گەلی کورد. لە مادەی ٦٢، ٦٣ و٦٤ی پەیمانی سێڤر کە لە ١٩٢٠ واژوو کراوە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەنانەت دانیناوە بە مافی سەربەخۆیی گەلەکەماندا. بەڵام پاش جەنگی یەکەمی جیهان، بە گوێرەی بەڵێنە فەرمییەکان، لە ڕاگەیاندننامەیەکدا لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بەریتانیا وەک زلهێزی جیهان و سەرپەرشتیاری کاروباری عێراق، ئەم بەشەی وڵاتەکەمان، کوردستانی بە عێراقەوە لکاند و بە تەواوی دانی بە مافی گەلی کوردستاندا نا دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا دابمەزرێنێت. ئەم بەڵێنانە هەرچەندە لە لایەن (کۆمەڵەی گەلان)یشەوە بە فەرمی

تۆمار کرا، بەڵام قەد جێبەجێ نەکرا.

گەلەکەمان بێ هێچ پشتیوانییەکی دەرەکی، داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆی کرد، لەبەرامبەر دەستدرێژی ڕژێمی دیکتاتۆری قاسمدا ڕاوەستا و لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕووخاندی.

ئێمە دەمانەوێت کێشەی نەتەوەیی کورد بەشێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، بۆیە بە شێوەی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتی بەعس کە تازە بەدەسەڵات گەیشتبوو وتووێژمان کرد، لە یادداشتێکدا لە ٢٧ی نیسانی ١٩٦٣ داواکارییەکانمان لەڕێگای لێژنەیەکەوە خستەبەردەمیان و پێمانوتن، ئێمە لە سەر بنەمای ئەم داواکارییانە وتووێژ دەکەین، بەڵام تەنانەت لە قۆناخی وتووێژیشدا دەوڵەتی بەعس بە شێوەکی بەرفراوان هێرشێکی سەربازی کردە سەر کوردستان و زۆربەی ئەندامانی لێژنەی وتووێژی دەستبەسەر کرد. تەنانەت داوای لە هێزەکانی سوپای سوریاش کرد کە بە پێچەوانەی یاسای نێونەتەوەیی، سنوور ببەزێنن و هێرش بکەنە سەر خەڵکی کوردستان، بەڵام ئێمە سەرکەوتین و بەرپەرچی هێرشەکانمان دانەوە. هاوکات خەڵکی عێراق لەم هێرشە ناڕازی بوون، بارودۆخی ئابووری عێراق ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو و خەڵکی دنیا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پشتیوانییان لە دۆزی ڕەوای ئێمە دەکرد. هەموو ئەمانە بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بڕوخێت و کۆمەڵێک ئەفسەر بە ڕابەرایەتیی مارشال عەبدولسەلام عارف بە دەسەڵات بگەن و خودی عارفیش ببێت بە سەرۆک کۆماری عێراق.

هەرچەندە ئێمە هیچ ڕژێمێکی دیکتاتۆریی سەربازیمان پێباش نییە، چونکە دژی خواستی خەڵک دەجووڵێنەوە و ڕێز لە پرەنسیپە دیموکراتیکەکان ناگرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ناخی دڵەوە دەمانەویست کێشەکە بەشێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بێت، لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێکی ئاگربەستمان لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراق واژوو کرد. ئامانجمان لەلایەکەوە ئەوە بوو گەلی کورد و هەروەها گەلی عەرەبی عێراق لەماڵوێرانی شەڕ بپارێزین و لەلایەکی دیکەوە کەشوهەوای متمانەپێکردن بە یەکدی برەخسێنین بۆئەوەی بەشێوەیەکی جیددی وتووێژ بکەین بۆئەوەی کێشەکە بە یەکجاری چارەسەر بکەین و بە ڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا و بە کردەوە دان بنرێت

بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلەکەمانـدا و ئـەم مافانـە گەرەنتـی بکرێـت. لـەو کاتـەوە ئێمـە سـەرجەم ئەرکەکانـی خۆمـان جێبەجـێ کـردووە، بەتایبـەت هێرشـە سـەربازییەکانمان ڕاوەسـتاندووە، دیلەکانـی سـوپای عێراقـمان ئـازاد کـردووە، بـەڵام دەوڵەتـی عێـراق کـە لـە ڕاگەیاندننامـەی ۱۰ی شـوباتی ۱۹٦٤دا دانـی بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورددا نابـوو، ئەمـەش بـەردی بناخـەی ڕێککەوتنـی ئاگربەسـت بوو، تـا ئێسـتا نەیویسـتووە وتووێژ بکات بۆئـەوەی ئـەم مافانـە ڕوون بکاتـەوە و جێبەجێیـان بـکات. بەپێچەوانـەوە، زنجیرەیـەک کاری تێکدەرانـە و جموجۆڵـی سـەربازی دژی سـوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان ئەنجـام داوە و لـە باتـی ئـەوەی قەرەبـووی ئـەو هـەزاران پێشـمەرگەیە بکاتـەوە کـە لـە کاتـی شـەڕدا گیانیـان لەدەسـتداوە و مەسـکەن و مەئـوا بـۆ دەیـان هـەزار خەڵکـی دەربـەدەر و ئـاوارە دروسـتبکات، کـە زۆربەیـان ژن و منـداڵ و پیـرەژن و پیرەمێردن، دەوڵەتـی عێـراق بـە زەبـری چـەک یـان ترسـاندن و تۆقانـدن، دەسـتیکردووە بـە دەرکردنـی دانیشـتوانی سیڤیلی دەیـان گونـدی کوردنشـینی ناچـەی خـاوەن نەوتـی کەرکـووک و هەولێـر و درێـژە بـەو سیاسـەتە دەدات کـە بەعسـییەکان بـۆ تەعریـب و دەرکردنـی بەکۆمەڵـی کـورد لـە زێـدی خۆیـان دەسـتیانپێکردبوو.

لەلایەکـی دیکـەوە ڕژێمـی عـارف بـێ ڕاوێژکـردن لەگـەڵ خەڵکـی عێـراق و بەتایبـەت گەلـی کـورد، و بـێ چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوەیـی کـورد، لـە پێنـاو یەکخسـتنی عەرەبـدا کۆمەڵێـک ڕێککەوتنـی لەگـەڵ کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب واژوو کـردووە.(۱)

لـەم بارودۆخـەدا بزووتنەوەکەمـان لـە ۹ی تشرینـی یەکەمـی ۱۹٦٤ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتانی عێراقـی دامەزرانـد کـە ئەندامەکانـی لـە نوێنەرانـی گـەل، پێشـمەرگەکانی سـوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردراون. لێژنـەی جێبەجێکار(هەیئـەی تەنفیزی) کـە ئەنجوومـەن هەڵیبـژاردوون بە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ بەرپرسـان و فەرمانبـەرەکان و پۆلیس و هێـزە چەکدارەکان یەکسـەر دەسـتی بـە کار کـردووە بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان کـە سێ لـە چـواری خاکـی کوردسـتانی عێـراق پێکدێنێـت، کەوابـوو ئیـدارەی هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان خەریکـە دەبێـت بـە ئەمـری واقـع. لەلایەکـی دیکـەوە لـە ۱۱ی

(۱) مەبەسـتی ئـەو ڕێککەوتننانـە بـووە کـە دەوڵەتـی عێراق و مـسر کردوویانـە بـۆ ئـەوەی عێـراق ببێـت بـە بەشـێک لـە کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب بـە سـەرۆکایەتی جەمال عەبدولنـاسر. وەرگێـڕ

تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ یادداشتێکمان داوە بە دەوڵەتی عێراق کە تێیدا داواکارییە نەتەوەیی، ئابووری و کولتووریەکانمان خستووەتەڕوو، بەتایبەت داوامان کردووە دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێن و لیژنەیەک پێکبێنن بۆئەوەی وتووێژی جیدیمان لەگەڵدا بکات. لە وەڵامدا، دەوڵەتی عێراق لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ و پاشتر لە ٣ و ٩ و ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ داوای لێکردین سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و سیستمی ئیداریی کوردستان هەڵبوەشێنینەوە و دەسەڵاتی ئیداریی حکومەتی ناوەندی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئازاددا بسەپێنین، ئێمەش ئەم داواکارییەمان ڕەتکردەوە، چونکە گەلی کورد قەت شتی وا قەبوڵ ناکات.

ئەوە چوارساڵە بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکەمان بەرقەرارە و قەد دەستبەرداری ئەو مافانە نابێت کە بە بەهایەکی زۆر گران و خوێن و قوربانیدان بەدەستیهێناوە. ئەگەر دەوڵەتی عێراق درێژە بە سیاسەتی ئێستای بدات دەبێ بەرپرسیارێتی ئەنجامەکانی کردەوەکانی وەئەستۆ بگرێت کە بەپێچەوانەی مافەکانی گەلەکەمان و بەرژەوەندی گەلی عێراق و سەقامگیریی عێراقە.

ئێمە دەزانین جەنابتان و دەوڵەتەکەتان هەستوسۆزتان بۆ بزووتنەوەی گەلە چەوساوەکان هەیە و زۆر گرنگی بە پرەنسیپی دادپەروەری و ئاشتی دەدەن، بۆیە ئەم پەیامەتان ئاراستە دەکەین. هیواداریین دەوڵەتەکەی جەنابتان پشتیوانی لە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانی عێراق بکات، لە ڕووی خێرخوازییەوە هەموو یارمەتییەکی بدات، پێشوازی لە نوێنەرانی شۆڕشی کوردستان بکات و ڕێگەیان پێبدات لە وڵاتە شکۆمەندەکەتاندا چالاکی بکەن. هەروەها زۆر سوپاستان دەکەین هەتا کاتێک دەوڵەتی عێراق کێشەی نەتەوەیی کوردی چارەسەرنەکردووە، دەوڵەتەکەتان چەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ نەدات بە دەوڵەتی عێراق یان پێینەفرۆشێت.

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق وەڵامی نەرێنی بە داواکارییەکانی ئێمە بۆ وەدیهاتنی مافە دیموکراتییەکانی گەلەکەمان داوەتەوە و بەردەوام هەڕەشەمان لێدەکات، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بووە. لەپێناو چەسپانی ئاشتی لە ناوچە، ئێمە تکا لە دەوڵەتەکەی بەڕێزتان دەکەین دەوڵەتی عێراق لە مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ وەخەبەر بێننەوە و داوای لێبکەن بە زووترین کات وتووێژمان لەگەڵدا بکات بۆئەوەی کێشەکە بەشێوەی

ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بێـت لەسـەر بنەمـای دانپێدانـان و گەرەنتیکردنـی مافەکانـی گەلەکەمـان. ئێمـە زۆر شـانازی دەکەیـن کـە دەوڵەتـی فەڕەنسـا ببێـت بـە ناوبژیوانمـان.

لـە کۆتاییـدا داوا لـە جەنابتـان دەکەیـن، ئەگـەر هـات و دەوڵەتـی عێـراق هێرشـی کـردەوە سـەر گەلەکەمـان و شـەڕ هەڵگیرسـایەوە، کێشـەکە لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بخەنـەڕوو. هیواداریـن جەنابتـان و دەوڵەتەکەتـان لـە ئیشـوئازارەکانی گەلـە چەوسـاوە و بەشـخوراوەکەمان تێبگـەن.

ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسم قەبوڵ بفەرموون.

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق،**

**سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و فەرماندەی شۆڕش**[١]

---

(١) ئـەم نامەیـە لەلایـەن کۆمیتـەی داکۆکـی لـە مافەکانـی گەلـی کـورد [لـە فەڕەنسـا] کـراوە بـە فەرەنسـی.

**لە نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە بۆ:**

**نووسینگەی وەزیر، بۆ ئاگاداریی بەڕێز بێغناغد دۆغاند**

**٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥**

**بابەت: دەرکردنی نوێنەری شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا**

نوێنـەری بارزانـی هاتـووە بـۆ فەڕەنسـا. باڵوێزەکەمـان لـە بەغـدا لەلایـەن سـکرتێری گشـتی وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق بانـگ کـراوە، پێیوتـراوە بەڕێـز عیسـمەت شـەریف وانلـی، بـەو جـۆرەی خـۆی لـە بەیـروت ڕایگەیانـدووە، بەتەمایـە پەیامێکـی سـەرۆکی کورد، بارزانـی بگەیەنێتـە دەسـتی سـەرۆک کۆمـاری فەڕەنسـا. دەوڵەتـی عێراق داوای کـردووە نامەکـەی لێوەرنەگریـن. دەوڵەتـی عێـراق داوای هەمـان شـتی لـە باڵوێـزی ئەمریـکا و بەریتانیـا کـردووە.

لەلایەکـی دیکـەوە باڵوێـزی عێراق لـە پاریـس، لـە سـەر داوای خـۆی، دوو جـار لەگـەڵ بەڕێـز سـوتو دانیشـتووە، داوای کـردووە ڤیـزای هاتـن بـۆ فەڕەنسـا نەدەیـن بـە وانلـی. بەڕێـز سـوتو وەڵامـی داواکارییەکـەی نەداوەتـەوە.

باڵوێزخانەکەمـان لـە سـوئیس، کـە وانلـی لـەوێ دەژیـت، داوای لێکردوویـن ئەگـەر وانلـی داوای ڤیـزای کـرد ئـاگاداری بکەینـەوە.

ئێمـە پێمانوایـە نابێـت نامەکـەی وانلـی بنێردرێـت بـۆ سـەرۆک کۆمـار، ئاساییشـە ڤیـزای نەدەینـێ.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ١٢ی ئـاداری ١٩٦٥ باڵوێـزی عێراقـی ئـاگادار کردووەتـەوە کـە داوایـان لـە وانلـی کـردووە فەڕەنسـا بەجێبێڵێـت، وتوویەتـی: "وانلـی بـە گەرمـی لـە فەڕەنسـا پێشـوازی لێکـراوە، بـەڵام ناوبـراو لێدوانـی سیاسـی داوە کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی سـەرۆک کۆمـاری فەڕەنسـا و دەوڵەتـی یاسـایی عێـراق ڕووبـەڕووی یەکـدی ببنـەوە". باڵوێـزی عێـراق ئـەم بڕیـارەی ئێمـەی پێخـۆش بـوو.

وەزارەتـی ناوخـۆی فەڕەنسـا لـە پەیامێکـدا بـۆ وەزیـری دەرەوە لـە ٢٥ی ئـاداری ١٩٦٥ڕایگەیانـدووە: "عیسـمەت شـەریف وانلـی، لەدایکبـووی ١ی نیسـانی ١٩٢٤ لـە دیمەشـق، لـە ١٢ی ئـادار فەڕەنسـای بەجێهێشـت."

نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ٢٧ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٥ ڕایگەیانـدووە: "دەوڵەتـی سـوریا ناسـنامەی هاووڵاتیبوونـی ڕۆژنامەنووسـی کـورد، عیسـمەت شـەریف وانلـی هەڵوەشـاندووەتەوە. دەوڵەتـی لوبنانیـش پێـی ڕاگەیانـدووە ئیـدی مافـی ئـەوەی نییـە پێـی بخاتـە نـاو ئـەو وڵاتـە. ئێمـەش ئیـدی ڤیـزای نادەینـێ."

**لە باڵوێزی فەڕەنسا لە کۆماری فیدڕاڵی ئەڵمانیا بۆ:**

**جەنابی موغیس کوڤ دۆمۆغڤیل، وەزیری دەرەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بادگۆدیسبێرگ**

**٢٦ی ئاداری ١٩٦٥**

**بۆ ئاگاداری: باڵوێزخانەکەمان لە بەغدا**

**بابەت: چالاکییەکانی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەڵمانیا**

لەم ڕۆژانەی دواییدا نوێنەرێکی کورد بە ناوی عیسمەت شەریف وانلی، لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، داوای یارمەتیی لە کۆماری فیدراڵی[ئەڵمانیا] کردووە. وانلی وتوویەتی نامەیەکی پێیە کە بارزانی بۆ [لودوینگ] ئیرهارد، سەرۆکی ئەڵمانیای ناردووە.

ئەم نوێنەرە کوردە هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە دەوڵەتی ئەڵمانیای[ڕۆژئاوا] هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کێشەی کورد بگۆڕێت، چونکە ئەمدواییە پەیوەندییەکانی عەرەبەکان و ئەڵمانیا ئاڵۆز بووە. لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوانییە بەڕێز ئیرهارد لە وەڵامی هەڕەشەکانی دەوڵەتی عێراق، پشتیوانی لە کورد بکات.

بەڕێز وانلی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بە تێروتەسەلی باسی ئەو نەهامەتییانەی کرد کە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق بەسەر کورددا هێناویانە، وتی بەتەمایە هەندێ نامەی هاوشێوە بۆ ژینەڕاڵ دیگۆڵ، جانسۆن، ویلسۆن و یو تانت [١] و دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت، هیند و مسر بنێرێت.

(١) ژەنەڕاڵ دۆگۆڵ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا بووە، جانسۆن سەرۆک کۆماری ئەمریکا بووە، ویلسۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە، یو تانت سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. وەرگێڕ

**بۆ دووەمین کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنفرانسی ئەفریقا- ئاسیا لە جەزایير**

**لۆزان، ٦ی شوباتی ۱۹٦٥**

بە ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە داواتان لێدەکەین ڕێگەمان پێبدەن تەنانەت وەک ئەندامی چاودێریش بێت لە کۆنفرانسی داهاتووی ئەفریقا- ئاسیا لە جەزایير بەشدار بین، چونکە ئێمە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی شۆڕشگێڕی ڕوو لە گەشەمان لە کوردستانی عێراقی ئازاددا دامەزراندووە، هەرچەندە دەوڵەتی عێراق دانی پێدا نانێت و هەڕەشە دەکات هێرشی سەربازی دەکاتە سەر کوردستان. ئێمە دەمانەوێت لە کۆنفرانسەکەتاندا بەشدار بین بۆئەوەی هەڵوێستی خۆمان دەرببڕین و داواتان لێبکەین پشتیوانی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە بکەن، چونکە کورد گەلێکی دانیشتووی ڕۆژئاوای ئاسیایە کە لە چوارەمین ساڵی شۆڕشەکەیدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، بە توندترین شێوە دەچەوسێندرێتەوە.

دڵنیاین ئێوە خیانەت لە پرەنسیپەکانی خۆتان ناکەن و ڕێگامان دەدەنێ لە کۆنفرانسەکەتاندا بەشدار بین.

**عیسمەت شەریف وانلی**

**نوێنەری فەرمیی شۆڕشی کورد لە دەرەوە، وتەبێژی ژەنەڕاڵ بارزانی و سکرتێری گشتیی کۆمیتەی داکۆکی لە مافی گەلی کورد**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەریتانیا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی ئایاری ١٩٦٥**

**لەندەن**

**بابەت: جەلال تاڵەبانی دەوڵەتی عێراق بە کیمیابارانکردنی کورد تۆمەتبار دەکات**

لێژنەیەکی بچووکی پارتی دیموکراتی کودستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی لە ١٣ی ئایارەوە لە لەندەنە. بەڕێز تاڵەبانی دوێنی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا هەڵگیرساندنەوەی شەڕی لە لایەن دەوڵەتی عێراقی شەرمەزار کرد و هێزەکانی عێراقی تۆمەتبار کرد کە بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینی کورد گازی کیمیاییان بەکارهێناوە.

بەڕێز تاڵەبانی ڕووی لە خەڵکی بەریتانیا کرد و وتی دەوڵەتی بەریتانیا بەردەوام چەکوچۆڵ دەدات بە عێراق و عێراقیش دژی کورد بەکاریاندێنێت، بەڵام بۆ نموونە ئەمریکا و سۆڤیەت بە دەوڵەتی عێراقیان ڕاگەیاندووە کە هەتا کاتێک هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان ڕانەوەستێنێت کەرەستەی سەربازیی نادەنێ.

دەربارەی داواکارییەکانی بزووتنەوەی کورد، تاڵەبانی ڕایگەیاند پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەکات و ئاماژەی بەوە کرد کە ئۆتۆنۆمیەکی هاوشێوە بێ هیچ کێشەیەک لە هەندێ وڵات، وەک هیند و یوگسلاڤیا، چەسپاوە و نەتەوەکان بە ئاشتی پێکەوە دەژین.

تاڵەبانی هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنیوە لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا دیدار بکات و بە دۆزی کورد ئاشنایان بکات. تاڵەبانی هەوڵی داوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پەیوەندی بگرێت، بەڵام بە وتەی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی [وەزارەتی دەرەوی بەریتانیا] سەرکەوتوو نەبووە. نووسینگەکە پێیوتین کە دەوڵەتی بەریتانیا بە هیچ شێوەک لە کێشەی کورددا دەستێوەردان ناکات، کەوابوو

نـە دەتوانێـت لەگـەڵ نوێنـەری مـەلا مسـتەفا بارزانـی دابنیشـێت و نـە دەتوانێـت گـوێ بـۆ داواکارییەکانـی بگرێـت.

بەڕێـز تاڵەبانـی بـە هاوڕێیەتـی کەسـێک بـە نـاوی سـەعید عەبدولعەزیـز شـەمزینی لـە سـەرەتای هەفتـەی داهاتـوو دەچێـت بـۆ پاریـس و لەوێشـەوە دەچێـت بـۆ بەرلیـن و پاشـان دەگەڕێتـەوە لەنـدەن. بـە وتـەی وەزارەتـی دەرەوی بەریتانیـا، تاڵەبانـی لـە بەرلیـن ڤیـزا وەردەگرێـت بـۆ گەڕانـەوە بـۆ بەریتانیـا.

**کۆرسێل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

مـام جـەلال لـە کاتـی سـەردانەکەی بـۆ فەڕەنسـا لـە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا لێدوانـی داوە، بۆیـە لـە ٢٢ی ئایـاری ١٩٦٥ باڵوێزخانـەی عێـراق لـە پاریـس نامەیەکـی ناڕەزایەتـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا، تێیـدا ئامـاژە بـەوە کـردووە: "هاووڵاتیـی عێـراق، جـەلال تاڵەبانـی لـە لەنـدەن هاتـوە بـۆ پاریـس، بـە نـاوی کوردەوە لێدوانـی سیاسـی دژی دەوڵەتـی عێـراق داوە. ئێمـە دەمانەوێـت پەیوەندیـمان لەگـەڵ فەڕەنسـا بـاش بێـت، بۆیـە هیواداریـن دەوڵەتـی فەڕەنسـا ئیـدی ڕێگـە بـە تاڵەبانـی نـەدات دژی دەوڵەتـی عێراق لێـدوان بـدات، چونکـە ناوبـراو لـە یاسـای عێـراق لایـداوە و پەیوەندییەکانـی عێـراق و فەڕەنسـا تێـک دەدات." لـە وەڵامـدا وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا وتوویەتـی: "کەسـانی بیانـی ناتوانـن هیـچ چالاکییەکـی سیاسـی لـە فەڕەنسـا ئەنجـام بـدەن و لـە ڕاگەیاندنـە گشـتییەکاندا هەڵوێسـتی سیاسـی دەرببـڕن."

**نووسینگەی سەرۆک کۆمار**

**سکرتاریەتی گشتی**

**پاریس**

**٣١ی تەمووزی ١٩٦٥**

**بابەت: نامەیەکی دیکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**عێراق**

**تەمووزی ١٩٦٥**

**زۆر بەڕێز جەنابی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ**

**سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**جەنابی سەرۆک،**

بەشانازییەوە، لە دوایین بارودۆخ و پێشهاتەکانی کێشەی کورد لە عێراق و ئەو قەیرانە نوێیەی دەوڵەتی عێراق دروستی کردووە ئاگادارتان دەکەینەوە.

لەوانەیە جەنابت بزانیت ئێمە لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ەوە ئاگربەستمان ڕاگەیاندووە، بۆئەوەی دەرفەتی تەواو بۆ دەوڵەتی عێراق بڕەخسێت کێشەی کورد لە ڕێگەی وتووێژی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات و وەڵامی داواکارییە نەتەوەیی و ڕەواکانی گەلی کورد بداتەوە کە تەنیا ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ئەو مافانەی گەلی کورد داوای دەکات لە هەموو ئەو مافانە کەمترە کە لەوانەیە گەلانی دیکە لەم سەدەیەدا داوای بکەن بۆئەوەی مافە نەتەوەییەکانیان دەستەبەر بێت.

بەڵام بەداخەوە لە چارەڕەشی ئێمە، دەوڵەتی عێراق هیچکام لە داواکارییە نەتەوەییەکانی ئێمە، تەنانەت سادەترینیشیان قەبووڵ ناکات. بەپێچەوانەوە دەوڵەتی عێراق ئەو مافە نەتەوەییانە ڕەتدەکاتەوە کە یاسای بنەڕەتی ١٩٥٨ی عێراق دانی پێداناوە. لەباتی ئەوە دەوڵەتی عێراق سیاسەتێکی شۆڤینی دیکتاتۆری سەربازیی گرتووەتەبەر بۆئەوەی خۆی بەهێز بکات و داوا دەکات ئێمە سوپای ئازادیخوازی کوردستان هەڵبووەشێنینەوە. ئەمە بە واتای ئەوەیە ئێمە بێ مەرج خۆمان بدەین

بە دەست عێراقەوە، ئەمەش ناڕەوایە و هیچ کوردێکی بە شەرەف قەبووڵی ناکات.

لە ئاداری ١٩٦٥ەوە دەوڵەتی عێراق جارێکی دیکە شەڕێکی گەورەی دژی ئێمە هەڵگیرساندووەتەوە. زیاتر لە ٨٠٪ هێزە چەکدارەکانی عێراق نێردراون بۆئەوەی هێرش بکەنە سەر کوردستان و بە فڕۆکە و تۆپ دەستیان بە بۆمبارانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان کردووەتەوە و بە بۆمبی ناپاڵم وڵاتە جوانەکەمان کاوڵ دەکەن و خەڵکە بێگوناحەکەمان دەکوژن.

لە ئاداری ١٩٦٥ەوە پێکدادان لەنێوان سوپای داگیرکەری عێراق و سوپای ئازادیخوازی کوردستان هەر بەردەوامە. ئێمە باش ئاگادارین کە دەوڵەتی عێراق بڕێکی زۆر گازی کیمیاویی کڕیوە، بۆئەوەی دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان بەکاری بهێنێت، بۆئەوەی بیانترسێنێت و بیانتۆقێنێت. ئەم کارەی عێراق دژی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ و یاسای نێودەوڵەتییە. جگەلەوەش ئەم شەڕە بەردەوامەی کوردستان، سەقامگیری و ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە نێو مەترسییەوە کە لەوانەیە ئەنجام و ئاکامی مەترسیداری بۆ ئاشتی جیهان بەدواوە بێت.

ئێمە داوا لە جەنابتان دەکەین پشتیوانی لە گەلی بندەستی کورد بکەن و لەم کاتە قەیراناوییەدا دژی فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە دەوڵەتی عێراق هەڵوێست بگرن و دەسەڵاتی خۆتان بەکار بێنن و هەوڵ بدەن بۆئەوەی ئەم نادادپەروەری و زۆردارییە دژی نەتەوەکەمان کۆتایی پێبێت.

گەلەکەمان چاوی لە پشتیوانی جەنابتە و سوپاسگوزارە ئەگەر جەنابت لە ڕووی ماددیی و مەعنەوییەوە یارمەتی بدەیت.

ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسم قەبووڵ بفەرموون.

**لەگەڵ ڕێزمدا**

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق،**

**سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و فەرماندەی شۆڕش**

**وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

**بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بۆ: نووسینگەی وەزیر**

**پاریس**

**٢٦ی ئابی ١٩٦٥**

**بابەت: نامەی ڕابەری کورد، بارزانی، بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

بەشی ڕۆژهەڵاتی نووسینگەی کاروباری ئەفریقا- ڕۆژهەڵاتی نزیک دۆسیەیەکی بە ژمارە ٢٠٢٤ لە ٢٣ی ئابی ١٩٦٥ ناردووە بۆ نووسینگەی وەزیری[دەرەوە] کە نامەیەکی تێدایە ڕابەری کورد، بارزانی، بۆ سەرۆک کۆمار ناردوویەتی. نامەکە بەڕێز بەدرخان کردوویەتی بە فەرەنسی و بەڕێز ژان فغانسوا شۆڤێل تەسلیمی کۆشکی ئیلیزەی کردووە.

بە بۆچوونی بەشی ڕۆژهەڵاتی نووسینگەی کاروباری ئەفریقا- ڕۆژهەڵاتی نزیک، ئەگەر بەڕێز بەدرخان پرسیاری کرد چارەنووسی نامەکە بە چی بووە، وەڵام بدەینەوە کە نامەکەمان بەدەستگەیشتووە و ناردوومانە بۆ کاربەدەستانی باڵا. جگە لەمە هیچ شتی دیکەی پێنەڵێین.

**بۆ بەڕێز کوغیێن**(١)

**نووسینگەی بەڕێز وەزیری دەرەوە**

**پاریس**

**٢٠ی ئابی ١٩٦٥**

**بابەت: دەربارەی نامەکەی ڕابەری کورد بارزانی، بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

ڕۆژنامەنووسـێکی ڕۆژنامـەی فیـگارۆ بـە نـاوی بەڕێـز شـۆڤێل(٢) ئەمدواییـە سـەردانی کوردسـتانی ئێرانـی کـردووە، نامەیەکـی لەگـەڵ خـۆی هێناوەتـەوە کـە ڕابـەری کـورد، بارزانـی واژووی کـردووە و ناردوویەتـی بـۆ سـەرۆک کۆمـاری فەڕەنسـا. بەڕێـز شـۆڤێل هاتـووە بـۆ کۆشـکی ئیلیـزە، نامەکـەی تەسـلیم بـە بەڕێز دێبـان کـردووە(٣). بەڕێـز کامەران بەدرخـان، کـە وەزارەتـی دەرەوە بـاش دەیناسـێت، نامەکـەی کـردووە بـە فەرەنسـی، وتوویەتـی ئامادەیـە وەڵامەکـەی بگەیەنێـت بـە دەسـتی [بارزانـی].

نامەکـە هێشـتا نیشـانی ژەنـەڕاڵ دیگـۆڵ نـەدراوە و بەڕێـز بەدرخانیـش هێشـتا نەهاتـووە بـە شـوێن وەڵامەکەیـدا. بەڕێـز بوغـەن دووغوزییـەغ(٤) دەیەوێـت پێـش هەمـوو شـتێک بۆچوونـی وەزارەتـی دەرەوە وەربگرێـت کـە ئایا نامەکـە شـایانی ئەوەیـە نیشـانی سـەرۆک کۆمـار بدرێـت یـان نـا.

(1) CURIEN

(2) CHAUVEL

(3) DESBANS

(4) Burin Des ROUZIERS

بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار بووە. وەرگێڕ

**دەقی نامەکەی بارزانی:**

**زۆر بەڕێز جەنابی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ**

**سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**جەنابی سەرۆک،**

هەروەک جەنابتان ئاگادارن، شۆڕشی کورد لە عێراق بەهۆی دیکتاتۆریی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عەبدولکەریم قاسم، حزبی بەعس، ئێستاش عەبدولسەلام عارف دەستیپێکردووە. ئەم دەوڵەتانە بۆ ملکەچکردنی کورد لە ١٩٦١وە هۆڤانەترین ئامرازیان بەکارهێناوە. شۆڕشی کورد بەشێوەیەکی قارەمانانە لەو کاتەوە تا ئێستا لە هەمبەر هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی عێراق ڕاوەستاوە و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و بەعسی ڕووخاندووە.

ئەمڕۆ شۆڕشەکەمان باش ڕێکخراوە و ئەوەندە بەهێزە کە هیچ حکومەتێکی عێراقی ناتوانێت بە زەبری چەک ملکەچمان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بۆئەوەی بگەین بە مافە ڕەواکانمان، داوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەکەین. لەم پێناوەدا پێویستمان بە یارمەتی سیاسی، سەربازی و پشتیوانی مەعنەوی هەیە بۆئەوەی بەزووترین کات خوینڕشتن لە نێوان کورد و عەرەبدا کۆتاییپێت. خەباتی ئێمە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە کوردی وڵاتانی دراوسێوە نییە.[1]

ئێمە دەزانین سیاسەتی جەنابتان ئەوەیە کە داکۆکی لە مافی چارەیخۆنووسینی سەرجەم گەلانی جیهان دەکەن، هەروەک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە کۆمیتەی (لوبلین)[2]

(١) وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەمیشە نیگەران بوون کە شۆڕشی کوردستانی عێراق کاربکاتە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەت تورکیا. بۆیە مەلا مستەفا هەمیشە جەختی دەکردەوە کە تەنیا بۆ کوردستانی عێراق خەبات دەکەن و کاریان بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە نییە. وەرگێڕ

(٢) کۆمیتەی لوبلین ئەو کۆمیتەیە بووە کە لە قۆناخی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بە پشتیوانی کۆمۆنیستەکان بۆ خەبات دژی دەوڵەتی داردەستی ئەڵمانیای نازی لە پۆلۆنیا (لهستان) دامەزرا. لە دەقی نامەکەی بارزانیدا بە زمانی عەرەبی ئاماژە بەم مەسەلەیە کراوە، بەڵام لە دەقە وەرگێڕاوە فەرەنسیەکەیدا تەنیا ئاماژە بە کۆمیتەی لوبلین کراوە. تۆزێ جیاوازی هەیە لە نێوان ئەسڵی نامەکە و دەقە فەرەنسییەکەیدا. وەرگێڕ

دا ئاماژەتـان پێکـردووە.

بـە نـاوی گەلـی کـورد و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد لـە عێـراق داواتـان لێدەکـەم بـە گوێـرەی بارودۆخـی ئێسـتای کۆمەڵـگای نێونەتەوەیـی، بـە هـەر شـێوەیەک بۆتـان دەکرێـت لـە ڕووی سیاسـی و مـاددی و مەعنەوییـەوە پشـتیوانیمان لێبکـەن.

جەنابی سەرۆک، ئەوپەڕی ڕێز و سوپاس و حورمەتم قەبوڵ بفەرموون.

دڵسۆزتان

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی شۆڕشی کورد لە عێراق**

**٢٤ی تەمووزی ١٩٦٥**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی وەزیر**

**پاریس**

**٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦٥**

**بۆ بەڕێز فغانسوا دێبان[١]، بەرپرسی کاروباری تایبەتی نووسینگەی سەرۆک کۆمار**

**بابەت: داواکارییەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ژەنەڕاڵ دیگۆڵ، سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**هاوڕێی بەڕێز:**

عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق داوای لە باڵوێزخانەکەمان لە لوبنان کردووە ئەم داواکارییەی سەرۆکی ڕاپەڕینی کوردی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی، بە دەستی سەرۆک کۆمار بگەیەنن.

دەقی پەیامەکەی بارزانی، کە لە ١٢ی ئابی ١٩٦٥دا نووسراوە، لەگەڵ داواکارییەکەی بەڕێز وانلی، هەروەها تیلیگرامی ژمارە ١١٦٤ی ١٦ی ئەیلوولی بەڕێز فالیز[٢] کە پەیامەکەی بارزانی و داواکارییەکەی وانلی تێدا ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوە، دەنێرمە خزمەتتان.

بە شێوەی پەیامەکانی پێشووی ڕێکخستنەکانی ڕاپەڕینی [کورد]، پێویست ناکات لە گەیشتنی نامەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

هاوڕێی بەڕێز، ڕێز و حورمەتم قەبوڵ بفەرموون.

**فیلیپ مالوو[٣]**

(1) François DESBANS

(2) Falaize

باڵوێزی فەڕەنسا بووە لە لوبنان. وەرگێڕ

(3) Philippe MALAUD

**بەرپرسی نووسینگە**

**دەقی پەیامەکەی بارزانی:**

**تیلیگرام**

**کوردستانی عێراق**

**١٢ی ئابی ١٩٦٥**

**زۆر بەڕێز جەنابی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ**

**سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**پاریس**

**جەنابی سەرۆک،**

کاتی خۆی ڕامانگەیاندبوو دەوڵەتی عێراق دەستی بە گازی کیمیایی گەیشتووە بۆئەوەی لە شەڕەکەی دژی کورد بەکاریبێنێت. ئێستا کۆمەڵێک بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە نیشان دەدات دەوڵەتی عێراق ڕێگەی بە سوپا داوە ئەم گازە کیمیاییە بەکاربێنێت.

ئێمە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دەستمان بە هەندێ پەیامی سوپای عێراق گەیشت، پاش تێگەیشتن لە کۆدەکانی پەیامەکان، بۆمان دەرکەوت لیوای یەکی عێراق، کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانیان لە ڕواندوز شکاون، بەتەمایە گازی کیمیایی بەکاربێنێت کە لەلایەن یاسا و ئەخلاقی نێونەتەوەییەوە قەدەخەن کراوە.

داوا لە جەنابتان دەکەین گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق لە بڕیارە نائینسانییەکەی پاشگەز بێتەوە. هەروەها داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەین ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆئەوەی گەلەکەمان لە هەڕەشەی جینوساید و قەڵاچۆکردن بپارێزێت.

لەم پەیوەندییەدا، بۆئەوەی شەڕی خوێناوی کە چوار ساڵی ڕەبەقە تووشی

وڵاتەکەمـان بـووە، ڕابوەسـتێت، داواتـان لێدەکەیـن کێشـەکەی ئێمـە لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان بخەنــەڕوو بۆئــەوەی کێشــەکە بــە شــێوەی ئاشــتیخوازانە و دادپەروەرانــە بــە گوێــرەی ڕێوشــوێنەکانی نەتــەوە یەکگرتــووەکان چارەســەر بکرێــت.

لەگەڵ ڕێزمدا

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق**

**کۆمیتەی پارێزگاریی مافی نەتەوەی کورد**

**بەیروت**

**۱۷ی ئابی ۱۹٦٥**

**جەنابی باڵوێز:**

لەگەڵ ڕێزمدا ئاگادارتان دەکەمەوە کە ڕاسپێردراوم پەیامێکی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بۆ بەڕێز سەرۆک کۆماری فەڕەنسا بگەیەنم بە دەستی جەنابتان. پەیامەکە دەربارەی ئەوەیە کە مەترسی ئەوە لەئارادایە دەوڵەتی عێراق لە شەڕە ناجوامێرانەکەیدا، گازی کیمیایی دژی گەلی کوردستانی عێراق بەکاربێنێت.

دەقی پەیامەکەتان تەسلیم دەکەم بۆئەوەی بیگەیەنن بەدەستی سەرۆک کۆمار.

لە پێشەوە سوپاستان دەکەم.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

**عیسمەت شەریف وانلی**

**ئەندام و نوێنەری دەرەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق**

١٤١، شەقامی لۆڤان، لۆزان، سوئیس

**لە پییەغ لویی فالێز[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە لوبنان بۆ:**

**بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەیروت**

**١٦ی ئەیلوولی ١٩٦٥**

**بابەت: پەیامێکی مەلا [مستەفا] بارزانی بۆ بەڕێز سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

لەگەڵ ڕێزمدا ئەم نامەیەتان بۆ دەنێرم کە بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی، نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق، گەیاندوویەتی بەدەستم، کە نامەیەکی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسای تێدایە. باڵوێزەکەمان لە یۆنان نامەکەی بۆناردووم، چونکە بەڕێز وانلی خۆی نەیتوانیوە بێت بۆ بەیروت.

(1) Pierre Luis FALAIZE

**لە غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥**

**تاران**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: بۆچوونی نوێنەری مەسیحییەکان دەربارەی شۆڕشی کورد**

ئەم گفتوگۆیانەت بۆ دەنێرم کە بەڕێز ئازان[1]، کونسوڵەکەمان لە تەورێز لەگەڵ بەڕێز قەشە پۆل بێداری نوێنەری مەسیحییەکان لە کوردستانی عێراق کردوویەتی[2]. بەڕێز بێداری ئینسانێکی تێکۆشەر و گەرموگوڕە، هەرچەندە قسەکانی جێگای متمانەن، بەڵام نابێت زۆر پشتی پێببەستیت. هاتنی کەسێکی وا سەنگین و گران و چاک و نیازپاک، شایانی گرنگیپێدانە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە حکومەتی ئێران، بەتایبەت لە ڕێگای ڕێکخراوی خێرخوازیی (شیروخورشید) (خاچی سوور) باش یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دەدات.

(1) Azan

(2) Paul Bedari

**کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە تەورێز**

**گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز قەشە پۆل بێداری، نوێنەری مەسیحییەکان لە کوردستانی عێراق**

**٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥**

ئەمدواییە لە میانەی سەردانێکدا بۆ ڕەزاییە دەرفەتم بۆڕەخسا بەڕێز پۆل بێداری، نوێنەری مەسیحییەکان لە کوردستانی عێراق ببینم. بەڕێزیان کە تەمەنی نزیکەی ٧٥ ساڵە، زۆر بە باشی بە زمانی فەرانسی قسە دەکات. لە حوجرەی مەسیحییە دومینیکەنەکانی[١] مووسڵ خوێندوویەتی. پاشان لە ١٩٢٥ چووە بۆ فەڕەنسا. دوو ساڵ لە پاریس ماوەتەوە و لەوێ کتێبێکی ڕێزمانی زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە. بەڕێزیان لە ١٩٦٥ پەنای بۆ ڕەزاییە هێناوە. بەڕێز ئوشانا[٢]، قەشەی کلدانی لازاری[٣] پێشوازی لێکردووە و لە لێژنەی کاثۆلیکەکانی فەڕەنسا [لە ئێران] جێی کردووەتەوە. پاش بیست ڕۆژ، قەشە ئوشانا کە دڵگران بووە لە هاتوچۆی زۆری بێداری لە ناو لێژنەکە، توانیویەتی قەناعەتی پێبێنیت بچێت بۆ لای بەڕێز دەشتو[٤]، قەشەی کاثۆلیکی کلدانی ڕەزاییە، و دەشتوش پێشوازی لێکردووە.

بەڕێز بێداری زۆر قسە دەکات (زۆربێژە). لەبەرئەوەی کاتم نەبوو، تەنیا کاتژمێر و نیوێک لای دانیشتم، ئەگەرنا بایی یەک ڕۆژی تەواو قسەی پێبوو. بەڕێزیان لە هەموو ژیانیدا، تەنانەت لە تەمەنی زۆر جوانییەوە، ئاواتی ئەوە بووە دەوڵەتێکی گەورەی مەسیحیی ئاشوری دابمەزرێنێت. کاتێک لە حوجرەی مووسڵ بووە، تەنانەت یەک چرکەش ئەم پلانە لە مێشکی نەچووەتە دەرەوە، شەو و ڕۆژ بیری لێکردووەتەوە

(١) دۆمینیکەن لقێکی بچووکی مەسیحیی کاتولیکە کە ساڵی ١٢١٦ی زایینی قەشەیەکی ئیسپانیایی لە فەڕەنسا دروستی کردووە. توما بوا (١٩٠٠- ١٩٧٥) کە قەشەیەکی فەرانسی بووە و یەکێ لە کوردناسە گەورەکانی جیهان بووە و کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوەی باشی دەربارەی کورد بڵاو کردووەتەوە، دومینیکەن بووە. وەرگێڕ

(2) OUCHANA

(٣) لازاری لقێکی بچووکی مەسیحیی کاتولیکە، ساڵی ١٦٢٥ قەشەیەکی فەرەنسی بە ناوی ڤینسان دۆپۆل دایمەزراندووە. وەرگێڕ

(4) DACHTOU

و دۆستەکانی گاڵتەیان پێکردووە. لە کاتی جەنگی [یەکەمی جیهانی] لە ١٩١٤- ١٩١٨ لە دۆستەکانی دابڕاوە.

لەوەتەی حکومەتی ئاشور ڕووخاوە، تەنیا یەک جار هەل بۆ ئاشورییەکان ڕەخساوە حکومەتی خۆیان دابمەزرێنن، ئەویش لە ١٩١٨.[١] لە گەرمەی قەیرانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، هەموو ئاواتێک بۆی هەبوو ببێ بە ڕاست، مەسیحییەکان سوپایەکی گەورەی ٧٥ هەزار کەسییان هەبوو، دەکرا دەوڵەتی ئاشور (بەو شێوەی کە پاشان ئیسرائیل دامەزرا) لەدایکببێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەوکاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پشتگوێ خست و فریوی پلانەکانی ئینگلیزیان خوارد.

لە سەرەتای ڕاپەڕینی کورد، بەڕێز بێداری، چووەتە پاڵ ژەنەڕاڵ بارزانی و بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی لیژنەی جێبەجێکار (هەیئەی تەنفیزی). بەهۆی ئەوەی بارودۆخی تەندروستی باش نەبووە ئەمدواییە بارەگای سەرکردایەتیی بارزانی بەجێهێشتووە. بەڕێزیان وتی بۆ تەمەنی ئەو زەحمەتە لە وەرزی زستان لە ناو بەفر و قوڕ و تەقەی بەردەوامی شەڕ و بارودۆخی نالەباری شاخەکانی کوردستاندا بژی.

بەڕێز بێداری بەردەوام باسی کوردی دەکرد. لەوەتەی هاتووە بۆ ڕەزاییە چەندجار لە هەفتەدا نوێنەرانی ڕاپەڕینی کورد دەبینێت و باسی بارودۆخی کوردستانی بۆ دەکەن. بەڵام گلە و گازندەی دەکرد کە ماوەیەکە بە وردی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە. دەوڵەتی ئێران دەترسێت بەڕێزیان لە ناو کوردی ئێراندا پرۆپاگەندا بکات. خۆی ڕەتیکردووەتەوە کە شتی وا بکات. بەڕێزیان بە تەمایە سەردانی سەرانسەری ئێران بکات، بەڵام کاربەدەستانی ئێران ڕێگەیان پێنەداوە و پۆلیس ئامۆژگاری کردووە لە ڕەزاییە دەرنەچێت. بەڕێزیان هیچ پاسپۆرت یان ناسنامەیەکی پێنییە.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارە لە ٢٠ی کانوونی یەکەم لە کوردستان کۆببێتەوە. بەڕێزیان هێشتا نازانیت دەتوانیت لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بێت یان نا،

(١) حکومەتی ئاشور ساڵی ٦٧٢ی پێش زایین بەدەستی مادەکان ڕووخاوە بە داگیرکردنی نەینەوا. مێژووی کورد لەم ساڵەوە بە فەرمی دەستپێدەکات. وەرگێڕ

چاوەڕوانی پەیامی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەکات و لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ بەڕێز دەشتو ڕاوێژ دەکات. هەتا دوایین سات کەس نازانێت کۆبوونەوەکە لە چی شوێنێک دەکرێت. ژەنەڕاڵ بارزانی ناچارە بەردەوام شوێنی خۆی بگۆڕێت، قەد دوو شەو لە شوێنێک نامێنێتەوە. هەم لە ناو شۆڕشی کورد و هەم لە ناو دەوڵەتی عێراقدا سیخوڕێکی زۆر هەیە. سەرکردایەتی شۆڕشیش لە هەموو شوێنێک سیخۆری خۆی هەیە، تەنانەت لە ناو وەزارەتخانەکان و فەرماندەیی سوپای عێراقیش سیخوڕی هەیە.

شۆڕش بە گشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دیلەکان زۆر باشە، بەڵام جاشە کوردەکان یەکسەر پاش گیران گولەباران دەکرێن. شەڕ بەهۆی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتە کوردەکان و تاقمە ڕکابەرەکان دەستیپێکردووە. ئێستا زۆر خوێن دەڕژێت و هیچ سازشێک لە ئارادا نییە. جاشەکان زۆر جێگای مەترسین، لەبەرئەوەی زۆر شارەزای ناوچەکەن، زۆر ئازا و ماندوونەناسن و ورەشیان بەرزە. بەڵام هێزەکانی عێراق ناوێرن لە حەشارگەکانیان بێنەدەرەوە.

بارودۆخی سەربازی لە وەرزی زستان وەک خۆی دەبێت: سەربازەکان ناوێرن لە ناوچە شاخاوییەکان جموجۆڵ بکەن، چونکە دەکەونە ناو بۆسەی [پێشمەرگەکانەوە]، لە ناو شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکان دەمێننەوە و قەد ناتوانن پێبخەنە ناو بناری چیاکانی کوردستان. کورد تۆپی نییە، ناتوانێت بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی عێراق کە ئێستا گەمارۆ دراون لەناو ببات، چونکە بە مین و تەلی دڕکین دەپارێزرێن. ئێستا سێ سەربازگەی بچووکی عێراق گەمارۆ دراون، ناچار دەبن پێش کۆتایی زستان خۆیان ڕادەست بکەن. کوردەکان لە بەهاری ۱۹٦٦ هێرشەکانیان دەستپێدەکەنەوە.

بەڕێز بێداری زۆر دڵخۆشە کە کورد لە کۆتاییدا سەردەکەوێت. وتی: "لەوانەیە شەڕ چەند ساڵی دیکە بخایەنێت، بەڵام ڕۆژێک دێت وتووێژەکان دەستپێبکاتەوە و دەوڵەتی عێراق ناچار دەبێت لەگەڵ کورد بسازێت. ئێستا مەرجی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ وتوویژ ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق دان بە ئۆتۆنۆمی کورددا بنێت. چەندها نوێنەری کورد لەم ساڵانەی دواییدا سەردانی ئەوروپا و ئەمریکایان کردووە بۆئەوەی ئەو وڵاتانە پشتیوانی لە خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بکەن. ئەو

وڵاتانـە بـە گشـتی بـاش پێشـوازییان لـە نوێنـەرەکان کـردووە، بـەڵام هیچـکام وەڵامـی ئەرێنیـان نەداوەتـەوە، تەنانـەت فەڕەنسـاش کـە هەمیشـە پشـتیوانی لـە بیرۆکـەی ئـازادی کـردووە و یارمەتیـی گەلـە بەشـخوراو و چەوسـاوەکانی داوە. تەنیـا وڵاتێـک کـە سـنووری خـۆی بـە ڕووی کـورددا کردووەتـەوە، ئێرانـە. لـەم سـنوورە چاودێـری نەکـراوەوە کـوردە وڵاتپاریـزەکان پێداویسـتی و هەنـدێ جـار چەکوچۆڵیـان بـۆ دێـت. کاربەدەسـتانی ئێـران وا خۆیـان نیشـان دەدەن کـە ئاگایـان لـەم هاتوچـۆ و بـردن و هاوردنـی بـاری قاچاخـە نییـە و ڕێکخـراوی خاچـی سـووری ئێـران یارمەتیـی کـوردەکان دەدات. لـە سـەرەتای ڕاپەڕینـەوە برینـدارەکان ڕەوانـەی ئێـران کـراون. بەهـۆی ئـەوەی پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق لـەم سێ مانگـەی دواییـدا خراپـتر بـووە، یارمەتییەکانـی ئێـران بـە کـورد زیـادی کـردووە. ئەوانـە کـە برینەکانیـان سـووکە لـە شـاری ڕەزاییـە چارەسـەر دەکرێـن و ئەوانـەی برینەکانیـان قورسـە لـە تەورێـز و تـاران چارەسـەر دەکرێـن."

بەڕێـز بێـداری وتـی: "بارودۆخـی پێشـمەرگە و خەڵـک لـە ناوچـە شـاخاوییەکان زۆر خراپـە، بەتایبـەت لـە زسـتاندا. فڕۆکـەکان بـەردەوام بەسـەر ناوچەکـەدا دەفـڕن، بـە شـێوەیەکی هۆڤانـە تەقـە لـە گوندیـەکان و پێشـمەرگەکان دەکـەن کـە لـە گروپـی بچووکـدا هاتوچـۆ دەکـەن. دەبێـت بـەردەوام خـۆت لـە فڕۆکـەکان بشـاریتەوە."

بەڕێـز بێداری بـە دووردرێـژی باسـی ئـەوەی کـرد کـە چەنـد هـەزار گونـد بەهـۆی بۆمبارانـی فڕۆکـە و هێرشـی سـەربازەکانی عێـراق خاپـور کـراوە. بەتایبـەت جاشـەکان دەسـت لـە کاولکـردن و چەپاوکردنـی گونـدی مەسـیحییەکان ناپارێـزن. زیاتـر لـە سـەد گونـد خاپـور و چەپـاو کـراوە، کەنیسـەکان لەگـەڵ زەوی تەخـت کـراون. بەشـێک لـە مەسـیحییەکان پەنایـان بـۆ لای کـوردەکان لـە چیـاکان بـردووە، بەشـێکی دیکەیـان ڕۆیشـتوون بـۆ مووسـڵ. ئێسـتا شـەش قەشـەی کاثۆلیـک نـە کەنیسـەیان هەیـە، نـە مـاڵ، نـە کـەس هەیـە بەرنوێـژی بـۆ بکـەن. بارودۆخـی مەسـیحییەکان بەڕاسـتی زۆر خراپـە.

بەڕێـز بێـداری وتـی ٢٠٠ مەسـیحی بوونەتـە پێشـمەرگە. هەندێکیان پاسـەوانی تایبەتی ژەنـەڕاڵ بارزانیـن، چونکـە بارزانـی زۆر متمانـەی پێیانـە، لەبەرئـەوەی مەسـیحییەکان قـەد خیانـەت ناکـەن. بەڕێـز بێـداری بـەردەوام لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ بارزانـی گفتوگـۆی کـردووە، باسـی بارودۆخـی مەسـیحییەکان لـە نـاو دەوڵەتـی داهاتـووی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی

بۆ کردووە. بارزانی دڵنیای کردووەتەوە کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان موسڵمان و مەسیحیدا نییە و دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی کورد گەرەنتی یەکسانی ماف و ئەرکی موسڵمان و مەسیحی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کورد و مەسیحی زۆر پێکەوە ناسازن، ئەمەش کەمینەی مەسیحیی زۆر نیگەرانی داهاتوو کردووە.

بەڕێز بێداری بە شێوەیەکی نهێنی پێیوتم ویستوویەتی هەموو مەسیحییەکانی مووسڵ و کوردستان لە ناوچەیەکی بچووک لە باکوور لە نزیک سنووری تورکیا کۆبکاتەوە و ئەم پێشنیارەی چەندجار خستووەتەڕوو، بەڵام سەرکردە کوردەکان گوێیان لێنەگرتووە. وتی بۆ وەدیهاتنی ئەم ئامانجە، دەبێ زلهێزەکان پشتیوانی لێبکەن. ئەم بیرۆکەیەی بەڕێزیان خەون و خەیاڵە.

قەشە بێداری لە کۆتاییدا باسی دوو ئەندازیاری بەلژیکی کرد کە ئەمدواییە کەوتوونەتە ناو بۆسەیەک کە کوردەکان بۆ بەتالیۆنێکی سوپای عێراق دایانناوە، لە ئەنجامدا یەکێکیان کوژراوە و ئەوی دیکەیان بە دەستی پێشمەرگەکان گیراوە. [پاپای ڤاتیکانی] ئیتالیا داوای لە بەڕێزیان کردووە ببێت بە ناوبژیوان، ئەویش کردوویەتی. کوردەکان بە باشی لەگەڵ گیراوە بەلژیکییەکە هەڵسوکەوتیان کردووە، بەمزوانە بەری دەدەن.

بەڕێز بێداری لە هەندێ ڕووەوە خووخدەی دەرەبەگایەتی و فیوداڵی هەیە. ئینسانێکی تێگەیشتووە، بەڵام وادیارە بیرۆکە سیاسییەکانی کە بە حەماسەتەوە باسیان دەکات واقعبینانە نین و بەرپرسانی کەنیسەی بەغدا ڕەتی دەکەنەوە. قسە و بۆچوونەکانی بەڕێز بێداریم لای خۆم تۆمار کرد و یەکسەر پاش گەڕانەوەم بۆ تەورێز لە نووسینگەکەمدا تۆمارم کرد.

نازانم ئایا بەڕێزیان هەموو ڕاستییەکانی لای من باس کرد یان نا، بەتایبەت ئەو هۆکارە ڕاستەقینانە کە پاڵی پێوەناوە عێراق بەجێبێڵێت و پەنا بۆ ڕەزاییە بێنێت. لەوانەیە بەهۆی بۆچوونی جیاواز لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش، عێراقی بەجێهێشتبێت. بیستوومە لە کوردستان دەریانکردووە و ئیدی ناتوانێت بگەڕێتەوە. ئەم زانیارییە دەبێ پشتڕاست بکرێتەوە.

**تەورێز**

**١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥**

**کونسوڵی فەڕەنسا**

**ئازان**

**لە باڵویزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦**

**بەغدا**

**بابەت: داواکارییەکی عێراق لە فەڕەنسا بۆ دژایەتیکردنی کورد**

کاتژمێر یەک و نیوی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، ٤ی کانوونی دووەم سەردانی بەڕێز [عەدنان] پاچەچی، وەزیری نوێی کاروباری دەرەوەی عێراقم کرد. بەڕێزیان وتی دەوڵەتی عێراق زۆر سەرقاڵی مەسەلەی پشتیوانیکردنی ئێرانە لە کوردە ڕاپەڕیوەکان. وتی ئێران لە ناوچە سنووریەکانەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی هێزەکانی سوپای عێراق ئەنجام دەدات. وتی بە گوێرەی سەرچاوە متمانەپێکراوەکان، کوردە ڕاپەڕیوەکان پشتیان گەرمە کە لەمەو بەدواوە سوپای ئێران هاوکارییان دەکات و پسپۆر و تەقەمەنی تۆپخانەیان دەداتێ بۆئەوەی سەنگەرەکانی عێراق بۆمباران بکەن.

کەوابوو بارودۆخەوە ئاڵۆزە.

پاچەچی وتی بۆئەوەی بارودۆخەوە ئاڵۆزتر نەبێت دەوڵەتی عێراق سوپاسی فەڕەنسا دەکات لەپێناو خزمەتکردن بە ئاشتیی جیهانیی، داوا لە کاربەدەستانی ئێران بکات ڕێگە نەدەن خاکەکەیان وەک مەکۆیەک بۆ هێرشکردنە سەر عێراق بەکاربێت.

بەڕێزیان وتی جارێکی دیکە عێراق دووپاتی دەکاتەوە ڕازییە لێژنەیەکی هاوبەش پێکبهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕووداوی هێرشی ئاسمانی [بۆ سەر خاکی ئێران] کە بووەتە جێگای گلە و گازندە و سکاڵای شا.[1]

(١) مەبەستی هێرشی عێراق بۆ سەر بنکەیەکی نزیکی قەسریشیرین لە بەرامبەر خانەقینە. وەرگێڕ.

ئێــران لــەم پەیوەندییــەدا وەڵامــی عێراقــی نەداوەتــەوە، بــەڵام لەڕێــگای وەزیــری دەرەوەی خۆیانــەوە ڕەزامەنــدی دەربڕیــوە کێشــەی شــەتولعەرەب چارەســەر بــکات. عێراق دژی چارەســەرکردنی ئــەم کێشــەیە نییــە، بــەڵام لــە ژێــر هەڕەشــەدا گفتوگــۆ نــاکات.

بەڕێــز پاچەچیــم دڵنیــا کــردەوە داواکارییەکــەی بــۆ وەزیــری دەرەوەی[فەڕەنســا] دەنێــرم.

پێــش مــن، پاچەچــی لەگــەڵ باڵویــزی ویلایەتــە یەکگرتوەکانــی ئەمریــکا و ســۆڤیەت دیــداری کردبــوو.

**دۆماغسای**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە عێـراق ڕۆژی ٥ی کانوونـی دووەم تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، کـە تێـدا ئاماژەی بـەوە کـردووە: "وەزیـری دەرەوەی عێـراق دوێنـی داوای لـە باڵوێـزی ئەمریـکا، سـۆڤیەت و بەریتانیـاش کـردووە داوا لـە شـا بکـەن یارمەتـی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان نـەدات. وەزیـری دەرەوەی عێـراق هەروەهـا دوێنـێ ئێـوارە یادداشـتێکی نـاردوە بـۆ وەزیـری دەرەوەی ئێـران، تێیـدا ناڕەزایەتـی دەربڕیـوە سـەبارەت بـەو پشـتیوانییە مـادی و مەعنەوییـەی شـا لـە لـە ڕاپەڕیوەکانـی دەکات و ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕووی لـە زیادبوونـە. لـە یادداشـتەکەدا بەتایبـەت ئامـاژە بـە تۆپبـاران و هاوەنبارانـی هێزەکانـی عێـراق لـە ناوچـەی پێنجوێـن لـە ٢ و ٣ی کانوونـی دووەم کـراوە و وتوویەتـی ڕاپەڕیـوەکان هەمـان جـۆرە چەکوچـۆڵ (میـن و نارنجـۆک) یـان هەیـە کـە ئێـران دروسـتیکردووە. وەزیـری دەرەوەی عێـراق لـە کۆتاییـدا هەڕەشـەی لـە ئێـران کـردووە ئـەم کارانـەی ئەنجامـی زۆر خراپـی دەبێـت و داوای کـردووە کۆتایـی بـە یارمەتیدانـی ڕاپەڕیـوەکان بهێنێـت و پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ عێـراق ئاسـایی و دۆسـتانە بکەنـەوە."

وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ٦ی کانوونـی دووەم پەیامێکـی نـاردووە بۆ باڵوێزخانەی فەڕەنسـا لـە لەنـدەن، واشـنتۆن مۆسـکۆ و کونسـوڵخانەی فەڕەنسـا لـە نیۆیـۆرک، داوای لێکـردوون لـە کاربەدەسـتانی ئـەم وڵاتانـە پرسـیار بکـەن وەڵامیـان چییـە بـۆ داواکارییەکـی وەزیـری دەرەوەی عێـراق، پێـش ئـەوەی فەڕەنسـا وەڵامـی داواکارییەکـەی عێـراق بداتەوە.

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە عێـراق ڕۆژی ١٠ی کانوونـی دووەم تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "باڵوێـزی عەرەبسـتانی سـعودی ئـاگاداری کردمـەوە دیدارەکـەی بەڕێـز بـەزاز لەگـەڵ مەلیـک فەیسـەڵ سـەرکەوتوو نەبـووە و کاربەدەسـتانی سـعودی نایانەوێـت داوا لـە شـا بکـەن کۆتایـی بـە یارمەتیدانـی کـورد بهێنێـت".

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٥ی کانوونی دووەمی ۱۹٦٦ (۱)**

**بەغدا**

**بابەت: عێراق ئیمپریالیستەکان بە پشتیوانیکردن لە کورد تۆمەتبار دەکات**

لە میانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (منار) لە ۳ی کانوونی دووەم، وەزیری بەرگریی نیشتمانیی [عێراق]، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تۆمەتبار کرد یارمەتی کوردە ڕاپەڕیوەکان دەدەن بۆئەوەی ئیسرائیلێکی دیکە لە باکووری وڵات دروست بکەن.

ژەنەراڵ عوقەیلی وتویەتی ڕۆژهەڵات یارمەتی مەعنەوی و ڕۆژئاوا یارمەتی ماددیی [کورد[ دەدات، جەختی کردووەتەوە لە هەمبەر گوشارەکان، عێراق داکۆکی لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی دەکات. عوقەیلی وتوویەتی دانبەخۆداگرتنی عێراق سنووری هەیە و دەبێ ئێران سنوورەکانی بە سەر ڕاپەڕیوەکاندا دابخات.

لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم گفتوگۆیە، شێوازی قسەکردنی ڕۆژنامەکان توندتر بووە. ڕۆژنامەکان داوا لە خەڵکی عێراق دەکەن لە پشتی حکومەت یەکبگرن و داوا لە جیهانی عەرەب دەکەن پشتیوانی لە [وڵاتی عێراقی] برایان بکەن. ڕۆژنامەکان هەروەها دەڵێن ئەگەر ئێران بەشێوەی ئاشتیخوازانە ئەم قەیرانە چارەسەر نەکات گەلی عێراق کاردانەوەی دەبێت و دوژمنەکانی و داردەستەکانی ئیمپیریالیزم باش سزا دەدات.

**دۆماغسای**

(۱) لە سەر بەڵگەنامەکە بە هەڵە نووسراوە ٥ی کانوونی دووەمی ۱۹٦٥ بەڵام تاپۆنی ۱۹٦٦ی لێدراوە. وەرگێڕ

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە عێـراق هەمـان ڕۆژی ٥ی کانوونـی دووەم تیلیگرامێکـی دیکـەی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، کـە تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای عێـراق لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی (المنـار) هێرشـی توونـدی کردووەتـە سـەر ئێـران کـە یارمەتـی ڕاپەڕیـوەکان دەدات و بـووە بـە هاوپەیمانـی بارزانـی. وتویەتـی عێـراق و جیهانـی عـەرەب لـە ئێـران بێـزارن. هەروەهـا بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە سـەرۆک وەزیرانـی ئێـران ئەمدواییانـە لـە باکـووری عێـراق سـەردانی بارزانـی کـردووە. ناوبـراو هەروەهـا وتویەتـی ئێسـتا عێـراق لـە بارودۆخـی سـاڵی ١٩٥٦دایـە کـە کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب تێیدابـوو، دەبـێ بەرەنـگاری ئیمپیریالیـزم و دوژمنانـی شۆڕشـی عـەرەب بێتـەوە و ئیشـەڵڵا، بەهـۆی یەکێتیـی نیشـتیمانیی و یەکڕیزیـی جیهانـی عـەرەب، سـەردەکەوێت. لـە کۆتاییـدا جەختـی کردووەتـەوە سـەرقاڵبوونی هێزەکانـی عێـراق و ئاژاوەگێڕییەکانـی سـەر سـنوور هیـچ کار ناکاتـە سـەر ورەی گەلـی عێـراق."

هەروەهـا باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە سـوریا ڕۆژی ٦ی کانوونـی دووەم تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، کـە تێیـدا ئاماژەی بـەوە کـردووە: "وەزیری دەرەوەی سوریا دوێنـێ ڕایگەیانـد: کۆمـاری عەرەبـی سـوریا پشـتیوانی لـە هەڵوێسـتی عێـراق دەکات بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتیخوازانەی ناکۆکییەکانـی ئێـران و عێـراق، هەرچەشـنە هەڕەشـەیەکی دەرەکـی بـە توونـدی ڕەتدەکاتـەوە، پشـتیوانیی لایەنێـک لـە کـوردە جیاخـوازەکان شـەرمەزار دەکات و جەخـت لـە سـەر یەکڕیزیـی عەرەبـەکان دژی هەمـوو مەترسییە دەرەکییـەکان لەبەرامبـەر بەشـێکی جیهانـی عـەرەب دەکاتـەوە."

**لە بەڕێز غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، کەراچی، عەدەن، جەددە، تریپولی، ئەنقەرە، کابول، بەیروت، دیمەشق، عەمان، تەلئەبیب، بەغدا و قاهیرە.**

**بابەت: ڕاپەڕینی کورد و کاریگەریی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق**

بۆ یەکەم جار لە کاتی دەستپێکردنی مەسەلەی کورد، سوپای عێراق هێرشێکی زستانانەی دژی ڕاپەڕیوەکان ئەنجامداوە. ئامانجی ئەم هێرشە کە بە چەکوچۆڵی نوێ (کە بە گوێرەی هەندێ زانیاریی لە بەریتانیاوە هاتوون) ئەنجام دەدرێت، ئەوەیە کوردەکان غافڵگیر بکەن و لە قۆناخی یەکەمدا سەر لە هێزەکانی بارزانی بشێوێنن. هێزەکانی بارزانی بەرەو ناوچە سنوورییەکانی نێوان مەریوان و قەسری شیرین لە باکووری ڕۆژئاوای کرماشان لە ئێران، دەڕۆن.

وادیارە دەوڵەتی عێراق دەیەوێت کۆتایی بە ڕاپەڕینی کورد بهێنێت کە یەکێتیی عێراقی تێکداوە. هاوکات هەنگاوی سیاسیش هەڵدەگرێت کە ڕوونە ئامانجی ئەوەیە دەوڵەتی ئێران ناچار بکات سنوورەکانی دابخات و بۆ هەمیشە کۆتایی بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی لە ڕاپەڕینی کورد بهێنێت و هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و ئێران تێبگەیەنێت ئەو شتەی لە سەر سنووری ئێران و عێراق ڕوویداوە[1] (کە لە تیلیگرامی ١٨٤٨ی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ ئاماژەم پێکردووە) بە تەواوی بە هەڵکەوت نەبووە و لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا ئەنجامدراوە. ڕاگەیاندننامەکەی وەزیری بەرگری عێراق کە لە گفتوگۆیەکدا لە ٣ی کانوونی دووەم تێیدا وتبووی)دانپێدانانی عێراق سنووری هەیە) و داوای کردبوو ئێران سنوورەکانی دابخات و هەروەها یادداشتی ناڕەزایەتی وەزیری دەورەی عێراق

(١) مەبەستی هێرشی عێراق بۆ سەر بنەکەیەکی ئێران لە قەسری شیرینە. وەرگێڕ

کە بەهۆی نەبوونی بەڕێز پیراستە کە ئێستا لە تارانە، لە ٥ی کانوونی دووەم تەسلیم بە بەرپرسی کاروباری ئێران لە بەغدا کراوە، لە هەمان چوارچێوەدایە. لێدوانەکانی ژەنەڕاڵ [عەبدولسەلام]عارفی برای [عەبدولڕەحمانی عارفی] سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، کە سەرۆک وەزیرانی ئێران، بەڕێز هوەیدای تۆمەتبار کردبوو کە لەگەڵ بارزانی پلانێکیان ئامادە کردووە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە.

ئەم لێدوانە جۆراوجۆرانە، کاربەدەستانی شاهەنشاهیی [ئێرانی] تووڕە و ناڕاحەت کرووە. تۆمەتی پشتیوانیکردنی ئێران لە ڕاپەڕینی کورد کە ڕۆژنامەکان زۆر باسی دەکەن، بووەتە سەرئێشە بۆ ئێران، چونکە ئێران هەمیشە نکۆڵی لەم شتە کردووە و شاردوویەتییەوە. کاربەدەستانی ئێران، زۆر ڕازین و پیانخۆشە کوردە ڕاپەڕیوەکان پاش زستان لە بەهاردا هێرش بکەنە سەر هێزەکانی عێراق، تەنانەت ئەگەر لە خاکی (ئامۆزاکانیش)یانەوە[1] ئەو هێرشانە ئەنجام بدەن. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کەمینەی گرنگی کوردی خۆی (کە ملیۆنێک و پێنسەد هەزار کەس دەبن) زۆر هەستیارە. بەردەوامبوونی بارودۆخی ئێستا کۆمەڵێک قازانجی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران هەیە کە لە قازانجی کاربەدەستانی عێراق زۆرترە. ئیرادەی دەوڵەتی عێراق بۆ کۆتاییپێهێنانی ڕاپەڕینی کورد، کۆمەڵێک کەسی لە ئێران نیگەران کردووە کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەی کورد لە خودی ئێران. لەوانەیە بەم هۆکارە بێت کە دەوڵەتی شاهەنشاهیی جووڵەی بە یەکینە سەربازییە گەورەکانی خۆی لە کرماشان کردووە و ناردوونی بەرەو ناوچەی سنووری نێوان مەریوان و قەسریشیرین. فەرماندەکانی ئەم یەکینانە ڕێنوێنی کراون هیچ کارێکی سەرەڕۆیانە و هاندەرانە ئەنجام نەدەن. بنکەی گەورەی هێزی ئاسمانی دزفول خراوەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و ئامیرێکی تایبەت بۆ چاودێریکردنی[سنوور] لە ئابادان دانراوە.

لەلایەکی دیکەوە شا وتوویەتی لە هەڵوێستی عێراق ناڕازییە و بە بیانووی جۆراوجۆر، تا ئێستا فەرمانی کردنەوەی باڵوێزخانەی نوێی عێراق لە تارانی واژوو نەکردووە. جگە لەم نیشانە خراپە، دەوڵەتی شاهەنشاهی بەهۆی لەبەرچاوگرتنی

(١) مەبەستی خاکی ئێرانە. وەرگێڕ

پێشهاتەکانی دوارۆژ، لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکە تا ئێستا دانی بە خۆیدا گرتووە. وەزیری دەرەوەی ئێران، بەڕێز ئارام، لە ئەنجوومەنی پیران ڕایگەیاندووە ئێران وەڵام دەداتەوە ئەگەر عێراق جارێکی دیکە هێرش بکاتە سەر ئێران، بەڵام وتوویێژ باشترە. هەروەها پێشنیاریکردووە عێراق بۆ نیشاندانی نیازپاکیی خۆی لێژنەیەک بنێریت بۆ تاران. لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ٤ی کانوونی دووەم، بەڕێز هوەیدا ئاماژەی کرد بە دیدارەکەی لەگەڵ بەڕێز ئەلبەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراق و جەختی کردەوە ئێران دەیەوێت وتوویێژ بکات. لە گفتوگۆیەکدا کە لە ٦ی کانوونی دووەم ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی ئێران لەگەڵ بەڕێز ئەمیر تەیمور، بەڕێوەبەری کاروباری سیاسیی [وەزارەتی دەرەوەی ئێران] بڵاوبووەوەتەوە، بەڕێز ئەمیر تەیموور جەختی کردووەتەوە مەسەلەکە ئەوەندە گەورە نییە کە ڕۆژنامەکان باسی دەکەن و وتویەتی وتوویێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەستپێدەکات. ڕۆژنامەکانی ئێران ٨ی کانوونی دووەم ئەو نامانەیان بڵاوکردەوە کە لە نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و ئێران لە ۳۰ی کانوونی یەکەم و ٦ی کانوونی دووەم ئاڵوگۆڕ کراوە، تێیدا بەزاز سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بانگهێشت کردووە بۆ دیدار و چاوپێکەوتن سەردانی عێراق بکات. بەڕێز هوەیدا وەڵامی داوەتەوە باشترە بە هەمان شێوە کە وەزیری دەرەوەی ئێران، بەڕێز ئارام پێشنیاری کردووە، لێژنەی هەردوولا دیدار بکەن و لیستی داواکاری و ڕێگاچارەکان بخەنەڕوو.

بەڵام تەوەری دەقیقی وتوویێژەکان هێشتا دیاری نەکراوە. بەو جۆرە کە بەرپرسی کاروباری سیاسیی وەزارەتی دەرەوە[ی ئێران] بە ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەمانی وتووە، ئێران لە پلەی یەکەمدا گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەی داخستنی سنوورەکانی[بەڕووی کوردی عێراق] نادات، بەڵکوو زیاتر دەیەوێت کێشەی مافی ئێران لە ڕووباری[کارون] و هاتوچۆی کەشتیەکانی ئێران لە شەتولعەرەب، مافەکانی هاوڵاتیانی ئێرانیی دانیشتووی عێراق کە نزیکەی دوسەد هەزار کەسێک دەبن، و باشتربوونی هەڵسەوکەوتی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ شیعەکانی ئەو وڵاتە، کە بە بۆچوونی ئێران تەنانەت ئەگەر زۆربەی دانیشتوانی عێراق پێکنەهێنن بەشێکی زۆر گرنگی خەڵکی عێراقن، چارەسەر بکات. هەروەها ئێران دەیەوێت لیستی ئەو مەسەلانە ئامادە بکات کە دەبێ چارەسەر بکرێن و ڕێوشوێنەکانی وتوویێژەکان بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکان ئامادە بکات، هەرچەند کە پێشتر چەندجار ئەم کارە کراوە و سەرکەوتوو نەبووە.

ماوەتەوە چاوەڕوان بکەین ترسی هەردوولا لە پێکدادانی سەربازیی تا چەند پاڵ بە هەر دوو لاوە دەنێت کێشەکانیان سەرکەوتوانە چارەسەر بکەن.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەم تیلیگرامێکی ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە: "دوێنی سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئێرانم کرد. بەڕێزیان وتی: تەنانەت ئەگەر عێراق پێشمەرجەکانی ئێران بۆ وتووێژ قەبوڵ بکات، بە واتای ئەوە نییە کە ئێمە بمانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کە دەوڵەتێکی لاوازە وتووێژ بکەین و بەڕێز هوەیدا سەردانی عێراق ناکات. وتی ئێران سنووری خۆی لە سەر ژن و منداڵی کوردی عێراق کە زۆربەیان خزم و کەسوکاری کوردی ئێرانن، داناخات، بەهەرحاڵ چاودێریکردنی سنوور لەم وەرزەدا زەحمەتە. وتی ئەگەر کورد چەکی ئەمریکاییان پێبێت بە واتای ئەوە نییە کە ئێران دەیانداتێ، چەند ساڵە کورد هاوەنیان هەیە، تەنانەت ئەمدواییە حکومەتی سوریا چەکوچۆڵی ناردووە بۆیان، کەوابوو لەوانەیە چەکوچۆڵەکە لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ کوردەکان نێردرابێت."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە شەڕ لە کوردستانی عێراق**

ئەمڕۆ ڕۆژنامەی پراڤدا لە زمانی هەواڵنێری [ئاژانسی هەواڵی] تاس لە تاران وتارێکی بە ناوی (جەنگ لە کوردستانی عێراق) بڵاوکردەوە کە تێیدا لە زمانی ڕۆژنامەکانی ئێرانەوە نووسیویەتی: "ئێستا شەڕێکی قورس لە نێوان کوردی عێراق و هێزەکانی حکومەتی ئەم وڵاتە لە ئارادایە. کوردە ڕاپەڕیوەکان چوونەتە ناو کەرکووک، مووسڵ و سلێمانی و هێزە ئاسمانییەکانی عێراق درێژە دەدات بە بۆمبارابکردنی ناوچە کوردنشینەکان کە لە ئەنجامدا چەند سەد ژن و منداڵ و پیرەژن و پیرەمێرد ڕایانکردووە بۆ ناوچە شاخاوییەکان."

ڕۆژنامەکە هیچ ئاماژەی بە هەواڵێکی دیکەی (تاس) لە بەغداوە نەکردووە کە تێیدا ژەنەڕاڵ عارف بوونی هێزە ڕاپەڕیوەکان لە کەرکووکی بەدرۆخستبووەوە و جەختی کردبووەوە کە هێزەکانی حکومەت هێزەکانی بارزانییان لە ناوچەی گەڵاڵە گەمارۆ داوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت بە دەگمەن زانیاریی دەربارەی بارودۆخی باکووری عێراق بڵاودەکەنەوە و زیاتر باسی هەواڵەکانی تاران دەکەن، تا ئێستا بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی زانیارییەکان دەرنەبڕیوە.

**بۆدێت**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە مۆسـکۆ ڕۆژی ٧ی کانوونـی دووەم تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "سیاسـەتی سـۆڤیەت لەهەمبـەر عێـراق ئەوەیـە کـە پشـتیوانی لـە لایەنەکانـی لایەنگـری میـسر[١] و مافـی ئۆتۆنۆمـی کـورد دەکات. بەهـۆی ئـەوەی هاتوچـۆی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان لـە سـنووری ئێـران زۆرە، پێمانوانییـە مۆسـکۆ داوا لـە شـا بـکات سـنوورەکانی لەسـەر کـورد دابخـات و کارئاسـانی بـۆ عێـراق بـکات".

(١) مەبەستی جەمال عەبدولناسرە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٧ی شوباتی ١٩٦٦**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە داواکارییەکانی کوردی عێراق**

پاش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک هەواڵ و شرۆڤە دەربارەی شەڕ لە کوردستانی عێراق( ئاماژە بە تیلیگرامی ژمارە ٤٥٩ی پێشووم)، ئەمڕۆ ڕۆژنامەی پراڤدا وتارێکی تێروتەسەلی دەربارەی کێشەی [کورد] بە قەڵەمی پۆتۆمۆڤ، لە ژێر ناوی) چاو بکەنەوە و هۆکارەکان ببینن) بڵاوکردەوە. پۆتۆمۆڤ نووسیویەتی: "بە پێچەوانەی [بانگەشەکانی حکومەتی عێراق] کە سوچی شەڕەکەی خستوەتە ئەستۆی ئیمپریالیست و پاشڤەرۆکان، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی شەڕیان پەیڕەو کردووە و پاڵیان بە هەندێ لایەنی توندڕەوی کوردەوە ناوە ئولتیماتۆمی پوچ و بێ بنەما بدەن بە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. چارەسەرکردنی کێشەی کورد پەیوەستە بە بەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کوردەکانی عێراق و دەبێتە هۆی پتەوبوونی یەکڕیزی عێراق."

پۆتۆمۆڤ بانگەشەکانی لایەنە توندئاژۆ شۆڤینییەکانی ڕەتکردووەتەوە کە دەڵێن (بەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد یەکڕیزی کۆماری عێراق تێکدەدات و پێداگری دەکەن ئامانجی کورد ئەوەیە جیابێتەوە). ناوبراو ئاماژەی بە بارزانی کردووە و وتوویەتی ڕاستییەکان نیشان دەدات کە بەپێچەوانەوە، کورد هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن ڕێگاچارەیەکی مەعقول بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە، دەوڵەتی عێراقە ڕێز لە ڕێوشوێنەکانی ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ناگرێت کە ڕێگای خۆش کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانەی کێشەکە.

پۆتۆمۆڤ ئاماژەی بەوە کردووە: "هەر دوو لایەنی کورد و عێراق هاوڕان لە سەر مەسەلەی یەکڕیزی و یەکپارچەیی وڵاتی عێراق، دەکرێت ڕێگایەکی دوولایەنە بۆ

دابینکردنـی داوا ڕەواکانـی کـوردی عێـراق بدۆزرێتـەوە، بـۆ نموونـە بـە گوێـرەی یاسـای کاتیـی ١٩٦٥ و ڕاگەیاندنەکانـی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق دەربـارەی دابینکردنـی مافـە ڕەواکانـی کـورد بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە."

پۆتۆمـۆڤ وتوویەتـی: "ئوپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی ئێسـتای عێـراق چارەسـەر کردنـی کێشـەکەی لێناکەوێتـەوە. ئەگـەر حکومەتـی عێـراق کۆتایـی بـە ئوپەرسـیۆنەکان بهێنێـت، ڕێـگا خـۆش دەبێـت بـۆ چارەسـەربونی کێشـەکە، چونکـە کێشـەی زۆر ئاڵـۆز و قـورس لـەم ساڵانەی دواییـدا لـە هەنـدێ وڵات چارەسـەرکراون."

نووسـەر لـە کۆتایـی وتارەکەیـدا وتوویەتـی: "شـەڕ دژی کـورد دەبـێ کۆتایـی پێبێـت. هەمـوو دۆسـتانی ڕاسـتەقینەی عێـراق پێیانخۆشـە کێشـەکانی بـە سـەرکەوتوویی چارەسـەر بـکات و ئامـادەن لـەم پەیوەندییـەدا هـاوکاری عێـراق بکـەن. گەلـی سـۆڤیەت لـە ڕێـگای کـردەوە چڕوپڕەکانییـەوە سـەلماندوویەتی کـە هەڵویسـتی سـەبارەت بـە گەلـی عێـراق دۆسـتانەیە و هیـواداره شـەڕ لـە باکـووری عێـراق بـە زووتریـن کات ڕابوەسـتێت و کێشـەی کـورد بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە، ئاشـتیخوازانە و دیموکراتییانـە چارەسـەر بکرێـت لـە چوارچێـوەی وڵاتـی عێراقـدا و بـە گوێـرەی داخوازییـە نەتەوەییەکانـی کـورد، بۆئـەوەی سـەربەخۆیی و یەکپارچەیـی کۆمـاری عێـراق بەهێزتـر بێـت."

**فۆنتێن**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ ڕۆژی ٥ی شوبات تیلیگرامێکی بۆ وەزارەتی دەرەوە ناردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە: "ئاژانسی هەواڵی تاس بڵاویکردووەتەوە کە ڕێکخراوی مانگی سوور و خاچی سووری سۆڤیەت داوایان لە سەرۆکی دەوڵەتی عێراق کردووە کۆتایی بە شەڕ دژی کورد بهێنێت و سەدان هەزار هاووڵاتی بێگوناحی کوردی عێراق لەماڵوێرانی، نەهامەتی و قوربانیبوون بپارێزێت کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی عێراقەوە تووشی بوونە کە چوار ساڵە درێژەی هەیە. گەلی سۆڤیەت گرنگی بە کێشەی کورد دەدات، دەیەوێت هاووڵاتییانی عێراق، بە کورد و عەرەبەوە، لە ناو ئاشتی، دادپەروەریی و پێشکەوتندا بژین و جارێکی دیکە ڕادەگەیەنێت هیوادارە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە، دادپەروەرانە و دیموکراتییانە بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، بە گوێرەی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد، بۆئەوەی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کۆماری عێراق بەهێزتر بێت. لە کۆتاییدا ڕادەگەیەنین ئامادەین پێداویستییەکانی خەڵکی سیڤیلی کورد دابین بکەین کە بوونەتە قوربانیی بۆمبارانەکانی فڕۆکەکان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان. ئێمە ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستین و کارمان بە سیاسەتەوە نییە، دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا ناکەین."

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا ڕۆژی ١٢ی شوبات تیلیگرامێکی بۆ وەزارەتی دەرەوە ناردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژنامەی (جمهوریە)، زمانحاڵی دەوڵەتی عێراق ڕۆژی ١٠ی شوبات بە توندی وەڵامی وتارەکەی ڕۆژنامەی پراڤدای دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد داوەتەوە"، وتوویەتی: "بە هەمان شێوە کە ئیمپریالیستەکان سەهیۆنیزمیان لە فەلەستین چەقاند، سۆڤیەت ئەمڕۆ چووەتە بەرەی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ چەقاندنی داردەستە پیاوکوژەکانی لە ناو وڵاتی عێراقدا. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕێککەوتوون مافەکانی عەرەبەکان پێشێل بکەن".

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی ئاداری ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی(و لێکۆڵینەوە) و ئەفریقای وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، قاهیرە، تاران، جەزایر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق نایەوێت لەگەڵ کورد وتوویژ بکات**

لە تیلیگرامی بەپەلەی ژمارە ١١٠ی ٢٢ شوباتدا، دەقی وەرگێڕدراوی ڕاگەیاندننامەی ١٩ی شوباتی [کۆماری یەکگرتووی عەرەب]م بۆ وەزارەتی دەرەوە نارد دەربارەی دانیشتنی دووەمی بەرپرسانیی سیاسیی [کۆماری یەکگرتووی]عەرەب. هەرچەندە ڕاگەیاندننامەکە هیچ ئاماژەیەکی بە کێشەی کورد نەکردبوو، بەڵام لە پەرەگرافی پێنجەمدا دەڵێت: "بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی [کۆماری عەرەبی] یەکگرتوو کردەوە جیاخوازانەکانی [کوردەکان] کە بووەتە هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق، شەرمەزار دەکات و پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئەم وڵاتە دەکات بۆ کۆتاییپێهێنان بە یاخیبوونێک کە لە بەشێک لە خاکی وڵاتەکەی لەئارادایە."

پشتیوانیی سەرۆک [جەمال عەبدول] ناسر لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق لە هەمبەر ڕاپەڕینی بارزانی خاڵێکی گرنگە، ئەگەر بە پشتیوانیی سەربازیی لە قەڵەمی بدەین. سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەب، هەمیشە پێیوابووە بەکارهێنانی هێز تەنیا ڕێگا نییە بۆ (کۆتاییپێهێنان بە ڕاپەڕینی کورد) و دەبێ لەگەڵ ڕاپەڕیوان وتوویژ بکرێت. سەرۆک کۆماری میسر بەوپەڕی بێلایەنییەوە هەمیشە ئامۆژگاریی عێراقی کردووە لەگەڵ هەڤاڵەکانی بارزانی ڕێکبکەوێت. ئەم داواکارییە هەمیشە

کاردانـەوەی دەسـەڵاتدارانی بەغـدای بـەدواوە بـووە. کێشـەی کـورد کـە قورسـاییەکەی ڕۆژبـەڕۆژ کاری زیاتـر دەکاتـە سەرچارەنووسـی وڵاتـی عێـراق، بووەتـە سەرئێشـەیەکی گـەورە بـۆ دەسـەڵاتدارانی بـاڵای دەوڵەتـی عێـراق.

ڕۆژی ٢١ی شـوبات، ڕۆژنامـەی (صـوت العـرب) وتارێکـی نوێـی بڵاوکـردەوە کـە تێیـدا هاتـووە:

(ناکرێـت ڕێککەوتـن لەگـەڵ یاخیبـوان بکرێـت بـۆ کۆتاییپێهێنـان بـە خوێنڕشـتن و بەفیڕودانـی ملیۆنەهـا دینـار، لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە:

١- یاخیبووانـی باکـوور تەنیـا کەمینەیەکـی بچووکـی برا کوردەکانمـان پێکدەهێنـن. تەنانەت لـە هێزەکانـی صـلاح الدیـن ( سـەربازە کـوردەکان کـە لـە سـوپای عێراقـدا خزمـەت دەکەن)یـش کەمـترن. ئەمـە نیشـان دەدات کـە زۆربـەی کـورد دژی یاخیبوونەکەیـە. ئامانجـی یاخیبوونەکـە ئەوەیـە سـەرەتا ئۆتۆنۆمـی بەدەسـتبهێنێت و لـە کۆتاییـدا بـە تـەواوی [لـە عێـراق] جیابێتـەوە.

٢- ئەگـەر دەوڵـەت لەگـەڵ یاخیبـوان دابنیشـێت ئەمـە بـە واتـای دانپێدانـان بـە یاخیبووەکانـە وەک هێزێکـی ڕەوا کـە نوێنەرایەتیـی کـورد دەکـەن. هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە تەنانـەت ئەگـەر پـاش وتووێـژ، ڕێککەوتـن بکرێـت، یاخیبـوان قەبـوڵ ناکـەن چـەک دابنێـن و ڕێکخسـتنەکانیان هەڵبوەشـێننەوە.

٣- یاخیبـووان لـە سـەردەمی ڕژێمـی [عەبدولکەریـم] قاسـمدا بوونـە هـۆی کاوڵبوونـی گوندەکانـی باکـوور و سـەرۆک گوندەکانیـان کوشـت. کەوابـوو هیـچ واتـای نییـە دەوڵەتـی شۆڕشـگێڕی عێـراق، لایەنگرەکانـی خـۆی بفرۆشـێت و ڕادەسـتی دوژمنەکانـی بـکات.

٤- سـەرۆکەکانی یاخیبـوون، بەتایبـەت ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کـورد، نەیـاری عـەرەب و ئیسـلامن و لـە نـاو کـورددا پروپاگەنـدا بـۆ ئیدیۆلیژییـەک دەکـەن کـە ناتەبایـە لەگـەڵ یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و یەکڕیزیـی خەڵکەکـەی. ئـەم سـەرۆکانە لەپێنـاو گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان، لـە هاوکاریکـردن لەگـەڵ دەوڵەتانـی دیکـە سـڵ ناکەنـەوە. کەوابـوو ڕێککەوتـن لەگـەڵ یاخیبـووان دەبێتـە هـۆی ئـەوەی باکـوور ببێـت

بـە مەکـۆی کێشـە و ململانێـی نێـوان هێـزە جیهانییـەکان و وەک ناوەنـدی سـیخوڕی و تابـوری پێنجـەم بەکاریبێنـن...

٥- ئامانجــی یاخیبــوان لــە داواکردنــی ئوتۆنۆمــی ئەوەیــە باکــوور وەک مەکۆیــەک بەکاربێنــن نەتەنیا بـۆ کوردەکانـی عێـراق، بەڵکـوو بـۆ یەکگرتنـی کوردەکانـی ئێـران، تورکیـا و سـوریا و... ئـەم کارە دەبێتـە مەترسـی بـۆ سـەقامگیریی ناوچە، و هەڵگیرسـانی شـەڕ لـە نێـوان عێـراق و دراوسـێکانی لێدەکەوێتـەوە.

بەهـۆی ئـەم هۆکارانـە و کۆمەڵێـک هـۆکاری دیکـە، دەسـەڵاتدارانی عێـراق هـەزار جـار ڕایانگەیانـدووە تەنیا ڕێـگا بـۆ کۆتاییپێهێنـان بـە یاخیبوونەکـە ئەوەیـە کـە یاخیبـوان بـێ مـەرج چـەک دابنێـن. ئەمـە بـە واتـای ئـەوە نییـە کـە دەوڵەتـی عێـراق نیـازی نییـە بەڵێنەکانـی خـۆی جێبەجـێ بـکات. یاسـای کاتیـی دانـی بـە بوونـی ناسـیونالیزمی کـورددا نـاوە لەچوارچێـوەی یەکپارچەیـی عێراقـدا، ئەمـە دەتوانێـت ببێـت بـە بنەمایـەک بۆئـەوەی کـورد ببێـت بـە خـاوەن ئیدارەیەکـی خۆجێیـی. گەیشـتن بـە ڕێککەوتنـی کۆتایـی لەگـەڵ یاخیبـوان مومکیـن نییـە لەبـەر ئـەوەی لەلایەکـەوە ئەمانـە نوێنـەری کـورد نیـن، لەلایەکـی دیکـەوە ئامانجیـان ئەوەیـە جیاببنـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هەڕەشـە بـۆ ئاسایشـی عێـراق...)

ڕاگەیاندننامــە تازەکــەی مارشــاڵ عــارف هیــچ نزیــک نییــە لــە ڕاگەیاندننامەکــەی کۆمــاری یەکگرتــووی عــەرەب بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد. ســەرۆک کۆمــاری عێـراق لـە وەڵامـی ڕۆژنامەنووسـێکی مـسری و کۆمەڵـەی پارێزەرانـدا وتوویەتـی: "بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ یاخیبـووە جیاخـوازەکان کـە نوێنەرایەتـی زۆربـەی کـورد ناکـەن، دانانیشـین. یەکسـەر پـاش دەستەبەربوونی ئارامـی و ئاشـتی لـە پارێزگاکانـی باکوور، دان بـە مافـە ئەتنیکییەکانـی کـورددا دەنێیـن. جـارێ سـوپا درێـژە بـە چالاکییەکانـی دەدات بـۆ لەناوبردنـی خراپـکاران و ناپـاکان و پاراسـتنی یەکپارچەیـی و یەکڕیزیـی عێـراق."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٩ی ئاداری ١٩٦٦**

**بابەت: بارودۆخی ڕاپەڕینی کورد لە زمانی ئوسقۆفی گەورەی بەغداوە**

جەنابی فەخامەتی پێغەن[1]، نوێنەری ئاپۆستۆلیک و قەشەی ناوچەی لاتینی بابل، تازە لە سەردانەکەی بۆ باکووری عێراق گەڕاوەتەوە، لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە کریستیانییەکان دیداری کردووە.

ئەم هاووڵاتیە [فەرانسیە]مان وتی:

(هەستم کردووە ڕاپەڕیوە کوردەکان بەوپەڕی ئازادییەوە لە ناوچەکە جموجۆڵ و هاتوچۆ دەکەن. خەڵک زۆر پشتیوانیی لە هێزیی سەربازییان دەکەن. زۆربەی هەرەزۆری کەمینە ناموسڵمانەکان و تەنانەت ئێزدییەکان پشتیوانی لە ڕاپەڕین دەکەن. ڕاپەڕیوەکان لە شەودا دەسەڵاتداری ڕەهای ناوچەکەن. گروپی بەرگری کە حکومەت دروستیکردوون بە ناچاریی و نابەدڵییەوە لەگەڵ سوپای عێراق هاوکاری دەکەن. پێموانییە سوپا بیەوێت کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام دەوڵەتی عێراق دەیەوێت، بە هەمان شێوە کە سەرۆک ناسر ئامۆژگاری کردووە، لەگەڵ بزووتنەوەی بارزانی ڕێکبکەوێت.)

**دۆماغسای**

(1) PERRIN

**تێبینی وەرگێڕ:**

موغیس پێغەن ساڵی ۱۹۰٤ لە شاری گغۆنۆبلی فەڕەنسا لەدایکبووە، ساڵی ۱۹۹٤ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ۱۹٥۳ تا ۱۹٦٥ لە تونس و ئەفریقا کاری کردووە. لە ۱۹٦٥ بووە بە نوێنەری ئاپۆستۆلیک لە بەغدا و پاشان لە ئیسوپیا. ئاپۆستۆلیک بەو کەسە دەوترێت کە لەلایەن پاپاوە ڕادەسپێردرێت بۆئەوەی لە وڵاتێکی دیکە کار بکات. قەشە کریستیانەکان هەمیشە بۆچوونیان سەبارەت بە کورد و شۆڕشەکەی باش بووە و تا ئەو شوێنە کە پێیانکرابێت هەوڵیان داوە یارمەتی شۆڕش بدەن.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٣ی ئاداری ١٩٦٦**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٢٢ی ئاداری باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران**

**بابەت: عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بەکاردێنێت**

ڕۆژنامەکانی عێراق هیچ نالێن دەربارەی ئەوەی دەوڵەتی ئێران بە ڕێگای دیپلۆماتیک ناڕەزایەتی لە هەمبەر دەوڵەتی عێراق دەربڕیوە بەهۆی ئەوەی چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، و هیچ باسی ئەو یادداشتە ناکەن کە کوردەکان تەسلیمی کۆنفرانسی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیان کردووە کە تێیدا وتوویانە سوپای عێراق گازی کوشندەی کیمیایی دژیان بەکاردێنێت.

ڕۆژنامەکان تەنیا دەڵێن: "ئەم قسە و قسەڵۆکانە پرۆپاگەندای ئیمپیریالیز و سەهیۆنیستەکانە. بە وتەی سەرچاوە شارەزاکان، دەوڵەتی عێراق گازی کیمیایی نییە و بەتەما نییە بەدەستیبهێنێت بۆئەوەی دژی ئەوانە بەکاریبێنێت کە شایانی ئەوەن دژیان بەکاربێت. هێزە چەکدارەکان تەنیا دەیانەوێت ئەو بەشە بچووکەی خاکی وڵات پاک بکەنەوە کە هێشتا چەتەکان داگیریان کردووە و زۆرترین زەرەر وزیان بە خودی کوردەکان دەگەیەنن."

**دۆماغسای**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٩ی ئاداری ١٩٦٦ ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردەوە کە دەوڵەتی ئێران پێنجشەممە، ١٧ی ئادار بە شێوەی فەرمی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر دەوڵەتی عێراق دەربڕیوە کە سوپای عێراق گازی کوشندەی لە نزیک سنوور بەکارهێناوە و دەوڵەتی عێراق ئەم بانگەشەیەی بەدرۆ خستووەتەوە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣٠ی ئاداری ١٩٦٦**

**ئاماژە بە تیلیگرامی ژمارە ٧٢- ١٢٧١ ی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن**

**بابەت: کێشەی کورد ناکۆکی خستووەتە ناو دەسەڵاتدارانی عێراق**

بە وتەی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوەی [بەریتانیا]، دەسەڵاتدارانی عێراق بۆچوونی زۆر جیاوازیان هەیە دەربارەی درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان.

لە میانەی دانیشتنێکی ئەمدواییەی کابینەی حکومەتی عێراق، سەرۆک وەزیران بە ئاشکرا دژایەتی خۆی لەگەڵ هێرش بۆ سەر [کورد] لە بەهاردا دەربڕیوە و فەرماندەی یەکەی دووی سوپا کە لە کەرکووک جێگیرە و هێزی سەرەکییە کە دەبێ ئەم هێرشە ئەنجام بدات، پشتگیریی هەڵوێستەکەی سەرۆک وەزیرانی کردووە. لەبەرامبەردا سەرۆک کۆمار عارف و ژەنەڕاڵ عوقەیلی، وەزیری بەرگری، داوایان کردووە هێرشێکی گەورە و هەمەلایەنە ئەنجام بدرێت بۆ کۆتاییپێهێنان بە ڕاپەڕینەکە.

ژەنەراڵ عوقەیی ڕایگەیاندووە بەنیازە سەرجەم هێزە چەکدارە یەدەک و چالاکەکان بۆ ئەم ئامانجە بەکاربێنێت. گەنجانی عێراق، بەهۆی ئەوەی زۆر کاری سەربازییان لێ داوا دەکرێت، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خۆیان لە ئەرکەکانیان دەدزنەوە. وەزیری بەرگری بە زمانی هەڕەشە قسەیان لەگەڵ دەکات بۆئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

وەزارەتی دەرەوەی[ بەریتانیا] پێیوایە ئەم هەڕەشانە هیچ ئەنجامێکی نابێت جگە لە ترساندنی خەڵکی عێراق کە [چەند ساڵە] بەهۆی شەڕی بێکۆتایی کوردستان ژیانیان تێکچووە.

لەپەیوەندی لەگەڵ هێرشەکانی بەهاردا، وەزارەتی دەرەوە پێیوایە وەک هێرشەکانی پێشوو، سەرکەوتن بەدەستناهێنیت، بەپێچەوانەوە، دەبێتەهۆی لاوازبوونی پێگەی

سوپا، بەتایبەت ژەنەڕاڵ عوقەیلی، ڕێگا خۆش دەکات بۆئەوەی بەڕێز بەزاز سیاسەتی سازان لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان بگرێتەبەر.

**کۆغسێل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٥ی ئادار ئاماژەی بەوە کردووە: "ژەنەڕاڵ عوقەیلی، وەزیری بەرگریی نیشتمانی، سەردانی پارێزگاکانی باکووری کردووە بۆ ئامادەسازی بۆ هێرشکردنە سەر ڕاپەڕیوەکان بۆئەوەی بە یەکجاری کۆتایی بە کێشەی ڕاپەڕینی بارزانییەکان بێنێت. لە هەمان کاتدا بە گوێرەی هەندی زانیاریی متمانەپێکراو، وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ڕاپەڕیوە کوردەکان لە سەر خەتە بۆئەوەی شەڕ کۆتاییپێبێت."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣٠ی ئاداری ١٩٦٦**

**بابەت: شۆڕشی کورد هەڕەشە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەکات**

بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی عێراق ئەمدواییە نامەیەکی بەرواری ٢٤ی شوباتی ١٩٦٦ی بەدەستگەیشتووە کە تێیدا (ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شۆڕشی کورد) دیسان داوای لە کۆمپانیاکە کردووە بڕێک لە داهاتی خۆی کە بەشێکی سەرەکی بودجەی حکومەتی عێراق پێکدێنیت، بدات بە شۆڕش بۆئەوەی یارمەتیی کەسوکاری قوربانیانی شەڕی پێبدات. ئەنجوومەنی شۆڕش هەڕەشەی کردووە ئەگەر وەڵامی داواکاریەکەیان نەدرێتەوە بە ناچاری هەنگاوی پێویست هەڵدەگرێت بۆ لەکارخستنی دامودەزگا و دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق، بۆئەوەی توانای سەربازیی دەوڵەتی عێراق لاواز بێت.

بەڕێز ستیوارت ڕۆژی ٢٨ی ئادار نامەکەی [شۆڕشی] ناردووە بۆ وەزیری نەوتی عێراق و جەختی کردووەتەوە لە هیچ حاڵەتێکدا کۆمپانیاکەی پەیوەندی لەگەڵ کوردە ڕاپەڕیوەکان نەبووە و بەتەما نییە وەڵامیان بداتەوە. بەڕێز ساڵح زەکی [ وەزیری نەوتی عێراق] لە وەڵامدا بەڵێنیداوە بارودۆخی ئاسایشی ناوچەی دەرهێنانی نەوت قایمتر بکات.

ئەوە بۆ نزیکەی دوو مانگ دەچێت ڕاپەڕیوەکان لە ناوچەی کەرکووک هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی پۆلیسی تایبەتی نەوت.

**دۆماغسای**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٩ی شـوباتی ١٩٦٦ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕاپەڕیوانـی کـورد شـەوی ١٥ لـە سـەر ١٦ی شـوبات لـە ناوچـەی نێـوان دوبـز و کەرکـووک هێرشـیان کردووەتـە سـەر بنکەیەکـی پۆلیسـی تایبەتـی نـەوت کـە ١٢ کەسـی تێـدا بـووە. لـە ئەنجامـدا ٤ پولیـس کـوژراون، ٤ی دیکـە برینـدار بوونـە، و ٢ی دیکـە گیـراون. دوو کـەس بـە سـەلامەت ڕزگاریـان بـووە و گەڕاونەتـەوە کەرکـووک و باسـی ڕووداوەکەیـان کـردووە."

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئابووری و دارایی**

**٥ی نیسانی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: کابینەی وەزیران، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بابەت: نامەی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بۆ سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی عێراق**

لە درێژەی ئەو تیلێگرامەدا کە ٣٠ی ئادار بۆ بە وەزارەتی دەرەوەی[فەڕەنسا] ناردبووم، دەقی وەرگێڕدراوی ئەو نامەتان بۆ دەنێرم کە نووسینگەی جێبەجێکاری شۆڕشی کورد لە ٢٤ی شوبات ناردوویەتی بۆ بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی عێراق. بەڕێز ستیوارت دوو ڕۆژ دوای گەیشتنی نامەکە، یانی ڕۆژی ٢٨ی ئادار، ناردوویەتی بۆ وەزیری نەوتی عێراق و جەختی کردووەتەوە لە هیچ حاڵەتێکدا کۆمپانیاکەی پەیوەندی لەگەڵ کوردە ڕاپەڕیوەکان نەبووە و بەتەما نییە وەڵامیان بداتەوە. بەڕێز شوکری ساڵح زەکی [ وەزیری نەوتی عێراق] لە وەڵامدا بەڵێنیداوە بارودۆخی ئاسایشی ناوچەی دەرهێنانی نەوت قایمتر بکات.

تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم ئەوە بۆ نزیکەی دوو مانگ دەچێت ڕاپەڕیوەکان لە ناوچەی کەرکووک جموجۆڵیان هەیە و هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی پۆلیسی تایبەتی نەوت کە لە ژێر فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی عێراقدان، بەڵام لە لایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە سەپەرشتی دەکرێن و نزیکەی ٥٠٠ پۆلیسی کوردیشی تێدایە. کەوابوو بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت هەڕەشەکانی بارزانی بە شتێکی کەم نازانێت.

**ئەمە دەقی نامەکەی شۆڕشی کوردە:**

**ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش**

بۆ: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کۆمپانیاکانی نەوتی عێراق و بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک

بەڕێز، ڕابەرایەتی شۆڕشەکەمان پێشتر چەندجار کۆمپانیاکانی نەوتی لە عێراق ئاگادار کردووەتەوە دەربارەی ئەو نەهامەتییە گەورەیەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە و جەختی کردووەتەوە کە زۆربەی داهاتی عێراق هی فرۆشتنی نەوتە و ئەم داهاتە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەو شەڕە داگیرکارانەیە کە دەوڵەتی عێراق دژی نەتەوەکەمان ئەنجامی دەدات.

ئێمە داوای بەشێک لەم داهاتەمان کردبوو بۆئەوەی بیدەین بە کەسوکاری قوربانیانی شەڕ کە گیانیان لەدەستداوە و ماڵوحاڵیان خاپور بووە، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکی ڕوونی ئێوەمان بەدستنەگەیشت.

ئێمە نە دەمانەویست کردەوەی توندوتیژانە دژی کۆمپانیاکانی نەوت ئەنجام بدەین، نە دەمانەویست کێشە و سەرئێشەیان بۆ دروست بکەین، بۆیە هەندێ لە هەڤاڵەکانمان پێشنیاریان کرد ببن بە ناوبژیوان لە نێوان ئێمە و ئێوەدا، بۆیە ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بڕیارماندا جارێ دان بە خۆماندا بگرین، بەڵام ئێستا کە گەلەکەمان ئەم هەموو قوربانییەی داوە و داهاتی نەوتە کە بووەتە هۆی بەردەوامبوونی شەڕەکە، بڕیارمان داوە ئیدی دان بە خۆماندا نەگرین و هەنگاوی پێویست هەڵدەگرین بۆ داکۆکیکردن لە خۆمان و لاوازکردنی سەرچاوەی داهاتی سەربازیی دەوڵەتی عێراق. بە دڵنیاییەوە لەم پەیوەندییەدا هێرش دەکەینە سەر دامەزراوەکانی نەوت. ئەمەتان پێناڵێین تەنیا بۆئەوەی بتانترسێنین و بتانتۆقێنین، چونکە هەروەک خۆتان باشتر دەزانن ئێمە ئێستا پێداویستی و کەرەستەی سەربازیمان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بۆ نموونە جارێ هێرش دەکەینە سەر ئەو دامەزراوانەی زۆر گرنگ نین، بۆئەوەی زەرەور و زیانێکی ماددیی زۆرتان لێنەکەوێت.

هیوادارین لەم پەیوەندییەدا وەڵامێکی ڕوون و ڕاشکاومان بدەنەوە. هەوڵەکانی

ئێمـە لەجێـی خۆیدایـە و لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی ڕەوادایـە.

**ئەنجوومەنی ڕابەرایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق**

**نووسینگەی جێبەجێکار**(١)

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە لەنـدەن لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە هەمـان ڕۆژ یانـی ٥ی نیسـانی١٩٦٦ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـا ئـاگاداری ئـەو نامەیەیـە کـە ئەنجوومەنـی شـۆڕشـی کـورد ناردوویەتـی بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق، پێیوایـە ئەمـە شـتێکی نـوێ نییـە و پێشـتر چەندجـار کـوردە ڕاپەڕیـوەکان هەڕەشـەی لـەو جۆرەیـان کـردووە بێئـەوەی هیچـی جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام لەوانەیـە ئەمجـارە شـتێک بکـەن و پێیانوایـە مەترسـی لەئارادایـە. وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـا ئـەو کارەی پێباشـە کـە بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای نـەوت کردوویەتـی و نامەکـەی نـاردووە بـۆ وەزیـری نەوتـی عێـراق، بـەڵام دەوڵەتـی بەریتانیـا لـەم پەیوەندییـەدا داوای هیـچ لـە دەوڵەتـی عێـراق نـاکات."

(١) لـە کۆتایـی نامەکـەدا بـێ دانانـی ڕۆژ و مانـگ، تەنهـا نـووسراوە ١٩٦٤. پێموابێـت ئەمـە هەڵەیـە، سـاڵی ١٩٦٦ ڕاسـتە. وەرگێـڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٢ی نیسانی ١٩٦٦**

**بابەت: هەوڵە سیاسییەکانی عێراق بۆ کۆتاییپێهێنان بە ڕاپەڕینی کورد**

ڕۆژی ٩ی نیسان وەزیری کاروباری دەرەوەی عراق، پێشوازی لێکردم. بەڕێز پاچەچی وتی گرنگترین مەسەلەیەک کە دەوڵەتی عێراق پێیەوە سەرقاڵە ئەوەیە کۆتایی بە ڕاپەڕینی کورد بێنێت. لە پێناو ئەم ئامانجەدا سەرۆک کۆمار ڕێنوێنی کردووە سیاسەتی دەرەوەی بەرەو باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت و ئێران بباتەپێش، بۆئەوەی کارئاسانی بۆ کۆتاییپێهێنان بە ڕاپەڕینی کورد بکرێت. وتی لەم پەیوەندییەدا کۆماری یەکگرتووی عەرەب ڕازی بووە هێزە چەکدارەکانی بکشێنێتەوە کە لە ئەیلوولی ١٩٦٤ەوە لە بەغدان. وتی ئەم هەنگاوە بە قازانجی ئێران لەیەکدەدرێتەوە، چونکە ئێران بەڕاستی دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق باش بکات.

بەڕێز پاچەچی وتی کابینەی وەزیرانی عێراق لەو باوەڕەدایە کە ناتوانێت تەنیا بەڕێگای گوشاریی سەربازی کۆتایی بە ڕاپەڕینی کورد بێنێت، بۆیە هاوکات دەیەوێت هەنگاوی سیاسیش هەڵبگرێت، بۆیە دەستیانکردووە بە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرەکانی بارزانی. وتی دەوڵەتی عێراق سێ پرۆژەی ئامادەکردووە بۆ سەقامگیریی عێراق پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، کە ئەمانەن:

١- ئۆتۆنۆمیەکی گەورەی ئیداریی خۆجێیی بۆ کورد.

٢- پێکهێنانی پەرلەمان پێش کۆتاییپێهاتنی ئەمسال.

٣- دامەزراندنی حیزبێک، لە ژێر ڕۆشنایی یەکێتیی سۆسیالیستیی عەرەبی مسر. هیچ کەسێک ناتوانێت ببێت بە کاندید بۆ هەڵبژارنەکانی پەرلەمان ئەگەر ئەندامی ئەم حیزبە نەبێت.

وەزیری دەرەوەی عێراق هیچ باسی چارەسەرکردنی کێشەی نەوتی نەکرد.

**دۆماغسای**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێـکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢ی نیسـانی١٩٦٦ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "سـوپای عێـراق خـۆی ئامـادە دەکات لـە چەنـد ڕۆژی داهاتــوودا هێرشـێک لــە ناوچــەی حاجــی عومــەران ئەنجـام بــدات بۆئــەوەی هێڵـی پەیوەندیـی نێـوان کـوردە ڕاپەڕیـوەکان لەگـەڵ سـنووری ئێـران بپچڕێنێـت. مارشــاڵ عــارف ڕایگەیانــدووە زۆر خۆشـبینە بـە سـەرکەوتنی ئـەم هێرشـە، جەختـی کردووەتـە ڕاپەڕیــن بەمزوانــە کۆتایــی پێدێــت. ئـەو سـەربازانەی ڕایانکـردووە یـان سـەرپێچیان لــە جێبەجێکردنــی ئەرکەکانیــان کــردووە، پــاش چەنــد ڕۆژ ڕاهێنــان دەنێردرێنــەوە بــۆ باکــوور بــۆ شــەڕکردن."

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـی دیکـەدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٥ی نیسـانی١٩٦٦ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "سـەرۆک کۆمـاری نوێـی عێـراق کۆمەڵێـک لێدوانـی دەربـارەی کێشـەی کـورد داوە". ڕۆژنامـەی المنـار ٢٣ی نیسـان نووسـیویەتی: "مەسـەلەی سـەرەکی دەوڵەتـی نوێـی عێـراق ئەوەیـە کۆتایـی بـە ڕاپەڕینـی کـورد بێنێـت، ئاشـتی و سـەقامگیری بچەسـپێت، هەڵبژاردنـی پەرلەمـان بکرێـت و یاسـای هەمیشـەیی پەسـەند بکرێـت بـۆ چاکسـازیی زەویـوزار و گەشـەی ئابـووری. ئەگـەر ئۆپەراسـیۆنەکانی سـوپا لــە باکــوور بــۆ دەسـتبەرکردنی ئارامیـی سـەربکەوێت یاسـایەکی نـوێ بـۆ ئیـدارەی خۆجێیـی پەسـەند دەکرێـت و ڕێگـە بـە کـورد دەدات هەڵبـژاردن بکـەن بـۆ هەڵبژاردنـی ئەندامانـی ئەنجوومەنەکەیـان بۆئـەوەی یاسـا بـۆ خۆیـان پەسـەند بکـەن. هەرچەشـنە پێشـکەوتنێک لـەم بـوارەدا ڕێـگا خـۆش دەکات بـۆ گۆشـگیرکردنی جیاخـوازان و لەناوبردنیـان بـۆ هەمیشـە."

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٣ی ئایاری ١٩٦٦**

**بابەت: سەردانی نوێنەری بارزانی بۆ ئەوڕوپا**

مەحمود عەلی عوسمان کە دکتۆرای لە یاسا[١] هەیە بە ناوی (عوسمانی) بە پاسپۆرتی ئێران ئەمدواییە لە تاران هاتووە بۆ مونیخ و هەفتەیەک لەوێ ماوەتەوە. ناوبراو نامەیەکی مستەفا بارزانی پێیە کە تێدا نووسراوە عەلی عوسمان نوێنەری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی [کورد] و پارتی دیموکراتی کوردستانە. ناوبراو بۆ ئەم مەبەستانە هاتووە بۆ ئەوڕوپا:

- بزانێت تا چ ڕادەیەک پەیوەندیی نهێنی لە نێوان کورد و لایەنگرە ئەوڕوپاییەکانیان دروستبووە.
- لەگەڵ کاربەدەستانی ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەڕەنسا پەیوەندی بگرێت بۆئەوەی لە بارودۆخی کوردستان ئاگاداریان بکاتەوە.
- یارمەتی ماددی، دەواودەرمان و جلوبەرگ و بەتانی کۆبکاتەوە.

بە وتەی خۆی، سەردانەکەی عەلی عوسمان بۆ ئەڵمانیا سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتە پەیوەندیی سیاسی بگرێت، وادیارە سەردانەکەی بۆ بەریتانیاش بە هەمان شێوە سەرکەوتوو نابێت.

ناوبراو لە ٧ی ئایارەوە لە پاریسە، هیوای هەڵچنیوە بتوانێت سەرنجی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ بەرەولای کورد ڕابکێشێت. ژەنەڕاڵ دیگۆڵ زۆر باش کورد دەناسێت. ئەوکاتەی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک بووە، کتێبێکی دەربارەی مەسەلەی کورد نووسیوە.

(١) دۆکتۆر مەحمود پزیشک بووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی ئایاری ١٩٦٦**

**بابەت: شەڕی خوێناویی لە نێوان کورد و سوپای عێراق**

ڕۆژی ١٦ی ئایار وەزیری بەرگریی نیشتمانیی عێراق، ڕایگەیاند لەم ڕۆژانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانی کوژراون و بریندار بوونە کە بە وتەی ڕۆژنامەکان هەزار کوژراو و دوو هەزار بریندارە. لە بەرامبەردا بە گوێرەی زانیارییەکان لە ئەنجامی هێرشێکی خوێناویی ڕاپەڕیوانی کورد لە ناوچەی ڕواندوز، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق بوونەتە قوربانی.

یەکێ لە کەسایەتییە کوردەکان کە ئەمدوایانە بەر بووە [(١)] کە سەرۆک عارف داینابوو بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ نوێنەرەکانی بارزانی بۆ وتوویژ بۆئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، پێی وتم شەڕ کە بەهۆی مردنی مارشاڵ عارف ڕاوەستابوو، ئەم ڕۆژانە بە دەستپێشخەریی سوپای عێراق دەستیپێکردووەتەوە و لە ئەنجامدا چەند کەس کوژراون.

[کوردە ڕاپەڕیوەکان]هێرشیان کردووەتە سەر دامودەزگای کۆمپانیای نەوتی کەرکووک لە ١٢ی ئایار، هێرشەکە زەرەو و زیانێکی زۆری بەدواوە نەبووە.

**دۆماغسای**

(١) وادیارە دەوڵەتی عێراق گرتوویەتی لە کاتی سەردان بۆ بەغداد. وەرگێڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانیایی بە ناوی سیمۆن موریسۆن، لە ١٧ی ئایاری ١٩٦٦ سەردانی بەرەی شەڕی کورد و سوپای عێراقی کردووە، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی گفتوگۆی کردووە. موریسۆن وتوویەتی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق کوژراون، بڕێکی زۆر چەکوچۆڵ، لەوانە هەزار گولە تۆپ کەوتووەتە دەستی پێشمەرگە. موریسۆن دەڵێت: "بارزانیم بینی لە پاڵ تاشە بەردێک لە ژێر دارێکدا دانیشتبوو، تفەنگی برنەوی پێبوو". بارزانی وتی: "ئێمە داوای ئەستێرە و مانگ ناکەین، تەنیا داوای ئۆتۆنۆمیەکی سادە دەکەین. داوا دەکەین پەرلەمان لە کوردستان دابمەزرێت و ٢٥ لە سەدی داهاتی نەوتی عێراقمان بدەنێ. دەوڵەتی عێراق دوو مانگ لەمەوپێش نوێنەرێکی کوردی نارد بۆ لام، پێموت ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەوێت و دەمانەوێت بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بەدەستی بهێنین. نوێنەرەکە ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە. لەو کاتەوە گەنج بووم تا ئێستا دیموکراسیم ویستووە. داوا لە زلهێزەکان دەکەم چەکوچۆڵ نەدەن بە عێراق چونکە دژی کورد بەکاری دێنێت."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٨ی ئایاری ١٩٦٦**

**بابەت: شا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردی عێراق دەکات**

چەند ڕۆژێکە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی سوپای عێراق دژی کوردەکان، بەتایبەت لە ناوچەی هەولێر- ڕواندوز بڵاودەبێتەوە. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژنامەکانی ئێران دەڵێن ئەم زانیارییانە لە بەغداوە نایێن، چونکە [ڕۆژنامەکانی عێراق] لەم پەیوەندییەدا هیچ ناڵێن. بە گوێرەی دەنگۆکان کابینەی بەزاز دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بەشێک لە وەزیرەکان داوایان کردبوو [ لەگەڵ کورد] وتوویژ بکرێت بۆئەوەی کێشەکە چارەسەر بێت. پاش مردنی مارشاڵ عارف، دەوڵەتیش لایەنگری وتوویژ بووە. لەم پەیوەندیەدا دەوڵەت زیندانییە کوردەکانی بەرداوە و ڕێگەی پێداون ئیدارەیەکی نوێ پێکبێنن و دانی بە مافەکانی کورددا ناوە. بە وتەی ئاژانسی هەواڵی ئێران پرێس، خودی دکتۆر بەزاز ڕازی نەبووە کردەوە [سەربازییەکان] بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کورد بەردەوام بێت چونکە کاریگەری خراپی لە سەر ئابووری وڵات، ورەی سوپا و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دەرەوە دەبێت.

ڕۆژنامەی ( اطلاعات) دەڵێت قسەکانی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ داواکارییەکانی کورد ناتەبایە، دەوڵەت نایەوێت داواکارییەکانی کورد قەبوڵ بکات، تەنیا دەیەوێت کوردەکان بە سادەیی تەسلیم بن. ڕۆژنامەکان لە زمانی فەرماندە کوردەکان یان ئێزگەی ڕادیۆی کوردەوە دەڵێن پێکدادانەکان ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەبێت و لە ئەنجامدا بە گشتی ژمارەی کوژراوەکانی سوپای عێراق لە کورد زیاترە. زەحمەتە بزانین ئەم زانیاریانە چەندە ڕاستن. بەلەبەرچاوگرتنی مەسەلەی وتووێژەکانی ئێران و عێراق، کاربەدەستانی ئێران پێیانخۆشە ڕۆژنامەکان بە زیادەڕۆییەوە باسی سەرکەوتن و داواکارییەکانی کورد بکەن، بۆئەوەی پێگەی ئێران بەهێزبێت ئەگەر هات و ئێران لەگەڵ عێراق وتووێژی کرد. هەر لەم ڕێڕەوەدا ئێران درێژە بە یارمەتیدانی کوردەکان

دەدات، تەنانـەت کاربەدەسـتانی بـاڵاش نایشـارنەوە کـە یارمەتـی کورد دەدەن. بـۆ نموونـە سـێ هەفتـە لەمەوپێـش مـن و بەڕێـز ژان شـۆڤێل چووین بـۆ لای شـا، پرسـیارمان لێکـرد بۆچوونـی چییـە دەربـارەی دانیشـتنی نوێـی تاشـکەند کـە سـۆڤیەت بەرنامەی بۆداڕشـتووە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و ڕۆژنامەکانیـش باسـیان کـردووە. شـا لـە وەڵامـدا وتـی: "... ڕوسـەکان هیچیـان بـۆ کـورد نەکـردووە. کـێ یارمەتـی کـورد دەدات؟ ئێمـە."

بـە گوێـرەی زانیارییەکانـی سـەرچاوە متمانەپێکـراوەکان، چەنـد ڕۆژ لەمەوپێـش دەوڵەتـی عێـراق بـە جیـددی هۆشـداریداوە بـە باڵوێـزی ئێـران کـە یارمەتییەکانـی ئێـران [ بـە کوردەکان] لـەم ڕۆژنایـەی دواییـدا زیـادی کـردووە. دەوڵەتـی عێـراق ئـاگادارە کـە لـە سـنووری ئێرانـەوە چەکـی سـووک و شـتی دیکـە دەچێـت بـۆ کـوردەکان، هەروەهـا پێداویسـتی و چەکوچـۆڵ لـە ئیسرائیـل بـە فڕۆکـە دەگوازرێتـەوە بـۆ ئێـران بۆئـەوەی بنێردرێـت بـۆ کـورد.

بـە گوێـرەی ئـەو زانیاریانـەی بـە دەسـتم گەیشـتووە شـا کاروبـاری پەیوەندیـدار بـە ڕاپەڕینـی کـوردی داوەتـە دەسـتی نوسـینگەی دووەمـی سـوپا، نـە سـاڤاک (دەزگای تایبـەت). ئەمـە یانـی شـا، وەک سـەرۆکی بـاڵای سـوپا، دەیەوێـت لـە نزیکـەوە ئاگاداریـی دۆسـییەی ڕاپەڕینـی کـورد بێـت.

**سیڤان**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٣ی ئایاری ١٩٦٦**

**بابەت: شەڕی خوێناوی لە چیاکانی کوردستان**

**ئاماژە بە تیلیگرامی ٣١٧ی پێشوومان**

ڕۆژی ٢١ی ئایار سوپای عێراق داوای لە کوردە ڕاپەڕیوەکان کردووە چەک دابنێن و خۆیان تەسلیم بکەن، چونکە گەمارۆ دراون. ئیزگەی ڕادیۆی هێزە چەکدارەکانی عێراق ڕایگەیاند:

"کوڕێکی مەلا مستەفا بارزانی[١] لە شەڕدا کوژراوە. لە ئەنجامی هێرشێکی هێزی ئاسمانیدا، هێزەکانی سوپا بەسەر بەشێکی گرنگی یاخیبووانـدا سەرکەوتوون.١٥٠ هەڤاڵی بارزانی کوژراون و ٢٠٠ کەس خۆیان تەسلیم کردووە. دەوڵەتی ئێران ڕەتی کردووەتەوە تیماری ١٢٠ی برینداری لە نەخۆشخانەکانی نزیک سنوور کردبێت."

بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە، کەسایەتییە ئاینییەکانی بەغدا پیرۆزباییان لە سوپا کردووە بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە درەوشاوەیەی بەسەر جیاخوازاندا.

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، دەوڵەتی عێراق هەوڵ دەدات لەگەڵ نوێنەرانی بارزانی پەیوەندی بگرێت بۆ وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، هاوکات درێژە بە هێرشەکانی دەدات بە گوێرەی پلانەکانی ژەنەڕاڵ عوقەیلی، وەزیری پێشووی بەرگریی نیشتمانی، دژی ڕاپەڕیوە کوردەکان لە ناوچەی ڕواندووز.

وادیارە ژمارەیەکی زۆر لە هەر دوولا کوژراون.

**دۆماغسای**

(١) مەبەستی ئیدریس بارزانی یە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**۳۱ی ئایاری ۱۹٦٦**

**بابەت: حکومەتی عێراق کەرکووک و مووسڵ تەعریب دەکات**

هەرچەندە باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا نەیتوانیوە دەربارەی شەڕی نێوان هەڤاڵانی مەلا [مستەفا] بارزانی و هێزەکانی سوپای عێراق لە باکوور زانیاریی ورد و دروست وەدەستبخات، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆمەڵێک زانیاریی لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە، بەتایبەت لە لەندەن بەدەستگەیشتووە کە پشتڕاستی دەکاتەوە کوردە ڕاپەڕیوەکان لە ناوچەی ڕواندوز لە ۱۱ی مانگی ئایاردا دەردێکی گرانیان بە سوپای عێراق داوە. لەشکرێکی عێراق بەتەواوی شکستیهێناوە و کۆمەڵێکی زۆر چەکۆچۆڵ کەتووەتە دەستی هەڤاڵەکانی ڕابەری کورد.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە هێرشی بەهار (کە لە تیلیگرامی ژمارە ۲۰٦٦-٦٠دا ئاماژەم پێکردووە) لە ۲ی ئایار دەستپێکردووە بێ ڕەزامەندیی سەرۆک وەزیرانی عێراق. بە وتەی بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی [وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا] سوپا سەرەڕۆیانە هێرشەکەی ئەنجام داوە، چونکە ناڕازی بووە لە سیاسەتی بەڕێز بەزاز، لە کۆتایی مانگی نیساندا بەزازی تۆمەتباری کردووە کە نە تەنیا لەبەرامبەر یاخیبوواندا زۆر دان بە خۆیدا دەگرێت، بەڵکوو داوای لە سوپاش کردووە خۆی تێکەڵی سیاسەت نەکات. بە تێکدانی ئەو نیمچە ئاگربەستە کە بە هەوڵی بەڕێز بەزاز هاتبووە ئاراوە بۆئەوەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی وتووێژ بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، سوپا دەیەویست بیسەلمێنێت کە سەرۆک وەزیران تەنیا بڕیاربەدەستی سیاسەتی عێراق نییە.

ئێمە و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێمانوایە پێکدادان لە نێوان دەوڵەت و سوپادا ڕوودەدات. بەهۆی پشتیوانیی سیاسەتمەدارەکان لە ژەنەڕاڵ عارف لەلایەک

و بەڕێز بەزاز لەلایەکی دیکەوە بووە کە تا ئێستا قەیرانەکە کۆنترۆڵ کراوە. سوپا هێشتا قسەی کۆتایی خۆی نەکردووە و پرسیارێک کە لە ئارادایە ئەوەیە ئایا لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرۆک عارف لایەنی سەرۆک وەزیران دەگرێت یان نا؟.

ئێمە لە واشنتۆن کارەکانی سوپامان پێ باش نییە، چونکە جارێکی دیکە ئەو هەلانە لەباردەبات کە پاش مردنی بەقەزا و قەدەری مارشاڵ عارف[١] ڕەخساوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە واشنتۆن کۆمان کردووەتەوە ڕاپەڕیوانی [کورد] جارێکی دیکە پێگەی خۆیان قایم کردووە. ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز)یش سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەمانی شتی وت. بە وتەی هەواڵنێری ڕۆژنامەکە لە لەندەن، لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا ئێستا هێزی سەربازیی ژەنەڕاڵ بارزانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بووە و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بووە بە خاوەن ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان کە هەم لە ڕووی ئیداری و هەم لە ڕووی دارایی و دادپەروەرییەوە بێ هاوتایە. لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی ئەم ڕۆژنامەیە، ژەنەڕاڵ بارزانی ناتوانێت درزی نێوان کوردەکان کەم بکاتەوە.

لە کۆتاییدا ( نیۆیۆرک تایمز) باسی هەڕەشەی [کورد] لە دامودەزگای نەوتی باکووری کردووە و دەڵێت دەوڵەتی عێراق هەنگاوەکانی خێراتر کردووە بۆ دەرکردنی کورد لە ناوچەی کەرکووک و مووسڵ و تەعریبی ناوچەکە.

**لوسێت**

(١) مەبەستی کەوتنە خوارەوەی هیلیکۆپتەرەکەی عەبدوسەلام عارف، سەرۆک کۆماری عێراقە لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٦ لە مووسڵ کە بووە هۆی مردنی. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق دەڵێت کوردی بەزاندووە**

**ئاماژە بە تیلیگرامی ٣٢٥ی پێشوومان**

لە ڕاگەیاندننامەیەکدا کە دەستی هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵی مسر کەوتووە، وەزیری بەرگریی نیشتمانی [عێراق]، پیرۆزبایی لە خەڵک کردووە بە بۆنەی سەرکەوتنی هێرشەکانی [سوپای] عێراق لە ناوچەی ڕواندووز. [بە وتەی خۆیان] هێزەکانی حکومەت توانیویانە ژمارەیەکی زۆر لە یاخیبووان بکوژن و لە شاخەکان دەریان بکەن. ڕۆژی ٢٧ی ئایار فەرماندەی یەکەی یەک لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی هێزە چەکدارەکاندا ڕایگەیاند ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای عێراق لە چل کەس تێنەپەڕیوە.

ژەنەڕاڵ شوکری جەختی کردەوە کە هاوکات لەگەڵ کردەوە سەربازییەکان، سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران داوایان کردووە ئاشتی لە باکووری وڵات بچەسپێت. ژمارەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی، کە متمانەیان بە حکومەت هەیە کە مافە نەتەوەییەکانیان دابین دەکات، خۆیان تەسلیم کردووە.

هیچ ڕاگەیاندننامەیەکی فەرمی لەبەردەستدا نییە کە پشتڕاستی بکاتەوە دەوڵەتی ئێران جارێکی دیکە ناڕەزایەتی دەربڕیبێت بەهۆی بومبباراکردنی گوندەکانی ئێران بە دەستی فڕۆکەکانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، بە وتەی هەندێ ڕۆژنامە، ئێران یادداشتێکی داوە بە عێراق و وەزیری دەرەوەی [عێراق] وادیارە وەڵامی دەداتەوە. لەلایەن خۆیەوە وەزیری بەرگری نیشتمانی بانگەشەکانی ئێرانی بەدرۆ خستوەتەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراوە، دەربارەی گرنگبوونی سەرکەوتنەکانی هێزەکانی حکومەت گومان لەئارادایە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەوە زانیاریم بەدەستگەیشتووە کە لە دەوروبەری ٢٥ی ئایار جارێکی دیکە کردەوەی خراپکارانە دژی دامودەزگای کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک ئەنجام دراوە.

**دۆماغسای**

### پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزی فەڕەنسا لە تاران لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٥ی حوزەیران ئاماژەی بەوە کردووە: "ئەمڕۆ ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە فڕۆکەکانی عێراق دیسان هێرشیان کردووەتە سەر گوندی تەمەرچین، لە کوردستان. هێرشەکە تەنیا زەرەری مادی بەدواوە بووە. دەوڵەتی عێراق تا ئێستا هیچ بایەخی بە یادداشتەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی ئێران نەداوە. وادیارە ناکۆکیەکانی ئێران و عێراق سەرەڕای بەردەوامبوونی وتوویژ چارەسەر نابێت. باڵوێزی ئێران لە بەغدا ئەمدواییانە لەگەڵ بەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراق دیداری کردووە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت:حکومەتی عێراق دەیەوێت لەگەڵ بارزانی وتووێژ بکات**

لـە لێدوانێکـدا کـە ١٥ی حوزەیـران لـە تەڤەلزیۆنی[عێـراق] بڵاوبـووەوە، سـەرۆک وەزیـران باسـی کۆمەڵێـک مەسـەلەی ناوخـۆ و دەرەوەی عێراقـی کـرد.

دکتـۆر بـەزاز سـەرەتا ئـەو دەنگۆیانـەی بەدرۆخسـتەوە کـە بـاس لـەوە دەکـەن بەهـۆی ناکۆکـی لـە نێـوان ئـەو و سـەرۆک کۆمـار لـە لایـەک و دەوڵـەت و سـوپا لەلایەکـی دیکـەوە، کابینەکـەی دەسـتی لەکارکێشـابێتەوە. وێـڕای ئاماژەکـردن بـەوەی بەرپرسـیارێتی هەڵدەگرێـت، جەختـی کـردەوە دەیەوێـت هەیمەنـەی پەرلەمـان زیندووبکاتـەوە و دەسـەڵات ڕادەسـتی ئـەو کەسـە بـکات کـە خەڵـک هەڵیدەبژێرێـت. لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کێشـە ئابـووری و داراییەکانـدا، نەیشـاردەوە لـە بارودۆخەکـە ڕازی نییـە و وتـی دەبـێ بـۆ باشـترکردنی، قوربانـی بدرێـت. وتـی بڕیاریـان داوە بـاج زیـاد بکـەن و دەبـێ خەڵـک قەبوڵـی بـکات. وتـی ئەگـەر پـرۆژەی نوێـی بودجـە وەکـوو پێویسـتیش نەبێـت، ئەمساڵ بەپێچەوانـەی سـاڵی ڕابـردوو لـە سـەر بنەمایەکـی پتـەو دانـراوە.

گرنگتریـن بەشـی لێدوانەکانـی دەربـارەی کێشـەی کـورد بـوو. سـەرۆک وەزیـران پیرۆزبایـی [لـە خەڵـک] کـرد بـە بۆنـەی دەسـتپێکردنی ڕەوتـی وتووێـژەکان کـە ئێسـتا لەگـەڵ نوێنەرانـی کـورد بەڕێوەدەچێـت و وتـی خـۆی بـە خۆشـبەختترین کـەس دەزانێـت ئەگـەر لـە مـاوەی هەفتەیـەک یـان چەنـد هەفتـەدا بتوانێـت ئەنجامـی وتووێـژەکان ڕابگەیەنێـت. [سـەرۆک وەزیـران] جارێکـی دیکـە داوای لـە یاخیـبووان کـرد چـەک دابنێیـن و بەڵێنیـدا لێبوردنیـان بـۆ دەربـکات و ئـەو ناوچانـە ئـاوەدان بکاتـەوە کـە بەهـۆی شـەڕەوە زەرەروزیانیـان لێکەوتـووە. جارێکـی دی جەختـی کـردەوە دەوڵـەت بەوپـەڕی دڵسـافییەوە دەیەوێـت دان بـە مافـە ئەتنیکییەکانـی کـورددا بنێـت. وتـی هیـچ ڕێگایەکـی دیکە[جگـە لـە وتووێـژ] نییـە بـۆ بەدیهاتنـی ئاشـتی لـە باکـوور، دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە لەبەرچـاو بگریـن

کە عێراق تەنیا هی عەرەب نییە بەڵکوو هی کورد و عەرەبە. دکتۆر بەزاز وتی پاش چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب کاتی خۆی زیاتر دادەنێت.

دەربارەی مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە، سەرۆک وەزیران وتی پەیوەندیی زۆر نزیک هەیە لە نێوان بەغدا و قاهیرە، جەختی کردەوە ئەم پەیوەندییانە قەد ناپچڕێت. [سەرۆک وەزیران] وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی خۆی لە هەمبەر بوونی بنکەی بەریتانیا لە باشووری خاکی عەرەب و کەنداوی فارس، ڕایگەیاند بەمزوانە سەردانی ئەنقەرە دەکات، جەختی کردەوە پەیوەندیەکانی عێراق و تورکیا زۆر باشتر بووە. دکتۆر بەزاز وتی بەداخەوە وتووێژەکانیان لەگەڵ ئێران بێ ئەنجام بووە، سوچی ئەمەی خستە ملی ئێران، لە کۆتاییدا لە بەرامبەر ئێران جەختی لە نیازپاکی عێراق کردەوە.

**دۆماغسای**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژی ٤ی حوزەیران، کوردە ڕاپەڕیوەکان جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر دامودەزگای کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک کە لە ئەنجامدا زەرەو و زیان بە کۆگای گازی ژێنەتۆرەکان[موەلیدە] گەیشتووە. لە ١٢ی ئایارەوە ئەمە سێیەمین جارە هێرش دەکرێتە سەر دامودەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق. لە مانگی ئادار، ئەنجوومەنی شۆڕشی کورد لە نامەیەکدا هەڕەشەی کردبوو هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتی کۆمپانیا".

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت: سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ گۆشەگیرکردنی بارزانی**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٣٨٧ی پێشوومان**(١)

ئەو زانیارییە نوێیانەی ڕۆژانە دەگەن نیشان دەدات ئەگەری سەرکەوتنی لێدوانە خۆشبینانەکانی سەرۆک وەزیران لە ١٥ی حوزەیران دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای ئاشتیخوازانە زیاتر دەبێت.

بەهۆی ئەوەی وتووێژەکانی عێراق لەگەڵ ئێران سەرکەوتوو نەبووە بۆئەوەی ئێران سنوورەکانی دابخات، دکتۆر بەزاز توانیویەتی قەناعەت بە سوپا بهێنێت کە ناتوانن بە ڕێگای سەربازی ڕاپەرینی کورد سەرکوت بکەن و پێویستە بە ڕێگای وتووێژ کێشەکە چارەسەر بکەن.

کردەوە سیاسییەکانی حکومەتی عێراق دوو ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەم، تا ئەو شوێنە بۆیان دەکرێت بارزانی گۆشەگیر بکەن. لەم پەیوەندییەدا دوو سەرکردەی کورد، جەلال تاڵەبانی و حیلمی شەریف کە ئێستا لە بەغدا دەژین لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانەوە بە فەرمی پێشوازییان لێکراوە. [تاڵەبانی و شەریف] بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە پشتگیری لە داواکارییەکەی دکتۆر بەزاز دەکەن.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجی دووەمدا، یانی کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی، حکومەت لە بەرەی باکوور ئاگربەستی ڕاگەیاندووە بۆئەوەی ڕێگا خۆش ببێت دیسان نوێنەر کە کەسایەتییە کوردەکانن کە یەکێکیان بەڕێز عەلی حەیدەر سولەیمان باڵوێزی عێراق لە ئیتالیایە، بنێرێت بۆ لای سەرکردایەتی ڕاپەڕین، بۆئەوەی پێیانبڵێت حکومەت بە داواکارییەکانیان ڕازییە - بەتایبەت مەسەلەی هێزی پێشمەرگە-.

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

ڕاپۆرتـی ڕۆژنامـەکان بـە تێکـڕا نیشـان دەدات سـەرۆک وەزیـران بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی لـە پارێزگاکانـی باکـوور کۆمەڵێـک هەنـگاوی هەڵگرتـووە.

**دۆماغسای**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٥ی حوزەیـران ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بەڕیوەبـەری کۆمپانیـای نەوتـی فەڕەنسـا ڕۆژی ١٣ی حوزەیـران لەگـەڵ دکتـۆر بـەزاز دیـداری کـردووە. بـەزاز پێیوتـووە گرنگتریـن کێشـەیەک کـە عێراقـی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە کێشـەی کـوردە، هیـوای خواسـتووە بەمزوانـە کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت. بـەزاز جەختـی کردووەتـەوە کـە عێـراق کۆمەڵێـک هەنـگاوی سیاسـی هەڵگرتـووە بۆئـەوەی زۆربـەی کـوردەکان بـەرەولای خـۆی ڕابکێشـیت و ڕابـەری ڕاپەڕیـن، بارزانـی، گۆشـەگیر بـکات."

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقای[وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، کابینەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، قاهیرە، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: ناکۆکییەکانی حکومەت و سوپای عێراق دەربارەی کێشەی کورد**

بە پەرۆشەوە سەیری تیلیگرامی ٣١ی ئایارم کرد کە باڵوێزخانەکەمان لە واشنتۆن ناردبووی بۆ وەزارەتی دەرەوە دەربارەی بارودۆخی ناوخۆی عێراق. ئەو زانیارییانەی وەزارەتی دەرەوەی[ئەمریکا] کۆی کردوونەتەوە لەگەڵ زانیارییەکانی ئێمە بە گشتی یەکدەگرن.

پەیوەندییەکانی نێوان دکتۆر بەزاز و سوپا هێشتا لە ژێر کاریگەریی کێشەکەی ٢٣ی نیساندایە کە سەرۆک وەزیران، چەند ڕۆژ دوای مردنی مارشاڵ عارف بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو خەڵکی عێراق دەیەوێت حکومەتی سەربازیی لەم وڵاتە کۆتایی پێبێت. ئەفسەرە باڵاکانی سوپا بەردەوام داوا دەکەن بۆئەوەی شۆڕش شکست نەهێت، سەرکردایەتی سەربازی نابێ دەستێوەردان لە کاروباری حکومەتدا بکات. دوابەدوای ئەم هەڕەشانە، دکتۆر بەزاز درێژەی بە کارەکانی دا.

لە لێداوانەکەیدا لە تەلەڤزیۆن لە ١٥ی حوزەیران، سەرۆک وەزیران دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی بەدرۆ خستەوە، جەختی کردەوە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێت، وتی دەیەوێت هەیمەنەی پەرلەمان زیندوو بکاتەوە، و دەسەڵات ڕادەستی ئەو کەسە بکات کە خەڵک هەڵیدەبژێرێت. وتی لە بودجەی ئەمساڵدا

پـارە تەرخـان کـراوە بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمـان و هەڵبژاردنـی ئەندامانـی خولـی داهاتـووی پەرلەمـان کـە دەبـێ پێـش لـە ئایـاری ١٩٦٧ دەسـبەکار بـکات و قۆناخـی گواسـتنەوەی دەسـەڵات دەسـپێبکات.

ژەنـەڕاڵ عەبدولڕەحـمان عـارف، سـەرۆک کۆمـار، لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـێکی لوبنانـی وتـی هیـچ پێویسـتی نەدەکـرد کابینـە بگۆڕدرێـت، چونکـە سـەرۆک وەزیرانـی ئێسـتا کەسایەتییەکی بەهێـز، بەوەفـا و پێشـکەوتووە و بەشـداربووە لـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨دا و دژی ڕژێمـی ژەنـەڕاڵ قاسـم خەباتـی کـردووە.

ئـەو زانیارییانـەی بەدەسـت باڵوێزخانەکەمـان کەوتـووە نیشـان دەدات دکتـۆر بـەزاز ئـاگاداری هێرشـەکەی سـەرەتای ئایـاری سـوپا بـۆ سـەر بنکەکانـی هەڤاڵانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی لـە ناوچـەی ڕوانـدوز نەبـووە. کەسـایەتییەکی کـورد کـە ڕاسـپێردراوە لەگـەڵ سـەرۆکی ڕاپەڕیـن قسـە بـکات بۆئـەوەی بـە ڕێـگای وتووویـژ کۆتایـی بـە کێشـەکە بێـت، لـە ١٥ی ئایـار پێیوتـم پـاش ئاگربەسـتێک کـە بەهـۆی مردنـی مارشـاڵ عارفـەوە هاتبـووە ئـاراوە، شـەڕ بـە دەستپێشـخەریی سـوپا دەسـتیپێکردووەتەوە و لـە ئەنجامـدا وتوویـژەکان کۆتایـی پێهاتـووە.

زانیارییـەکان پشتڕاسـتی دەکاتـەوە کـە ڕاپەریوانی[کـورد] لـە سـەرەتای هێرشـەکەوە لــە ناوچــەی ڕوانــدوز دەردێکــی گرانیــان بــە هێزەکانــی ســوپای عێــراق داوە و پێشــمەرگەکان ســەرکەوتوون.

ڕاپۆرتـی ڕۆژنامـەکان بـە تێکـڕا نیشـان دەدات سـەرۆک وەزیـران بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی لـە پارێزگاکانـی باکـوور کۆمەڵێـک هەنـگاوی هەڵگرتـووە. ئەگـەر سـەربکەوێت، دەسـەڵاتی بـۆ درێژخایـەن پتەوتـر دەبێـت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت: پەیامی بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٤٥٩ی ٢٢ی حوزەیران[١]**

لێژنەیەکی کورد [دوێنێ] ٢٣ی حوزەیران هاتووەتە بەغدا و لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانەوە پێشوازیی لێکراوە. لێژنەکە پەیامێکی مەلا مستەفا بارزانی تەسلیم بە ژەنەڕاڵ عارف کردووە کە تێیدا بارزانی سەرەخۆشی لێکردووە بە بۆنەی مردنی براکەی و هیوای خواستووە سەرۆک کۆمار ئاشتی و برایەتی نێوان کورد و عەرەب بچەسپێنێت.

لە وەڵامدا، سەرۆک کۆمار سوپاسی ڕابەری کوردی کردووە، ڕایگەیاندووە کورد و عەرەب بران کە لە یەک وڵاتدا دەژین و مافی یەکسانیان هەیە.

لە پەیامی دووەمدا بۆ سەرۆک وەزیران، بارزانی پیرۆزبایی لە دکتۆر بەزاز کردووە بە بۆنەی لێدوانەکانی ئەم دواییەی کە تێیدا نیازپاکی خۆی دەربڕیوە کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان، کۆتایی بە شەڕی براکوژی بهێنێت. سەرۆک کۆماریش لێژنەکەی دڵنیا کردووەتەوە کە دەوڵەتی عێراق دەیەوێت دان بە مافە ئەتنیکییەکانی کورددا بنێت لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا.

چاوەڕوان دەکەین بزانین لە ڕۆژانی داهاتوودا دکتۆر بەزاز، بەوشێوەیەی لە لێدوانەکەی ١٥ی حوزەیراندا ڕایگەیاندبوو، دەربارەی بەئەنجامگەیشتنی گفتووگانیان لەگەڵ ڕاپەڕیوان بۆ دەستەبەرکردنەوەی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور، دەتوانێت هەواڵە خۆشەکە ڕابگەیەنێت.

**دۆماغسای**

---

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت: دەستپێکردنی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٥٨٧ و ٦٠٤ی پێشوومان**[١]

[کاربەدەستانی ئێران و ڕۆژنامەکان ] هیچیان دەربارەی لێدوانەکانی ئەمدواییەی بەڕێز بەزاز لە بەغدا دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای وتووێژ، نەوتووە، بەڵام دڵنیاین شرۆڤەیەکیان دەبێت لەم پەیوەندییەدا، هەرچەند زەحمەتە پێشبینی بکەین ئەم شرۆڤەیە چییە.

مانگی کانوونی یەکەم، کاربەدەستانی عێراق هەوڵیاندا دەوڵەتی ئێران ڕازی بکەن کۆتایی بە یارمەتییەکانی کە هەندێ جار بە ئاشکرا بوو، بە ڕاپەڕیوانی بارزانی بێنێت. ڕووداوەکانی سنوور[٢] کە ڕۆژنامەکان گەورەیان کردبوو، یادداشتی ناڕەزایەتی[ ئێران]، ئاڵوگۆڕکردنی باڵویز[لە نێوان ئێران و عێراق] لە سەرەتای ساڵەوە بەردەوام بووە بێ ئەوەی پەیوەندییەکانی [ئێران و عێراق] باشتر بێت. لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمەوە، هەواڵی وتووێژەکانی تاران و بەغدا هەموو هەفتەیەک بڵاوبووەتەوە، بێ ئەوەی قەد بەڕێوەبچێت.

لەڕاستیدا مەسەلەی پشتیوانیکردنی ئێران لە کورد تەنیا یەکێ لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە. کۆمەڵێک مەسەلەی دیکە هەیە وەک شێوەی هەڵسوکەوتی عێراق لەگەڵ شیعەکان و بەتایبەت مەسەلەی هەستیاری شەتەلعەرەب. وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە تەنیا کاتێک دەستپێدەکات کە کاربەدەستانی ئێران نەرمونیانی بنوێنن لەبەرامبەر هەوڵەکانی عێراق بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران. ئەگەر بەڕێز ئارام، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە هەق یا ناهەق، هەوڵ

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی بۆمبارانکردنی گوندەکانی سنووری ئێران لەلایەن فڕۆکەی عێراقە. وەرگێڕ

بـدات لـە عێـراق و وڵاتانـی عـەرەب بـە گشـتی نزیـک بێتـەوە، شـا ئەوەنـدە دژی دەوڵەتی [عێـراق] نابێـت کـە پەیوەندیـی تایبەتـی لەگـەڵ دەوڵەتـی مـسر هەیـە. تـا ئەوکاتـە کـە کاربەدەسـتانی عێـراق پێدابگـرن لـە وتوویـژ لەگـەڵ ئێرانـدا مەسـەلەی یەکپارچەیـی خاکەکەیـان ناکەنـە قوربانـی [1] شـا پێیوادەبێـت دەوڵەتـی عێـراق بەڕاسـتی سـەربەخۆ نییـە.[2] کەوابـوو بەهـۆی ئـەم هەمـوو بۆچوونـە جیـاوازە، ئەگـەری کەمـە وتووێژەکانـی ئێـران و عێـراق بـە ئەنجـام بـگات.

دەوڵەتـی ئێـران هـەر لـە سـەرەتاوە پێیخـۆش بـووە هێزەکانـی سـوپای عێـراق سـەرقاڵی ڕاپەڕینـی [کـورد] بـن و بێگومـان بـە هیـچ شـێوەیەک پێیخـۆش نییـە ئـەم هەنگاوانـەی دوایـی دەوڵەتـی عێـراق، چارەسـەربوونی کێشـەی ڕاپەڕینـی[ کـورد]ی لێبکەوێتـەوە.

**سیڤان**

(١) مەبەستی ئەوەیە شەتولعەرەب نادەن بە ئێران، کە لە کۆتاییشدا دایان. وەرگێڕ

(٢) مەبەسـتی ئەوەیـە پاشـکۆی کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب بـە سـەرۆکایەتی جەمـال عەبدولنـاسرە، وەرگێـڕ.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە تـاران لـە تیلیگرامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٢ی حوزەیـران ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "دوێنـی لەگـەڵ بەڕێـز قەریـب، سـکرتێری وەزارەتـی دەرەوەی ئێران قسـەم کـرد". وتـی پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق بـاش نەبـووە، جەختـی کـردەوە نـە دەوڵەتـی عێـراق دەتوانێـت کێشـەی کـورد چارەسـەر بـکات و نـە ئێـران پێیخۆشـە بتوانێـت چارەسـەری بـکات. بەڕێـز قەریـب ڕاشـکاوانە وتـی ئەگـەر عێـراق جۆرێـک ئۆتۆنۆمـی بـدات بـە کـورد و حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی کـوردی کەمکـەم دابمەزرێـت، زۆر بـە قازانجـی ئێـران نییـە. وتـی هیـوادارە ئـەم ئۆتۆنۆمیـەی کـوردی عێـراق کێشـە بـۆ کـوردی ئێـران دروسـت نـەکات و کـوردی ئێـران هـان نـەدات، هەرچەنـدە کـوردی ئێـران بـە تـەواوی لـە نـاو ئێرانـدا تواونەتـەوە.

ئـەم بۆچوونـەی بەڕێـز قەریـب ئـەو زانیارییانـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە بـاس لـەوە دەکـەن کاربەدەسـتانی ئێـران گوشـاریان خسـتووەتە سـەر بارزانـی لەگـەڵ حکومەتـی ئێسـتای عێراقـدا وتوویـژ نـەکات، چونکـە سـۆڤیەت دەسـتی هەیـە لـە مەسـەلەکەدا.)

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦**

**بابەت: کێشەی کورد بارودۆخی عێراق تێکدەدات**

ئەمڕۆ، ٣٠ی حوزەیران، کاتژمێر سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ بە فڕۆکە هێرشکرایە سەر کۆشکی سەرۆک کۆماری لە باکووری بەغدا.

هەمان کاتژمێر ئیزگەیەکی ڕادیۆ لە زمانی ئەنجوومەنی شۆڕشەوە بڵاویکردەوە: "هێزە چەکدارەکان بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ عارف عەبدولڕەزاق، ناڕازین لەو هەڵوێستەی دەوڵەتی بەزاز لەهەمبەر کورد گرتوویەتیە بەر[1]. ئەنجوومەنی شۆڕش بڕیاریداوە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و نەگەڕانەوەی عێراق بۆ بارودۆخی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، هاتوچۆ بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بکات، فڕۆکەخانەکان دابخات و جموجۆڵی سەربازی ڕابگرێت."

لە کاتژمێر ٤ و ٤٥ خولەکی پاش نیوەڕۆ [حکومەتی عێراق] داوای لە ژەنەڕاڵ عەبدولڕەزاق عارف کرد فەرمان بە پاسەوانەکانی بدات خۆیان تەسلیم بکەن، بەڵێن دەدەین هیچیان لێنەکەین.

لە کاتژمێر ٥ و نیو، دەنگی تۆپ لە باکووری شاری بەغداوە هات.

ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند فڕۆکەخانەی مووسڵ و حەبانییە داخراوە و فەرماندەی یەکینەی چواری سوپا کراوە بە سەرۆکی فڕۆکەخانەی مووسڵ. هەروەها بڵاویکردەوە هەموو چەشنە هاتوچۆیەک لە ١٧ کاتژمێری ڕابردووەوە ڕاگیراوە.

کاتژمێر ٦ و نیوی پاش نیوەڕۆ دیسان بە فڕۆکە هێرشکرایە سەر کۆشکی سەرۆک کۆماری.

**دۆماغسای**

(١) مەبەستی هەوڵەکانی حکومەتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگای وتووێژ. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١ی تەmmووزی ١٩٦٦**

**بابەت: بارودۆخی عێراق پاش چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٢٣٧ی [کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە] نیۆیۆرک و ٦٥٣-٥٧ی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن**

ڕێککەوتنی نێوان ڕاپەڕیوانی کورد و دەوڵەتی عێراق کە بەڕێز دۆماغسای پێشبینی دەکرد و ئێمە لێرە چاوەڕوانی بووین بێ ئەوەی زۆر هیوادار بین بە ئەنجام بگات، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی[ئەمریکاوە] بە هەند وەرگیراوە. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە ڕێککەوتنەکە زیاتر بە هەوڵی تاکەکەسی بەڕێز عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز کراوە. بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە سەرۆک وەزیرانی عێراق بە سەر کۆمەڵێک کەندوکۆسپی سەختدا سەرکەوتووە: سوپا بە ڕێککەوتنەکە ڕازی نەبوو، لە مەیدانی سیاسەتیشدا تەنیا کۆمەڵێک کەس پشتیوانیان لە هەڵوێستەکەی دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتنیکی کورد کە لە نێو خۆیاندا دابەش بوون بە باڵی تاڵەبانی و بەتایبەت بارزانیدا. کەوابوو زیاتر بە شانس و هەڵکەوت بوو کە پرۆژەکەی بەزاز سەرکەوت.

کەوابوو کۆمەڵێک پرسیار لە ئارادایە:

- ئایا بەڕێز بەزاز دەتوانێت لە درێژخایەندا حیساب لە سەر پێکەوەسازانی دوو باڵی سەرەکیی کورد بکات؟
- هەڵوێستی ئێران چی دەبێت؟ هەروەک بەڕێز سیڤان[1] ئاماژەی پێکردووە ئێران پێیخۆش نییە ڕاپەڕینی کورد کۆتایی پێبێت. ئایا ئێران لە ئاکام و ئەنجامە هەستیارەکانی جێبەجێبوونی ڕێککەوتنامەکە ناترسێت؟[2] چەندە ڕێگا بە کورد دەدرێت چەک هەڵبگرن؟ سنووری جوگرافیای پارێزگا کوردنشینەکان کوێ دەبێت؟ ئایا دەوڵەتی عێراق داهاتی ئەو بەشە نەوتەیانە دەداتێ کە کورد داوای دەکەن.

(١) مەبەستی باڵوێزی فەڕەنسا لە تارانە. وەرگێر

(٢) مەبەستی ئەوەیە کە ڕێککەوتننامەکە کوردی ئێران هان دەدات. وەرگێڕ

تەنانەت ئەگەروا دایبنێین ئەم کەندوکۆسپانە لاببرێت ئایا بەڕێز بەزاز کە شانسی زۆرە سەر لە نوێ لە مەیدانی سیاسەتی عێراقدا بدرەوشێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانتر دەبێت لە بوژانەوەی سیستمی پەرلەمانی، دەتوانێت دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکان کەم بکاتەوە؟ ئایا هێزە چەکدارەکان ڕێگەیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە ناو مەیدانی شەڕ لەگەڵ کورد؟ ئایا هەوڵ نادەن بگەڕێنەوە ناو دەسەڵات؟

ئەم کۆمەڵە پرسیارانە وای کردووە ئەمریکا زۆر خۆشبین نەبێت بە [بارودۆخەکە] و بە باش هەڵینەسەنگێنێت.

کودەتای سەرنەکەوتووی ژەنەڕاڵ عارف عەبدولڕەزاق کە تەنیا ٢٤ کاتژمێر پاش ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی[کورد و عێراق] ئەنجامدرا نیشان دەدات کە ئەم خۆشبین نەبوونەی ئەمریکا لە جێی خۆیدایە.

**لوسێت**

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی تەمووزی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، کابینەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، قاهیرە، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: پلانی دەوڵەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

لە تیلیگرامی ژمارە ٤٥٩ی ٢٢ی حوزەیراندا وەزارەتی دەرەوەی[فەڕەنسا]م لە هەوڵەکانی دەوڵەتی عێراق ئاگادار کردەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد و ئاماژەم بەوە کرد سەرۆک وەزیران هیواداره هەوڵەکان بە زووترین کات سەربکەوێت.

کەوابوو خۆشبینییەکەی دکتۆر بەزاز کە لە لێدوانەکەی ١٥ی حوزەیراندا دەریبڕی (کە لە تیلیگرامی ١٦ی حوزەیراندا ئاماژەم پێکردووە) بە ئەنجام گەیشت. ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران لێژنەیەکی کورد کە پەیامی [بارزانی] پێبوو بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، گەیشتە بەغدا. مستەفا بارزانی ڕاگەیاندنەکەی چەند ڕۆژ پێشتری دکتۆر بەزازی زۆر پێخۆش بوو کە تێیدا وتبووی: "عێراق بە تەنیا هی عەرەب نییە، بەڵکوو هی کورد و عەرەبە".

ڕۆژی ٢٩ی حوزەیران لە ڕاگەیاندننامەیەکی فەرمیدا کە هاوپێچ لەگەڵ ئەم تیلیگرامە دەقە وەرگێڕدراوەکەتان بۆ دەنێرین[1]، سەرۆک وەزیران پلانی

(١) دەقی ڕێکەوتننامەکەم وەرنەگێڕاوە، چونکە لەم تیلیگرامەدا ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکانی کراوە. وەرگێڕ

حکومەتەکـەی بڵاوکـردەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی لـە پارێزگاکانـی باکـوور. چەنـد کاتژمێـر پـاش ئـەوە، سـەرۆکی ڕاپەڕینـی کـورد لـە دوو پەیامـدا بـۆ سـەرۆک کۆمـار و سـەرۆک وەزیـران، ڕەزامەنـدی خـۆی لـە هەمبـەر پێشـنیارەکانی دەسـەڵاتی ناوەنـدی عێـراق دەربـڕی. [بارزانـی] وتـی کـورد پلانەکـەی قەبوڵـە و لـە هەنـدێ لـە داواکارییەکانـی پاشـگەز دەبێتـەوە کـە لـە یادداشـتنامەی ٢٤ی نیسـانی ١٩٦٣ و ١١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٤دا ئامـاژەی پێکـردووە. عێراقیـش ئێسـتا ڕازی بـووە بـە داواکارییەکانـی بارزانـی کـە لـە سـەرەتای ١٩٦٥دا ئامـاژەی پێکردبـوو، بەهـۆی ئـەوەی عێـراق ئەوکاتـە ڕەتیکردبـووەوە، شـەڕ دەسـتیپێکردبووەوە.

کەوابوو دەوڵەتی عێراق ئێستا:

- ڕازییـە وەزارەتێـک بـۆ کاروبـاری کـورد دابمەزرێـت و سـنووری ئێسـتای ئـەو یەکانـە کـە دەکەوێتـە نـاو ئیـدارەی کـوردەوە، ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا بێـت.
- پێداناگرێـت لـە سـەر هەڵوەشـانەوەی هێـزی پێشـمەرگە و ڕازییـە لانیکـەم بـۆ ماوەیـەک، خـۆی [یانـی دەوڵـەت] سەرپەرشـتییان بـکات.
- ڕازییـە سـەرجەم کارمەندانـی ناوچـەی کوردنشـین، کـورد بـن و زمانـی کـوردی لـە زانکـۆ بخوێندرێـت.

بە کورتـی دەوڵەتـی عێـراق بـە فەرمـی دان بـە مافەکانـی کـورد و گرنگبوونـی پێگـەی کـورد لـە عێراقـدا دەنێـت. دەوڵـەت هەروەهـا ڕایگەیانـدوە بەتەمایـە چاکسـازی بـکات بـۆ پێکهێنانـی ئیـدارەی ناوچەیـی لـە سـەر بنەمـای نـا ناوەندێتـی و هـەر ناوچەیـەک بـە گوێـرەی ژمـارەی دانیشـتووەکانی، کارمەنـدی خـۆی هەبێـت و لـە پەرلەمانـی داهاتـوودا نوێنـەری خـۆی هەبێـت.

هەروەها دەوڵەت لە داهاتوودا:

- لێبوردنی گشتی ڕادەگەیەنێت.
- پارێزگا پەیوەندیدارەکان ئاوەدان دەکاتەوە.
- مووچە بۆ قوربانیانی شەڕ دەبڕێتەوە.

- دانیشتوانی دەرکراوی ناوچە [١]دەگەڕێنێتەوە بۆ زێدی خۆیان.
- مووچە بۆ ئەوانە دەبڕێتەوە بەشداری ڕاپەڕینیان کردووە. [٢]

کەوابـوو ئـەم ڕێککەوتنـە پیاوانەیـە کـە لـە نێـوان دەوڵەتـی بەغـدا و ڕابـەری ڕاپەڕینـدا کـراوە، هەنگاوێکـی گرنگـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە. بەڕێـز پاچەچـی، وەزیـری دەرەوەی عێـراق وتوویەتـی ئەگـەر مارشـاڵ عـارف زینـدوو بـا ئـەم ڕێککەوتنـە نەدەکـرا. لەگـەڵ ئەوەشـدا پاچەچـی دانـی بـەوەدا نـاوە کـە هەنـدێ لـە خاڵەکانـی ڕێککەوتنەکـە ڕوون نییـە و دەبێـت بـە کێشـە، وەک: دانانـی هێـزی ئاسایشـی ناوخـۆ بـۆ ناوچـە کوردنشـینەکان، دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت، پەسـەندکردنی یاسـای ئیـداری ناوچەیـی و بەخشـینی دەسـەڵاتی کولتـوری، پـەروەردە و کاروبـاری شـارەوانی لـە هـەر ناوچەیـەک.

خاڵـی کۆتایـی ئەوەیـە کـە دیـاری نەکـراوە ڕێککەوتنەکـە کـەی جێبەجـێ دەکرێـت، چونکـە تـا ئێسـتا تووندوتیـژی نێـوان لایەنـەکان بـە فەرمـی نەوەسـتاوە و هـەر دوولا پێداگـرن لـە سـەر هەڵوێسـتی خۆیـان، هەرچەنـدە نیمچـە ئاگربەسـتێک لـە ئارادایـە.

هـەروەک بەڕێـز عەلـی حەیـدەر سلێمان، باڵوێـزی عێـراق لـە ئیتالیـا کـە ڕۆڵـی گرنگـی بینیـوە لـە وتووێژەکانـدا، ئامـاژەی پێکـردووە سـەرەتا دەبـێ بـوار خـۆش بێـت بۆئـەوەی لایەنـەکان متمانـە بـە یەکـدی بکـەن. کەوابـوو دەبـێ چـاوەڕوان بکەیـن بۆئـەوەی بزانیـن ئایـا ئـەو کاربەدەسـتانە کـە ڕێککەوتنەکەیـان کـردووە، بـێ گوێـدان بـەو شـتانەی لـە ڕابـردوودا ڕوویـداوە و پێشـبینی نەکردنـی ئـەو شـتانەی لەوانەیـە لـە داهاتـوودا ڕوودەدات، دەیانەوێـت ڕێککەوتنەکـە جێبەجـێ بکـەن یـان نـا. هەروەهـا بەتایبـەت دەبـێ چـاوەڕوان بکەیـن بزانیـن کاربەدەسـتانی بـاڵای سـوپای عێـراق کـە زۆربەیـان پێیانبـاش بـووە کێشـەکە بـە شـێوەی دۆسـتانە چارەسـەر بێـت، بۆچوونـی خۆیـان دەگـۆڕن یـان نـا.

(١) مەبەستی قوربانیانی سیاسەتی تەعریبە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی هێزی پێشمەرگەیە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٦ی تەمووزی ١٩٦٦**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت لە هەمبەر ڕێکەوتنی کورد و دەوڵەتی عێراق**

[ڕۆژنامەی پراڤدا] ئەمڕۆ وتارێکی دەربارەی پلانی دەوڵەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای ئاشتیخوازانە بڵاوکردەوە.

ڕۆژنامەی زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، وتی کۆمەڵێک هێز و لایەنی جۆراوجۆر تا ئێستا دژی کۆتاییپێهاتنی شەڕ و ناکۆکی [نێوان کورد و عێراق] بوون: لە لایەکەوە ئیمپریالیستەکان دەیانەویست بارودۆخی شەڕ لە عێراق لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و لایەکی دیکەوە کوردە توندڕەوەکان کە داوای کۆمەڵێک شتی سەختی واقع نەبینانەیان دەکرد.

وتارەکە بە تۆزێ وریاییەوە ئاماژەی بە یەک خاڵی سەرەکی کردووە. پراڤدا بە خۆشحاڵییەوە ڕایدەگەیەنێت: "دەستەبەربوونی ئاشتی لە باکووری عێراق، لە بەرژەوەندی سەرجەم خەڵکی عێراقدایە، بە کورد و عەرەبەوە، و سەرجەم دۆستە ڕاستەقینەکانی عێراق پشتیوانی لە چارەسەربوونی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد دەکەن."

ڕۆژنامەی پراڤدا لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوە کردووە: "بێ ئەوەی هیچ بڵێین دەربارەی ئەو کێشانە کە لەبەردەم جێبەجێبوونی ڕێککەوتنەکەدا دێتە ئاراوە، لەلایەن سۆڤیەتەوە ئێمە بە دڵنیاییەوە پێمانخۆشە ڕێککەوتنەکە بەڕاستی جێبەجێ بکرێت و بۆ هەمیشە کێشەکە چارەسەر بێت". ئەم کێشەیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی سۆڤیەتی خستبووە ناو بارودۆخێکی ناهەموارەوە بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا.

**بۆدێ**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تـاران لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١١ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "وەزیـری دەرەوەی ئێـران، بەڕێـز ئـارام دەربـارەی ڕێککەوتنەکـەی عێـراق و کـورد وتـی: (بارزانـی عاقڵـە و مەرجەکانـی قەبـوڵ دەکات، چونکـە کـورد چاوەڕوانـی ئۆتۆنۆمیەکـی ڕاسـتەقینەیان نەدەکـرد، لـە بەرئـەوەی ئـەم جـۆرە ئۆتۆنۆمیـە نـە بـۆ عێـراق نـە بـۆ وڵاتانـی دراوسـێ بـاش نەدەبـوو."

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی تەمووزی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقای[وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤٩٣ی ٦ی حوزەیران**

**بابەت: بۆچوونەکانی بارزانی دەربارەی پلانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

کۆمیسیۆنێکی تیکەڵی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری عێراق لە لایەک و نوێنەرانی مەلا مستەفا بارانی لەلایەکی دیکەوە ئێستا لە ڕواندووزن بۆ تاوتوێکردنی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی پلانی ٢٩ی حوزەیران کە داڕێژراوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد.

لە میانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئاژانسی هەواڵی عێراق، ڕابەری ڕاپەرین جەختی کردووەتەوە ڕازییە بەم ڕێککەوتننامە باش و پیاوانەیە. بارزانی ڕایگەیاندووە لەمەبەدوا ژیان لە باکوور ئاسایی دەبێتەوە، فەرمانمان بە پێشمەرگەکان داوە چەکە قورسەکانیان ڕادەستی سوپا بکەن، دیلەکان ئازاد بکەن و خۆیان لە هەر چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بە دوور بگرن.

بارزانی وتویەتی خۆزگە بەهۆی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووەوە کێشەکە نەگەیشتبایە بەم ئاستە و ستایشی هەوڵەکان و نیازپاکی دکتۆر بەزازی کردووە. وتویەتی گەلی کورد دەیەوێت لە عێراقدا بژیت، جەختی کردووەتەوە تەنیا

جێبەجێکردنــی ســەرجەم مەرجەکانــی ڕێککەوتننامــەی ٢٩ی حوزەیــران دەبێتــە هــۆی بەدیهاتنــی ئــەو ئامانجانــە کــە خەباتــی بــۆ کــردووە. بارزانــی وتوویــە ئێمــە لــە ڕابــردوو دەرســمان وەرگرتــووە، پێداگــری کــردووە دەبــێ بــە زووتریــن کات باکــوور ئــاوەدان بکرێتــەوە و داوای کــردووە حکومەتێکــی پەرلەمانــی پێکبهێندرێــت، جەختــی کردووەتــەوە کــە یەکگرتنــی عــەرەب لەگــەڵ بەرژەوەندییەکانــی کــورد ناتەبــا نییــە.

لــە کۆتاییــدا، ڕۆژنامەنووســەکەی ئاژانســی هەواڵــی عێــراق ئامــاژەی بــەوە کــردووە مــەلا مســتەفا بارزانــی بــە حــەزەرەوە (ناڕاشــکاوانە) وەڵامــی پرســیارەکانی داوەتــەوە، هەســتی کــردووە کــە بەهــۆی ماندوبوونــی خەڵکــی کــورد، کــورد زۆر بەپەرۆشــە ئاشــتی لــە پارێزگاکانــی باکــوور بچەســپێت و بــە ئارامــی لەگــەڵ پێکهاتەکانــی دیکــەی عێراقــدا بــژی.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە لەنــدەن لــە تیلیگرامێکــدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ١٤ی حوزەیــران ئامــاژەی بــەوە کــردووە: "جــەلال تاڵەبانــی پــاش ئــەوەی لەلایــەن مــەلا مســتەفا بارزانییــەوە لــە حکومەتــی عێــراق نزیــک بــووەوە [بــۆ وتووێــژ]، بــە تــەواوی خــۆی بــە دوور گرتــووە و ئێســتا لــە لەندەنــە. وەزارەتــی دەرەوەی بەریتانیا پێیوایــە بارزانــی هەنــدێ لــە داواکارییــە نوێکانــی حکومەتــی عێــراق قەبــوڵ نــاکات، چونکە بە واتــای تەســلیمبوونییەتی. بــۆ نموونــە بارزانــی ڕازی نابێــت هێزەکانــی حکومــەت بێنــە حاجــی عومــەران، لــە ســەر ســنووری ئێــران و عێــراق، چونکــە ســەرجەم هاتوچــۆ و گوازتنــەوەی کاڵا و شــتومەک لــە ئێــران بــۆ عێــراق لەوێــوە دەکرێــت. بەهــۆی ناردنــی یارمەتــی لــە ئێرانــەوە بــووە کــە ڕاپەڕینــی کــورد توانیویەتــی لــە دوو ســاڵی ڕابــردوودا بــەردەوام بێــت. وەزارەتــی دەرەوەی بەریتانیــا پێیوانییــە ڕێککەوتننامەکــەی کــورد و بەغــدا جێبەجــێ بکرێــت".

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٩ی تەمووزی [١] ١٩٦٦**

**بابەت: دیداری نوێنەرێکی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

عەلی عوسمان[٢]، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و نوێنەری مستەفا بارزانی بە داوای خۆی ڕۆژی ٢٧ی تەمووز سەردانی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کرد. بەڕێزیان پێشتر سەردانی کۆشکی ئیلیزەی کردووە و لەگەڵ بەڕێز سەنلێژێ[٣]، دیداری کردووە و پەیامێکی بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری[فەڕەنسای] داوە پێی.

عەلی عوسمان وتی سەردانی هەندێ وڵاتی لە ئەوروپا و ئەمریکا کردووە، بۆئەوەی زانیارییان پێبدات دەربارەی بارودۆخی کورد[ستان] و داوای یارمەتیان لێبکات. وتی بەتایبەت هەوڵیداوە پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەولای مەسەلەی کورد ڕابکێشێت بەڵام نوێنەری هیچکام لە وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک وەڵامیان نەداوەتەوە و نەیتوانیوە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش ببینێت.

نوێنەرە کوردەکە پاشان بەتیروتەسەلی باسی ڕابردووی ڕاپەڕینەکان[ی کورد] لە عێراقی کرد، وتی: کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکات کە لە پەیمانی سێڤردا بەڵێنیان پێداوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورد خراپ بووە، هێرشی سەربازییان کردووەتە سەر کورد و سیاسەتی (ژینوساید) یان لە هەمبەر

---

(١) ئەم بەڵگەنامەیە بەرواری بە سەرەوە نەبوو، بە گوێرەی ناوەرۆکەکەی وادیارە یەک دوو ڕۆژ پاش ٢٧ی تەمووز بووە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی دکتۆر مەحمود عوسمانە. دکتۆر مەحمود جگە لە ئینگلیزی و عەرەبی، زمانی فەرەنسیش زۆر باش دەزانێت. کاتی خۆی ئەو وەرگێڕی ئەو ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییانە بووە کە سەردانی کوردستانیان کردووە. وەرگێڕ

(3) Saint – Léger

کـورد گرتوەتـە بـەر، و پێیوانییـە ڕێککەوتننامـەی حوزەیرانـی ١٩٦٦ کـە لەگـەڵ بارزانـی کردوویانـە جێبەجـێ بکـەن.

عەلـی عوسـمان لـە کۆتایـی قسـەکانیدا وتـی کـورد گـوێ دەگرێـت بـۆ ئامۆژگارییەکانـی دەوڵەتـی فەڕەنسا دەربـارەی چۆنییەتـی گەیشـتن بـە مافەکانیـان. وتـی هیـوادارە فەڕەنسـا سـەرەتا یارمەتـی مەعنـەوی و مرۆڤایەتـی و کەمکـەم یارمەتـی سیاسـیی کـورد بـدات. پرسـیاری کـرد ئایا فەڕەنسـا ڕازییـە نوێنەرێـک بنێرێت [بـۆ کوردسـتان] بۆئەوەی بـەردەوام زانیـاری بـدات بـە فەڕەنسـا دەربـارەی بارودۆخـی کـورد. وتـی ئەگـەر وەزارەتـی[دەرەوە] ئـەم پێشـنیارەی قەبوڵـە، بارزانـی خـۆی نامـە بـۆ وەزیـر دەنێرێـت بۆئـەوەی مەسـەلەکەی بـۆ پشتڕاسـت بکاتـەوە.

ئێمە بە پارێزەوە (بە حەزەرەوە) وەڵامی نوێنەرەکەی ڕابەری کوردمان دایەوە.

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢ی ئابی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقای[وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: دەستپێکردنی قۆناخی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

لە چوارچێوەی پلانەکەی ٢٩ی حوزەیرانی سەرۆک وەزیراندا بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور، پرۆژەی لێبوردنی گشتی ڕاگەیەندرا کە سەرجەم ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە ڕاپەڕینی مەلا مستەفا بارزانیدا تێوەگلابوون (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٤٩٣ ی ٦ی تەمووزدا ئاماژەم پێکردووە). کەوابوو حکومەت بەڵێنی خۆی لەم پەیوەندییەدا بردە سەر. لە ٢٨ی تەمووز (یاسای لێبوردن ( دەرکرا کە دەقە وەرگێڕاوەکەی بە هاوپێچ دەنێرین بۆتان. یاساکە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، چی حوکمدرابن چی نەدرابن، کە لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تا ١ی تومووزی ١٩٦٦ بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵی ڕووداوەکانی باکوور بوونە، تەنانەت ئەوانەش دەگرێتەوە کە چەک و تەقەمەنی یان کەرەستە سەربازییەکانیان تەسلیم [بە حکومەت] نەکردووە. یاساکە کۆمەڵێک گەرەنتی داناوە بۆئەوەی ڕێوشوێنەکان بە تێکڕای دەنگ جێبەجێ بکرێت، یەک یا چەند کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی داناوە کە لە سێ دادوەر پێکدێت بۆئەوەی بڕیارە بە گوێرەی دەنگی دوو لە سێی دادوەرەکان بدرێت.

لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا دەبێ بڵێین هیوا بە چارەسەربوونی هەمیشەیی کێشەی کورد پەیوەندی بەوە هەیە کە لایەنەکان چەندە متمانەیان بە یەکدی هەیە. ئەمەی ئێستا تەنیا قۆناخی یەکەمی پلانەکەی ٢٩ی حوزەیرانە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٥ی ئـاب ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ژەنـەڕاڵ عەبدولڕەحـمان عـارف، سـەرۆک کۆمـاری عێـراق لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ ئاژانسـی هەواڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت جەختـی کردووەتـەوە کـە سـەرکردایەتی کـورد بـە نیازپاکییـەوە دەیەوێـت ڕێککەوتنـی حوزەیـران جێبەجـێ بـکات، وتوویەتـی دوو وەزیـری کـورد بـۆ کابینـەی وەزیرانـی حکومەتـی عێـراق دادەنرێـن."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢ی ئابی ١٩٦٦**

**بابەت: کەندوکۆسپەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی کورد و عێراق**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ١٣٠ کە ئێوە ناردبووتان**

پلانی ٢٩ی حوزەیران کە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور لەلایەن حکومەتەوە ڕاگەیەندرا و بارزانی قەبوڵی کرد، لە قۆناخی یەکەمی جێبەجێکردندایە. ( لە تیلیگرامی ٤٩٣ی ٦ی تەمووزدا ئاماژەم پێکردووە). ئەمانە کۆمەڵێک مەسەلەن کە دەبێ چارەسەر بکرێت:

١- ڕادەستکردنی چەکوچۆڵی پێشمەرگە بە حکومەت، دامەزراندن و دابینکردنی مووچەی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتەوە.

٢- دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردنشینەکان.

٣- دانانی هێزی ئەمنی (ئاسایش) کورد بۆ ئەم ناوچانە.

٤- جێبەجێکردنی یاسای ئیدارەی خۆجێیی بۆئەوەی خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن.

٥- بەشداریکردنی کورد لە کابینەی حکومەت.

٦- ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان.

لە سەرەتای مانگی تەمووزەوە شەڕ وەستاوە و یاسای لێبوردنی گشتی تازە ڕاگەیەندراوە.

هەرچەند ئێستا کەشوهەوای متمانە لە نێوان هەر دوو لادا هەیە، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بکەین بۆئەوەی بزانین لایەنە دەرەکییە جۆراوجۆرەکان (سۆڤیەت، ئەمریکا، بەریتانیا، مسر، تورکیا و ئێران) کە ئەجێندا و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە چەندە

دەستوەردەدەنە ناو ڕێککەوتنەکە.

گەمارۆی ئابووریی دەوڵەتی عێراق لە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی هێشتا لانەبراوە و ڕابەری ڕاپەڕین هێشتا لەگەڵ ئێران لە پەیوەندیدایە.

ئەگەر تەنانەت وایدابنێین کە بەهۆی ماندوو و کنفتبوونی سوپای عێراق و ئەو کێشە ئابووریانەی دەوڵەت هەیەتی، شەڕ بەمزوانە دەستپێنەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێچەوانەی بۆچوونی بەڕێز فاکی[1]، ناتوانین خۆشبین بین کە کێشەی کورد چارەسەر کراوە.

**دۆماغسای**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە دیمەشق لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٥ی ئاب ئاماژەی بەوە کردووە: "حزبی بەعسی سوریا پیرۆزبایی لە ڕێککەوتنی کورد و دەوڵەتی بەغدا کردووە". ڕابەرایەتی ناوچەیی حزبی بەعس لە ڕاگەیاندننامەیەکدا لە ٢٨ی تەمووز وتوویەتی: "مەسەلەی کورد، مەسەلەی دووەم و لاوەکییە. مەسەلەی یەکەم و ڕاستەقینە، مەسەلەی یەکگرتنی پرۆلیتاریایە، چی عەرەب، چی کورد، بۆ لەناوبردنی ئیمپیریالیزم". بوونی شەڕ و ناڕەزایەیی لە باکووری عێراق، تەنیا بە قازانجی ئیمپیریالیزم و کۆمپانیاکانی نەوت و پاشڤەڕۆکانە. ئەم کێشەیە نابێت بە شەڕ و توندوتیژی چارەسەر بکرێت، بەڵکوو دەبێ لە چوارچێوەی خەبات بۆ ئازادی و بەدەسەڵات گەیشتنی پرۆلیتاریا و هێزە پێشکەوتنخوازەکان چارەسەر بکرێت. هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت ئەم شەڕە شەڕی دوو ناسیونالیزمی کورد و عەرەبە، چونکە ئیمپریالیزم لە هەر دوو لایەندا ڕۆڵی هەیە.)

وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە یادداشتێکدا لە ٢٩ی تەموزی ١٩٦٦ ئاماژەی بەوە کردووە: "بەڕێز فاکی، جێگری وەزیری ناوخۆی مسر کە بە سەردانێک هاتووە بۆ پاریس، ڕایگەیاند لە ڕوانگەی مسرەوە، کێشەی کورد چارەسەر کراوە."

---

(١) جێگری وەزیری ناوخۆی مسر بووە. وەرگێڕ

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: چارەنووسی ڕێککەوتننامەی کورد پاش دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق**

ڕێککەوتننامە پیاوانەکەی ٢٩ی حوزەیرانی نێوان دکتۆر بەزاز و ڕابەری ڕاپەڕینی کورد کۆتایی بە شەڕی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هەڤاڵانی بارزانی هێنا. ئەم نیمچە ئاگربەستە بە دوور نییە لە مەترسی و هەڕەشە. هەروەها کە لە تیلیگرامی ژمارە ٥٠١ی ١٣ی تەمووز و ٢ی ئابدا ئاماژەم پێکردووە ڕێککەوتننامەکە خۆی لە باسکردنی کۆمەڵێک مەسەلە بواردووە کە چارەسەرکردنیان زەحمەتە، وایکردووە هەر دوولا جارێ واز لە داواکارییەکانیان نەهێنن تا ئەوکاتە کەشوهەوای متمانەکردن بە یەکدی برەخسێت کە تێیدا دڵنیا بن لایەنی بەرامبەر مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ دەکات.

مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە پاش دەستلەکارکێشانەوەی دکتۆر بەزاز[1]، بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆئەوەی پێش [ڕێککەوتن]. بە تایبەت بەهۆی مەسەلەی کوردەوە بوو دەسەڵاتدارانی سوپا ئەوەندە پێداگریان دەکرد سەرۆک وەزیران بگۆڕدرێت. سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا ئەو ئەنجامە خراپانانە پشتگوێ ناخات کە

(١) عەبدولڕەحمان بەزاز لە ٩ی ئابی ١٩٦٦ دەستی لەکارکێشاوەتەوە. وەرگێڕ

ڕێککەوتنەکە بۆ ورە و دیسیپلینی سوپا هەیبووە.

بەهەرحاڵ وادیارە کێشەی [کورد] ئەوەندەی کاریگەری لە سەر کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ٣٠ی حوزەیراندا هەبووە، ئەوەندە کاریگەری لە سەر لەسەرکارنەمانی دکتۆر بەزازدا نەبووە. هەروەها ئەوەندەی لە ڕاگەیاندننامە وەرزییەکەی سەرۆک کۆماردا ئاماژە بە ڕێککەوتننامەکە کراوە، ئەوەندە لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیراندا ئاماژەی پێنەکراوە.

ژەنەڕاڵ نەجیب تالیب ڕاسپێردراوە ڕێوشوێنەکانی ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکان دابنێت و بڵاوی بکاتەوە و هەڵبژاردن بەڕێوەببات کە بۆ کەمینەی کورد زۆر گرنگە. جگە لەوەش سێ کەسایەتی کورد لە دەسەڵاتدا بەشدار دەبن: بەڕێز عەبدوڵڵا نەقشبەندی بووە بە وەزیری دارایی و موسڵیح نەقشبەندی بووە بە وەزیری داد و ژەنەڕاڵ ئەحمەد کەمال قادر بووە بە وەزیری کاروباری باکوور. ئەم دوو نەقشبەندییە خزم نین.

ژەنەڕاڵ ئەحمەد قادر دەبێت چاودێری بکات بەسەر کاروچالاکیەکانی حکومەت لە [پارێزگاکانی] باکووردا. لە ٣ی ئەیلوول پاش گەڕانەوە لە پارێزگای هەولێر، کەرکووک و سلێمانی، ژەنەڕاڵ قادر جەختی کردەوە کاربەدەستانی باڵای حکومەت نیازپاکی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان سەلماندووە، بەتایبەت ئاماژەی بە جێبەجێبوونی یاسای لێبوردنی گشتی لە ٢٨ی تەمووز و لابردنی گەمارۆی ئابووری لە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕاپەڕین کرد. هەرچەندە بڕیاری هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕاپەڕین بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی بەر لێبوردنی گشتی کەوتوون زۆرە. ئازادکردنی گیراوەکان چەند قات بووە و ماڵوملکی بارزانی و ٢٤١ کەس لە هەڤاڵەکانی کە دەستی بەسەرداگیرابوو، ئازاد کراوە. ئەفسەر و کارمەندە کوردەکان گەڕاونەتەوە بۆ سەر کارەکانیان، هەروەها کۆمەڵێک بڕیار دراوە لە چوارچێوەی پلانەکەی ٢٩ی حوزەیراندا، بەتایبەت لە بواری سەرمایەگوزاریدا، بە گوێرەی پلانێکی پێنج ساڵە. کۆمەڵێک وەزیر، لەوانە وەزیری بەرگری و چاکسازی زەویوزار[1] ڕاسپێردراون لێکۆڵینەوە بکەن لە ناوچەکانی باکوور و

(١) وادیارە ئەوکاتە جگە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتیکیش بووە بۆ کاروباری چاکسازی

بەرنامە دابنێین بۆ پتەوکردنی برایەتی دوو ئەتنیکی سەرەکی [کورد و عەرەب].

سەرەڕای ئەم مەرجانە، کورد بە دەرسوەرگرتن لە ڕابردوو، هیچکام لە شوێنە ئیستراتژیکەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان چۆڵ نەکردووە کە لە کاتی ئاگربەستدا لە دەستیاندا بووە و هێڵی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێراندا پاراستووە. کورد سەرۆک کۆماری عێراقیان ئاگادار کردووەتەوە، ئەگەر هێزەکانی سوپا بە تەواوی ڕێز لە ئاگربەستەکە نەگرن، ڕێککەوتنە پیاوانەکەیان لەگەڵ حکومەت هەڵدەوەشێتەوە.

بارزانی ئەو کەسایەتیە کوردانەی دیاری نەکردووە کە بوون بە وەزیر کە نزیکن لە حکومەت و دورن لە کورد، بەتایبەت عەبدوڵڵا نەقشبەندی و موسڵیح نەقشبەندی. ڕابەری ڕاپەرینی کورد بە حەزەرەوە لەگەڵ کابینەی نەجیب تالیب هەڵسوکەت دەکات. هەندێ لە بیروبۆچوونی ڕۆژنامە ناسیونالیستەکانی عێراق نیشان دەدات کە سەرەڕای ناسەقامگیری سیاسی عێراق، ڕێگە بە کورد نادەن بگات بە سەرجەم مافەکانی خۆی. کورد چەند ساڵە خەباتی چەکداری دەکات بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی عەرەب.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢١ی ئەیلوول ئاماژەی بەوە کردووە: "عەبدولنەجیب، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کە سەردانی تورکیای کردووە وتوویەتی مستەفا بارزانی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی جێبەجێ نەکردووە و تەنیا چەکوچۆڵە بێکەڵکەکانی تەسلیم بە حکومەت کردووە و بەردەوام چەکوچۆڵ لە دەرەوە وەردەگرێت. ناوبراو جەختی کردەوە شەڕ درەنگ یا زوو دەستپێدەکاتەوە".

زەویوزار کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەستیپێکردووە. یاسای زەویوزار ئاغاکانی بە توندی نیگەران کرد و بووە هۆی ئەوەی دژایەتی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بکەن و بچنە پاڵ شۆڕشی کوردەوە. وەرگێڕ

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، کابینەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: بۆچوونەکانی وەزیرێکی کورد دەربارەی ڕێککەوتننامەی کورد و عێراق**

ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم سەردانی ژەنەڕاڵ ئەحمەد کامیل قادر، وەزیری کاروباری باکوورم کرد. بەڕێز ئەحمەد کە خۆی کوردە، لە سەرەتای قسەکانیدا وتی لە کابینەی ژەنەڕاڵ ناجی تالیبدا، هەمیشە داکۆکی لە مەسەلەی کورد کردووە و وتی پێیخۆشە کە خەڵکی فەڕەنسا پشتیوانیی مەعنەوی لە مەسەلەی کورد دەکات. مەلا مستەفا بارزانی ڕازی بووە بە دانانی ئەحمەد کامیل بۆ ئەم پۆستە، بەپێچەوانەی دوو کوردەکەی دیکە یانی موسلیح نەقشبەندی، وەزیری داد و عەبدوڵڵا نەقشبەندی، وەزیری دارایی (کە خزمیش نین). بەڕێز عەبدوڵڵا نەقشبەندی لە ١٧ی تشرینی یەکەم دەستی بە کار کردووە سەرەڕای ناڕازیبوونی ڕابەری کورد و دژایەتیکردنی سوپا، چونکە نەچووەتە ژێر باری داواکارییەکانی سوپا.

ژەنەڕاڵ قادر دەزانێت ئەرکەکەی چەند قورسە، یانی جێبەجێکردنی پلانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦کە دانراوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد - عەرەب لە عێراقدا. بەڕێزیان دانی بەوەدا نا کە تا ئێستا هەوڵەکانی سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە، وتی هێشتا متمانە لە نێوان حکومەت و کورددا دروست نەبووە و کەشەوهەواکە خراپتریش بووە بەهۆی لێدوانەکانی جێگری سەرۆک وەزیران لە

ئانــکارا[١] و ئــەو شــتانەی هەنــدێ کــەس لــە باکــوور بینیویانــە و ئاماژەیــان پێکــردووە. وتــی بارودۆخــی ئــەم ناوچانــە هێشــتا ئاســایی نەکراوەتــەوە بۆئــەوەی ســەرۆک کۆمــار لــە کۆتایــی ئــەم مانگــەدا ســەردانیان بــکات. ســەرۆک کۆمــار لــە ٢٣ی تشرینــی یەکــەم لــە گفتوگۆیەکــدا لەگــەڵ ڕۆژنامــەی (جمهوریــە)، زمانحاڵــی دەوڵەتــی عێــراق، وتبووی پێویســتە کــورد بــەو قەناعەتــە بــگات لەگــەڵ بــرا عەرەبەکانیــدا کار بــکات بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی پیلانــە دەرەکییــەکان.

(١) مەبەســتی لێدوانەکــەی ڕەجــەب عەبدولنەجیــب، جێگــری ســەرۆک وەزیرانــی عێراقــە کــە وتبــووی مســتەفا بارزانــی مەرجەکانــی ڕێککەوتنــی ٢٩ی حوزەیرانــی جێبەجــێ نەکــردوە و جەختــی کردبــووەوە کــە درەنــگ یــا زوو شــەڕ دەســتپێدەکاتەوە). وەرگێــڕ

**ئاژانسی هەواڵی فەڕەنسا**

**بەغدا**

**٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦**

**کاتژمێر: ٩: ١٨ خولەک**

**بابەت: دیداری سەرۆک کۆماری عێراق و مەلا مستەفا بارزانی**

پاشنیوەڕۆی دوێنێ لە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتری باکووری ڕواندوز لە پارێزگای هەولێر لە ناوەڕاستی ناوچەیەکی شاخاوی کوردنشیندا لە [سەربازگەی] مەفرەقی دیانا بە ئامادەبوونی دەیان کەس لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دیداری کرد. سەرۆک عەشیرەتەکان پێش گەیشتنی سەرۆک کۆمار لە سەربازگەکەدا کە هی یەکینەی سێی سوپای عێراقە ئامادە ببوون.

دیدارەکە زۆر گەرموگوڕ بووە. سەرۆک عارف پاش ئەوەی سەیری مەشقی سەربازەکانی کردووە، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکاندا نانی خواردووە کە فەرماندەی یەکەی یەکی سوپای عێراق ئامادەی کردبوو کە ناوچەی ڕواندوزی بەدەستەوەیە. بە ئامادەبوونی سەرجەم کاربەدەستە سەربازی و مەدەنییەکان کە لەگەڵ سەرۆک کۆماردا هاتبوون، مەلا مستەفا بارزانی لە بەرامبەر سەرۆک عەبدولڕەحمان عارفدا جەختی کردەوە کە کورد بە عێراق وەفادارە و دەیەوێت پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتیی نێوان کورد و عەرەب لە پێناو بەرژەوەندیی سەرجەم خەڵکی عێراقدا پتەوتر بێت.

مەلا مستەفا بارزانی بەو ئۆتۆمۆبیلەی سەرۆک کۆماری عێراق، ژەنەڕاڵ عەبدولڕەحمان عارف بە دیاری بۆیهێناوە لە پارێزگاکانی باکووردا هاتوچۆ دەکات.

لە میانەی دیدارەکانی سەرۆکی دەوڵەتی عێراق و ڕابەری ڕاپەڕینی کورد لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا هەر دوولا دیارییان بە یەکدی داوە. ڕابەری کورد سینییەکی گەورەی ڕۆحین (فافۆنی) بە سەرۆک عارف داوە کە بە سەرییەوە بە پیتی زێڕین دروشمی برایەتی کورد و

عەرەب و ئایەتێکی قورعان نووسراوە کە داوا لە موسڵمانان دەکات یەکبگرن.[١]

چەند هەفتە لەمەوپێش ئامادەکاری بۆ ئەم سەفەرە سەرنجڕاکێشە کراوە. سەردانەکەی سەرۆک کۆمار بۆ پارێزگاکانی باکوور ڕووداوێکی گرنگە، چونکە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە [ئەم ناوچەیە] بەردەوام بووەتە مەیدانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی عێراق و عەشیرەتە کوردەکاندا.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢٨ی تشرینی یەکەم ئاماژەی بەوە کردووە: "سەرۆک کۆماری عێراق بە یاوەری وەزیری بەرگریی نیشتمانی ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەم بە ڕێگای شەمەندەفەر بەغدای بەرەو باکوور بەجێهێشت. بڕیارە سەفەرەکەی چوار ڕۆژ بخایەنێت. بە وتەی ڕۆژنامەکان ئەو پێشوازییە گەرمە کە بڕیارە لە سەرۆک کۆمار بکرێت دەبێتە مایەی نائومێدی ئیمپیریالیستەکان و ڕێگا بۆ برایەتیی کورد و عەرەب خۆش دەکات."

(١) مەبەستی ئەم ئایەتەیە کە دەڵێت واعتصموا بحبل الله جمیعا و لا تفرقوا...وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦**

**بابەت: لێدوانەکانی سەرۆک کۆماری عێراق و بارزانی پاش دیدارەکەیان**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٧٠٥ی پێشوومان**

ژەنەڕاڵ عارف پاش سەردانەکەی بۆ پارێزگاکانی باکوور و دیدار لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، لە ٣١ی تشرینی یەکەم ڕایگەیاند: "کێشەی کورد چارەسەر کراوە و تەواو. هاووڵاتییە کوردەکانمان لە بەغدا لە دەسەڵاتدا بەشدارن لە چوارچێوەی پلانێکی نیشتمانیدا. برا کوردەکانمان کۆمەڵێک چەکوچۆڵیان ڕادەستی هێزەکانی سوپا کردووە و بەردەوام دەبن لە ڕادەستکردنی چەکوچۆڵی دیکە کە هی دەوڵەتن."

ئەم لێدوانانە لەگەڵ قسەکانی بارزانیدا یەکناگرێتەوە کە ڕۆژنامە مسرییەکان(ڕۆژنامەی اخبارالیانو)[1] بڵاویان کردووەوەتەوە. بارزانی وتوویەتی: "لەگەڵ سەرۆک کۆمار دیدار و گفتوگۆم کردووە بۆئەوەی ڕێگاچارەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی تاوتوێ بکەین. هەشت ساڵ بە فیڕۆ چووە، لەم هەشت ساڵەدا جگە لە دروشم و بەڵێنی درۆ هیچی دیکەم نەبینیوە".

**دۆماغسای**

(1) Akhbar Elyano

دەبێ (اخبار اليوم) بێت، چونکە (اخبارالیانو)م نەبیستووە. وەرگێڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە مۆسـکۆ لەتیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٣ی تشرینـی دووەم، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژنامـەی ئیزویسـتیا، دوێنـێ بۆچوونێکـی ئەرێنـی دەربـارەی ئەنجامـی گفتوگۆکانـی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق و مسـتەفا بارزانـی بـڵاو کـردەوە". ئـەم ڕۆژنامـە دەوڵەتییـە وتـی: "ئـەم هەنـگاوە ئەرێنییانـەی کاربەدەسـتانی عێـراق نیشـان دەدات بارودۆخێکـی بـاش ڕەخسـاوە بـۆ چارەسـەرکردنی هەمیشـەیی کێشـەی باکووری عێـراق. هێشـتا کۆمەڵێـک لایەنـی کۆنەپارێـزی زۆر هـەن لـە نـاو هێـزی سـەربازی و مەدەنیـدا کـە دەیانەوێـت پلانەکـەی حکومـەت تێکبـدەن و شـەڕ دژی کـورد دەسـتپێبکەنەوە. هیوادارییـن هەنگاوەکانـی دەسـەڵاتدارانی بـاڵای کۆمـاری عێـراق ببێتـە هـۆی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و بەدیهاتنـی داوا ڕەواکانـی کـوردی عێـراق."

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

**کوردستان**

**٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦**

**بابەت: نامەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ سکرتێری کۆمیتەی پشتگیریی شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا**

**بەڕێز گیان**

بە شانازییەوە پێتانڕادەگەیەنم کە کونگرەی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بڕیارنامەیەکی تایبەتی پەسەند کردووە بۆ دەربڕینی سوپاس و پێزانین لە هەمبەر پشتیوانیکردنی ئێوە لە گەلی کورد. هیواداریـن ئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پشتیوانی لە گەلەکەمان بکەن کە ئازاری زۆری چەشتووە.

نوێنەرکەمان، دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان، بە شانازییەوە دەگاتە خزمەتتان بۆئەوەی لە نزیکەوە ئەو کێشە و تەنگوچەڵەمانەتان بۆ ڕوون بکاتەوە کە خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی بووەتەوە. دڵنیام کە بە هاوکاری ئێوە، لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت.

ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم قەبوڵ بفەرموون.

**ژەنەراڵ مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق**

**لە ئۆلیڤییە ۆغمسێ[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ:**

**وەزیری دەرەوە[ی فەڕەنسا]، جەنابی کوڤ دۆ مۆغڤیل**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧**

**مۆسکۆ**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە کێشەی کوردی عێراق**

ڕۆژنامەی پراڤدا، [ئەم مانگە] سێ ڕاپۆرتی[2] دوورودرێژی دەربارەی کێشەی کورد و بارودۆخی سیاسی بەغدا بڵاو کردەوە کە لە ئەنجامی سەردانی پریماکۆڤ، سەرنووسەری پسپۆری بواری کێشەکانی جیهانی عەرەب، بۆ عێراق لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ و کانوونی دووەمی ١٩٦٧دا نووسراوە.

هەواڵنێری تایبەتی ئەم ڕۆژنامەیەی حزبی[کۆمۆنیستی سۆڤیەت] لەگەڵ عارف، سەرۆک کۆمار و شوکری، وەزیری بەرگری [ی عێراق] گفتوگۆی کردووە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی سەفەرەکەی ئەوە بووە کە سەردانی باکووری عێراق و مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکات. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە کاربەدەستانی عێراق پێشیان لە کاری پریماکۆڤ نەگرتووە هەرچەند کە لە سێ ساڵ لەمەو پێشەوە ڕێگەیان بە هیچ ڕۆژنامەنووسێک نەداوە کارێکی وا بکات.

هەواڵنێرەکەی پراڤدا ئاماژەی بەوە کردووە هەرچەندە ڕێککەوتننامەی ئاگربەست لە مانگی حوزەیرانی پارساڵەوە واژوو کراوە، بەڵام ئاشتی هێشتا بە تەواوی نەچەسپاوە و هەوڵەکان لەم پەیوەندییەدا تا ئەمڕۆ بەردەوامە. ڕۆژنامەکە سوچی ئەمەی خستووەتە ئەستۆی ئیمپیریالیزمی بیانی، بەتایبەت هاوپەیمانەکانی کۆمپانیای نەوتی

(1) Olivier Wormser

(٢) وتاری یەکەم لە ژێر ناوی لە باکووری عێراق لە ١٥ی کانوونی دووەم، وتاری دووەم لە ژێر ناوی لە باکووری عێراق لە ١٨ی کانوونی دووەم، وتاری سێیەم لە ژێر ناوی لە کوردستان بۆ بەغداد، لە ٢٢ی کانوونی دووەم.

عێـراق، هەنـدێ لایەنـی توونـدڕەوی کـورد، بەتایبـەت هەنـدێ کەسـایەتی پاشـڤەڕۆی دەوروبـەری عوقەیلـی، وەزیـری پێشـووی بەرگـری.

هەواڵنێرەکـەی پراڤـدا پـاش ئـەوەی ئامـاژەی بـە خەباتـی بارزانـی بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـە ڕەواکانـی کـورد کـردووە، لەگـەڵ ڕابـەری کـورد دیـدار و گفتوگـۆی کـردووە. بارزانـی وتوویەتـی بزووتنەوەکـەی نایەوێـت لـە عێـراق جیـا بێتـەوە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە بەهـۆی دژایەتیکردنـی لایەنـە توونـدڕەوەکان لـە بەغـدا هێشـتا زۆرێـک لـە مەرجەکانـی ئاگربەسـتەکە جێبەجـێ نەکـراوە. لـە وەڵامـی پرسـیارێکی پریماکۆڤـدا، بارزانـی جەختـی کردووەتـەوە کـە لـە هیـچ بارێکـدا کـورد بـۆ تێکدانـی ڕێککەوتننامـەی ئاگربەسـتەکە دەستپێشـخەر نابێـت.

هەواڵنێری پراڤدا پاشان بە تێروتەسەلی باسی دیدار و گفتۆگۆکەی لەگەڵ حەبیب [محەمەد کەریم]، سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کورد[ستان] کردووە، کە تێیدا حەبیب باسی چالاکییەکانی حیزبەکەی کردووە کە ٣٠ هەزار ئەندامی هەیە و باسی بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتی کورد[ستان] لە تشرینی دوەمی ١٩٦٦ کردووە.

لـە وتـاری سـێیەمدا پریماکـۆڤ باسـی کێشـەکانی عێـراق بـە گشـتی کـردووە، وتوویەتی کێشـەی سـەرەکی عێراق لە ئێسـتادا ئەوەیە کە سـەرجەم نیشـتمانپەروەر و شـۆڕشـگێڕەکان لـە عێـراق و جیهانـی عـەرەب یەکبگـرن، لـەم پەیوەندییـەدا باسـی بۆچوونەکانـی بارزانـی کـردووە، وتوویەتـی (کێشـەکانی کـورد ئاسـانتر چارەسـەر دەبێـت ئەگـەر پەیوەندیەکانـی عێـراق، کۆمـاری یەگرتـووی عـەرەب، سـوریا و جەزاییـر گەرموگوڕتـر بێـت.

پریماکـۆڤ دەڵێـت کێشـەی عێـراق تەنیـا کێشـەی کـورد نییە. عێـراق کۆمەڵێک کێشـەی ئابـووری و سیاسـی هەیـە، لەوانە خەباتی سـوریا و عێراق دژی کۆمپانیای نـەوت. وتوویەتی بەداخـەوە بەهـۆی هەنـدێ شـتەوە ڕابەرانـی ئـەم وڵاتانـە نەیانتوانیـوە لـە قەیرانـی نەوتدا و مەسـەلەکانی دیکـەی سیاسـەتی دەرەوەدا هەڵوێسـتی ڕوونیـان هەبێـت و نەیانتوانیـوە پشـتیوانی لـە ڕێکخراوە پێشـکەوتنخوازەکان بکەن کە ڕەگوڕیشـەی قوڵیان لـە ناو کۆمەڵانی خەڵکـدا داکوتـاوە. پریماکـۆڤ ئاماژەی بەوە کردووە هێشـتا هەزاران کەسـایەتیی دیموکرات لـە بەندیخانـەدان کـە زۆربەیـان لەلایـەن ڕژێمەکانی پێشـووەوە گیراون.

ڕۆژنامەکەی حزبی [کۆمۆنیستی سۆڤیەت] لە کۆتاییدا باسی باشترین ڕێگای سیاسی

کردووە کە عێراق دەبێ پێیدا بڕوات. لەم پەیوەندییەدا پریماکۆڤ ئاماژەی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ فواد ڕکابی[١]، یەکێ لە ڕابەرانی (یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب) لە بەغدا کردووە و بە دوو ئەنجام گەیشتووە: یەکەم، ئاڵۆزبوونی لایەنی ناسیونالیستی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی وایکردووە کە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی یەگگرتوو کە سەرجەم لایەن و گروپەکان لەخۆ بگرێت، ئەگەر مومکین نەبێت، زۆر زەحمەت بێت. دووەم، پێکهێنانی ڕژێمێکی پەرلەمانتاریی دیموکرات زۆر گرنگە بۆ لەیەکنزیککردنەوەی لایەنە نیشتمانپەروەرە ڕاستەقینەکان و بەرجەستەکردنی ڕۆڵیان.

ڕۆژنامەکەی حزبی [کومیونیست] ئاماژەی بە بەڵێنەکانی سەرۆک عارف کردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ١٩٦٧ و جەختی کردووەتەوە پێکهێنانی دەوڵەتێکی پەرلەمانتاری بە قازانجی سەرجەم خەڵکە و دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ڕێڕەوی سیاسی عێراق.

ڕاپۆرتەکەی پریماکۆڤ ڕۆشنایی خستووەتە سەر هەڵوێستی ئێستای یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی عێراق، وتوویەتی سۆڤیەت پشتیوانی لە هەوڵەکانی سەرۆک عارف و دەوڵەتەکەی دەکات و دژی هەوڵەکانی لایەنە پاشڤەڕۆکانی ناوخۆ و زلهێزە ئیمپریالیستەکانە، بەڵام ئەم پشتیوانییە بێ مەرج نییە، مەرجەکەی ئەوەیە کە عێراق درێژە بە ڕێگاکەی بدات بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لەگەڵ کورد و لە وڵاتە عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان نزیک بێتەوە. پشتیوانییەکە هەروەها کاتییە.

**تێبینی وەرگێڕ:**

یوگنی ماکسیموویچ پریماکۆڤ ساڵی ١٩٢٩ لە کیڤ لەدایکبووە. لە ١٩٥٦ بووە بە هەواڵنێر و نووسەر لە تەلەڤزیۆنەکانی سۆڤیەت و ڕۆژنامەی پراڤدا، لە ١٩٦٩ بووە بە جێگری ئەنیستیوتی جیهانیی ئابووری. لە ١٩٨٩ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، لە ١٩٩١ بووە بە جێگری سەرۆکی دەزگای سیخوڕی سۆڤیەت و لە ١٩٩٨- ١٩٩٩ بووە بە سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا. دۆستی نزیکی سەدام حوسەین بووە. لە ٢٠٠٨ سەردانی کوردستانی کردووە. لە ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە.

(1) Foad Rikabi

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

**مەکتەبی تەنفیزی**

**کوردستان**

**٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧**

**بابەت: داواکارییەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لە نوێنەری وڵاتی سەنمارینۆ[١]**

**بەڕێز رافائیل باستیانی[٢]، نوێنەری سەنمارینۆ لە پاریس**

**بەڕێز گیان**

بە گوێرەی دابونەریتی دیپلۆماتیک لە پاریس، موسڵمانەکان داواکارییەکانیان پێشکەشی نوێنەری وڵاتە هەرە کۆنەکان لە پاریس دەکەن لەباتی ئەوەی پێشکەشی باڵوێزەکانی بکەن. بۆیە داوا لە جەنابتان دەکەین زەحمەت بکێشن ئەم ڕاپۆرتە بگەیەنن بەدەستی کاربەدەستێکی نووسینگەی جەنابی ژێنێراڵ دۆگۆل و کۆپییەکی بە کاربەدەستانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا بدەن.

ڕاپۆرتەکە لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆی فەرەنسییەوە[٣] ئامادەکراوە کە شەش مانگ لە کوردستان ماوەتەوە. ئێمە ڕاپۆرتەکەمان پێباشە و بەدڵمانە.

**ژەنەراڵ مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

(١) سەنمارینۆ وڵاتێکی زۆر بچوکە لە ناو خاکی ئیتالیا، یەکێ لە وڵاتە هەرە کۆنەکانی جیهانە کە ساڵی ١٦٠٠ بووە بە خاوەن یاسای بنەڕەتی و سیستمی کۆماری تێدا دامەزراوە. باڵوێزی نییە لە وڵاتانی دیکە، تەنیا لە وڵاتە گەورەکاندا نوێنەری هەیە. وەرگێڕ

(2) Raphael BASTIANI

(٣) ئەم کەسە ناوی پغادییە بووە، مامۆستای کۆلێژی کۆمەڵناسیی زانکۆی نانتێغ بووە. وەرگێڕ

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

**مەکتەبی تەنفیزی**

**کوردستان**

**٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٧**

**بەڕێز رافائیل باستیانی، نوێنەری سەنمارینۆ لە پاریس**

**بەڕێز گیان**

موسڵمانەکان داواکارییەکانیان پێشکەشی نوێنەری وڵاتە هەرە کۆنەکان لە پاریس دەکەن لەباتی ئەوەی پێشکەشی باڵوێزەکانی بکەن. بۆیە داوا لە جەنابتان دەکەین زەحمەت بکێشن هاوکاریی نوێنەرەکەمان، دکتۆر مەحمود عوسمان، بکەن لە ڤاتیکان چاوی بکەوێت بە فەخامەتی پاپا پۆلی شەشەم.

ئێمەی موسڵمان دەمانەوێت لەلایەن گەلە چەوساوە و ئاشتیخوازەکەمانەوە ڕێز و حورمەتمان پێشکەشی پاپا بکەین کە یەکی لە کەسایەتییە مەعنەوییە هەرە باڵاکانی ئەم سەردەمەیە و برایانی مەسیحیمان زۆر خۆشیان دەوێت.

بەرێز گیان، ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم قەبوڵ بفەرموون.

**ژەنەراڵ مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

**لە ژاک دۆماغسای، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٧ی شوباتی ١٩٦٧**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزایير، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی باڵەکانی ناو بزووتنەوەی کورد**

ڕۆژنامەی صوت العرب کە لایەنگری [جەمال عەبدول] ناسرە، لە ٢ و ٤ی شوبات بەشی یەک و دووی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردەوە کە سامی فەرەج لە ناوچەی باکوور ئەنجامی داوە. ئەم ڕۆژنامەنوسە تۆزێ ناوبانگی پەیدا کردووە، بەتایبەت بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی قەیرانی نەوت لە زمانی سەرچاوە ڕێگەپێدراوەکاندا کردوویەتی. دەربارەی کێشەی کوردیش هەمان ڕێچکەی پێشووی گرتوەتەبەر، توانیویەتی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دیدار بکات و ئازادانە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی هاتوچۆ بکات.

سامی فەرەج لە سەرەتادا ئاماژەی بەوە کردووە کە دەیەوێت ڕاستییەکان بڵێت، بێ گوێدان بەوەی لەوانەیە چی کێشەیەک بۆ ڕۆژنامەکە دروست بێت. پاشان باسی باڵ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کوردی کردووە و وتوویەتی [هەندێ لایەنی] کورد دەیانەوێت بە شێوەی توندوتیژ وەڵامی توندوتیژییەکانی [عێراق] بدەنەوە بێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی چی لە داهاتوودا ڕوو دەدات و چی کاریگەرییەکی لە سەر مەسەلەی یەکگرتوویی نیشتمانی [ عێراق] دەبێت.

بە وتەی ئەم ڕۆژنامەنووسە، ئێستا کورد لەم باڵ و لایەنانە پێکدێت:

١- مەلاییەکان[١]، کە لایەنگری پارتی دیموکراتی کورد[ستان]ن، سەرەڕای دژایەتیی جەلالییەکان، بارزانییان وەک سەرۆکی پارتی هەڵبژاردووەتەوە.

٢- جەلالییەکان، کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکراون لە کوردە کۆمۆنیستەکان و پاشماوەی حزبی شیوعی عێراق پێکدێن.

٣- فرسان صلاح الدين، کە لە خزمەت حکومەتدان و حکومەت مووچەیان دەداتێ.

٤- زێبارییەکان، کە هاوکاریی حکومەت دەکەن.

٥- بێ لایەنەکان.

لە وەڵامی پرسیارەکانی سامی فەرەجدا، بارزانی هەندێ لەو دەنگۆیانەی پشتڕاست کردووەتەوە کە لە بەغدا بڵاو بوونەتەوە. بارزانی ڕوونی کردووەتەوە، تەنیا چەکی قورسی سوپای عێراق کە کەوتووەتە دەستی پێشمەرگە، ڕادەستی حکومەت دەکاتەوە، نە ئەو چەکوچۆڵ و کەرەستانەی خۆیان کڕیویانە. بارزانی وتوویەتی ڕازی نییە کاربەدەستانی ئیدارەی حکومەتی عێراق بگەڕێنەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، چونکە ڕۆڵی مەترسیداری دووفاقی و دووبەرەکی لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا دەگێڕن. بارزانی وتوویەتی بەهۆی ئەوەی گیانی پارێزراو نییە لە بەغدا، سەردانی بەغدا ناکات و ئاماژەی بەوە کردووە ژەنەراڵ تاهیر یەحیا کە سەرۆک وەزیرانە، پێیوتووە ناتوانیت لە پایتەختی عێراق بیپارێزێت.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وتوویەتی [جەلال] تاڵەبانی و هەڤاڵەکانی بەردەوام پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ناجی تاڵیب و ڕەجەب عەبدولمەجیددا، وتوویەتی پێیناخۆشە کاربەدەستانی عێراق لەگەڵ دەرکراوانی پارتی هەڵسوکەوت بکەن. لە کۆتاییدا بارزانی جەختی کردووەتەوە کە ئاشتی دەوێت.

سامی فەرەج ئاماژەی بەوە کردووە سنووری نێوان ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی عێراق هێشتا کراوەیە، هەروەها چاوی بە هەندێ لە هەڤاڵەکانی مەلا مستەفا کەوتووە کە یەکێکیان دڵنیای کردووەتەوە سنوور قەد داناخرێت چونکە ٤ ملیۆن

(١) لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە بارزانییەکان و تاڵەبانییەکان، بەڵام لە ناو کورددا زیاتر دەڵێن مەلایی و جەلالی. وەرگێڕ

کـورد لـە عێـراق هەیـە کـە بـرا و هاوخوێنـی کـوردی ئێرانـن. هەڤاڵەکـەی بارزانـی وتوویەتـی پێیوانییـە حکومەتـی عێـراق ڕێگـە بـدات هەڵبـژاردن ئازادانـە بەڕێوەبچێـت، جەختـی کردووەتـە کـە یەکـێ لـە ئامانجەکانـی ڕاپەڕینی[کـورد] ئەوەیـە سیسـتمێکی دیموکراتـی ڕۆژئاوایـی لـە عێـراق دابمەزرێـت.

هەرچەنـدە زانیارییەکانـی سـامی فـەرەج تـەواو نیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە کەڵـک دێـت. وەزیـری ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن وتارەکـەی سـامی فەرەجـی بـە نەشـیاو لـە قەڵەمـداوە و قەدەغـەی کـردووە بەشـەکانی دیکـەی بـڵاو بێتـەوە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٣ی ئاداری ١٩٦٧**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق، قاهیرە**

**بابەت: دیداری وەزیری ناوخۆی عێراق لەگەڵ بارزانی**

لە میانەی سەردانێکدا بۆ باکوور، ژەنەڕاڵ ڕەجەب عەبدولمەجید، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی عێراق، لەگەڵ مستەفا بارزانی دیداری کردووە. بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی عێراق، دوو لایەن دەربارەی پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی عێراق و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ گفتوگۆیان کردووە. ژەنەڕاڵ عەبدولمەجید ڕایگەیاندووە پێکهێنانی سیستمی ئیدارەی خۆجێیی خزمەت بە کورد و سەرجەم خەڵکی عێراق دەکات و جەختی کردووەتە دانانی یاسای ئیدارەی خۆجێیی کاتی دەوێت.

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، بارزانی بە نوێنەرەکانی حکومەتی عێراقی وتووە کورد بێهیوا بووە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە کە بەهۆی شەڕەوە تووشی زەرەروزیان بوونە. وەزیری ناوخۆش هەوڵیداوە قەناعەت بە بارزانی بهێنێت کۆتایی بە شەڕی خوێناوی لەگەڵ هێزەکانی [جەلال] تاڵەبانی بهێنێت، چونکە ئەم ڕووداوانە کەشوهەوایەکی ناسەقامگیر و جێگای نیگەرانی دەسەپێنێت بە سەر باکووردا.

**دۆماغسای**

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١١ی نیسانی ١٩٦٧**

**بابەت: کێشەی کورد و سەردانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ ئێران**

لە میانەی سەردانەکەی ئەمدواییەی سەرۆک عارف بۆ ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراق دەربارەی ئەم تەوەرانە گفتوگۆیان کردووە:

- مەسەلەی کورد
- هاوکاری عێراق و مسر دژی ئێران
- پەیوەندییە ئابووری و کولتووریەکانی ئێران و عێراق
- مەسەلەی کەنداوی فارس
- مەسەلەی شەتولعەرەب
- دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق

**مەسەلەی کورد**

عارف، شا و هاوکارەکانیان بە دوورودرێژی باسی ئەم مەسەلەیانە کردووە. ژەنەڕاڵی فەرماندەی یەکەی پێنجی سوپای عێراق لە کوردستان باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە سوپای عێراق ناوچەی سنووری ئێران و عێراق بگرێت. ئەگەر ئەم هەوڵەیان سەربکەوێت، ڕێگا بۆ تەسلیمبوونی بارزانی خۆش دەبێت.

ئێران ڕایگەیاندووە ڕێز لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگرێت. تورکیاش هەمان شتی وتووە. ئەم هەڵوێستانە ڕێگا بۆ سەرۆک عارف خۆش دەکات بارزانی تێبگات مەسەلەی کورد مەسەلەی ناوخۆی عێراقە و تەنیا لە بەغدا چارەسەر دەبێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە کاربەدەستانی ئێران و عێراق لە نامە و گفتوگۆکانیاندا دەربارەی داهاتووی کوردستان، وشەی (کوردستان) نەهاتووە بە زمانیاندا.

**لە غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٧**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: بارزانی نایەوێت بەشداری لە شەڕ دژی ئیسرائیلدا بکات**

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، چەند ڕۆژ لەمەوپێش واتا پێش دەستپێکردنەوەی شەڕی عەرەب - ئیسرائیل، دەوڵەتی عێراق داوای لە مەلا مستەفا بارزانی کردووە هەزار کەسێک لە هێزەکانی بنێرێت بۆ فەرماندەیی [سوپای] یەکگرتووی عەرەب[ بۆئەوەی بچن بۆ بەرەی شەڕ دژی ئیسرائیل]. بارزانی داواکارییەکەی ڕەت کردووەتەوە و جەختی کردووەتەوە هێزە چەکدارەکانی وڵاتانی عەرەب بۆ شەڕ ئامادە نەکراون و ئەگەر شەڕ بکەن کارەساتیان بەسەردا دێت[1].

لەلایەکی دیکەوە ڕابەری کورد ڕایگەیاندووە کاربەدەستانی عێراق هیچیان نەکردووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە ١٢ خاڵییەکەی حوزەیرانی ١٩٦٦ و بەم بۆنەیە ناڕەزایەتی پێشکەش بە دەوڵەتی عێراق کردووە.

(١) پێشبینیەکەی بارزانی بە تەواوی بەڕاست دەرچووە، چونکە لە ئەنجامی شەڕەکەدا کە بە شەڕی شەش ڕۆژە ناسراوە سوپای عەرەب بە تەواوی شکستیهێنا. شەڕی شەش ڕۆژە لە ٥ی حوزەیران تا١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە نێوان ئیسرائیل لە لایەک و میسر، سوریا و ئوردن لە لایەکی دیکەوە ڕووی دا و بە سەرکەوتنی یەکجاری ئیسرائیل کۆتایی پێ هات. شەڕەکە بە هێرشی لەناکاوی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەی ئاسمانی میسر لە ٥ی حوزەیران دەستی پێ کرد و لە ئەنجامدا ئیسرائیل لە ماوەی شەش ڕۆژدا توانی کەرتی غەزە، بیابانی سینا، قودسی ڕۆژاوا و کەرتی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن و بەرزاییەکانی جۆلانی سوریا بگرێت. عێراق، عەرەبستانی سعوودیی، تونس، سودان، مەغریب، جەزاییر، لیبیا و کوێتیش شەڕیان دژی ئیسرائیل ڕاگەیاند. ئەم شەڕە ئەنجامی جددی بۆ ژیۆپۆلیتیکی ناوچە بەدواوە بوو و خاکی ئیسرائیلی بەرفراوانتر کرد. (وەرگێڕ)

ئـەم زانیارییانـە ڕاسـت بێـت یـان ناڕاسـت، ئێمـە لێـرە پێمانوایـە پێشـهاتەکان لـە کوردسـتانی عێـراق بەردەوامـە و بـەردەوام چەکوچۆڵـی بـۆ دەچێـت. پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق هێشـتا ئەوەنـدە بـاش نەبـووە کـە ئێـران کۆتایـی بـە یارمەتیدانـی کـورد بهێنێـت، ئەگـەر شـەڕ لـە کوردسـتان دەسـپێبکاتەوە.

**ژەنەراڵ مستەفا بارزانی**

**فەرماندەی سوپای شۆڕشگێڕی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**کوردستان**

**٣ی تەمووزی ١٩٦٧**

**بەڕێز سەرۆک کۆماری[فەڕەنسا]**

جەژنی نیشتمانیی هەر وڵاتێک هەندێ جار بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان سنوورەکانی ئەو وڵاتە تێدەپەڕێنێت و بۆ نەتەوەکانی دیکە دەبێت بە سومبوڵی هیوا. بۆیە لەم ڕۆژەدا کە گەلی فەڕەنسا ساڵڕۆژی یەکەم ئازادیی[1] خۆی جەژن دەگێڕێت، گەلی کورد لە شادی ئێوەدا بەشداره و سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەشتان دەکات کە پشتیوانی لە ڕزگاریی گەلان دەکەن.

جەژنی [نیشتمانی فەڕەنسا] هیوا لە ناو دڵی ئێمەدا زیندوو دەکاتەوە بۆئەوەی ئاشتییەکی ڕاستەقینە کە فەڕەنسا زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە هۆگریەتی، بچەسپێت.

جەنابی سەرۆک کۆمار، ئێمە کە نەتەوەیەکی چەوساوە و هەڕەشەلێکراوین و بووینەتە قوربانی شەڕێکی درێژخایەن و دڵتەزێن، لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەنیا جەنابتان شک دەبەین، بتوانێت کێشەی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات.

**مستەفا بارزانی**

---

(١) مەبەستی لە یەکەم ئازادی، شۆڕشی فەڕەنسایە لە ١٧٨٩. ئازادی دووەم، ئازادبوونی فەڕەنسا لە داگیرکاریی ئەڵمانیای نازییە لە ١٩٤٥. وەرگێڕ

**لە پییێغ گۆغس[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٥ی تەمووزی ١٩٦٧**

**بۆ زانیاریی: سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقای[وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، لاهای، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب.**

**بابەت: هەڵسەنگاندنێک بۆ پاشەڕۆژی کێشەی کورد لە عێراق**

وەک ئەوەی لە تیلیگرامی ژمارە ٤٥٣ی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٧دا وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردەوە، مستەفا بارزانی بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبووە هەڤاڵەکانی وەک نوێنەری کورد لە حکومەتی ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیادا بەشدار بن. ئەم مەسەلەیە وایکردووە شرۆڤەکارەکان زیاتر سەرنج بە کێشەی کورد بدەن و تێبگەن ئەگەری هەیە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەڤاڵەکانی مەلا [مستەفا بارزانی] تێکبچێت.

هەروەها کە لە تیلیگرامی ژمارە ٧٧٨ی ٩ی تشرینی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە، لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ ژەنەڕاڵ عارف سەردانی باکووری کردووە و لەگەڵ مستەفا بارزانی دیداری کردووە، لە گەڕانەوەیدا ڕایگەیاندبوو (کێشەی کورد چارەسەر کرا و تەواو). بەڵام ڕابەری ڕاپەڕینی[ کورد] بە گومانەوە بە ڕۆژنامەی (اخبار اليوم) ی مسری ڕاگەیاند: "لەم هەشت ساڵەدا جگە لە بەڵێنی درۆ و دروشمی

(1) Pierre Gorce

وادیارە لە سەرەتای مانگی تەمووزەوە باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق گۆڕاوە. وەرگێڕ

بەتاڵ هیچم لە حکومەتی عێراق نەبینیوە."

ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ئەنجامی هەوڵە جیددییەکانی دکتۆر بەزاز کرا، ئێستاش تەنیا ڕێگاچارە بۆئەوەی دوو لایەن لەیەک نزیک ببنەوە ئەوەیە کە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ بکەن بۆئەوەی کەشوهەوای متمانەکردن بە یەکدی برەخسێت و پەیوەندییەکانی هەر دوولا باشتر بێت و لانیکەم ئاشتی بچەسپێت. هەروەها دەبێ یاسای ئیدارەی پارێزگاکان پەسەند بکرێت لە چوارچێوەی سیستمێکی بەرفراوانی خۆجێییدا، بەڵام پەسەندکردنی ئەم یاسایە ئەم مانگ بۆ ئەو مانگ دوا دەخرێت.

ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنیش لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧وە جێبەجێ نەکراوە بەهۆی کەموکوڕییە یاساییەکان. جگە لەوەش هەروەها کە لە تیلیگرامی ژمارە ١٠٥ی ٧ی شوباتی ١٩٦٧دا وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردبووەوە، ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن هیچ حیسابێکی بۆ دانیشتووانی غەیرە عەرەب نەکردووە و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیراندا یەک ناگرێتەوە. هەروەها حکومەت تازە دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە. بۆ نموونە بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکان تا ئێستا ١٠١٩ کەس لەوانەی تێوەگلاون لە ڕاپەڕینی باکووردا ئازاد کراون. کورد دەڵێت ئەم ئامارە ڕاست نییە و جەخت دەکاتەوە کە تەنانەت پاش لێبوردنی گشتیی ٥ی حوزەیران، یانی ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕی عەرەب- ئیسرائیل، هێشتا سەدان کورد لە بەندیخانەدان. هەروەها ئەو برگانەی ڕێککەوتننامەکە کە پەیوەندی بە مەسەلەی گەڕانەوەی مووچەخۆرە کوردەکان بۆ سەر کارەکانیان هەیە، جێبەجێ نەکراوە. بە گوێرەی ئامارێکی ئەم دواییەی وەزارەتی ناوخۆ ٣١٧ کەس لە ئیدارە جۆراوجۆرەکاندا دامەزراون. ئەم ئامارە ئەو ١١١ کوردە لە خۆ ناگرێت کە پێشتر لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەرکرابوون و ئێستا گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.

هەرچەند وەزیری گەشەپێدانی پارێزگاکانی باکوور لە کابینە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا بووە، بەڵام دەوڵەت زیاتر دروشمی داوە و بە کردەوە شتێکی ئەوتۆی نەکردووە و هیچ ئومیدێک نییە بارودۆخەکە باشتر بێت، چونکە دۆخی

دارایـی عێـراق بـاش نییـە.

لـە ڕووی سـەربازییەوە، هـەر دوولا ئێسـتا لـەو شـوێنانەن کـە لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ەوە بەدەسـتیانەوە بـووە. بارزانـی هێڵـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێرانـی بەدسـتەوەیە، پێشـمەرگەکان هێشتا چەکدارن و زۆربـەی ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی هەڤاڵەکانـی بارزانـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیـدارەی بەغـدا نییـە. تەنیـا چەکـی قورسـی سـوپای عێـراق کـە پێشـمەرگە دەسـتی بـە سـەردا گرتـووە، ڕادەسـتی سـوپا کراوەتـەوە.

لـە لایـەن خۆیـەوە دەوڵەتـی بەغـدا هێزەکانـی (فرسـان صـلاح الديـن) (هەرکیـی[١] کـورد) ی هەڵنەوەشـاندووتەوە و هێزەکانـی لـە باکـوور کـەم نەکردووەتـەوە، هەرچەنـدە ژمارەیـەک لـە هێزەکانـی کـە لـە باکـوور بـوون نـاردووە بـۆ بـەرەی شـەڕی ئیسرائیـل. بـە گوێـرەی دوایـن زانیارییـەکان کـە کۆمکردووەوەتـەوە، هێزێکـی زۆر نێـردراوە بـۆ ناوچـە کوردنشـینەکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەروەک پێشـتر بـە وەزارەتـی دەرەوەم ڕاگەیانـدووە، بارزانـی کەڵکـی لـە لاوازیـی عێـراق وەرنەگرتـووە بۆئـەوەی دەسـت بـە شـەڕ بکاتـەوە،[٢] بێگومـان هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە لـەوە ترسـاوە عەرەبـەکان تۆمەتبـاری بکـەن بـە خیانەتکـردن، چونکـە عەرەبـەکان دەڵێـن بارزانـی دەتوانێـت کوردسـتانی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی بـکات بـە ئیسرائیلێکـی دیکـە. بارزانـی چەندجـار ڕایگەیانـدووە کـورد وەک موسـڵمان و هاووڵاتـی عێـراق، لایەنـی عەرەبـەکان دەگـرن لـە خەباتەکەیـان دژی زایۆنیـزم و ئەمپیریالیـزم.

تەنیـا پوانێکـی گرنـگ کـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی داویـە بـە کـورد، ئەوەیـە ڕێگەیـداوە بـە هەڤاڵەکانـی بارزانـی ڕۆژنامـەی کـوردی - عەرەبـی (التاخـی) (برایەتـی) لـە بەغـدا بڵاوبکەنـەوە. ڕۆژنامەکـە بـە ئاشـکرا ڕەخنـە لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەگرێـت، بـەردەوام داوای دامەزراندنـی ڕژێمێکـی پەرلەمانتـاری دەکات، بۆیـە تیـراژی ڕۆژنامەکـە بـە خێرایـی

(١) هەرکـی بـەو کەسـانە دەوترێـت کـە لـە کاتـی شـەڕی سـەربەخۆیی جەزاییـر هـاوکاری حکومەتـی فەرەنسـایان دەکـرد، جاشـی جەزاییـر بـوون. پاش سـەربەخۆیی جەزاییـر، لـە سـاڵی ١٩٦٢ زۆرێـک لـە هەرکییـەکان لـە لایـەن خەڵـک و حکومەتـی جەزاییـرەوە کـوژران و زۆرێکیـان ئـاوارەی فەرەنسا بـوون. وەرگێـڕ

(٢) مەبەسـتی ئەوەیـە کـە عێـراق بەشـێک لـە هێزەکانـی نـاردووە بـۆ بـەرەی شـەڕی ئیسرائیـل، کەوابـوو لاواز بـووە. وەرگێـڕ

زیـادی کـردووە، هەرچەنـدە لایەنگـرە توندڕەوەکانـی ناسـیونالیزمی عـەرەب دژی ڕۆژنامەکـە پروپاگەنـدا دەکـەن. ڕۆژنامەکـە بـەردەوام داوا دەکات ڕێککەوتننامـەی ٢٩ی حوزەیـران بـە نیازپاکـی و بـە تـەواوی جێبەجـێ بکرێـت و دەڵێـت ئەمـە تەنیـا ڕێگایـە بـۆ بەدیهاتنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی، ئەگـەر جێبەجـێ نەکرێـت عێـراق سـەقامگیری بەخـۆوە نابینێـت و ئابورییەکـەی گەشـە نـاکات.

ئـەم ئازادیـی ڕادەربڕینـە کـە تەنیـا بـە هەنـدێ لایـەن دراوە و نـەدراوە بـە هیـچ گروپ یـان حیزبێکـی دیکـە، تەنانـەت دوژمنـە کوردەکانـی مـەلا [مسـتەفا]ی لاواز کـردووە. پـاش تێکچوونـی ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بارزانـی بـە ئاشـکرا شـەڕ دەکات دژی جـەلال تاڵەبانـی، کـە پێشـتر فەرمانـدەی سـەربازیی و جێـگای متمانـەی خـۆی بـووە. هەرچەنـدە دوژمنایەتـی نێـوان ئـەم دووانـە ڕیشـەی عەشـایری کۆنـی هەیـە، بـەڵام پەیوەندیشـی هەیـە بـە لەیەکتێنەگەیشـتنی دوو نـەوە و جیـاوازی ئیدولۆژیـی نێوانیـان[١]. بەهـۆی ئـەم بابەتانـە، ئێسـتا بارزانـی و تاڵەبانـی بـە تـەواوی لەیـەک جیـا بوونەتـەوە.

تاڵەبانیـش ڕۆژنامـەی خـۆی هەیـە بـە نـاوی (الخبـات) ( خەبـات بـە کـوردی) کـە تێیـدا دەڵێـت مـەلا [مسـتەفا] گەلـی کـورد بـەرەو نەهەماتـی پاڵپێوەدەنێـت، لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە دواکەوتـووە و لـە ئێسـتادا بـووە بە داردەسـتی ئیمپریالیـزم وەک چومبێ[٢].

ناکۆکـی ناوخـۆ کەندوکۆسـپیی سـەرەکییە بـۆ گەلـی کـورد، و ئـەو بـاڵ و لایەنـە جۆراوجۆرانـە کـە بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات لـە بەغـدا کار دەکـەن ناکۆکییەکەیـان هانـداوە. هـەرکام لـەم لایەنانـە کـە بۆچوونـی جیاوازیـان هەیـە بـۆ کێشـەی[ کـورد]، دەسـەڵاتی کابینـە یـەک لـە دوای یەکەکانیـان لاواز کـردووە و بوونەتـە هـۆی ئـەوەی متمانـەی کـورد بـە حکومـەت ڕۆژ بـە ڕۆژ کەمـتر بێـت. بۆیـە ئەمـڕۆ بارزانـی، ژەنـەڕاڵ

(١) مەبەسـتی ئەوەیـە بارزانـی نوێنەرایەتیـی نـەوەی کـۆن دەکات و تاڵەبانـی نوێنەرایەتـی نـەوەی نوێ دەکات. مەبەسـتی لـە جیاوازی ئیدولۆژی ئەوەیـە کـە تاڵەبانی چەپـە و بارزانـی ڕاستە. وەرگێـر

(٢) موسـا چۆمبێ سیاسـەتمەدارێکی کۆماری دیموکراتیکی کۆنگـۆ لـە ئەفریقا بـوو کـە سـاڵی ١٩٦٠ تـا ١٩٦٣ بـە پشـتیوانی بلژیـک حکومەتێکـی جیاییخـوازی لـە کۆنگـۆ دامەزراند. لـە ١٩٦٤ بـوو بـە سـەرۆک وەزیرانـی کۆنگـۆ بـەڵام لـە ١٩٦٥ لەلایـەن سـەرۆک کۆمـاری کۆنگـۆوە لەسـەرکار لابـرا، و پاشـان لـە کۆنگـۆ ڕایکـرد. لـە ١٩٦٧ لەلایـەن کاربەدەسـتێکی دەزگای سـیخوڕی فەڕەنسـاوە لـە فڕۆکەیەکـدا گوازرایـەوە بـۆ جەزاییـر، لـە ١٩٦٩ لـە بلژیـک مـرد و هـەر لـەوێ نێـژرا. چەپـەکان و نەیارانـی کولونیالیـزم چۆمبـێ بـە خیانەتـکار و داردەسـتی ئیمپیریالیـزم لەقەڵـەم دەدەن. وەرگێـڕ

عـارف، سـەرەڕای هەمـوو کەموکوڕییەکانـی، بـە تەنیـا کەسـێک دەزانێـت کـە دەتوانێـت پشـتی پێببەسـتێت بـۆ چارەسـەرکردنی [کێشـەی کـورد]. سـەرۆک کۆمـار لـەم دۆخـەدا وزەی خـۆی بـە تـەواوی تەرخانکـردووە و ئەگـەر لـە دەسـەڵات نەمێنێـت، ئەگـەری ئـەوە هەیـە شـەڕ[لە نێـوان کـورد و حکومـەت] دەسـتپێبکاتەوە، کـە لـە بارودۆخـی دارایـی ئێسـتادا دەوڵەتـی عێـراق ناتوانێـت خەرجـی شـەڕەکە دابیـن بـکات. خەڵکـی عێـراق بـە گشـتی لـە خوێنڕژتـن دەترسـێت و پشـتیوانی لـە هەوڵەکانـی سـەرۆک کۆمـار دەکات بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگاچارەیەکـی هەمیشـەیی بـۆ کێشـەی کـورد.

بەپێچەوانـەوە، هەنـدێ لـە کاربەدەسـتانی سـوپا ڕێککەوتننامـەی کـورد و عێـراق بـە تەسـلیمبوونی دەوڵەتـی عێـراق دەزانـن و سـەفەری ژەنـەڕاڵ عـارف بـۆ ڕوانـدوز بـە سـووکایەتییەکی قبوڵنەکـراو دەزانـن. ئەوانـەی بـە دەوروبـەری ژەنـەڕاڵ عوقەیلـی، وەزیری پێشـووی بەرگرییـەوەن دەڵێـن تەنیـا ڕێـگا بـۆ کۆتاییپێهاتـن بـە [کێشـەی کـورد] ڕێـگای زۆرە و دژی ئـەوەن کـە هیـچ چەشـنە مافێـک بـە کـورد بدرێـت. ئـەم گروپـە هەرچەنـدە دەسـەڵاتیان لـە بنکـە و بـارەگا سـەربازییەکانی باکـووردا نەمـاوە، بـەڵام لـە شەڕوشـۆیی خۆیـان نەکەوتـوون.

ئـەو ناسیونالیسـتە عەرەبانـە کـە ئێسـتا لـە دەسـەڵاتدان، بـە سـەر چەنـد گـروپ و لایەنێکـدا دابـەش دەبـن. بەشـێکیان کـە گوێڕایەڵـی سـەرۆک [جەمـال عەبدول] نـاسرن دژی ئـەوە نیـن کێشـەی کـورد چارەسـەر بکرێـت و مافەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقـدا بدرێـت. بـە پێچەوانـەوە، ناسیونالیسـتە توونـدڕەوەکان دەڵێـن داننـان بـە مافەکانـی کـورد، کـە نەتەوەیەکـی موسـڵمانن هەرچەنـدە زمـان و ڕەگەزیـان جیـاوازە، لەگـەڵ بیرۆکـەی ناسـیونالیزمی عەرەبـدا یـەک ناگرێتـەوە و هەڕەشـەیە بـۆ یەکێتیـی نەتـەوەی عـەرەب. ئەم لایەنانـە لـەوە دەترسـن ئەگـەر هەڵبژاردنێکـی ئـازاد بکرێـت و ڕژێمێکـی پەرلەمانتـاری دابمەزرێـت کـورد ببێـت بـە خـاوەن قورسـایی و لـە ئەنجامـدا ببێـت بـە هەڕەشـەیەکی گـەورە بـۆ عـەرەب لـە عێـراق.

بەعسـییەکان بـە تـەواوی دژی ئـەوەن دان بـە مافـی کـورددا بنرێـت، کۆمۆنیسـتەکان بـە پێویسـتی دەزانـن کێشـەی کـورد چارەسـەر بێـت و مافەکانـی شـیعەکان و کریسـتیانەکان بدرێـت، چونکـە ئەمـە تەنیـا کەرەسـتەیەکی ڕاستەقینەیە کـە دەتوانێـت

پێش لە باڵادەستیی عەرەبی سوننە بگرێت و لە ئەنجامدا ناسیونالیزمی عەرەب لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا نەچێتە دەرەوە. جگە لە قۆناخێکی کورت کە تێیدا سۆڤیەت سیاسەتێکی دیکەی بووە، حزبی شیوعی عێراق تەنیا لایەنێک بووە کە داکۆکی لە دۆزی کورد کردووە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی بارزانی لە کابینەی تاهیر یەحیا ڕازی نییە و بە نوێنەری سەرجەم خەڵکی عێراقی نازانێت، ئێستا لایەنی بارزانی و دەوڵەتی عێراق بە حەزەرەوە هەڵسوکەوت دەکەن. هەڤاڵەکانی مەلا[مستەفا] تا ئێستا بە قەد هەڤاڵەکانی تاڵەبانیدا دانیان بە خۆیاندا گرتووە. ئەگەر سوپا بە قازانجی هەڤاڵەکانی تاڵەبانی کە هاوکارییان دەکات، دەستێوەردان بکات، بارودۆخەکە بە خێرایی دەشڵەقێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی عێراق داوای یارمەتی لە مسر و وڵاتانی دیکەی پێشکەوتنخوازی عەرەب بکەن و ئێران هانبدرێت دەستبکاتەوە بە یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی برا ئارییەکانی[1].

---

(١) مەبەستی ئەوەیە کە کورد و فارس لە ڕەگەزی ئارین. شای ئێران چەند جار وتبووی کوردی عێراق ئارییین و ئەرکی ئێمەیە یارمەتیان بدەین، هەرچەند کە لە ئاداری ١٩٧٥ ئەمانەی لە بیرچووەوە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**۱۷ی ئەیلوولی ۱۹٦۷**

**بابەت: دیداری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ بارزانی**

بە وتەی ڕۆژنامەکان، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەمزوانە سەردانی مسر دەکات و لەگەڵ سەرۆک ناسر دیدار و گفتوگۆ دەکات و هەوڵ دەدات پشتیوانیی ناسر بەدەستبهێنێت بۆ هەوڵەکانی [حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد]. لەم پەیوەندییەدا سەرۆک وەزیران لەگەڵ ژمارەیەک لە وەزیرەکانیدا سەردانی باکووری کردووە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی. ئەم چاوپێکەوتنە لە ١٥ی ئەیلوول لە گوندی گەلاڵە[1]، کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانیدایە، کراوە. بارزانی ڕازینەبووە هەڤاڵە جێگە متمانەکانی بەشدار بن لە حکومەتەکەی تاهیر یەحیادا و ڕۆژ بە ڕۆژ ناڕەزایەتی زیاتر دەردەبڕێت کە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ۱۹٦٦ جێبەجێ نەکراوە. بارزانی لەڕێگای نوێنەرەکانییەوە کاربەدەستانی بەغدای ئاگادار کردووەتەوە کە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول دوا وادەیە، ئەگەر حکومەت نەیەوێت کێشەی باکوور چارەسەر بکات، ئەو کارە دەکات کە پێویستە.

لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی لێدوانی سازگارانەی داوە، بە ئاژانسی زانیاریی عێراقی ڕاگەیاندووە پشتیوانی لە هەوڵەکانی سەرۆک وەزیران دەکات بۆ خزمەتکردن بە سەرجەم خەڵکی عێراق و جەختی کردووەتەوە کە بەپێچەوانەی دەنگۆی لایەنە ناپاکەکان، ناوچەی باکوور بەتەواوی ئارامە. بارزانی هەروەها وتوویەتی ئێمە متمانەمان بە سیاسەتی دەوڵەتی ئێستای عێراق هەیە بۆ پێشخستنی ناوچەکەمان و سەرجەم ناوچەکانی عێراق، بۆیە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هاوکاریی دەوڵەت بکەین بۆئەوەی وڵاتەکەمان بنیادبنێینەوە و پێشیبخەین.

لە لایەن خۆیەوە، تاهیر یەحیا بە دەستی بەتاڵ نەچووە بۆ لای بارزانی: دەوڵەت

(1) Fuhya Kelala

بڕیاریداوە دوو ملیۆن دینار بۆ گەشەی باکوور تەرخان بکات. بە قازانجی حکومەتە ئەم ناوچەیە سەقامگیر بێت، چونکە هاوسەنگیی هێز تێکچووە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی عێراق ئێستا لە ئوردنن.[١]

ئایا جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەستپێدەکاتەوە؟ ئایا تاهیر یەحیا بارزانیی دڵنیا کردووەتەوە کە لە کۆتاییدا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەبێت؟ هێشتا زۆر زووە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر ئەمە سیناریۆیەکی کەم تا زۆر درۆزنانەش نەبێت، هەڵوێستی تاکەکەسیی سەرۆک وەزیران پاش دیدارەکەی لەگەڵ بارزانی دیاری دەبێت. دکتۆر بەزاز بە دڵنیاییەوە چەند هەفتە پاش بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتننامەکە بەهۆی گوشاری سوپا دەستی لەکارکێشایەوە. بەهەرحاڵ بەزاز کەسایەتیەکی مەدەنی بوو، بەڵام تاهیر یەحیا ژەنەڕاڵە، هەرچەندە هێرشی زۆری دەکرێتەسەر، لەلایەن سوپاوە پشتیوانی لێدەکرێت.

**گۆغس**

(١) مەبەستی ئەوەیە ناردراون بۆ بەرەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل. وەرگێر

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٧**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ١٢٥٩** [١]

**بابەت: شۆڕشی کورد داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کۆتایی بە قسە و لێدوان بهێنێت**

ڕۆژنامەی التاخی کە زمانحاڵی کوردە و بە زمانی عەرەبی دەردەچێت و سەرنووسەرەکەی جێگای متمانەی بارزانییە[٢]، ڕۆژێک پاش دیداری ڕابەری کورد و سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەیدا دەقی تەواوی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی بڵاو کردەوە، بێ ئەوەی هیچ بیروبۆچوونێک دەرببڕێت. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە ئەوەیە کە ڕابەرانی کورد دەیانەوێت بڵێن سەرجەم مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە لە چوارچێوەی هەمان وتاردایە کە لە ژمارە ١٧ی ڕۆژنامەکە بڵاو بووەوە کە تێیدا نووسرابوو: "ئەم دیدارەی [بارزانی و تاهیر یەحیا] دەبێ جیاواز بێت لەو دیدارانەی پێشتر بەڕێوەچووە. ئیدی قسە و لێدوان بەسە، دەبێ کار بکرێت. ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران دەبێ جێبەجێ بکرێت، چونکە کێشەی کورد لە ماوەی ١٥ مانگی ڕابردوودا چارەسەر نەکراوە."

**گۆغس**

---

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

(٢) ئەوکاتە صالح الیوسفی سەرنووسەری ڕۆژنامەی التاخی بووە. وەرگێڕ

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٠ی ئەیلـوول، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژنامـەکان بڵاویـان کـردەوە ئیحسـان شـێرزاد کـە کـوردە، بەربژێـر کـراوە بـۆ پۆسـتی وەزیـری شـارەوانی و کاروبـاری گشـتی کـە تـا ئێسـتا عەبدولفەتـاح ئەلشـاڵی، وەزیـری گەشـەپێدانی باکـوور بـە وەکالـەت ئـەم پۆسـتەی وەرگرتـووە. ئیحسـان شـێرزاد کـە لـە کابینـەی ١٠ی ئایـاری سـاڵی ڕابـردووی سـەرۆک عارف وەزیـر بـووە، دوابـەدوای دیـداری بارزانـی و تاهیـر یەحیـا لـەم پۆسـتە دانـراوە، چونکـە تـا ڕادەیـەک جێـگای متمانـەی ڕابـەری کـوردە، بەپێچەوانـەی دوو کوردەکـەی دیکـە یانـی وەزیـری داد و وەزیـری گەشـەپێدانی باکـوور. "

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران**

وەک پێشتر ئاماژەم پێکردبوو حکومەتی [عێراق]هەندێ هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ[جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦] کە کەم تا زۆر بووەتە جێگای ڕەزامەندی مەلا مستەفا بارزانی، لەوانە: تەرخانکردنی دوو ملیون دینار بۆ گەشەپێدانی باکوور و دانانی بەڕێز ئیحسان شێرزاد [بۆ پۆستی وەزاری] کە جێگای متمانەی ڕابەری کوردە. لە هەمان چوارچێودا، حکومەت ئەمدوایانە کۆمەڵێک هەنگاوی دیکەی هەڵگرتووە: پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سەربازیی تێکەڵ کە لە سێ ئەفسەری عێراق پێکدێت و لە لایەن فەرماندەی گشتیی ناوچەی مووسڵ هەڵدەبژێردرێن، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتە گشتییەکان و واژووکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ [کۆمپانیای] ئیتالکونسوڵت بە مەبەستی دانانی پلانێک بۆ گەشەپێدانی باکوور و دانانی کۆمیسیۆنێکی باڵا بۆ خەرجکردنی ملیونێک دینار بۆ ئەوانەی بوونەتە قوربانیی شەڕ.

هەروەها ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا هەندێ کوردی دیکە، لەوانە ژەنەڕاڵ فواد عارف، جێگری پێشووی سەرۆک وەزیران، دێنێتە ناو کابینەکەی.

ئەم بڕیارانە نیشان دەدات کە [ڕێککەوتننامەی کورد و حکومەت] بە تەواوی نەفەوتاوە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧**

**بابەت: بارزانی داوای کۆمەڵێک شتی نوێ لە حکومەتی عێراق دەکات**

دوێنی بەرپرسی کاروباری [عێراق] لە باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعودی سەردانی کردم، پێیوتم پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و حکومەت هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە و دانوستانی نهێنی لە نێوان ڕابەری کورد و سەرۆک وەزیران بەردەوامە. بارزانی بە چەککردنی هێزەکانی ڕازینەبووە و پێداگری کردووە یەکێ لە هەڤاڵەکانی ببێت بە وەزیری یەکێ لە وەزارەتە گرنگەکان (وەزارەتی دەرەوە، داد، ناوخۆ، بەرگری، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن) و داوای کردووە دەسەڵاتی سوپا لە ناو حکومەت کەم بێتەوە و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکرێت.

لە لایەن خۆیانەوە، شیوعییەکان پێیانوایە کاربەدەستانی عێراق لەو کەشوهەوا دەروونییە نیگەرانن کە بەسەر باکووردا زاڵە. بەرپرسی کاروباری [عێراق] لە باڵوێزخانەی چیکسلۆڤاکیا ئەمەی بۆ پشتڕاستکردمەوە. بەهەرحاڵ ڕوونە کە لە پانزە ڕۆژی ڕابردوودا وەزیری بەرگری، سەرۆک ئەرکانی سوپا و جیگرەکەی بەردەوام هاتوچۆی ناوچەی باکووریان کردووە.

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی دیکە، سەرۆک وەزیران زۆر پێیخۆشە ڕێککەوتننامەی[٢٩ی حوزەیران] جێبەجێ بکات و لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک پوانی گرنگی بە کورد داوە بۆ جێبەجێکردنی کەم تا زۆری ئەو شتانەی بارزانی داوای دەکات.

**گۆغس**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧**

**بابەت: مەلا مستەفا بارزانی داواکارییەک پێشکەش بە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا دەکات**

ساڵح یوسفی[١]، کەسایەتی خەباتکاری ناسراوی کورد، بەڕێوەبەری پێشووی ئیزگەی رادیۆی [دەنگی]کوردستانی ئازاد و سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبی- کوردی التاخی کە لە بەغدا چاپ و بڵاودەبێتەوە، نامەیەکی بە ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەمان داوە کە مەلا مستەفا بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا نووسیویەتی. یوسفی هەروەها داوای کردبوو لەگەڵ خۆم گفتوگۆ بکات.

بەمزوانە فۆتوکۆپی نامەکەی[بارزانی] و دەقە وەرگێڕاوەکەی بە ڕێگای جانتای [دیپلوماتیک][٢] بۆتان دەنێرم.

[لە نامەکەدا] ڕابەری ڕاپەڕینی کورد بە توندترین شێوە هێرشی کردووەتە سەر دەوڵەتی عێراق، تۆمەتباری کردووە کە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ جێبەجێ ناکات و بەرپرسیارێتی دەستپێکردنەوەی شەڕی خستووەتە ئەستۆی حکومەت و جەختی کردووەتەوە ئەگەر شەڕ دەسپێبکاتەوە دیسان داکۆکی لە خۆی دەکات. مەلا مستەفا داوای لە ژنەڕاڵ دوگول کردووە گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی بەغدا کێشەکە بە باشترین شێوە چارەسەر بکات و جەختی کردووەتەوە کە ئەم کێشەیە دەبێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاست.

(١) ساڵح یوسفی کە زیاتر بە سەیدا ساڵح یوسفی ناسراوە لە ساڵی ١٩١٨ لە بامەڕنی لە ناوچەی بادینان لەدایک بووە، لە دامەزرێنەرانی حیزبی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٠ بووە بە وەزیر لە کابینەی حکومەتی عێراق. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە بەغداد نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٨١ لە بەغداد نامەیەکی بومبڕێژکراوی بۆ ناردراوە، پێیدا تەقیوەتەوە و شەهیدی کردووە. وەرگێڕ

(٢) جانتای دیپلوماتیک ئەو بەڵگەنامە و کەرەستانەیە کە باڵوێزخانەکان لە جانتایەکدا بە فڕۆکە دەینێرن بۆ وڵاتەکەیان. وەرگێڕ

ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەم پێشوازیم لە بەڕێز ساڵح یوسفی کرد بۆئەوەی دڵنیای بکەمەوە کە ناوەرۆکی پەیامەکەی بارزانی بۆ وەزارەتی دەرەوە دەنێرم، بەڵام ڕێوشوێنەکانی کاری من لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەروەها حکومەتی فەڕەنسا ڕێگەم پێنادات بە شێوەی فەرمی نامەیەک دەربارەی کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەی کاری تێدا دەکەم، بۆ دەوڵەتی خۆم بنێرم. ئەسڵی نامەکەم گەڕاندەوە بۆ بە بەڕێز ساڵح یوسفی و پرسیارم لێکرد ئایا نامەی هاوشێوە نێردراوە بۆ کەسایەتییەکانی دیکە. لە وەڵامدا وتی بەڵێ بۆ سەرۆکی حکومەتی هیند و یەکێتی سۆڤیەتیش نێردراوە.

ڕوونە ئامانجی ڕابەری کورد لە نووسینی ئەم نامانە ئەوەیە کە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئاگادار بکاتەوە کە لە ئەدای حکومەتی عێراق ڕازی نییە، ئەگەر بێت و شەڕ دەستپێبکاتەوە سووچی ئەو نییە.

بە گوێرەی ئەو شیکردنەوەیە کە یوسفی دەربارەی بارودۆخەکە باسی کرد، بارزانی پێیوایە بەزاز بەهۆی نیازپاکی دەوڵەتی بەغدا [لەگەڵ کورد] ڕێکنەکەوتووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بەهۆی شکستی سوپای عەرەب لە ڕواندوز بووە.[1] بارزانی پێیوایە ئێستا سەرۆک وەزیران دەیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام سەرجەم وەزیرەکانی حکومەت بە گوێی ناکەن و سەرۆک عارفیش نایەوێت دژی هەندێ لە ژەنەڕاڵەکان بجووڵێتەوە کە دەیانەوێت شەڕ دەستپێبکاتەوە بۆئەوەی بارودۆخی نائاسایی لە وڵاتی عێراق بچەسپێت و هەڵبژاردن دوا بکەوێت و دیموکراسی نەچەسپێت.

**گۆغس**

(١) مەبەستی شەڕی هەندرێنە. وەرگێر

**وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

**بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بۆ: نووسینگەی وەزیر**

**پاریس**

**١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧**

**بابەت: نامەی ڕابەری کورد، بارزانی، بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

بەشانازییەوە دەقی وەرگێڕدراوی نامەیەکی مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆمارتان بۆ دەنێرین. سەرۆکی کورد لە نامەکەدا ئاماژەی بە بارودۆخی نالەباری باکووری عێراقی کردووە کە دەسەڵاتدارانی عێراق دروستیانکردووە، بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کە دکتۆر بەزاز واژووی کردووە، جێبەجێ ناکەن. بارزانی لەوە نیگەرانە کە شەڕی براکوژی هەڵبگیرسێتەوە و دەیەوێت پێمانبڵێت ئەگەر شەر هەڵگیرسایەوە سوچی ئەو نییە. بارزانی داوا لە سەرۆک کۆمار دەکات گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی عێراق بۆئەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکات و دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێت.

نامەکە لەلایەن نوێنەرێکی[بارزانییەوە] تەسلیم بە باڵوێزخانەکەمان [لە بەغدا] کراوە، چونکە نەیویستوە نامەکە بە شێوەی فەرمی بنێرێت و ئەسڵی نامەکەی تەسلیم بە باڵوێزەکەمان نەکردووە[1].

(١) باڵوێزی فەڕەنسا لە بەغداد لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ ئاماژەی بەوە کردووە: "فۆتۆکۆپیی دەقە وەرگێڕدراوەکەی نامەکەی مەلا بارزانیتان بۆ دەنێرم کە نوێنەرێکی تەسلیمی ئێمەی کردووە. سوپاستان دەکەم وەڵام بدەنەوە ئایا دەبێ ڕێبەری کورد ئاگادار بکەمەوە کە کاربەدەستانی فەڕەنسا گرنگی بە بارودۆخی باکوری عێراق دەدەن و پشتیوانی دەکەن لەوەی کە کێشەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێت؟."وەرگێڕ

**دەقی نامەکەی بارزانی:**

**زۆر بەڕێز جەنابی شاغل دیگۆڵ، سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**سڵاو و ڕێز، دوعای خێرتان بۆ دەکەم.**

لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە دەمانەوێت سەرنجی جەنابتان بەرەو لای بارودۆخی مەترسیداری عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ڕابکێشین کە بەهۆی ئەوە دروست بووە کە دەوڵەتی عێراق ئەو بڕگانە جێبەجێ ناکات کە لە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا بەڵێنی جێبەجێکردنیدابوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە عێراق لەنێوان ئێمە و عێراقدا واژوو کرا.

سیاسەتی دەوڵەتی عێراق ئەوەیە شۆڕشی کورد لەناو ببات و هێرش بکاتە سەر ئاسایش و مافەکانی گەلی کورد، و هانی خایین و خراپکارەکانی دوژمن بە گەلەکەمان دەدات بۆ تێکدانی سەقامگیری ناوچەکەمان و خوڵقاندنی کەشوهەوای بێسەروبەری. هەروەها بۆئەوەی ئازادی و ئاسایشی هاووڵاتییەکانمان لە سەرانسەری عێراق تێکبدەن و تیرۆر و توندوتیژی پەرەپێبدەن و ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵک دروست بکەن و دووبەرەکی لەنێوان عەرەب و کورد بنێنەوە. بە واتەیەکی دیکە دەیانەوێت کەشوهەوایەک دروست بکەن کە دووربێت لە ئاسایش، ئاشتی، سەقامگیریی و کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر نەکەن.

ئێمە هەوڵمان داوە و ئێستاش هەر هەوڵ دەدەین بۆئەوەی تا ئەو شوێنەی پێمان دەکرێت لە وتووێژەکاندا بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی هاوکاری بکەین بۆئەوەی ڕێگەچارەیەکی دادپەروەرانە بۆ کێشەکەمان بدۆزینەوە، بەڵام هەموو هێماکان نیشان دەدات کە کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق نایانەوێت بە نیازپاکی و جددییەتەوە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ بکەن و گەلەکەمان لەوە بێهیوا بووە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن.

ئەم بارودۆخە نالەبارە مەترسی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە شەڕی براکوژی لە عێراق دەست پێبکاتەوە و نەهەماتییەکانی گەلی کورد لە شەش ساڵی ڕابردوودا دووپات بێتەوە. شۆڕشی کورد شێلگیرانە تا ئەو شوێنەی لە دەستیدێت کار دەکات بۆئەوەی شەڕ هەڵنەگیرسێت و کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە بەرپرسیارێتی

ئەم مەسەلەیە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندییە، چونکە خاوەن دەسەڵاتە بۆ چارەسەرکرنی کێشەکانی وڵات.

لەم ڕاستییانە ئاگادارتان دەکەینەوە، بۆئەوەی بزانن هەڵوێستی ئێمە چۆنە و لە گرنگی و هەستیاربوونی بارودۆخەکە تێبگەن و ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن بۆئەوەی بە هەر شێوەیەک لە دەستتان دێت گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق ڕێگەی وتووێژ بگرێتەبەر بۆئەوەی کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بێت و شەڕ و دەمارگرژیی دەست پێنەکاتەوە. ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپی بچێت نەهامەتی وماڵوێرانی و کۆمەڵێک ئەنجامی زۆر جددی بەدواوە دەبێت کە بەدڵنیاییەوە دەبێت بە هەڕەشە و مەترسی بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە کێشەی کورد یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکەیە.

شۆڕشی کورد زۆربەی ئەرکەکانی خۆی بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ کردووە، کەوابوو خۆی لە بەرانبەر ئەو ئاکام و ئەنجامە جددییانە بە بەرپرسیار نازانێت کە بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەرک و بەڵێنەکانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دروست دەبێت.

گەلی کورد لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ کارەسات و نەهامەتییەکانی شەڕ ڕووبەڕووبووەتەوە و وڵاتەکەی کاول بووە، تەنیا بەهۆی ئەوەی داوای کردووە ڕێز لە مافە نەتەوەیی و مرۆڤییەکانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بگیردرێت.

گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە جەنابت و دەوڵەتە خاوەنشکۆکەتان و سەرجەم وڵاتە زلهێزەکان کە خۆیان لە بەرانبەر بەدیهاتنی ئاشتی و خێر لە جیهان بە بەرپرسیار دەزانن، یارمەتیدەربن بۆئەوەی ئاشتی و سەقامگیری و ئارامی لە عێراق دەستەبەر بێت.

لەم بارودۆخە تایبەتەدا چاوەڕوانی زیاتر لە ئێوە دەکرێت، لەبەرئەوەی ئێستا هەوڵی زۆر لە ئارادایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەدیهاتنی ئاشتییەکی درێژخایەن لەم ناوچەیە.

لە کۆتاییدا ئەوپەڕی ڕێزمان قەبووڵ بفەرموون

**موخلیستان، مستەفا بارزانی**

**٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧**

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**نهێنی**

**١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦٧**

**بابەت: هەڵوێستێکی ناشازی کورد لە هەمبەر فەڕەنسا**

پێشتر وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردووەوە کە ڕۆژنامەکانی بەغدا چی کاردانەوەیەکیان بووە لە هەمبەر ڕێکەوتنی ERAP-INOC [1]. ئاماژەم بەوە کرد کە تەنیا یەک ڕۆژنامە لە ڕێککەوتنەکە ناڕازی بووە، ئەویش ڕۆژنامەی کوردی - عەرەبی التاخی (برایەتی)یە کە سەرنووسەرەکەی ساڵح یوسفی، بەرپرسی پێشووی ئیزگەی ڕادیۆی (دەنگی کوردستان)ە. التاخی ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم، وتارێکی ژەهراوی لە ژێر ناوی (نەوتی عێراق لە نێوان دەرهێنانی ڕاستەوخۆ و ڕێککەوتنە باجدەرانەکان)دا بڵاو کردەوە کە تێیدا ڕەخنەی لە ڕێکەوتنی ٢٦ی تشرینی دووەم گرت و وتی گومانی هەیە لە نیازپاکی کۆمپانیا فەڕانسییەکە. نووسەری وتارەکە سەرەتا وتوویەتی بەداخەوە ڕێککەوتنەکە لە لایەک نیشانی بیروڕای گشتی یان لانیکەم پسپۆران یان مامۆستایانی زانکۆ و لەلایەکی دیکەوە نیشانی گروپە ئەتنیکی و سیاسییە جۆراوجۆرەکان نەدراوە.

ئەم هەڵوێستەی ڕۆژنامەیەک کە زمانحاڵی مەلا [مستەفا] بارزانییە و تا ئێستا زانیاری و بۆچوونی زۆری بە لایەنگری لە فەڕەنسا بڵاو کردووەتەوە، جێگای پرسیارە. ڕۆژنامەکە ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر هەواڵ دەربارەی پەیوەندیەکانی عێراق- فەڕەنسا و ناوخۆی فەڕەنسا بڵاو دەکاتەوە. التاخی تەنیا ڕۆژنامەیەکە کە هیچ بۆچوونێکی

(١) مەبەستی ڕێککەوتنێک بووە کە کۆمپانیای لێکۆڵینەوە و چالاکییەکانی نەوتی فەڕەنسا لەگەڵ کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق واژووی کردووە بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیا فەرەنسییە دەستبکات بە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە عێراق. وەرگێڕ

دەربارەی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەمدواییەی سەرۆک کۆماری[ فەڕەنسا] بلاو نەکردووەتەوە.

گەرموگوڕتربوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جیهانی عەرەب مەترسی ئەوەی هەیە کە هەستی هاوخەمی و دۆستایەتی کەمینە غەیرە عەرەبەکان بۆ ئێمە کەم بێتەوە، ئەمەش پاساوی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، هەرچەندە دەرکیشی پێنەکرێت. کورد و ڕۆژنامەکەیان کۆمەڵێک پاساوی دیکەشیان هەیە.

وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری دیدارەکەی من و سەرنووسەری التاخی یە ( کە لە تیلیگرامی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧دا باسم کردووە). بەڕێز ساڵح یوسفی هەڵوێستی منی پێناخۆش بوو و لە خۆشمی نەشاردەوە. هۆکاری ئەو هەڵوێستەی من وتووێژە گرنگەکانی ئێمە و حکومەتی عێراقە. ئەم هەڵوێستەی نووسەری وتارەکەی التاخی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت[١].

گەرموگوڕتربوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق ناڕاستەخۆ دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی ڕژێمی ئێستا. لەوانەیە فەڕەنسا بتوانێت بە شێوازی ڕاستەوخۆتر، ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بەهێزتربوونی سوپای عێراق. کورد، کە بە تەواوی ئاگاداریشن، ئەم مەسەلەیە بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان نازانن.

لە کۆتاییدا، هاوکارە عەرەبەکانم دڵنیایان کردمەوە کە ڕاپەڕینی کورد، بە دەستی ئەنقەست یان پێچەوانەکەی، لە ژێر کاریگەریی هێزە بیانییەکاندایە: یەکێتی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئێران کە بە گوێرەی بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیان کار دەکەن.

ئەگەر بارودۆخی هەستیاری ئێستای باکوور ئاڵۆزتر بێت، لەوانەیە حکومەتی بەغدا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش بە قازانجی ئێمە نییە.

---

(١) مەبەستی ئەوەیە کە باڵوێز وەڵامی نەرێنی بە داواکارییەکەی بارزانی داوەتەوە (کە لە بەڵگەنامەی پێشوودا باس کراوە)، بۆیە ڕۆژنامەی التاخی دژی ڕێککەوتنی کۆمپانیای نەوتی فەڕەنسا و عێراق وەستاوە. باڵوێز لەبەر ئەوە داواکارییەکەی بارزانی ڕەت کردوەتەوە کە وتووێژەکانی فەڕەنسا و عێراق تێکنەچێت. وەرگێڕ

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، کابینەی وەزارەتی سوپا، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**زۆر نهێنی**

**٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨**

**بابەت: ناکۆکیی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر کێشەی کورد**

١- بە فەرمانی تاهیر یەحیا، پێش لە هاتوچۆی هەندێ لە هەڤاڵەکانی [جەلال] تاڵەبانی لە سلێمانی بۆ کەرکووک گیراوە، بۆئەوەی تۆزێک بارزانی ڕازی بکات. وەزیری دەرەوە ( ئیسماعیل خێروڵڵا)[1]، وەزیری بەرگری (شاکر مەحمود شوکری)[2] و وەزیری نەوت (عەبدولستار عەلی ئەلحوسەینی)[3] ڕەخنەیان لەم کارەی سەرۆک وەزیران گرتووە.

سەرۆک عارف پێیوایە ڕازیکردنی کورد، بارزانی شێلگیرتر دەکات، بۆیە هێزی سەربازی جووڵاندووە بۆئەوەی پلانەکەی تاهیر یەحیا تێکبدات، بەڵام تاهیر یەحیا واز لە هەوڵەکانی ناهێنێت بۆ ڕازیکردنی بارزانی و کۆتاییپێهێنان بە قەیرانی کورد.

٢- کەسایەتییەکی کورد [٤]کە نزیکە لە دەوڵەتی عێراق لەلایەن خۆیەوە ڕایگەیاند ئەگەر دەوڵەتی عێراق سەرجەم داواکارییەکانی بارزانی جێبەجێ نەکات، بەتایبەت دەرکردنی هێزەکانی تاڵەبانی لە کوردستان، دوو وەزیرە کوردەکە، ئیحسان شێرزاد (وەزیری کاروباری خۆجێیی و گشتی) و عەبدولفەتاح ئەلشاڵی (وەزیری کاروباری باکوورر و شارەوانی) دەستلەکاردەکێشنەوە.

(1) ISMAIL KHAIRALLAH

(2) CHAKER MAHMOUD CHOUKERY

(3) ABDEL SATTAR ALI EL HUSSEIN

(٤) ئەم کەسە عەلی حەیدەر سلێمان، باڵوێزی عێراق لە ئیتالیا بووە. وەرگێڕ

٣- وادیـارە ناکۆکییەکانـی عـارف و تاهیـر یەحیـا لـە سـەر کێشـەی کـورد و مەسـەلەی نـەوت چارەسـەر نابێـت. ناکۆکییەکانـی نێـو وەزیـرەکان گەیشـتووەتە ئاسـتی لەیەکهەڵوەشـانەوەی کابینـە. ئەگـەر تاهیـر یەحیـا بتوانێـت سـەرۆک عـارف ڕازی بـکات، سیاسـەتەکەی بـۆ کێشـەی کـورد و نـەوت سـەردەکەوێت، ئەگەرنـا ناچـار دەبێـت  دەستلەکاربکێشـێتەوە.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی ئوپەراسیۆن و چالاکیی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی وزەی وەزارەتی پیشەسازی[١]، سکرتاریەتی گشتی پۆلیس لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڕیوەبەرایەتی گشتی پۆلیس...**

**نهێنی**

**٧ی ئاداری ١٩٦٨**

**بابەت: زانیاری دەربارەی کۆبوونەوەیەکی نهێنیی شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا**

١- ڕێکخراوە کوردەکان لە ئەوڕوپا (یەکێتی لاوانی خوێندکاریی کوردی - فرانکفۆڕت-، کۆمیسیۆنی داکۆکی لە مافی گەلی کورد - لۆزان-، پارتی دیموکراتی کورد[ستان]، پارتی کوردستانی ئازاد) لە مانگی ئادار بەشدارییان لە کۆنگرەی کورد لە پاریس کردووە.

بە وتەی کەسایەتییەکی کورد کە نزیکە لە بارزانی، ئەم ڕێکخراوانە کە گوێڕایەڵی کۆمۆنیستن و یەکێتی سۆڤیەت پارەیان دەداتێ، هەوڵ دەدەن ناکۆکی نێوان بارزانی و عارف[٢] بەکاربێنن بۆئەوەی قورسایی خۆیان لە ئەوڕوپا زیاد بکەن و بارزانی ناچار بکەن لە ناوخۆی کوردستان جێیان بکاتەوە. لەم پەیوەندییەدا دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کورد[ستان] کە لە ئەوڕوپا چالاکە، لە عێراق نەمێنێت چونکە پێگەی لاوازە.

---

(١) بۆ ئەوە ناردراوە بۆ بەشی وزەی وەزارەتی پیشەسازیی، چونکە ئەوکاتە کۆمپانیای نەوتی فەڕەنسا لە عێراق کاری کردووە، بۆ هەندێ نووسینگەی دیکە نێرداوە کە ناوەکەیانم بۆ ساخ نەکرایەوە، چونکە بەس پیتی یەکەمی وشەکانی نووسیوە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆک کۆماری عێراقە کە ئەوکاتە تۆزێ لەگەڵ بارزانی ناکۆک بووە، چونکە ڕێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی جێبەجێ نەکردووە. وەرگێڕ

٢- کەسایەتییەکی کوردی دانیشتووی ئەوروپا وتی لە نێوان ئەو ڕێکخراوە کوردانە کە کۆنگرەکەیان پێکهێناوە، (یەکێتی لاوانی خوێندکاریی کوردی فرانکفۆرت) تەنانەت لە نێو کوردیشدا بزووتنەوەیەکی نەناسراوە و کۆمیسیۆنی داکۆکی لە مافی گەلی کورد لە لۆزان) کە [کەسایەتی] کوردی سوریا، عیسمەت شەریف وانلی لە ١٩٦٢ دایمەزراندووە، لەلایەن بارزانی و ئەمیر بەدرخانەوە ڕەخنەی لێگیراوە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دوگم و مارکسیستی.

تەنیا ( پارتی کوردستانی ئازاد) نوێنەرایەتی باڵی شۆڕشگێڕیی بارزانی کردووە.

## پەراوێزی وەرگێڕ:

ئەم نووسینگەیەی وەزارەتی سوپا لە ١٣ی ئادار لە پەیوەندی لەگەڵ هەمان بابەتدا بەڵگەنامەیەکی دیکەی لە ژێر ناوی (چالاکییەکانی کوردە کۆچبەرەکان) ئامادە کردووە کە تێیدا نووسراوە:

- بە وتەی کەسایەتییەکی کورد،[لە کۆنگرەی پاریس] مەسەلەی یەکگرتنی بەرپرسی حیزب و ڕێکخراوەکان لە پاریس لە ئارادا نەبووە، تەنیا تاوتوێی ئەوەیان کردووە کە ئایا دەتوانن (کۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکارانی کورد) لە پاریس پێکبێنن.
- بەمزوانە ڕێکخراوێکی کورد دادەمەزرێت بۆ سەرجەم کوردە کۆچبەرەکان، جگە لە خوێندکاران، کە ئامانجی ئەوەیە یارمەتی ماددی کۆبکاتەوە بۆ شۆڕشی کورد و پروپاگەندای بۆ بکات.
- هەندێ پەیوەندی لە نێوان کورد و کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا (بەتایبەت ژاک دۆکلۆ[1]) دروستبووە و لە ئادار و نیسانی ١٩٦٨ بەردەوام دەبێت.

(١) ژاک دۆکلۆ ساڵی ١٩٨٦ لە باشوری ڕۆژئاوای فەڕەنسا لەدایکبووە، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە شەڕی بەناوبانگی ڤیغدەن بەشداری کردووە و بریندار بووە، بە دیل گیراوە و تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەڵمانیا دیل بووە. لە ١٩٢٠ بووە بە ئەندامی حیزبی کونیستی فەڕەنسا، لە ١٩٢٦ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە و پاشان سکرتێری گشتی. لە ١٩٢٦ تا ١٩٥٨ چەند جار بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانی فەڕەنسا. لە ١٩٦٩ بوە بە کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی فەڕەنسا، سەرنەکەوتووە. لە ١٩٧٥ لە ناوچەی پاریس

**لە غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٧ی ئاداری ١٩٦٨**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: بارزانی دەیەوێت شێوازی خەباتەکەی بگۆڕێت**

بە گوێرەی ئەو زانیارییە باشانەی لێرە کۆم کردوونەتەوە، بەڵام نازانم چەندە ڕاستن، مەلا [مستەفا] بارزانی بەتەمایە بە شێوەیەکی هەستیار شێوازی خەباتەکەی بگۆڕێت و کۆتایی بە خەبات بە شێوەی پێشمەرگەیەتیانە بهێنێت. بارزانی لەمەو بەدوا وەک هەندێ بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخواز کە ئێستا لە وڵاتانی دیکە هەیە، تاکتیکەکانی (شەڕی شۆڕشگێڕانە) پەیڕەو دەکات و ئێران وەک بنکەیەک بۆ دابیکردنی پێداویستی و کەرەستەکانی بەکاردەهێنێت.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لەتیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٧ی شوباتی ١٩٦٨، ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژنامەی کوردی - عەرەبی التاخی ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ بڵاوبوەوە. سەرنووسەری ڕۆژنامە لە وتارێکدا بڵاویکردەوە کە ژیان گەڕاوەتەوە بۆ ڕێڕەوی دیموکراتیی جاران و جەختی کردەوە کە کورد بە دەوڵەتی عێراق وەفادارە. التاخی یەکەم ڕۆژنامەی ناحکومییە کە مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی پێدراوە لە پاڵ ئەو ٥ ڕۆژنامەیە کە لایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. بڕیاری سەرلەنوێ بڵاوبوونەوەی [التاخی] ئاسان نەبووە چونکە هەندێ لە وەزیرەکان دژی بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەکەن و پێیانوایە ڕۆژنامەکە بۆ چەسپانی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور زەرەر لە خواستی دوو لایەنی[کورد و حکومەت] دەدات."

---

کۆچی دوایی کردوە. وەرگێڕ

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٦ی نیسانی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، ئورشەلیم، کوێت.**

**بابەت: هەندێ ڕووداوی خوێناوی لە باکووری عێراق**

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە ١٤ی نیسانی ١٩٦٨ وەزارەتی بەرگری بڵاویکردەوە، دوێشەو دوو ئۆتۆمۆبیلی مەدەنی لە شوێنێک لە ٢٠ کیلۆمەتەری باشووری ڕۆژئاوای هەولێر، کەوتوونەتە بۆسەوە، لە ئەنجامدا ٦ کەس کوژراون کە یەکێکیان سەرۆکی عەشیرەتی تایی، شێخ حەنناش ئەلحەماد[1] بووە. ڕووداوێکی خوێناوی هاوشێوەش لە ١٢ی نیسان لە ناوچەی چەمچەماڵ بووەتە هۆی کوژرانی ٤ کەس کە دووانیان پێشمەرگە بوونە. لە ڕاگەیاندننامەکەدا هاتووە (گروپی یاخی کە لە خزمەتی ئیمپیریالیزم و زایۆنیزمدان هەوڵ دەدەن ئاشتی لە باکوور تێکبدەن و سەرنجی حکومەت و ئەرکە سەرەکییەکانی بە لای شتی دیکەدا بەلاڕێدا ببەن) و جەختی کردووەتەوە کە حکومەت چاودێری ئەم کردەوە خوێنڕژانە دەکات و سوپا هەنگاوی پێویست هەڵدەگرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و لاوازکردنیان.

(1) Tribu Tai, Chich Hanach Al hamad

کۆمەڵێک ڕووداوی هاوشێوە، بەڵام بچووکتر لە مانگەکانی ڕابردوودا ڕوویداوە کە دەڵێن بەهۆی ڕکابەریی خوێناویی نێوان گروپە جۆراوجۆرە کوردەکان و بەتایبەت ڕق و کینەی خەڵک لەو کوردانە سەریهەڵداوە کە خزمەتی سوپای[ عێراق] دەکەن و مووچەیان لێوەردەگرن و سەرۆکەکانیان کە تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیان دەخرێتە پاڵ.(١) حکومەتی عێراق بە ناچاری ئێستا ژمارەی [جاشەکانی] کەم کردووتەوە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوی بێدەنگیشی نەکردبن.(٢)

پێمان سەیرە چی بووەتە هۆی ئەوەی وەزارەتی بەرگری هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و ئەم ڕاگەیاندنە هەڕەشەکارانە بڵاو بکاتەوە کە لە چەسپانی ئاشتی لە باکوور کاریگەری خراپی دەبێت. لەوە ناچێت بەهۆی ئەوە بووبێت کە کاربەدەستانی نوێی سوپا، بیروبۆچوونی توندتریان لە هەمبەر کێشەی کورد گرتبێتەبەر. سەرۆک ئەرکانی نوێی سوپای عێراق، ژەنەراڵ فەیسەڵ ئەلئەنساری(٣)، بۆ ماوەیەکی درێژ فەرماندەی یەکەی کەرکووک بووە و بە گوێرەی زانیارییەکان، لایەنگری وتووێژ لەگەڵ بارزانییە، بۆئەوەی ژمارەی هێزەکانی سوپا لە باکوور کەم بکرێتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل کە وادیارە بەزوانە ڕوو دەدات.

ئەم ڕووداوانەی دوایی کە کوژرانی ١٠ کەس و بریندار بوونی ١١ کەسی لە ماوەی دوو شەووڕۆژدا لێکەوتووەتەوە، دوابەدوای ئەوە ڕوویدا کە بەشێک لە هێزەکانی سەربازگەکانی هەولێر بەرەو باشوور جووڵەیان پێکرا. هەندێک کەس دەڵێن بۆ ئەوە هێرشیان کراوەتە سەر کە پێش لە ڕۆیشتنی سەربازەکان بۆ دەرەوەی عێراق بگیردرێت(٤)، یان هێرشێکی نوێ بووە کراوەتە سەر کۆمپانیای نەوتی عێراق بۆئەوەی کاربەدەستانی تازەی کۆمپانیاکە سیاسەتێک بگرنەبەر کە بە قازانجی هێرشبەرەکان بێت، بەتایبەت بۆئەوەی سەرۆک کۆمار خۆی لە ژەنەراڵ تاهیر یەحیا دوور نەگرێت.

---

(١) مەبەستی سەرۆک جاشەکانە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی لە بە ناچاری ئەوەیە کە بە گوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران دەبوایا حکومەت جاشەکانی هەڵبوەشاندایەوە. وەرگێڕ

(3) Fayçal Al Ansari

(٤) مەبەستی ئەوەیە ئیسرائیل لە پشتی هێرشەکەوە بووە بۆئەوەی سەربازانی عێراقی نەچن بۆ بەرەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل. وەرگێڕ

تەنانـەت لـە کابینـەی ئێسـتادا، دەربـارەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە نێـوان کاربەدەسـتاندا ناکۆکیـی قـوڵ هەیـە و ئـەو ڕێوشـوێنانەی پـش ڕووداوەکانـی باکـوور گیراوەتەبـەر دەتوانێـت قەیرانـی نـاو کابینـەی وەزیـران قوڵـتر بکاتـەوە.

لـە کاتـی واژووکرانـی ڕێککەوتنامـەی حوزەیرانـی ١٩٦٦ەوە کۆمەڵێـک بڕیـاری کـەم تـا زۆر گرنـگ دراوە، دیـدار و چاوپێکەوتـن لـە بەرزتریـن ئاسـتدا بەڕێوەچـووە، پەیـام لـە نێـوان کاربەدەسـتانی بـاڵادا ئاڵوگـۆڕ کـراوە و جـۆرە بێدەنگـی و گوێنەدانێـک هاتووەتـە ئـاراوە کـە نـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی و نـە کـورد تـا ئێسـتا نەیانویسـتووە بەڕاسـتی تێکیبدەن. ئـەم بێدەنگییـە لـە شـێوەی هەڵسـوکەوتی حکومـەت لەگـەڵ ڕۆژنامـەی کـوردی - عەرەبـی التاخـی دا کـە لـە ١٧ی شـوباتەوە لـە بەغـدا چـاپ و بـڵاو دەبێتـەوە، دەردەکەوێـت (کـە لـە تیلیگرامـی ١٧ی شـوباتدا ئامـاژەم پێکـردووە). حکومـەت بـەو مەرجـە ڕێـگای بـە [سـەرلە نـوێ] بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامەکـە داوە کـە ئیزگـەی ڕادیـۆی (دەنگـی کوردسـتان) دابخرێـت، چونکـە بـە بۆچوونـی سـەرۆک عـارف مەترسیی ڕۆژنامەیـەک کـە تەنیـا دەگاتـە دەسـتی چەنـد دە هـەزار کەسـێک، لـە مەترسـی ئیزگەیەکـی ڕادیـۆ کەمـترە کـە هەمـوو خەڵـک گوێـی لێدەگرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا التاخـی زوو ڕووبـەڕووی نارەزایەتـی چەنـد وەزیرێـک، لەوانـە وەزیـری ڕۆشـنبیری و بەرپرسـانی بەشـی ڕاگەیانـدن بـووەوە. ئـەم بەرپرسـانە بـە شـێوەی فەرمـی جـۆرە ئازادییەکـی ڕادەربڕینیـان داوە بـە التاخـی کـە بـە هیـچ ڕۆژنامەیەکـی دیکەیـان نـەداوە.

التاخـی بـە تـەواوی پابەنـد بـووە بە مەسـەلەی عـەرەب و دەوڵەتـی عێـراق، هەرچەندە بـەردەوام ڕەخنـەی گرتـووە لـە نەبوونـی دیموکراسـی لـە عێـراق، لـە نەبوونـی پەرلەمـان، دواکەوتنـی ئاوەدانکردنـەوەی باکـوور و جێبەجێنەبوونـی ڕێککەوتنامـەی حوزەیرانـی ١٩٦٦. بەهـۆی ئـەم شـتانەوە نەبـووە کـە ئەمدواییـە ڕۆژنامەکـە سـەرکۆنە کـراوە، بەڵکـوو وەزیـری ڕۆشـنبیری ڕەخنـەی لێگرتـووە کـە تەنیـا یـەک لاپـەڕەی ڕۆژنامەکـە بـە زمانـی کـوردی دەردەچێـت و ٤ لاپـەڕەی دیکـە بـە عەرەبـی دەردەچێـت و ڕەخنـەی دوژمنکارانـە لـە حکومـەت دەگرێـت. هەرچەنـدە هیـچ کاردانەوەیەکـی بـەدواوە نەبـووە، بـەڵام ڕۆژنامەکـە هەنـدێ وتـاری دژی سیاسـەتی نوێـی عێـراق لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ نـەوت،

بەتایبەت ڕێککەوتننامەکە [1] بڵاو کردووەتەوە.

سەرەڕای هۆشدارییەکەی [وەزارەتی ڕۆشنبیری] التاخی سەروتارێکی بڵاوکردەوە و بۆچوونی خۆی دەربارەی ڕاگەیاندنەکەی ١٤ی نیسانی وەزارەتی بەرگری دەربڕی کە تێیدا وێڕای ئاماژەکردن بە دواکەوتنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ١٩٦٦ و پێکهاتنی گروپی چەکدار کە سەر بە حکومەتن، جەختی کردووەتەوە زۆربەی بەرپرسیارێتی ناسەقامگیریی [باکوور] کە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی لێکەوتووەتەوە، لە ئەستۆی حکومەتە.

ئەمە بارودۆخەکەیە و ناتوانین پێشبینی بکەین ئایا هەوڵەکانی مەلا [مستەفا] بارزانی لە لایەک و سەرۆک عارف لەلایەکی دیکەوە پێش لە زیاتربوونی ڕووداوەکان و تێکچوونی ئەم بارە هەستیارەی ئێستا دەگرێت کە لە حوزەیرانی ١٩٦٦ەوە هاتوەتە ئاراوە.

(١) مەبەستی ڕێککەوتنێک بووە کە کۆمپانیای لێکۆڵینەوە و چالاکییەکانی نەوتی فەڕەنسا لەگەڵ کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق واژووی کردووە بۆئەوەی ئەو کۆمپانیا فەرەنسییە دەست بە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە عێراق بکات. وەرگێڕ

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٧ی نیسانی ١٩٦٨**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق نیگەرانی کودەتای کورد و بەعس و شیوعییەکانە**

ژەنەڕاڵ شاکر مەحمود شوکری[١]، وەزیری بەرگری عێراق، لە ١٩ی ئادار پێشوازی لە دکتۆر عیزەتوڵلا ئامێلی[٢]، باڵوێزی ئێران لە بەغدا کردووە، باسی مەترسییەکانی شیوعییەکان بۆ عێراقی بۆ کردووە. وتوویەتی: "شیوعییەکان بەرەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ باڵی چەپی بەعس و کوردەکان دروست کردووە". کورد پەنایان بە شیوعییە ڕاکردووەکان داوە و ٦٠٠ ئەفسەری عەرەب کە لە سوپا ڕایانکردووە، پەنایان بۆ کوردستان بردووە و هاوکاری بارزانی دەکەن. شیوعییەکان بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی عێراق، عەزیز ئەلحاج، بە هاوکاریی باڵی چەپی بەعس هەوڵ دەدەن دژی دەوڵەت کودەتا بکەن.

ژەنەڕاڵ شوکری هەروەها وتوویەتی: "[عەبدولکەریم ] قاسم هەڵەیەکی گەورەی کردووە کوردی چەکدار کردووە بۆئەوەی ئەزیەتی ئێران بدات. بەپێچەوانە، ئێران، عێراق و تورکیا دەبێ یەکبگرن بۆئەوەی بەرەنگاری هەڕەشەی کورد ببنەوە. تورکیا هاوکاریی عێراق دەکات. دیمیرێل، سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەوڵەتی عێراقی دڵنیا کردووەتەوە کە ناهێڵێت لە خاکی تورکیاوە هیچ چەشنە یارمەتییەک بچێت بۆ کورد. بەڵام بەداخەوە کوردستانی ئێران بووە بە پەناگای کوردی عێراق. پێموانییە ئێران چەکوچۆڵ بنێرێت بۆ کورد. بەڵام کوردی عێراق هەرکاتێک تووشی کێشە دەبن چەکوچۆڵەکانیان دەبن بۆ ئێران و لای کوردی ئێران دەیانشارنەوە. ئەو چەکانەی لە دەستی کوردی عێراقدایە، زیاتر لە سوریا و ئوردۆنەوە بە قاچاخی بۆیان دێت."

(1) Chaker Mahmoud CHOUKRY

(2) Ezatollah AMELI

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣٠ی نیسانی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، لاهای، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: بۆچوونەکانی بارزانی دەربارەی بارودۆخی کوردستان و عێراق**

چەند ڕۆژ پاش ڕووداوەکانی[باکوور] کە لە تیلیگرامی ژمارە ٢٥٠ی ١٦ی نیسانی ١٩٦٩دا بۆ وەزارەتی دەرەوە ئاماژەم پێدابوو، ڕۆژنامەی عەرەبی - کوردی [التاخی] گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بڵاوکردەوە.

ڕابەری کورد ڕاشکاوانە باسی کێشە جۆراوجۆرەکانی کردووە، سەرەتا هەوڵیداوە ڕووداوەکانی ١٢ و ١٣ی شوبات بچووک بکاتەوە، وتوویەتی: "ئەم ڕووداوانە تاکەکەسی و خۆجێیین، ئێمە پشتڕاستیان ناکەینەوە، بەڵام ئاسان نییە لە ناوچەیەک کە کۆمەڵێک لایەنی چەکداری ڕکابەری تێدایە، پێش لەم ڕووداوانە بگیردرێت. باشترین کارێک کە لەم بارودۆخەدا دەکرێت ئەوەیە ڕووداوەکان ئەهوەن بکرێنەوە و عەقڵانە چارەسەر بکرێن. تۆمەتبارکردنی یەکدی و هەڕەشەکردن هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات، بەڵکوو ناکۆکییەکان قوڵتر دەکاتەوە و بارودۆخی ئابووری خراپتر دەکات و کاریگەریی خراپیی دەروونی دەبێت لە سەر سەرجەم خەڵک. زۆربەی

هاووڵاتیانی عێراق، چی لە دەسەڵاتدا بن چی نەبن، پشتگیری ئەم جۆرە کارانە ناکەن...".

مەلا [مستەفا] بارزانی پاشان بە گشتی باسی کێشەی کوردی کردووە، ڕایگەیاندوە: "لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراقدا دەبێ کورد و عەرەب لە یەک تێبگەن، عێراق وڵاتی هەموومانە. پێشکەوتن و خۆشبەختی عێراق دەبێتە هۆی پتەوبوونی یەکێتی نیشتمانیی لە سەر بنەمای یەکسانی، دانان بە ماف و ئەرک و زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد و عەرەب. فەلسەفەبافی و بە شەخسیکردنی ڕووداوەکانی باکوور کە جێگای داخن، خزمەت بە چارەسەکردنی کێشەکە ناکات. بەکارهێنانی زۆر و دروستکردنی گرووپی چەکدار پارەی دەوڵەت بەفیڕۆ دەدات. لە پێناو سەقامگیریدا، ئەم گروپانە دەبێ چەک بکرێن. وەزارەتی کاروباری باکوور بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەڵنەساوە، حکومەت دەبێ مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ جێبەجێ بکات و کۆتایی بە سیاسەتی ئەمڕۆ و سبێ کردن بێنێت کە دە ساڵە بەردەوامە. قەیرانی دەسەڵات لە عێراق تەنیا بە پێکهاتنی دەوڵەتی ئیتلافی چارەسەر دەکرێت کە کۆتایی بە بارودۆخی نائاسایی ئێستا بێنێت."

مەلا [مستەفا] بارزانی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بڕیاری کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق بۆ دەرهێنانی نەوتی باکووری ڕۆمایلا[1] دەربڕیوە، ئاماژەی بەوە کردووە دەبێ ئابووریی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیا بیانییەکان دەربهێندرێت و عێراق بە گوێرەی تواناییەکانی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات و لە داهاتوودا سەرجەم سەرچاوەکانی نەوت بەنیشتمانی بکات.

دەربارەی کێشەی باکوور ڕابەری کورد شتێکی نوێی نەوتووە. مەلا [مستەفا] بارزانی جارێکی دیکە وتوویەتی هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکانی ئەمدواییەوە نییە[2] و جەختی کردووەتەوە کە ئاشتی دەوێت. وتوویەتی باش نییە حکومەت لە وەڵامدا کارێکی نەشیاو بکات کە ببێتە هۆی پەرەسەندنی کێشەکان بەرەو

(1) Romeila

(٢) مەبەستی پێکدادانەکانی باکوری ڕۆژئاوای هەولێر و چەمچەماڵە کە لە بەڵگەنامەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە. وەرگێڕ

عاقارێکـی مەترسـیدار.

لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەندیـدا، بارزانـی وتویەتـی: "کـە حکومـەت ڕازیبـووە کـە ئێـوە ئـەم گفتوگۆیـە لـە ڕۆژنامەکەتانـدا بـڵاو بکەنـەوە، وسـەرەڕای هەمـوو داواکارییـەکان هیـچ کاردانەوەیەکـی لـە بەرامبـەر [ڕووداوەکان] نەبـووە و وەڵامـی ڕەخنەکانـی نەداوەتـەوە، هۆکارەکـەی ئەوەیـە لەبەرامبـەر کێشـەی کـورددا هەسـت بـە لاوازبـوون دەکات وەک کێشـە سـەرەکییەکانی دیکـەی وڵات کـە بـۆ داهاتـووی عێـراق زۆر گرنگـن."

چەنـد ڕۆژ پاشـان، هەفتەنامـەی المنـار زنجیرەیـەک لێدوانـی سـاڵح یوسـفی، بەرپرسـی التاخـی و نوێنەریـی فەرمـی مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی لـە بەغـدا بڵاوکـردەوە ( لـە تیلیگرامـی ١٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٧دا ئامـاژەم پێکردبـوو) کـە نیشـان دەدات کاربەدەسـتانی [حکومـەت] لەنێـو خۆیانـدا زۆر ناکۆکـن. المنـار تەنیـا هەفتەنامـەی سـەربەخۆیە کـە مۆڵەتـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی پێـدراوە، کـە هـی عەبدولعەزیـز بـەرەکات[1]، سـەرۆکی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و دۆسـتی تاکەکەسـیی سـەرۆک عارفـە. المنـار بـە قـەد ڕۆژنامـەی کـوردی [التاخـی] کەوتووەتـە بـەر ڕەخنـە و هێرشـی نووسـینگەی چاپەمەنـی و ڕاگەیاندنـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی، کـە داکۆکـی لـە ناسـیونالیزمی عەرەبـی توونـدڕەو دەکات و ڕازی نییـە بـەوەی هەنـدێ ئازادیـی ڕادەربڕیـن بدرێـت بـە کەمینـەی کـورد.

سـاڵح یوسـفیش لەلایـەن خۆیـەوە بیروبۆچوونەکانـی سـەبارەت بـە (کێشـەی گەلـی کـورد) دەربڕیـوە، وتوویەتـی پێیناخۆشـە کـە حکومـەت بـە شـێوەیەکی دوڕوویانـە کردوویەتـی بـە (کێشـەی باکـوور). بۆچوونەکانـی یوسـفی هەرچەنـدە وەک ئەوانـەی بارزانیـن، تیشـکی خسـتوەتە سـەر کێشـەی سـەرەکی هەڵبژاردنـەکان، داوای کـردووە پێداچوونـەوە بـە یاسـای هەڵبژاردنـدا بکرێـت کـە کابینـەی نەجیـب تالـب دەریکـردووە، و هەرچەشـنە بزووتنەوەیەکـی سیاسـیی یەکلایەنـەی بـە نادیموکراتیانـە لەقەڵەمـداوە. سـاڵح یوسـفی بـە پێکهاتنـی ئەنجوومەنـی یاسـادانان ڕازییـە وەک قۆناخـی گوازتنـەوە پێـش لـە پێکهاتنـی پەرلەمـان، بـەڵام بـە مەرجێـک ئەندامەکانـی [لەلایـەن خەڵکـەوە]

(1) Abdul Aziz Barakat

هەڵببژێرێن، نە دابنرێن و ئەنجوومەن تەنیا لە (ئەفسەرانی شۆڕش) پێکنەیێت و بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانیان، کوردیشی تێدابێت.

ئایا ئەم هەڵوێستانە لەلایەن ژەنەڕاڵ عارف و هەندێ لە دۆستەکانی پێشوازی لێدەکرێت؟ بەهەرحاڵ ئەم ئازادیی ڕادەربڕینەی کوردەکان دەبێت بە جێگای مشتومڕ و سەرهەڵدانەوەی کێشەی کورد یەکسەر پاش گەیشتنی سەرۆک کۆماری تورکیا بە بەغدا[1].

(١) مەبەستی ئەوەیە سەرۆک کۆماری تورکیا لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق باسی کێشەی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق دەکات و بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ داهاتووی عێراق و تورکیا. وەرگێڕ

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی ئایاری ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، لاهای، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: کورد ناڕازییە لە هەموارکردنەوەی یاسای کاتیی عێراق**

هەروەک پێشبینیمان دەکرد گۆڕینی یاسای کاتیی [عێراق] لە ٦ی ئایار (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٣١٦ی ١٤ی ئایاری ١٩٦٨دا ئاماژەم پێکردبوو) بە تەواوی ئەو کوردانەی بێهیوا کردووە کە خەبات بۆ چەسپانی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە لە عێراق دەکەن، تا تێیدا بتوانن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن و بن بە خاوەن پێگەی شایستەی خۆیان لە وڵاتی عێراقدا.

ڕۆژی ٧ی ئایار ڕۆژنامەی التاخی سەروتارێکی دوورودرێژی بڵاوکردەوە، ئاماژەی بە پێشێلکردنی یاسای کاتی(١) و کردەوە سەرەڕۆیانەکانی دەسەڵات کرد و وتی: (وەزیرەکان بە بڕیارەکانیان یاری بە دەقە بنەڕەتیەکانی یاسا دەکەن. دەوڵەت جارێکی دیکە بەڵێنەکانی پشتگوێ خست. خەڵک دەبێ بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی ڕێگای دیکە بگرێتەبەر.)

(١) مەبەستی یاسای تەمووزی ١٩٦٨ە کە عەبدولکەریم قاسم دەریکردووە و دانی ناوە بە هەندێ لە مافەکانی کورددا. وەرگێڕ

التاخی لە مانگی ڕابردوودا سەرکۆنە کرا و بۆ ماوەی یەک مانگ ڕاگیرا. (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٢٥٠ی ١٦ی نیسانی ١٩٦٨دا ئاماژەم پێکردووە).

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز عەبدولفەتاح ئەلشالی، وەزیری گەشەپێدانی باکوور و ئیحسان شێرزاد، وەزیری شارەوانی و کاروباری گشتی، کە هەردوویان کوردن و بە ڕەزامەندیی بارزانی لە کابینەی ئێستادا بوونەتە وەزیر، وتوویانە دەست لەکار دەکێشنەوە. بە گوێرەی هەندێ زانیاری ئەم بڕیارەی دەستلەکارکێشانەوە بە هیچ شێوەیەک بۆ پروپاگەندا نەبووە و [لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە] قەبوڵ نەکراوە. بەهەرحاڵ وەزیرە کوردەکان، هەر وەک زۆربەی وەزیرەکانی کابینە، خۆشحاڵن کە [بەمزوانە] کارەکانیان تەسلیمی وەزیرە نوێکان دەکەن. هەموو کەس چاوەڕوانە کابینە بگۆڕێت کە ئەمڕۆ و سبەی پێدەکرێت ( کە لە تیلیگرامی ژمارە ٣١٦ی ١٤ی ئایاردا ئاماژەم پێکردبوو).

ئەم ناکۆکییە سیاسییانە تا ئێستا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر مەسەلەی سەربازیی نەبووە و هیچ پێکدادانێک ڕوویندەداوە لە کاتی ناردنی تیلیگرامی ژمارە ٢٥٠ی ١٦ی نیسانی ١٩٦٨وە. بەپێچەوانەوە، ژمارەیەکی زۆرتر لە سەربازەکان لە سەربازگەکانی باکوور پاشەکشەیان پێکراوە. سوپا بە فەرمی بیانووی ئەوەی هێناوەتەوە کە سەربازەکان نێردراون بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە یارمەتیدان بەو ناوچانەی بەهۆی لافاوی ڕووباری فورات توشی زەرەروزیان بوونە، بەڵام هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئەم پاشەکشەیە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە بووە کە ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا بە مەلا [مستەفا] بارزانی داوە. بارزانیش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی داوە پێش لە هەرچەشنە پێکدادانێکی چەکداری بگرێت و پشتیوانی لە سەرۆک وەزیران بکات لە هەوڵەکانی بۆ پێشگرتن لە دەستپێکردنەوەی شەڕ.

وادیارە بارودۆخی شارەکانی باکوور بە قەد ڕێگاوبانەکان کە دەچێت بۆ ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکان ئارامە.

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز گۆشێ، نووووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، لاهای، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: هەڤاڵەکانی بارزانی ژەنەڕاڵێکی سوپای عێراق دەکوژن**

لە تیلیگرامەکانی پێشوودا وەزارەتی دەرەوەم لە دوایین پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەی کورد ئاگادار کردووەتەوە. لەو کاتەوە پێکدادانی خوێناوی نەهاتووەتە ئاراوە و شتێکی ئەوتۆ ڕوووینەداوە، جگە لە هەندێ پێشهاتی پەیوەندیدار بە دەستلەکارکێشانەوەی دوو وەزیری کورد لە کابینەی ئێستادا و ڕاگرتنی [کاتیی] ڕۆژنامەی کوردی - عەرەبی التاخی. بارودۆخی پارێزگاکانی باکوور ئارامە و ژمارەی سەربازەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەربازگاکەکاندا کەم کراوەتەوە (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٢٥٠ی ١٦ی نیسان، ژمارە ٢٩٠ی ٣٠ نیسان و ژمارە ٣١٧ی ١٥ی ئایاردا ئاماژەم پێکردوون).

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بارودۆخەکە زۆر نەگۆڕاوە، تەنیا هەندێ پێشهاتی بچووک ڕوویداوە: [ڕۆژنامەی] التاخی لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨ دەستیکردەوە بە

بڵاوبوونـەوە و دوو وەزیرەکـە نامـەی دەستلەکارکێشـانەوەیان کێشـایەوە[١] و دەوڵـەت جارێکـی دیکـە مۆڵەتـی جێبەجێکردنـی یاسـای لێبوردنـی [گشـتی] درێـژ کـردەوە، بـەڵام گرنگـی بـە شـتەکانی دیکـە نـەداوە، بۆیـە ڕۆژنامـەی کـوردی [التاخـی] بڕیاریـداوە لـە سـەر ڕێچکـەی پێشـووی بـەردەوام بێـت. لـە یەکـەم ژمارەکانـی پـاش سـەرلەنوێ بڵاوبوونەوەیـدا، التاخـی دەسـتیکردەوە بـە هێرشـکردنە سـەر ڕژێـم و بەتایبـەت لەقاودانـی پـرۆژەی دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی یاسـادانان لـە باتـی دامەزراندنـی پەرلەمانێـک کـە بـە دەنگـی ئـازادی خەڵـک هەڵبژێرێـت.

ژەنـەڕاڵ عوقەیلـی وادیـارە بـووە بـە قوربانیـی تەقینـەوەی بومبێـک لـە نـاو ئۆتۆمۆبیلەکەیـدا. ئـەم سـەرۆک ئەرکانـەی پێشـووی سـوپای عێـراق کـە دژی شـیوعییەکان بـووە، نەیـاری سەرسـەختی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـووە بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە. لێکۆڵینـەوە دەربـارەی تەقینەوەکـە هێشـتا تـەواو نەبـووە، ئەگـەری زۆرە هەڤاڵەکانـی مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی لـە پشـتی ئـەم کارە تۆڵەسـەندنەوەیە بـن.

لــە مانگەکانــی ڕابــردوودا هێشــتا هەســت دەکــرا کــە هــەر دوولای[کــورد و دەوڵەتـی عێـراق] ڕێکـن لـە سـەر جێبەجێکردنـی پلانـی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ و هـەر دوولا کۆمەڵێـک پوانـی دەقیـق، بـەڵام سنوورداریان داوە بـە یەکـدی بۆئـەوەی شـەڕ دەسـتپێنەکاتەوە. ئەمدوایانـە بەڵگەنامەیـەک کەوتـە دەسـتی یەکـێ لـە هاوکارەکانـم کـە نیشـان دەدات ئـەم بۆچوونـە ڕاسـتە. بەڵگەنامەکـە نامەیەکـی دوورودرێـژە کـە بەڕێـز عەبدولهـادی ئەلـڕاوی[٢]، وەزیـری پێشـووی لاوان کـە لـە کانوونـی دووەمـەوە دەسـتی لەکارکێشـاوەتەوە، نووسـیویەتی بـۆ سـەرۆک کۆمـار. بەڕێـز ئەلـڕاوی لـە ١٩٦٧ ئەندامـی کۆمیسـیۆنی وەزیـران بـووە بـۆ ئامادەسـازی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە و بەشـدار بـووە لـە هەنـدێ دیـدار و چاوپێکەوتنـی مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی و ژەنـەڕاڵ تاهیـر یەحیـا، بەتایبـەت چاوپێکەوتنـی [گونـدی] گەلاڵـە لـە ١٥ی ئەیلـوول و ٧ی تشریـی یەکەمـی ١٩٦٧.

بەڕێـز ئەلـڕاوی سـەرۆک وەزیرانـی تۆمەتبـار کـردووە کـە سـەرەڕای ناڕازیبوونـی

(١) وەزیـرەکان بـە دەگمـەن لـە بۆنـە فەرمییەکانـدا بەشـداری دەکـەن و لـە ئێوارەخوانـی ١٥ی حوزەیرانـی ژەنـەڕاڵ عـارف و ئەمیـری کووەیـت ئامادەنەبـوون.

(2) Abdul Hadi Al Rawi

زۆربـەی وەزیرەکانـی کابینـە و بـە پێشـێلکردنی ڕێوشـوێنە فەرمییـەکان، ڕێکەوتنـی نهێنـی لەگـەڵ مـەلا [مسـتەفا] بارزانیـدا کـردووە.

لـە ٥ی ئەیلوولـەوە، ڕابـەری کـورد داوای کـردووە حکومەتـی عێـراق بەتایبـەت ئـەم خاڵانـە جێبەجـێ بـکات:

١- چەککردنـی تەواوەتـی هەڤاڵەکانـی جـەلال تاڵەبانـی و دەرکردنیـان لـە پارێزگاکانـی باکـوور و دەرکردنـی سـەرکردەکانی ئـەم باڵـە لـە عێـراق.

٢- گوازتنـەوەی بنکـەی فەرمانـدەی یەکـەی پێنجـی سـوپای عێـراق لـە سـلێمانییەوە بـۆ بەعقوبـە ( لـە ٥٠ کیلۆمەتـری باکـووری ڕۆژهەلاتـی بەغـدا).

٣- کەمکردنەوەی بەرچاوی هێزەکانی حکومەت.

٤- دەرکردنی عەشیرەتە [هاوردە] عەرەبەکان لە ناوچەی کەندێناوا[١].

٥- ڕێگەپێـدان بـە پێشـمەرگە بـۆ هەڵگرتنـی چـەک هەتـا کاتـی چارەسـەرکردنی بارودۆخەکـە بـە بارێکـیتردا.

مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی بەتایبـەت پێداگـری کـردووە لـە سـەر خاڵـی یەکـەم و لـە ڕۆژەکانـی سـەرەتای تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٧ زیاتـر لـە پێنسـەد کـەس لـە هەڤاڵـە چەکدارەکانی ناردووەتـە سـەر بنکـەی هەڤاڵەکانـی تاڵەبانـی لـە دەوروبـەری بەکرەجۆ.

زۆربـەی ئەندامانـی کۆمیسـیۆنی وەزیـران ڕازی نەبوونـە ئـەم داواکارییانـەی بارزانـی جێبەجـێ بکرێـت بـێ ئـەوەی بارزانـی هەنـدێ لـە داواکارییەکانـی حکومـەت جێبەجـێ بـکات و داوای چەککردنـی گروپـە جۆراوجـۆرە کـوردەکان (پێشـمەرگە، هەڤاڵەکانـی تاڵەبانـی، فورسـان سـەلاحەدین کـە جاشـی کـوردن و خزمـەت بـە دەوڵـەت دەکـەن) کـردووە و هەنـدێ لـە هەڤاڵانـی بارزانـی دژی ئـەم داواکارییـە نەوەسـتاون.

پـاش یەکـەم دیـداری ڕوودەڕرو لەگـەڵ مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی، ژەنـەڕاڵ تاهیـر یەحیا سـەرەڕای ناڕازیبوونـی ژەنـەڕاڵ حەمـودی مەهـدی[٢] کـە ئەوکاتـە سـەرۆک ئەرکانـی سـوپا

(١) کەندیناوا ناوچەیەکـی کوردنشـینی دەشـتی هەولێـرە دەکەوێتـە نێـوان هەولێـر و مەخمـور، نزیکـە لـە دێبەگـە و ناحیـەی قـرەج. وەرگێـڕ

(2) Hammoudi Mahdi

بوو، لایەنگری ئەوە بووە باڵی تاڵەبانی بکرێت بە قوربانی و ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم فەرحان[1]، وەزیری چاکسازی زەویوزار، پشتی تاهیر یەحیای گرتووە. لە میانەی دووەم دیداردا لەگەڵ کۆمیسیۆن لە ٧ی تشرینی یەکەم، مەلا [مستەفا] بارزانی هەڕەشەی کردووە ئەگەر ئەم (خائینانە) ناوچەی بەکرەجۆ بەجێنەهێڵن، خۆی دژیان هەنگاو هەڵدەگرێت.

لە ١١ی تشرینی یەکەم، عارفی سەرۆک کۆمار، کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی لە بەغدا پێکهێنا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە تییدا عەبدولهادی ئەلڕاوی بە ناوی کۆمیسیۆنەوە وتوویەتی پێویستە هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوە بگیردرێتە بەر بۆئەوەی مەلا مستەفا بارزانی سەرکەوتنی مەعنەوی بەدەستنەهێنێت، ئەگەرنا سەرجەم کوردەکان لە دەوری سەرۆکی ڕاپەڕین کۆ دەبنەوە. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە پێشمەرگە ماندوو بووە و دەیەوێت دەست لە خەبات هەڵبگرێت. بە پێچەوانەوە، ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا کە عەبدولکەریم فەرحان بەردەوام پشتگیری کردووە، داوای کردووە لایەنی مەلا[ مستەفا بارزانی] بگیردرێت. کۆبوونەوەکە بێ هیچ ئەنجامێک کۆتایی پێهاتووە، یانی بەڕێز ئەلڕاوی پشتگیریی بیرۆکەکەی سەرۆک وەزیرانی کردووە. تەنانەت ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی کردووە، ئەگەر بۆچوونەکەی نەچێتە سەر کە بە وتەی خۆی خاڵی یەکلاییکردنەوەی کێشەکەیە.

کەوابوو باڵی تاڵەبانی کراوە بە قوربانی، عەشیرەتە عەرەبە [هاوردەکان] دەرکراون، ڕۆژنامەی التاخی بە شێوەی نایاسایی ڕێگەی پێدراوە بڵاوبێتەوە و پارەیەکی زۆر بە فیڕۆدراوە بە بیانووی ئاوەدانکردنەوە. عەبدولهادی ئەلڕاوی وتویەتی: "ناوچەی باکوور گۆشەگیر کراوە و خراوەتە ژێر دەستی مەلا [مستەفا] بارزانی. بێ ڕەزامەندی بارزانی هیچ کارێک ئەنجام نادرێت و بێ فەرمانی ئەو کەس هیچ کارێک ناکات. ئەم بارودۆخە قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر ئابووری و سیاسەتی گشتی وڵات و کاریگەری خراپی قوڵی کردووەتە سەر ورەی سوپا. ڕەگوڕیشەی هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بێویژدانی[هەندێ لایەن]."

---

(1) Abdul Karim Farhan

بەڵگەنامەکە کە بەرواری ٧ی ئایاری ١٩٦٨ی بەسەرەوەیە، باسی کۆمەڵێک کێشەی گرنگی دیکەشی کردووە کە بە وتەی بەڕێز عەبدولهادی ئەلڕاوی وەک کێشەی باکوور، سەرۆک وەزیران خراپ چارەسەری کردوون. کێشەی کورد وەک قورسترین کێشە کە زۆرترین ئەنجامی هەیە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. بڕیاری بەکارهێنانی ئەم کێشەیە دژی سەرۆک وەزیران لەلایەن گروپە ناسیونالیستە عەرەبەکان کە بەڕێز عەبدولهادی ئەلڕاویش سەر بەوانە، دەمانخاتەوە بیری ڕووداوەکانی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کە تێیدا سەرلەبەیانی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی نێوان مەلا بارزانی و دکتۆر بەزاز بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، ژەنەڕاڵ عارف عەبدولڕەزاق هەوڵی کودەتای دا.

**وەزارەتی سوپا[١]**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**یادداشت**

**٢ی ئابی ١٩٦٨**

**بابەت: هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بە دەسەڵاتی بەعس**

١- هەڵوێستی مەلا [مستەفا] بارزانی لە هەمبەر دەسەڵاتی [ناوەندی عێراق] نەگۆڕاوە. لە ڕوانگەی بارزانییەوە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و دەسەڵاتدارانی عێراق یەک لە یەک خراپترن. بە بۆچوونی بارزانی پلانی ٢٤ی [٢] حوزەیرانی ١٩٦٦ دانی بە هەموو مافەکانی کورددا نەناوە. بەدەسەڵات گەیشتنی حزبی بەعس ڕێگە بە کورد دەدات گوشارێکی قورس بخەنە سەر کاربەدەستانی بەغدا، چونکە حزبی بەعس پێویستی بە هەندێ دەستکەوت هەیە بۆئەوەی جارێ پێگەی خۆی قایم بکات. کەوابوو دەستپێکردنەوەی شەڕ [لە نێوان حکومەت و کورد] دەبێتە هۆی ڕووخانی بەعس.

پارتی دیموکراتی کورد[ستان] زۆر چالاک و بە وزەیە. بە ڕێگای هەڵبژاردن کۆمەڵێک دامودەزگای ئیداری دامەزراندووە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەدا نین. بەڕێوەبەرەکانی ئەم ناوچەیە گوێڕایەڵی بارزانین. پێگەی بارزانی [ڕۆژ بە ڕۆژ] گەورەتر دەبێت. پێشمەرگە (هێزە چەکدارەکانی بارزانی) پیاوی لێهاتوون، ئیمانیان بە سەرکەوتن زۆرە و ئۆتۆمۆبیل و چەکوچۆڵی جۆراوجۆریی دروستکراوی سۆڤیەتیان هەیە. هێزەکانی بارزانی خاڵی سەربازییان داناوە، ناوچەی خۆیان جیا کردووەتەوە، بەڵام پێش لە هاتوچۆی هەڤاڵەکانیان بۆ ناوچەکانی دەوروبەر، تەنانەت تا بەغدایش ناگرن و ڕێگە بەوە دەدەن کە خەڵکی عێراق بۆ

---

(١) ئەم بەڵگەنامەیە لە سەری نەنووسراوە هی چی شوێنێکە، لە پسپۆڕانی ئارشیڤخانە پرسیارم کرد وتیان هی وەزارەتی سوپایە. وەرگێڕ

(٢) ٢٩ی حوزەیران ڕاستە. وەرگێڕ

کاری جۆراوجۆر سەردانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بکەن.

٢- دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا، بەتایبەت وەزیری دەرەوە، زۆر دوژمنایەتی مەلا [مستەفا] بارزانی دەکەن و بە ( فیوداڵێک لە قەڵەمی دەدەن کە خاوەن پێگەی ڕاستەقینە نییە و کورتبینی و سەرسەختییەکەی وایکردووە کەس نەتوانێت لەگەڵی ڕێکبکەوێت.) بەعسییەکان سەرزنشی بارزانی دەکەن کە لەچاو دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق، لەگەڵیان توندترە. بارزانی داوای کردووە سێ دانە لە وەزارەتە سەرەکییەکان کە پشکی کوردە بدرێت بە هەڤاڵەکانی خۆی و قەبوڵی ناکات وەزارەتێک بدرێت بە هەڤاڵەکانی تاڵەبانی[1]. بە گوێرەی دەنگۆکان لە ٣٠ی تەمووزەوە وتووێژەکانی [بارزانی و حکومەت] ڕاگیراوە، بەعسییەکان دەستیان کردووە بە بۆڵەبۆڵ و وتوویانە لە پلانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ڕازی نین کە دکتۆر بەزاز دایناوە.

بەهەرحاڵ، وادیارە هەر دوولا خۆشبین نین کە بتوانن ڕێکبکەون، بەتایبەت کورد، چونکە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانیداون کە نابێت متمانە بە ڕاگەیاندن و بەڵێنەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بکەن.

٣- مەلا [مستەفا] بارزانی کە تا ئێستا چەندجار ستایشی ژەنەڕاڵ دوگولی کردووە، بە حەزەرەوە لەگەڵ سیاسەتی فەرەنسا هەڵسوکەوت دەکات.

---

(١) مەبەست لە هەڤاڵی تاڵەبانی، تەها محیەدین، وەزیری ناوخۆیە کە بە هەڵە لەگەڵ تەها مەعروف تێکەڵ دەکرێت کە بەڕێوەبەری پێشووی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەتی دەرەوە بووە و ئێستا لە لەندەن وەک ڕاوێژکاریی وەزارەتی [دەرەوە]کار دەکات و نەگەڕاوەتەوە عێراق.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٤ی ئابی ١٩٦٨**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، عەمان، دیمەشق، قاهیرە، ئەنقەرە، بەیروت، کابول، جەددە، خەرتوم، تونس، تریپولی، جەزاییر، کوەیت، واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تەلئەبیب**

**بابەت: هەڵوێستی حکومەتی بەعس سەبارەت بە کێشەی کورد**

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی شۆڕش لە بڵاوکراوەیەکدا لە ٣ی ئاب، هەڵوێستی حکومەتی نوێی سەبارەت بە کێشەی کورد دیاری کرد. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئاماژەی بەو بڵاڤۆکە کردووە کە چەند کاتژمێر پاش شۆڕشی ١٧ی تەمووز بڵاویکردووەتەوە و تێیدا تیشکی خستووە سەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی حکومەتەکانی پێشوو لەگەڵ کێشەی[کورد]، وتوویەتی بەدوای ئاشتی و سەقامگیریدایە و دەیەوێت یەکێتیی نیشتمانی پتەو بکات هاوشان لەگەڵ یەکێتی بۆ خەبات دژی ئیمپیریالیزم و جەختی لە سەر مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکان کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم پەیوەندییەدا بڕیاریداوە پشت بە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ببەستێت و مەرجەکانی جێبەجێ بکات.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە دەستمان کەوتوون، ئەو بەڵێنانەی لەم ڕاگەیەندراوەدا دراوە، لانیکەمی ئەو شتانەیە کە مەلا [مستەفا] بارزانی داوای دەکات بۆئەوەی بارودۆخی ئێستا تێکنەدات. گەڕانەوەی بەعس بۆ سەر دەسەڵات و ئەو هێرشە خوێناوییە لەبیرنەکراوە کە لە ١٩٦٣ کردیانە سەر کورد، بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی [کورد و حکومەت] مەترسیدار و خراپتر بێت و هەوڵەکانی ئەم چەند ڕۆژەی حکومەت بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی[کورد] سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە. بۆیە دوو وەزیری کورد هێشتا ئامادە

نەبوونە لەبەرامبەر سەرۆک کۆماردا سوێندی یاسایی بخۆن.

ڕاگەیاندننامەکەی ٣ی ئاب لەو هەلومەرجە سەرچاوەی گرتووە کە سەپێندراوە بە سەر حکومەتی ناوەندیدا و ئەو هەڕەشانە بە تەواوی ناڕەوێنێتەوە کە هەیە لە سەر چەسپانی ئاشتی لە باکوور.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لەتیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ ئاماژەی بەوە کردووە:

( ڕژێمی نوێی عێراق، لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات سیاسەتێکی کراوەتری لە هەمبەر ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان گرتووەتەبەر و ڕازی بووە هەواڵنێری تایبەتی ڕۆژنامەی پراڤدای سۆڤیەت و لومۆندی فەڕەنسا سەردانی کوردستان بکەن و لەگەڵ بارزانی، ڕابەری گەلی کورد گفتوگۆ بکەن. بە وتەی التاخی حکومەتەکانی پێشوو بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان بەوە نەداوە ڕۆژنامەکان بنووسن ( کوردستان) و (ڕابەری گەلی کورد).

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی ئابی ١٩٦٨**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ١٢١٧ی پێشووم**[١]

**بابەت: حکومەتی بەعس هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرێت بۆ دڵخۆشکردنی بارزانی**

حکومەت درێژە بە هەوڵەکانی دەدات بۆ دڵخۆشکردنی بارزانی، لە بڵاوکراوەیەکدا لە ٤ی ئاب ڕایگەیاند خاڵی شەشی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ئێستاوە جێبەجێ دەکات، یانی هەموو ئاسانکارییەک دەکات بۆ کورد بۆئەوەی لە دەرەوە لە بواری پسپۆڕیدا درێژە بە خوێدن بدەن و ئاکادیمی ئەدەبیاتی کورد دادەمەزرێنێت و زانکۆیەک لە سلێمانی دەکاتەوە.

لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا لە ٥ی ئاب، حکومەت ڕایگەیاند لێبوردنی گشتی بۆ سەرجەم ئەو کەسە سیڤیل و چەکدارانە دەردەکات کە لە ڕووداوەکانی باکووردا تێوەگلاون. هەروەها سەرجەم ئەندامانی سوپای عێراق کە ڕایانکردووە و چونەتە ناو ڕاپەڕینی کوردەوە دەتوانن بە چەکەوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و پلەکانیان پێدەدرێتەوە.

نازانین ئایا ئەم ڕاگەیاندنانە بارزانی ڕازی دەکات یان نا. بارزانی بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت کوردێکی هەڤاڵی [جەلال] تاڵەبانی ببێت بە وەزیر. مەبەستی تەها محیەدین مەعروف[٢]، ڕاوێژکاریی وەزارەتی [دەرەوە]یە کە ئێستا

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

(٢) لە بەڵگەنامەی ٢ی ئابی ١٩٦٨دا نووسراوە تەها محیەدین کە وەزیری ناوخۆیە، لە تەها مەعروف کە لە لەندەنە جیاوازە، بەڵام لێرە نووسیویەتی تەها محیەدین مەعروف. تەها محیەدین مەعروف ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، پاشان چووەتە ناو حکومەتەوە و بووە بە ئەندامی حیزبی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی

لــە لەندەنــە و پێشــتر بەڕێوەبــەری پەیوەندییــە گشــتییەکانی وەزارەتــی دەرەوە بــووە. بــە گوێــرەی هەنــدێ زانیاریــی، تەهــا محیەدیــن مەعــروف خۆیشــی زۆر پێیخــۆش نییــە بگەڕێتــەوە بــۆ عێــراق

**گۆغس**

سـەرکردایەتی ئـەو حیزبـە. لـە ١٩٧٥ تـا ٢٠٠٣ جێگـری سـەدام حوسـەین بـووە. لـە ٢٠٠٣ ئەمریکییـەکان گرتیـان، بـەڵام ئازادیـان کـرد، پـاش ئـەوە لـە دوکان نیشـتەجێ بـووە. لـە ٢٠٠٩ لـە نەخۆشـخانەیەک لـە ئـوردون مـردووە، لـە کوردسـتان نێـژراوە. وەرگێـڕ

**لە بێغناغد لۆپینۆ[١]، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٤ی ئەیلوولی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت، و[نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان] لە نیۆیۆرک**

**بابەت: وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی بەعس**

وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری ئەو هەوڵانەیە کە ڕژێمی نوێی عێراق بۆ چەسپانی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد داویەتی. بەعس لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات چەند ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و وتوویەتی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ جێبەجێ دەکات ( لە تیلیگرامی ٤ و٦ی ئابی ١٩٦٨دا ئاماژەم پێکردووە). وتووێژ لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و مەلا [مستەفا] بارزانی دەستپێکردووە. بارزانی دەیەوێت کەڵک لە گۆشەگیریی بەعس وەربگرێت و بەردەوام گوشار دەخاتە سەر دەسەڵاتدارانی عێراق.

دوو کەسایەتی کورد کە پاش شۆڕشی ١٧ی تەمووز کراون بە وەزیر، بێ ڕاوێژکردن

(1) Bernard LOPINOT

لەگەڵ سەرۆک وەزیران[١]، عەبدولڕەزاق ئەلناییب لەم پۆستانە دانراون. بەڕێز دزەیی کە بەربژێرە بۆ وەزارەتی کاروباری باکوور و بەڕێز شێرزاد کە بەربژێرە بۆ پۆستی کاروباری گشتی، نەهاتوون بۆ بەغدا بۆ ڕێوڕەسمی خواردنی سوێندی یاسایی و وەرگرتنی پۆستەکانیان. بەهەرحاڵ لە بارودۆخی ئێستادا و بەهۆی وتووێژەکانی ئێستای نێوان ڕابەری کورد و بەعسییەکان، هیچ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی حکومەتدا ناکرێت و کەس ناچێتە شوێنی بەڕێز دزەیی و شێرزاد لە کابینەی سەرۆک ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر.

دەسەڵاتی ناوەندی نەچووەتە ژێر باری داواکارییەکەی مەلا [مستەفا] بارزانی بۆئەوەی لەلایەکەوە سێ کەس لە هەڤاڵەکانی پۆستە گرنگەکان، لەوانە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران، وەربگرن، لەلایەکی دیکەوە پۆستی وەزارەت نەدرێت بە تەها محێدین مەعروف کە کوردە و سەر بە باڵی جەلال تاڵەبانییە. ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە دەبێ بە زووترین کات کۆتایی پێبێت. هەرچەندە بەڕێز دزەیی و شێرزاد نامەی دەست لەکارکێشانەوەیان تەسلیم کردووە، کاربەدەستانی دەوڵەت یەکڕا نین و دوودڵن کەسی دیکە بخەنە شوێنیان، بەڵام بۆئەوەی بە ڕواڵەت بارودۆخەکە ڕابگرن و پێش لە ڕووداوی نەخوازراو بگرن لە داهاتوودا، تەنیا بە شێوەی کاتی... ( بۆ درێژەی بابەتەکە بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٥٤٢ی ٢٨ی ئابی ١٩٦٨ی خۆم).

ڕاگیرانی وتووێژەکانی نێوان مەلا [مستەفا] بارزانی و دەسەڵاتی ناوەندی تا ئێستا پێشی لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی فەرمیی ڕابەری کورد نەگرتووە. هەروەها لە تیلیگرامی ژمارە ٢٥٠ی ١٦ی نیسانی ١٩٦٨دا[٢] وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردوتەوە، ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە بۆ هەمیشە دابخرێت، [کورد] دەست دەکات بە پەخشی بەرنامە لە ئێزگەی ڕادیۆی (دەنگی کوردستان). تەنیا کارێک دەوڵەت دەتوانێت بیکات ئەوەیە لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندننامەکانی بارزانی لە بەغدا دەربارەی پەیوەندییەکانی کەمینەی کورد و ڕژێمی نوێ ناڕەزایەتی دەرببڕێت کە ڕۆژنامەکە لە ٢٩ی ئاب بڵاوی کردووەتەوە. ڕۆژی ٢٩ی ئاب التاخی بە شێوەی

(١) مەبەستی ئەوەیە سەرۆک کۆمار، حەسەن ئەلبەکر دایناون. وەرگێڕ

(٢) لە تیلیگرامی ١٦ی نیساندا نووسراوە، حکومەتی عێراق ڕازی بووە ڕۆژنامەی التاخی لە بەغداد دەربچێت بە مەرجێک کە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە شاخ دابخرێت. وەرگێڕ

ڕەمزی نیوەی لاپەڕەیەکی سپی بڵاوکردەوە[١].

هەموو ئەم پێشهاتانە ئەو دەنگۆیانە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێن بارودۆخی باکوور دەگۆڕێت. بە وتەی هەندێ سەرچاوە، ژمارەی ئەو کوردانە کە لە بەغدا دادەنیشن یان هاتوچۆی بەغدا دەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، هەرچەندە دەوڵەت گەمارۆی ئابووری لە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی لابردووە... ئەو کاربەدەستانە کە ئێمە پرسیاریان لێدەکەین، ئەگەر نکوڵی لە هەبوونی کێشەش نەکەن، بۆچوونی خۆیان دەرنابڕن، تەنیا دەڵێن دەسەڵاتدارانی نوێ نیازپاکی خۆیان سەلماندووە.

خاڵی زۆر سەرنجڕاکێشتر بارودۆخی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانە. مەلا[مستەفا] بارزانی سەرۆکی پارتییە و جەلال تاڵەبانی لە پارتی دەرکراوە. هەروەک لە تیلیگرامی ٣ی ئەیلوولدا ئاماژەم پێداوە، ئەمە نیشان دەدات کە کەمینەی کورد لە ناو خۆیاندا یەکگرتوو نین و شڵەقاون. ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان ئاماژەی پێدەکەن، و مەلا [مستەفا] بارزانی بەرپرسیارێتی دەستپێکردنەوەی شەڕ نەگرێتە ئەستۆ و [بیخاتە ئەستۆی حکومەت]، هێزەکانی ئامادەن بەرەنگاری هێرشە نوێکانی هێزەکانی حکومەت ببنەوە.

(١) مەبەستی ئەوەیە شوێنی ڕاگەیاندننامەکەی بارزانی بە بەتاڵی هێشتووەتەوە. وەرگێڕ

**لە ئۆلیڤییە ۆغمسێ[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ:**

**وەزیری دەرەوە[ی فەڕەنسا]، جەنابی میشێل دێبغ[٢]**

**بەڕێوەبەرایەتی بەشی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٥ی ئەیلوولی ١٩٦٨**

**مۆسکۆ**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە کێشەی کوردی عێراق**

ڕۆژنامەی پراڤدا، لە یەکی ئەیلوول وتارێکی کورتی دەربارەی بارودۆخی کوردستانی عێراق بڵاوکردەوە کە کۆمەڵێک وێنەی پێشمەرگەی تێدابوو، لەوانە خودی مەلا مستەفا بارزانیش. پریماکۆڤ، هەواڵنێری تایبەتی پراڤدا کە تازە لە عێراق گەڕاوەتەوە، لە وتارەکەدا نووسیویەتی: "ڕاگەیاندننامەکەی کاربەدەستانی نوێی عێراق کە تێیدا وتوویانە ئامادەن کێشەی باکوور لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی کورد چارەسەر بکەن، لە سەراسەری جیهاندا پێشوازی لێکراوە." ئەم ڕۆژنامەنووسە ئاماژەی بەوە کردووە: "تا ئەم دواییە بارودۆخەکە مەترسیدار بوو و کێشەی کورد پێگەی هێزە دژە ئیمپیریالیستەکانی عێراقی لاواز کردووە، لەکاتێکدا گەلی عەرەب بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەنجامەکانی دەستدرێژیی ئیسرائیل خەبات دەکەن."

بارزانی بە ڕۆژنامەنووسە سۆڤیەتییەکەی وتووە: "کورد پێشوازیی لە هەنگاوەکانی حکومەتی نوێ دەکات و حکومەت دەستپێشخەر نابێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ کورد."

ئەم وتارە نزیک بوو لەو وتارەی هەفتەی ڕابردوو دەربارەی شیوعییەکانی عێراق بڵاوبووەوە ( کە لە تیلیگرامی ژمارە ١٦٠٢ دا ئاماژەم پێکردبوو) نیشان دەدات یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام چاوەڕوان دەکات تا بزانێت چی هەڵوێستێک لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی نوێی [عێراق]بگرێتەبەر و ئەم لایەنگرییەی لە کێشەی کورد دەیکات وەک هۆشدارییەکی ناڕاستەوخۆ لێکدەدرێتەوە.

(1) Olivier Wormser

(2) Michel DEBRE

**لـە بێغناغـد لۆپینـۆ، بەرپرسـی کاروبـاری عێـراق لـە باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە عێـراق بـۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت و [نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان] لە نیۆیۆرک**

**بابەت: هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بە ڕژێمی نوێی عێراق**

ناکۆکـی نێـوان دەوڵـەتـی بەعـس و کـورد، بەتایبـەت لـە دەسـت لەکارکێشـانەوەی دوو وەزیرەکـەی نوێنـەری مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی لـە کابینـەی ئێسـتادا، بەرجەسـتە بوو(کە لە تیلیگرامـی ژمـارە ٥٤٧ی ٤ی ئەیلوولـی ١٩٦٨دا ئامـاژەم پێکردبـوو)، هێشـتا کـەم نەبووەتـە. پێمانوانییـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی بچێتـە ژێـر بـاری سـەرجەم داواکارییەکانـی ڕابـەری کـورد. ڕۆژی ٥ی ئەیلـوول بەڕێـز عەبدولکەریـم ئەلشـەیخلی[1]، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، جارێکـی دیکـە جەختـی کـردەوە [حکومـەت] دەیەوێـت کێشـەی باکـوور چارەسـەر بـکات و بارودۆخـی سیاسـی ئاسـایی بێتـەوە. ئەلشـەیخلی ئامـاژەی بـە وە کـرد حکومـەت بـە دڵنیاییـەوە دەیەوێـت بەڵێنەکانـی جێبەجـێ بـکات و سیاسـەتی پێکەوەسـازان بگرێتەبـەر و وتـی کـورد زۆر لـە سیاسـەتی ڕژێمـی نـوێ ڕازیـن.

(1) Abdul Karim Al CHEKHLY

دە ڕۆژ پاشتر لە ڕاگەیاندننامەیەکی دیکەدا، بەڕێز عەبدوڵڵا سەلوم ئەلسامەرایی[1]، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ئەندامی دەستڕۆیشتووی حزبی بەعس، توون‌د قسەی کردووە، وتویەتی ناهێڵین کەس دەست بۆ چەک بەرێت، جەختی کردووەتەوە کە حکومەت هیچ چەشنە جیاخوازییەک، بە ئاشکرا یا نائاشکرا، قەبوڵ ناکات. ئەلسامەرایی وتویەتی خەریکن یاسای ئیدارەی پارێزگاکان دادەنێن کە بەشێکی گرنگی پلانی [چارەسەرکردنی کێشەی کورد] پێکدەهێنێت و جەختی کردووەتەوە، بەهەرحاڵ حکومەت لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بەرپرسیارە و جگە لە کاربەدەستانی فەرمی نابێ گوێ بۆ قسەی کەس بگیردرێت. بەڕێز ئەلسامەرایی داوای لە سەرجەم چەکدارەکان کردووە بگەڕێنەوە ماڵەوە و کاری دابینکردنی ئاسایش بە حکومەت بسپێرن بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ١٩٦٦. ئەلسامەرایی ئاماژەی بەوە کردووە بۆ گەشەپێکردنی ئابووری ناوچەی باکوور هەنگاوی باش هەڵگیراوە و لە کۆتاییدا جەختی کردووەتەوە دەسەڵات دەبێ ڕێز لە یاسا بگرێت بۆئەوەی سەرجەم هاووڵاتیان ئەرک و مافی یەکسانیان هەبێت.

بەهەرحاڵ دەسەڵاتدارانی ئێستا، وەک دەسەڵاتدارانی پێشوو، واز ناهێنن و هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرن بۆ گۆشەگیرکردنی بارزانی لە ڕێگای یاریکردن بە کارتی ڕکابەرەکەی، یانی جەلال تاڵەبانی، و قوڵترکردنی ناکۆکییە عەشایرییەکان و پشتیوانیکردن لە جوتیارەکان کە بە دەستی ئاغا زەمیندار و فیوداڵەکان چەوساونەتەوە.

لەو ڕاگەیاندنامانەدا کە ڕۆژنامەی کوردی التاخی ڕێگەی پێنەدراوە بڵاویان بکاتەوە کە هەندێ لە ژمارەکانی بە قاچاخی بڵاوبوونەتەوە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی پێشووم) مەلا [مستەفا] بارزانی پێشنیارەکانی خۆی بە ئاشکرا خستەوتەڕوو. بارزانی ئاماژەی بە سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کردووە بۆئەوەی کەمینەی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە وەزیری هەبێت لە کابینەدا، وتوویەتی: "دەوڵەت قەبوڵی نەکردووە چوار کورد ببن بە وەزیر و کەسایەتییەکی دوژمنی گەلی کردووە بە وەزیر(مەبەستی تەها محیدین مەعروف، وەزیری ناوخۆ و هەڤاڵی تاڵەبانی یە) و ڕێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی جێبەجێ ناکات، بۆیە پارتی

(1) Abdalla Saloum Al SAMARRAI

دیموکراتـی کوردسـتان بەشـداری لـە حکومەتـدا نـاکات و چـاوەڕوان دەکات."

مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی وتوویەتـی ڕێـزی بـۆ بڕیارەکانـی حکومـەت هەیـە لەبەرانبـەر جێبەجێکردنـی هەنـدێ لـە مەرجەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١٩٦٦، بـەڵام بەمشـێوەیە کێشـە سـەرەکییەکان چارەسـەر نابێـت و ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بـۆ ئێمـە زۆر گرنـە نییـە ئەگـەر دامەزراندنـی زانکۆیـەک لـە کوردسـتان دوابکەوێـت، بـەڵام ناچینـە ژێـر بـاری درێژکردنـەوەی بارودۆخـی نائاسـایی کـە ژیانـی لـە باکـوور ئەسـتەم کـردووە. بـە پێچەوانـەی بەڵێـن و ڕاگەیاندنـە یـەک لـە دوای یەکەکانی[حکومـەت]، کـورد زۆر کەڵکـی لـە لێبوردنـی گشـتی وەرنەگرتـووە کـە بەڵێـن بـە زیندانیانـی سیاسـی دراوە."

ڕابـەری کـورد دەربـارەی گفتوگۆی نێوان حکومـەت و گروپە جۆراوجۆرە نیشـتمانییەکان وتوویەتـی: "تـا ئـەو شـوێنەی پەیوەنـدی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە هەیـە، گفتوگـۆکان ئەمدواییـە تێکچـووە، بـەڵام پارتـی ئامادەیـە بەشـدار بێـت لـە هەوڵـەکان بـۆ بەڕێوەچوونـی هەڵبژاردنێکـی ئـازاد بـۆ پێکهێنانـی حکومەتێکـی دیموکراتـی ڕاسـتەقینە."

لـە کۆتاییـدا مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی دەربـارەی داهاتـوی کێشـەی کـورد زۆر بـە حـەزەرەوە بۆچوونـی خـۆی دەربڕیـوە، وتوویەتـی: "ئەمـە مەسـەلەیەکی زۆر ئاڵـۆزە و پەیوەنـدی بـە هاوکێشـەکانی نێـوان هێـز و لایەنـە خۆجێیـی، نیشـتمانی و نیونەتەوەییەکانـەوە هەیـە. پێگـەی بزووتنـەوەی کـورد قایمـە و هیـچ هێـز و لایەنێـک ناتوانێـت لەنـاوی ببـات. دەوڵەتەکانـی عێـراق یـەک لـە دوای یـەک بەهـۆی سیاسـەتەکەیان لـە هەمبـەر کێشـەی کـورد ڕوخـاون، ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە یەکجـار بـۆ هەمیشـە کۆتایـی بـە شـەڕی براکـوژی بێـت. ئەگـەر شـەڕ دەسـتپێبکاتەوە کاریگـەری زۆر خراپـی دەبێـت بـۆ وڵاتـی عێـراق و ناهێڵێـت عێـراق ڕۆڵـی خـۆی لـە پاراسـتنی نەتـەوەی عەرەبـدا بگێڕێـت."

مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی گفتوگۆیەکـی کـردووە لەگـەڵ هەواڵنێرێکـی [ڕۆژنامـەی] سـتامپا[(١)]، تێیـدا ئامـاژەی بـە هەنـدێ لـەو هەنگاوانـە کـردووە کـە حکومـەت دەبـێ هەڵیبگرێـت بۆئـەوەی نیازپاکـی خـۆی بـۆ جێبەجێکردنـی ڕاگەیاندننامەکانـی ئەمدواییـە

(١) ڕۆژنامـەی سـتامپا ئەوکاتـە بەناوبانگتریـن ڕۆژنامـەی ئیتالیـا بـووە، سـەر بـە کۆمپانیـای ئۆتۆمۆبیلسـازی فیـات بـووە. وەرگێـڕ

نیشـان بـدات: هەڵوەشـاندنەوەی هێـزی جـاش و پاشەکشـەپێکردنی سـەربازەکان لـە کوردسـتان. خـودی بارزانیـش پێیوانییـە حکومـەت ئـەم دوو شـتە بـکات، بۆیـە وتوویەتـی: "ئەگـەر دەسـەڵاتدارانی بەغـدا دڵنیابـان دەتوانـن لەناومـان بـەرن، لەناویـان دەبردیـن..."

ئـەو خاڵانـەی [ڕۆژنامـەی] پراڤـدا لـە یەکـی ئەیلـوول بـڵاوی کردوونەتـەوە (کـە لـە تیلیگرامـی ژمـارە ١٦٤٨ی باڵوێزخانەکەمـان لـە مۆسـکۆ ئامـاژەی پێـدراوە) و [ڕۆژنامـەی] التاخـی دیسـان بـڵاوی کردوونەتـەوە، نیشـان دەدات کـە هەنـدێ شـتی دیکـە لـە ئارادایـە. بـە بۆچوونـی حکومەتـی سـۆڤیەت، کێشـەی کـورد بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ مـەلا [مستەفا] بارزانـی، مارشـاڵی یەکێتـی سـۆڤیەت[1]، چارەسـەر دەکرێـت. کەوابـوو هەڵوێسـتی ڕابـەری کـورد لەبەرامبـەر ڕژێمـی نوێـی عێـراق، کـە وڵاتانـی سۆسیالیسـتی بـە حـەزەرەوە لـە بەرامبـەری هەڵوێسـت دەگـرن، قایمـە.

هــەر دوولا بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان داواکارییەکانیــان بــە لایەنــی بەرامبــەر گەیانـدووە. حکومـەت جـارێ چاوەڕوان دەکات. ڕۆژنامەکانـی بەغـدا بـە هیـچ شـێوەیەک باسـی ڕووداوە گرنگەکـەی سـەر سـنووری ئێـران- عێراقیـان نەکـردووە کـە باڵوێزخانەکەمان لـە تـاران لـە تیلیگرامـی ١٣ی ئەیلوولـدا باسـی کـردووە. بـەڵام دەنگـۆکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە کۆبوونەوەیەکـی گـەورە لـە کوردسـتان بەڕێوەچـووە، تێـدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بـە ڕژێمـی عێـراق ئاشـکرا کـردووە. هەنـدێ سـەرچاوە دەڵێـن ئەگـەری هەیـە بەمزوانـە [پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان] حکومەتـی ئۆتۆنۆمـی کـورد ڕابگەیەنێـت.

(١) مەبەسـتی ئەوەیـە سـۆڤیەت لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا پلـەی مارشـالی بـە بارزانـی داوە. وەرگێـڕ

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی ئۆپەراسیۆن و چالاکیی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، سەرۆک ئەرکانی تایبەتی سەرۆک کۆمار**

**بابەت: هاوکاریی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ جەلال تاڵەبانی**

بە وتەی دەزگای هەواڵگری ئێران، دەوڵەتی عێراق بڕیاریداوە بە تەواوی پشتیوانی لە جەلال تاڵەبانی، ڕکابەری بارزانی بکات. ئەنجوومەنی شۆڕشی عێراق ئەم فەرمانەی ناردووە بۆ سەرجەم ئیدارە مەدەنی و سەربازییەکانی عێراق:

"لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندیی برایەتی و یەکێتی نیشتیمانی، پێویستە سەرجەم کاربەدەستانی مەدەنی و سەربازیی عێراق لە هەموو مەسەلە سیاسی و ئیدارییەکاندا لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی هاوکاری بکەن لەبەرئەوەی ئەم حیزبە لەگەڵ ڕژێمی ئێستادا هاوکاری دەکات و وەک گروپێکی نیشتمانی دانی پێدا نراوە."

**لە غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، ئەنقەرە، مۆسکۆ، لەندەن**

**بابەت: هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی عێراق**

ڕۆژنامەکانی تاران ئەمدواییە کۆمەڵێک شتیان دەربارەی هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد[ی عێراق] بڵاوکردەوە. هەرچەندە دەوڵەتی شاهەنشاهی [ئێران] سیاسەتێکی زۆر ئازادتری لە دەوڵەتی تورکیا و عێراق لە هەمبەر کەمینەی کورد (کە لە پارێزگای کرماشان، سنە و ڕەزائیە دەژین) گرتووەتەبەر، بەڵام هیچ مافێکی تایبەتی نەداوە بە کەمینەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران لە هەمبەر بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی باش بووە و دەتوانین بە سیاسەتێکی بێلایەنانەی گونجاو لەقەڵەمی بدەین. لەمێژە لە خاکی ئێرانەوە چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەربازی دەچێت بۆ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام نکوڵیان لێکردووە، بەڵام خودی کوردەکان ناڕاستەوخۆ دانیان بە یارمەتیی ئێراندا ناوە و دەڵێن ئێران زیاتر یارمەتی مەعنەوییان دەدات بۆئەوەی ورەی کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی [کوردستان] بەرز بێت. بەهەرحاڵ ئەم یارمەتییە چی ڕاست بێت چی درۆ، ئەم قسەوباسانە نیشان دەدات کە ڕۆژنامەکانی ئێران گرنگی بە مەسەلەی کوردستانی عێراق دەدەن و قەد دژایەتی داواکارییەکانی کوردی عێراق ناکەن. بۆیە هەندێ زانیاری کە لە عێراق ڕێگە بە بڵاوکردنەوەیان نادرێت لە ئێران بڵاودەبنە، وەک گفتوگۆی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ هەواڵنێری ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی [یەکێتی] لاوانی کوردی عێراق. بەتایبەت

ڕۆژنامـەی (خـاک و خـون)، زمانحاڵـی حزبـی پانئیرانیسـت[1]، ئـەم شـتانە بڵاودەکاتـەوە کـە گرنگـی بـە پەیوەندییەکانـی ئێـران لەگـەڵ عەشـیرەتە کوردەکانـی عێـراق دەدات. لـە تیلیگرامـی داهاتوومـدا بـە تێروتەسـەلی باسـی چالاکییەکانـی ئـەم حیزبـە دەکـەم.

حزبـی پانئیرانیسـت، بـە ڕەزامەنـدی ناڕاسـتەوخۆی دەوڵەتـی ئێـران، لـە ناوچـەی سـنووریی ئێـران و عێـراق و تورکیـا ڕەگوڕیشـەی داکوتـاوە و بەتایبـەت لـەم سـاڵانەی دواییـدا پـەرەی بـە چالاکییەکانـی لـەم ناوچانـە داوە و شـاری ڕەزائییـەی کـردووە بـە بنکـەی سـەرەکیی خـۆی. حزبـی پانئیرانیسـت لـە ڕەگوڕیشـەدا کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریی بیرۆکـەی فاشـی و نازییـەکان، لـە پرۆگـرام و بەرنامـەی خۆیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە:

- ئێمە داکۆکی لە نەژادی [ئاریی]، بەتایبەت نەژادی کورد دەکەین.
- داکۆکـی لـە ئێـران دژی داردەسـتە بیانییـەکان دەکەیـن کـە هـەوڵ دەدەن ناکۆکـی بخەنـە نێـوان کـورد و ئێرانییـەکان.
- خەبـات دەکەیـن بۆئـەوەی دەسـەڵاتی ئیـدارەی ناوەنـدی لـە پارێزگاکانـی ناوچەکانـی ئێـران کـەم بکرێتـەوە[2].
- داوا دەکەین هەندێ شوێن وەک بەحرەین بگەڕێتەوە سەر خاکی ئێران.

ئەمـە پلانـی [پانئیرانیسـتەکانە]، بـەڵام نازانیـن ئامانجەکانـی دەوڵەتـی شاهەنشـاهی تـا چـی ڕادەیـەک لەگـەڵ ئامانجـە سیاسـییەکانی ئـەم بزووتنەوەیـە تەبایـە. زۆرێـک لـە چاودێـران پێیوانوایـە حزبـی پانئیرانیسـت لـە ناوەرۆکـە سیاسـییە تۆتالیرەکـەی بەتـاڵ بووەتـەوە، لەمەبـەدوا حکومـەت بـەکاری دەهێنێـت بۆئـەوەی یـان بەرەنـگاری دەنگـە نەشـازەکان لـە کەنـداوی فـارس بێتـەوە، یـان ڕۆڵـی ناوبژیوانـکار لـە مەسـەلەی کـورددا بگێڕێـت لەگـەڵ عەشـیرەتەکانی لایەنگـری مسـتەفا بارزانـی. ئەمـە بەتایبـەت بۆچوونـی

(١) حیزبـی پانئیرانیسـت سـاڵی ١٩٤١ دامـەزراوە، بـەردەوام نوێنـەری هەبـووە لـە پەرلەمانـی ئێرانـدا، داکۆکـی لـە گەلانـی ئاریایـی (ئـاری)، بەتایبـەت کـورد کـردووە و بـە خاوەنـی ڕاسـتەقینەی ئێـران لەقەڵەمیـداون. پـاش شۆڕشـی ١٩٧٩ چالاکییەکانـی زۆر کـەم بووەتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لەدامەزرێنەرەکانـی وەک داریـوش فروهـر لـە چوارچێـوەی جبهـە ملـی (بـەرەی نیشـتمانی) دا درێژەیان بـە چالاکـی داوە و پشـتیوانییان لـە مافەکانـی کـورد کـردووە. وەرگێـڕ

(٢) مەبەسـتی ئەوەیـە ناوچـەکان بـبن بـە خـاوەن دەسـەڵاتی ئیـداری بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری خۆیـان. وەرگێـڕ

دیپلۆماتێکی سۆڤیەتە کە بۆ هاوکارێکم باسی کردووە. دەوڵەتی ئێران بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) بە چاوی خراپ سەیری ئەو کێشانە ناکات کە کورد بۆ دەوڵەتی عێراق دروستی کردووە، هەمان ئەو کێشانە کە ئێران، بەتایبەت لە ناوچەی کەنداوی فارس ڕووبەڕوویان بووەتەوە (بنواڕن بۆ: تیلیگرامی ژمارە ١٥٧٠ی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٨ی خۆم). بێگومان بەهۆی هەمان ئەو پرەنسیپەیە کە سەرۆکی کۆمەڵەی ئاشووری- کلدانی تاران ڕاشکاوانە ناڕەزایەتی لەهەمبەر باڵوێزخانەی عێراق لە تاران دەربڕیوە بە بۆنەی ئەو نەهامەتییانەی عێراق بەسەر براکانیاندا هێناویەتی کە هەمیشە بە بەشێک لە نەتەوەی کورد لەقەڵەمدراون. (بنواڕن بۆ: تیلیگرامی ژمارە ١٧٤٨ی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ی خۆم).

لە ئەنجامدا، پێموایە دەوڵەتی ئێران بڕیاریداوە بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەکرێت و ناڕەزایەتی لایەنی بەرامبەری لێنەکەوێتەوە، پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ بزووتنەوەی بارزانی هەبێت. لە پێناو ئەم ئامانجەدا دەسەڵاتدارانی ئێران پێیانخۆش نییە هیچ شتێک لە خاکی ئێراندا ڕووبدات کە ببێتە هۆی هاندانی کوردەکانی ئێران، بۆیە لە پارێزگا کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا ژاندارمەری[1] ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچێتە شوێنی سوپا.

لەلایەن خۆیەوە، مەلا مستەفا بارزانی زۆر پێیخۆشە کەڵک لە خاکی ئێران وەک پەناگەیەک وەربگرێت، یان لانیکەم لە خاکی ئێرانەوە دژایەتی نەکرێت، بۆیە بەڕاستی داوا لە کوردەکانی ئێران دەکات خۆیان لە هەرچەشنە ڕووداوێک بەدوور بگرن کە ببێتە هۆی هاندانی حکومەتی شاهەنشاهی.

(١) ژاندارمەری هێزێکی چەکدار بووە، لە ساڵی ١٩١٠ لە ئێران بە لاساییکردنەوەی سیستمی ژاندارمەری فەڕەنسا و سوئید دامەزراوە. کاری زیاتر پاراستنی ڕێگاوبان و ناو شار و دەرەوەی شارەکان بووە. پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لەگەڵ هێزە تایبەتە شۆڕشگێڕە ئیدویولۆژییەکان تێکەڵ بوو و پاشان هەموویان کران بە پۆلیس. وەرگێڕ

**وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨**

**بابەت: گلەیی لە سیاسەتی فەڕەنسا لەهەمبەر دۆزی کورد**

**کۆمیتەی پشتگیریی شۆڕشی کورد**

**پاریس، شەقامی بریلات ساڤێغەن[1]، ژمارە ٧١**

**١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٨**

**زۆر بەڕێز جەنابی ژەنەڕاڵ دیگۆڵ**

**سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

**کۆشکی ئیلیزە، پاریس**

**جەنابی سەرۆک،**

زۆر خۆشحاڵ بووین کە ڕاگەیاندننامە فەرمییەکەی دەوڵەتەکەی جەنابتان دەربارەی مافی چارەیخۆنووسینی گەلی بیافرامان بینی، کە پاش دەستێوەردانە مێژوویی و شۆڕشگێڕانەکەی جەنابتان لە بزووتنەوەی ئازادیی خەڵکی فەرەنسیزمانی کێبێک، هات.

ئێمە پێمانوایە پرەنسیپی مافی چارەخۆنووسینی گەلان کە لەمەبەدوا دەبێت بە کۆڵەکەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری فەڕەنسا، نابێت بە شێوەیەکی هەلپەرەستانە دژی ئەم زلهێز و ئەو زلهێز بەکاربێت و هەندێ گەل و نەتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە قۆناخی لەدایکبوونەوەی نەتەوەییدان ( وەک باسک، ڤالۆنی، ژوغا، ئیسکاتلەند، گال، بغۆتان...) لێی بێبەش بن.

(1) Brillat Savarin

بۆیە تکا لە جەنابتان دەکەین، بە هەمان شێوە کە پێشتر بە شێوەیەکی بوێرانە بۆ کێبێک، بیافرا و چیکسلۆڤاکیا کردتان، بە ئاشکرا و بە شێوەی فەرمی پشتیوانی لە مافی چارەیخۆنووسینی گەلی کورد بکەن کە لەمێژە بە شێوەیەکی زاڵمانە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەچەوسێندرێتەوە کە خاکی کوردستانیان دابەش کردووە، دڵنیاین جەنابت باش ئاگات لە گرنگیی مەسەلەی نەتەوەیی کورد هەیە، چونکە ئەوکاتە کە وەک ئەفسەر لە لوبنان خزمەتت کردووە، لێکۆڵینەوەیەکی ٨٠ لاپەڕەییت دەربارەی کورد نووسیوە کە تێیدا پشتیوانیت لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کردووە.

هەروەها بە ناوی سەرەتاییترین بەها ئەخلاقییە نێونەتەوەییەکانەوە داوا لە جەنابت دەکەین فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە دەوڵەتی عێراق قەدەخەن بکەن، هەتا ئەوکاتەی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان بۆ کوردستانی عێراق چارەسەر دەبێت.

هیوادارین وەڵامی داواکارییەکەمان بدەنەوە.

ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتمان قەبوڵ بفەرموون.

**کۆمیتەی پشتگیریی شۆڕشی کورد**

## لیستی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی پشتگیری لە شۆڕشی کورد

- ژان دغێش، بەڕێوەبەری ئەنیستیتۆی جوغرافیا
- غۆبێغ لافۆن، سکرتێری گشتیی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و کاری باشوری فەڕەنسا
- دکتۆر گوستاڤ بوغاتی، مافپەروەر و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی پاراستنی ئەو زمان و شارستانییانە کە لە ژێر هەڕەشەدان.
- مامۆستا کاویری، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڤالدۆئۆست (ئیتالیا)، سەرۆکی یەکێتیی ڤالدۆتێن.
- ماغسێل کۆهێن، زماناس و مامۆستای کۆلیژی باڵای توێژینەوە (زانکۆی سۆربۆن)، نووسەر لە بواری زمانەکانی جیهان.
- میلی کریستییەن ئیشۆل، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی بزووتنەوەی ناسیونالیستی باسک، ئینباتا.

- گای هێغۆ، مافپەروەر و مامۆستای کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسی و ئابوورییەکانی زانکۆی سۆربۆن، ئەندامی ئەنیستیتۆی ئەوروپای توێژینەوەی نێونەتەوەییەکان لە شاری نیس، مامۆستای کۆلیژی دیدراڵی ڤالدۆئۆست، سەرۆکی لقی ناوچەی (ئالزاس)ی بزووتنەوەی فیدیراڵی ئەوروپا، و نووسەری کتێبی ( ئەوروپا و ئەتنیکەکان) (١٩٦٣).
- پرۆڤیسۆر ژان هۆمبلێ، جێگری سەرۆکی بزووتنەوەی بووژاندنەوەی والۆن.
- ڤلادیمیر جانکلیڤیش، فەیلەسوف و مامۆستای بەشی فەلسەفە و کۆمەڵناسیی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سۆربۆن، ئەندامی کۆمیتەی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسیی ئێران (کە سەرۆکەکەی ژان پۆل سارترە) و سەرۆکی کۆمیتەی بەرەنگاربوونەوەی نازیسم.
- ڤغانسوا لیکا، کۆمەڵناس و ئەندامی (گروپی ٢٩) ( باڵی چەپ و لایەنگری ژەنەراڵ دیگۆڵ).
- ئالبێرت پۆل لینتی، ڕۆژنامەنووس و نووسەر.
- پییێغ نایێغ، مامۆستای زمانەکانی ئیسکاندیناوی لە فەنلاند و سکرتێری گشتیی کۆمەلەی نێونەتەوەیی پاراستنی ئەو زمان و شارستانییانە کە لە ژێر هەڕەشەدان.
- دیمیتغی پێتغۆس ئیلۆف (لە شاری تولوز)، کوڕی ژەنەراڵ ئاغا پێتغۆس و نوێنەری بزوتنەوەی نیشتمانیی ئاشوورریەکانی فەرەنسا و سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی ئاشوورییەکان و دۆستەکانیان.
- ماکزیم غۆدینسۆن، ڕۆژهەڵاتناس و کۆمەڵناس، مامۆستای کۆلیژی توێژینەوە باڵاکانی زانکۆی سۆربۆن، ئەندامی کۆمیتەی نێونەتەوەیی لێبوردنی زیندانیانی سیاسیی عێراق و گروپی کاتیی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین.
- یان شۆن ڤەییاغ، مامۆستا و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (لۆپوپل بغۆتۆن) (لە شاری غێن) کە زمانحاڵی یەکێتی دیموکراتیی بغۆتۆنە.
- جوغدی ڤینتوغا، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی بارسلۆن ( ناوچەی کاتالۆنی ئیسپانیا).
- ژان پییەغ ڤینۆ، سکرتێری کۆمیتەی پشتگیریی شۆڕشی یەمەن و بزووتنەوەی ئازادیی نیمچە دوورگەی عەرەب، و ئەندامی کۆمیتەی پشتیوانی لە خەبات دژی ئیمپیریالیزمی گەلانی عەرەب.
- ناتان ڤینۆستۆک، لێکۆڵەر و ئەندامی فدراسیۆنی سۆسیالیستیی کرێکارانی بەلژیک و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( لۆگۆش).

**لە نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نیۆیۆرک بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

**بابەت: تاوتوێکردنی داواکارییەکی نوێنەرێکی بارزانی**

ئەمیر بەدرخان، مامۆستای قوتابخانەی زمانەکانی ڕۆژهەڵات [لە پاریس] کە بە سەردان هاتووە بۆ نیۆیۆرک، بە پێداگرییەوە داوای کردووە چاوی پێمبکەوێت بۆئەوەی باسی کێشەی کورد بکات[1].

سوپاستان دەکەم بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی بەدرخان هەتانە وەڵامم بدەنەوە ئایا دەبێ داواکارییەکەی قەبوڵ بکەم یان نا.

**ئاغمان بێغاغد[2]**

(١) بەدرخان داوای کردووە لەگەڵ نوێنەری فەڕەنسا دابنیشێت بۆ ئەوەی پشتگیری بکات لە داواکارییەکەی بۆئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبژیوانێک دابنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی عێراق. وەرگێڕ.

(2) Armand BERARD

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

لە وەڵامی داواکارییەکەتاندا، ئەمیر بەدرخان کەسایەتییەکی کوردە کە ئێمە باش دەیناسین، چەند ساڵە لە پاریس دەژی، پێشتر مامۆستای قوتابخانەی زمانەکانی ڕۆژهەڵات بووە، ئێستا بە فەرمی لە فەڕەنسا کار بۆ دۆزی کورد دەکات و دەمڕاستی برا کوردەکانییەتی لە پاریس. لەگەڵ ئەوەشدا بە دزییەوە چالاکی دەکات و نەمانبیستووە کەس لێی ناڕازی بێت. ئێمە خۆمان تێکەڵی سیاسەتی ناوخۆی عێراق ناکەین، کەوابوو باشترە ئێوە بە شێوەی فەرمی لەگەڵی دانەنیشن و ئەگەر بە شێوەی تاکەکەسی لەگەڵی دانیشتن زۆر بە حەزەرەوە وەڵامی هەرچەشنە داواکارییەکی بدەنەوە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا.

**لێبێل**(١)

**بەرپرسی بەشی دیپلۆماسی**

---

(1) LEBEL

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ١٠١٦-١٠١٧ی باڵوێزخانەکەمان لە بەغدا**

**بابەت: شەڕی کورد دژی حکومەتی بەعس دەستیپێکرد**

ڕۆژنامەکانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بە شێوەیەکی جیددیتر باسی ئەو پێشهاتانە دەکەن کە لەم ڕۆژانەدا لە نێوان هەڤاڵەکانی مەلا [مستەفا] بارزانی و هێزەکانی عێراق لە لایەک و هەڤاڵانی بارزانی و لایەنێکی کورد (هەڤاڵانی تاڵەبانی) لەلایەکی دیکەوە ڕوویداوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی خانەقین، دەربەندیخان، [چیای] شیرین، بەمۆ، کێلەشین، هەولێر و سلێمانی.[1] [هەڤاڵەکانی] بارزانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حکومەتیان کوشتووە و دەستیان بە سەر لۆری و ئۆتۆمۆبیلی جیپ[2] و چەکی جۆراوجۆردا گرتووە.

ئەم ڕووداوانە نیشان دەدات کە [پەیوەندییەکانی حکومەت و کورد] لە کاتی ڕێککەوتننامەی [٢٩ی حوزەیرانی]١٩٦٦ی نێوان دکتۆر بەزاز و بارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە و لەمەبەدوا حکومەت هەوڵ دەدات کێشەکە بە ڕێگای چەک چارەسەر بکات. ئێستا حکومەت بەتایبەت فڕۆکەی میگ[3] بەکاردەهێنێت و کوردیش دەستیگەیشتووە بە چەکی پێشکەوتووی دژە فڕۆکە. بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و شەڕ بەردەوام دەبێت.

ئێمە ئەو دەنگۆیانە بە درۆ دەخەینەوە کە دەڵێن هێزەکانی سوپای عێراق هاتوونەتە ناو خاکی ئێران، بەڵام گولە هاوەن و گولە تۆپ کەوتووەتە هەندێ

(1) Kanikine, Darbondkhan, Chirine, Bamo, Jalitchen, Erbil et Soleimafieh

(2) JEEPS

(3) MIG

گونـدی سـەر سـنوور، بـۆ ئـەوەی خۆشـبەختانە هیـچ زیانێکـی بـەدواوە بێـت.

**سیڤان**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە تـاران لەتیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٩ی تشرینی دووەمـی ١٩٦٨ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "باڵوێزخانـەی عێـراق لـە تـاران ئـەو هەواڵانـەی بـە درۆ خسـتووەتەوە کـە دەڵێـن ئەمدواییـە شـەڕ و پێکـدادان لـە باکـووری عێـراق لـە نێـوان کـورد و حکومەتـدا ڕوویـداوە. ناوچەکـە ئارامـە و هەوڵـەکان بەردەوامـە بۆئـەوەی کێشـەکە لـە سـەر بنەمـای ڕێککەوتنامـەی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦چارەسـەر بکرێـت. باڵوێزخانـەی عێـراق ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە ئـەم جـۆرە شـەڕ و پێکدادانانـە لـە ناوچـە عەشـایرییەکان، بەتایبـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ڕوودەدات."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە دیمەشق، کوێت، بەیروت، جەددە، عەمان، قاهیرە، مۆسکۆ، لەندەن، واشنتۆن، نیۆیۆرک**

**بابەت: ناکۆکیی نێوان حکومەتی بەعس و کورد پەرەدەسێنێت**

بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هێزەکانی سوپا و هەڤاڵەکانی بارزانی، (نووسینگەی کاروباری باکوور) کە تازە دامەزراوە و ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە، ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەم ڕاگەیاندننامەیەکی بڵاو کردەوە و تێدا هاتووە حکومەت شێلگیرە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە و دادپەروەرانە بدۆزێتەوە بۆکێشەی کورد بە گوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.

ئەم نیازپاکی دەربڕینە نوێیەی [حکومەت] هیچی لێ سەوز نەبووە. لە ١١ی تشرینی دووەم وەزارەتی ڕاگەیاندن ڕایگەیاند ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی بارزانی، بە ماوەی ١٥ ڕۆژ دادەخرێت، بەتایبەت لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە هیچ لاپەڕەی تایبەت بە زمانی کوردی بڵاو نەکردووەتەوە(١)، ڕەخنەی نەرێنی لە دەسەڵات گرتووە و هەڵوێستی نەشیاوی، جیاواز لە هەڵوێستی عەرەبەکان، دەربارەی کێشەی فەلەستین گرتووەتەبەر.

ئەمدواییە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەڤاڵەکانی تاڵەبانی کە سوپای عێراق پشتیوانیان لێدەکات و هەڤاڵەکانی بارزانی زیاتر بووە. زۆربەی جاران شەڕەکە بە قازانجی هەڤاڵەکانی بارزانی کۆتاییپێدێت. هەندێ شت دەبینین کە نیشان دەدات ڕابەری کورد ئەوەندە پێگەی سەربازیی بەهێزە کە بتوانێت دەسەڵاتی بەعس لاواز بکات و یەکدەنگیی دەسەڵاتدارانی بەعس تێکبدات. لە ئێستادا کاری سەرەکی حکومەت

(١) مەبەستی ئەوەیە ڕۆژنامەکە دەبێ بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو بێتەوە، بەڵام هیچیان بە کوردی بڵاو نەکردووەتەوە. وەرگێڕ

ئەوەیە سنووری ئێران- عێراق دابخات، بۆئەوەی سەرچاوەی سەرەکیی یارمەتییەکان بە کورد وشک بکات. بۆیە ژەنەڕاڵ تکریتی لە سەفەرەکەی ئەمدواییەی بۆ جەددە، داوای لە مەلیک فەیسەڵ کردووە داوا لە شای ئێران بکات سنوورەکانی دابخات. ژەنەڕاڵ تکریتی و ژەنەڕاڵ عەماش[1] پێشتر داوایەکی هاوشێوەیان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا کردووە. باڵوێزی تورکیا ئەمدواییانە پێیوتم چەند هەفتە لەمەوپێش ئەم دوو ژەنەڕاڵە داوای هەمان شتیان لێکردووە، بەڵام وەڵامی کاربەدەستانی ئێران ئەرێنی نەبووە. کاربەدەستانی ئێران وتوویانە بۆ داخستنی سنوور بە شێوەی جیددی دەبێ ژمارەی هێزەکانیان لە سەربازگەکانی سەر سنوور زۆر زیاتر بکەن، ئەمەش بودجەیەکی زۆری دەوێت کە ئێران ئامادە نییە دابینی بکات هەتا کاتێک کە دەوڵەتی عێراق ئامادە نەبێت سەرجەم کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ ئێران چارەسەر بکات.

هیچ گومانی تێدا نییە، هەروەک هاوکارە ئێرانییەکەم چەندجار بۆمی پشتڕاستکردووەتەوە[2]، ئێران ئامادە نییە بە خۆڕایی گوشارەکان لە سەر عێراق لا ببات کە کێشەی کورد بۆی ڕەخساندووە. مەرجی ئێران ئەوەیە عێراق پوانی گەورە بدات بە ئێران لە ناوچەکانی دیکە، بۆ نموونە شەتولعەرەب و ئەو شوێنانەی نەوتی تێدایە و ڕێگە بە ئێران بدات نەوتی هەندێ لەو شوێنانە دەربهێنێت کە کۆمپانیای لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی نەوتی فەڕەنسا[3] خەریکە کاریان تێدا دەکات.

دوابەدوای سەردانەکانی ژەنەڕاڵ عارف و ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا بۆ تاران لە ئاداری ١٩٦٧ و حوزەیرانی ١٩٦٨ بۆئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە (بنواڕن بۆ ڕاگەیاندننامەکانی دوای ئەم سەردانانە)، ئێستا وادیارە دەسەڵاتدارانی ئێران هیوادارن ژەنەڕاڵ تکریتی ڕازی بکەن مل بۆ داواکاری ئێران بدات. لە مانگی کانوونی یەکەمدا بە جیا جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری عێراق سەردانی ئێران دەکەن.

**گۆغس**

---

(1) Ammash

(٢) مەبەستی وەزیری دەرەوەی ئێران یان جێگرەکەیەتی. وەرگێڕ

(3) ERAP

**لە غێنۆ سیڤان، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: شەڕی نێوان هەڤاڵانی بارزانی و تاڵەبانی پەرەدەسێنێت**

ڕۆژنامەکانی تاران لە سەرەتای ئەم مانگەوە، زۆر شت بڵاودەکەنەوە کە باس لەوە دەکات شەڕی خوێناوی لە کوردستانی عێراق لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ هێزەکانی عێراق و هەڤاڵانی جەلال تاڵەبانی سەریهەڵداوەتەوە. (کە لە تیلیگرامی ١٨ی تشرینی دووەمدا ئاماژەم پێکردووە). ئاستی شەڕەکە ئەوەندە گەورە بووە، فڕۆکە و چەکی دژە فڕۆکە تێیدا بەکارهاتووە. چاودێرانی ئێران دەڵێن ئەمە شەڕێکی ڕاستەقینەیە کە لە حوزەیرانی ١٩٦٦ەوە نەبینراوە. تایبەتمەندی ئەم شەڕە نوێیە ئەوەیە کە هەڤاڵە کوردەکانی تاڵەبانی، سوپای عێراق و ئەو لایەنانە کە لەلایەن دەوڵەتی بەغداوە پشتیوانییان لێدەکرێت و بە فڕۆکە دەپارێزرێن[1] لەگەڵ هێزەکانی بارزانی شەڕ دەکەن. (فڕۆکەی عێراق چەندجار ئاسمانی ئێرانیان بەزاندووە). لە سەرەتادا هەڤاڵانی تاڵەبانی بەزیون، هەندێکیان کوژراون و شتیان کەوتووەتە دەستی هەڤاڵانی بارزانی. بە گوێرەی هەندێ زانیاری، خودی جەلال تاڵەبانی لەلایەن ڕکابەرەکانییەوە گۆشەگیر کراوە.[2]

ڕۆژنامەکانی تاران بە گشتی بۆچوونیان سەبارەت بە حکومەتی عێراق باش نییە و ڕەخنەی لێدەگرن کە داواکارییە ڕەواکانی کورد قەبوڵ ناکات. بەتایبەت ڕۆژنامەی

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی سەرکردەکانی دیکەی ناو باڵی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە. وەرگێڕ

(خاک و خون)، زمانحاڵی حزبی پانئیرانیست - کە لە تیلیگرامی ژمارە ١٨٤٠ی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ باسی ڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەیەم بۆ وەزارەتی دەرەوە کردووە- زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر عێراق.

هەروەک لە تیلیگرامی ١٨ی تشرینی دووەمدا ئاماژەم پێکردووە، باڵوێزخانەی عێراق لە تاران لە ڕاگەیاندننامەیەکدا، سەرجەم ئەم زانیارییانەی بەدرۆ خستووەتەوە، وتوویەتی شەڕەکە شەڕی نێوان عەشیرەتە کوردەکان بووە.

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل دێبغ، وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز بغوینۆ دۆلیوس[1]، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی وەزارەتی ناوخۆ( بەڕێز دۆسوزا) سکرتارییەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، مادرید، نیۆیۆرک، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: باڵی جەلال تاڵەبانی هێرش دەکەنە سەر نوێنەری بارزانی لە فەڕەنسا**

داواکارییەکەی دکتۆر کامەران بەدرخان کە دەربارەی کوردی عێراق پێشکەشی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، هەروەک پێشبینی دەکرا کاردانەوەی توندی لە بەغدا بەدواوە بوو.

ڕۆژنامەی کوردی-عەرەبی النور، زمانحاڵی هەڤاڵەکانی جەلال تاڵەبانی کە زۆر دژایەتی مەلا [مستەفا] بارزانی دەکەن کە پەیوەندیی باشی هەیە لەگەڵ بەدرخان، دەڵێت کۆڕۆکۆمەڵە سیاسییەکانی بەغدا ئەم کارەی بەدرخانیان پێناخۆشە.

ڕۆژنامەکە لە ٢٤ی تشرینی دووەم بڵاوی کردەوە بەدرخان داوای لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە ناوبژیوانێک دابنێت بۆ چارەسەرکردنی

(1) Bruno de Luesse

کێشـەی نێـوان کـورد و دەوڵەتـی عێـراق. بەدرخـان بەتایبـەت ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە دوو ملیـۆن کـورد لـە عێـراق لـە سـەر خاکـی خـۆی دەژی کـە ٨٠ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە و دەسـەڵاتدارانی بەغـدا هەمـوو هێـزی خۆیـان، لەوانـە بۆمبارانکردنـی بەردەوامـی فڕۆکەکانیـان بەکارهێنـاوە، تـا ئیـرادەی ئـەم گەلـە تێکبشـکێنن.

النور نووسیویەتی: "هیچ گومان لەوەدا نییە بەدرخان سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوە کە زۆر لە نزیکەوە تێکەڵ لەگەڵ ئەو کێشانە بووە کە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەسەر کورددا سەپێندراوە، کەچی خۆی لەگەڵ ئەم زلهێزە بیانییانەدا کار دەکات. دکتۆر بەدرخان لە سەردەمی سەپەرشتیکردنی سوریا [لەلایەن فەڕەنساوە] لە سوریا ژیاوە، پاش دەرچوونی فەڕەنسا، لە باتی ئەوەی بۆ هەمیشە لە وڵاتی سوریا بژی وڵاتی خۆی بەرەو پاریس بەجێهێشتووە و دەستیکردووە بە مامۆستایەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی. لەوکاتەوە دکتۆر بەدرخان هەر کاتێک ویستوویەتی خۆی دەرخستووە، بەڵام لەوکاتەی زلهێزەکان بڕیاریانداوە دۆسییەی کورد وەلاوە بنێن بەتەواوی خۆی شاردووەتەوە. ئەوکاتەی کورد بوو بە ژێردەستی وڵاتانی دۆستی ئیمپیریالیزم، دکتۆر بەدرخان بەتەواوی فەرامۆش کرا، بەڵام پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کە وڵاتانی ئیمپیریالیست دۆسییەی کوردیان لە ناو پاشماوەکانی پەیمانی بەغدا[1] دەرهێنا، هیچ کەس جگە لە دکتۆر بەدرخان نەبوو بە هەڤاڵ و دەمڕاسیان..."

النـور ڕۆژی ٢٥ی تشرینـی دووەم دیسـان دکتـۆر بەدرخانـی تۆمەتبـار کـرد و وتـی بەدرخـان نوێنـەری [کـورد] نییـە، بەڵکـوو نوێنـەری ئـەو کەسـەیە کـە خـۆی بـە ڕابـەری کـورد دەزانێـت (مـەلا بارزانـی)، ئەگـەر وانییـە بـا بارزانـی بـەدرۆی بخاتـەوە. النور لـە کۆتاییـدا وتـی گەلـی عێـراق کـەر نییـە، دەزانێـت ئامانجـی ئـەو کەسـەی داوای ناوبژیـوان

(١) پەیمانـی بەغـداد ئـەو ڕێکەوتننامەیـە بـوو کـە بـە پێشـنیاری ئەمریکا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی سـۆڤیەت لـە ١٩٥٥ لـە نێـوان تورکیـا و عێـراق واژوو کـرا، پاشـان ئێـران، پاکسـتان و بەریتانیـاش واژوویان کـرد. پـاش شۆڕشـی عەبدولکەریـم قاسـم، عێـراق لـە پەیمانەکـە کشـایەوە و لـە ١٩٧٩ بـە تـەواوی هەڵوەشـایەوە. یەکـێ لـە مەرجەکانـی پەیمانەکـە ئـەوە بـوو کـە ئێـران، عێـراق و تورکیـا هـاوکاری یەکـدی بکـەن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ڕاپەڕینـی کـورد لـە هـەرکام لـەم وڵاتانـە کـە ڕوو بـدات. شـا لـە کتێبـی بیرەوەرییەکانیـدا دەڵێـت : (لـە ١٩٥٦ سـەردانی سـۆڤیەتم کـرد. خرۆشـچۆڤی سـەرۆک کۆمـار وتـی ئـەم پەیمانـی بەغـدادە دژی ئێمەیـە، وتـم نـەوەڵا دژی ئێـوە نییـە، بـۆ داکۆکـی لـە خۆمـان لـە چیاکانـی زاگرۆسـە. (پاسـخ بـە تاریـخ، محمـد رضـا پهلـوی، ترجمـە حسـین ابوترابیـان، تهـران، ١٣٦٩، نـشر زریـاب، صفحـە ٢٧٠). وەرگێـڕ

دەکات چییە. ئامانجی ئەوەیە لە بایەخی کێشەی عەرەب- ئیسرائیل کەم بکاتەوە، کێشەی کورد و دەوڵەتی عێراق تێکبدات و لە کۆتاییدا برەو بە بانگەشەکانی ئیسرائیل بدات کە دەڵێن هەڵسوکەوتی عەرەبەکان لەگەڵ کەمینە غەیرە عەرەبەکان خراپە.

کاربەدەستانی بەعس تا ئێستا ڕاستەخۆ هیچیان دەربارەی دەستپێشخەرییەکەی دکتۆر بەدرخان نەوتووە، بەڵام بێگومان لەگەڵ بۆچوونی ڕۆژنامەکەی تاڵەبانی هاوڕان. ئیدوۆلۆژی حیزبی [بەعس] خزمەت بە هەڵوێستی نەرێنیی زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراق، بەتایبەت کاربەدەستە سەربازییەکان، دژی داواکارییەکانی کورد دەکات. ئەگەر دەبینین ئەمجارە بەعس بە دوای ئەوەیە کە وڵاتانی سۆسیالیست و هاوپەیمانی حزبی شیوعیی عێراق ئەگەر دۆستایەتیشی نەکەن لانیکەم بێلایەن بن، بەتایبەت لە بەرئەوەیە کە نایانەوێت تووشی هەمان بارودۆخی دژواری ١٩٦٣ بن. ئەوکاتە سۆڤیەت پشتیوانی لە ڕاپەڕینی باکوور دەکرد و هەوڵیدا لە ڕێگای مەغۆلستانەوە[١] مەسەلەی جینۆسایدی گەلی کورد لە عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو.

بارودۆخەکە ئێستا گۆڕاوە. لە تیلیگرامی ١٩ی تشرینی دووەمدا وەزارەتی دەرەوەم لەو هەنگاوە نوێیانە ئاگادار کردەوە کە دەوڵەت گرتوویەتەبەر بۆئەوەی شەڕ دەستپێنەکاتەوە: دەرکردنی ڕاگەیاندننامە و دانی بەڵێن[بە کورد] و بەدەستهێنانی هاوکاریی ئێران. بادانەوەی مەلا [مستەفا] بارزانی لە دەوڵەتی ئێستا وادیارە زۆر ناخایەنێت. هەروەها کۆمەڵێک شت هەیە، نیشان دەدات دەسەڵاتی ناوەندی تووڕەیە، وەک ڕاگرتنی [کاتیی] ڕۆژنامەی التاخی، هێرشی ڕۆژنامەکان بۆسەر [کورد] و ناوزەدکردنیان بە (چەتەی چەکدار)ی نۆکەری بێگانە...

هەوڵەکانی باڵوێزخانەی عێراق لە تاران کەس قایل ناکات بۆئەوەی شەڕی نێوان هەڤاڵانی بارزانی و هەڤاڵانی تاڵەبانی کە خزمەتی دەوڵەت دەکەن، بە ڕکابەریی عەشایری ئاسایی[٢] نیشان بدات.

---

(١) مەبەستی ئەوەیە ساڵی ١٩٦٣ کە بەعس بۆ یەکەمجار لە سەر دەسەڵات بوو، سۆڤیەت داوای لە وڵاتی مەغۆلستان کرد مەسەلەی کۆمەڵکوژی کورد بەدەستی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو، کە قەدیش نەخرایەڕوو. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی ڕوونکردنەوەکەی ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ی باڵوێزخانەی عێراق لە تارانە کە وتبووی: "ئەو هەواڵانە بە درۆ دەخەینەوە کە دەڵێن ئەمدواییە شەڕ و پێکدادان لە باکووری

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی ئۆپەراسیۆن و چالاکیی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەمریکای وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨**

**ئێران، عێراق، لوبنان**

**بابەت: باری چەکوچۆڵی ئەمریکایی بۆ بارزانی**

دەوڵەتی عێراق لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ زانیویەتی بارێک چەکوچۆڵی ئەمریکایی کە لە چەکی سووک، کەرەستە و تەقەمەنی قورس و گولە هاوەنی ٨١ میلیمیتری پێکهاتووە، بەمزوانە لەڕێگای کەشتییەوە دەگات بە بەیروت، بۆئەوەی بنێردرێت بۆ ئێران و لەوێشەوە بگاتە دەستی مەلا مستەفا بارزانی.

دەوڵەتی عێراق داوای لە دەوڵەتی لوبنان کردووە پێش لە ناردنی ئەم بارە بۆ ئێران بگرێت.

---

عێراق لە نێوان کورد و حکومەتدا ڕوویداوە. ئەم جۆرە شەڕ و پێکدادانانە لە ناوچە عەشایرییەکان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدات." وەرگێڕ

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل دێبغ، وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز بغوینۆ دۆلیوس، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی وەزارەتی ناوخۆ( بەڕێز دۆسوزا) سکرتارییەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، مادرید، نیۆیۆرک، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: هەوڵەکانی باڵی تاڵەبانی بۆ نزیکبوونەوە لە چین**

هەروەک لە تیلیگرامی ١٦ی تشرینی دووەمدا وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردەوە، ژەنەڕاڵ حەردان ئەلتکریتی، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ، نەیتوانییوە ڕەزامەندی کاربەدەستانی ئێران بەدەستبهێنێت بۆئەوەی کۆتایی بە پشتیوانی لە هێزەکانی مەلا [مستەفا] بارزانی بهێنێت. دەوڵەتی بەغدا ئەمدواییە لاوازتر بووە و کورد شێلگیرتر بووە، تەنانەت لە ئێستادا ڕژێمی بەعس خەریکی گۆڕینی فەرماندەکانی باڵای سوپایە و کاربەدەستە نوێکان دادەنێت (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٧٥٩دا ئاماژەم پێکردووە). بە پێچەوانەی ڕاگەیاندننامەکانی پێشوو کە حکومەت دەیوت دەیەوێت کێشەی کورد لە سەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی نێوان دکتۆر بەزاز و بارزانی چارەسەر بکات، عەبدوڵڵا سەلوم ئەلسامەڕایی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پاش گەڕانەوە لە مۆسکۆ

جارێکی دیکە هەڵوێستی حکومەتی سەبارەت بە کێشەی کورد دووپات کردەوە.

کاربەدەستانی عێراق ئێستا پشتیوانی لە جەلال تاڵەبانی دەکەن کە بە هۆکاری عەشایری و سیاسی ڕکابەری سەرسەختی بارزانییە. هەڤاڵەکانی تاڵەبانی لە خزمەت دەوڵەتدان و چەکوچۆڵ و پێداویستییەکانیان لە سوپا وەردەگرن بۆئەوەی بە وتەی خۆیان بەشداری چالاکانە بکەن لە (خەبات دژی خزمەتکارانی ئیمپیریالیسم). شەڕەکان زیاتر بە قازانجی بارزانی کۆتایی پێدێت چونکە کەسایەتیە کوردە عەشیرەتییە شاخنشینەکان پشتیوانی لێدەکەن، بەڵام ڕۆشنبیر و شارنشینەکان پشتیوانی لە تاڵەبانی دەکەن کە ئەوانیش پیاوی شەڕکردن نین.

ئێمە لە بەغدا زانیاری زۆر کەممان بەدەستدەگات دەربارەی شەڕی نێوان هەڤاڵانی بارزانی لە لایەک و تاڵەبانی لەلایەکی دیکەوە کە حکومەت پشتیوانی لێدەکات. بەهەرحاڵ پێکدادانەکان ئەوەندە توند نابێت کە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ڕاستەقینە، بۆیە تا ئێستا هێزەکانی سوپا زۆر بە کەمی بە قازانجی هەڤاڵانی تاڵەبانی دەستێوەردانیان کردووە و ڕاستەوخۆ دژی هێزەکانی بارزانی نەجووڵاون. هەڤاڵانی بارزانی زیاتر لە ناوچەی سەر سنووری ئێران-عێراق و سەرەوەی جادەی سەرەکی تاران- بەغدا[١] چالاکی دەکەن، بەتایبەت بە شەو ناوچەکە بە تەواوی لە ژێر دەستیاندایە، و دەوڵەتی بەغدا ژمارەی هێزەکانی لە باکوور بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد نەکردووە.

بارودۆخی سیاسی لە سەربازی ئاڵۆزترە. ناکۆکیی نێوان عەشیرەتە کوردەکان قوڵتر بووەتەوە. ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان کە بارزانی سەرۆکیەتی و ( پارتی) (باڵی مەکتەبی سیاسی) کە جەلال تاڵەبانی سەرۆکیەتی کە لە پارتی دیموکراتی کورستان دەرکراوە و حکومەتی عێراق لە مەیداندان.

چەند مانگێکە لایەنێکی دیکە هاتووەتە مەیدان: شیوعییەکان. گروپە جۆراوجۆرە شیوعییەکان خۆیان هەڵواسیوە بە لایەنی بارزانی یان تاڵەبانیدا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق کە بە لایەنگری سۆڤیەت لەقەڵەم دەدرێن، بە هیچ جۆرێک هاوکاریی ڕژێمی عێراق ناکەن ( کە لە

(١) مەبەستی ئەو ڕێگایە لە لە خانەقین دەچێت بۆ قەسری شیرین. وەرگێڕ

تیلیگرامی ژمارە ٦٧٣ی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨دا ئاماژەم پێکردووە) و بەشێوەی سەرەکی پشتیوانی لە بارزانی و بزووتنەوە چەکدارییەکەی دەکەن، سەرەڕای ئەوەی بە بۆچوونی خۆیان بارزانی دواکەوتووە. بەڵام هەندێ لایەنی شیوعی دیکە خۆیان لە تاڵەبانی نزیکتر دەبینن، چونکە دژی ڕابەری فیودالیی کوردە و ئامادەن وەک تاڵەبانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی پێشکەوتوو هاوکاریی دەوڵەمەندی ناوەندی بکەن.

هەڤاڵانی تاڵەبانی لە ژێر کاریگەریی شیوعیەتی چینن و کارتی ساردبوونی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و حکومەتی عێراق بەکاردێنن. لە سەر بنەمای چەند هۆکارێک ئەم قسەیە دەکەین، یە یەکێکیان ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسێکی جوانی ئیتالیایی کۆمۆنیستی لایەنگری چین بە ناوی فیەسکا[1] بە بانگهێشتی دەوڵەتی عێراق سەردانی عێراقی کردووە. فییەسکا بە تێروتەسەلی لەگەڵ تاڵەبانی دانیشتووە. تاڵەبانی پێیوتووە تەنیا پێشکەوتوویی کۆمەڵایەتی بەعس، کوردەکانی نەیاری بارزانیی فیودالی ناچار کردووە لەگەڵ ڕژێمی ئێستادا هاوکاری بکەن. تاڵەبانی تەنانەت وتوویەیی ئەگەر کۆمەڵێک دواکەوتوو حوکمی عێراق بەدەستەوە بگرن، شانبەشانی بارزانی دژی دەوڵەتی بەغدا شەڕ دەکات. ئەوەی کە بەتایبەت سەرنجی ئەم ڕۆژنامەنووسە ئیتالییەی ڕاکێشاوە ئەوەی بینیویەتی هەڤاڵانی تاڵەبانی لە ژێر کاریگەری ئیدوئۆلۆژی چیندان[2] و ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت دەگرن.

لە میانەی دانیشتنێکی شیوعییەکانی ئێران و عێراق لە بەغدا کە بە دەستپێشخەریی کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق بەڕێوەچووە، فییەسکا چاوی کەوتووە بە کۆمۆنیستەکانی ئێران کە وەک لایەنە کورد و غەیرە کوردەکان چەکی سۆڤیەتییان پێبووە کە لە سوریاوە هێناویانە بۆ عێراق. ئەم گروپە ئێرانییە[3] ڕەخنەیان لە خیانەتی حزبی تودە و بەتایبەت بارزانی گرتووە لەبەر ئەوەی بۆ

---

(1) FIESCA

(٢) مەبەستی لە چین بیرۆکەی مائۆیی شیوعییە کە مائۆ تسو تونگ، سەرۆکی چین ڕێبەرایەتی دەکرد و لەگەڵ شیوعییەتی سۆڤیەت ناکۆک بوو. وەرگێڕ

(٣) ئەم گروپە لە حیزبی تودە کە سەرەکیترین حیزبی شیوعی ئێران بووە، جیابوونەوە، ناوی

بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئێران، بارزانی هەندێ ڕابەری کۆمۆنیستی کوردی ئێرانی کە پەنایان بۆ کوردستانی عێراق هێنابوو ڕادەستی ئێران کردووە، کە یەکێکیان دادگایی کراوە و لەسێدارەدراوە[1].

بەهەرحاڵ کورد و شیوعییەکان تەنیا لایەنی بەڕێکخراو و چەکدارن کە پاش ڕووخانی ڕژێمی [عەبدولکەریم] قاسم دژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا خەباتیان کردووە. بەعس بە هەمان شێوەی ڕژێمەکانی پێشوو لەگەڵ کێشەکان هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئیدولۆژییکی تەنیا و تەنیا ناسیونالیستی هەیە، ناتوانێت ڕێگاچارەیەکی باشتر و درێژخایەنتر لە ڕژێمەکانی پێشوو بۆ بنەماکانی دەسەڵات لە عێراق بدۆزێتەوە.

---

خۆیان نا ( كمیتە انقلابی حزب تودە) (کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە). لایەنگری چین و دژی سۆڤیەت بوون. پینج - شەش کەسێکیان لە ئەوروپاوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە بەغداد و بەکرەجۆ لای مام جەلال نیشتەجێ کران، دەیانەویست لە ئێران خەباتی چەکداری بکەن، بەڵام بە هۆی کوژرانی ئیسماعیلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە کە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، پلانەکەیان سەرینەگرت. سەرۆکەکەیان بە ناوی دکتۆر کوروش لاشایی خۆی تەسلیمی ڕژیمی شا کردەوە، لە تەلەڤزیۆن بە قازانجی شا و دژی شییوعیەکان قسەی کرد و بوو بە سەرۆکی کۆمپانیایەکی گەورەی ئێران تا کاتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩. پاشان چوو بۆ ئەمریکا و لەوێ مرد. ڕێکخراوەکەیان بە تەواوی هەڵوەشایەوە و سێ ساڵ دواتریش حیزبی تودەش بە تەواوەتی لەیەکهەڵوەشایەوە، سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی شادا ڕێکخراوێکی زۆر بەهێز بوو و لایەنگری یەکجار زۆر بوو. وەرگێڕ

(١) مەبەستی سولەیمانی موعینی، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. وەرگێڕ

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩**

**بابەت: دەستپێکردنی وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی عێراق**

بە وتەی سەرچاوە ئیرانییەکان، دەوڵەتی عێراق لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨ بارزانیی ئاگادار کردووەتەوە کە لێژنەیەکی سێ کەسی بە هەموو دەسەڵاتێکەوە ڕاسپێردراوە لەگەڵ نوێنەرانی بارزانی دیدار و گفتوگۆ بکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی بەزاز.

پێشتر ژەنەڕاڵ سەعدون غێدان[١]، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و فەرماندەی گاردی سەرۆک کۆماری، لەگەڵ سالح عەبدوڵلا یوسف[٢] ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردیی التاخی دیدار و گفتوگۆی کردووە. سەعدون غێدان و سالح عەبدوڵلا یوسف لە سەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتوون:

- دوو لایەن ئاگربەست لە کوردستان ڕابگەیەنن.
- هەڤاڵانی تاڵەبانی و بارزانی چەک لەگەڵ خۆیان نابەن بۆ شارەکان.

(1) Saadoun GHEIDAN

(2) Sallah, Abdalla YOUSSEF

مەبەستی سالح یوسفی یە. وەرگێڕ

- لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت، هێزەکانی سوپا دەتوانن بە چەکەوە هاتوچۆ بکەن، بە مەرجێک کە چەکی قورسیان پێنەبێت.

لە دانیشتنێکی دیکەدا لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ ژەنەڕاڵ غێدان داوای لە ساڵح یوسف کردووە ئەندامانی لێژنەکە نابێت لە سێ کەس زیاتر بێت.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**نهێنی**

**۲۸ی کانوونی دووەمی ۱۹٦۹**

**بابەت: بارزانی بەتەمایە سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت**

بە وتەی سەرچاوە فەرمییەکانی عێراق، لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم، وەزیری ڕۆشنبیریی عێراق، عەبدوڵڵا ئەلسامەرایی[1]، چووە بۆ سلێمانی بۆئەوەی چاوی بە ژەنەڕاڵ بارزانی بکەوێت و دوایین پێشنیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی پێڕابگەیەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ڕابەری کورد نەیویستووە چاوی بە نوێنەری دەوڵەتی عێراق بکەوێت، پەیامی بۆ ناردووە کە دەوڵەت دەبێ:

١- بێ مەرج دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت لە چوارچێوەی عێراقدا.

٢- ساڵانە یەک لە سێی داهاتی نەوتی کەرکووک و مووسڵ بە کوردستان بدات.

٣- بودجە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆری گەشەپێدانی کوردستان تەرخان بکات.

٤- پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە.

٥- بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، کورد دەبێ پۆستە شایستەکانی خۆی لە ناو حکومەتدا وەربگرێت. دەبێ جێگری پەرلەمانی داهاتووی عێراق کورد بێت و جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق کوردێک بێت کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵیدەبژێرێت.

(1) Abdalla El- SAMARAI

بە وتەی سەرچاوە فەرمییەکانی عێراق، شەڕ قەد لە کوردستان نەوەستاوە، هەرچەندە بارودۆخەکە تا ڕادەیەک ئارامە. هەندێ کەس لە هەردوولا کوژراون و لەوانەیە شەڕ چەند ساڵێکی دیکە بخایەنێت. تەنیا دەوڵەتی عێراق، خواستی خۆی نیشانداوە بۆئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بێت کۆمەڵێک پوانی گرنگ [بدات بە بارزانی].

بە وتەی سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران، باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا دەوڵەتی عێراقی ئاگادار کردووەتەوە کە ژەنەڕاڵ بارزانی بەتەمایە لە هاوینی ئەمساڵ سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق ڕابگەیەنێت. باڵوێزخانەی سۆڤیەت هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە زلهێزەکان بە دڵنیاییەوە دان بە [سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی] کوردستاندا دەنێن و بۆ دەوڵەتی سۆڤیەتیش ئاسان نابێت دانی پێدا نەنێت. باڵوێزخانەی سۆڤیەت [لە کۆتاییدا] داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە گوشار بخەنە سەر کورد بۆئەوەی لە پرۆژەکەیان پاشگەز ببنەوە.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماریی دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**نهێنی**

**١ی شوباتی ١٩٦٩**

**بابەت: جەلال تاڵەبانی، کورد دژی ئێران هان دەدات**

ئەمدواییانە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر بووە. بڕیارە لێژنەیەکی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خەلعەتبەری[1]، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، سەردانی بەغدا بکات بۆئەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق گفتوگۆ بکات بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشە لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. سەردانەکە جارێ دوا خراوە[2]. ئێمە لە تاران[3] پێمانوایە کە هۆکاری دواکەوتنی سەردانەکە، دەستێوەردانەکانی ئەمدواییەی عێراق لە کوردستانی ئێران بووە، چونکە دەستوپەیوەندییەکانی جەلال تاڵەبانی هەوڵیانداوە ئاژاوە لە کورد[ستانی] ئێران دروست بکەن بۆئەوەی کوردی ئێران دژی دەوڵەتی ئێران هان بدەن. ئەم سەرۆکە کوردە کە نەیاری بارزانییە، بە ئاشکرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پشتیوانی لێدەکرێت.

کاربەدەستانی ئێران بڕیاریانداوە ئەم مەسەلەیە لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق باس بکەن و داوای ڕاپۆرتی گفتوگۆکان بکەن بۆئەوەی کاتی پێویستیان هەبێت بۆ ئامادەکردنی دۆسییەکی بەهێز.

---

(1) KHALATBARI

(٢) بڕیار بوو گفتوگۆکان لە ١٥ی کانوونی دووەم دەستپێبکات.

(٣) مەبەستی ئەو بەشەی دەزگای سیخوری و هەواڵگریی فەڕەنسایە کە لە ناو باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران کاری کردووە. وەرگێڕ

پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە ۲٥ی کانوونی دووەمەوە خراپتر بووە بەهۆی ئەوەی عێراق یادداشتێکی ناردووە بۆ ئێران، تۆمەتباری کردووە کە ڕێگەی بە تۆڕی سیخوڕی ئیسرائیل داوە لە خاکی ئێران کار بکات. لە ۲۸ی کانوونی دووەم کاربەدەستانی ئێران، [عێراقیان] دڵنیا کردووەتەوە کە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆئەوەی پێش لەم چالاکییە سیخوڕیانە بگرن، وتوویانە دوو سیخوڕی ئیسرائیلیان لە خورەمشەهر گرتووە کە دەزگای هەواڵگری عێراق ئاشکرای کردوون و ڕایانگەیاندوە هیچ ئێرانییەک هاوکاری ئیسرائیلییەکانی نەکردووە.

بە وتەی هەندێ چاودێری متمانەپێکراو، هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران لە هەمبەر عێراق توندتر نابێت و درێژە بە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق دەدات، هەرچەندە ئەمدواییانە کۆمەڵێک پێشهات ڕوویداوە کە پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە تێکبدات.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٦ی شوباتی ١٩٦٩**

**بـۆ زانیـاری: باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە مۆسـکۆ، لەنـدەن، واشـنتۆن، نیۆیـۆرک، دیمەشـق، کوێـت، ئەنقـەرە، بەیـروت، جـەددە، عەمـان، قاهیـرە**

**بابەت: مەسەلەی کورد بووە بە کێشەیەکی گەورە بۆ حکومەتی بەعس**

[عەبدولکەریـم] سـامەڕایی، وەزیـری ڕۆشـنبیری و زانیـاری، لـە قاهیـرە لێدوانێکـی دوورودرێـژی دا و لـە ٤ی شـوبات سـەرۆک کۆماریـش لێدوانێکـی دوورودرێـژی لـە بەغـدا دا، تێـدا ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە مەسـەلە سـەرەکییەکانی سیاسـەتی ناوخـۆ، ئەمانـەن:

١- کێشـەی کـورد، یەکـەم کێشـەیە کە حکومەتـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە. چەککردنی پێشـمەرگە (هێزەکانـی بارزانـی) لەمپـەری سـەرەکییە لـە هەمبـەر چارەسـەرکردنی ئاشـتیخوزانەی کێشـەی کـورد.

٢- دەسـەڵاتدارانی بەعـس دەیانەوێـت لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـە بەرەیەکـی نیشـتمانیی پێشـکەوتوو پێکبهێنـن. لـە سـەرەتای گەیشـتن بـە دەسـەڵات، بەعـس بـۆ ئەمـە هەوڵـی داوە.

٣- پووچەڵکردنـەوەی هێرشـەکان بـۆ سـەر حکومـەت، بەتایبـەت پـاش کوژرانـی نـاصر الحانـی[١]، وەزیـری دەرەوە و دەرکردنـی دیپلۆماتێکـی سـوریایی لـە عێـراق و مردنـی کۆلۆنێـل عەبدولکەریـم نـصرات[٢]، کەسـایەتیی بەعسـی کـە لە دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای بەعـس زۆر نزیـک بـووە.

**گۆغس**

(1) NASSER ALHANI

(2) ABDUL KARIM NASRAT

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لە ٤ی شـوبات ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕادیـۆی [دەنگـی] کوردسـتان، کـە پـاش ڕێککەوتننامـەی دکتـۆر بـەزاز، سـەرۆک وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق و مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی لـە حوزەیرانـی ١٩٦٦پەخشـی ڕاگیرابـوو، ئەمدواییـە دەسـتی بـە پەخـش کـردەوە. ئێزگـە کوردییەکـە ڕایگەیانـدووە ئـەو هەواڵانـە بـڵاو دەکاتـەوە کـە حکومـەت لـە خەڵکـی دەشـارێتەوە، و بـڵاوی کردووەتـەوە کـە [عەدنـان] پاچەچـی، نوێنـەری عێـراق لـە [نەتـەوە یەکگرتـوەکان] لـە نیۆیـۆرک و ڕەئـوف، جێگرەکـەی، لـە ٢ی شـوبات دەسـتیان لەکارکێشـاوەتەوە. "

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**١١ی شوباتی ١٩٦٩**

**بابەت: بەردەوامبوونی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئێران، گفتوگۆ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و نوێنەرەکانی بارزانی کە لە مانگی کانوونی یەکەم دەستپێکردبوو لە مانگی کانوونی دووەم بەردەوام بووە. لە ٥ی کانوونی دووەم وەزیری ڕۆشنبیری و زانیاری، عەبدوڵلا سەلوم ئەلسامەرایی[1]، چاوی بە ساڵح عوبدوڵلا یوسف، نوێنەری بارزانی لە بەغدا و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردی (التاخی) کەوتووە. وەزیری [ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن] پاش ئەوە وتوویەتی پێیناخۆش بووە ڕۆژنامەی التاخی ڕاگیراوە [2]، داوای لێکردووە دەستبکاتەوە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بۆئەوەی کۆتایی بەو دەنگۆیانە لە بەغدا بڵاو بووەتەوە کە دەڵێن ڕۆژنامەکە بۆ هەتاهەتایە داخراوە. ساڵح عەبدوڵلا یوسف لە وەڵامدا وتوویەتی هەتا کاتێک دەوڵەت نیازپاکی خۆی نیشان نەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە فایدەی نابێت.

لەلایەکی دیکەوە ساڵح عەبدوڵلا یوسف درێژەی داوە بە گفتوگۆکانی (کە لە مانگی کانوونی یەکەم دەستپێکردبوو) لەگەڵ ژەنەڕاڵ سەعدون غێدان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرپرسی تایبەتی کاروباری باکوور، ئاگاداری کردووەتەوە کە بارزانی هەمیشە ئامادەی وتووێژە و چاوەڕێی سەردانی لێژنەی

(1) Abdalla Sallum AL-SAMARRAIE

(٢) چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕۆژنامەی التاخی بە ماوەی ١٥ ڕۆژ ڕاگیرا.

حکومــەت دەکات کــە لــە وتووێژەکانــی کانوونــی یەکەمــدا بەرنامــەی بۆداڕێــژراوە و پێیخۆشــە غێدانیــش لــە لێژنەکــەدا بێــت. ژەنــەڕاڵ غێدانیــش وتوویەتــی پێیخۆشــە لــە لێژنەکــەدا بێــت، ئەگــەر ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش ڕازی بێــت.

ســاڵح عەبدوڵــڵا یوســف ئامــاژەی بــەوە کــردووە ئەگــەر ســەردانەکەی لێژنە ســەرکەوتوو بێــت، لێژنەیەکــی کوردیــش بــە ســەرۆکایەتی ئیدریــس بارزانــی، کــوڕی مــەلا مســتەفا بارزانــی ســەردانی بەغــدا دەکات.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**١٩ی شوباتی ١٩٦٩**

**بابەت: بارزانی کارمەندە عەرەبەکان لە کوردستان دەردەکات**

بە وتەی کەسایەتییەکی کورد کە لە لەندەن پەنابەرە، لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ بارزانی فەرمانیداوە بە سەرجەم کارمەندە عەرەبەکان، کە پۆلیسیش لە خۆ دەگرێت، لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر کە ٩٥ لە سەدی دانیشتووەکانی کوردن، لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا باروبنەیان کۆ بکەنەوە و کوردستان بەجێبێڵن. ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد[ستان] پاش هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا، بڕیاریداوە کارمەندی کورد بخاتە شوێنی کارمەندە عەرەبەکان.

شەڕ لە پارێزگای هەولێر بەردەوامە. کورد بێوچان هێرش دەکەنە [سەر هێزەکانی عێراق]، دەستیان بە سەر بڕێکی زۆر چەکوچۆڵ و ١٤ ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشدا گرتووە و سوپای عێراقیان ناچارکردووە شوێنە ئیستراتژیکەکان چۆڵ بکەن.

کۆمەڵەی کورد لە لەندەن پێیانوایە پاش بڕیاری بارزانی بۆ دەرکردنی کارمەندە عەرەبەکان، هەڵوێستی حکومەتی بەغدا لە هەمبەر کورد توندتر دەبێت و هیوا کەم دەبێتەوە بۆئەوەی بەمزوانە شەڕ لە کوردستان ڕابوەستێت.

بە وتەی هەندێ لایەنی دیپلۆماتیکی سوریایی، لە سەرەتای کانوونی دوومی ١٩٦٩ەوە حکومەتی عێراق دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی تۆمەتبار کردووە کە

یارمەتـــی ماددیـــی یاخیبووانـــی کـــورد دەدات و پێداویســـتیی ســـەربازیی بـــۆ دابیـــن کـردوون. دەسـەڵاتدارانی بەعسـی عێـراق جەخـت دەکەنـەوە کـە دەوڵەتـی عەرەبسـتانی سـعودی هــەوڵ دەدات لەڕێــگای کــورد و لایەنــە ڕاســتڕەوەکان، حکومەتــی ئێســتای عێــراق بڕوخێنێــت.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بـۆ: نووسـینگەی سـەرۆک کۆمـار، نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران، نووسـینگەی وەزارەتـی سـوپا، نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی وەزارەتـی دەرەوە**

**نهێنی**

**١٨ی ئاداری ١٩٦٩**

**بابەت: کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ڕاپەڕینی کورد**

١- بـە وتـەی هەنـدێ کـوردی دانیشـتووی لەنـدەن، جـەلال تاڵەبانـی، سـەرۆکی گرووپـی کـوردی لایەنگـری حکومەتی[عێـراق] ڕۆژی ١٠ی شـوبات هاتـووە بـۆ لەنـدەن بـۆ چارەسـەریی پزشـکی و بڕیـارە پاشـان سـەردانی مونیـخ بـکات. وادیـارە تاڵەبانـی ئەمدواییـە لـە شـەڕێکدا لەگـەڵ هەڤاڵانـی بارزانـی بریندار بـووە[1]. لـە گفتوگۆیەکـی تاکەکەسـیدا تاڵەبانـی وتوویەتـی:

- هەنـدێ عەشـیرەتی کـوردی لایەنگـری بارزانـی ئەمدواییـە وازیـان لـە بارزانـی هێنـاوە و هاتوونەتـە ڕیـزی سـوپای عێـراق.
- دەوڵەتــی عێــراق لــە بارودۆخــی ئێســتای کوردســتان ڕازییــە و پێیوایــە عەشــیرەتە کوردەکانـی لایەنگـری حکومـەت یاخیبـووان لەنـاو دەبـەن.

تاڵەبانـی دانـی بـەوەدا نـاوە کـە لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٦٨وە، بەتایبـەت لەلایـەن ئێرانـەوە، یارمەتیـی ماددی، مەعنـەوی و سـەربازیی دراوە و ئاسانکاریی بۆکـراوە خەڵـک بێتـە نـاو ڕیزەکانیـان.

لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـان کۆمەڵەی [کـوردی] عێـراق پێیانوایە بارودۆخی کوردسـتان زۆر ئاڵـۆزە. هەڤاڵانـی بارزانـی پێگەیـان زۆر بەهێـزە و سـوپای عێراق - بەهـۆی شـەڕی ئیسرائیل- ناتوانێـت سـەرجەم هێـزی خـۆی دژی ڕاپەڕین- کە بێوچـان بەردەوامە- تەیار بکات.

(١) نەمبیسـتووە تاڵەبانـی لـە ژیانیـدا لـە هیـچ شـەڕێکدا بەشـداری کردبێـت و برینـدار بووبێـت. وەرگێـڕ

٢- بە وتەی هەندێ کوردی دانیشتووی پاریس:

- دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق[١] و هەڤاڵی نزیکی بارزانی سەفەرەکەی بۆ فەڕەنسا دواخستووە کە بڕیاربووە لە سەرەتای ١٩٦٩ بیکات.
- دکتۆر عوسمان بەمزوانە سەردانی ئێران دەکات بۆئەوەی دەربارەی ڕەخسانی دەرفەتی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران ڕاوێژ بکات. ژەنەڕاڵ بارزانی دەیەوێت بۆچوونی شا وەربگرێت پێش ئەوەی ئەم بڕیارە گرنگە بدات.
- لە سەفەری داهاتوویدا بۆ ئەورووپا، دکتۆر عوسمان لەگەڵ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی خوێندکارانی کورد پەیوەندی دەگرێت.
- ڕەشید عارف[٢]، سەرمایەداری کوردی عێراق ( ئێمە دەیناسین، لە کوردستان دەژی، لە کۆتایی مانگی شوبات لە لەندەن بووە) کە لایەنگری بارزانی و دۆستی ئەمیر بەدرخانە[٣] ( ئێمە دەیناسین، ئەمدواییە بووە بە هاووڵاتیی فەڕەنسا) بەمزوانە دێت بۆ پاریس. ئەم کەسایەتییە ١٥ ساڵە لە ناو سیاسەتی عێراقدا دەژی و باش شارەزای بارودۆخی عێراقە.
- کۆمیتەی پشتیوانی لە کورد کە سەرنووسەری (گۆڤاری کورد[٤]) بەرپرسییەتی، لە ئەمریکا دامەزراوە. ئەمیر بەدرخان مانگی تشرینی دووەم چووە بۆ ئەمریکا و ٤ هەزار دولاری کۆکردووەتەوە.

(١) مەبەستی دۆکتۆر مەحمود عوسمانە. دۆکتۆر مەحمود ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە نە سکرتێر. سکرتێر حەبیب محمد کەریم فەیلی بووە، هەرچەندە دەسەڵاتی دۆکتۆر مەحمود لە حەبیب زیاتر بووە. وەرگێڕ

(2) Rachid AREF

(3) Emir Bedir KHAN

(4) Kurdish Journal

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بـۆ: نووسـینگەی سـەرۆک کۆمـار، نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران، نووسـینگەی وەزارەتـی سـوپا، نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی وەزارەتـی دەرەوە**

**زۆر نهێنی**

**١٨ی ئاداری ١٩٦٩**

**بابەت: حکومەتی عێراق هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ڕازیکردنی کورد**

بـە وتـەی دەزگای هەواڵگری ئێران، ژەنـەڕاڵ تکریتـی، وەزیـری بەرگریـی عێـراق لـە مانگـی شـوبات ڕایگەیانـدووە، لەپێنـاو ئاسـانکاریی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، دەوڵەتـی عێـراق بڕیاریـداوە:

- دەرفـەت بـۆ ئـەو ئەفسـەرە کوردانـە بڕەخسـێنێت کـە چونەتـە ڕیـزی ژەنـەراڵ بارزانی، بگەڕێنـەوە نـاو سـوپا و بـە هەمـان پلـەی پێشـوو درێـژە بـە کارەکانیـان بـدەن.
- بڕێک لە داهاتی نەوت بدات بە ڕابەری ڕاپەڕینی کورد.

ژەنـەڕاڵ تکریتـی ئامـاژەی بـەوە کـردووە سـەقامگیریی ڕژێمـی ئێسـتای عێـراق پەیوەسـتە بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، ئەگـەر دەوڵـەت نەتوانێـت ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بـکات، پێشـهاتی خـراپ ڕوودەدات.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە**

**زۆر نهێنی**

**٢١ی ئاداری ١٩٦٩**

**بابەت: سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان سەرکردەکانی ڕاپەڕینی کورد**

بە وتەی دەزگای هەواڵگری ئێران، هەڵوێستی توندی بارزانی لەهەمبەر دەوڵەتی عێراق لەلایەن هەڤاڵانی بارزانییەوە ڕەخنەی لێگیراوە.

ناکۆکیی بیروڕا لە ناو سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی کورد سەریهەڵداوە. هەندێک لە سەرکردەکان پێیانوایە دەبێ هێرشی توند بکرێتە سەر ڕژێم، بۆئەوەی دەوڵەت و سوپا نەتوانن پێگەی خۆیان قایم بکەن. هەندێکی دیکە لە سەرکردەکان بەپێچەوانەوە پێیانوایە دەبێ بۆ بیروڕای گشتی ڕوون بکرێتەوە کە دەوڵەتی عێراق سیاسەتێکی دووفاقی گرتووەتەبەر و نایەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات.

لە ناو سەرکردایەتی کورد باس دەکرێت کە:

١- بارزانی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی بەعس هەیە و لەگەڵیان خەریکی وتوووێژە.

٢- دوای باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق، ڕابەری ڕاپەڕینی کورد لەگەڵ بارودۆخێکی نوێ ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەوانەشە خودی دەوڵەتی ئێران داوای لێبکات ئیدی چالاکی نەکات.

٣- یەکێتی سۆڤیەت ئامۆژگاریی بارزانی کردووە لە ئێستادا هیچ کارێکی خراپکارانە ئەنجام نەدات.

سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگای عێـراق دژی ڕژێمـی بەعـس و کـردەوە تۆقێنەرەکانینـی، بەتایبـەت کـوردی دانیشـتووی بەغـدا نیگەرانـن کـە بارزانـی لـە ئێسـتادا هیـچ هەنگاوێـک هەڵناگرێـت.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**٢٥ی ئاداری ١٩٦٩**

**بابەت: پشتیوانیی ئیسرائیل لە ڕاپەڕینی کورد**

بە وتەی هەندێک کورد کە هاتوچۆی بارەگائی سەرکردایەتیی بارزانی دەکەن، هەندێ لاوی جولەکە - کە بە ئەسڵ خەڵکی کوردستانن و زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی دەزانن- دوو ساڵە خولی مەشق و ڕاهێنانی کۆماندۆیان لە ئیسرائیل پێدەکرێت. بیست کەسێکیان خولەکەیان تەواو بووە، بەمزوانە لە ئیسرائیلەوە دەگەڕێنەوە کوردستانی عێراق. یان لە ڕێگای سنووری زەمینی ئێران-عێراق دەگەڕێنەوە، یان خۆیان بە پەرەشوت لە ئاسمانەوە فڕێدەدەنە خوارەوە. ئەم کەسانە ڕاستەخۆ لە ژێر فەرمانی بارزانیدا دەبن و ئەرکە زۆر سەختە کۆماندۆییەکانیان پێدەسپێردرێت، وەک [تێکدانی دامودەزگای نەوتی] ناوچەی کەرکووک کە ئەمدواییە کراوە. ڕابەری کورد بەتەمایە لە هەموو خاکی عێراق، چالاکیی تێکدەرانەی گشتی ئەنجام بدات بۆئەوەی سوپای عێراق ناچار بێت بەشێک لە هێزەکانی لە کوردستان و سنووری ئیسرائیل بکشێنێتەوە بۆئەوەی دایانبنێت بۆ پاراستنی دامودەزگا و شوێنە گرنگ و ئیستراتژییەکانی عێراق.

هەندێ کوردی ئێران کە پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ نوێنەرانی ئیسرائیل لە تاران هەیە، دەنێردرێن بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و لابردنی بەرف، بۆئەوەی دەستبکرێتەوە بە ناردنی پێداویستیی سەربازی [لە ئێرانەوە] بۆ ناوچەی ڕاپەڕین. بۆئەوەی کاربەدەستانی عێراق نەزانن ئیسرائیل یارمەتی ڕاپەڕین دەدات، ئیسرائیل بەتەمایە چەکی سۆڤیەت و چین بدات بە کۆماندۆکان، هەمان ئەو چەکانەی لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستە فەلەستینییەکان دەستی بەسەردا گرتووە.

**لە گۆنتغان دۆجۆنیا[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە تورکیا بۆ:**

**جەنابی میشێل دێبغ، وەزیری دەرەوە**

**بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی کاروباری سیاسیی ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٦ی نیسانی ١٩٦٩**

**ئەنقەرە**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، تاران**

**بابەت: هەوڵ بۆ کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە پارێزگاکانی سەر سنووری عێراق- تورکیا بە ئیستەمبول گەیشتووە و ڕۆژنامەکانی تورکیا باسیان کردووە، ڕۆژی ١٠ی نیسان هەوڵ بۆ کوشتنی ڕابەری کورد مەلا مستەفا بارزانی دراوە، لە نزیکی بارەگای سەرکردایەتی لە باکووری عێراق.

بە وتەی هەمان ئەو سەرچاوانە، هەندێ هەڤاڵی جەلال تاڵەبانی ویستوویانە لە تۆڵەی سەرکردەیەکیان کە لە کۆتایی مانگی ئادار لە نزیکی قەرەداغ بە دەستی پێشمەرگەیەکی کۆماندۆ کوژراوە، بۆسەیان داناوە بۆ ئۆتۆمۆبیلی بارزانی کە بۆ بارەگای سەرکردایەتی ڕۆیشتووە. هەڤاڵەکانی تاڵەبانی بە هاوەن هێرشیان کردووەتە سەر ئۆتۆمۆبیلەکە، شەڕێکی توند بە ماوەی چەند کاتژمێر لە نێوان پاسەوانەکانی بارزانی و هەڤاڵەکانی تاڵەبانیدا ڕوویداوە، لە ئەنجامدا ٢١ کەس کوژراون و ١٩ کەس گیراون، بارزانی بە سەلامەت دەرچووە. ڕۆژنامەکانی[تورکیا] وتوویانە شەڕەکە هۆڤانە بووە.

(1) Gontran de JUNIAC

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای وەزارەتی دەرەوە**

**نهێنی**

**٢٤ی نیسانی ١٩٦٩**

**بابەت: ناکۆکی دەکەوێتە نێوان جەلال تاڵەبانی و حکومەتی عێراق**

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی دیپلۆماتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتی عێراق زانیویەتی سەرەڕای ئەوەی یارمەتیی [جەلال] تاڵەبانی دەدات، تاڵەبانی ئیدی دژی بارزانی شەڕ ناکات. هەڤاڵەکانی تاڵەبانی پێشیان لە ڕۆیشتنی هەڤاڵەکانی بارزانی بەرەو سابازبولاق[1] و خانەقین[2] نەگرتووە.

هەروەها [دەوڵەتی عێراق] هەڤاڵەکانی تاڵەبانی تۆمەتبار کردووە کە هاوکاریی ڕابەری ڕاپەڕینی کورد دەکەن. لەم پەیوەندییەدا سوپای عێراق هەندێ سەرکردە و چەکداری باڵی [جەلال تاڵەبانی] گرتووە.

کاربەدەستانی عێراق کە ئیدی متمانەیان بە تاڵەبانی نەماوە، بەتەمان لە مووسڵ حیزبێک بە ناوی ( گەلی کورد)[3] دامەزرێنن. وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئێستا خەریکە کار بۆ دامەزراندنی ئەم حیزبە دەکات.

---

(1) SABAZ BULAQ

(٢) خانەقین ١٠ کیلومەتر لە سنووری ئێران دوورە، سابازبولاق لە ٢٠ کیلومەتریی باکووری خانەقین هەڵکەوتووە.

(٣) ئێستا حیزبێک هەیە بە ناوی ( شۆڕشگێری کورد)، کە ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێت.

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی سوپا، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی نهێنی**

**٤ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بابەت: حکومەتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بارزانی دەکات**

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی دیپلۆماتیکی کوەیتی:

١- ناکۆکیی ئێران و عێراق دەبێتە هۆی پەرەسەندنی چالاکییە سەربازییەکانی ڕاپەڕینی کورد.

٢- سەرۆک [جەمال عەبدول] ناسر داوا لە ژەنەڕاڵ [حەسەن ئەل]بەکر، سەرۆک کۆماری عێراق دەکات کۆتایی بە شەڕ لەگەڵ کورد بێنێت، تەنانەت ئەگەر ناچار بێت پوانی گرنگیش بە کورد بدات. لە سەرەتای مانگی ئایار، باڵوێزخانەی کۆماری یەکگرتووی عەرەب لە بەغدا هەوڵێکی سەرنەکەوتووی داوە بۆئەوەی ڕاستەخۆ لەگەڵ سەرۆکی ڕاپەڕینی کورد پەیوەندی بگرێت.

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی دیپلۆماتیکی عێراقی، دەوڵەتی سوریا، عێراقی ئاگادار کردووەتەوە کە لێژنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی یەکێ لە بارزانییەکان سەردانی مۆسکۆی کردووە. بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکانی دیکە، ژەنەڕاڵ بارزانی لە ٢٧ی ئادار تا ٥ی نیسان لە مۆسکۆ بووە. لە ٣٠ی مانگی نیسان، وەزیری دەرەوەی عێراق لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا داوای ڕوونکردنەوەی لە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا کردووە و پێیڕاگەیاندووە دەوڵەتی عێراق، زۆری پێناخۆشە سۆڤیەت پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کورد هەیە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٤ی ئایاری ١٩٦٩ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "فڕۆکەکانـی عێـراق هەمـوو ڕۆژێ گوندەکانـی کوردسـتان بۆمبـاران دەکـەن."

**[وەزارەتی ناوخۆ]**

**بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس**

**پاریس**

**١١ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بابەت: هەڤاڵێکی نزیکی بارزانی دەچێتە پاڵ حکومەتی عێراق**

شەوکەت ئاکرەیی[١]، نوێنەری پێشووی (بزووتنەوەی شۆڕشی کورد) لە کۆماری یەکگرتووی عەرەب، دوێنی، ١٠ی حوزەیران، لە لەندەنەوە هاتووە بۆ پاریس. بڕیارە لە ماڵی کوردە کۆچبەرەکانی دانیشتووی پاریس بێت. ئێوارەی دوێنێ، چووە بۆ ماڵی هاوخەباتەکەی، عەلی کامەران[٢]، کە زیاتر بە دکتۆر ئەمیر بەدرخان ناسراوە کە داکۆکی لە مافی کوردە کۆچبەرەکان لە فەڕەنسا دەکات و لە خانووی ژمارە یەکی شەقامی ناڤاغ [٣] لە بازنەی پێنجەمی پاریس دەژی.

ئاکرەیی هۆکاری بادانەوەی بەرەولای بەغدا بۆ بەدرخان باس کردووە، وتوویەتی وەک ئەندازیاری کارەبا لە بەغدا دایدەمەزرێنن و ئاماژەی بەوە کردووە کاربەدەستانی حکومەتی مسر ڕێگە بەوە نادەن ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی عێراق بە ئاشکرا لە وڵاتەکەیان بێت.

هەرچەندە بەدرخان دانی بەخۆدا گرتووە و هەڵوێستێکی زۆر نەرمی لە هەمبەر کاربەدەستانی عێراق بووە، ئێمە پێمانوایە سەردانەکەی ئاکرەیی بۆ ڕۆژئاوای ئەوڕوپا و پاشان تورکیا، هەوڵێکی پروپاگەندایە کە حکومەتی عێراق ڕێکیخستووە و پارەکەی داوە بۆئەوەی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد بەرەولای خۆی ڕابکێشێت.

سەرەڕای شەڕ و پێکدادانی (بە وتەی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان) کوردە شۆڕشگێڕەکان و هێزەکانی حکومەت، ئاکرەیی پشتڕاستی کردووەتەوە کە هەڤاڵەکانی دژە

(١) شەوکەت عەقراوی یان ئاکرەیی ساڵی ١٩٢٧لە عێراق لەدایک بووە.

(٢) مەبەستی کامەران بەدرخان، نوێنەری ئەو کاتی شۆڕشی ئەیلووول لە فەڕەنسایە. وەرگێر

(3) 1 bis rue de Navarre (5éme)

زیادەخوازییەکانی دەوڵەت دەوەستنەوە.

بەهەرحاڵ کوردە کۆچبەرەکانی ئەندامی ڕێکخراوی فەڕەنسایی (کۆمیتەی پشتگیری شۆڕشی کورد) سەرزەنشتی سەنگەرگۆڕینەوەی ئاکرەییان کردووە و بە کەسێکی لادەری هەلپەرستیان لە قەڵەمداوە، بەڵام بەدرخان زۆر ڕەخنەی لێنەگرتووە.

**لە پییێغ گۆغس، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل دێبغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١١ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز سەنلێژە[١]، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز غەیمۆن[٢]، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێز دۆسوزا[٣]، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، مادرید، نیۆیۆرک، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: حکومەتی عێراق دیسان هەوڵ دەدات کورد ڕازی بکات**

ئێزگەی ڕادیۆی کوردی مەلا [مستەفا] بارزانی بڵاوی کردەوە کە کۆمەڵێک لایەنی ناسیونالیستی[عەرەب]یان لە ڕواندوز کەشف کردووە و هێزەکانی سوپای عێراقیان ناچار کردووە سەربازگەکان چۆڵ بکەن و بەرەو کەرکووک و مووسڵ پاشەکشە بکەن. دەوڵەتی عێراق دیسان داوای کردووە کێشەی کورد بەشێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، بۆئەوەی دەستی ئاوەڵا بێت هەموو هێز و توانای خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل تەرخان بکات.

ڕۆژنامەکان، بەتایبەت ڕۆژنامەی ( النور)ی [جەلال] تاڵەبانی لە ١٥ ڕۆژی ڕابردووەوە،

(1) SAINT-LEGER

(2) RAIMOND

(3) DU SOUZA

هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی کورد بڵاو دەکەنەوە. (النور) بڵاوی کردەوە کە سەرۆک [عەشیرەتێکی] کورد بە ناوی شێخ فریدان[1] (لەوانەشە فەرەیدون بێت. وەرگێڕ) و لایەنگرەکانی، خۆیان ڕادەستی هێزە چەکدارەکانی عێراق کردووە.

لە میانەی سەفەرێک و بەدواداچونێکدا لە ۲۰ تا ۲۵ی ئایار لە باکوور، لە کەرکووک بۆ هەولێر، ژەنەڕاڵ سەعدون غێدان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی گاردی[ کۆشکی سەرۆک کۆماری] ڕایگەیاند دەوڵەت هەندێ هەنگاوی ئیداری هەڵگرتووە (وەک درێژکردنەوەی یاسای پارێزگاکان) و کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی جێبەجێ کردووە بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە (تەرخانکردنی سێ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ کۆمەڵێک پرۆژە لە ۱۹٦۹).

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ۲۷ی ئایار بڕیاریداوە پارێزگایەکی نوێ بە ناوی دهۆک لە باکووری مووسڵ دروست بکات بۆ ڕازیکردنی کورد کە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدێنن.

هێشتا زووە بزانین هەڤاڵانی بارزانی چۆن پێشوازی لەم هەنگاوانە دەکەن، ئایا بە جۆرێک لە نیازپاکی عێراقی دەزانن بۆ وتوویژ، یان بەپێچەوانەوە بە هەنگاوێکی بێ ئەنجامی دەزانن، وەک ئەو هەنگاوانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە کاتی ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی هەڵیانگرتووە.

لە ١٥ی ئایار، بارزانی ڕاگەیاندننامەیەکی بڵاو کردەوە کە دەقە وەرگێڕدراوەکەیتان بە هاوپێچ بۆ دەنێرین.[2] ڕاگەیاندننامەکە هەڵوێستێکی دوو لایەنەی بزووتنەوەی بارزانی لەهەمبەر دەسەڵاتدارانی عێراق نیشان دەدات.

بارزانی لە سەرەتادا نەبوونی دیموکراسیی ڕاستەقینە لە عێراق و ئەمڕۆ و سبێ کردن بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەو شێوەیەی کورد دەیەوێت، شەرمەزار کردووە، وتوویەتی ئەمە بارودۆخێکی خولقاندووە کە ڕێگای خۆش کردووە بۆئەوەی دوژمنانی عێراق کەڵکی خراپی لێوەربگرن. بارزانی وتوویەتی بەهۆی ئەو شتانەی

(1) FRIDAN

(۲) دەقە وەرگێڕدراوەکە لە ناو بەڵگەنامەکەدا هەیە، بەڵام من وەرمنەگێراوە، چونکە لە درێژەی بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکانی کراوە. وەرگێڕ

لـە حکومەتـی یەکەمـی بەعـس لـە ١٩٦٣ بینیویەتـی، دژی سیاسـەتی پاوانخوازانـەی دەسـەڵاتدارانی ڕژێمـە بـۆ ناکۆکـی خسـتنە نـاو ئەتنیکـە جۆراوجـۆرەکان و پشـتیوانیکردن لـە جەلالییـەکان ( دەنگـو بـڵاو بووەتـەوە کـە سـەرۆکەکەیان، جـەلال تاڵەبانـی، مـردووە، بـەڵام نازانیـن ڕاسـتە یـان درۆ).

ڕاگەیاندننامەکـەی ١٥ی ئایـار لەلایەکـی دیکـەوە کۆمەڵێـک خاڵـی ئەرێنـی خسـتووەتەڕوو بۆئـەوەی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی عێـراق گفتوگـۆ بکرێـت، ئامـاژەی بـە خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕێکەوتننامـەی حوزەیرانـی ١٩٦٦ کـردووە، کـە بارزانـی دەیەوێـت جێبەجـێ بکرێـت، وەک: گونجاندنـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە یاسـای هەمیشـەیی عێراقـدا، دامەزراندنـی پەرلەمـان (بـە بەشـداریی کـورد بـە گوێرەی ژمـارەی دانیشـتووانیان) و جێبەجێکردنـی مـاددەی ٢ی پرۆتۆکۆلـی نهێنیـی هاوپێچـی ڕێککەوتننامەکـە کـە بـە گوێـرەی ئـەوە دەبـێ ڕێگـە بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (سـەرکردایەتی بارزانـی) بدرێـت بـە ئاشـکرا چالاکـی بـکات و پارێـزگای دهـۆک دابمەزرێـت و تـا ناوچەکانـی دەوروبـەری مووسـڵ بخرێتـە نـاو پارێزگاکـە.

بارزانـی لـە ڕاگەیاندننامەکـەدا بەتایبـەت داوای لـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق کـردووە نیازپاکـی خۆیـان نیشـان بـدەن و هـاوکاری بکـەن بـۆ پێکهێنانـی کۆمیسـیۆنێکی تێکـەڵ بۆئـەوەی ڕێگاچارەیەکـی دادپەروەرەنـە و هاوسـەنگ بـە گوێـرەی بەرژەوەندییـە سـەرەکییەکانی خەڵکـی عێـراق بدۆزرێتـەوە.

دەوڵەتـی عێـراق بـە دروسـتکردنی پارێـزگای دهـۆک، تەنیا تـۆزێ بزووتنـەوەی بارزانـی ڕازی دەکات و درێـژە دەدات بـە شـەرکردن لەگەڵـی و بـە [پیلانـی] ئیمپیریالیسـتەکان لەقەڵەمـی دەدات. بۆیـە لـە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا لـە ١٦ی ئایـاری ١٩٦٩، عەبدوڵـلا سـەعلوم ئەلسـامەڕایی[1]، وەزیـری ڕۆشـنبیری و زانیـاری وتـی حیزبەکـەی بارزانـی نوێنەرایەتـی کـورد نـاکات و دووپاتـی کـردەوە گەلـی عـەرەب- کـورد دژی هەرچەشـنە بزووتنەوەیەکـی جیاخـواز و کێشـەخولقێنەرە و هـەر وەک دەوڵەتـی عێـراق، تەنیـا دەیەوێـت ڕێـز لـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی نیشـتمانیی عێراقـدا بگیردرێـت. ڕۆژنامەکانـی عێـراق بـەردەوام باسـی ڕێگاچارەکانـی کێشـەی چەنـد ئەتنیکـی

(1) Abdulla Salloum AL SAMARRAIE

لـە وڵاتـە سۆسیالیسـتەکان، سـۆڤیەت، یۆگسـلاڤیا و چیکوسـلۆڤاکیا دەکـەن کـە تێیانـدا ئەتنیکـە جۆراوجـۆرەکان بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە پێکـەوە دەژیـن لـە چوارچێـوەی یـەک وڵاتـدا و یـەک دەوڵـەت دەیانپارێزێـت. ئاماژەکردنـی ڕۆژنامـەکان بـە پێکهاتـەی وڵاتانـی کۆمۆنیسـتی خاڵێکـی گرنگـە، چونکـە سیاسـەتی ئێسـتای بەعـس نیشـان دەدات.

دەوڵەتـی عێـراق ئێسـتا دەسـتیکردووە بـە پروپاگەنـدا بۆئـەوەی ورەی هێزەکانـی تاڵەبانـی بـەرز بکاتـەوە و ورەی هێزەکانـی بارزانـی دابەزێنێـت. ئـەو کێشـە جۆراوجۆرانـە کـە دەوڵەتـی بەعـس لەگەڵـی ڕووبەڕوویـە (وەک گوشـاری سـەربازی لـە باکـووری وڵات، بوونـی سـوپای عێـراق لـە ئـوردن و سـوریا، قەیـران لەگـەڵ ئێـران) حکومەتـی عێراقـی ناچـار کـردووە لەگـەڵ کـورد ڕێکبکەوێـت، ئەمـەش تەنیـا کاتێـک دەسـتدەدات کـە بارزانی متمانـەی پێبـکات و بڕیـار بـدات جارێکـی دیکـە وتوویـژی لەگـەڵ بـکات. جـاری زۆر زووە شـتی وا ڕوو بـدات، بەپێچەوانـەوە زانیارییەکانمـان نیشـان دەدات مـەلا [مستەفا بارزانـی] بـە پشتبەسـتن بـە یارمەتـی دەرەوە، هـەوڵ دەدات مەشـق و ڕاهێنـان بـە هێزەکانـی بـکات و پێداویسـتییەکانیان دابیـن بـکات. ئەمسـاڵ کـورد دەسـتی گەیشـتووە بـە چەکوچۆڵـی پێشـکەوتوو کـە پارسـاڵ نەیبـووە. ئەمـە فەرمانـدەی سـوپای عێراقـی ناچـار کـردووە پێگەی خـۆی لـە باکـوور قایـم بـکات، بـۆ نموونـە یەکینەیەکـی پۆشـتەی سـوپا کـە بڕیاربـووە لـە ڕومادییـەوە بنێردرێـت بـۆ لای هێزەکانـی دیکەیـان لـە ئـوردن، ئەمدواییـە نـاردراوە بـۆ هەولێـر.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بابەت: بارزانی هەڕەشە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەکات**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٤٤٥ی پێشوومان**

سەرچاوەیەکی باش ئاگاداری کردمەوە کە لە ٧ی حوزەیران، هەڤاڵەکانی بارزانی پردێکیان لە توز[خورماتوو]، لە ٩٠ کیلۆمەتریی باشووری کەرکووک لە سەر ڕێگای بەغدا تەقاندووەتەوە. تا ئەو شوێنە من ئاگادار بم ئەمە یەکەمجارە لە کاتی کۆتاییپێهاتنی شەڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٦ کردەوەی بەمشێوەیە لەم ناوچەیە ئەنجام بدرێت. هاووڵاتییەکانمان کە لە کەرکووک دادەنیشن(١)، پشتڕاستیان کردەوە کە گوشاری هەڤاڵەکان[ی بارزانی] زیاتر بووە، و سوپای عێراق هەڵساوە بە پاراستنی هێڵەکانی هاتوچۆ و شارە گرنگەکانی ناوچە.

بە وتەی هەمان سەرچاوە، لە ١٠ی حوزەیران مەلا مستەفا بارزانی نامەیەکی ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت لە کەرکووک و هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر لە داهاتی نەوت بەشی نەدەن دامودەزگاکانیان لەناو دەبات بۆئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی کەرکووک و جومبور(٢) کە لە ناوچەی کوردستان هەڵکەوتووە ڕابوەستێت. بارزانی داوای لە کۆمپانیای نەوت کردووە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا وەڵامی بداتەوە.

کۆمپانیای نەوت داوای لە سوپای عێراق کردووە بە شێوەیەکی چڕوپڕ دامودەزگاکانیان بپارێزێت.

**گۆغس**

(١) مەبەستی ئەو هاووڵاتییە فەرانسییانەیە کە لە دامودەزگاکانی نەوتی کەرکووک کاریان کردووە. وەرگێڕ

(2) JUMBUR

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بابەت: گەشەی ڕاپەڕینی کورد لە ڕووی سەربازییەوە**

بە وتەی کوردێکی ئێران، ڕاوێژکارانی ئیسرائیلی زۆر ڕازین لە پێشکەوتنی بارزانی و هەڤاڵەکانی لە بواری سەربازیدا. ئەوانەی بە دەوروبەری ڕابەری کوردەوەن ئیدی بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ هەڵکردن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ناکەنەوە، بەڵکوو تەنیا بیر لە سەربەخۆییەکی سادە و پوخت دەکەنەوە. لەم پەیوەندییەدا کاربەدەستانی ئێران و ئیسرائیل بیروڕای جیاوازیان هەیە. ئیسرائیل دەیەوێت کوردستانی [سەربەخۆ] دابمەزرێت بۆئەوەی عێراق لاواز بێت، بەڵام ئێران نایەوێت ئەم وڵاتە دابمەزرێت، چونکە دەبێتە هۆی هاندانی کوردی ئێران.

کاربەدەستانی بەریتانیا پێشنیاریان کردووە بڕێکی زۆر پارە بە بارزانی بدەن، ئەگەر بەڵێن بدات دامودەزگاکانی نەوتی کەرکووک تێکنەدات.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، بەغدا، بەیروت، دیمەشق، تەلئەبیب، عەمان، قاهیرە**

**بابەت: حکومەتی عێراق دەیەوێت ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد**

لە میانەی گفتوگۆیەکدا لە ٢٤ی حوزەیران، کونیرالپ[١] پێیوتم بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کەوتووەتە دەست وەزارەتی دەرەوەی تورکیا[٢]، دەوڵەتی عێراق پێشنیاری ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کردووە. بە وتەی کاربەدەستانی عێراق هۆکارەکەی ئەوەیە لەلایەکەوە دەوڵەتی بەغدا ناتوانێت لە ڕێگای پۆلیس و هێزی چەکدار کۆتایی بە ڕاپەڕینی کورد بێنێت، لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت ئەو هێزانەی دژی کورد تەیاری کردوون بۆ [ناوچەی] شەتولعەرەب بکشێنێتەوە، بۆئەوەی پێگەی عێراق لە ناوچەکە قایمتر بێت.

کونیرالپ وتی ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە دەوڵەتی عێراق دەیەوێت شەڕ هەڵبگیرسێنێت و جەختی کردەوە لەم پەیوەندییەدا هەر دوولا دەیانەوێت کێشەکانیان بە ڕێگای ئاشتیخوازانە چارەسەر بکەن. کونیرالپ هەروەها وتی هوەیدا[٣]، لە کاتی سەردانەکەی بۆ تورکیا لەم پەیوەندییەدا تۆزێ نەرمونیانی نواندووە.

---

(1) Kuneralp

(٢). زەکی کونیرالپ ئەوکاتە باڵوێزی تورکیا بووە لە بەریتانیا. وەرگێڕ

(٣) ئەمیر عەباس هوەیدا ئەوکاتە سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە. وەزیری دارایی و وەزیری دەربار و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە. ساڵی ١٩٧٨ شا بۆ ڕازیکردنی خۆپیشاندەران فەرمانیدا بە زیندانیکردنی، هەرچەندە یەکێ لە دەستپاکترین سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو. چەند مانگ پاش شۆڕشی ئیسلامی، لە کاتی دادگاییکردندا بە دەستی مەلایەک بە گولە کوژرا و تەرمەکەی بێسەروشوێن کرا. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٩**

**زۆر نهێنی**

**بابەت: بارزانی قسەی خۆی بۆ تێکدانی نەوتی عێراق بردەسەر**

**بە وتەی دەزگای هەواڵگریی ئێران:**

١- لە ٣ی حوزەیران هەڤاڵەکانی بارزانی وێستگەیەکی بۆری نەوتی کەرکووک-سووریایان تێکداوە، لە ئەنجامدا ناردەکردنی نەوت ڕاوەستاوە. لە سەرەتای مانگی حوزەیران [هەڤاڵەکانی بارزانی] کاری تێکدەرانەیان لە فڕۆکەخانەی کەرکووک و پردی توزخورماتوو ئەنجامداوە، لە ئەنجامدا هاتوچۆ تێکچووە. هەڤاڵەکانی بارزانی هەروەها بە چەکی بازوکا هێرشیان کردووەتە سەر بنکەکانی پۆلیس لە دەوروبەری هەولێر.

٢- لە ٦ی حوزەیران، سەرۆکی ڕاپەڕینی کورد فەرمانیداوە لە ١٧ی حوزەیران شاری ڕواندوز تۆپباران بکرێت بۆئەوەی هێزەکانی حکومەت شارەکە چۆڵ بکەن.

٣- ئەمدواییە گرووپێک لە هەڤاڵانی بارزانی بە فەرماندەیی فارس باوە[1] لە بێستانەی گەورە[2] هێرشیان کردووەتە سەر هێزەکانی حکومەت.

لە ئەنجامی شەڕدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژراون. کوردەکان دەستیان بە

(1) Fars BAVEH

(٢) لە ٢٠ کیلومەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر هەڵکەوتووە.

سەر بڕێک چەکوچۆڵدا گرتووە، لەوانە دوو دانە هاوەن، پێنج دانە بیکەیسی و پانزە دانە تفەنگ.

٤- دەوڵەتی عێراق چەندجار هەوڵیداوە لە ڕابەری کورد نزیک بێتەوە، بۆئەوەی لەگەڵی ڕێکبکەوێت. لە وەڵامدا بارزانی وتوویەتی هیچ متمانەی بە بەڵێنەکانی دەوڵەتی بەعس نییە و هیچ هیوای بەوە نییە کە بەمزوانە لەگەڵیان ڕێکبکەوێت.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**١١ی تەمووزی ١٩٦٩**

**بابەت: سەردانی لێژنەیەکی ئیسرائیل بۆ بارەگای سەرکردایەتی بارزانی**

لە ٢٥ی حوزەیران، لێژنەیەکی سەربازیی ئیسرائیل ( کە لە کۆلۆنێلێک، دوو فەرماندە و دوو کاپیتان پێکهاتووە[١]) سەردانی تارانی کردووە و لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ سنە و لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ بارەگای سەرکردایەتی بارزانی[٢].

بە وتەی کەسایەتییەکی کوردی ئێران، ئامانجی سەردانی لێژنەکەی ئیسرائیل ئەمە بووە:

- تاوتوێی ئەنجامی یارمەتییەکانی ئیسرائیل بە هەڤاڵەکانی بارزانی بکەن.
- تاوتوێی گیروگرفتەکانی کورد بکەن و هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئەو چەکوچۆڵ و کەرەستانەی پێویستیان پێیەتی.
- نموونەی ئەو چەکە سۆڤیەتییە پێشکەوتوانە ببینن کە کورد لە کاتی شەڕدا لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق، دەستیان بەسەردا گرتووە.

وادیارە بارزانی و ڕاوێژکارە ئیسرائیلییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە: بارزانی دەیەوێت بە زووترین کات زەبری کوشندە لە هێزەکانی عێراق بوەشێنێت، بۆئەوەی ڕژێمی بەعس بڕوخێت، بەڵام ئیسرائیلییەکان دەیانەوێت لانیکەم تا زستان زۆرترین ژمارەی هێزەکانی عێراق لە کوردستان زەمینگیر بن[٣].

(١) نازانم ئەم پلە سەربازییانە بە کوردی دەبێ بە چی، بۆیە فەڕەنسییەکەم داناوە. وەرگێڕ
(٢) بارەگای سەرکردایەتی بارزانی ئەوکاتە لە حاجی ئومەران بووە، لە نزیک سنووری ئێران. وەرگێڕ
(٣) مەبەستی ئەوەیە حکومەتی عێراق نەتوانێت هێزەکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە و بیاننێرێت

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٦ی ئابی ١٩٦٩**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، بەشی گەشەپێدانی پیشەسازی و زانستی، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**بابەت: حکومەتی عێراق داواکارییەکانی بارزانیی پێقەبوڵ ناکرێت**

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی دیپلوماتیکی عێراقی، دەوڵەتی عێراق لە کۆتاییدا پێشنیارەکانی بارزانی ڕەت کردووەتەوە، کە لە ٢٦ی حوزەیران لە ڕێگای وەزیری میسری، ئەمین هوەیدی[1]، خستبوویەڕوو. بە وتەی هەمان سەرچاوە، بارزانی ئەم پێشنیارانەی خستووەتە بەردەم [دەوڵەتی عێراق]:

١- پارێزگای کەرکووک دەبێ بخرێتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

٢- ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و دیالە کە زۆربەی دانیشتووەکانیان کوردن، دەبێ بخرێتەوە سەر کوردستان.

٣- دەوڵەتی ناوەندیی بەغدا نابێ بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ئیداری کوردستاندا وەربدات.

---

بۆ ئوردون لە سەر سنووری ئیسرائیل. وەرگێڕ

(1) Amine Howeidi

ئەمین حامید هوەیدی ئەوکاتە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری مسر بووە، پێش ئەوە لە ١٩٦٧ - ١٩٦٨ وەزیری بەرگری مسر بووە. سالی ١٩٧١ بە تۆمەتی خیانەت لەلایەن دادگای شۆڕشی مسرەوە دادگایی کراوە و لە ماڵی خۆیدا بە ماوەی دە ساڵ خراوەتە ژێر چاودێری. لە ٢٠٠٩ مردووە. وەرگێڕ

٤- کـورد خـۆی کاندیدەکانـی بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـار، جێگـری سـەرۆک وەزیـران و جێگـری سـەرۆکی فەرمانـدەی سـوپا دیـاری دەکات.

جگـە لەمانـە لـە باتـی دوو وەزیـر، دەبـێ چـوار وەزیـری کـورد لـە کابینـە هەبێـت کـە کـورد خـۆی دیارییـان دەکات.

٥- دەبـێ ٤٥ لـە سـەدی داهاتـی نەوتـی کەرکـووک بدرێـت بـە کـورد. لەبەرامبـەردا کـورد هیـچ چەشـنە کەندوکۆسـپێک لـە سـەر بەرهەمهێنانـی نـەوت دروسـت نـاکات و دامودەزگاکانـی نـەوت دەپارێزێـت.

٦- دەوڵەتـی عێـراق بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ ئیـدارەی کـورد، سیاسـەتی ئابـووری و گەشـەپێدان و نـەوت بەڕێـوە ببـات. لـە بەرامبـەردا ئەگـەر شـەڕ ڕووبـدات ئیـدارەی کـورد وڵاتـی عێـراق دەپارێزێـت.

ئـەم مەرجـە سـەختانەی بارزانـی (بەتایبـەت خاڵـی یـەک و دوو) بـۆ کاربەدەسـتانی بەغـدا قورسـە. بـە وتـەی هەنـدێ دیپلۆماتـی عێراقـی، ئـەم خـۆ بەباڵادەسـت زانینـەی ڕابـەری کـورد، نیشـان دەدات کـە لـە ڕاسـتیدا دەیەوێـت ڕژێمـی بەعـس بڕوخێنێـت.

دەوڵەتـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا پشـتیوانیی مـاددی و مەعنـەوی لـە پرۆژەکـەی بارزانـی دەکات.

**[سەرۆکایەتیی وەزیران]**

**سکرتاریای گشتی بەرگری نیشتمانی**

**هەواڵنامەی ڕۆژانە**

**پاریس**

**١١ی ئابی ١٩٦٩**

**بابەت: بارودۆخی سەربازیی ڕاپەڕینی کورد**

جارناجار هەواڵی شەڕ لە نێوان کوردە ئۆتۆنۆمیخوازەکان و هێزەکانی سوپای عێراق بڵاو دەبێتەوە. چەند مانگێکە، ٣٠ مانگ پاش ئاگربەست، چالاکیی پێشمەرگەییانە لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. لەوانەیە کوردەکان بۆ ئەوەی ئاگربەستی تەمووزی ١٩٦٦ بە تەواوی تێکبدەن، هەوڵ بدەن لە هەلومەرجەکە کەڵک وەربگرن بۆئەوەی گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق، بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات.

١- پاش ئاگربەستێک کە سی مانگی خایاندووە، لە بەهارەوە شەڕ لە نێوان هەڤاڵەکانی ڕابەری کورد، مستەفا بارزانی و هێزەکانی سوپای عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بووە. ئەم بارودۆخە بێگومان ڕاستەخۆ بەهۆی ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە دەوڵەت جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ١٩٦٦ی دواخستووە و نایەوێت جێبەجێی بکات، کە تێیدا دانی بە کۆمەڵێک مافی بنەڕەتیدا ناوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئۆتۆنۆمی بارزانیدا.

پاش شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەستەوە. کورد سەرکوتی خوێناویی حزبی بەعسی لە ١٩٦٣ لەبیر نەچووەتەوە، پێیوایە بەعس بەتایبەت دوژمنییەتی. بارزانی هەوڵیداوە هەموو کوردستانی عێراق بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ڕکابەرەکانی لە ناوخۆی کوردستان وەدەر بنێت، بەتایبەت جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لایەنگری حکومەتی عێراقە و

ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی کورد.[١]

٢- لە سەر ئاستی واقیع ئێستا بارودۆخەکە بە قازانجی کوردە. لەلایەکەوە حکومەتی عێراق ئیدی هێزی پێویستی نییە لە کوردستان وەگەڕ بخات، جگە لەو یەکینانە کە لە کۆنەوە لە ناوچەکە هەیبووە، چونکە هێزەکانی ناردووە بۆ ئوردن ( ٤ تا ٥ لیوا، لەوانە سێ لە چواری یەکینەی زرێپۆش) یان بۆ باشوری وڵات (٢ لیوا، کە یەکێکیان زرێپۆشە). لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی بارزانی کە ٣٠ تا ٤٠ هەزار پێشمەرگەیەک دەبن، وادیارە ئێستا لە جاران باشتر ڕێکخراون و پێداویستییەکانیان باشتر دابین کراوە. بە گوێرەی دەنگۆکان، بەتایبەت ئێران و ئیسرائیل یارمەتی داون. نازانین ڕێژەی یارمەتییەکانیان چەندە، بەڵام دەزانین چەکوچۆڵ، تەقەمەنی، کەرەستەی رادیۆ و پەیوەندیگرتن و خۆراک و دەواودەرمان لە خۆ دەگرێت. ئەم پێداویستییانە بە فەرمانی کاربەدەستانی ئێران، لە ناوچەی سنەوە دەنێردرێت.

٣- ئەمدواییە کۆمەڵێک پسپۆری کورد کە لە ئیسرائیل مەشقیان پێکراوە، هاتوون بۆ لای بارزانی بۆئەوەی مەشق و ڕاهێنان بە هێزی کۆماندۆی بارزانی بکەن. هەروەها دە، پانزە ئەفسەرێکی ئیسرائیلی وەک ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بارەگای سەرکردایەتی بارزانی کار دەکەن. ئەم زانیارییە زۆر جێگای باوەڕ نییە، دەبێ پشتڕاست بکرێتەوە.

بەهەرحاڵ لە مانگی شوباتەوە چالاکیی پێشمەرگەییانە لە پارێزگای سلێمانی، هەولێر و کەرکووک دەستیپێکردووە کە زیاتر بە شێوەی کاری تێکدەرانە (بۆ نموونە هێرشکردن بۆ سەر دامودەزگای نەوتی کەرکووک لە ١ی ئادار، تەقاندنەوەی پردێک لە توز[خورماتوو] لە ٧ی حوزەیران) و وەشاندنی زەبری زۆر تا کەم کاریگەر لە هێزەکانی عێراق (وەک دانانی بۆسەی بەردەوام بۆ کاروانی ئۆتۆمۆبیلی گوازتنەوەی چەکوچۆڵ و پێداویستی سەربازی و هێرشکردن بۆ سەر بنکە و بارەگاکان لە گۆشە و کەناردا) بووە. وادیارە هێزەکانی سوپای عێراق زۆر دەستیان نەکردووەتەوە، کەوابوو شەڕی قورس ڕووینەداوە، هەرچەندە ژمارەی هێزەکانی عێراق زۆرە. فەرماندەی

(١) ئیبراهیم ئەحمەد قەد سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی کورد نەبووە، و قەد حیزبێکیش نەبووە بە ناوی کۆمۆنیستی کورد. ئەوکاتە تەنیا حیزبی شیوعی عێراق بووە. وەرگێڕ

سوپای عێراق دەیەوێت بنکە و بارەگاکان بپارێزێت، نە هێرش بکات کە ئەگەر بیکات زەبری توونـدی لێدەوەشێندرێت.

٤- لەگەڵ ئەوەشدا بەمزوانە شەڕ بە گشتی دەست پێناکات. بێگومان هێزەکانی بارزانی پێشڕەوی باشیان کردوووە و دەتوانن سەرکەوتنی زیاتریش لە ڕێگای کردەوەی پێشمەرگەییانە لە هەموو ناوچە شاخاوییەکان بەدەستبێنن، بەڵام نە ئامادەن و نە بڕیاریشیان داوە هێرشی بەرفراوان ئەنجام بدەن. هێزەکانی سوپای عێراقیش فەرمانیان پێدراوە خۆیان لە هەرچەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەک بپارێزن کە ببێتە هۆی ئەوەی شەڕی ئێستا توندتر بێت، چونکە حکومەت نایەوێت هەلی گفتوگۆ لەگەڵ کورد لەباربچێت.

بەهەرحاڵ هیچکام لەم دوو لایەنە لە ئێستادا توانایی ئەوەیان نییە بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بن. هەروەها هەڵوێستەکانیان نیشان دەدات کە جارێ نایانەوێت بە ڕێگای وتووێژ کێشەکە چارەسەر بکەن. لەم هەلومەرجەدا ئەگەر شەڕ لە کوردستان دەستپێبکاتەوە بە قازانجی بارزانییە، چونکە بەهێزترە، کەوابوو بارزانی پێیناخۆش نییە شەڕ دەستپێبکاتەوە، بۆئەوەی حکومەت ناچار بکات لە ڕێگای وتووێژ مل بۆ داواکارییەکانی بدات.

**هاوپێچ:** لیستی هێرشی کوردە ڕاپەڕیوەکان بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق لە مانگی شوباتی ١٩٦٩وە:

- **٢٥ی کانوونی دووەم:**

دەرکردنی هەندێ کارمەندی عەرەب لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

- **٩ی شوبات:**

هێرش بۆ سەر سەربازگەی چەمچەماڵ (٤٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووک دوورە).

- **١٥ی شوبات:**

هێرش بۆ سەر بنکەی فەرماندەیی پۆلیسی سلێمانی، هێرش بۆ سەر بنکەی

سـەرچنار لـە باکـووری ڕۆژئـاوای سـلێمانی.

**- ١٦ی شوبات:**

هێـرش بـۆ سـەر بنکـەی تەقتـەق (لـە باشـووری ڕۆژئـاوای هەولێـر) و دانانـی بۆسـە بـۆ کاروانـی ئۆتۆمۆبیلـی سـەربازی لـە باشـوری ڕۆژئـاوای هەڵەبجـە و سـەر جـادەی کەرکـووک- ڕانییـە.

**- ١٨ و ١٩ی شوبات:**

هێـرش بـۆ سـەر بنکـەی پۆلیسـی [ناحیـەی شـوان] (لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی کەرکـووک) و دانانـی بۆسـە بـۆ کاروانـی ئۆتۆمۆبیلـی سـەربازی لـە سـەر جـادەی ڕانییـە- سۆیسـانوک[١] (لـە باشـوری ڕۆژهەڵاتـی هەولێـر).

**- ١ی ئادار:**

هاوەنبارانکردنی دامودەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک.

**- ٩ تا ١٨ی نیسان:**

پێکدادانی گرنگ لە کۆیە (لە ٦٠ کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی هەولێر).

**- ١٨ تا ١٩ی ئایار:**

شەڕ و پێکدادان لە شارۆچکەی پێنجوێن و ڕواندوز، فڕۆکە بۆمبارانی کردووە.

**- ٢٣ و ٢٤ی ئایار:**

تەقەکردن لە فڕۆکەی عێراق لە ناوچەی سلێمانی.

**- ٣٠ی ئایار:**

شـەڕ و پێکـدادن لـە نێـوان هێـزە زرێپۆشـەکانی عێـراق و پێشـمەرگە لـە ناوچـەی بەکرەجـۆ[٢].

---

(1) Soysanyuk

(2) Bakdjou

**- ٥ی حوزەیران:**

زەبروەشاندن لە [هێزەکانی عێراق] لە سێ شوێندا.

**- ٨ی حوزەیران:**

تێکدانی هێلی بۆری نەوتی فەرەج[1].

**- ٩ی حوزەیران:**

شەڕ و پێکدادان لە هەڵەبجە.

(1) Faradj

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٤ی ئابی ١٩٦٩**

**تاران**

**بابەت: شەڕی خوێناوی لە کوردستانی عێراق**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاویان کردووەتەوە، حکومەتی عێراق هێرشێکی گەورەی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی کوردە ڕاپەڕیوەکان. لە ئەنجامدا لە زۆر بەرەدا شەڕ و پێکدادانی خوێناوی ڕوویداوە.

بارزانی دوێنی لە ڕاگەیاندننامەیەکدا ئاماژەی بە کار و کردەوە نامرۆییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە و داوای لە چەکدارەکانی (فرسان صلاح الدین)[1] کردووە بە گوێرەی ویژدانی کوردانەیان بجوڵێنەوە و بێنە ڕیزی (هێزی بەرگری کوردستان).

لە ٨ ساڵی ڕابردوودا لە هاویندا شەڕی نێوان سوپای عێراق و کوردە ڕاپەڕیوەکان زیاتر بووە. وادیارە ژمارەی ئەو هێزانەی بۆ حکومەت شەڕ دەکەن زۆر زۆرە و هەڤاڵەکانی بارزانی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی عێراق دەپارێزن.

**فغانسوا پۆنسێ**

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

**لە ژان فغانسوا پۆنسێ[١]، بەرپرسی کاروباری فەڕەنسا لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٦ی ئابی ١٩٦٩**

**بۆ زانیاریی: بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز گۆشێ[٢]، بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز لیپکۆڤیسکی[٣]، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ناوخۆ، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، ڕۆما، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، جەددە، کابول، تەلئەبیب، کوێت.**

**بابەت: بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە**

ڕۆژنامەکانی ئێران لە ١٤ی ئاب بڵاویان کردووەوە کە هێزەکانی عێراق هێرشیان کردووەتە سەر ڕاپەڕیوانی کورد. هاوکات ڕۆژنامەکانی تاران ڕاگەیاندننامەیەکی مەلا [مستەفا] بارزانییان بڵاو کردەوە کە تێدا داوای لە سەرجەم خەڵکی عێراق کردووە پشتیوانی لە هێزە خەباتکارەکانی کوردستان بکەن و داوای لە هێزە کوردە چەکدارەکانی (فرسان صلاح الدین) کردووە بە گوێرەی ویژدان بڕیار بدەن و بێنە ڕیزی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد.

شێوازە فەرمی و گرنگەکەی ڕاگەیاندننامەکەی بارزانی ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە کە چەند هەفتەیەکە باڵوێزخانەکەمان کۆیکردوونەتەوە کە نیشان دەدات ڕابەری کورد ماوەیەکە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە. ئەگەر بارزانی لە ڕووی سەربازییەوە سەرنەکەوێت، پێگە و دەسەڵاتی لە نێو هەڤاڵەکانی لاواز دەبێت.

---

(1) Jean François- Poncet

(2) Gaucher

(3) Lipkowski

وادیـاره بارزانـی تەسـلیمی گوشـاری ڕاوێـژکاره ئیسرائیلـی و ئێرانییەکانـی بـووه و لـە بەهـاردا دەسـتدەکات بـە ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی گەورەتـر دژی هێزەکانـی سـوپای عێـراق. ئیسرائیـل و ئێـران دەیانەوێـت تـا ئـەو شـوێنەی دەکرێـت سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان زەمینگیـر بکـەن. کەوابـوو پێشـبینی دەکەیـن بارزانـی بازنـەی چالاکییەکانـی لـە ناوچـە شـاخاوییەکان بباتـە دەرەوە کـە تـا ئێسـتا هێزەکانـی لـەو شـوێنانە چالاکیـان کـردووه. بارزانـی بەشـێکی گرنگـی هێرشـەکانی دەکاتـە سـەر دامـودەزگای نەوتـی کەرکـووک. لەگـەڵ ئەوەشـدا سـوپای عێـراق دەستەوەسـتان نابێـت و بەهـۆی ئـەوەی لـە ڕووی ژمـارەی هێـز و چەکوچۆڵـەوە باڵادەسـتە، دەتوانێـت بـۆ درێژخایـەن لـە شـوێنی خـۆی بمێنێتـەوە، بەتایبـەت لـە ناوچـە دەشـت و پێدەشـتەکاندا کـە هێزەکانـی بارزانـی زۆر چالاکییـان تێـدا نەکـردووه. ئەگـەر سـوپای عێـراق هێزەکانـی بارزانـی ڕاوبنێـت، هێزەکانـی بارزانـی هەنـدێ جـار دەتوانـن سـنووری ئێـران تێبپەڕێنـن و کاربەدەسـتانی ئێـران پێشـوازییان لێدەکـەن و جێگاوڕێگایـان دەدەنـێ.

کەوابـوو پشـتیوانیی دەرەکـی لـە بارزانـی سـنووردارە، بـۆ نموونـە ئیسرائیـل تەنیـا دەیەوێـت مەشـقی کۆمانـدۆ بـە جولەکەکانـی عێـراق لـە نـاو ئیسرائیـل بـکات و پاشـان لـە ڕێـگای ئێرانـەوە بیانێرێتـەوە بـۆ کوردسـتان. یارمەتییەکانـی ئێـران لـەوەی ئیسرائیلیش کەمـترە. دەوڵەتـی ئێـران بەتایبـەت ڕازی نییـە عەشـیرەتە کوردەکانـی ئێـران تێکەڵـی شـەڕ لـە عێـراق بـن. دەوڵەتـی شاهەنشـاهی دەزانێـت پەرەسـەندنی هەسـت و سـۆزی ناسیونالیسـتی لـە نێـو کـوردی ئێـران چـی مەترسـییەکی لێدەکەوێتـەوە. هەرچەنـدە حکومەتـی ئێـران ڕازییـە لـە کاردانـەوەی کـوردی ئێـران لـە هەمبـەر سیاسـەتی چاکسـازی زەویـوزار، بـەڵام ناتوانێـت هەتاهەتایـە بێدەنـگ بێـت لـە بەرامبـەر خواسـتی ئۆتۆنۆمـی کـورد.

کەوابـوو ئەگـەر سـەرجەم زانیارییـەکان لـە سـەر یـەک دابنێیـن تێدەگەیـن هەوڵـی ئیسرائیـل و تـا ڕادەیەکـی هەوڵـی کەمـتری ئێـران، بـۆ قایمکردنـی پێگـەی سیاسـی و هێـزی سـەربازیی بارزانـی سـەرکەوتوو نابێـت، هەرچەنـدە ئـەم سـەرنەکەوتنە هەمیشـەیی نییـە و بزووتنـەوەی کـورد دیسـان سـەرهەڵدەداتەوە.

**١ی ئەیلوولی ١٩٦٩**

**بابەت: ڕاپۆرتێک دەربارەی شۆڕشی کوردستانی عێراق[١]**

١- لە ٨ ملیۆن دانیشتووی عێراق، زیاتر لە دوو ملیۆنی کوردن. کورد نەتەوەیەکی بە ئەسڵ ئێرانییە، زمانەکەیان هیند و ئەوڕوپاییە و زۆرێک لە وشەکانیان لە زمانەکانی ڕۆژئاوای ئەوڕوپا دەچێت. خاوەن کولتورێکی کۆنی زیاتر لە دوو هەزار ساڵەن. مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤٠١ی پێش لە زایین، گزنفۆن وەک شەڕکەری ئازا و سەرکەش باسی کردوون[٢].

٢- لە ١٩٦١وە کورد خاوەن ئۆتۆنۆمیەکی دیفاکتۆیە لە باکووری عێراق، لە ناوچەی سەر سنووری ئێران، تورکیا و سوریا. ئەم ناوچەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی کورددایە، نزیکەی ٦٠٠ کیلۆمەتر درێژە و ٦٠ کیلۆمەتر پانە. لەم ناوچەیە کە زیاتر شاخاوییە، نزیکەی یەک ملیۆن کوردی کوردی عێراق دەژین. ئەم ناوچەیە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورددایە، یەک سەربازی عێراقی بۆی نییە پێی تێبخات.

**ڕێکخستنی شۆڕشی کورد**

٣- شۆڕشی کورد لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان (ک د پ)دا بەڕێکخستنکراوە کە سەرۆکەکەی ژەنەڕاڵ بارزانییە. ک د پ لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عێراق سیستمی ئیداری دامەزراندووە و ژیان تێیدا ئاساییە. سیستمی ئیداری لە بەشی باج و خەراج، پەروەردە، تەندروستی و داد پێکدێت.

٤- سوپای کورد کە ژمارەی هێزەکانی ١٨ هەزار پێشمەرگەیە و بە سەر ١١ لیوای

(١) لە سەر بەڵگەنامەکە نەنوسراوە کێ ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە. بە شێوازی نووسینەکەیدا دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویەتی و (کومیتەی پشتگیری شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا) کردوویەتی بە فەرەنسی و داویەتی بە وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا. وەرگێڕ

(٢) ئاماژەیە بە گزێنفۆن، شاگردی سوکرات و سەرداری یۆنانی کە ساڵی ٤٠١ی بەر لە زایین کاتی گەڕانەوە لە ئێران بەرەو یۆنان تووشی کورد بووە و لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئانابازیس) یان گەڕانەوەی ١٠ هەزار کەسی باسی ئەو زەبرانەی کردووە کە کورد لە سوپاکەی وەشاندوویەتی. وەرگێڕ

ناوچەییـدا دابـەش کـراوە، ئۆتۆنۆمـی دیفاکتـۆی کـورد دەپارێزێـت. تفەنـگ، هاوەنـی قـورس و چەکـی دژە فڕۆکەیـان هەیـە. ئـەم هێـزە لـە ٨ سـاڵی ڕابـردوودا نەیهێشـتووە دەوڵەتـی عێـراق خاکـی کـورد داگیـر بـکات.

## داواکارییە سەرەکییەکانی کورد

٥- ئەو شتە سەرەکییانەی کورد لە دەوڵەتی عێراق داوای دەکات ئەمانەن:

- دەبێ جۆرە ئۆتۆنۆمیەک لە عێراق بە کورد بدرێت لە سەر بنەمای مافی یەکسانی لەگەڵ مافی عەرەب. (هەرچەندە ئێستا تەنیا کەمینەیەکی عەرەبی سوننە دەسەڵاتی عێراقی بەدەستەوەیە).
- هێزە چەکدارەکانی کورد لەپێناو پاراستنی ئۆتۆنۆمی کورد دەبێ سەربەخۆ بن و حکومەت دەستوەرنەداتە کاروباریان، تا ئەوکاتەی دەوڵەتێکی دیموکراتی پەرلەمانتاری لە بەغدا دێتە سەر دەسەڵات.
- بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ٩٠ لە ١٠٠ی داهاتی نەوتی عێراق لە خاکی کوردەوە دێت، دەبێ بەشێک لە داهاتی نەوتی عێراق بە کورد بدرێت، بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد.
- بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی عێراق، کورد دەبێ حەقی شایستەی خۆی لە پۆستەکانی حکومەتی ناوەندی پێبدرێت.

## شەڕ

٦- دەوڵەتی عێراق قەد ئامادە نەبووە بە جیددی گوێ بۆ داواکارییەکانی کورد بگرێت. بە پێچەوانەوە، هەوڵیداوە بە زۆر کورد لەناو ببات، بەڵام سەرجەم هەوڵەکانی بۆ لەباربردنی شۆڕشی کورد فەشەلی هێناوە. لە ١٩٦٦ کورد هێرشێکی دوو لیوای سوپای عێراقی لە ناوچەی ڕواندوز تێکشکاند[1]. لەم شەڕەدا لیوایەکی سوپای عێراق بە تەواوی لەناوچوو.

٧- بەهۆی کردەوە خراپەکانی دەوڵەتی عێراق و ئازاردانی خەڵکی سیڤیل، ئەمدواییە کورد هەندێ هەنگاوی هەڵگرتووە کە بەرچاوترینیان، بۆمبارانکردنی داموەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکووک (کە شارێکی کوردنشینە) لە ١ی ئادار بووە. لە مانگی نیسانەوە دەوڵەتی عێراق لە سەرجەم شوێنەکانی کوردستان شەڕی دەستپێکردووەتەوە. لەم شەڕەدا

(١) مەبەستی شەڕی هەندرێنە. وەرگێڕ

کورد دوو شاری گرنگیان، قەڵادزێ و پێنجوێن، ئازاد کردووە.

**پێگەی کورد لە عێراق**

٨- کورد، بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ بارزانی، تەنیا هێزی سیاسیی ڕاستەقینەی عێراقە، بەدەر لە سوپای عێراق. بەپێچەوانەی عێراق کە پێنج حکومەتی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا گۆڕیوە، سەرۆکایەتی کورد سەقامگیرە و بە هێز و سەقامگیرییەکەیەوە بەردەوام پەیوەندیی هەیە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی. هاوکات ک د پ شانەی نوستووی لە سەرجەم شارە گەورەکانی عێراق دروست کردووە، لەپێناو خزمەتکردن بە کورد.

**گرفتە ئابوورییەکان**

٩- خەرجی شۆڕشی کورد، لەپێناو ڕاگرتنی ئۆتۆنۆمی کورد، زۆرە. ناوچەی کورد هەژار نییە، بەڵام داهاتی نەوتەکەی دەچێتە گیرفانی حکومەتی عێراق. شەڕ کە لە ١٩٦١ەوە بەردەوامە، گرفتی ئابووری و مرۆیی زۆری بۆ [شۆڕشی کورد] دروستکردووە.

١٠- لە ساڵێکدا کورد پێویستی بە ٧-٨ ملیۆن دولار یارمەتی بیانییە، بۆئەوەی ئۆتۆنۆمیەکەی ڕابگرێت، نەخۆشییەکانی خەڵکەکەی پێ چارەسەر بکات و پێگەی خۆی لە عێراق وەک تەنیا ئالتیرناتیڤی دەسەڵاتی ناوەندی قایم بکات.

١١- سەرجەم هەوڵەکانی کورد بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان فەشەلی هێناوە. ئەگەر یارمەتیش درابێت، کاربەدەستانی عێراق دەستیان بەسەردا گرتووە و نەیانهێشتووە بگات بە دەستی کورد.

**گیروگرفتی مرۆڤی**

١٢- لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی شەڕەوە زیاتر لە دوو هەزار گوندی کورد، زیاتر بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکەوە، خاپور کراوە. بۆ نموونە، لە ٢٢ی ئایاری ١٩٦٩، سوپای عێراق لە کاتی پاشەکشەدا ٥٤٠ خانووی لە گوندی سەنگەسەر لەگەڵ زەوی تەخت کردووە.

١٣- کێشەی بێوەژن و منداڵە بێسەرپەرشتەکان: ک دپ ئەمدواییە یارمەتی ماددیی چوار هەزار بێوەژن و بیست هەزار منداڵی بێ سەرپەرشتی داوە کە بوونەتە قوربانیی شەڕ. باوکی زۆرێک لەوانە بوونەتە قوربانی کۆمەڵکوژیی.

١٤- کێشەی ئاوارەکان: ١٠٠هەزار کورد لە زێدی خۆیان ئاوارە بوونە. زۆرێکیان لە ناوچەکانی خاوەن سەرچاوەی نەوت دەرکراون و عەرەب خراوەتە شوێنیان.

١٥- کێشەی پەروەردە: ٦ ساڵە منداڵانی کوردستان نەخراونەتە بەر خوێندن. لەم دوو ساڵەی دواییدا ک د پ قوتابخانەی سەرەتایی کردووەتەوە و بەتەمەنەکانی فێری خوێندن و نووسین کردووە، بەڵام بەهۆی دەستکورتیمانەوە تەنیا یەک لە سەدی ئامانجی خۆمان پێکاوە.

١٦- کێشەی تەندروستی: تەنیا سێ دکتۆر لە کوردستان هەیە بۆ یەک ملیۆن کەس. ک د پ بنکەی تەندروستی لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان کردووەتەوە کە یاریدەرە پزیشکەکان کاری تێدا دەکەن کە لە کوردستان فێری کارەکەیان بوونە.

١٧- مووچەی پێشمەرگە: ١٨هەزار پێشمەرگە، بۆ ٣ تا ٦ مانگ مووچەیەکی کەم بە بڕی ١٥ دولار وەردەگرن. کەمیی مووچە کاری خراپی کردووەتە سەر ورەی هێزەکان کە ٨ ساڵە خەریکی شەڕن و دەبێ بەم مووچە کەمە بنەماڵەکەشیان بژێنن.

**ئەو یارمەتییە دەرەکییە کە پێوستمان پێیەتی**

١٨- یارمەتی مادی: لە ئێستادا لە هەموو شتێک زیاتر پێویستمان بە یارمەتی مادییە کە دەکرێت بۆ کاروباری گشتی بێت یان تەنیا بۆ پرۆژەیەکی تایبەت بێت، بۆ نموونە دروستکردنی نەخۆشخانە، قوتابخانە و...

١٩- یارمەتی دەواودەرمان: ناردنی دەواودەرمان و پزشک و پەرەستار دەتوانێت زۆر لە کەمی و کورتییەکانمان چارەسەر بکات.

**شەهیدە مەسیحییەکانی عێراق**

نزیکەی یەک ملیۆن مەسیحی لە عێراق هەیە کە نزیکەی ١٠٠ هەزاریان لە کوردستان و ئەوی دیکەیان لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق دەژین. زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان نەستوری (ئاشووری) یان کلدانین. کۆمەڵێکی کەمیشیان ئەرمەن و دۆمینیکەنن[١].

(١) دۆمینیکەن لقێکی بچووکی مەسیحیی کاتولیکە کە ساڵی ١٢١٦ی زایینی قەشەیەکی ئیسپانیایی لە فەڕەنسا دروستی کردووە. توما بوا (١٩٠٠- ١٩٧٥) کە قەشەیەکی فەرانسی بووە و یەکێ لە کوردناسە گەورەکانی جیهان بووە، کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوەی باشی دەربارەی کورد بڵاو

لە ساڵی ٣٢ی پاش زایینەوە کۆمەڵێک کورد بوونە بە مەسیحی و لەو کاتەوە بە ئاشتی و برایەتی لەگەڵ کوردەکانی دیکەدا دەژین. گوندە مەسیحییەکان زیاتر لەم ناوچانەن:

- ئامێدی، ٧٩ گوندی مەسیحی تێدایە.
- زاخۆ، ٤١ گوندی مەسیحی تێدایە.
- ئاکرێ، لە پارێزگای مووسڵ، ٢٥ گوندی مەسیحی تێدایە.
- شێخان
- دهۆک، ١٠ گوندی مەسیحی تێدایە.
- کەرکووک، ٨ گوندی مەسیحی تێدایە.
- هەولێر، ٦ گوندی مەسیحی تێدایە.

**سەرجەم: ١٨٤ گوند**

زۆرێک لە مەسیحییەکان لە شارەکان وەک کەرکووک، مووسڵ، ئامێدی، زاخۆ، سنجار، ئاکرێ و دهۆک، شانبەشانی برا موسڵمانەکانیان لە سەرجەم شارە کوردنشینەکاندا دەژین.

حکومەتی عێراق بەتایبەت لە بەر ئەم هۆکارانە مەسیحییەکان ئازار و ئەزیەت دەدات:

- بەهۆی ئەوەی مەسیحین و ئایینەکەیان جیاوازە لە ئایینی دەسەڵاتدارانی عێراق کە دەمارگرژن و سەرجەم کەمینە ئایینییەکان بە خائین دەزانن.
- مەسیحییەکان پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد دەکەن و هاتوونەتە ڕیزی بزووتنەوەکە و داکۆکی لە وڵاتی خۆیان دەکەن. سووچی دووەمیان ئەوەیە کە هاووڵاتی کوردستانن.
- ئەمە چەند نموونەیەکی ئەو کارە بێبەزەییانەیە کە حکومەت کردوویەتی بە مەسیحییەکان، بەتایبەت سەرۆکە ئایینییەکانیان:
- سەرجەم گوندە مەسیحییەکان بە فڕۆکە و بۆمبی ناپاڵم بۆمبباران کراون. هەندێ لەم گوندانە چەندجار بۆمبباران کراون.
- کەنیسەی گەورەی نوێ و کتێبخانەی کتێبە دەستنووسەکان لە ئامێدی لەبەرچاوی قەشەوە ( بە ناوی بیدوین[1]، ٤٢ساڵە) لەگەڵ زەوی تەخت کراوە. قەشە هیچی لەدەستنەهاتووە

کردووەتەوە، دومینیکەن بووە. وەرگێڕ

(1) R. Bidwin

بیکات، جگە لە گریان.

- قەشە رافائیل شوریز[١]، سەرپەرشتیاری قەشە کلدانییەکانی ڕابان هورنز[٢]، لە نزیکی ئەلقوش[٣] لە باکووری ڕۆژهەلاتی مووسڵ، بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە ڕزگاریخوازەکانی کورد سزای مەرگی بەسەردا سەپێندراوە.
- حکومەت قوتابخانە ئایینییەکانی کلدانییەکانی لە زاخۆ و دهۆک داخستووە.
- حکومەت شوێنی کۆبوونەوە و ژیانی دۆمینیکەنەکانی لە مووسڵ بۆمبباران کردووە و چەپاوی کردوون کە ساڵی ١٨٤٧ لە ماریالوب[٤] لە شاخەکانی کوردستان دروستکراوە.
- شوێنی ژیان و مانەوەی خوشکە دۆمینیکەنەکان لە سورسونک[٥] چەپاو کراوە.
- قەشە توماس ڕەیس[٦]، خەڵکی زاخۆ کە تەمی ٦٦ ساڵ بووە، ناچار کراوە لە مووسڵ بژی و خراوەتە ژێر چاودێرییەوە.
- قەشە عەلیدال ئەحەد سانا[٧]، خەڵکی ئەلقوش کە تەمەنی ٤٢ ساڵە، ناچار کراوە کەنیسەکەی بەجێبێڵێ.
- لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٦٩ یەکینەیەکی سوپای عێراق چووەتە ناو کەنیسەی ئەلقوش لە نزیک مووسڵ و قەشە دانۆ تالکوپی[٨] کوشتووە و قەشە قاما عەبدولئەحەد[٩] و دوو قەشەی تری بریندار کردووە. هێزەکانی سوپای عێراق ١٣٠٠ دیناری عێراقیان دزیوە و حورمەتی کەنیسەکەیان شکاندووە.
- لە کوردستان، مەسیحییەکان شانبەشانی برا موسڵمانەکانیان لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا خەبات دەکەن و مافی یەکسانی ئایینی و نیشتمانییان لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی کوردستان هەیە، بۆ نموونە:

---

(1) Raphael Chauriz

(2) Raban Hornez

(3) Alqosh

(4) Mar Yaloub

(5) Sursunk

(6) Thomas Reis

(7) Alidal Ahad Sana

(8) Dano Tales Kopy

(9) Qama Abdul Ahad

- قەشە پۆل بێداری[١] نوێنەری مەسیحییە کلدانییەکان و پاتریارش مەریوالا[٢]، نوێنەری نەستورییەکانە لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی [کوردستان] کە باڵاترین دەزگای یاسادانانە لە کوردستانی ئازاد.
- بەڕێز جرجیس فەتحوڵا[٣] کە ڕۆشنبیرێکی ناسراوە لە ئاستی عێراقدا و بەشداری کردووە لە نووسینی ئینیسکلۆپیدیای بەریتانیا، سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی شۆڕشە.
- هاران کواس حەریری[٤] فەرماندەی لیوایەکی پێشمەرگەیە.
- کاپیتان یوسف پیروس[٥] سەرپەرشتی بەشی ئەندازیاریی سەربازییە.
- دکتۆر حیکمەت قۆزمیدێزیش[٦] ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە و یەکێ لەو سێ دۆکتورەیە کە لە کوردستانی ئازاد دەژی.
- سەعد نەجیب[٧] بەرپرسی چاپخانەیە.
- تۆما تۆماس[٨] فەرماندەی بەتالیۆنێکی پێشمەرگەیە.
- هەروەها چەند سەد مەسیحییەک پێشمەرگە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانن.

(1) Paul Bedary
(2) Patriarche Mariawala
(3) Janiaes Fathalla
(4) Haran Cois Harery
(5) Cpitaine Yousif Petros
(6) Dr Hikmat Qoz Meedez
(7) Said Najeeb
(8) Toma Tomas

**لە بێغناغد لۆپینۆ، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان[١]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ[٢])، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ[٣])، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا[٤])، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت و [نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە] نیۆیۆرک**

**بابەت: سۆڤیەت، بارزانی بە ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەزانێت**

هەرچەندە شەڕێکی گەورە لەئارادا نییە و هەردوولاش شەڕیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق یان کوردە چەکدارەکانی مووچەخۆری حکومەت[٥]، لەگەڵ هەڤاڵەکانی مەلا [مستەفا] بارزانی چەند مانگێکە زیاتر بووە و خراپتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران-عێراقیش بارودۆخەکەی زۆر ئاڵۆزتر

(1) Maurice Schumann

(2) Ghaucher

(3) De la Fourniére

(4) Souza

(٥) مەبەستی جاشەکانە، چەکدارەکانی فرسان صلاح الدين. وەرگێڕ

کـردووە. ئێسـتا کاربەدەسـتانی ئێـران زیاتـر هـاوکاری ڕاپەڕیـوەکان دەکـەن. ئێـران تەنیـا پەنجەرەیـە کـە بـە دنیـای دەرەوەیـان دەبەسـتێتەوە. ئێـران چەکوچۆڵیـان دەداتـێ و ئاسـانکارییان بـۆ دەکات و بـۆ مـاوەی کاتیـی جێگاوڕێگایـان دەداتـی، دوور لـە چـاوی هێزەکانـی عێـراق.

لـە وەڵامـی دەستوەشـاندنی سـەرکەوتووانەی هێزەکانـی بارزانـی لـە کاروانـی ئۆتۆمۆبیلـی سـەربازیی یـان بنکـە بچووکەکانـی سـوپای عێـراق، فڕۆکەکانـی عێـراق ئەمدواییـە بـە ناپاڵـم چەنـد گوندێکیـان خاپـور کـردووە. بـە دڵنیاییـەوە دەزانیـن کـە دوو گونـدی مەسـیحی بـە دەسـتی مووچەخۆرەکانـی حکومـەت[1] چەپـاو کـراوە، خەڵکـی گوندەکـە ئـاوارەی بەغـدا بوونـە و ئیـدی هیـچ هیوایـان نەمـاوە بگەڕێنـەوە باکـوور. ئەمـە دوو مانگـە [حکومـەت] مۆڵـەت بـە کـەس نـادات هاتوچـۆی هەولێـر بـکات و بازگەیەکـی سـەربازیی گرنـگ لـە سـەر جادەکـە دانـراوە. لـە مووسـڵ هەوڵـی جۆراجـۆر دراوە بـۆ کوشـتن، کارەبـا چەندجـار بـڕاوە و ناوچـەی باشـووری مووسـڵ زیاتـر ئائارامـی بـە خۆیـەوە بینیـوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ژیـان لـە شـار و گونـدەکان ئاسـاییە، بەتایبـەت لـە شـەودا.

ئـەو ناوچانـە بـە هیـچ شـێوەیەک لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەندیـدا نییـە و لـە ژێـر دەسـەڵاتی مـەلا [مسـتەفا] بارزانیدایـە، بەهـۆی جوگرافیایـی و ئیسـتراتژیکییەوە بەرفـراوان نەبـووە. هـاوکات، پێکـدادان لـە نێـوان عەشـیرەتە ڕکابـەرەکان بەردەوامـە و بەهـۆی بارودۆخەکـە چەتەگـەری سـەریهەڵداوە.

بەهـۆی ئـەوەی هەژمـوون و دەسـەڵاتی مەلا[مسـتەفا] بارزانـی کـەم نەبووەتـەوە، هەوڵـی دەسـەڵاتدارانی بەعـس بـۆ کۆکردنـەوەی نەیـارە ئیدوئولۆژیکەکانـی بارزانـی یـان عەشـیرەتە دوژمنەکانـی ئـەم ڕابـەرە کۆنـە، سـەرکەوتوو نەبـووە. تەنانـەت پەیوەندییەکانی جـەلال تاڵەبانـی لەگـەڵ حزبـی بەعـس سـاردی تێکەوتـووە. ئـەم جوانـە ڕۆشـنبیرە پێشـکەوتنخوازە خۆیشـی سـەر بـە بنەماڵەیەکـی [عەشـایری] گەورەیـە و ڕازی نییـە چاکسـازی زەویـوزار بـە شـێوەیەکی نەگونجـاو لە کوردسـتان بـەردەوام بێـت. تاڵەبانـی داوا دەکات یەکینـە چەکـدارە کوردەکانـی سـەر بـە حکومـەت هەڵبوەشـێنەوە، چونکـە کـردەوە خراپەکانیـان خەڵکـی تـوڕە کـردووە و بەشـێک لـە چـەک و مووچەکەیـان لـە کۆتاییـدا

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

دەکەوێتە دەستی ڕاپەڕیوانی [بارزانی]. تاڵەبانی پێداگری لە سەر هەڵوەشانەوەی ئەم مووچەخۆرانە دەکات، بەڵام سوپای عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕازی نییە بە هەڵوەشانەوەیان، چونکە دەیەوێت ئەوان بەرەنگاری دوژمنەکەیان ببنەوە کە ژێر بە ژێر لەگەڵی ڕێکەوتوون. هەروەها سوپای عێراق بە هۆکاری ماددیش نایەوێت ئەم چەکدارە مووچەخۆرانە هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەشێکی گرنگ لە مووچەکەیان دەچێتە گیرفانی ئەفسەرە باڵاکان، چونکە مووچەکەیان لە ناو بودجەی حکومەتدا بە تەواوی دیاری نەکراوە و دیارنییە ژمارەیان بە دروستی چەندە و ڕێوشوێنە تایبەتەکانی دامەزراندنیان ڕێگرە لە بەرامبەر ئەوەی حکومەت بزانێت ژمارەیان چەند کەسە و چەندە مووچە وەردەگرن.

ڕۆژنامەی النور، زمانحاڵی باڵی پێشکەوتخوازی کورد و لایەنگری حکومەت[١]، سەرەڕای سانسوری تووند، بڵاو دەبێتەوە. ئەمە کەشوهەواکەی گۆڕیوە. النور ماوەیەکە بەردەوام پێداگری دەکات کە دەبێ کێشە سەرەکییەکان چارەسەر بکرێت بۆئەوەی وڵات پێشبکەوێت. هەروەها بەبۆنەی هەشتەمین ساڵوەگەڕی شەڕفرۆشتنی [عەبدولکەریم] قاسم بە کورد، النور نووسیویەتی: "لەو کاتەوە هیچ دەوڵەتێک لە عێراق کاری جیددی نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە". النور ئاماژەی بە هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر هەنگاوەکانی حکومەتی بەعس لە کاتی گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵات کردووە و جەختی کردووەتەوە کە یاسای ئیدارەی ناوچەیی کە ئێستا باس دەکرێت وەڵامی هیچکام لە داخوازیەکانی ئەم سەرۆک یان ئەو ڕابەرەی کورد ناداتەوە.

دەوڵەتی عێراق دەزانێت لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا سەرنەکەوتووە، بۆیە بە دەرفەتی دەزانێت باسی هەڵوێستەکانی حزبی بەعس بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. دکتۆر ئەلیاس فەرەح[٢]، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی ئاماژەی بە کردەوەکانی حکومەتەکانی پێشووی عێراق کردووە، وتوویەتی: "ئێمە لایەنی سیاسیی کێشەکەمان بە تەواوی فەرامۆش کردووە، وێنەی ڕاستەقینەی بارزانیمان نیشانی خەڵک نەداوە و بەتایبەت هەوڵمان نەداوە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ

(١) مەبەستی باڵی جەلالییە. وەرگێڕ

(2) Dr Elias Farah

لـە نێـوان بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و شۆڕشـی عـەرەب دروسـتبکەین. ڕێگاچـارەی ئاشـتبوونەوەی کـورد و عـەرەب لـە خەباتـی هاوبـەش دژی ئیمپیریالیـزم و هـاوکاری ڕاسـتەقینەی کـورد و عـەرەب لـە سـەر بنەمـای یەکێتیـی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکاندایە."

دەوڵەتـی سـۆڤیەت هـاوڕا نییـە لەگـەڵ ئـەم هەڵسـەنگاندنە و شـیوعیەکانی عێراقیـش پێشـوازییان لێنەکـردووە. دیپلۆماتێکـی باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت بـە شـێوەی دۆسـتانە پێیوتـم: "نابـێ مـەلا مسـتەفا بـە کەسـێکی فئـوداڵ لەقەڵـەم بدەیـن کـە دەبـێ دژی خەبـات بکەیـن، بەڵکـوو دەبـێ بـە سـەرۆکی ڕاسـتەقینەی بزووتنەوەیەکـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی لەقەڵەمـی بدەیـن و مامەڵـەی لەگـەڵ بکەیـن. کەوابـوو تەنیـا ڕێـگا ئەوەیـە دان بـە بوونـی نەتـەوەی کـورد لـە نـاو وڵاتـی عێراقـدا بنێیـن. بـە دڵنیاییـەوە مـەلا بارزانـی چەکوچـۆڵ لـە لایەنـی ناپـاک وەردەگرێـت و لەلایـەن ئەوانـەوە پشـتیوانی مەعنـەوی لێدەکرێـت، بـەڵام سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، بارزانـی بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی خەبـات دەکات و کەرەسـتە لـە خزمـەت ئامانجدایـە[١]."

(١) ئەمـە وتەیەکـی سیاسـی بـاوە، مەبەسـت ئەوەیـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانـج گرنـگ نییـە لـە چـی کەرەسـتەیەک کەڵـک وەربگریـت، یـان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانـج، دەبـێ لـە هەمـوو کەرەسـتەیەک کەڵـک وەربگریـت. دەتوانیـن بـەم شـێوەیەش بیڵێیـن: ئامانـج پاسـاو بـۆ کەرەسـتە دەهێنێتـەوە، ئامانـج پاکانـە بـۆ کەرەسـتە دەکات. وەرگێـڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە، کوێت، دیمەشق، بەیروت، قاهیرە، عەمان، لەندەن، واشنتۆن، مۆسکۆ**

**بابەت: سوپای عێراق خەڵکی گوندێکی کوردستان گولەباران دەکات**

بە گوێرەی زانیارییانە پشتڕاستکراوەکان، لە ١٦ی ئاب سوپای عێراق بۆ گرتنەوەی جادەی مووسڵ-هەولێر- کەرکووک هێرشێکی گەورەی کردووە. وەک هەمیشە هەڤاڵەکانی بارزانی بێ ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لێبکوژرێت، پاشەکشەیان کردووە بۆ شاخەکان.

لە ٩ی ئەیلوول پێشهاتێکی گرنگ ڕوویداوە: لە نزیک گوندێکی مەسیحی بە ناوی سۆریا[1] (لە نێوان زاخۆ و مووسڵ) مینێک تەقیوەتەوە بە ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازیدا، قەشە و زۆربەی خەڵکی گوندەکە کە نزیکەی ٦٠ کەسێک بوونە، لەلایەن سوپاوە دەستڕێژی گولەیان کراوەتەسەر.

بارودۆخی باکوور ئاڵۆزە و ژەنەڕاڵ تکریتی، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری، دیسان سەردانی باکووری کردووە بۆ لێپرسینەوە.

**لۆپینۆ**

(1) Sorya

**لە بێغناغد لۆپینۆ، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان[1]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**نهێنی**

**بابەت: کێشەی کورد و کۆمەڵکوژیی سۆریا**

لە تیلیگرامی ٢٢ی ئەیلوولدا ئاماژەم بە کۆمەڵکوژیی سۆریا[2] کرد کە بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، لە ٩ی ئەیلوول ڕوویداوە و بووەتە هۆی قوربانیبوونی ٦٠ کەس. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ١٦ی ئەیلوول دەستمان کەوتووە، لە ئەنجامی کۆمەڵکوژییەکەدا ٣٥ کەس کوژراون کە ٢٢ یان مەسیحی بوونە.

ئەمەی خوارەوە کە بۆتانی دەنێرین بەسەرهاتی وردی ڕووداوەکەیە لە زمانی ئەوانەی ڕزگاریان بووە بەدەستی هاووڵاتییەکانمان[3]، قەشەکانی دۆمینیکەنی مووسڵ:

سەرلەبەیانی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦٩ کاروانێکی ئۆتۆمۆبیلی سوپای[عێراق] لە

(1) Maurice Schumann

(2) Soria

(٣) مەبەستی ئەو قەشە فەرانسییانەیە کە پەیڕەوی لقی دۆمینیکەنی ئایینی کاتولیکی مەسیحی بوونە و ئەوکاتە لە موسڵ کاریان کردووە. وەرگێڕ

سـەربازگەی ئەلعاسـی[1] ڕۆیشـتووە بـەرەو فیشـخابور[2] لـە ناحیـەی سـلۆڤانی[3]، قـەزای زاخـۆ، پارێـزگای مووسـڵ[4]. فەرمانـدەی کاروانەکـە مـلازم یەکـەم خێـری عەتارباشـی[5] و مـلازم عەبدولکەریـم ئەلجەیشـی[6] بوونـە.

بەتالیۆنەکـە لـە گونـدی سـۆریا ) هەڵکەوتـووە لـە سـەر ڕووبـاری دیجلـە، لـە سـەر ڕێـگای ئەلعاسـی و فیشـخابوور) لـە لایـەن دانیشـتوانی گوندەکـەوە ( کـە ١٤ بنەماڵەیـان مەسـیحی و ٨ بنەماڵەیـان موسـڵمان بوونـە) بـە گەرمـی پێشـوازییان لێکـراوە، ئاویـان لایـان خواردووەتـەوە. یەکـێ لـەو کەسـانەی پێشـوازی لـە سـوپا کـردووە، قەشـەیەکی کلدانـی بـە نـاوی حەننـا[7] بـووە کـە بـۆ بەسـەرکردنەوەی کەنیسـە، بـە سـەردان هاتـووە بـۆ ئـەوێ.

پـاش پشـوویەکی کـورت، کاروانەکـە درێـژە بـە ڕێـگای خـۆی دەدات. دوو کیلۆمەتـر کـە لـە گوندەکـە دوور دەکەوێتـەوە، لـە نزیـک سـنووری گونـدی دواتـر، دوو میـن یـەک لـە دوای یـەک دەتەقێتـەوە بـە ئۆتۆمۆبییـل و سـەربازەکاندا. دەنگـی تەقینەوەکـە تاڕادەیـەک بەهێـز بـووە، لـە گوندەکانـی دەوروبـەرەوە بیسـتراوە، بـەڵام گوێیـان بـە ڕووداوەکـە نـەداوە.

کاروانەکـە دەگەڕێتـەوە سـۆریا. خەڵکـی گونـد دەچـن بـەرەو پیریانـەوە، خۆشـحاڵی خۆیـان دەردەبـڕن کـە سـەرباز و ئەفسـەرەکان بـە سـەلامەت ڕزگاریـان بـووە. بـەڵام ئەفسـەرەکان بـە ساردییەوە هەڵسـوکەوت دەکـەن و فەرمـان بـە سـەربازەکان دەدەن گوندەکـە گەمـارۆ بـدەن و خەڵکەکـەی لـە نـاو باخێکـی بچووکـدا لـە دەرەوەی گونـد کۆبکەنـەوە کـە بـە دار و دڕک پەرژیـن کـراوە. سـەربازەکان سـەرجەم ئـەو کەسـانەی لـە نـاو گونـددا بوونـە، بـە ژن و پیـاو و گـەورە و بچووکـەوە، تەنانـەت منداڵـی ساوا

---

(1) Al Assi

(2) Fayshkhabour

(3) Slovani

(٤) ئەوکاتە دهۆک نەبووبو بە پارێزگا، زاخۆ سەر بە موسڵ بووە. وەرگێڕ

(5) Khayri Attar Bashi

(6) Abdul Karim Al -Djhayshi

(7) Hanna Qasha

کـە بـە باوەشـی دایکییـەوە بـووە، کۆدەکەنـەوە. قەشـە حەننـا یەکـەم کـەس دەبێـت کـە بـە گوێـی سـەرباز و ئەفسـەرەکان دەکات، هـەوڵ دەدات خەڵکـی گونـد ئـارام بکاتـەوە، پێیـان دەڵێـت (مەترسـن، تەنیـا بـۆ لێپرسـینەوە کۆیـان کردوونەتـەوە).

کاتێـک سـەرجەم خەڵکـی گونـد لـە نـاو باخەکـەدا دەبـن، مـلازم عەبدولکەریـم چەکەکـەی ڕوو لـە گەنجێـک دەکات، داوای ناسـنامەی لێـدەکات و سـێ گولـەی پێوەدەنێـت. قەشـە حەننـا هەڵدەسـێتە سـەر پـێ و داوایـان لێـدەکات بەزەییـان بـە خەڵکـدا بێتـەوە و بـە شـێوەی ئاسـایی لێپرسـینەوە لـە خەڵـک بکـەن. ئەفسـەرەکە لولـەی تفنگەکـەی ڕوو لـە قەشـە حەننـا دەکات و زیاتـر لـە ٢٠ گولـەی پێوەدەنێـت و یەکسـەر دەیکوژێـت. مـلازم یەکـەم خێـری هـەوڵ دەدات پێـش لـەم کارە هۆڤانەیـەی مـلازم [عەبدولکەریـم] بگرێـت. مـلازم [عەبدولکەریم]هەڕەشـەی کوشـتنی لێـدەکات و هـەوڵ دەدات دەسـتگیری بـکات، پاشـان یەکسـەر بـێ دەستپاراسـتن تەقـە لـە هەمـوو خەڵکـی گونـد، ژن و پیـاو و منـداڵ، دەکات، دوو یـان سـێ مەخزەنیـان بەسـەردا بەتـاڵ دەکاتـەوە. هەمـوو دەکەونـە سـەر زەوی، هەندێکیـان دەمـرن، هەندێکیـان برینـدار دەبـن، هەندێکیـان خۆیـان دەدەن بـە زەویـدا، هیچیـان لێنایێـت.

لـە ئەنجامـی ئـەم کۆمەڵکوژییـەدا ٣٤ کـەس گیـان لەدەسـتەدەن و ٢٣ کـەس برینـدار دەبـن کـە یەکێکیـان کچێکـی جحێلـی ١٣ سـاڵان بـووە کـە پاشـان لـە نەخۆشـخانەی مووسـڵ گیانـی لەدەسـتداوە. ئەوانـە کـە مـردوون ٢٢ کەسـیان مەسـیحی و ١٣ یـان موسـڵمان بوونـە. ئەوانـەی برینـدار بوونـە ١٤یـان مەسـیحی و ٨ یـان موسـڵمان بوونـە.

پـاش کۆمەڵکوژییەکـە، مـلازم [عەبدولکەریـم] فەرمـان بـە سـەربازەکان دەدات گوندەکـە چەپـاو بکـەن و پاشـان بیسـوتێنن. تەنانـەت ئاگریـش بـەر دەدەنـە پەرژینـی شـوێنی کۆمەڵکوژییەکـە. برینـدارەکان بـە هـەزار حـاڵ لـە باخەکـە دێنـە دەرەوە، خۆیـان لـە نـاو چـەم و دۆڵەکانـدا دەشـارنەوە. ئەوانـەی بـە سـەلامەت ڕزگاریـان بـووە دەچـن بـە هانایانـەوە، دەیانبـەن بـۆ گوندەکانـی دەوروبـەر. سـەر لـە ئێـوارە، کچێکـی گەنجـی برینـدار دەبینـن کـە خـۆی فڕێداوەتـە نـاو قامیشـەڵانێک بۆئـەوەی خـۆی لـە مـردن ڕزگار بـکات.

تەرمـی مـردووەکان هەتـا ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر لـە هەمـان شـوێنی کۆمەڵکوژییەکـە

دەبێـــت، پاشـــان خەڵکـــی گوندەکانـــی دەوروبـــەر دەچـــن تەرمـــەکان کـــۆ دەکەنـــەوە کـــە هەندێکیـــان شـــێوێندراوە و ئـــاژەڵ و داڵ خواردوونـــی. تەرمـــەکان خراونەتـــە گـــۆڕی بەکۆمـــەڵ.

برینـــدارەکان تیـــمار نەکـــراون، لـــە ســـەرەتادا ڕێگەیـــان بـــەوە نـــەداوە بیانێنێـــرن بـــۆ زاخـــۆ یـــان مووســـڵ. یەکـــەم گـــروپ ڕۆژی پێنجشـــەمە، ١٨ی ئەیلـــوول گەیشـــتوون بـــە نەخۆشـــخانەی مووســـڵ. گروپێکـــی دیکـــە لـــە برینـــدارەکان بـــە مـــاوەی شـــەوێک لـــە ســـەربازگەی زاخـــۆ گیـــراون، ســـەرلەئێوارەی هەینـــی گەیشـــتوون بـــە مووســـڵ و ســـەرلەبەیانی شـــەممە، یانـــی چـــوار ڕۆژی تـــەواو دوای کۆمەڵکوژییەکـــە، بـــاش تیـــمار کـــراون. دەســـت و لاقیـــان توشـــی گانگرێـــن[1] بـــووە، بڕیویانەتـــەوە.

(1) Gangrène

**لە بێغناغد لۆپینۆ، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ[1])، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ[2])، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا[3])، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزایر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت و[نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە] نیۆیۆرک**

**بابەت: حزبی بەعس کۆمەڵێک مافی کولتووری دەدات بە کورد**

کێشەی کورد بوو بە کێشەی سەرەکی کاربەدەستانی عێراق. لە ڕووی سەربازییەوە دەسەڵاتدارانی عێراق بە هەموو شێوەیەک ئۆپەراسیۆنەکان لە خەڵک دەشارنەوە، هەرچەندە هەروەک هەندێ ڕۆژنامەی مسری ئاماژەیان پێکردووە، ئەمدواییە دیسان هێرشێکی گەورە کراوەتە سەر ڕاپەریوانی مەلا [مستەفا] بارزانی. شەڕ و پێکدادان بەردەوام ڕوو دەدات و هەردوولا لێیانکوژراوە.(بنواڕن بۆ

(1) Ghaucher

(2) De la Fourniére

(3) Souza

تیلیگرامی ژمارە ٦٠٣ی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٩). لە دیمەشق دەنگۆ بڵاو بووەتەوە کە ڕژێمی عێراق هێزەکانی لە بەرەی ڕۆژهەڵات[1] کێشاوەتەوە بۆئەوەی بیاننێرێت بۆ شەڕی کورد. بە هەر بارێکدا، بارودۆخەکە ئارام نابێتەوە و پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران باشتر نابێت هەتا کاتێک دەسەڵاتدارانی بەعس سەرپێچی بکەن لە وتووێژکردن لەگەڵ بارزانی.

لە ڕووی سیاسییەوە دەسەڵاتی ناوەندی سەلماندوویەتی کە دەیەوێت کێشەکە بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات و لانیکەم بەشێک لە داواکارییەکانی خەڵکی کورد جێبەجێ بکات. پاش دروستبوونی پارێزگای دهۆک، چوار قەزای پارێزگای مووسڵ کە زۆربەی دانیشتووەکانی کوردن خراوەتە سەری، یاسای ئیدارەی ناوچەیی کە لە ڕێککەوتننامەی ٣٠ی[2] حوزەیرانی ١٩٦٦ لە نێوان دکتۆر بەزاز، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (کە ئێستا لە زینداندایە) و مەلا [مستەفا] بارزانیدا پەسەند کراوە، لە ٣ی تشرینی دووەم خراوەتە واری جێبەجێکردن (کە لە تیلیگرامی ژمارە ٦٤٠ی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا ئاماژەم پێکردووە).

بێ چاوەڕوانکردنی کاردانەوەی دانیشتوانی باکوور لەهەمبەر ئەم هەنگاوە بۆ بەخشینی دەسەڵاتی ئیداری ناوچەیی، دەسەڵاتدارانی بەعس بڕیاریانداوە کۆمەڵێک ماف لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا بدەن بە کورد. بە گوێرەی ئەم بڕیارە کە لە ٦ی تشرینی یەکەمدا ڕاگەیەندرا، لە پارێزگاکانی باکوور، لە قوتابخانەی ناوەندیدا کورد دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن. لە ٩ی تشرینی یەکەم ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە (کە دەقە وەرگێردراوەکەتان هاوپێچ بۆ دەنێرین) کۆمەڵێک بڕیاری نوێی دەرکرد بۆ پاراستن و پێشخستنی زمان و کولتووری کورد.

هەروەک پێشبینی دەکرا، ڕۆژنامەکان پیرۆزباییان لە حزبی بەعس کرد بەبۆنەی ( هەڵوێستە دیموکراتییەکەی لە هەمبەر کێشەی کورد) و وتیان ئەم بڕیارانەی دەوڵەت هەوڵە جیاخوازەکانی هاوپەیمانەکانی ئیمپیریالیزم، ئێران و

(١) مەبەستی بەرەی شەڕ لە گەڵ ئیسرائیلە. وەرگێڕ

(٢) ٢٩ی حوزەیران ڕاستە. وەرگێڕ

ئیسرائیل پوچەڵ دەکاتەوە.

ئەم بڕیارانەی حکومەت بێگومان هەنگاوێکە بەرەو پێش، بەڵام کێشە سەرەکییەکان چارەسەر ناکات، تەنانەت ئەگەر بەتەواویش جێبەجێ بکرێن ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت.

تا ئێستا تەنیا هەڤاڵەکانی [جەلال] تاڵەبانی کە باڵی نەیاری پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدێنن، پەیامی پیرۆزباییان ناردووە بۆ حکومەت. هێشتا نازانین کاردانەوەی هەڤاڵەکانی بارزانی چییە، بەڵام لەوەناچێت ئەم هەنگاوە زۆر سنووردارانەی حکومەت لە بواری کولتووریدا، ناکۆکییەکان کەم بکاتەوە.

**لە فغانسوا شاغل غۆز[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩**

**تاران**

**بۆ زانیاریی: بەڕێز لیپکۆڤیسکی[٢]، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ناوخۆ، سکرتارییەتی گشتی سەرۆک کۆمار، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن، مۆسکۆ، نیۆیۆرک، بەغدا، بەیروت، دیمەشق، قاهیرە، عەمان، جەددە، ئیسلام ئاباد، تەلئەبیب**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ١٥١٤ی پێشوومان لە بەرواری ١٦ی ئابی ١٩٦٩**

**بابەت: دەوڵەتی ئێران یارمەتیی باڵی جەلال تاڵەبانی دەدات**

ڕۆژنامەکانی ئێران کە چەند هەفتەیەک بە گرنگییەوە باسی سەرکەوتنەکانی هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد، چەند ڕۆژێکە بە ورياييەوە باسی بارودۆخی کوردستانی عێراق دەکەن. لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕایانگەیاندووە هێزە ئۆتۆنۆمیخوازەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و بەتایبەت لەقاوی تاوانەکانی هێزەکانی عێراق دژی کەمینەی ئاشوریی دەدەن کە لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر هەڤاڵانی بارزانی لەم دواییەدا کردوویانە.

وادیارە بارزانی لە بارودۆخی ئێستادا لە ڕووی سیاسیی و سەربازییەوە لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی نوێ ڕووبەڕوو بووەتەوە. بە گوێرەی هەندێ زانیاری، یەکڕیزیی و یەکدەنگیی بزووتنەوەکەی بارزانی وەک ڕۆژانی سەرەتا نییە. ژمارەی ئەو کەسانەی ڕیزەکانی بارزانییان بەجێهێشتووە زیاتر بووە و پروپاگەندا و ڕاگەیاندننامەکانی ڕکابەرەکەی، [جەلال] تاڵەبانی، کاریگەریی خۆی هەبووە.

(1) François Charles Roux

(2) Lipkowski

تەنانـەت هەنـدێ لـە کـردەوە سـەربازییەکانی ئەمدواییـەی بارزانـی بە هیچ شـێوەیەک سـەرکەوتوو نەبـووە، بەتایبـەت هـەوڵ بـۆ گرتنـی بەنـداوی دوکان: هێزەکانـی حکومـەت پاشەکشـەیان کـردووە بۆئـەوەی هێزەکانـی بارزانـی زیاتـر پێشـڕەوی بکـەن، پاشـان خسـتوونیانەتە نـاو داوەوە و هێرشـیان کردووەتـە سـەریان و فڕۆکەیـش بۆمبارانی کردوون. لـە ئەنجامـدا زەبـری کوشـندە لـە هێزەکانـی بارزانـی وەشـێندراوە.

هەڵوێسـتی کاربەدەسـتانی ئێـران لەهەمبـەر ئـەم بارودۆخـە، ڕوون نییـە. هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە کـە دەوڵەتـی شاهەنشـاهی بـەردەوام دەبێـت لـە دابینکردنـی چەکی سـووک، دەواودەرمـان، خـۆراک و ڕاوێـژی سـەربازی بـۆ بارزانی، بەڵام ئـەو چەکانەی ناداتـێ کە زۆر پێویسـتییەتی، یانـی چەکـی دژە فڕۆکـە. بـە گوێرەی هەنـدێ زانیـاری، کاربەدەسـتانی ئێران یارمەتـی بـە ڕابـەری بەتەمەنـی کـورد دەدەن[1]، هـاوکات لەگـەڵ تاڵەبانیـش پەیوەندیـان گرتـووە. بارزانـی کاربەدەسـتانی ئێرانـی تۆمەتبـار کـردووە کـە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ ڕکابەرەکـەی[2] دەجووڵێنـن. تەنانـەت ئەگـەر ڕاسـت بێـت و پەیوەنـدی لـە نێـوان تاڵەبانـی و دەوڵەتـی ئێرانـدا دروسـت بووبێـت، دەوڵەتـی ئێـران هەنـگاوی جیـددی هەڵدەگرێـت بۆئـەوەی پێـش لـە پتەوبوونـی پێگـەی تاڵەبانـی لـە نـاو کەمینـەی کـوردی ئێرانـدا بگرێت.

کەوابـوو دەوڵەتـی ئێـران بـۆ داڕشـتنی سیاسـەتەکەی، داهاتـوو لەبەرچـاو دەگرێـت، تەنیـا پشـت بـە بارزانـی نابەسـتێت. بێگومـان ئێـران درێـژە دەدات بـە پشـتیوانیکردن لـە بارزانـی بۆئـەوەی ببێـت بـە سەرئێشـە بۆ دەوڵەتـی عێراق، بـەڵام ئەگەری سـەرکەوتنی باڵی تاڵەبانیـش پشـتگوێ ناخـات. هاوکات دەزانێت پتەوبوونی پێگـەی تاڵەبانی بە هەمان ڕێژەی سـەرکەوتنی یەکجارەکـی بزووتنـەوەی بارزانـی، کار دەکاتـە سـەر کەمینـەی کـوردی ئێران و کێشـەی جیـددی بـۆ دەوڵەتـی ئێـران دروسـت دەکات، کەوابـوو کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی شاهەنشـاهی دەبـێ سیاسـەتێکی هەسـتیار پەیـڕەو بکـەن بۆئـەوەی لـە ڕێـگای کێشـەی کـوردەوە سەرئێشـە بـۆ عێـراق دروسـت بکـەن و لـە هەمـان کاتـدا نەهێڵـن بزووتنـەوەی ئۆتۆنۆمیخـوازی کـوردی [عێـراق] کاریگەریـی خراپـی هەبێـت لـە سـەر وڵاتەکەیـان.

---

(١) مەبەستی بارزانییە. وەرگێر

(٢) مەبەستی تاڵەبانییە. وەرگێر

**لە بێغناغد لۆپینۆ، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بۆن، بیرلین، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت**

**بابەت: دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یارمەتی ڕاپەڕینی کورد نادات**

ڕۆژنامەی الجمهوریە لە ١٧ی تشرینی یەکەم وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و وڵاتانی کاپیتالیستی دیکە ناتوانن پێش لە کەوتنی بارزانی بگرن) بڵاوکردەوە کە تێیدا نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە: "هەڤاڵەکانی بارزانی پاش ئەوەی بەتەواوی لەلایەن خەڵکی کوردەوە پشتگوێ خراون، ئێستا بونەتە هاوپەیمانی ئیمپیریالیزم، زایۆنیزم و ڕژێمە دواکەوتووەکان. هەڤاڵەکانی بارزانی بە گوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی لە بۆنەوە[1] بۆیان هاتووە، بە تەواوی لەگەڵ ڕێکخراوە زایۆنیستییەکان هاوکاری دەکەن دژی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی عێراق و لایەنە ناسیونالیستەکانی کورد، کە هاوکاریی حکومەتی عێراق دەکەن[2]. هەڵوێستی دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە پشتیوانی لە بارزانی دەکات و کوردی دانیشتووی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هان دەدات کۆڕو کۆمەڵە دابمەزرێنن، هەنگاوێکە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە عێراق، بەهۆی ئەوەی عێراق دانی بە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا ناوە[3]."

---

(١) ئەوکاتە بۆن پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بووە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی باڵی جەلالیە. وەرگێڕ

(٣) مەبەستی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە کە ئەوکاتە ڕژێمێکی کۆمۆنیستی داردەستی سۆڤیەت حوکمی

بەڕێـز بـوس[١]، سـەرۆکی گروپـی کار و چالاکیـی ئەڵمانیـا لـە باڵوێزخانـەی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لـە بەغـدا لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ بەڕێـز (گغێتنێـغ[٢])ی هـاوکارم ئـاگاداری کردووەتـەوە کـە ئەمدواییـە بارزانـی لێژنەیەکـی ناردووە بـۆ بـۆن بۆئـەوەی بزانێـت هەڵوێسـتی دەوڵەتـی فیدراڵـی ئەڵمانیا چییە لەهەمبـەر کێشـەی کورد. لێژنەکە لـە لایەن وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـاوە [٣] پێشـوازی لێکـراوە و ئـاگادار کراوەتـەوە کـە دەوڵەتـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا بـە هیـچ شـێوەیەک دەسـتوەرناداتە نـاو کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق و بـە جۆرێـک یارمەتیـی بزووتنـەوەی بارزانـی نـادات کـە کێشـەی کـورد لـە سـنووری عێـراق بچێتـە دەرەوە و بەتایبـەت کاربکاتـە سـەر [کـوردی] ئێـران، چونکـە دەوڵەتـی ئەڵمانیـا پەیوەنـدی زۆر باشـی لەگـەڵ ئێرانـدا هەیـە. وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـاوە هەروەهـا بـە سـەرۆکی لێژنـەی کـوردی وتـووە کـە ڕێکخـراوی مانگـی سـووری ئەڵمانیـا ناتوانێـت یارمەتـی کـورد بـدات، چونکـە مەسـەلەکە تەنیـا پەیوەنـدی بـە کۆمیتـەی نێونەتەوەیـی خاچـی سـوری ژنێڤـەوە[٤] هەیـە.

گفتوگۆکانـی لێژنـەی کـورد و وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لێـرە کۆتایـی پێهاتـووە، بـەڵام ڕۆژنامەکانـی عێـراق وازناهێنـن و دەسـتیان کردووەتـەوە بـە پرۆپاگەنداکـردن دژی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا و بەتایبـەت وتـار بـە لایەنگـری لـە ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات بـڵاو دەکەنـەوە و سیاسـەتی دژە عەرەبـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا شـەرمەزار دەکـەن.

---

کردووە. وەرگێڕ

(1) BUSSE

(2) GRETTNER

(3) Auswartiges Amt

(4) Géneve

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزیری کاروباری دوورگەکانی فەڕەنسا[1]، وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق و تاڵەبانی بە سەر هێزەکانی بارزانیدا**

لە دوو هەفتەی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، هێزەکانی عێراق مەتەرێزی هێڵی یەکەمی بەرگریی کوردەکانیان لە باشووری سلێمانی لەناو بردووە.

پاش گەمارۆدانی ناوچەی نێوان پێنجوێن و هەڵەبجە لە سەر سنووری ئێران، هێزەکانی سوپای عێراق و میلیشیا چەکدارەکانی جەلال تاڵەبانی و بەختیار[2]، سەرجەم عەشیرەتەکانی ئەم ناوچەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیان کە

(1) Ministère des Outre-mer

وەزارەتێک هەیە لە فەڕەنسا بە ناوی وەزارەتی کاروباری ناوچە فەرەنسییەکانی دەرەوەی فەڕەنسا کە زیاتر ئەو دوورگانەن کە خاکی فەڕەنسان، لە مایۆت و نۆڤێل کالۆدۆنی لە کیشوەری ئوستralیا بۆ گوادلوپ، ڕێڤینیۆن و مارتینیک لە باشووری کیشوەری ئەمریکا. جا نازانم بۆ نوسخەیەک لەم پەیامە نێردراوە بۆ ئەم وەزارەتە. وەرگێڕ

(2) BAKHTIAR

وادیارە مەبەستی تەیمور بەختیارە. بەختیار لە فەرماندە باڵاکانی سوپای ئێران و دامەزرێنەری ساڤاک (دەزگای هەواڵگری و سیخوڕی ئێران) بوو. لە ١٩٦١ شا دەترسا کە بەختیار کودتا بکات، بۆیە لە سەر کار لایبرد و لە ئێران دەریکرد. پاش مانەوە لە ئەوروپا، بە بانگهێشتی حەسەن بەکر، سەرۆک کۆماری عێراق لە بەغداد نیشتەجێ بوو. لە ئابی ١٩٧٠ دەستوپەیوەندییەکانی شا لە دەوروبەری بەغداد تەقەیان لێکرد، پاش چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانەیەک لە بەغداد مرد و لە نەجەف بەخاک سپێردرا. بەختیار هیچ هێز و لایەنگر و چەکدارێکی نەبووە، قەدیش نەهاتووەتە کوردستان. وەرگێڕ

بریتیـن لـە عەشـیرەتی شـەرەفبەیانی، جـاف، بەرزەنجـە، زەنگەنـە و هەمەوەنـد. ئـەم عەشـیرەتانە[1] لـە ناوچـەی شـاخاویی سـەر سـنووری ئێـران لـە باکـووری سـلێمانی، پێنجوێـن و ڕۆژهەڵاتـی هەڵەبجـە و باشـووری ڕووبـاری سـیروان دەژیـن[2].

(1) CHARAF BAYANI , DJAF, BARZINIYA, ZENKANA, HAMAVENDI

نەمبیستووە شەرەفبەیانی و زەنگەنە لە ناوچەی نێوان هەڵەبجە و پێنجوێن هەبێت. وەرگێڕ

(٢) ئـەم زانیارییـە لـە یادداشـتنامەی زانیـاری ژمـارە ١٨٦٨٨ی بـەرواری ٨ی حوزەیرانـی ١٩٥٩ دەربـارەی عەشـیرەتە کـوردەکان وەرگیراوە.

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**داواکارییەک لە نووسینگەی یاسا و داد**

**۲۲ی تشرینی دووەمی ۱۹٦۹**

**بابەت: نیگەرانیی عێراق لە چالاکییەکانی نوێنەری بارزانی لە فەڕەنسا**

بە شانازییەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک ئەم یادداشتەی باڵوێزخانەی عێراق لە پاریس لەگەڵ کۆمەڵێک هاوپێچی دیکە دەنێرین بۆتان، دەربارەی چالاکییەکانی ئەمیر بەدرخان، پەنابەری کورد کە لایەنگری بزووتنەوەی بارزانییە.

باڵوێزخانەی عێراق، بە ڕاست یان ناڕاست، چالاکییەکانی بەدرخانی بە دژی عێراق و پێچەوانەی یاسای فەڕەنسا لەقەڵەمداوە.

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە سوپاسی نووسینگەی کاروباری یاسا و داد دەکەین بۆچوونی خۆتانمان لەبارەی ئەم مەسەلەیە پێڕابگەیەنن.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی عێراق لە پاریس لە ۲٤ی تشرینی یەکەم و ۱ی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۹ یادداشتێکی ناڕەزایەتی ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا، ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژنامەی لۆمۆند نامەیەکی ئەمیر بەدرخان، نوێنەری (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی کوردستانی عێراق"ی بڵاوکردووەتە. دەمانەوێت بزانین ئایا دەوڵەتی فەڕەنسا دانی بە نوێنەرایەتی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق)دا ناوە؟ ئێمە چالاکییەکانی ناوبراو بە دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەمان و بەپێچەوانەی یاسای فەڕەنسا لەقەڵەم دەدەین. داواتان لێدەکەین پێش لە چالاکییە نایاساییەکانی

ئەمیر بەدرخان لە فەڕەنسا بگرن.)

هەروەها نووسینگەی بەرگریی نیشتمانیی وەزارەتی ناوخۆی فەڕەنسا لە ڕاپۆرتێکدا لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ئاماژەی بەوە کردووە: "بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی متمانەپێکراو بەدەستمان گەیشتووە، دەوڵەتی عێراق داوای لە نووسینگەی نوێنەرایەتیی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک کردووە هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت بۆئەوەی نەهێڵێت دکتۆر کامەران بەدرخان، نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی لە ئەوڕوپا و ئەمریکا، کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتەڕوو."

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات یارمەتیی عێراق دەدات دژی کورد**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە تاران بڵاو بووەتەوە، لە دوو هەفتەی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، کاربەدەستانی عێراق لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا وتوویژیان کردووە بۆئەوەی هێزە تایبەتەکانی دژە میلیشیای ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەشداری بکەن لەشەڕ دژی ڕاپەڕینی کورد.

لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی عێراق دژی کوردەکان لە سەرەتای مانگی ئەیلوول، دوو نوێنەری باڵوێزخانەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە بەغدا بەردەوام لە کۆبوونەوەکانی نووسینگەی دووی دەوڵەتی عێراق ئامادە بوونە.

هەر لەم پەیوەندییەدا عێراق داوای لە دەوڵەتی سۆڤیەتیش کردبوو یارمەتی بدات، بەڵام سۆڤیەت ڕەتی کردبووەوە، وتبووی نایەوێت دەستبخاتە ناو کێشەی سیاسی وڵاتێکی دیکەدا.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە، دیمەشق**

**بابەت: دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بارزانی و حکومەتی بەعس**

بە گوێرەی کۆمەڵێک زانیاری کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆر کۆمان کردووەنەتەوە - بە وریاییەوە دەینێرم بۆتان- دەوڵەتی عێراق بەتەمایە ئەمشەو بەبۆنەی جەژنی ساڵیادی دامەزراندنی سوپا بنەماکانی ڕێککەوتنێک ڕابگەیەنێت کە لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەعس و مەلا [مستەفا] بارزانی کراوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، و میشێل عەفلەق[1] خۆی گەرەنتی کردووە.

بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئاگربەست بەمزوانە ڕادەگەیەندرێت و وتووێژی ئاشکرا دەستپێدەکات بۆئەوەی حکومەت دان بە هەندێ مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورددا بنێت و لە دەسەڵاتدا بەشدار بن.

**گۆغس**

---

(1) Michel AFLAK

میشێل عەفلەق دامەزرێنەری بیرۆکە و بزووتنەوەی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی بوو. ساڵی ١٩١٠ لە بنەماڵەیەکی مەسیحی لە دەمیشق لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٩ بووە بە وەزیری پەروەردەی سوریا. لە ١٩٦٨ بووە بە سکرتێری گشتی حیزبی بەعسی عێراق. لە ١٩٧٠ لەلایەن دەوڵەتی بەعسی سوریاوە سزای مەرگی بەسەردا سەپێندراوە. ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس مردووە، لە بەغداد بە ئامادەبوونی سەدام حوسەین و عیزەت دوری نێژراوە. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**نهێنی**

**٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: شیوعییەکان داوا دەکەن کێشەی کورد چارەسەر بکرێت**

بە گوێرەی سەرچاوەکانی تاران، لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ دەوڵەتی عێراق دیسان هەوڵیداوە بە نهێنی لەگەڵ سەرۆکی ڕاپەڕینی کورد وتوویژ بکات. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای کانوونی یەکەم عەزیز شەریف ئەلڕاوی (شیوعییە، لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ کاندیدکراوە بۆ پۆستی وەزیری داد) [١] لەگەڵ لیژنەیەک بە ناوی ( یانەی دۆستانی ئاشتی) (کە سەر بە کۆمیتەی عێراقی فدراسیۆنی جیهانیی ئاشتییە) چووە بۆ شوگاف[٢] بۆبینینی ژەنەڕاڵ بارزانی. وادیارە ئێستا سەرۆکی ڕاپەڕینی کورد ئامادەیە لە سەر بنەمای مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٩ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وتوویژ بکات.

کاربەدەستانی ئێران پێشنیارەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ کورد، بە پوانێک لەقەڵەم دەدەن کە ڕژێمی بەعس داویەتی بە شیوعییەکانی عێراق بۆئەوەی شیوعییەکان هاوکاریی حکومەت بکەن[٣].

(1) AZIA CHARIF ALRAWI

(2) CHOUGAF

(٣) مەبەستی ئەوەیە مەرجی شیوعییەکان بۆ بەشداربوون لە بەرەی نیشتمانیدا ئەوە بووە کە ڕژێمی بەعس کێشەی کورد چارەسەر بکات. بەعسیش بۆ ڕازیکردنی شیوعیەکان لەگەڵ کورد

هاوپێچ: ئـەو کـردەوە سـەربازی و پێشـمەرگەیانە کـە لـە مانگـی تشرینـی دووەم و کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٩ لـە کوردسـتانی عێـراق کـراوە، بـە وتـەی دەزگای هەواڵگـری ئێـران:

- ٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩: کوردەکان هێرشیان کردووەتـە سـەر هێزەکانـی عێـراق و باڵـی جـەلال تاڵەبانـی لـە خانەقیـن. ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە هێزەکانـی عێراق کـوژراون و لـە بەغـداوە هێـز بـۆ یارمەتیدانیـان نێـردراوە.
- ٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩: کـوردەکان هێرشـیان کردووەتـە سـەر بنکـەی پۆلیسـی سـەرچنار، بەرپرسـی بنکەکـە و عەریفێـک کـوژراون.
- ١٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩: بەهـۆی تەقینـەوەی بۆمبێـک لـە قاوەخانەیـەک لـە هەولێر چەنـد کـەس کـوژراون. ئیزگـەی ڕادیـۆی کـوردەکان کـە لـە شـاخ بڵاودەبێتـەوە، تەقینەوەکـەی شـەرمەزار کـردووە و خسـتوویەتیە ئەسـتۆی دەسـتوپەیوەندییەکانی جـەلال تاڵەبانـی.
- ١٧ی تشرینـی دووەمی ١٩٦٩: هێزێکـی پێشـمەرگە بەناوی (ڕزگاری) هێرشـی کردووەتە سـەر بنکـەی هێزەکانـی عێـراق لـە ناوچـەی باکووری ڕۆژئـاوای سـلێمانی لـە ٥ شـوێنی جیـاواز. لـە ئەنجامـدا ٤٢ کـەس لـە هێزەکانـی عێراق کـوژراون.

پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر سەربازگەی قەڵادزێ و قەنتەراندا[1] گرتووە.

٦ ئەفسـەری عێراقـی، ١٢ سـەرباز و ٣ جـاش لـە سـەربازگەی شـەقڵاوە ڕایانکـردووە و چوونەتـە ڕیـزی لیـوای دەشـتی هەولێـری هێـزە کـوردەکان.

- ٢١ و ٢٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩: کـوردەکان دەسـتیان بەسـەر بنکـەی سـەربازیی نێـروە[2] لـە نێـوان سـلێمانی و دوکانـدا گرتـووە. لـە وەڵامـدا فڕۆکەکانـی عێـراق ناوچەی ژێـر دەسـەڵاتی لیـوای (ڕزگاری) کوردەکانیـان، بـە تایبـەت گونـدی سـەرگەڵوو[3] لـە باکـووری ڕۆژئـاوای سـلێمانییان بۆمبـاران کـردووە.

لۆریەکی سوپای عێراق چووە بە سەر میندا لە سەر جادەی هەولێر- کۆیە.

ڕێککەوتووە. وەرگێر

(1) QANTRAN

(2) NIRWA

(3) SARGELU

پێشـمەرگەکانی هێـزی هەولێـر هێرشـیان کردووەتـە سـەر بنکـەی جاشـەکان لـە ماسـتاوا[1]، لـە ١٠ کیلۆمەتریـی باشـووری هەولێـر، لـە ئەنجامـدا ٩ سـەرباز و ئەفسـەر کـوژراون. پێشـمەرگەکان دەسـتیان بەسـەر ٨ چەکـدا گرتـووە (نازانیـن چەکـەکان چـی بـووە).

- ٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦٩: کـوردەکان لـە چەرمـەگا[2] بۆسـەیان دانـاوە بـۆ سـوپای عێـراق. ئەفسـەرێک کـوژراوە، جاشـێک برینـدار بـووە.
- سـەرەتای کانوونـی یەکـەم: خوێندکارانـی زانکـۆی سـلێمانی دژی دەسـەڵاتی حکومەتی ناوەنـدی و باڵـی خیانەتـکاری جـەلال تاڵەبانـی خۆپیشـاندانیان کردووە.
- ناوەڕاسـتی کانوونـی یەکـەم: کاپیتانێکـی هێـزی ئاسـمانی عێـراق بـە نـاوی پـتروم وەردە[3] کـە بـە ئەسـڵ ئەرمەنـی کوردسـتان بـووە، لـە بنکـەی کەرکـووک ڕایکـردووە و چووەتـە ڕێـزی پێشـمەرگەکان.

(1) MASTAWA

(2) TCHARMGAH

(3) PETRUM WERDEH

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە، دیمەشق، بەیروت**

**بابەت: تێکچوونی وتووێژەکانی بارزانی و حکومەتی بەعس**

لە درێـژەی تیلیگرامـی ژمـارە ٠٠٠٨ [ی ٥ی کانوونـی دووەم]، ئاگادارتـان دەکەینـەوە کـە ئـەو زانیارییانـەی کۆمـان کردوونەتـەوە دەربـارەی وتووێژەکانـی ئێسـتای بارزانـی و حکومەتـی عێـراق، یەکناگرنـەوە. کەوابـوو وەزارەتـی دەرەوە دەبـێ بـە وریاییـەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ بـکات.

باڵوێـزی لوبنـان بۆمـی پشتڕاسـت کـردەوە کـە لـە ئەنجامـی ئـەو وتووێژانـەی لـە ماڵـی میشـێل عەفلـەق لـە بەیـروت بەڕێوەچـووە، [نوێنەرەکانـی بارزانـی و حکومەتـی عێـراق] لـە سـەر ئـەوە ڕێککەوتـوون کـە باڵـی تاڵەبانـی لـە حکومـەت وەلاوەبنرێـن، ٥ کـورد بـبن بـە ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی عێـراق و ٤ کـورد بـبن بـە وەزیـر.

بەڕێـز حەبیـب[1] تەنانـەت وتـی بەعـس بڕیاریـداوە سـێ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـار دروسـت بـکات کـە یەکێـک لـە پۆسـتەکان دەدرێـت بـە بارزانـی[2] و ئـەوی دیکەیـان دەدرێـت بـە کەسـایەتییەکی شـیعە.

بـەڵام بـە گوێـرەی ئـەو دەنگۆیانـە کـە باڵوێـزی ئێـران بیسـتویەتی، وتووێژەکانـی کـورد و بەعـس تێکچـووە، چونکـە کـورد پێداگرییـان کـردووە دەبـێ نەتـەوە یەکگرتـووەکان یـان وڵاتێکـی دیکـە وەک سـۆڤیەت یـان کۆمـاری مـسر، ڕێککەوتنەکـە گەرەنتـی بـکات.

(١) مەبەستی باڵوێزی لوبنان لە عێراقە. وەرگێڕ

(٢) بارزانـی، حبیـب موحەمـەد کەریمـی بـۆ ئـەم پۆسـتە دەستنیشـان کـرد، بـەڵام سـەدام ڕەتـی کـردەوە بـە بیانـووی ئـەوەی فەیلییـە و بەڕەگـەز ئێرانییـە. پۆسـتەکە پـڕ نەکرایـەوە. وەرگێڕ

باڵوێـزی ئێـران لـە عێـراق لـەم پەیوەندییـەدا پرسـیاری لـە دیپلۆماتێـکی باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت کـرد. دیپلۆماتـە سـۆڤیەتییەکە بـێ دوودڵـی وەڵامـی دایـەوە کـە سـۆڤیەت خـۆی تێکەڵـی ڕێککەوتننامەیەکـی هاوشـێوە نـاکات کـە پەیوەنـدی بـە مافـە نێوخۆییەکانـی وڵاتێکـی دیکـەوە هەیـە.

**گۆغس**

**CFP DMO**[١]

**١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠**

**تاکەکەسی و نهێنی**

**بۆ بەڕێز: ستوکلیف، داوسۆن، کاتارولا، ئێنسۆر، دوغوک دانێغ، گۆڵدێن**[٢]

**بابەت: کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق**

**بەڕێز گیان،**

لـە کەسـایەتییەکی بلیمەتـی عێراقـی کـە ئێسـتا لـە بەیـروت دەژی و بـاش ئـاگاداری مەسـەلەکەیە، بیسـتمان کـە هیـوا بـۆ سـەرکەوتنی هاوکێشـە سیاسـییەکانی ئەمدوایـیەی عێـراق زیاتـر بـووە و ئەوەنـدە خۆشـبینە بەتەمایـە لـە چەنـد هەفتـەی داهاتـوودا بگەڕێتـەوە بـۆ بەغـدا.

کەسـایەتییە عێراقییەکـە وتـی وتووێژەکانـی ئێسـتای حکومـەت لەگـەڵ کـورد جیدییـە، ئامـاژەی بـەوە کـرد ئەوانـەی وتوویـژ دەکـەن بریتیـن لـە [عەزیـز] شـەریف، فـواد عـارف ( کـە کـوردە و پێشـتر وەزیـر بـووە) و عومـەر عەلـی (کـە تورکمانـە)[٣]. ناوبـراو ئامـاژەی بـەوە کـرد عەزیـز شـەریف لـە نزیکـەوە دەناسـێت. وتـی هەرچەنـد عەزیـز شـیوعییە، بـەڵام نەرمونیانـە و لـە بـەر ئـەوە لـەم پۆسـتە دانـراوە[٤] کـە پەیوەندیـی باشـی هەیـە لەگـەڵ بارزانـی.

---

(١) ئەم بەڵگەنامەیە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە. وەرگێڕ

(2) Mr. J.W.R. Stucliffe

Mr. P.M. Dowson

Mr. E. R. Cattarulla

Mr. A. F. Ensor

Monsieur J. Duroc Danner

Mr. D. C. A. Goolden

(3) Aziz Sherif, Faud Arif, Omar Ali

(٤) عەزیز شەریف ئەلڕاوی بەربژێر بووە بۆ پۆستی وەزیری داد. وەرگێڕ

ناوبراو ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی دەوڵەتی عێراق کرد، بە تایبەت دانانی دکتۆر سواد ئیسماعیل[١] لە پۆستی وەزیری خوێندنی باڵا. سواد کچی خەلیل ئیسماعیلە، وەزیری دارایی عێراق لە سەردەمی پێش لە ١٩٥٨. سواد هەرچەند لەمێژە بەعسییە، بەڵام بیروبۆچوونەکانی نەرمونیانن و تەنیا لە بەر ئەوە لە دەوڵەتدا بەشدار بووە کە هەستی کردووە پێویستە سیاسەتی ناوخۆی عێراق نەرمونیانتر بێت.

**لەگەڵ ڕێزمدا**

**مەکپێرسۆن**

(1) Dr Suad Ismail

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**۲٦ی کانوونی دووەمی ۱۹۷۰**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە، دیمەشق، بەیروت، ئەلجەزاییر، عەممان، بەیروت، جەددە، خەرتوم، کوەیت، قاهیرە، لەندەن، مۆسکۆ، ڕەبات، تریپولی، تونس، واشنتۆن**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ۸ و ۲٦**

**بابەت: ئێران و تورکیا لە وتووێژەکانی عێراق و کورد نیگەرانن**

ڕۆژنامەکانی بەغدا لە ۲٥ی کانوونی دووەم دەقی گفتوگۆی ڕۆژنامەی لوبنانی (النهار)یان لەگەڵ سەدام حوسەین، جێگری سکرتێری گشتی سەرۆکایەتیی ناوچەیی حزبی بەعس و جێگری ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشیان بڵاو کردەوە. لەم گفتوگۆیەدا دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ یەکەمجار ئاشکرایان کرد کە وتووێژ هەیە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و مەلا [مستەفا] بارزانیدا. هەمان ڕۆژ حکومەت لێبوردنی گشتی دەرکرد بۆ سەرجەم ئەو کەسە چەکدار و مەدەنییانەی لە ڕاپەڕینی باکووردا تێوەگلاون.

ئەم شتانە نیشان دەدات کە دەوڵەت بڕیاریداوە پەردە لە سەر وتووێژەکان لابدات کە چەند هەفتەیەکە لە بەغدا و بەیروت بەڕێوەدەچێت، چونکە پێیوایە ئەگەری زۆرە لەگەڵ ڕابەری کورد ڕێکبکەون. هەروەها نابێت ئەوەش پشتگوێ بخەین، لەوانەیە بەعس بیەوێت لە ئەگەری سەرنەکەوتنی گفتوگۆکاندا، سووچەکەی بخاتە ئەستۆی بارزانی. بەڕێز نیعمەت ئەلنیعمە[1]، وەزیری دەرەوەی عێراق دڵنیای کردمەوە کە لە سەرەتای کانوونی دووەمەوە ئاگربەست بە تەواوی چەسپاوە. هەرچەندە کۆڕوکۆمەڵە فەرمییەکان خۆشبینن، بەڵام زانیارییەکانی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان نیشان دەدات هێشتا کۆمەڵێک کێشە ماوە کە چارەسەر بکرێت، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ

(1) Nimat Al niima

ئـەو گەرەنتیانـەی کـورد داوای دەکات. هەمـان کێشـە لـە بـواری سیاسـی و سـەربازییدا بەرچـاو دەکەوێـت.

بەهەرحـاڵ هەنـدێ دەنگۆ هەیـە کـە لایەنێـک ویسـتویەتی ئـەم هەوڵـەی حکومـەت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە ٢١ی کانونـی دووەم [١]تێکبـدات. بـە گوێـرەی دەنگۆکـە، بەتایبـەت ئێـران بڕیاریـداوە بـە هـەر شـێوەیەک بـۆی دەکرێـت ڕژێمـی بەعـس بڕوخێنێـت و نەهێڵێـت ئۆتۆنۆمیەکـی بەرفـراوان بـە کـورد بدرێـت. بەرپرسـانی بـاڵای سـوپای عێراقیـش دژی ئـەوەن کێشـەی کـورد بەشـێوەی ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بێـت و هەنـدێ یەکینـەی سـوپا لـە دەسـتپێکردنی وتوویـژ لەگـەڵ ڕاپەڕیـوان ناڕازیـن.

تورکیـاش نیگەرانـە. چەندجـار لەگـەڵ باڵوێـزی تورکیـا لـە بەغـدا لـەم پەیوەندییـەدا قسـەم کـردووە، لـە ئەنجامـدا بـۆم دەرکـەوت تورکیـا لـە بەرەوپێشـچوونی وتووێژەکانـی دەسـەڵاتدارانی بەعـس و بارزانـی نیگەرانـە. بۆیـە دەوڵەتـی عێـراق بۆئـەوەی کەمینـەی [تورکمان] بێدەنـگ بـکات بڕیاریـداوە کۆمەڵێـک مافـی ئەتنیکـی، بەتایبـەت خوێنـدن بـە زمانـی خۆیـان لـە قوتابخانەکانـی ناوچـەی کەرکـووک بـە تورکمانـەکان بـدات.

**گۆغس**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە ئەنقـەرە لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ٢٩ی کانوونـی دووەم ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "دەوڵەتـی تورکیـا زۆر نیگەرانـە لـە سـەرکەوتنی وتووێژەکانـی کـورد و حکومەتـی عێـراق، پێیوایـە کاریگـەری خراپـی دەبێـت لـە سـەر کـوردی تورکیـا کـە ژمارەیـان زۆر لـە کـوردی عێـراق زیاتـرە. تورکیـا هەروەهـا دەیەوێـت دەوڵەتـی عێـراق هەمـان ئـەو مافانـە بـدات بـە تورکمانـەکان کـە داویەتـی بـە کـورد و پێـش لەپەرەسـەندنی چالاکییەکانـی کوردەکان بگرێـت."

(١) مەبەستی کودتای سەرنەکەوتووی ٢١ی کانوونی دووەم لە بەغدایە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، ئەنقەرە، لەندەن، تاران، واشنتۆن**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت لە هەمبەر وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق**

ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت تا ئێستا تاڕادەیەک بێدەنگن لە بەرامبەر کودەتای سەرنەکەوتووی ٢١ی کانوونی دووەم لە بەغدا، تەنیا وتیان کودەتاکە سەرنەکەوتووە، بەڵام لە ٢٩ی کانوونی دووەم ڕۆژنامەی پراڤدا وتارێکی لەم پەیوەندییەدا بڵاوکردەوە کە تێدا ئاماژەی بەوە کرد: "پلانی ئەفەسەرە کۆنەکان، تەکنیسییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و ئەفسەرانی ئێستای سوپای عێراق دژی دەوڵەت هەمووی لە هەست و سۆزی دژە شۆڕش و ڕق و قینەی نەیارانی سیاسەتی پێشکەوتنخوازی دەوڵەتی ئێستای عێراق سەرچاوە دەگرێت. ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی بەغدا و کوردەکان کە بڕیارە بەمزوانە بکرێت، پاڵی بەم هێز و لایەنانەوە نا دەستبەکار بن، چونکە پێشبینی شتی وایان نەدەکرد."

ڕۆژنامەی پراڤدا هەروەها لە زمانی جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق[1]، وتی بارودۆخی ئێستای عێراق بارودۆخی شۆڕشە، ئەمەش پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە هەیە و جەختی کردەوە: "لە بارودۆخی ئێستادا کە وڵاتانی عەرەب دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل، شەڕی براکوژی دژی کورد وڵاتی عێراق لاواز دەکات. کێشەی کورد ناکۆکی و دووبەرەکی دەخاتە نێو خەڵکی عێراق و پێش لە دروستبوونی بەرەیەکی نیشتمانی دەگرێت کە سەرجەم هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکان، لەوانە حزبی شیوعی، تێدا بەشدار بن. هەروەها بەردەوامبوونی کێشەی کورد دەبێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی کورد بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی لایەنە دەرەکییەکان."

(١) مەبەستی سەدام حوسەینە. وەرگێر

لەبەر ئەم هۆکارانە، ڕۆژنامەی پراڤدا پێشوازی لە چارەسەربوونی کێشەی کورد دەکات و لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ مستەفا بارزانی و جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق گفتوگۆی کردووە. پراڤدا پێیوایە ڕاگەیاندنەکانی حکومەت جێگای ئومێدە و لە ئەنجامدا ئەگەری هەیە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

**ڕۆژێ سیدو**(١)

(1) Rojer Seydoux

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣ی شوباتی ١٩٧٠**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق، قاهیرە، ڕەبات، تریپولی، تونس، جەددە، خەرتوم، کوێت، بەیروت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٧٦ی پێشووم**

**بابەت: کێشەکانی حکومەتی بەعس پاش ڕێککەوتن لەگەڵ کورد**

سەرەڕای نەبوونی هیچ چەشنە ڕاگەیاندننامەیەکی کاربەدەستانی عێراق و بێدەنگیی ڕۆژنامەکان، ئەو لێژنەیەی دەسەڵاتی ناوەندی کە چووبوو بۆ باکوور بۆ وتووێژ لەگەڵ مەلا [مستەفا] بارزانی، گەڕاوەتە بەغدا. هێز و لایەنە فەرمییەکان زۆر خۆشبینن کە بارزانی و حکومەتی عێراق ڕێکبکەون. دیپلۆماتەکانی باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە عێراقیش زۆر خۆشبینن و خۆشحاڵن کە سەرەنجام کێشەی کورد خەریکە چارەسەر دەبێت کە تا ئێستا بووە بە لەمپەر لە بەرامبەر باشتربوونی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کاربەدەستانی ئێستای دەوڵەتی عێراق.

هەندێ لە چاودێران پێیانوایە، تەنانەت ئەگەر پاش چەند هەفتەیەک، دەسەڵاتی ناوەندی و ڕاپەڕیوەکان ڕێکبکەون، جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە و کاردانەوەی سوپا دەبێت بە کێشەی گەورە بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس. بەشداریکردنی ژەنەڕاڵ حەردان عەبدولغەفار تکریتی، وەزیری بەرگری، لە وتووێژەکانی ئەمدواییەی نێوان کورد و حکومەت، بۆ ئەوە بووە کە پێش لە کاردانەوەی سوپا بگیردرێت.

**گۆغس**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ٤ی شـوبات ئاماژەی بـەوە کـردووە: "بـە گوێـرەی زانیاریـی سـەرچاوەیەکی متمانەپێکراو، دوێنـی کوڕەکـەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ لێژنەیـەک هاتـووە بـۆ بەغـدا. لایەنـە سیاسـییە فەرمییـەکان پێیانوایـە حەتمـەن ڕێککەوتـن دەکرێـت. پـاش گەڕانـەوەی ژەنـەڕاڵ حـەردان عەبدولغەفـار تکریتـی لـە باکوور و هـاوکات لەگـەڵ خراپتربوونـی پەیوەندییەکانی ئێـران و عێـراق، ژەنـەڕاڵ عەمـاش چـووە بـۆ ئەنقـەرە."

هەروەهـا باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە ئەنقـەرە لـە تیلیگرامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنسـا لـە ٦ی شـوبات ئاماژەی بـەوە کـردووە: "ژەنـەڕاڵ عەمـاش لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا دەربـارەی کێشـەی کـورد و پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق گفتوگـۆی کـردووە و وەزیـری دەرەوەی تورکیـا دوێنـی چـووە بـۆ ئێـران بۆئـەوەی دەربـارەی کێشـەی کـورد لەگـەڵ وەزیـری دەرەوەی ئێـران گفتوگـۆ بـکات، هەرچەنـدە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا دان بـە کێشـەی کـورددا نانێـن و بێدەنگـی لێدەکـەن."

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**زانیاری**

**نهێنی**

**٥ی شوباتی ١٩٧٠**

**بابەت: ڕاپۆرتێک دەربارەی هۆکار و ئەنجامەکانی وتووێژەکانی کورد و حکومەتی عێراق**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لەم هەفتانەی دواییدا کۆمان کردوونەتەوە، کێشەی کورد بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنین:

حکومەتی عێراق پاش ئەوەی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ڕایگەیاند بە گوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دان بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا دەنێت، لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لێبوردنی گشتیی بۆ کورد دەرکرد. بەزاز وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٦٦ لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا ڕێککەوتننامەیەکی ١٢ خاڵی [لەگەڵ کورد] واژوو کرد کە قەد جێبەجێ نەکرا، گوشاری بیروڕای گشتی لە جیهانی عەرەب و دەستێوەردانی نهێنی، بەڵام شێلگیرانەی دەوڵەتی سۆڤیەت، دەسەڵاتدارانی عێراقیی ناچار کرد کێشەی کورد بە خێرایی چارەسەر بکەن. هەروەها ڕژێمی بەعسی عێراق ویستی پشتیوانی جیهانی عەرەب بەدەستبهێنێت و لە گۆشەگیری دەربچێت، بۆیە هەوڵیدا لە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بگات بەم ئامانجەش.

**ڕۆڵی سۆڤیەت**

لە کاتی واژووکردنی پەیماننامەی هاوکاری تەکنیکی و سەربازی لە نێوان سۆڤیەت و عێراق لە تەمووزی ١٩٦٩، کاربەدەستانی سۆڤیەت بە ژەنەراڵ حەردان تکریتی و

ساڵح مەهدی عەماشیان ڕاگەیاند هەتا دەوڵەتی عێراق ئازار و ئەزیەتی شیوعییەکان بدات و لەگەڵ کورد وتوویژ نەکات، پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤیەت پەرەناسێنێت. لەم پەیوەندییەدا باڵوێزی سۆڤیەت لە بەغدا بەردەوام داوای لە کاربەدەستانی عێراق دەکرد شیوعییە بەندکراوەکان ئازاد بکەن و لەهەمبەر کوردە ئۆتۆنۆمیخوازەکان نەرمونیانتر بن. لە کۆتاییدا سۆڤیەت توانی لەڕێگای کۆمیتەی ئاشتی عێراق، حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان[1]، هەر دوولا لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە.

## پێشهاتەکانی ناوخۆی ڕژێمی عێراق

لە ناوخۆی ڕژێمی عێراق زۆربەی دەسەڵاتداران لایەنگری دامەزراندنی هەرێمی کوردستان بوون. لەم چەند مانگی ڕابردوودا بە ناوبژیوانی میشیل عەفلەق ( دامەزرێنەری حزبی بەعس)، ڕژێمی بەعس لەگەڵ حزبی شیوعی ئاشت بووەوە و لە ئەنجامی گوشاری سۆڤیەت، لەوانەیە بەمزوانە ڕژێمی عێراق کێشەی کورد چارەسەر بکات و لە ئەنجامدا دەسەڵاتدارانی باڵی مەدەنی سەربکەون بە سەر دەسەڵاتدارانی باڵی سەربازیدا کە نایانەوێت لەگەڵ سەرۆکی ڕاپەڕینی کورد وتوویژ بکەن. ( زۆربەی ئەفسەرە غەیرە بەعسییەکان دەیانەوێت بەڕێگای زەبروزەنگ کێشەی کورد چارەسەر بکەن).

## ئاڵۆزبوونی کێشەکە لە ئایار تا کانوونی یەکەمی ١٩٦٩

دەوڵەتی بەغدا بەردەوام ڕاگەیاندننامەی یەکلایەنەی بڵاودەکردەوە، داوای ڕێککەوتنی دەکرد، بەڵام بارزانی پێشوازی لێنەدەکرد. سەرۆکی کوردە ئۆتۆنۆمیخوازەکان بەردەوام داوای یەک شتی دەکرد: وتوویژ لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە ١٢ خاڵییەکەی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٦٦. لە وەڵامی پێشنیارەکانی ڕژێمی عێراق لە ئایاری ١٩٦٩، بارزانی داوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ١٩٦٩ی کرد، بەتایبەت خاڵی یەکی ڕێککەوتننامەکە کە دەڵێت دەبێ ٤٥ لە سەدی داهاتی نەوتی عێراق بدرێت بە کورد. ئەم داواکارییەکەی کورد لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی دەگرت کە زۆربەی کێڵگەکانی نەوتی عێراق لە کوردستان (بەتایبەت پارێزگای کەرکووک) هەڵکەوتووە. دەوڵەتی

(١) ئەوکاتە حیزبی شیوعی کوردستان نەبووە، لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق هەبووە. وەرگێڕ

عێراق ئەم مەرجەی پێقبوڵ نەدەکرا، بۆیە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول هەتا نیوەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەم هێرشی کردە سەر کوردستان. یەکینەیەکی سوپای عێراق و ٢ هەزار چەکداری کوردی لایەنگری حکومەت[١]، لەم هێرشەدا بەشدار بوون. شەڕەکان زیاتر بە قازانجی هێزەکانی حکومەت کۆتایی پێدەهات، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق [کە لە پێگەیەکی بەهێزتردا بوون] لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم دەستیان کردەوە بە خستنەڕووی پێشنیار بۆ وتوویژ. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بالاترین دەزگای عێراقە، بۆئەوەی ڕاپەڕینی کورد هان بدات لە چوارچێوەی پێشنیارە سیاسیەکەی دەوڵەتی عێراق ئاشتی قەبوڵ بکات، لە ٦ی تشریی یەکەمی ١٩٦٩ بە شێوەی یەکلایەنە پرۆژەی ئیدارەی هەرێمی [کوردستانی] ڕاگەیاند کە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک و ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووکی لە خۆ دەگرت.

هەرچەندە شەڕ ئەهوەنتر بووەوە، بەڵام بۆمبارانی فڕۆکەکان خەڵکی وەزاڵە هێنابوو. لەبەرامبەردا ژەنەڕاڵ بارزانی بۆئەوەی شکست بە مانۆڕە سیاسییەکانی دەوڵەتی عێراق بهێنێت، بڕیاریدا لە کەشوهەوای زستان کەڵک وەربگرێت و دەست بە هێرش بکاتەوە. بارزانی کە زۆر لەلایەن ئێرانەوە چەکوچۆڵ و پێداویستیی بۆ دەهات، باش دەیزانی کۆمەڵێک پیلانی جۆراوجۆر لەئارادایە کە لەوانەیە لە هەر ئانوساتێکدا ڕژێمی عێراق بڕوخێنێت.

**بەرەوپێشچوونی وتووێژەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٩**

لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ یانی ئەو ڕۆژەی سەدام حوسەین تکریتی (کە سکرتێری گشتی حزبی بەعس و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی شۆڕش بوو، کە ژمارەی ئەندامەکانی بۆ ١٠ کەس زیاد کرا) بوو بە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، حزبی بەعس جڵەوی دەسەڵاتی عێراقی ڕاستەوخۆ گرتەدەست و داوای کرد بەرەیەکی نیشتمانی لە هێز و لایەنە سیاسییەکان پێکبێت، شیوعییەکان لە دەسەڵاتدا بەشدار بن و وتوویژ لەگەڵ کورد دەستپێبکاتەوە.

لە نیوەی مانگی کانوونی یەکەم، بە دەستپێشخەریی شیوعییەکان و بەعسییەکان، سەرەتا لە بەیروت (بە ناوبژیوانی میشیل عەفلەق) و پاشان لە بەغدا پەیوەندی لەگەڵ

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

نوێنـەرە کـوردەکان دروسـتبوو. لـە یەکـەم دانیشـتنەکاندا وادیـارە هـەر دوولا ڕازی بوونە لە سـەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ١٩٦٦ گفتوگۆ بکەن و دەوڵەتی عێراق کۆمەڵێک پوانی گرنگی بـە کـورد داوە. لە سـەرەتای شـوبات ژەنـەڕاڵ حەردان تکریتـی لەگـەڵ لێژنەیەکی حکومەت سـەردانی باکووری وڵاتـی کرد و چاوی بە ژەنەڕاڵ بارزانی کەوت. بەشـداریکردنی سـەرۆکی کـورد لـە گفتوگۆکانـدا نیشـانیدا کـە ئەگـەری ڕێککەوتـن زۆرە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دوو لایەن کۆمەڵێـک بۆچوونـی جیاوازیـان بـووە، و بـە داواکارییەکانی یەکدی ڕازی نەبوونـە. ژەنەڕاڵ بارزانـی سـەرەنجام ڕێککەوتنەکـەی قەبـوڵ کـردووە، تەنانـەت بـێ ئـەوەی ڕێکخراوێکـی نێونەتەوەیـی وەک نەتـەوە یەکگرتـووەکان یـان زلهێزێـک وەک سـۆڤیەت گەرەنتـی بـکات، چونکـە نەیانویسـتووە گەرەنتـی بکـەن. کەوابـوو کـورد، بـێ ئـەوەی چـەک دابنێـت، داوای گەرەنتیکردنـی پەیماننامەی ئاشتی دەکات.

بەهەرحاڵ سـەرۆکی کورد قەبوڵ ناکات ناوچە کوردنشـینەکانی کەرکووک نەکەوێتە سـەر [هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی]. ئـەم مەسـەلەیە بووەتـە ئاسـتەنگی سـەرەکی لە بەئەنجامگەیشـتنی وتوویـژەکان، چونکـە داهاتـی نـەوت بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان و پێشخسـتنی ئـەم ناوچە شـاخاوییە پێویسـتە. حکومەتی بەعسـیش هەرچەندە ڕازییە هەموو پوانێکی سیاسـی بـە کـورد بـدات، بـەڵام دوورە داهاتـی نـەوت بـە بارزانـی بـدات. لـە میانـەی گفتوگۆیەکـی دۆسـتانەدا لـەم چەنـد ڕۆژی دوایـی، شـێخ سـاڵح یوسـفی دەربـارەی ئـەم خاڵـە بەدبینـی دەربـڕی. ( یوسـفی نوێنـەری بارزانییـە، ئەندامـی یەکـەم لێژنـەی کـورد بـووە کـە لـە بەغدا لەگـەڵ حکومـەت وتوویـژی کـردووە و ئێسـتاش خەریکـی وتوویـژە). بـە وتـەی سـەرچاوە ئێرانییـەکان، کاربەدەسـتانی کـورد لـەوە دەترسـن پێشـنیاری ئاشـتی دەوڵەتـی عێـراق، وەک ئەوانـەی ڕابـردوو تەنیـا مانۆڕێـک بێـت بۆ کڕینـی کات.

**ئەنجام**

لەوانەیـە بەمزوانـە ڕێککەوتنێکـی کاتـی بکرێـت بـۆ دانپێدانـان بـە ئۆتۆنۆمـی [کوردسـتان] کـە بەشـێک لـە ناوچـەی کوردسـتان لـە خـۆ بگرێـت، بـەڵام دیاریکردنـی سـنووری ئـەم هەرێمـە، ڕێکخسـتنی وردەکارییەکانـی ئیدارەی هەرێمەکـە و دامەزراندنـی پەیوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکانی لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق دەبێـت بـە کێشـە و لەوانەیـە ببێتـە هـۆی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕێکی خوێنـاوی.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**نهێنی**

**٩ی شوباتی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: باڵی جەلال تاڵەبانی خەریکە هەڵدەوەشێتەوە**

بە وتەی دەزگای هەواڵگریی ئێران، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ەوە جەلال تاڵەبانی بەنیازە لە باڵی سەر بە حکومەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە دەرەوە، بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە ناڕەزایەتی و ناکۆکی لەنێوان هەڤاڵەکانیدا سەریهەڵداوە و لەلایەکی دیکەشەوە، بەتایبەت لەم کارانەی حکومەتی عێراق ناڕازییە:

- پۆشتەکردن و بەهێزکردنی گروپی عەونی یوسف[1]، کە فەرماندەیەکی کۆنی بارزانی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ١٩٦١ بە تۆمەتی خیانەت و جاسوسی بۆ [عەبدولکەریم] قاسم لە پارتی دەرکراوە.

- هەوڵدان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بارزانی.
- تاکتیکەکانی فەرماندەیی سوپای عێراق و بەکارهێنانی هەڤاڵەکانی دژی ڕاپەڕینی کورد.

یەکێ لە هەڤاڵەکانی تاڵەبانی بە ناوی ملازم عەلی عەسکەری[2]، لە ١٧ی کانوونی یەکەم لە ناوچەی سلێمانی بۆ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکان قسەی کردووە، وتویەتی ئیدی وەک فەرماندەی سیاسی و سەربازی کار ناکات و گروپەکەی خۆی لە ناو پارتی

(1) AOUNI YOUSSEF

(2) ALI ASGARI

دیموکراتی کوردسـتان، هەڵدەوەشـێنێتەوە.

لـە ئێسـتادا عەلـی عەسـکەری و عومـەر دەبابـە[1] (کـە لەمێـژە [وەک سـەرۆکی باڵـی جەلالـی] شـوێنی جـەلال تاڵەبانـی گرتووەتـەوە) چوونەتـە ڕیـزی میلیشـیا چەکدارەکانـی سـەر بـە حکومـەت[2] و هەنـدێ لـە هەڤاڵەکانـی تاڵەبانـی چوونەتـە ڕیـزی پێشـمەرگەکانی بارزانـی.

جـەلال تاڵەبانـی ئێسـتا لـە سـلێمانی خـۆی شـاردووەتەوە، لـە ترسـی ئـەوەی هـەوڵ بـۆ کوشـتنی بدرێـت.

(1) OMAR DABABEH

بۆیـە پێیدەلێـن عومـەر دەبابـە، چونکـە لـە سـەرەتای شۆڕشـی ئەیلـوول بـە خنەجەرێکـەوە چووەتـە نـاو تانکێکـی سـوپای عێـراق، سـەرباز و ئەفسـەرێکی کوشـتووە و دەسـتی بەسـەر تانکەکـەدا گرتـووە. وەرگێـڕ

(٢) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی شوباتی ١٩٧٠**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، ئەنقەرە، دیمەشق، قاهیرە، بەیروت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ١١١ی پێشووم**

**بابەت: وتووێژەکانی حکومەت و کورد کێشەی تێکەوتووە**

دکتۆر ئیلیاس فەرەح، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی حزبی بەعس پێیوتم بەپێچەوانەی خۆشبینیی لایەنە فەرمییەکان، وتووێژەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و بارزانی باش ناچێتەپێش. سەرەتا بەهۆی پشتیوانی هێز و لایەنەکان، بەتایبەت سۆڤیەت و شیوعییەکانی عێراق، وتووێژەکان باش دەستیپێکرد، بەڵام بەهۆی پیلانەکەی ئەمدواییە وتووێژەکان توشی نسکۆ بوو، چونکە کورد تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی ٢٠ی کانوونی دووەم بۆ ناسەقامگیرکردنی ڕژێم. ئێرانیش پێیخۆش نییە ڕێککەوتنێک بکرێت کە ببێتە هۆی پتەوبوونی دەسەڵاتی بەعس.

هەروەها زەحمەتە دەسەڵاتدارانی عێراق بچنە ژێر باری دوایین داواکارییە سەختەکانی بارزانی کە پێداگری کردووە کەرکووک و سەرچاوەکانی نەوتی کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە گەرەنتی بکرێت.[1] کورد پێیوایە، شیوعیەکانی عێراقیش پشتیوانی لە بۆچوونەکەیان دەکەن، ڕێککەوتنەکە تەنیا کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە ڕژێمێکی دیموکراتێک بگات بە دەسەڵات و بەتایبەت هەڵبژاردنێک بەڕێوە بچێت بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێک کە ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان بەڕاستی تێیدا بەشدار بن.

**گۆغس**

(١) مەبەستی ئەوەیەوە بارزانی داوای کردووە نەتەوە یەکگرتووەکان یان وڵاتێکی دیکە وەک سۆڤیەت یان کۆماری مسر، ڕێککەوتنەکە گەرەنتی بکات. وەرگێڕ.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا- ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی شوباتی ١٩٧٠**

**تاران**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تەلئەبیب، بەغدا، لەندەن، مۆسکۆ، ئەنقەرە، دیمەشق، کوێت، بەیروت**

**بابەت: ئیسرائیل و ئێران دەیانەوێت وتووێژەکانی بارزانی و عێراق تێکبچێت**

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل و نوێنەرانی بارزانی بەمزوانە لە تاران پێکەوە دیدار و گفتوگۆ دەکەن. ئیسرائیل پێیخۆشە بزانێت وتووێژەکانی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخوازی کورد بەکوێ گەیشتووە و بارزانی دڵنیابکاتەوە کە ئەگەر وتووێژەکان سەرنەکەوێت پشتیوانی لێدەکات.

لەم پەیوەندییەدا ڕوونە کە ئامانجی ئیسرائیل و دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران یەک شتە. ئیسرائیل دەیەوێت قورسایی زیاتر بخاتە سەر گوشاری دەوڵەتی ئێران لەسەر بارزانی بۆئەوەی ئاستەنگ دروست بێت لەسەر چارەسەربوونی کێشەی کورد.

**فغانسوا شاغل غۆز**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

**بەڵگەنامەیەکی CIA لەم پەیوەندییەدا دەڵێت:**

"ڕۆژی ٤ و ٥ی ئاداری ١٩٧٠ ئیدریس بارزانی، سامی سنجاری و ئەمیر قاسمی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل دیداریان کرد. کاربەدەستانی ئیسرائیل نوێنەرانی کوردیان زۆر هان دا لە باکووری عێراق دەست بە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا بکەنەوە و بەڵێنیان پێدان ئیسرائیل چەکی دژە فڕۆکە و تۆپ و هاوەنیان بداتێ. ئیدریس بارزانی داوای لە کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان کرد ئۆتۆمبێلی نەفەرهەڵگری زرێپۆشی گەورە و بچووک بدەن بە کورد. کاربەدەستە ئیسرائیلییەکانیش ئەو داواکارییەیان قەبووڵ کرد."

لە گفتوگۆکانی ڕۆژی دواتردا ئیسرائیلییەکان بەڵێنیان دا لە ڕێگەی ئێرانەوە تانک و پسپۆری بەکارهێنانی تانک بە کورد بدەن، بەڵام وتیان دەبێت (هێزەکانی) مەلا مستەفا بارزانی هەوڵ بدەن دەستبەسەر لایەنی کەم دوو تانکی هێزەکانی عێراقدا بگرن (بۆئەوەی وا نیشان بدەن کە ئەو تانکانەی ئیسرائیل داویەتی بە کورد، کورد خۆیان لە هێزەکانی عێراقیان سەندووە. وەرگێڕ).

ئیدریس بارزانی وتی وای پێباشترە نەفەرەکانی بەکارهێنەری ئەو تانکانە کورد بن و داوای لە کاربەدەستە ئیسرائیلییەکان کرد کورد فێر بکەن چۆن ئەو تانکانە بەکار بهێنێت. ئیسرائیلییەکانیش بە خۆشحاڵییەوە ئەو داواکارییەیان قەبووڵ کرد.

ئیدریس بارزانی ڕۆژی ٦ی ئادار لەگەڵ ژەنەڕاڵ نیعمەتوڵا نەسیری، سەرۆکی SAVAK کۆبۆوە. نەسیری وتی ئێران دەیەوێت زیاتر یارمەتیی مەلا مستەفا بارزانی بدات و ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران نیگەرانی وتووێژەکانی بارزانی لەگەڵ ڕژێمی عێراقە. نەسیری هەروەها وتی ئێران بەتەواوی پشتگیری لە پلانەکەی ئیسرائیل بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە باکووری عێراق دەکات و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئیدریس بارزانی بەدیقەت پێشنیارەکانی ئیسرائیل بنووسێت. ئیدریس بارزانی ڕۆژی ٧ی ئادار دیسان لەگەڵ نەسیری کۆبۆوە، بۆئەوەی زیاتر پێشنیارەکانی ئیسرائیل تاوتوێ بکەن.

مانگی ڕابردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و ئێران بایی یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دیناری عێراق (سێ ملیۆن و سێ سەد و شەست هەزار دۆلاری ئەمریکا) یارمەتیی بارزانییان داوە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقا- ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٤ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت**

**بابەت: ئامانجی سۆڤیەت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

لە تیلیگرامی ١٧ی شوباتدا وەزارەتی دەرەوەم لەو کەندوکۆسپانە ئاگادار کردەوە کە هاتووەتە سەر ڕێگای وتووێژەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و مەلا [مستەفا] بارزانی کە چەند مانگێکە دەستیپێکردووە.

کورد پێیوایە پێگەی بەهێزە، بۆیە تا ئێستا پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی پێکبێت و ناوچەی کەرکووک بکەوێتە ناو ئەم هەرێمە و ڕێککەوتنەکە بە شێوەی جیددی گەرەنتی بکرێت.

دەسەڵاتدارانی عێراقیش کە دەزگا باڵاکانی بەعسیش پشتگیریان دەکەن، دژی ئەوەن هەرێمێکی جوگرافیایی پێکبێت کە مافە نەتەوەییەکانی کورد تێدا دەستبەر بکرێت، بەتایبەت نایانەوێت کێڵگەکانی نەوت بکەوێتە ناو ئەم هەرێمە. بڕیاری دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ دانپێدانان بە مافەکانە نەتەوەییەکانی تورکمانەکان کە زۆربەیان لە شاری کەرکووک دەژین، لەوانەیە وەک هەوڵێک دژ بە داواکارییەکانی بارزانی لێکبدرێتەوە. ڕۆژنامەکانی حزبی بەعس داوا لە کورد دەکەن خۆیان تێکەڵی

(جیاخـوازەکان)[١] نەکـەن و ڕێککەوتنەکـە قەبـوڵ بکـەن کـە بـە شـێوەی یاسایی و ئیـداری دان بـە مافەکانـی کـورددا دەنێـت، نـە تەنیـا لـە باکـوور، تەنانـەت لـەو ناوچانـەش کـە زۆربـەی دانیشـتووەکانی کـورد نیـن و لـە سەراسـەری وڵاتـی عێـراق.

لـەم بنبەسـتەدا، حزبـی بەعـس لـە زمانـی مورتـەزا ئەلحەدیسـی[٢]، ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی ناوچەیـی بەعـس، دیسـان ئەمدوایيـە جەختـی کـردەوە کـە دەیەوێـت کێشـەی کـورد بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بـکات و ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە وتووێـژەکان خەریکـە دەگات بـە ئەنجـام. نازانیـن هەڵوێسـتی بارزانـی چییـە، بـەڵام بەهەرحـاڵ هـەر دوولا بەتـەواوی ڕێزیـان لـە ئاگربەسـت گرتـووە و پێشـێلیان نەکـردووە، هەرچەنـدە کۆمەڵێـک پێشـهاتی بچـووک ڕوویـداوە کـە هـەر دوولا بـە خێرایـی چارەسـەریان کـردووە.

هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە کـە سـۆڤیەت ڕۆڵـی سـەرەکی بینیـوە لـە دەسـتپێکردنەوە و بەردەوامبوونـی وتووێـژەکان، سـەرەڕای بێمەیلـی هـەر دوولا و بێمتمانەیـی نێـوان ڕابەرانی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی بارزانـی.

بـە گوێـرەی دەنگـۆکان کـە نازانیـن چەنـدە ڕاسـتن، دیپلۆماتێکـی بـاڵای باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت لـە بەغـدا زۆر لـە نزیکـەوە ئـاگاداری وتووێـژەکان بـووە و حزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت دەیەوێـت گەرەنتـی بـکات. نازانیـن ئامانجـی درێژخایەنـی سـۆڤیەت چییـە. هەندێـک پێیانوایـە ئامانجـی ئەوەیـە مافـە نەتەوەییـە بنەڕەتییەکانـی کـوردی عێـراق دابیـن بـکات و ناسـیونالیزمی کـورد لـە ئێـران و تورکیـا هـان بـدات بۆئـەوەی ئـەم دوو وڵاتـە کـە ئەندامـی پەیمانـی ( سـنتۆ)ن ناسـەقامگیر بـکات. ئامانجـی کورتخایەنـی سـۆڤیەت ئەوەیـە جارێکـی دیکـە یـاری بـە کارتـی کـورد بـکات لەپێنـاو بەرژەوەندییەکانـی لـە عێـراق و لەڕێـگای گوشارخسـتنە سـەر دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق، خـۆی زیاتـر تێکەڵـی کاروبـاری عێـراق بـکات و عێـراق لـە سـۆڤیەت نزیکـتر بێتـەوە.

---

(١) مەبەستی ئێران و ئیسرائیل و هێزە دەرەکییەکانە. وەرگێڕ

(2) Murtadha AL HADITHI

## پەیامی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆک کۆماری عێراق بەبۆنەی بەیانی ١١ی ئادار

**بەڕێز سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر،**

**ئەندامانی بەڕێزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش،**

لە ناخی دڵەوە لەلایەن خۆم و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم گەلی کوردەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و گەلی عێراق دەکەم بە بۆنەی بەیانە مێژوویەکەتان کە ئێمەش تێیدا بەشدار بووین. بەیانەکە کێشەی کورد بەشێوەی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە چارەسەردەکات، دان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلەکەماندا دەنێت، لەوانە (ئۆتۆنۆمی) لە چوارچێوەی عێراقدا. ڕۆڵە هەرە فیداکارەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا و تەسلیم نەبوون هەتا گەیشتین بەم بۆنە مێژووییە.

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەمیشە دەرگامان ئاوەلا بووە بۆئەوەی کێشەکە بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، بەڵام لاوازی ڕژێمەکانی پێشوو و دووربوونیان لە گەل و ئاواتەکانی گەل نەیهێشت لە کێشەی کورد تێبگەن و ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئەم کێشە دڵتەزێنە بدۆزنەوە کە پەیوەندی بە سەرجەم خەڵکی عێراقەوە هەیە. ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم براکانمان هەمیشە پێشوازیمان لە دەستپێشخەرییە ئەرێنی و جیدییەکانی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب کردووە. لە کاتێکدا کێشەکە بە بنبەست گەیشتبوو، کۆمەڵێک هەنگاوی کاریگەر هەڵگیرا کە لە ئەنجامدا کێشەکە بەشێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر کرا، یەکێتی وڵات بەهێزتر بوو و پیلانی ئیمپریالیزم و پاشکەوتووەکان و داردەستەکانیان پوچەڵ بووەوە.

لەم بۆنە مێژوویە کەڵک وەردەگرم بۆئەوەی دڵنیاتان بکەمەوە کە گەلی کورد پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی عەرەب دژی دوژمنەکانی دەکات، بەتایبەت لەم قۆناخە یەکلاییکەرەوەیەدا کە هەمووو هێز و توانای خۆی تەیار کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ڕایدەگەیەنین پارتی دیموکراتی

کوردستان و گەلی کورد ڕازین بە مەرجەکانی بەیانەکە و بە شێوەی فەرمی ڕایدەگەیەنین کە لەگەڵ حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و دەسەڵاتی ناوەندی کار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم مەرجەکانی بەیانەکە.

بەیانەکە ئاشتییەکی درێژخایەن مسۆگەر دەکات و ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق، بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە بە عەرەب، کورد، تورکمان و کەمینەکانی دیکەوە، دابین دەکات.

هەروەها بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە ڕۆحی برایەتی، وەفاداری و متمانەکردن بە یەکدی کار بکەین بۆ لەبیرکردنی بیرەوەرییە تاڵەکانی ڕابردوو و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی.

داوا لە هێز و لایەنە وڵاتپارێزەکان و ڕۆڵە هەرە فیداکارەکانی وڵاتەکەمان، عێراق دەکەم دەستبخەنە ناو دەستی ئێمە و دوڵەتی شۆڕشگێڕی عێراق لە پێناو باشی و پێشکەوتنی عێراق و خۆشبەختی گەلەکەی.

لە خوای تەبارەک و تەعالا دەپاڕێمەوە یارمەتیمان بدات لەم کارەدا سەربکەوین بۆ خزمەتکردن بە وڵاتە عەزیزەکەمان.

**مستەفا بارزانی**

## پەیامی پیرۆزبایی حزبی شیوعی عێراق بە بۆنەی بەیانی ١١ی ئادار

**بەڕێز ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرۆک کۆماری عێراق**

بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراق و سەرجەم خەڵکی عێراق زۆر بە گەرمی و لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین بە بۆنەی بەیانە زۆر گرنگەکەتان لە ئێوارەی ١١ی ئادار کە تێیدا بە گەلی عێراق، بیروڕای گشتی عەرەب و کۆمەڵگای نێونەتەوەییتان ڕاگەیاند کە لەگەڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتوون بۆ چارەسەرکردنی دیموکراتییانە و ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد و دانتان ناوە بە مافە ڕەواکانی کورددا لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ناوخۆی کۆماری عێراقدا.

حزبی شیوعی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا هەموو هەوڵی خۆی داوە کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، ئێستاش هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوەی سەرجەم مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە بە هاوکاری لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی عەرەب و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان جێبەجێ بکرێت.

ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی گرنگە، یەکێتیی بەرەی نیشتمانی پتەوتر دەکات، هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکان لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە و یارمەتیمان دەدات بە تەواوی بە سەر ئیمپریالیزم، فیوداڵیزم و پاشڤەڕۆکاندا سەربکەوین و عێراقێکی دیموکرات و پێشکەوتنخواز دابمەزرێنین و بە سەرجەم هێز و توانامانەوە بەشداربین لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا.

**بەغدا**

**١١ی ئاداری ١٩٧٠**

**لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق**

**سکرتێری گشتی**

**عەزیز موحەمەد**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**۱۲ی ئاداری ۱۹۷۰**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، کوێت**

**بابەت: مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئادار لە زمانی سەرۆک کۆماری عێراقەوە**

ژەنەڕاڵ حەسەن بەکر، سەرۆک کۆماری عێراق ئێوارەی ۱۱ی ئادار لە تەلەڤزیۆندا لێدوانێکی دورودرێژی دا، باسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد.

بەکر سەرەتا ئاماژەی بە بیرۆکەی حزبی بەعس و ئەو هەنگاوانە کرد کە لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات لە ۱۷ی تەمووزی ۱۹٦۸ هەڵیگرتووە بۆ دابینکردنی مافەکانی کورد، وتی دەسەڵاتی ناوەندی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە سەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتوون:

١- زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی دووەم بەفەرمی دەناسرێت لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان کوردن.

٢- کورد بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانیان لە پۆستە حکومییەکاندا بەشدار دەبن.

٣- هەنگاوی پێویست هەڵدەگیرێت بۆ پێشخستنی پەروەردەی ناوچە کوردنشینەکان.

٤- ئیدارەی ناوچە زۆرتر کوردنشینەکان بەدەستی خودی کوردەوە دەبێت.

٥- کورد دەتوانێت ڕێکخراو و کوڕ و کۆمەڵەی جۆراوجۆر دامەزرێنێت.

٦- لێبوردنی گشتیی بێ مەرج دەردەکرێت بۆ ئەوانەی لە ڕووداوەکانی باکوور تێوەگلاون و کارمەندە کوردەکان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

٧- ڕێکخراوێکی تایبەت بۆ پەسەندکردنی بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە

کوردنشینەکان دادەمەزرێت و مووچە بۆ بنەماڵەی قوربانیانی شەر دەبڕدرێتەوە.

٨- عەرەب و کوردی هاوردەی ناوچەی باکوور دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی زێدی خۆیان.

٩- چاکسازی زەویوزار لە ناوچەی باکوور جێبەجێ دەکرێت.

١٠- پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی کاتیی عێراق دەکرێت و تێیدا دەنووسرێت لە عێراق دوو نەتەوەی سەرەکی هەیە: عەرەب و کورد.

١١- سەربازگەکان و چەکوچۆڵی قورس کە ئێستا لە دەستی کورددایە ڕادەستی حکومەت دەکرێت.

١٢- یەکێ لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار کورد دەبێت.

١٣- یاسای ئیدارەی پارێزگاکان بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە پەسەند دەکرێت.

١٤- کۆمیتەیەکی باڵا دروستدەکرێت بۆ چاودێریکردنی جێبەجێبوونی ڕێککەوتننامەکە و هەنگاوی پێویست هەڵدەگیرێت بۆ یەکخستنەوەی ناوچە کوردنشینەکان و پێکهێنانی ئیدارەیەک بۆئەوەی کورد ببێت بە خاوەن سەرجەم مافە نیشتمانییەکانی و گەرەنتی ئۆتۆنۆمیەکەی بکرێت. ئەم ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەبێت و سامانە سروشتییەکانی لەژێر چاودێری حکومەتدا بەرهەم دەهێندرێت.

١٥- کورد بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانیان لە ئەنجوومەنی یاساداناندا بەشدار دەبن.

یەکسەر پاش ئەم ڕاگەیاندننامەیە، نوێنەرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی مەلا مستەفا بارزانی بڵاوکردەوە کە تێیدا بارزانی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکەی پەسەند کردووە و سوپاسی هەوڵەکانی حزبی بەعسی کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد و دانان بە مافە ڕەواکانی کورددا، لەوانە مافی ئۆتۆنۆمی.

**لۆپینۆ**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٢ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، تریپوڵی، خەرتوم، عەمان، جەددە، ڕەبات، کوێت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٢١٧ی پێشووم**

**بابەت: یەکەم کاردانەوەکان لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

لە قۆناخی یەکەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و مەلا [مستەفا] بارزانی، سەرۆکی بزووتنەوەی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بەدی کردووە:

١- ڕێککەوتننامەکە بۆ کورد خاڵی سەرکەوتنە، چونکە دەوڵەتی بەعس زۆر زیاتر لە ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٩ی دەوڵەتی دکتۆر بەزاز، مافی بە کورد داوە. لایەنە سەربازییەکانی ڕێککەوتنەکە هێشتا بەتەواوی دیار نین، بەڵام وادیارە کورد چەکەکانیان ڕادەست ناکەنەوە و شوێنی خۆیان چۆڵ ناکەن.

٢- دەسەڵاتی ناوەندی دەیویست بە هەر نرخێک بێت قۆناخی یەکەمی وتووێژەکان تەواو بێت و بەردێک بخاتە سەر بەردێک، بۆیە دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد و دامەزراندنی هەرێمێکی جوگرافیایی کوردیدا نا. لە ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە مافی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان پارێزراوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی، کەوابوو ناوچەی کەرکووک خراوەتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی. هەروەها بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە دەبێ دەوڵەتی بەعس یاسای بنەڕەتی هەموار بکات و یاسای ئیدارەی هەرێم پەسەند بکات.

٣- هەر دوولا باش دەزانن لەوانەیە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە کێشەی تێبکەوێت

و وەک ڕێککەوتننامەی ١٩٦٦ بە مردوویی لەدایک بێت.

٤- کاردانەوەی ناوخۆ لەبەرامبەر ڕێککەوتننامەکە دیار نییە، بەڵام وەزیری بەرگری و حزبی شیوعی عێراق پەیامی پیرۆزباییان بۆ سەرۆک کۆمار ناردووە.

٥- لە دەرەوە، دەوڵەتی تورکیا و ئێران پێشوازییان لەو مافانە نەکردووە کە دەوڵەتی عێراق داویەتی بە کورد و وادیارە دەوڵەتی سوریاش پێشوازی لێناکات. تەنیا یەکێتی سۆڤیەت، لە ڕێککەوتنەکە ڕازی و خۆشحاڵە.

٦- فواد عارف، ژەنەڕاڵی کوردی خانەنشین کە لە ١٩٥٩ وەزیر و لە ١٠ی ئایار تا ١٠ی تەمووزی ١٩٦٧ جێگری سەرۆک وەزیران بووە، لە وتووێژەکانی بارزانی و دەسەڵاتی ناوەندی ڕۆڵی گرنگی بینیوە، بەمزوانە دەکرێت بە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق[1].

(١) فواد عارف نەبوو بە جێگری سەرۆک کۆمار. بەربژێری کورد بۆ ئەو پۆستە حەبیب محەمەد کەریم بوو، بەڵام سەدام قەبوڵی نەکرد بە بیانووی ئەوەی فەیلییە و بەڕەگەز ئیرانییە. هیچ کوردێک نەبوو بە جێگری سەرۆک کۆمار. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٢ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، ئەنقەرە، دیمەشق**

**بابەت: نیگەرانیی کاربەدەستانی ئێران لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

ڕۆژنامەکانی ئێران سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بە سەردێڕی گەورە کۆمەڵێک وتاریان بڵاو کردەوە کە تێیدا نووسرابوو دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخوازی کورد ڕێککەوتننامەیەکیان واژوو کردووە. ڕۆژنامە گەورەکانی ئێران لە ژێر ناوی (سەرکەوتنی کوردە ئارییەکان) و (سەرکەوتنی براکانمان) پیرۆزبایی ڕێککەوتننامەکەیان کرد و وتیان ( ئیرادە و قوربانیدانی [کورد] ( ڕژێمی بەعسی بەچۆکداهێنا.

بەپێچەوانەی ئەم خۆشیدەربڕینە ئاشکرایەی ڕۆژنامەکان، هەندێ لە دامودەزگاکانی نزیک لە دەوڵەت بەدگومانن سەبارەت بە نیازپاکیی دەوڵەتی عێراق و داوایان لە هەڤاڵانی بارزانی کردووە وریا بن.

هێز و لایەنەکانی سەر بە دەسەڵات لە ئێران لەم بە وتەی ڕۆژنامەکان) خۆشییەی خەڵکی ئێران) بەشدار نین چونکە ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بێت دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران یەکێ لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی گوشارخستن لە سەر عێراقی دراوسێی لە کیس دەچێت. هەروەها بە وتەی ڕۆژنامەکان ئەم (سەرکەوتنەی برا عێراقییەکان) لەوانەیە کەمینەی کوردی ئێران پاڵپێوەبنێت داوای ئۆتۆنۆمی بکەن.

**شارڵ غۆز**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێـزی ئەمریـکا لـە تـاران لـە پەیامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لـە ١٩ی ئـاداری ١٩٧٠ ڕایگەیانـدووە:

"ڕۆژی ١٨ی ئـادار سـەردانی شـام کـرد. شـا هـەر لـە سـەرەتای قسـەکانیدا نیگەرانـی خـۆی سـەبارەت بـە ڕێککەوتننامەکـەی ١١ی ئـاداری نێـوان کـورد و دەوڵەتـی عێـراق دەربـڕی و وتـی ئـەو ڕێککەوتننامەیـە پێگـەی عێـراق بەهێزتـر دەکات و توانایـی عێـراق زیاتـر دەکات، بۆئـەوەی خراپـەکاری لـە کەنـداو بـکات. هەروەهـا شـا ئاماژەی بـەوە کـرد کـە ئـەو ڕێککەوتننامەیـە لـە ئەنجامـی گوشـاری سـۆڤیەت لەسـەر دەوڵەتـی عێـراق و هەوڵەکانـی شـیوعییەکانی عێـراق واژوو کـراوە. شـا جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە شـیوعییەکان هـەم لـە لیژنـەی کـورد و هـەم لـە لیژنـەی دەوڵەتـی عێراقـدا بـۆ گفتوگۆکانـی ڕێککەوتننامەکـە بەشـداریان کـردووە. شـا لـە کۆتایـی قسـەکانیدا وتـی هیـوادارم ڕێککەوتننامەکـە هەڵبووەشـێتەوە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٣ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، جەزایير، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، تریپوڵی، خەرتوم، عەمان، جەددە، ڕەبات، کوێت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٢١٨-٢٢ی [دوێنێم]**

**بابەت: لێدوانی سەرۆک کۆمار و کوڕەکانی بارزانی دەربارەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

١- لە ١٢ی ئادار کۆمەڵێک ڕێپێوانی خۆشی بۆ پیرۆزباییکردن لە (برایەتی عەرەب و کورد) [لە بەغدا] بەڕێوەچوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدواوە نەبوو، تەنیا هەندێ ئاژانسی هەواڵ باسیان کرد. سەرۆک کۆماری عێراق کە دوو کوڕەکەی مەلا [مستەفا] بارزانی لە تەنیشتیەوە بوون، بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لە مەیدانی تەحریر (ئازادی) لێدوانی دا، وتی عێراق دەیەوێت درێژە بە ڕەوتە شۆڕشگێڕانەکەی بدات و بە پشتیوانی گەلی کورد خەبات بکات بۆ خاکە عەرەبە داگیرکراوەکان[١].

٢- هەندێ لە ئەندامانی لێژنەی کورد کە ئێستا لەبەغدان، لە ئێزگەی ڕادیۆی[بەغدا] قسەیان کرد. لە لێدوانەکانیاندا دوو خاڵمان بەدی کرد کە شایانی ئەوەیە ئاماژەی پێبکەین:

- ڕێککەوتنەکە لەنێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە.
- یەکێ لە کوڕەکانی بارزانی وتی هەرکاتێک بارودۆخی باکوور ئاسایی بووەوە، چەکەکانیان ڕادەستی حکومەت دەکەن.

٣- بۆ نیشاندانی گرنگی ڕێککەوتنەکە، دەوڵەت بڕیاریداوە ١٢، ١٣ و ١٤ی ئادار بکرێت بە پشوو.

**لۆپینۆ**

(١) مەبەستی فەلەستینە. دۆکتۆر مەحمود عوسمان لە تەنیشت حەسەن بەکر وتیووی : من بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی لێرە ڕادەگەیەنم ئەو چەکانە تا دوێنێ ڕوومان لە یەکدی دەکرد لەمەوبەدوا ڕووی لە دژمنە هاوبەشەکانمانی دەکەین. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تەلئەبیب بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٣ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بەغدا، نیۆیۆرک، مۆسکۆ، تاران**

**بابەت: نیگەرانیی ئیسرائیل لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتدارانی کورد جارێ بە جۆرێک بووە بە کێشە بۆ ئیسرائیل (وەک هەندێ وڵاتی دیکە)، وایکردووە هەڵوێستی لە بەرامبەر ڕێککەوتنەکە هەبێت: ڕۆژنامەکان ڕاگەیاندننامەکانی کورد و عێراق بە قازانجی مەسەلەی فەلەستین لەیەکدەدەنەوە و پێیانوایە لە ئەنجامدا سەرۆک حەسەن ئەلبەکر سوپای عێراق بە شێوەیەکی کاریگەر دژی ئیسرائیل دەخاتەگەڕ.

ئەگەر ئیسرائیل ڕێککەوتننامەکە بە شتێکی هەمیشەیی بزانێت، زۆر زیاتر نیگەران دەبێت، بەڵام وادیارە بە شتێکی هەمیشەیی نازانێت. دەوڵەتی عێراق چەندجار پوانی بە نەیارەکانی داوە بۆئەوەی توشی شەڕ نەبێت. بارزانی هەنگاوی بەرەو دوا هەڵنەگرتووە: هێڵی بەرگری خۆی بەهێزتر دەکات و کوردە چەکدارەکانی دوژمنی هەڵدەوشێنرێنەوە[1]. چاودێرانی ئیسرائیل بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دەوڵەتی عێراق بێگومان بەشی هەرە گەورەی هێزی ئاسمانی و زەمینی خۆی لە باکوور دەهێڵێتەوە، تا کاتێک بارودۆخەکە بەتەواوی ئاسایی دەبێتەوە.

کەوابوو کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە، تەنیا حکومەتی ئێستا لەچاو حکومەتەکانی پێشوو کۆمەڵێک مافی سەرنجڕاکێشتری بە کورد داوە، یانی ئەمڕۆ وڵاتێکی عەرەب دانی بە مافەکانی کەمینەیەکی ئەتنیکیدا ناوە. کورد دەبێ بە هەموو هێز و توانایەوە ئۆتۆنۆمیەکەی بپارێزێت و لەوانەیە لە داهاتوودا بەرەو سەربەخۆیی [کوردستان] بچێت.

(١) مەبەستی هێزەکانی باڵی جەلالی و جاشەکانە. وەرگێڕ

هەروەها پێمانوایە ڕێککەوتنەکە شتی دیکەی بەدواوە دێت، بەتایبەت سوریا کە ٥٠٠ هەزار کوردی هەیە ناچار دەبێت دان بە مافەکانی کوردا بنێت. وڵاتانی عەرەب ئیدی ناتوانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاترجەم بن و داواکارییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان ناچاریان دەکات تۆزێ لە گوشارەکانیان لەسەر ئیسرائیل کەم بکەنەوە.

بەمزوانە دیسان باسی ئەم مەسەلەیە دەکەمەوە.

**فغانسیز ئوغ**(١)

(1) Francis HURE

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێـزی ئەمریـکا لـە ئیسرائیـل لـە پەیامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لـە ١٤ی نیسـانی ١٩٧٠ ڕایگەیاندووە:

"وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا ڕۆژی ١٠ی نیسـان لەگـەڵ دیرگیـن ڕافائیـل، وەزیـری دەرەوەی ئیسـرائیل گفتوگـۆی کـرد". وەزیـری درەوەی ئیسـرائیل بـە وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکای وتـووە: "لـە ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری کـورد و دەوڵەتـی عێراقدا، سـۆڤیەت ڕۆڵی سـەرەکی بینیـوە. عێـراق بـە هیـچ شـێوەیەک پێـی خـۆش نەبـووە کێشـەی کـورد چارەسـەر بـکات، بـەڵام سـۆڤیەت گوشـاری خسـتووەتە سـەر عێـراق و پێـی وتـووە دەبێـت ناوچـەی کوردسـتان کـە نزیکـە لـە سـنووری سـۆڤیەت ئـارام بێـت. ئـەو کاربەدەسـتانەی عێـراق کـە لەگـەڵ کـورد وتووێژیـان کـردووە داوایـان لـە سـەرکردایەتی کـورد کـردووە مەرجەکانـی خۆیـان بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی ناوەندیـی بـاس بکـەن، بـێ ئـەوەی زۆر لەسـەری بچـن ڕێککەوتنەکەیـان واژوو کـردووە". ڕافائیـل وتوویەتـی بەگوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی دەسـت ئیسـرائیل کەوتـووە کـە بەتەواویـش جێگـەی متمانـەن، سـۆڤیەت دەیەوێـت لـە ڕووی سـەربازییەوە زیاتـر یارمەتـی عێـراق بـدات و لـە بـواری نەوتـدا زیاتـر هـاوکاری عێـراق بـکات، لەوانەشـە بەڵێنـی ئـەوەی بـە عێـراق دابێـت کـە پشـتیوانی لەڕۆڵـی زیاتـری عێـراق لـە کاروبـاری کەنـداوی فـارس بـکات. ڕافائیـل لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتوویەتـی سـۆڤیەت هـەر لـە کۆنـەوە ویسـتوویەتی دزە بکاتە نـاو کەنداوی فـارس، چونکـە دەروازەی باشـووری ئاسـیا و دەریـای سـوورە، هەروەهـا دەروازەی ڕۆژئـاوای ئەفریقایـە. ڕافائیـل هەروەهـا وتوویەتـی ئـەم گوشـارەی سـۆڤیەت لەسـەر عێـراق بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ کـورد قۆناغـی یەکەمـی بەرنامەیەکـی نوێـی سـۆڤیەتە بۆئـەوەی بەسـەر کەنـداوی فارسـدا زاڵ بێـت.

**تێبینـی:** هەرچەنـدە ئیسـرائیلییەکان زانیاریـی باشـیان لەبـارەی کـورد هەیـە، بـەڵام پێمانوایـە ئـەم قسـانەی ڕافائیـل لەبـارەی ڕۆڵـی سـۆڤیەت لـە ڕێککەوتنـی عێـراق و کـورد زیادەڕۆیـی تێدایـە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٨ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بەغدا**

**بابەت: کاردانەوەی سۆڤیەت لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت لە ١٨ی ئادار بڵاویان کردەوە کە پۆدگۆڕنی[١] و کاسیگین[٢] پەیامی پیرۆزباییان ناردووە بۆ ژەنەڕاڵ بەکر، سەرۆک کۆماری عێراق بە بۆنەی ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە کۆتایی بە شەڕێکی براکوژی دوورودرێژ هێناوە.

دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت لە پەیامەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە: "ئێمە پێمانوایە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە گرنگە دەبێتە هۆی پتەوبوونی یەکێتیی نیشتمانی عێراق و دۆستایەتی دوو گەلی برا یانی کورد و عەرەب و پێشکەوتنی عێراق لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە پێناو بەرژەوەندی سەرجەم گەلی عێراق و بەرزتربوونەوەی ئاستی ژیان و خۆبەشختی خەڵکی عێراق."

پۆدگۆڕنی و کاسیگین لە کۆتایی پەیامەکەیاندا وتوویانە: "ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی یەکێتی وڵاتانی عەرەب لە خەباتەکەیاندا دژی هێزە ئیمپریالیستەکان و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی ئیسرائیل."

ڕۆژنامەی پراڤدا لە ١٤ی ئادار بۆچوونێکی دەربارەی ڕێککەوتنەکە بڵاوکردەوە، ئاماژەی بەوە کرد ئیمپیریالیزتەکان هەوڵ دەدەن کێشە و ئاژاوە لە وڵاتی عێراق دروست بکەن و داوای لە کورد و حکومەتی عێراق کرد بەوپەڕی دانبەخۆداگرتن و لەیەکتێگەیشتن و پێکەوەسازان مامەڵە بکەن.

**ڕۆژێ سیدو**

---

(1) PODGORNY

نیکولای پادگۆڕنی ئەوکاتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت بووە. وەرگێڕ

(2) KOSSYGUINE

ئالیکسی نیکولاویچ کاسیگین ئەوکاتە سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت بووە. وەرگێڕ

## پەراوێزی وەرگێڕ:

وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لـە ١٤ی ئـاداری ١٩٧٠ پەیامێکـی بـۆ باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە تـاران نـاردووە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە:

”ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەدا هاوڕایـن کـە سـۆڤیەت پشـتیوانی لـە ڕێککەوتنـی کـورد و دەوڵەتـی عێراقـی کـردووە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بەتـەواوی ڕوون نییـە سـۆڤیەت چەنـدە کاریگـەری لەسـەر پێکهاتنـی ئـەو ڕێککەوتننامەیـە هەبـووە. هەڵوێسـتی سـۆڤیەت سـەبارەت بـە کـورد هـەوراز و نشـێوی زۆری بەخۆیـەوە بینیـوە و بەگشـتی لەسـەر بنەمـای سیاسـەتەکانی دیکـەی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـە بـووە. چـاوەڕوان دەکـرا سـەرمایەگوزاری گرنگـی سـۆڤیەت لەنـاو دەوڵەتـی عێـراق بـە هـۆی ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان نەمێنێـت، کەوابـوو سـۆڤیەت وای بـە باشـتر زانیـوە کـورد و دەوڵەتـی عێـراق ڕێکبکـەون. هەرچەنـدە سـۆڤیەت پێیخۆشـە پێگـە و دەسترۆیشـتوویی خـۆی لەنێـو کـورد بەرفراوانـتر بـکات، بـەڵام ئێمـە گومانمـان هەیـە کـە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا ئەمـە تاکـە ئامانجـی سـۆڤیەت بێـت، بەتایبـەت ئـەوە بـە دوور دەزانیـن سـۆڤیەت هـەوڵ بـدات ناوچەیەکـی تایبەتـی کـورد لـەم کاتـەدا دروسـت بـکات. دروسـتکردنی ئـەم ناوچەیـە کۆمەڵێـک پرسـیار لەنێـو عەرەبەکانـی دۆسـتی سـۆڤیەت لەبـارەی مەبەسـت و نیـازی ڕاسـتەقینەی سـۆڤیەت دورسـت دەکات، چونکـە عەرەبـەکان بـە دابڕاندنـی هەرێمێکـی گرنـگ لـە وڵاتێکـی عەرەبـی دەیبینـن. جگەلـەوەش وادیـارە عەرەبـەکان نایانەوێـت لـە ڕێگـەی بەرنامەیـەک کـە لەوانەیـە کاردانـەوەی تونـدی ئێـران و تورکیـای لـێ بکەوێتـەوە، پەیوەندییـە هەسـتیارەکانی خۆیـان لەگـەڵ ئێـران و تورکیـا بخەنـە مەترسـییەوە“.

**لە بێغناغد لۆپینۆ، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٨ی ئاداری ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ(١))، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ(٢))، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا(٣))، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت، و[نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە] نیۆیۆرک**

**بابەت: چارەنووسی عێراق پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

لە تیلیگرامی ژمارە ٧ی ٤ی ئاداردا وەزارەتی دەرەوەم لەو کێشانە ئاگادار کردەوە کە کەوتووەتە ناو وتووێژەکانی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و مەلا [مستەفا] بارزانی کە چەند مانگێکە دەستیپێکردووە. لە ١٠ی ئادار دەنگۆ بڵاوبووەوە کە کێشەکە چارەسەر کراوە و لە ئێوارەی ١١ی ئادار، ژەنەڕاڵ بەکر، سەرۆک کۆماری عێراق لە تەلەڤزیۆندا ڕایگەیاند شەڕ تەواو بووە و ڕێککەوتووین. یەکسەر دوای ئەوە، سەرۆکێکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی

(1) Ghaucher

(2) De la Fourniére

(3) Souza

بارزانی خوێنەوە کە تێیدا نووسرابوو ڕازییە لەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵاتی ناوەندی دایناوە و گەلی کورد لەڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە شانازییەوە هاوکاری جێبەجێکردنیان دەکات. سەرلەبەیانییەکەی، ١٢ ئادار کرا بە ڕۆژی (برایەتی کورد و عەرەب) و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە مەیدانی بەناوبانگی تەحریر بە ئامادەبوونی سەرجەم کاربەدەستانی باڵای ڕژێم بەڕێوەچوو تێیدا سەرۆک کۆمار کە کوڕەکانی بارزانی لە تەنیشتییەوە بوون، لێدوانێکی چڕوپڕی دا و پاشان دکتۆر مەحمود عوسمان، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان[١] قسەی کرد. کۆبوونەوەی هاوشێوەش لە شارە گەورەکان بەتایبەت بەسرە بەڕێوەچوو کە تێیدا ژەنەڕاڵ عەماش لە تەنیشت کوڕەکانی بارزانییەوە دەڕۆیشت و لە هەولێر پێشمەرگەکان (هێزەکانی بارزانی) شادییان گێڕا.

هێز و لایەنەکان تاڕادەیەک بە یەک جۆر، بەڵام بە دوو هەستی جیاواز پێشوازییان لە ڕاگەیاندننامەکە کرد: هەندێکیان خۆشبین نین کە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە پێشتر هەوڵی لەو جۆرە دراوە و سەرنەکەوتووە و دوو لایەن متمانەیان بە یەکدی نییە، بەڵام هەندێ لایەن پێیوانوایە ئەمجارە مەسەلەکە جیاوازە و تەنیا ئاگربەست نییە.

هێشتا زۆر زووە بڵێین ئایا مەرجەکانی ڕاگەیاندننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ( کە وەرگێڕانی خاڵە سەرەکییەکانیتان هاوپێچ بۆ دەنێرین) کە لەمەبەدوا شتێکی مێژووییە، جێبەجێ دەکرێت یان نا. نامانەوێت لە خۆڕا بۆچوونی خۆمان دەرببڕین، دەبێ چاوەڕوانی تێپەربوونی کات بکەین. کۆمیتەیەکی نۆ کەسی بە ناوی ( کۆمیتەی ئاشتی) لە ١٧ی ئادار پێکهاتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە قورسە[٢]، سەرۆکەکەی مورتەزا ئەلحەدیسی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ناوچەیی (عێراقی) حزبی بەعس و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە و لە کۆمەڵێک کەسایەتی عەرەب پێکدێت وەک عەزیز شەریف، وەزیری داد کە بە شیوعی لەقەڵەم دەدرێت و ژەنەڕاڵ سەعدون غێدان، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی بەغدا و کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراوی کورد کە دوویان زۆر لە نزیکەوە هاوکاریی مەلا بارزانیان کردووە.

---

(١) دۆکتۆر مەحمود ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە نە سکرتێر. سکرتێر حەبیب محمد کەریم فەیلی بووە، هەرچەندە دەسەڵاتی دۆکتۆر مەحمود لە حەبیب زیاتر بووە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی ئەوەیە کومیتەکە پێکهاتووە بۆ چاودێریکردن بە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە. وەرگێڕ

هەندێ لە خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە، وەک ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، ڕوون نەکراونەتەوە. لەوانەیە ڕێککەوتنێکی نهێنی کرابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەربازییەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ هەندێ کێشەی هەستیار، بەتایبەت مەسەلەی باڵی جەلال تاڵەبانی، ڕکابەری سەرەکیی بارزانی و جاشە کوردەکان (فرسان صلاح الدین) کە لەپاڵ سوپای عێراقدا شەریان کردووە.

لە ڕاگەیاندننامەیەکدا کە ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە، سەدام حوسەین، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئاماژەی بە کۆمەڵێک نیازو نییەتی حکومەت کرد: هەندی لە وەزارەتەکان دەدرێت بە کورد و بەشی هەرەزۆری پێشمەرگەکان (هێزەکانی بارزانی) دەخرێنە ناو سوپای نیشتمانی عێراق. سەدام حوسەین جەختی کردەوە حکومەت دەیەوێت بە زووترین کات بڕیارەکان جێبەجێ بکات.

لەلایەکی دیکەوە، بارزانی ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لە هەمبەر ڕێووشوێنەکانی ڕاگەیاندننامەکە، بە کۆمەڵێک دەستکەوتی ئەرێنی و گەورە لەقەڵەمی دا و ئاماژەی بەو مافانە کرد کە لە ١٩٦٦ بە کورد دراوە.

هێشتا لە ئاستی ناوخۆدا هەڵویستی هەندێ لایەن لەهەمبەر ئەم داننانە بە ئۆتۆنۆمی کورد دیار نییە. سوپا کە بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی حزبی بەعسدایە تا ئێستا هیچی نەوتووە. جەلال تاڵەبانی کە تەنیا نەیاری کوردی بارزانییە، پەیامی پیرۆزبایی ناردووە بۆ سەرۆک کۆمار. حزبی شیوعی کە تەنیا ڕێکخراوی سیاسییە دەسەڵاتی ناوەندی حیسابی بۆ دەکات، هەرچەندە یەکەم حزبی عێراقە و هەر لەسەرەتاوە مۆڵەتی فەرمی پێنەدراوە، پشتگیریی ڕاگەیاندننامەکەی کردووە.

بە گوێرەی هەندێ زانیاری، تەنانەت لە ناو خودی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش، هەندێ کەسایەتی نەیاری سەدام حوسەین وەک سامەڕایی، وەزیری ناوخۆ و کەمالی، وەزیری کاروباری لاوان دژی ڕێککەوتنەکەن و لەوانەیە لەسەر کارەکانیان لاببرێن.

بەهەرحاڵ، دەسەڵاتدارانی بەعس خۆشحاڵن کە توانیویانە یەکێ لە خاڵەکانی پرۆگرامی حزبی بەعس جێبەجێ بکەن یانی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بە شێوەی دیموکراتی، بێگومان لەم پێناوەدا لەلایەکەوە بەهایەکی قورسیان داوە و لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ببێت بە کێشە. بەهەرحاڵ ڕژێمی عێراق بۆ یەکەمجار پێگە و هەیمەنەی باشتر بووە و کێشەی کوردی لەکۆڵ بووەتەوە.

**لە فغانسوا پۆ، باڵوێزی فەڕەنسا لە کۆماری یەکگرتووی عەرەب بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٠ی ئاداری ١٩٧٠**

**قاهیرە**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت، کابول و[نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە] نیۆیۆرک**

**بابەت: کاردانەوەی مسر لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

کاربەدەستانی مسر پاش واژووبوونی ڕێککەوتننامەی ١٢ی ئاداری ١٩٧٠ [1] لە بەغدا، پێشوازییان لە ئاگربەستی نێوان هێزەکانی عێراق و کورد کرد، بەڵام بە پێشهاتێک کە کاریگەری زۆر باشی هەبێت لە سەر مەسەلەی عەرەب لە کێشەی ئیسرائیل و مسر لەقەڵەمیان نەدا.

ڕۆژنامەکانی مسر زۆر بابەتیان دەربارەی ڕێککەوتنەکە بڵاوکردەوە و ئاماژەیان بەوە کرد کە سەرۆک [جەمال عەبدول] ناسر پشتگیریی ڕێککەوتنەکەی کردووە. ڕۆژنامەی الاخبار لە ١٢ی ئادار بە مانشێتی گەورە بڵاویکردەوە: "شەڕ کۆتایی پێهات". زۆربەی ڕۆژنامەکانی مسر زۆر بابەتیان دەربارەی ڕەگوڕیشەی کێشەکە و مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە بڵاوکردەوە، و جەختیان لە سەر برایەتی کورد و عەرەب کردووە.

لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکانی مسر پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک ناسر بۆ سەرۆکی

(١) ١١ی ئادار ڕاستە. وەرگێڕ

عێراقیـان بڵاوکـردەوە، کـە تێـدا ئامـاژە بـەوە کرابـوو: "ئەمـە لـە خەباتـی نەتـەوەی عەرەبـدا هەنگاوێکـی گرنگـە." ڕۆژنامـەکان باسـی داهاتـووی ڕێککەوتننامەکەیـان کـرد. ڕۆژنامـەی (الاهـرام) لـە ١٤ی ئـادار نووسـی: "عێـراق لـە خەباتـی وڵاتانـی عـەرەب ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێـت بـۆ پوچەڵکردنـەوەی دەسـتدرێژی ئیسرائیـل" و ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە ئیسرائیـل لـە ڕێککەوتنەکـە نیگەرانـە.

ڕۆژنامـەکان هەروەهـا باسـی کاردانەوەی حکومەتـی ئێران لە هەمبـەر ڕێککەوتنەکەیان کـرد و ئاماژەیـان بـەوە کـرد لەوانەیـە کێشـەی ئێـران و عێـراق بەهـۆی ئـەم ڕێککەوتنـە ئاڵۆزتـر بێـت. وتیـان دەوڵەتـی عێـراق لەوانەیـە ئـەو هێزانـەی دژی کـورد وەگـەڕی خسـتبوون، ئێسـتا بـۆ پتەوکردنـی پێگـەی خـۆی لەهەمبـەر ئێران وەگەڕیـان بخـات.

کەوابـوو کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب زۆر خۆشـحاڵە کـە ئـەم کێشـەیە چارەسـەر کـراوە، لەهەمـان کاتـدا ژێربەژێـر لـە ئەنجامەکانـی ڕێککەوتنەکـە لـە داهاتـوودا دەترسـێت.[1]

---

(١) مەبەسـتی ئەوەیـە مـسر دەترسێت لـە داهاتـوودا کـورد داوای شـتی زیاتـر بـکات، یـان بـەرەو سـەربەخۆیی بچێـت. وەرگێـڕ

**لە گۆنتغان دۆجۆنیا[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە تورکیا بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە**

**بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی کاروباری ئەوڕوپا، بەشی مەدیتەرانەی ئەوڕوپا**

**٢٤ی ئاداری ١٩٧٠**

**ئەنقەرە**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، تاران، واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، دیمەشق**

**بابەت: کاردانەوەی تورکیا لە هەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

لێرە زۆر لە نزیکەوە بەدواچوون دەکەن بۆ ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری نێوان حکومەت و کوردی عێراق کە ئۆتۆنۆمی بە کورد داوە. ئەمەش ئاساییە، چونکە نزیکەی سێ ملیۆن کورد لە تورکیا هەیە کە لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە سەر سنووری عێراق، ئێران و سوریا دەژین.

هەتا ئێستا کاربەدەستانی فەرمیی تورکیا، وەک خوویی هەمیشەییان، هیچ باسی ڕێککەوتنەکەیان نەکردووە و پێشتر بە شێوەی فەرمی ڕایانگەیاندووە (کێشەی کورد لە تورکیا نییە). ئەم بێدەنگیەشیان لە ڕێڕەوی هەمان سیاسەتدایە، هەموو شتێک دەربارەی کورد بشەیە و نابێ باس بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕۆژنامەنووس باسی ڕێککەوتنەکەیان کرد، هەرچەندە زۆر دەگمەن بوون. یەکێکیان پرۆفیسۆر شوکری بابان[٢]، کە کوردە، لە ڕۆژنامەی ( تەرجومان[٣]) دا خۆشحاڵی بەرانبەر ئەو ئۆتۆنۆمیە دەربڕی کە بە کوردی عێراق دراوە و بە ئەنجامی (خەباتی بێوچان و ئیرادەی پۆڵایی) لەقەڵەمیدا کە ئەنجامی ئەرێنی

(1) Gontran de JUNIAC

(2) SUKRU BABAN

(3) TERCUMAN

بـەدواوە دەبێـت. بەپێچەوانـەوە ڕۆژنامەنووسـێکی دیکـە بـە نـاوی کەیهـان سـاگڵەمیر[١] لـە ڕۆژنامـەی یەنـی ئێسـتانبول[٢] بـە سـەردێڕی گـەورە نووسـی: "وریـای بارزانـی بـن" و وتـی: "بارزانـی ئـەو ئۆتۆنۆمیـەی لـە دەوڵەتـی عێـراق سـەندویەتی وەک ئامرازێـک بەکاردێنێـت بۆگەیشـتن بـە شـتی زیاتـر. کـوردی عێـراق هـەوڵ بـۆ دامەزراندنـی کۆمـاری سـەربەخۆی کـورد دەدەن". ئـەوە نییـە ئەمدواییـە بارزانـی ڕایگەیانـدووە: "وەک هەمـوو ئـەو نەتەوانـەی خەباتیـان بـۆ مافـە نەتەوەییەکانیـان کـردووە، کوردیـش سـەرەنجام دەگات بـە ئـازادی و یەکێتـی و سەربەسـتی."

بەهەرحـاڵ کـوردی تورکیـا بەدواداچـوون بـۆ ڕێککەوتنەکـە دەکـەن و ڕووداوەکانـی سـەر سـنووری تورکیـا و عێـراق کاریگـەری لـە سـەریان هەیـە. کەوابـوو دەسـەڵاتدارانی تورکیـا ئێسـتا دەیانەوێـت چـۆن لەگـەڵ کـوردی تورکیـا هەڵسـوکەوت بکـەن؟ ئاسـانترین کارێـک کـە دەتوانـن بیکـەن ئەوەیـە چاودێـری توونـد بەسـەر جموجۆڵـە ئازادیخوازانەکانـی کـورددا بکـەن، ئەگـەر هـات و سـەریهەڵدا. لەلایەکـی دیکـەوە وادیـارە دەسـەڵاتی ناوەنـدی کۆمەڵێـک پلانـی بەدەسـتەوەیە بـۆ پێشخسـتنی ئابـووری ناوچـە کوردنشـینە گەشـەنەکردووەکان. لـەم پێنـاوەدا شـتێکی بـە نـاوی) دامـەزراوەی ڕۆژهـەڵات) دروسـتکردووە بۆئـەوەی کۆمپانیـا و بانکەکانـی سـەر بـە حکومـەت و کەرتـی تایبـەت پارەیەکـی زۆر دابنێـن بـۆ سـەرمایەگوزاری بـۆ ئـەوەی ئاسـتی ژیـان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان وەک ناوچەکانـی ئاناتولـی ناوەنـدی و ڕۆژئـاوا بـەرز بێتـەوە.

(1) Kayhan SAGLAMER

(2) YENI ISTANBUL

**لـە بێغناغـد لۆپینـۆ، بەرپرسـی کاروبـاری عێـراق لـە باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە عێـراق بـۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**۲۵ی ئاداری ۱۹۷۰**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزایير، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت، و[نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە] نیۆیۆرک**

**بابەت: کێشەی کورد پاش ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئادار**

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڕیـاری دا (ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان (ی سـەر بـە مـەلا [مستەفا] بارزانـی لـە ۲٤ی ئـادار دابخـات، ئەمـەش تەنیـا گۆڕانگارییەکـە کـە لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی ۱۱ی ئـادار (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ژمـارە ۱۷۰ی ۱۸ی ئـاداری ۱۹۷۰) بەدیکـراوە. بـەڵام زۆر جەژنـی شـادی و لێـدوان، بەتایبـەت لـە ۲۱ی ئـادار( جەژنـی نـەورۆزی کـوردەکان) بەڕێوەچـووە کـە لـە ۲٤ی ئەیلوولـی ۱۹٦۸ەوە کـراوە بـە ڕۆژی نەتەوەیـی کـورد و جەژنـی نیشتمانی عێراق. جـەژن لـە سەراسـەری عێـراق بەڕێوەچـووە و بۆنـەی خۆشـی و شـایی بـە بۆنـەی برایەتـی کـورد و عـەرەب گیـراوە.

کاربەدەسـتانی عێراقیـش دەستەوەسـتان نەبوونـە. سـەدام حوسـەین، ئەندامـی

ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی حزبـی بەعـس و جێگری سـەرۆکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش سـەردانێکی کورتـی کـردووە بـۆ باکـوور بـۆ بینینـی مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی. ئەمجـارەش وەک سـاڵی ۱۹٦٦ سـەرۆکی کـورد لـە بـارەگای سـەرکردایەتی پێشـوازی لـە دەسـەڵاتدارانی هـەرە بـاڵای عێـراق کـردووە. چـوار سـاڵ لەمەوپێـش ژەنـەڕاڵ عەبدولڕەحمان عـارف، سـەرۆک کۆمـار، سـەردانی باکووری کـرد لـە کاتـی ڕاگەیاندننامـەی ۲۹ی حوزەیرانـی ۱۹٦٦. ئەمجـارە، پیـاوی دەسەڵاتبەدەسـتی حزبـی بەعـس خـۆی چـووە بـۆ لای بارزانـی، چونکـە بارزانـی وتوویەتـی سـەردانی بەغـدا نـاکات هەتـا کاتێـک کـە لـە نیازپاکـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دڵنیـا نەبێتـەوە.

ئـەوە دوو هەفتەیـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـەردەوام دەڵێـن دەیانەوێـت بـە زووتریـن کات بڕیارەکانـی ڕاگەیاندننامـەی ۱۱ی ئـادار جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام دەڵێـن جێبەجێکردنـی کاتـی دەوێـت و (ئیمپیریالیسـتەکان) کێشـە و کەندوکۆسـپی بـۆ دروسـت دەکـەن کـە دەبـێ لابرێـن. لـەم پەیوەندییـەدا شـەیخلی[1]، وەزیـری دەرەوە، وتـی: "ئیمپیریالیسـتەکان دەنگویـان بڵاوکردووەتـەوە کـە گوایـا لایەنێـک لـە لایەنـەکان نایەوێـت ڕێککەوتنەکـە جێبەجـێ بـکات. بـۆ نموونـە دەڵێـن ئامانجـی سـەرەکیی کـورد ئەوەیـە کات بکـڕن بۆئەوەی هێـزی خۆیـان کـۆ بکەنـەوە. لەوانەیـە هەڵـە ڕوو بـدات، داوا لـە کـورد و عـەرەب دەکەیـن زۆر بـە وریاییـەوە مامەڵـە بکـەن." سـەدام حوسـەینیش داوای لـە سـوپا کـردووە بـە ڕۆحـی وەفادارییـەوە مامەڵـە بـکات و بەرەنـگاری هەوڵـی دووبەرەکیانـەوەی لایەنەکانـی داردەسـتی دەرەوە بێتـەوە.

لـە لایـەن کوردەوە، بارزانـی هەڵسـا بـە ئەرکـی خـۆی، ئاماژەی بـەو خاڵانـە کـرد کـە ڕێکەوتننامـەی ۱۱ی ئاداری لـەوەی ۲۹ی حوزەیرانـی ۱۹٦٦ جیاکردووەتـەوە، وتـی ڕازییـە بـە ڕێککەوتنەکـەی حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. بارزانـی لـە وەڵامـی پرسـیاری ڕۆژنامەنووسـەکاندا بـە شـێوەیەکی لێزانانـە خـۆی بـوارد لـە باسـکردنی مەسـەلە هەسـتیارەکان، تەنیـا وتـی پشـتیوانی لـە یەکێتیـی عـەرەب دەکات، هەتـا کاتێـک مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد زەوت نەکـەن. دەربـارەی شـای ئێـران، بارزانـی تەنیـا وتـی (هـەر کەسـێک هەڵوێسـتێکی هەیە و دۆسـت و لایەنگری خـۆی دەناسـێت). دەربارەی مەسـەلەی

(1) CHEIKHLY

فەلەستین، بارزانی وتی ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە هەیە. بەڵام کەسە نزیکەکانی ڕاشکاوانەتر قسەیان کرد، لە کاتی ڕێپێوانە جۆراوجۆرەکاندا هەندێ دروشمی بەعسیان وتووەتەوە، پێداگرییان کرد کە ڕێککەوتنەکە دیموکراتی و پێشکەوتووانە کراوە و ڕێگا بۆ کورد و عەرەب خۆش دەکات جیاوازییە ئەتنیکییەکان وەلاوە بنێن و شانبەشانی یەکدی خەبات دژی ئیمپریالیزم و داردەست و هاوپەیمان و چلکاوخۆرەکانیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان ئەو ئامانجانەیان پشتگوێ نەخستووە کە چەندها ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. دکتۆر مەحمود عوسمان، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان، وتوویەتی: "دەبێ ئەنجوومەنێکی نیشتمانی دامەزرێت بۆ گەرەنتیکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق و لە دەوری یەک کۆکردنەوەی هێز و لایەنە جۆراوجۆرەکان. ئێستا وتوووێژ هەیە بۆ ئەم ئامانجە کە دەبێ لە دوو، سێ مانگی داهاتودا بە ئەنجام بگات."

کورد سەرکەوتووە، هیچی نییە بۆ لەدەستدان، لە قۆناخی یەکەمدا پێداگری لە سەر جێبەجێبوونی ئەو خاڵانە دەکاتەوە کە لە ڕاگەیاندننامەی ۱۱ی ئاداردا ئاماژەی پێنەکراوە، بۆ نموونە دوورخستنەوەی [جەلال]تاڵەبانی و هەڤاڵە نزیکەکانی، چونکە زۆر لە نزیکەوە هاوکاریی سوپای عێراقیان کردووە بۆ ئازاردانی خەڵک. ئەم ئامانجەش بەدیهاتووە، چونکە تاڵەبانی و هەڤاڵەکانی بەتایبەت بۆ هەولێر دوورخراونەتەوە.

**لە هێنغی فغانسیس مازۆیێ[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە کۆماری عەرەبی سوریا بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٧ی ئاداری ١٩٧٠**

**دیمەشق**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، بەغدا جەزاییر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت**

**بابەت: کاردانەوەی سوریا لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

جگە لە سوریا، وڵاتانی عەرەبی زۆر دەربارەی [ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار]ی نێوان حکومەتی عێراق و کورد قسەیان کردووە. تا ئێستا هیچ لێدوانێکی فەرمیمان لە دەوڵەتی سوریا نەبیبوە، تەنانەت سەرچاوە ڕێگەپێدراوەکانیش بێدەنگ بوونە.

لەگەڵ ئەوەشدا سوریا گرنگی بە هەندێ لە مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە دەدات. سوریا دەستێوەردان لە کاروباری عێراقی دراوسێی دەکات کە دۆستی نییە و باڵێکی ڕکابەری بەعسی حوکمی دەکات. لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەدا، عێراق دەتوانێت هێزەکانی [لە باکوور] بکشێنێتەوە و بیاننێرێت بۆ بەرەی ڕۆژئاوا[٢]. هەروەها کەمینەیەکی کورد لە سوریا دەژی. کەوابوو ئەمانە هۆکاری بێدەنگی سوریایە لە هەمبەر ڕێککەوتننامەکە، بەڵام سوریا تا کۆتایی بێدەنگ نابێت، چونکە هەموو شتێک بە پیلان دژی خۆی لەیەکدەداتەوە._

(1) Henri Francis MAZOYER

(٢) مەبەستی سەر سنووری سوریایە. وەرگێڕ

ڕۆژنامەکانیش زۆر بە کەمی باسی ڕێککەوتنەکەیان کرد. تەنیا ڕۆژنامەی (البعث) و ( الثورة) لە ٦ دێڕدا ئاماژەیان پێکرد کە دوو ڕۆژنامەن لە دیمەشق بڵاو دەبنەوە و تا ئێستا نەمبینیوە کەس بیانکڕێت و تیراژیان بە قەد تیراژی گۆڤارەکانی قەزاکانی فەڕەنسایە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەم ڕۆژنامانە پشتگوێ بخەین هەرچەندە داماو و هەژاریش بن. حکومەت سانسۆریان دەکات و دەسەڵاتداران بە ئاشکرا و نهێنی گوشاریان دەخەنە سەر و ناچارن ئەو زانیارییانە بڵاو بکەنەوە کە حکومەت ڕازییە و ئەو شتانە بڵاو نەکەنەوە کە حکومەت نایەوێت. ئەم بێدەنگییە بۆ نموونە لەهەمبەر کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامیش پەیڕەو دەکرێت کە ئێستا لە جەددە بەڕێوەدەچێت، چونکە وڵاتانی پاشڤەڕۆ بەڕێوەی دەبن کە لەگەڵ بیرۆکەی عیلمانی و سۆسیالیستی بەعسدا یەک ناگرێتەوە.

بێدەنگیی سوریا لەهەمبەر کێشەی کورد لەوانەیە واتایەکی دیکەشی هەبێت: کاربەدەستانی سوریا نایانەوێت شتێک بڵێن دەربارەی [چارەسەرکردنی کێشەی کورد] کە لەلایەکەوە یەکێتیی و باڵادەستی دەمارگرژانەی عەرەب تێکبدات و لەلایەکی دیکەوە پێش لەوە بگرێت هێزی تازە بچێت بۆ بەرەی ڕۆژهەڵات و پێگەی عەرەب لە شەڕ دژی ئیسرائیل قایمتر بێت[١].

بەهەرحاڵ ئەم بێدەنگییەی سوریا شتێکی کاتییە. حیزبی[بەعسی سوریا] دەیەوێت پاشان بۆچوونێکی مەعقول و بە دوور لە تانە و تەشەر لە هەمبەر ئەم بابەتە گرنگە و ئەنجامە سیاسییەکانی و ئەو بیرۆکەیەی لە پشتییەوە بوو کە حزبی بەعسی سوریاش لە هەمان بیرۆکە سەرچاوە دەگرێت و هەمیشە دژی داواکارییەکانی گەلی کورد بووە، دەرببڕێت.

لە ١٩٦٣ کاتێک هێرشە سەربازییەکانی عێراق دژی کورد دەستیپێکردەوە، دەوڵەتی سوریا نەتەنیا بە ئاشکرا پشتگیری ئەم بڕیارەی عێراقی کرد، بەڵکوو لیوای ( یەرموک)ی نارد بۆئەوەی شانبەشانی هێزەکانی عێراق دژی بە وتەی خۆیان (بارزانیی خیانەتکار) شەڕ بکەن. ئەوکاتە حزبی بەعس یەکگرتوو بوو لە بەغدا و دیمەشق، بەڵام کاتێک حزبی بەعس لە سەر دەسەڵات نەما لە عێراق، سوریا هێزەکانی خۆی لە شەڕ دژی بە وتەی خۆیان (یاخیبوان و جیاخوازەکان) کشاندەوە. لە بەهاری ساڵی دواتردا، کاتێک ئاگربەست لە نێوان کورد و سوپای

(١) مەبەستی ئەوەیە ئێستا کە شەڕ لە باکوری عێراق نەماوە، دەوڵەتی عێراق هێزەکانی دەنێرێت بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و بەمشێوەیە بەرەی عەرەب قایمتر دەبێت. وەرگێڕ

عێراق ڕاگەیەندرا، سوریا سەرەتا بە وریاییەوە پێشوازی لە ئاگربەستەکە کرد و ڕۆژنامەکان زۆر باسیان کرد، هەرچەندە دەوڵەتی سوریا هیچ ڕاگەیاندننامەیەکی بڵاو نەکردەوە، بە هەمان شێوەی ئێستا، بەڵام پاش ئەوەی باش بیریان لێکردەوە، دەسەڵاتدارانی بەعسی سوریا داکۆکییان لە یەکێتیی وڵاتی عەرەب کرد و دەوڵەتی عێراقیان تۆمەتبار کرد خیانەتی لە مەسەلەی یەکگرتوویی عەرەب کردووە و لەگەڵ یاخیبوە جیاخوازەکاندا ڕێککەوتووە.

دەوڵەتی سوریا هەمان هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەبوو کاتێک دکتۆر بەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٩ پلانی خۆی بڵاوکردەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە پارێزگاکانی باکوور، بە هیوای ئەوەی کێشەی کورد بە شێوەی هەمیشەیی چارەسەر بکرێت، هەرچەندە پلانەکەی سەرینەگرت. مانگێک پاش ئەوە، سەرۆکی حزبی بەعسی سوریا، لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٦٦ ڕاگەیاندننامەیەکی قورسی ٢٥ لاپەڕەیی بڵاوکردەوە کە تێیدا لە دوو ڕوانگەی سیاسی و فیکرییەوە، پلانەکەی بەزازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری عێراق بردە ژێر پرسیارەوە.

ئێستاش هەڵوێستی دەوڵەتی سوریە هەمان شتە و نەگۆڕاوە. حزبی بەعس لە ڕاپۆرتێکی نهێنی ناوخۆییدا لە سەرەتای ئەمساڵ، هەمان ئەو شتانەی دووپات کردەوە کە تەمووزی ١٩٦٦ بڵاوی کردبووەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە دەکرێت کێشەی کورد بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١- ڕاپەڕینی کورد هێز و لایەنی پاشڤەڕۆ، فیوداڵ و داردەستی بێگانە، ئینگلیز و کۆمپانیاکانی نەوت کە پارە و چەکوچۆڵیان دەدەنێ دروستی کردووە بۆئەوەی عەرەب و کورد لەیەک جیا بکەنەوە و لە شۆڕشی پێشکەوتنخوازی ناوخۆ یانی خەبات دژی ئیمپیریالیزم و دەرەوە یانی خەبات دژی زایۆنیزم لایبدەن.

٢- سوریا پێیوایە شەڕ یانی سەرکوت و توندوتیژی و ناتوانێت گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی نێوان کورد و عەرەب کە لە کێشە کۆمەڵاتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چارەسەر بکات.

٣- ئەگەر ڕژێمێکی سۆسیالیست و پێشکەوتنخواز بە دەسەڵات بگات، دەتوانێت کێشەکە بەشێوەیەکی گونجاو چارەسەر بکات و چینی کرێکار یەکبخات و کۆتایی بە ڕەگەزپەرستی، تاقمچێتی و ناکۆکییە لاوەکییەکانی ناو کرێکاران بێنێت.

٤- دەوڵەتی عێراق دەیەوێت لە ڕێگای ناوبژیوانیی شیوعییەکانەوە، یان پرۆپاگەندا بۆ ئاگربەست بکات یان ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە.

کەوابوو بۆچوونی سوریا چەند ساڵێکە نەگۆڕاوە و بەبازدان بە سەر کێشە واقعییەکاندا، وەک [بزووتنەوەی] فەتح، ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لە ناو لقوپۆکانی بەعسی سوریا و عێراقدا ون بووە.

ژمارەیەکی تاڕادەیەک زۆر کورد لە سوریا دەژی: نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە شارە گەورەکان وەک حەلەب و دیمەشق، بەتایبەت لە گەڕەکی پاڵ شاخە جوانەکەی قاسیون[1] دەژین. ئەمانە زوو لە ناو چینە جۆراوجۆرە شارنشینەکاندا تواونەتەوە و ئاسەواریی کوردیان تێدا نەماوە، بەڵام شوێنی سەرەکی ژیانی کوردەکان ناوچەی سەرەوەی جەزیرەیە. نازانین ژمارەی دروستیان چەند کەسە ( لەنێوان ١٠٠ تا ١٥٠ هەزار کەس دەبن )، چونکە ئامارە فەرمییەکانی حکومەت وەک کورد دانیان پێدا نانێن و بە هاوردەی وڵاتی تورکیایان لەقەڵەم دەدەن و حکومەت هەوڵیداوە لەبرا کوردەکانی وڵاتانی دراوسێیان دابڕێنێت. کەوابوو خەریکن دەتاوێنەوە. ئەم کوردانە کە لە دەشتەکاندا دەژین، تەنانەت ئەگەر بیر لە ڕاپەڕینیش بکەنەوە، کە وا نییە، هەڵکەوتە جۆگرافییەکەیان لەبار نییە بۆ ئەم ئامانجە.

لە مەیدانی سیاسەتدا، پارتی دیموکراتی کورد هەیە کە جار ناجار خۆی دەردەخات لە قاڵبی بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆک و ڕاگەیاندننامەدا، بەتایبەت بۆ باڵوێزخانەی وڵاتان لە دیمەشق دەینێرێت. ئەم پارتی دیموکراتی کوردە کە بە هەموو شێوەیەک نهێنییە، تۆزێ لە شیوعییەکان نزیکە، بەڵام لە بزووتنەوە ناسیونالیستە کوردەکانی دیکە دوورە.

کەوابوو بەهۆی ئەم هۆکارانە، پێمانوایە پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی کورد لە عێراق کار ناکاتە سەر سوریا و دەوڵەتی سوریا نیگەران ناکات.

---

(1) Kassioun

قاسیون تەپۆڵکەیەکە کە لە شاخیش دەچێت، لە باکوری دەمیشق هەڵکەوتووە. ١١٥٣ مەتر لە ئاستی دەریا بەرزە. دەڵێن هابیل و قابیل و هەندێ لە پێغەمبەرەکان وەک ئیبراهیم، لوت و ئەیوب لەم شاخە ژیاون. مەولانا خالیدی نەقشبندیی جاف لەوێ نێژراوە. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٣١ی ئاداری ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**بابەت: وتووێژەکانی سەدام حوسەین و دکتۆر مەحمود عوسمان لە بەغدا**

بە وتەی کەسایەتییەکی عێراقی، ئێستا وتووێژەکان لە بەغدا بەردەوامە لە نێوان سەدام حوسەین ئەلتکریتی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق و جێگری سکرتێری گشتی حزبی بەعس و دکتۆر مەحمود عوسمان، نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی. وتووێژەکان مەسەلە بنەڕەتییەکان لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو بۆ تاوتوێکردنی ئەم سێ خاڵەیە:

- کورد دەیەوێت هێزێکی ١٥ تا ٢٠ هەزار کەسی لە پێشمەرگە پێکبێنێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆی کوردستان. بەڵام دەوڵەتی عێراق بەپێچەوانەوە دەیەوێت هێزی پێشمەرگە هەڵبوەشێتەوە و هێزێکی دیکە لە دە هەزار کەسێک پێکبێنێت بۆ پاراستنی سنووری ئێران و تورکیا و دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ.
- بارزانی داوای کردووە دەستبەجێ چەکدارە عەشایرییە کوردەکان[(١)] هەڵبوەشێندرێنەوە کە دەوڵەتی عێراق دروستی کردوون بۆ شەڕکردن لەگەڵ کوردە ئۆتۆنۆمیخوازەکان. دەوڵەتی عێراق بەم داواکارییە ڕازییە، بە مەرجێک لێبوردنی گشتی دەربکرێت بۆ سەرجەم ئەو کوردانەی لەگەڵ هێزەکانی بارزانی شەڕیان کردووە.
- بارزانی داوای کردووە پارتی ناسیونالیستی کورد کە جەلال تاڵەبانی سەرۆکیەتی

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

و حزبی کۆمۆنیستی کورد کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکیەتی هەڵبوەشێندرێنەوە[١]. دەوڵەتی بەغدا بێگومان بەم داواکارییەش ڕازییە، هەرچەندە تاڵەبانی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩عێراقی بەجێهێشتووە و ئیبراهیم ئەحمەدیش لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠ عێراقی بەجێهێشتووە.

بەهەرحاڵ، بەوجۆرەی دیپلۆماتێکی عێراقی باسی کردووە، تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنیش لەسەر ئەم خاڵە بکرێت، ئەگەری زۆرە پاش ماوەیەک [جەلال] تاڵەبانی و [ئیبراهیم] ئەحمەد بگەڕێنەوە کوردستان بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕابەرایەتی بارزانی و بەشێکی گرنگ لە لاوان و ڕووناکبیرانی کورد دەکەونە شوێنیان.

مەسەلە هەستیارەکانی دیکە کە پاشان تاوتوێ دەکرێن و مەترسی ئەوەیان لێدەکەوێتەوە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ی نێوان دەوڵەتی عێراق و بارزانی تێکبدەن ئەمانەن:

- دیاریکردنی سنووری کوردستان.
- دانی بەشی کورد لە داهاتی نەوت.
- دەستێوەردانی بەغدا لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

(١) مەبەستی لە پارتی ناسیونالیستی کورد، باڵی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە جەلال تاڵەبانی سەرۆکی بووە. ئیبراهیم ئەحمەد قەد سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی کورد نەبووە و قەد حیزبێکیش نەبووە بە ناوی کۆمۆنیستی کورد. ئەوکاتە تەنیا حیزبی شیوعی عێراق بووە. وەرگێڕ

**لـە بێغناغـد لۆپینـۆ، بەرپرسـی کاروبـاری عێـراق لـە باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە عێـراق بـۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی نیسانی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز گۆشێ)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دۆلا فوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، ڕۆما، بۆن، ئورشەلیم، مادرید، مۆسکۆ، تاران، جەزایر، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت**

**بابەت: لێدوانی سەرۆک کۆماری عێراق دەربارەی کێشەی کورد**

ژەنەڕاڵ ئەحمەد حەسـەن ئەلبەکر، سـەرۆک کۆماری عێراق لە ٢٨ی ئادار کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەنووسـی بـە ئامادەبوونـی بیسـت- سـی ڕۆژنامەنووسـێکی بیانـی بەڕێوەبـرد کـە زۆربەیـان هـی وڵاتانـی عـەرەب بـوون. ئـەم ڕووداوە کـە پێشـتر لـە عێـراق ڕووینـەداوە و پڕۆپاگەنـدە و ئامادەکاریـی زۆری بـۆ کرابـوو، بـۆ ئـەوە بـوو کـە کۆمەڵێـک شـتی گرنـگ لـە زمانـی خـودی سـەرۆک کۆمـارەوە ببیسـین. کۆنفرانسـەکە کـە دوو کاتژمێـری خایانـد لـە کەشـوهەوایەکی ساردوسـڕدا بەڕێوەچـوو. ئێـوارەی ڕۆژی پێشـتر وەزیـری ڕاگەیانـدن و زانیـاری پرسـیارەکانی ڕۆژنامەنووسـەکانی تۆمـار کردبـوو، سـەرۆک کۆماریـش وەڵامەکانـی پێشـتر ئامـادە کردبـوو، دەیخوێندنـەوە. پرسـیارەکان زۆربەیـان گشـتی و دووبـارە بـوون، دەربـارەی ئـەم مەسـەلانە بـوون: ئەگـەری کشـانەوەی هێزەکانـی عێـراق لـە باکـوور و

ناردنیـان بـۆ بـەرەی ڕۆژهـەڵات، هاوکاریـی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق لەگـەڵ هێـزە چەکدارەکانـی وڵاتانـی دیکـەی عـەرەب، ئامادەنەبوونـی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق لـە دانیشـتنەکانی وڵاتانـی عـەرەب، شـەڕی کۆماندۆیـی لـە لوبنـان، وەلاوەنانـی هەنـگاو بـە هەنـگاوی ئەمریـکا... سـەرۆک کۆمـار خـۆی لـە باسـکردنی کۆمەڵێـک مەسـەلەی گرنـگ بـوارد و وەڵامەکانـی قەناعەتـی بـە بیـروڕای گشـتی عێـراق نەهێنـا.

سەرۆک کۆمار دەربارەی کێشەی کورد وتی:

(... هەمـوو هێـز و توانـای خۆمـان دەخەینەگـەڕ بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێوشـوێنەکانی [ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار] و دانانـی بـەردی بناخـەی ئۆتۆنۆمـی. حزبـی بەعـس لـە کۆنفرانسـی نیشـتمانیی دەیەمـی پانعەرەبـی خۆیـدا ڕێوشـوێنەکانی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری پەسـەند کـردووە. دەرگا کراوەیـە بۆئـەوەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ کـورد پـاش ڕاگەیاندننامەکـە پتـەو بێـت. زۆرتریـن ژمـارەی پێشـمەرگە (هێزەکانـی بارزانـی) لـە نـاو سـوپای عێـراق دادەمەزرێـن بۆئـەوەی عێـراق لەبەرامبـەر هەڕەشـەکان بپارێـزن. ڕێککەوتنەکـە بـە زەرەری کـەس نەکـراوە (مەبەسـتی تاڵەبانـی بـوو)، بـۆ بەرەنگاربوونـەی مەترسییەکانی دەرەوە پێویسـتی دەکـرد هێزەکانمـان لـە باکـوور بکشـێنینەوە. حکومـەت هێـزە میلیشـیاکان[1] چـەک دەکات و هەڵیاندەوەشـێنێتەوە. پلانـی ٥ سـاڵە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی باکـوور هەمـوار دەکرێتـەوە، یاسـایەک خەریکـە پەسـەند دەکرێـت بـۆ بڕینـەوەی مووچـە بـۆ بنەماڵـەی قوربانیانـی شـەڕ، یاسـای بنەڕەتـی بەمزوانـە هەمـوار دەکرێتـەوە و یاسـایەک پەسـەند دەکرێـت بـۆ دامەزراندنـی پەرلەمـان کـە تێیـدا هەنـدێ لـە مافـە تایبەتەکانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ پەسـەندکردی یاسـا لادەبردرێـت و حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لایەنـە نیشـتمانییەکانی دیکـە لـە پەرلەمانـدا بەشـدار دەبـن. پۆسـتی جێگـری سـەرک کۆمـار و چەنـد وەزارەتێـک بـە کـورد دەدرێـت.

لەمەو بە دوا هاوپەیمانییەک لە نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدێت. دەرگا کراوەیە بۆ لایەنەکانی دیکە کە دەیانەوێت سیاسەتی شۆڕش لەپەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتنی سۆسیالیستی و خەبات دژی ئیمپیریالیزم پەیڕەو بکەن.)

(١) مەبەستی جاشەکانە. وەرگێڕ

**وەزارەتی دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی نیسانی ١٩٧٠**

**بابەت: ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار سەرۆک کۆماری عێراق دەفەوتێنێت**

ئایا ڕۆژێک دێت ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر وەک نوری سەعید، عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام و عەبدەولڕحمان عارف بە تۆمەتی خیانەت و خۆفرۆشتن دادگایی بکرێت و سزا بدرێت؟ بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە بەغدا بڵاوبووەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپای عێراق، ڕێککەوتننامەی[١١ی ئادار] بە سەرشۆڕی دەزانن و قەبوڵی ناکەن. کوردیش بۆڵەی دێت و ژەنەڕاڵ بارزانی تەنیا پشت بە دۆستەکانی خۆی دەبەستێت. باڵی [جەلال] تاڵەبانی و هێزەکانی فرسان صلاح الدین کە شانبەشانی سوپای عێراق دژی هێزەکانی بارزانی شەڕیان دەکرد یەکەم قوربانیی ڕێککەوتنەکە بوون. تاڵەبانی کە یەکێ لە هەڤاڵە هەرە نزیکەکانی بارزانی بوو، ئەوەندە پشتیوانی لێدەکرێت کە ببێت بە سەرئێشە بۆ ڕژێمی عێراق.

هیچ گومان لەوەدا نییە ڕێککەوتنەکە سەرکەوتنی بارزانی بوو. ئەفسەرە عەرەبەکان ڕێککەوتنەکە بە تەسلیمبوونی سەرشۆڕانەی عێراق لەبەرامبەر ژەنەڕاڵە پیرە [کوردە] یاخیبووەکە لەقەڵەم دەدەن. هێشتا هەندێ لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە نهێنین، بەڵام وادیارە حەسەن ئەلبەکر هیچ ڕێگای دیکەی نەبووە جگە لە قەبوڵکردنی. بارودۆخی ئابوری و دارایی عێراق زۆر خراپە. بارزانی بڕیاریدابوو هەموو دامودەزگاکانی نەوتی کەرکووک و مووسڵ بتەقێنێتەوە. پارە و ئیمکانیشی هەبوو، دەیویست لە ناوچە شاخاوییەکان بێتە دەرەوە و شەڕەکە بباتە نێو دەشتەکان.

ڕێککەوتنی کورد- عەرەب، عێراق بەرەو فیدراسیۆنی دوو نەتەوە دەبات، کەوابوو یاسای کاتی هەموار دەکرێتەوە، وڵات بە دوو ئیدارەی کورد و عەرەب دابەش دەکرێت کە تێیدا مافی کەمینەکانی دیکەش گەرەنتی دەکرێت. زمانی کوردیش وەک عەرەبی دەبێت بە زمانی فەرمیی عێراق. جگە لەوەش سەرجەم

مافە نەتەوەییەکانی کورد دانی پێدا دەنرێت لەگەڵ ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان، هێزی چەکدار و پۆلیسی سەربەخۆی خۆیان دەبێت. کاروباری بەرگری، دەرەوە و دارایی و ئابووری لە دەستی حکومەتدا دەبێت، بەڵام کوردیش بێبەش نابێت لێیان.

### نهێنییەکانی ڕێککەوتنەکە

هەندێ لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە نهێنین. پێنج کورد لە پۆستی وەزارەت دادەنرێن. هەموو ئەو کارانەی پەیوەندی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە هەیە نابێ حکومەت دەستێوەردانیان تێدا بکات. جگە لەوەش ئەو مافە دراوە بە بارزانی کە بەشێکی گرنگ لە کورسییەکانی پەرلەمان بدرێت بە کورد. لە ماوەی دوو ساڵدا دەبێ هەڵبژاردن بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان. ئەگەر هەلومەرج ڕێگربێت لە هەمبەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، ئەو کوردانەی دەبێت ئەندامی پەرلەمان بن، دەبن بە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای عێراق کە پێشتر دامەزراوە. هەروەها بە فەرمی بەڵێن بە کورد دراوە ئازادی بدرێت بە حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیدا کە حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنە پێشکەوتنخوازەکان ( یانی تەنیا شیوعییەکان) پێکیدێنن.

هەندێ خاڵی نهێنی دیکەی ڕێککەوتنەکە ئەمانەن: پاشەکشەی سەربازانی عێراق لە ناوچەی کوردنشین دەستیپێکردووە. سوپا سەربازگە سەرەکییەکانی لە باکوور چۆڵ کردووە و شوێنەکانی دیکەش بەمزوانە چۆڵ دەکرێن. تەنیا چەند بنکەیەکی سوپای عەرەبی عێراق لە باکوور دەمێنێتەوە وەک (سەمبولی یەکێتیی نەتەوەی کورد و عەرەب).

دەوڵەت پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە، قەبوڵی کردووە پێداچوونە بەو بەشە ئامارە ڕەسمییەی عێراقدا بکرێت کە بارزانی قەبوڵی نییە. وەزارەتی دەرەوەی عێراق داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لێژنەیەکی پسپۆری ئەم بوارە بنێرێت بۆ عێراق. لێژنەکە سەرژمیریی ناوچە کوردنشینەکان دەکات، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان. لە سەر بنەمای ئەم ئامارە، سنووری هەمیشەیی ناوچەی کورد و عەرەب دیاری دەکرێت. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ ناوچەی خاوەن

نەوتـی کەرکـووک گرنگـە کـە کـورد داوا دەکات بەتـەواوی بکەوێتـە ژێـر دەسـتی. قەبوڵکردنـی ئـەم داواکارییـەی کـورد، هـۆکاری سـەرەکی سـەرکەوتنی وتووێـژەکان بـووە. هـەردوولا لـە ڕێککەوتننامەیەکـی کاتیـدا قەبوڵیـان کـردووە کـە بـە چاودێریـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەرژمێری ئەنجـام بدرێـت.

## ئایا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەبێت؟

کام کـورد دەبێـت بـە جێگـری سـەرۆکی کۆمـاری فیدراڵـی کـورد و عـەرەب؟ ژەنـەڕاڵ مـەلا مسـتەفا بارزانـی ڕایگەیانـدووە نـە خـۆی و نـە کـوڕە گەورەکـەی، ئیدریـس، ئـەم پۆسـتە وەرناگـرن. بارزانـی لـەوە دەترسـێت حکومەتـی عێـراق پێـش ئـەوەی ڕێککەوتنەکـە بـە تـەواوی جێبەجـێ بـکات، خـۆی یـان کوڕەکـەی بـە بارمەتـە بگرێـت. کەوابـوو ئەگـەری زۆرە دکتـۆر مەحمـود عوسـمان، سـکرتێری گشـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بـە نـاوی کـوردەوە لەگـەڵ حکومـەت وتووێـژی کـردووە و لەلایـەن بارزانییـەوە بـە فەرمـی ڕێککەوتنەکـەی پشتڕاسـت کردووەتـەوە، بکرێـت بـە جێگـری سـەرۆک کۆمـار. ئەوکاتـەی هەواڵـی ڕێککەوتنەکـە بـە فەرمـی بـڵاو بـووەوە، دکتـۆر مەحمـود عوسـمان لـە تەنیشـت ژەنـەڕاڵ حەسـەن ئەلبەکـرەوە بـوو لـە سـەر سـەکۆی کۆشـکی سـەرۆک کۆمـاری. کاتێـک دکتـۆر مەحمـود نـاوی مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی دەهێنـا، ئـەو بەعسـییانەی لـەوێ کۆببونـەوە، هوتافیـان دەکێشـا و تەشـویقیان دەکـرد.

ئایـا دەسـەڵاتدارانی بەغـدا ڕێـز لـە ڕێککەوتنەکـە دەگـرن؟ زۆربـەی چاودێـران بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەزموونـی ڕابـردوو و ڕێـژەی تەسـلیمبوونی حکومـەت لـە بەرامبـەر بارزانـی، پێیانوایـە نەخێـر، حکومـەت جێبەجێـی نـاکات. بارزانیـش تەگبیـری خـۆی کـردووە: هێـزی چەکـداری سـەربەخۆ و پۆلیسـی خـۆی هێشـتووەتەوە و دەسـتی لێنـەداوە. چەکـە قورسـەکانی ڕادەسـتی حکومـەت نـاکات و ئیزگـەی ڕادیۆکـەی لـە شـاخ داناخـات، هەتـا ئەوکاتـەی حکومـەت سـەرجەم مەرجەکانـی ڕێککەوتنەکـە جێبەجـێ دەکات.

بەهەرحـاڵ پـاش ٤٠ سـاڵ وتووێـژ و ۹ سـاڵ شـەڕ، کـورد گەیشـت بـە ئامانجـی خـۆی کـە دانپێدانانـی فەرمـی بـە ناسـنامەی نەتـەوەی کـورد لـە عێـراق، ئۆتۆنۆمیەکـی

ئیداریـی زۆر بەرفـراوان، سـوپا، زانکـۆ و قەڵەمڕەوێکـی بەرفـراوان و گەرەنتیکـراو بـوو. قەڵەمـڕەوی کـورد، عەرەبـی عێراقـی لـە ئێـران و تورکیـای دراوسـێی جـودا کردووەتـەوە. بەعسـییەکانی عێـراق قـەد مەزەنـدەی شـتی وایـان نەدەکـرد و بـە ئاسـانی قەبوڵیشـی ناکـەن.

کـورد بۆئـەوەی ئـەم سـەرکەوتنەی بـە ئەنجـام بـگات پێویسـتی بـە پشـتیوانی ناوخـۆ و دەرەوە هەیـە. لـە ئاسـتی دەرەوە، بەتایبـەت پێویسـتی بـە سـۆڤیەت هەیـە کـە ڕۆڵـی یەکلاییکـەرەوەی بینیـوە لـە ڕێککەوتنەکـەدا. لـە ئاسـتی ناوخـۆش پێویسـتی بەوەیـە ژەنـەڕاڵ تکریتـی و عەمـاش کـە دوو پیـاوی بەهێـزی پشـتیوانی حەسـەن ئەلبەکـرن، بـەردەوام پشـتگیری ڕێککەوتنەکـە بکـەن.

**لە فغانسیز ئوغ، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئیسرائیل بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٨ی نیسانی ١٩٧٠**

**تەلئەبیب**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی [وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ڕۆما، بۆن، مۆسکۆ، پەکین[١]، تاران، جەزاییر، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی**

**بابەت: هەڵوێستی ئیسرائیل لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق**

کاتێک ڕێککەوتننامەی١١ی ئادار لەنێوان دەوڵەتی عێراق و سەرۆکایەتی ڕاپەڕینی کورد ڕاگەیەندرا، ئیسرائیل تاڕادەیەک بێدەنگ بوو.( بنوارن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٣٢٣ی ١٣ی ئاداری ١٩٧٠). بەهەرحال ئەمە یەکەم جار نییە دەوڵەتی عێراق هەوڵ دەدات کێشەی ڕاپەڕین چارەسەر بکات و شەڕ دەوەستێنێت. بارزانیش تەگبیری خۆی کردووە و هەنگاو بەرەو پاش هەڵناگرێت: هێڵی بەرگری خۆی قایم کردووە، و چەکوچۆڵە سووکەکانی ڕادەستی حکومەت نەکردووە، هەرچەندە دەبێ چەکوچۆڵە قورسەکانی ڕادەست بکات. هەواڵنێری کاروباری سەربازی [ڕۆژنامەی] (ئورشەلیم پۆست)ئاماژەی بەوە کردووە ژەنەڕاڵ بەکر ئەڵقەی گەمارۆی ناوچە کوردنشینەکانی سست نەکردووە، کەوابوو مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی عێراق بنێردرێن بۆ بەرەی ئوردن- ئیسرائیل.

---

(١) پەکین پایتەختی وڵاتی چینە. وەرگێڕ

وەزارەتــی دەرەوەی ئیسرائیلیــش بــە هەمــان شــێوە خۆشــبینە. بەڕێــز هــەدداس[١]، بەڕێوەبــەری نووســینگەی لێکۆڵینەوەی[وەزارەتــی دەرەوە] لــە ١٦ی ئــادار ڕایگەیانــد ( بنــوارِن بــۆ تیلیگرامــی ژمــارە ٥٠ی ١٩ی ئــادار) دەوڵەتــی عێــراق هــەر کاتێــک هەلومەرجــی ناوخــۆ ڕێگــەی پێبــدات، ئاگربەســت لەگــەڵ کــورد تێــک دەدات، بۆیــە هەڤاڵەکانــی بارزانــی تەگبیــری پاراســتنی خۆیــان کــردووە. جگــە لــەوەش، ژەنــەڕاڵ بەکــر دەیەوێــت یەکینەکانــی ســوپا لــە دەوروبــەری بەغــدا بهێڵێتــەوە، چونکــە دەبــێ ژمارەیەکــی بەرچــاو لــە هێزەکانــی ســوپا لــە ســەر ســنووری ئێــران جێگیــر بــکات، هەتــا کاتێــک کێشــەی شــەتولعەرەب لەگــەڵ ئێــران چارەســەر بکرێــت. کەوابــوو ئــەم هۆکارانــە وایکــردووە ژمارەیەکــی کەمــی هێزەکانــی ســوپای عێــراق بــۆ بــەرەی ئــوردن بنێردرێــن.

خاتــوون ڤێرێــد[٢]، بەرپرســی نووســینگەی کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی نزیکــی وەزارەتــی دەرەوەی ئیسرائیــل، بۆچوونێکــی دیکــەی هەیــە. ئامــاژەی بــە ســەفەری وەزیــری بەرگــری عێــراق بــۆ عەمــان کــردووە، وتوویەتــی عێــراق خەریکــە ئامــادەکاری دەکات بۆئــەوەی ژمارەیەکــی بەرچــاو لــە هێزەکانــی بنێرێــت بــۆ ئــوردن. ڤێرێــد ئامــاژەی بــەوە کــردووە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار زۆر ناخایەنێــت و وتوویەتــی تەنانــەت ئەگــەر شــەش کوردیــش بــبن بــە وەزیــر، هیــچ لــە مەســەکە ناگۆڕدرێــت، چونکــە هیــچ کوردێــک ناچێتــە نــاو ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی شــۆڕش کــە دەســەڵاتی بــە دەســتەوەیە. کوردێکیــش ببێــت بــە جێگــری ســەرۆک کۆمــار، ئەویــش هیــچ ناگۆڕێــت، چونکــە دوو وەزیــری عەرەبیــش یانــی تکریتــی و عەمــماش کــراون بــە جێگــری ســەرۆک کۆمــار. هەروەهــا هەڵوەشاندنەوەی بیست هــەزار چەکــداری کــوردی باڵــی [جــەلال] تاڵەبانــی ڕکابــەری بارزانــی، دەبێتــە کێشــەیەکی گــەورە بــۆ دەوڵەتــی عێــراق، چونکــە لەوانەیــە تاڵەبانــی نارەزایەتــی هەڤاڵەکانــی بقۆزێتــەوە بــۆ یاخیبــون لــە حکومەتــی عێــراق.

خاتــوون ڤێرێــد وتویەتــی: بەهەرحــاڵ هەمــوو ئەمانــە پێــش لــەوە ناگرێــت کــە ڕۆڵــی عێــراق لــە شــەڕی ئیسرائیل-عــەرەب لاواز بێــت. عێــراق پشــتیوانی زیاتــر لــە ڕێکخراوەکانــی فەلەســتین دەکات و هانیــان دەدات، بەتایبــەت ( بــەرەی ڕزگاریــی

(1) HADDAS

(2) VERED

عـەرەب) کـە گوێڕایەڵـی عێراقـە و ڕکابـەری بزووتنـەوەی (الصاعقـە) [1]یـە. کەوابـوو ژەنـەڕاڵ بەکـر هێـزی نـوێ دەنێرێـت بـۆ ئـوردن و دەوڵەتـی سـۆڤیەتیش پشـتیوانی لێـدەکات.

بـە بۆچوونـی بەڕێوەبـەری نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی نزیکی[وەزارەتـی دەرەوەی] ئیسرائیـل، سـۆڤیەت ڕۆڵـی سـەرەکی بینیـوە لـە وتووێژەکانـی کـورد و دەوڵەتـی عێراقـدا. یەکێتیـی سـۆڤیەت گوشـاری زۆری خستووەتەسـەر باڵـی لایەنگری سـۆڤیەتی کـوردە شـیوعییەکان کـە دەسـەڵاتی هەیـە بـە سـەریانەوە [لەگـەڵ حزبـی بەعـس بچنـە نـاو یـەک بـەرە]. بەعسـی عێراقیـش بـە دڵـی دەکات چونکـە دەیەوێـت پـەرە بـە هەوڵـە پۆپۆلیسـتییەکانی بـدات و بزووتنـەوەی شـیوعی لـە ئێسـتادا بـە هەڕەشـەیەک لـە سـەر خـۆی نازانێـت. پێیوایـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ بارزانـی، [عەزیـز] شـەریفی ڕازی کـردووە کـە وەزیـرە و شـیوعیترین کەسـایەتی کـوردە.

خاتـوون ڤێرێـد پێیوانییـە دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت زۆر گرنگـی بـە بەرژەوەنـدی ئابـووری لـە عێـراق بـدەن، بەرژەوەنـدی سیاسـی بۆیـان گرنگـترە، بەشـی نەوتـی ڕۆمێلایـان بەسـە بۆئـەوەی بـە نرخـی گونجـاو بینێـرن بـۆ وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا.

بـە بۆچوونـی خاتـون ڤێرێـد، سـۆڤیەت دوو ئامانجـی سـەرەکی هەیـە: لـە درێژخایەنـدا دەیەوێـت هێزەکانـی بەریتانیـا لـە کەنـداوی فـارس بکشـێنەوە و ڕێـگای هەناردەکـردن و هاوردەکردنـی کاڵا و شـتومەک بـۆ هینـد نەکەوێتـە مەترسـییەوە. لـە کورتخایەنـدا بەتایبـەت دەیەوێـت سـەری سـوپای مـسر سـووک بـکات. لـە پێنـاو ئـەم ئامانجـەدا هـەوڵ دەدات بـەرەی سـوریا و ئـوردن قایمـتر بـکات بـۆ ئـەوی ئیسرائیـل واز لـە کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی مـسر بێنێـت. سـۆڤیەت بەتایبـەت هانـی سـوریا دەدات زیاتـر هێـرش بکاتـە سـەر هێزەکانـی ئیسرائیـل لـە [بەرزاییەکانـی] جـۆڵان.

ئەمانـە بۆچوونەکانـی بەڕێوەبـەری کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەزارەتـی

---

(1) SAIKA

الصاعقـە ڕێکخراوێکـی سیاسـی - سـەربازی فەلەسـتینی بەعسـی بـووە کـە حیزبـی بەعسـی سـوریا لـە ١٩٦٨ بـە سـەرۆکایەتی فرحـان ابوالهویـە دروسـتیکردووە و پاشـان لـە نـاو بزووتنـەوەی (فتـح) دا توایەتـەوە و پـاش ١٩٩٣ لـە (فتـح) هاتووەتـە دەرەوە. ئێسـتا هیـچ ڕۆڵـی نەمـاوە. وەرگێـڕ

دەرەوەی ئیسرائیل بوو دەربارەی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق و ئەنجامەکانی لە داهاتوی نزیکدا، کە دەبێ بە حەزەرەوە وەریبگرن و زۆر خۆشبین نەبن. ڕۆژنامەی هائارتز[1] لە ٧ی نیسان بڵاوی کردەوە کە کۆنفرانسێکی نهێنی لە قاهیرە بە ئامادەبوونی وەزیری جەنگی ئوردن، سوریا، عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی مسر بەڕێوەچووە، بۆئەوەی هێزی زیاتر لە عێراق بچێت بۆ ئوردن و هێزەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات لە سەر سنووری ئوردن و سوریا کاراتر بکرێن.

(1) Haartz

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی نیسانی ١٩٧٠**

**بـۆ زانیاریـی: بەرپرسـی نووسـینگەی سـەرۆک کۆمـار، نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران، سـکرتارییەتی گشـتی، باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە دیمەشـق، تـاران، بەغـدا، ئەنقـەرە**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق**

پێشـتر وەزارەتـی دەرەوەم ئـاگادار کـردەوە کـە ڕۆژنامەکانـی سـۆڤیەت پێشـوازییان لـە ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ کـردووە کـە سـەرەنجام کۆتایـی بـە کێشـەی کـورد هێنـا. ڕۆژنامـەکان خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکەیـان بڵاوکـردەوە. چەنـد هەفتـە دوای ڕاگەیاندننامەکـە، دوو هەواڵنێـری ڕۆژنامـەی پراڤـدا وتارێکـی دورودرێژیـان دەربـارەی کێشـەی کـورد بڵاوکـردەوە، ئاماژەیـان بـە ڕەگوڕیشـەی کێشـەکە کـرد کـە ببـوو بـە کێشـەیەکی جیـددی بـۆ دەوڵەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق، لەوانـە دەوڵەتـی پـاش شـۆڕش یانـی پـاش ١٩٦٨. وتیـان: "شـەڕی عێـراق دژ بـە کـورد پێـی نابـووە قۆناخـی کۆمەڵکوژیـەوە. کـورد گەلێکـی هێـژا و خۆڕاگـرە کـە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی عێـراق، تورکیـا، سـوریا و ئێـران دەژی." پراڤـدا باسـی کەمینـەی کـوردی دانیشـتووی یەکێتـی سـۆڤیەتی نەکـرد.

دوو هەواڵنێرەکـە ئاماژەیـان بـەوە کـرد: "پـاش ئـەوەی بەعـس گەیشـت بـە دەسـەڵات، دەرفـەت ڕەخسـا کێشـەی کـورد چارەسـەر بکرێـت. دەسـەڵاتدارانی بەعـس بـە پێچەوانـەی حکومەتەکانـی پێشـوو، تێگەیشـتن کـە خەبـات دژی ئیمپیریالیـزم تەنیـا کاتێـک دەکرێـت، ئـەم شـەڕی براکوژییـەوە کۆتایـی پێبێـت. حزبـی شـیوعیی عێـراق ڕۆڵێکـی گرنگـی بینـی لـەم هەنـگاوە هۆشـیارانەیەدا."

ڕۆژنامـەی پراڤـدا لـە درێـژەی وتارەکـەدا باسـی ئەنجامەکانـی ڕێکەوتننامەکـەی کـرد، وتـی: "ڕێککەوتنەکـە لـە ئاسـتی ناوخـۆی عێراقـدا کەندوکۆسـپێکی سـەرەکی لـە سـەر

ڕێگای پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاوی عێراق لابرد و لایەنە نەشازە مەترسیدارەکانی ناو خودی بزووتنەوەی کوردیشی بێدەنگ کرد. هێزە ئیمپریالیستەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا خۆیان بخزێننە ناو بزووتنەوەی کورد و هەستی دژە عەرەب پەرەپێبدەن بۆئەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێکنەکەوێت و دەوڵەتێکی نیشتمانی لە عێراق پێکنەیێت. هیچ گومان لەوەدا نییە ڕێککەوتنەکە بێ گیروگرفت نابێت. گەورەترین گیروگرفتێک کە عێراق دەبێ چارەسەری بکات ئەوەیە کە بەرەیەکی یەکگرتووی دیموکراتی نیشتمانی پێکبێنێت سەرجەم حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق لەخۆ بگرێت، هەرچەندە هەندێ لایەن دەیانەوێت حزبی شیوعی تێدا نەبێت. چارەسەربوونی کێشەی کورد لە عێراق بۆ سەرجەم عەرەبەکان گرنگە. ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ نموونەیەکە بۆئەوەی کێشەی کەمینە ئەتنیکییەکان لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و جیهانی سێیەم بە گشتی بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە و بوێرانە چارەسەر بکرێت."

ڕۆژنامەی پراڤدا لە کۆتاییدا لە زمانی دکتۆر مەحمود [عوسمان]، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، وتویەتی یەکێتی سۆڤیەت زۆر هەوڵیداوە لایەنەکان ڕێکبکەون بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناوخۆی عێراق و ئاماژەی بەوە کردووە: "هەڵوێستی دۆستانەی یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەک ئاسانکاری کرد بۆ چارەسەربوونی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، دەتوانێت نەتەوەی کورد و عەرەب هان بدات پێکەوە گفتوگۆ بکەن و لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی نیسانی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی [ی وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، تەلئەبیب**

**بابەت: نیگەرانی تورکیا لە گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەی کەرکووک**

ئورهان ئیراڵپ[(١)]، سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ١٠ تا ١٣ی نیسان لە بەغدا بوو. سەرچاوەکانی ئێمە و ڕۆژنامەکان شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئامانج و ئەنجامی سەردانەکەی نازانن. ئیراڵپ لە کاتی گەڕانەوە بۆ تورکیا وتی ئامانجی سەفەرەکەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەربارەی مافە کولتورییەکانی تورکمانەکانی باکووری عێراق بووە. باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا دەڵێت ٥٠٠ هەزار تورکمان لە عێراق هەیە کە زۆربەیان لە ناوچەی کەرکووک دەژین، بەڵام بە گوێرەی ئاماری عێراق کە لە ڕاستییەوە نزیکترە، ٨٠ هەزار تورکمان لە عێراق دەژی.

لە ٢٤ی کانوونی دووەم، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانی بە مافە کولتورییەکانی کەمینەی تورکماندا نا لە ناوچەی خۆیان، یانی لەمەوبەدوا تورکمانەکان دەتوانن لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بە زمانی خۆیان بخوێنن، نووسینگەی کاروباری تورکمانەکان لە وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە بەغدا دروست دەکرێت، گۆڤار بە زمانی تورکمانی بڵاودەکرێتەوە و ماوەی

(1) Orhan ERALP

پەخشی بەرنامە بەم زمانە لە تەلەڤزیۆن زیاد دەکرێت.

لەو کاتەوەی کێشەکە بە ئاشکرا چارەسەر کراوە، بنکەیەکی کولتووری تورکمان لە کەرکووک کراوەتەوە کە ئاڵای تورکی بەسەرەوەیە. دەوڵەتی عێراق دەڵێت بارزانی داوا دەکات هەموو پارێزگای کەرکووک بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی، داواکارییەکەی لە جێی خۆیدا نییە، بۆیە دەسەڵاتدارانی بەغدا بە گرتینەوە هاتوون بە پیری داواکارییەکەی تورکیا لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی تورکمانەکاندا.

باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا گرنگی دەدات بە مەسەلەی سەرژمێرییەکە کە بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار دەبێ بکرێت و هیواداره دەوڵەتی ناوەندی بتوانێت سەرژمێرییەکە بە زووترین کات ئەنجام بدات، یانی پێش ئەوەی کوردە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان[لە ناوچەی کەرکووک]. کاربەدەستانی تورکیا هەروەها دەیانەوێت پارێزگای کەرکووک نەکەوێتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی کورد. بە گوێرەی زانیاری سەرچاوە باشەکان، تورکمانەکان دەورێکی ئەوتۆیان لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداردا نەبینیوە و پێیانباشترە لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبدا بن.

سەردانەکەی ئیراڵپ پەیوەندیشی بە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقەوە هەبووە. کاربەدەستانی باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا وتیان دەوڵەتی عێراق پێشوازی لە ناوبژیوانی تورکیا نەکردووە کە چەند مانگ لەمەوپێش بڕیار بوو بکرێت بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق.

پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق سارد وسڕە. پرۆژەی ڕاکێشانی بۆری نەوت لە عێراق بۆ توکیا وەلانراوە، بەهۆی ئەوەی خەرجی زۆری تێدەچێت و ڕێگای نێوان هەر دوو وڵات، هەرچەندە تەواو بووە، هێشتا نەکراوەتەوە، بەهۆی ئامادەنەبوونی کاربەدەستانی عێراق.

لە کۆتاییدا دەسەڵاتدارانی تورکیا ناچارن ئەوە قەبوڵ بکەن کە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە و تەنیا پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەڵام، هەروەک کاربەدەستانی باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا پێیانوتم، ئەگەر ئۆتۆنۆمیەکەی مەلا [مستەفا] بارزانی بە شێوەیەک لە شێوەکان کار بکاتە سەر مەسەلە ناوخۆییەکانی تورکیا، دەوڵەتی تورکیا بە گوێرەی هەلومەرجەکە هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت.

**لە پییەغ سێغل[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**بەڕێز بغینۆ دۆلیوس[٢]، نوێنەری تایبەتی وەزیری دەرەوە**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٩ی نیسانی ١٩٧٠**

**نهێنی، تاکەکەسی**

**بەغدا**

**بابەت: فەڕەنسا و کێشەی کوردی عێراق**

ئەم گفتوگۆ دوورودرێژەت بۆ دەنێرم کە ڕۆژی شەممە لەگەڵ یەکێک لە هاووڵاتیەکانمان کردم کە سێ مانگە لە بارەگای سەرکردایەتی بارزانییە. بۆ زانیاری تاکەکەسی خۆت، پێتدەڵێم ئەم کەسە بەڕێز ژان پغادییە[٣]، مامۆستای پێشووی کۆلیژی کۆمەڵناسیی زانکۆی نانتێغ[٤] بوو کە بەهۆی ئەو سەرئێشانەی خوێندکارەکانی بۆیان دروستکردووە[٥]، زانکۆی بۆ ماوەیەک بەجێهێشتووە بۆئەوەی خەبات بۆ مەسەلەی کورد بکات.

من بەڕێز پغادییە بە وتەبێژی بزووتنەوەی کورد [لە فەڕەنسا] دەزانم، ساڵی ١٩٦٨ کتێبێکی دەربارەی کورد بڵاو کردووەتەوە. عاقڵی، ژیری، چوستوچالاکیی و ڕاستگۆیی ناوبراو زۆر کاری تێکردم، بەڵام پێمناخۆش بوو پێداگری دەکرد بە هەر شێوەیەک بێت لەگەڵ دکتۆر [مەحمود] عوسمان، جێگری بارزانی دابنیشم. دکتۆر عوسمان زۆری پێخۆشە بە زووترین کات لەگەڵ ئێمە تێکەڵ بێت. لە وەڵامدا تەنیا

(1) Pierre CERLE

(2) Bruno de LEUSSE

(3) Jean-Marie Pradier

(4) Nanterre

(٥) ئەوکاتە خۆپیشاندانی خوێندکاران لە زۆربەی زانکۆکانی فەڕەنسا هەبووە، بەتایبەت زانکۆی نانتێغ. تەنانەت خوێندکارەکان هێرشیان کردووەتە سەرهەندێ لە مامۆستاکان. وەرگێڕ

ئەوەم بە بەڕێز پغادییە وت کە گرنگی بە گفتوگۆکەمان دەدەم.

ئەگەر بە گوێی پغادییە بکەین ساردی دەکەوێتە نێوان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق، تەنانەت ئێران و تورکیاش، بەڵام نابێت ئەم سەرچاوە دروست و ڕاستەی زانیاری لە کیس خۆمان بدەین. بۆیە سوپاست دەکەم ئەگەر دەکرێت بۆچوونی خۆتم لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بۆ بنێریت، چونکە پغادییە، تازە گەڕاوەتەوە بۆ باکووری عێراق، سێ هەفتەی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە بۆ وەرگرتنی وەڵام. بە پغادییەم وت لەگەڵ وەزیرە کوردەکان دادەنیشم، بەهەمان شێوە کە لەگەڵ کاربەدەستانی دیکەی حکومەتی عێراق دادەنیشم. بەڵام پێمباش نییە بێ ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوە هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ دکتۆر عوسمان بگرم کە نوێنەری [بارزانی] بووە لە وتووێژەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار.

دەکرێت ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆئەوەی لە پلانی ئاوادانکردنەوەی باکووردا بەشدار بین لە چوارچێوەی پرۆگرامی یارمەتی تەکنیکیمان بۆ عێراق کە بڕیارە دوشەممە، ٤ی ئایار لە نێوان لێژنەی عێراق و فەڕەنسا لە پاریس تاوتوێ بکرێت.

لە پێشەوە سوپاست دەکەم بۆ هەوڵەکەت.

لەگەڵ ڕێزمدا

**پییەغ سێغل**

## کورد و فەڕەنسا

بەڕێــز پغادییــە لــە کۆتاییــدا وتــی ئامانجــی ڕاســتەقینەی ســەردانەکەی ئەوەیــە پەیوەندیی فەرمی لـە نێوان فەڕەنسـا و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دروست بێت. وتی کـورد دۆسـتی زۆرە لـە پاریـس (وەک غۆلـۆ[١]، لێسـکۆ[٢]...) و لـە ١٩٦٨ دکتـۆر عوسـمان لـە کۆشـکی ئیلیـزە لەلایـەن بەڕێـز بوغـەن دێغۆزییـغ[٣] وە پێشـوازی لێکـراوە. لـە دیدارەکـەدا جێگـری سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان باسـی ئـەوەی کـردووە کـە کێشـەی کـورد زۆر کاریگـەری هەیـە لەسـەر چارەنووسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، داوای کـردووە پێـش ئـەوەی سـەدەی بیسـت کۆتایـی پێبێـت، کـورد ببێـت بـە خـاوەن ڕێوشـوێنی خـۆی لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. دکتـۆر عوسـمان وتوویەتـی لـەم پێنـاوەدا وڵاتـی فەڕەنسـا زۆرترین قازانجـی دەسـتدەکەوێت، ئەگـەر دۆسـتایەتی کـورد بـکات، ئەمـەش نابێتـە هـۆی ئـەوەی فەڕەنسـا لـە عـەرەب دوور بکەوێتـەوە.

ئێسـتا بارزانـی و هەڤاڵـە نزیکەکانـی زۆر بەپەرۆشـن لەگـەڵ ئێمـە تێکـەڵ بـن. بارزانـی چەنـد مانـگ لەمەوپێـش پێشـنیاری کـردووە ڕێککەوتنێـک واژۆ بکەیـن، یانـی ئـەو هەرچـی زانیـاری بەسـود هەیـە دەربـارەی عێـراق ( دەربـارەی بارودۆخـی سیاسـی، کاروبـاری نـەوت و سـەربازی...) بـدات بـە ئێمـە، ئێمـەش لـە بەرامبـەردا هەنـدێ یارمەتـی سیاسـی، ئابـوری یـان مـاددی ئـەو بدەیـن. بەڕێـز پغادییـە پەیوەنـدی دۆسـتانەی هەیـە لەگـەڵ بەرپرسـی دەزگای هەواڵگـری و زانیاریـی کـورد[٤]. بـەڵام لەوەتـەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار کـراوە، کـورد پێیوایـە ئـەم جـۆرە هاوکارییـەی کـورد و فەڕەنسـا، پێشـێلکردنی مەرجەکانـی ڕێککەوتنەکەیـە، چونکـە کـورد هاووڵاتـی عێراقـە، بۆیـە ئێسـتا پێشـنیاری ئەوەیـان کـردووە ڕێکەوتنێکـی سیاسـی بکەیـن بۆئـەوەی کاری تۆکمـە لـە بـواری کاروبـاری

---

(1) Rouleau

مەبەستی ئیغیک غۆڵۆ، ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەناوبانگی فەرانسا بووە. وەرگێڕ

(2) Lescot

مەبەستی ڕۆژێ لیسکۆ ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەر و کوردناسی فەڕەنسی بووە. وەرگێڕ

(3) Burin des Roziers

(٤) مەبەستی مەسعود بارزانییە. وەرگێڕ

نێونەتەوەیی عێراق بکرێت لە نێوان شۆڕشی کورد و دەوڵەتی فەڕەنسا. بە وتەی ناوبراو لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە فەڕەنسا دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە سەر پێشهاتەکانی ناوچەکە و قورسایی لە سەر سیاسەتی جیهانی عەرەب زیاتر بێت و چەسپانی ئاشتی زووتر دەستەبەر بکات.

دەسەڵاتدارانی کورد خۆیشیان باش دەزانن ئەم پرۆژەیە واقعبینانە نییە و زۆر گومانیان هەیە، چونکە هەروەک خۆیان دەڵێن فەڕەنسا پێشتر بێهیوای کردوون و دەڵێن فەڕەنسا لە ناخی دڵەوە نایەتە پێشەوە. تەنانەت ئەگەر ئێمەش ئەم پێشنیارەی کوردەکان زۆر بە جیددی وەربگرین، دەزگای هەواڵگری عەرەبەکان و لایەنگری عەرەبەکان پێش لە جێبەجێکردنی دەگرن.

بەهەرحاڵ کورد دەیەوێت فەڕەنسا کارێکیان بۆ بکات، بۆ نموونە نەخۆشخانەیەک یان قوتابخانەیەک لە کوردستان دروست بکات بۆئەوەی نیشانی بدات گرنگی بە کورد دەدات. ئەگەر ئێمە کارێکی وا بکەین لە ڕووی ئابووریەوە زۆر بە قازانجمانە، چونکە باکووری[عێراق] سامانی سروشتی زۆرە کە دەبێ بەرهەمبهێندرێت. ئێمە دەبێ لەم بوارەدا بە پێش ڕووسەکان بکەوین. کورد ئامادەیە یارمەتی یەکلاییکەرەوەی کۆمپانیای نەوتی عێراق بدات، بۆیە، هەروەک خودی کوردەکان دەڵێن، فەڕەنسا دەبێ لە ئێستاوە بیر لە داهاتودا بکاتەوە و ڕێگای دیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ببینێتەوە.

ئەگەر فەڕەنسا پێشنیاری هاوکاریی کورد ڕەت بکاتەوە، کورد بە تەواوی بەدبین بێت لە ڕۆژئاوا و هیچ ڕێگایەکی دیکەی نابێت، ئیلا بەتەواوی ببێت بە داردەستی سۆڤیەت.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

ژان ماغی پغادییە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری مەراکیش لە وڵاتی مەغریب لەدایک بووە. باوکی لە فەڕەنساوە ڕۆیشتووە بۆ مەغریب بۆ کاری حکومی. دکتۆرای لە دەروونناسی و ئەدەبیات لە زانکۆکانی فەڕەنسا وەرگرتووە، زیاتر وەک مامۆستای بەشی دەروونناسی و شانۆکار کاری کردووە. ساڵی ١٩٦٨ کتێبێکی نووسیوە بە ناوی) شۆڕشی بێدەنگی کورد) کە کامەران بەدرخان پێشەکی بۆ نووسیوە. لە شەستەکاندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە کوردستانی ئێران و عێراق ماوەتەوە و زۆر هەوڵیداوە بۆ ناساندنی دۆزی کورد لە فەڕەنسا. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هیچ چالاکییەکی ئاشکرای بە قازانجی کورد نەکردووە. ئێستاش ماوە لە ژیاندا.

ئێغیک غۆڵۆ کە ناوی راستەقینەی ئیلی غافولە، ساڵی ١٩٢٦ لە قاهیرە لە بنەماڵەیەکی جولەکەی بەڕەگەز سوریایی لەدایک بووە. بەهۆی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ئاوارەی فەڕەنسا بووە و وەک ڕۆژنامەنووس بۆ ڕۆژنامەی بەناوبانگی ( لۆمۆند) کاری کردووە. لە هەشتاکان چەند ئەرکێکی دیپلۆماتیکی لەلایەن سەرۆک کۆماری فەڕەنساوە پێسپێردراوە، لە ١٩٨٥-١٩٨٦ باڵوێزی فەڕەنسا بووە لە تونس و لە ١٩٩١-١٩٩٨باڵوێزی فەڕەنسا بووە لە تورکیا. غۆڵۆ هەرچەندە هەست و سۆزی هەبووە بۆ کورد، بەڵام بە کردەوە هیچی نەکردووە بۆ کورد. ساڵی ٢٠١٥ لە فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی ئایاری ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق**

**بابەت: بڕیاری ڕیفڕاندۆم لە کەرکووک**

لە پێناو جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، تا ئێستا تەنیا ئەم هەنگاوانە گیراوەتە بەر: پێنج کورد کراون بە وەزیر، ئیزگەی ڕادیۆی ( دەنگی کوردستان) داخراوە، ڕۆژنامەی کوردی - عەرەبی التاخی دەستی کردووەتەوە بە بڵاوبوونەوە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ١٧٩ی ٢٥ی ئاداری ١٩٧٠).

لە دوو مانگی ڕابردودا، (کۆمیتەی ئاشتی) کە مورتەزا ئەلحەدیسی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجوومەنی حزبی ناوچەیی بەعس سەروکایەتی دەکات، چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە و کۆمەڵێک بڕیاری داوە، وەزیرەکان و کەسایەتیە ناسراوەکان، سەر بە هەموو لایەنەکان، سەردانی باکووریان کردووە و هەر دوولا، کورد و دەوڵەتی عێراق کۆمەڵێک لێدوانیان داوە و جەختیان کردووەتەوە کە دەیانەوێت ئەوەی لە دەستیان دێت بیکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە. دەسەڵاتی ناوەندی ڕایگەیاندووە بودجەی پێویست تەرخان دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی بەهۆی شەڕەوە کاول بوون و گەشەپێدانی ئابوری پارێزگا کوردنشینەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لە دەربڕینی نیازپاکی و قسە و لێدوان، تا ئێستا بە

کـردەوە هیـچ نەکـراوە. دەسـەڵاتی ناوەنـدی تەنیـا ڕێگاوبانـە سـەرەکییەکانی چـاک کردووەتـەوە، چەنـد قوتابخانەیەکـی نـۆژەن کردووەتـەوە و بەتایبـەت گاراجەکانـی چـاک کردووەتـەوە و بەتەمایـە لـە مانگـی تەمـووزەوە هوتێلەکانـی باکـوور بکاتـەوە بۆئـەوەی خەڵکـی کەمدەرامـەت لـە هاوینـدا لـە باتـی بەیـروت سـەردانی باکـوور بکـەن. دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەروەهـا بڕیاریـداوە لـە تشرینـی یەکەمـی ۱۹۷۰ سـەرژمێری بکرێـت بۆئـەوەی بـە گوێـرەی ئەنجامەکانـی، سنوری هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کـورد دیـاری بکرێـت.

لـە لایـەن کـوردەوە چـاوەڕوان ناکرێـت هیـچ بڕیارێـک بدرێـت پێـش لـە بەسـتنی کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کە بڕیـارە مانگی حوزەیـران بکرێت. دانیشـتنەکانی پارتـی پـاش (سـەرکەوتنی) ۱۱ی ئـادار تەنیـا بـۆ ئـەوە بـووە کـە کاندیـدی کـورد بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـار دیـاری بکرێـت.

تـا ئێسـتا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و دەسـەڵاتی ناوەنـدی تەنیـا نیـازی خۆیـان بـە ئاشـکرا دەربڕیـوە کـە دەیانەوێـت بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ۱۱ی ئـادار جێبەجـێ بکەن و کەشـوهەوای متمانەکـردن بـە یەکـدی هێشـتا لـە نێوانیانـدا دروسـت نەبـووە. ئەگـەر دەسـەڵاتی ناوەنـدی هێـزە چەکـدارە کوردەکانـی سـەر بـە حکومـەت هەڵبوەشـێنێتەوە، سـەربازانی سـوپای عێـراق لـە ڕووی چەکوچۆڵـەوە جیاوازییەکـی ئەوتۆیـان لەگـەڵ هێزەکانـی بارزانیـدا نامێنێـت. بڕیـارە هێزەکانـی بارزانـی لەمەبـەدوا بـبن بـە بەشـێک لـە سـوپای نیشـتمانی عێـراق بۆئـەوەی ئاسایشـی ناوچـەی بەرفراوانـی خۆیـان بـە توونـدی بپارێـزن. حکومەتـی عێـراق ناتوانێـت بـێ ڕەزامەنـدی کاربەدەسـتانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هیـچ کارێـک لـەو ناوچەیـە بـکات.

هێشـتا ڕێگـە بـە بیانییـەکان، بەتایبـەت دیپلۆماتـەکان نادرێـت بـێ مۆڵەتـی بەشـی ئاسایشـی سـوپا سـەردانی باکـوور بکـەن. کاربەدەسـتانی بەعـس هێشـتا نەیانتوانیـوە قەناعـەت بـە ڕابـەری کـورد بێنـن سـەردانی بەغـدا بـکات.

**پییەغ سێغل**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری سیاسی ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی حوزەیرانی ١٩٧٠**

**پاریس**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق**

**بابەت: دەسەڵاتدارانی کورد پێیانوایە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ نابێت**

ڕۆژی ٤ی حوزەیران بەڕێز دولابۆیلێغی[١] لەگەڵ بەڕێز ژان پغادییە[٢]، کە قەشە غوبولی[٣] لەگەڵدا بوو، دیدار و گفتوگۆی کرد. بەڕێز پغادییە لە ٢٥ی نیسان لەگەڵ بەڕێز سێغل[٤] (ڕاپۆرتی دانیشتنەکەی ناردووە بۆ بەڕێز لیوس[٥]) دیدار و گفتوگۆی کردووە و قەشە غوبول لە ١٣ی ئادار لەگەڵ بەڕێز دۆبولیغی دیدار و گفتوگۆی کردووە.

پغادییە پێشتر مامۆستای کۆلیژی کۆمەڵناسیی زانکۆی نانتێغ بووە، سەرپەرەشتی لێکۆڵینەوەیەکی کردووە دەربارەی بزووتنەوەی کورد. پیاوێکی جوان (تەمەنی نزیک سی ساڵە) و چالاک و پڕ لە وزەیە، لە هەمان کاتدا ژیر و زیرەک و تا ڕادەیەک ئارام و لەسەرخۆیە. لە دەسەڵاتدارانی کورد و خودی بارزانی نزیکە. لە گفتوگۆکەماندا کە

(1) De la Bouillerie

(2) Jean Pradier

(3) Pére de Reboul

(4) Cerles

(٥) مەبەستی بەڵگەنامەی ٢٩ی نیسانە. وەرگێڕ

زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، پغادییە ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:

١- ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان واقعبینن و تاڕادەیەک نەرمونیانن و دەمارگرژ نین. ئەوانەی کە خۆیان بە ڕووناکبیر و پێشکەوتنخوازن دەزانن، وەک [جەلال] تاڵەبانی، لە پارتی دەرکراون. ئەوانی دیکە پراگماتیکن، تاکتیکی باش بەکار دێنن و بەدوای ئەنجامی کۆنکریتن، هەرچەندە نازانین ئامانجیان لە درێژخایەندا چییە. ئەوەندەی من لێیتێگەیشتووم ئێستا هەوڵ دەدەن لە [کوردستانی] ئێران و تورکیا پێگەی خۆیان قایم بکەن.

٢- لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی کورد، کەسێکی واقعبین هەیە کە سکرتێری گشتی بەعسە، یانی سەدام حوسەین. ئەو بووە کە ڕێگای خۆش کردووە بۆ بەئەنجامگەیشتنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار. سەدام حەسەین هیچ لایەنگری کورد نییە، بەڵام ڕێزی هەیە بۆ بڕیار و کارەکانی کورد، پێیوایە پاش ڕێککەوتن لەگەڵ کورد دەتوانێت هێز و توانای خۆی بۆ پلان و ئامانجی دیکە وەگەڕ بخات. دەبێ زۆر بە وریاییەوە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە مامەڵە بکرێت، بۆیە کورد چەکەکانی ڕادەستی حکومەت ناکات.

٣- دەسەڵاتدارانی کورد زۆر خۆشبین نین، پێیانوایە ڕێککەوتننامەکە بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت. بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئاوادانکردنەوەی باکووردا حکومەت تەنیا بنکەیەکی کەشوهەواناسی نۆژەن کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەعس بە هیچ شێوەیەک نایەوێت دیموکراسی سیاسی بچەسپێت کە لە ڕێککەوتنەکەدا پێشبینی کراوە. دەیەوێت هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت و تەحەمولی هیچ چەشنە بەرهەڵستکارییەک ناکات، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەویش بە نابەدڵی، چونکە چارەی دیکەی نییە. پێگەی بەعس لە وڵاتی عێراق و پێگەی سەدامیش لە ناوخۆی بەعس هێشتا پتەو نییە.

٤- تەنانەت ئەگەر ڕێککەتننامەکە تێکبچێت، دیسانیش کورد قازانجی کردووە، لە بەر دوو شت:

• تابۆیەکیان دەستکەوتووە کە تێدا دانراوە بە ئۆتۆنۆمیەکەیاندا. بەتەمان لە داهاتوودا مەسەلەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخەنەڕوو، بە شێوەیەکی یاسایی

چڕوپڕ و پێیانوایە هەندێ دەستکەوتیان دەبێت.

- بارزانی وەک سەرۆکی هێز و لایەنە دیموکراتەکانی نەیاری حکەمەتی عێراقی لێهاتووە. پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، خەڵکی عێراق بە گشتی شاییان لە شەقامەکانی بەغدا گێڕا و خۆشحاڵ بوون. هەندێ جار ئەمە وەک سەرکەوتن بۆ بەعس لەیەکدراوەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرکەوتنی بارزانی بوو. تەنانەت عەرەبەکانیش ڕێز لە بارزانی دەگرن، هەرچەند کە بەعسییەکان حەزیان لێینییە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بـۆ زانیاریـی: باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە واشـنتۆن، لەنـدەن، مۆسـکۆ، تـاران، ئەنقـەرە، دیمەشـق**

**بابەت: عێراق و تورکیا دژی کورد یەکدەگرن**

بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ناسـیونالیزمی کـورد، بووەتـە هـۆی ئـەوەی پەیوەندییەکانـی تورکیـا و عێـراق باشـتر بێـت، بۆئـەوەی پێـش لـەوە بگـرن کـە ئۆتۆنۆمیەکـەی کوردسـتانی عێـراق کار بکاتـە سـەر کـوردی تورکیـا. هەروەهـا هـەر دوولا بەمزوانـە لـە ئەنقـەرە و بەغـدا کۆدەبنـەوە بۆئـەوەی تاوتوێـی بەرژەوەندییەکانیـان بکـەن کـە لـە دژایەتیکردنـی بارزانیدایـە.

باڵوێـزی تورکیـا لـە بەغـدا پێیوتـم کاربەدەسـتانی عێـراق، ڕۆژبـەڕۆژ زیاتـر لـە کاربەدەسـتانی تورکیـا نزیـک دەبنـەوە بۆئـەوەی هاوکاری یەکـدی بکەن. لـەم پەیوەندییەدا تورکیـا هـەوڵ دەدات دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر تورکمانەکانـدا بەکاربێنێـت کـە لـە سـەر سـنووری باشـوری کوردسـتانی[عێراق] دەژیـن، بۆئـەوەی لـە کاتـی سـەرژمێرییەکە کـە بڕیـارە لـە ٢٥ی تشرینـی یەکـەم بەڕێوەبچێـت، تورکمانـەکان لایەنـی کـورد نەگـرن. ئەمـە مەسـەلەیەکی گرنگـە، چونکـە سـەرچاوەکانی نەوتـی باکـوور لـەو ناوچەیەدایـە.

هیچ گومان لەوەدا نییە دەوڵەتی عوسمانی سەرەتا ئەم تورکمانانەی هێناوە بۆ ناوچەی کەرکووک و مووسڵ بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات و قورسایی کورد زۆر نەبێت. پەیوەندییەکانی کورد و تورکمان ئەوەندە خراپ بوو کە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ پێکدادانی خوێناوی لە نێوانیاندا [لە کەرکووک] ڕوویدا کە لە بیری هەموو کەسدا ماوە.

بەڵام ئێستا مەلا مستەفا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات بۆئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگای تورکمان کە ژمارەیان نزیکەی بیست تا سی هەزار کەسێک دەبێت، ئاشت بێتەوە و دەیەوێت ئۆتۆنۆمیەکی کولتووری تەواویان بداتێ و ڕێگەیان بداتێ بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان لە سیاسەتی کوردستاندا ڕۆڵ بگێڕن.

بە وتەی بەڕێز سوباسی[1]، تورکمانەکان وەسوەسە بوونە پێشنیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان قەبوڵ بکەن، چونکە خۆیان لە کورد بە نزیکتر دەزانن تا عەرەب، چونکە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بارزانی بەهێزە. جگە لەوەش کار بۆ بارزانی ئاسانتر بووە بەهۆی کردەوە خراپەکانی دەوڵەتی عێراق، چونکە عێراق هەڕەشەی لە تورکمانەکان کردووە ئەگەر لەکاتی سەرژمێرییەکەدا لایەنی عێراق نەگرن، تۆڵەیان لێدەکاتەوە. بۆیە، کەسایەتییەکی ناسراوی تورکمانی کەرکووک، کۆجۆڤار[2]، ئەمدواییە پشتگیری کوردی کردووە. ( بنوارن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢٢ی خۆم).

لەلایەن خۆیەوە تورکیا هەوڵ دەدات داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی تورکمانەکان بکات و تورکمانەکان بىن بە خاوەن ئەو مافانەی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا بە کورد دراوە. ئورهان ئێرێلپ[3]، لە ١٠ی نیسان سەردانی بەغدای کردووە، داوای کردووە نە تەنیا سەرجەم ئەو مافانەی عێراق لە ڕاگەیاندننامەی ٢٤ی کانوونی دووەمدا (بنوارن بۆ تیلیگرامی ژمارەی ١٦ی خۆم) داویەتی بە تورکمانەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵکوو زانکۆیەکیش بکرێتەوە بۆ تورکمانەکان، ڕێگەیان پێبدرێت حیزبێکی سیاسی بۆ خۆیان دابمەزرێنن و بەشدار بن لە پۆستەکانی حکومەتدا. بە وتەی باڵوێزی تورکیا لە بەغدا، لە میانەی دوایین سەردانی سەرۆک بەکر بۆ ئەنقەرە لە ٢٥ی حوزەیران، ئەم مەسەلانە باس کراوە و دەبێت بە تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان لە کاتی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا کە بڕیارە مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت.

**پییەغ سێغل**

---

(1) Subasi

مەبەستی باڵوێزی تورکیایە لە بەغداد. وەرگێڕ

(2) KOCOVAR

(3) Orhan Erelp

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، بەیروت، ئەنقەرە، دیمەشق**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ٩٥/٣٩٠**

**بابەت: کەرکووک، پایتەختی کوردستان**

باڵوێزی بەریتانیا پێیوتم بارزانی دەربارەی مەسەلەی کەرکووک پاشەکشە ناکات، دەڵێت (یان کەرکووک یان هیچ). دەسەڵاتدارانی کورد لە نێو خۆیاندا شاری کەرکووک بە پایتەختی کوردستان دەزانن. بەڕێز بالفور پۆل[1]، هەروەها وتی بە قەناعەتی ئەو، ئەو سازشەی لە ١١ی ئادار لە سەر کەرکووک کراوە شتێکی بەتەواوی تاکتیکییە، ئەگەر مەلا مستەفا قەبوڵی کردووە دەسەڵاتی ناوەندی نەوتی ئەو شوێنانە دەربهێنێت کە کەوتوونەتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان، تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ئاسانکاری بۆ سەدام حوسەین بکات بۆئەوەی قۆناخی یەکەمی وتووێژەکان سەربکەوێت. یانی لە داهاتوویەکی دوور یان نزیکدا بارزانی داوای بەشی خۆی لە سەرچاوەکانی نەوت دەکات کە زۆرە و سێ لە چواری یەدەکی نەوتی عێراق پێکدەهێنێت. بارزانی ئەمدواییە کۆمەڵێک کۆبوونەوەی ئاشکرای کردووە لە پارێزگای کەرکووک کە نیشان دەدات زۆربەی خەڵکی ئەم پارێزگایە، تەنانەت ئەگەر ئەو کوردانەش کە لە زێدی خۆیان دەرکراون لە ناوچە شاخاوییەکان نەگەڕێنەوە، لایەنگری بارزانین و زۆر زەحمەتە کاربەدەستانی عێراق پێش لەوە بگرن کەرکووک

(1) Balfour Paul

بکەوێتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی.

لە میانەی دیدارێکدا کە ئەمدواییە لەگەڵ وەزیری داد[١] کردم، هەمان شتم هەست پێکرد. عەزیز شەریف کە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە وتووێژەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا، پێیوتم مەسەلەی ناوچەی کێشە لەسەرەکان، یانی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووەکانیان کورد نین، تەنیا پاش سەرژمێرییەکەی ٢٥ی تشرینی یەکەم چارەسەر دەبێت. وتی دەوڵەتی عێراق دەیەوێت ناوچەی نێوان باکووری دهۆک و جەبەل حەمرین لە یەک جیا بکاتەوە و تەنیا چەند قەزایەک کە زۆربەی دانیشتووەکانیان کوردن بخرێتەوە سەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان. وتی پێویست دەکات هەندێ لە قایممەقامەکانیان عەرەب بن بۆئەوەی شەڕ و ناکۆکیی عەشیرەتەکان کۆتایی پێبێت و ئاسایش دەستبەربێت.

بەڕێز شەریف پێداگری دەکرد کە کێشەی ڕاستەقینە، دیاریکردنی سنووری کوردستان نییە، بەڵکوو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگایە بێ جیاوازی، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام داوای کردووە بەشێک لە داهاتی نەوت تەرخان بکرێت بۆ گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی پارێزگاکە، چونکە ڕێژەی دانیشتوانەکەی بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی نێوەنجیی عێراق زیاترە. وەزیری پلاندانانی عێراق خەریکە پلانێک ئامادە دەکات بۆ ئەم ئامانجە.

کێشەیەکی دیکەش هەیە: بە وتەی بەڕێز شەریف، بڕیارە لە کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە یەک تا ١٠ی تەمووز بەڕێوەدەچێت، کاندیدی پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار دەستنیشان بکرێت، بەڵام دەستنیشان ناکرێت.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەمدواییە کوڕێک و دوو برای بارزانی بۆ چارەسەریی پزشکی ڕۆیشتوون بۆ لەندەن. کاربەدەستانی باڵوێزخانەی تورکیا لە بەغدا زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە دەدەن، دەترسن دەوڵەتی بەریتانیا یاری بە کارتی کورد بکات بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق بپارێزێت.

**پییەغ سێغل**

(١) مەبەستی عەزیز شەریفە کە کورد بووە و شیوعییەکی سەرسەخت بووە. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، نووسینگەی کاروباری باشوری ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: تورکیا تورکمانەکانی کەرکووک دژی کورد هان دەدات**

لە سەرەتای مانگی حوزەیران، تورکیا بڕیاریداوە کونسوڵخانە لە کەرکووک بکاتەوە.

تورکیا تورکمانەکانی کەرکووک بەکاردێنێت بۆئەوەی دژایەتی کورد بکەن لە کاتی ڕیفراندۆمەکەی تشرینی ١٩٧٠ کە ژمارەی دانیشتوانی تورکمان، عەرەب یا کوردی ناوچەکە دیاری دەکات.

سەرۆکێکی تورکمان نەچووەتە ژێر باری ئەم داواکارییەی تورکیا و داوای پەنابەری لە کوردەکانی عێراق کردووە، بارزانی پەنایداوە. پێشتریش مەسەلەیەکی هاوشێوە ڕوویداوە: بارزانی پەنایداوە بە کەسایەتییەکی تورک بە ناوی موحسن ئەرسەلان[1]، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیەوە کێشەی بۆ دروستکراوە.

کورد پێیانوایە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە کارتی [کوردی] ئێران و تورکیا [دژی ئەم دەوڵەتانە] بەکاربێنن.

---

(1) Muhsin Arslan

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی تەممووزی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق**

**بابەت: دەستپێکردنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٢٦ی حوزەیران**

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا، وەزیری دادی عێراق لە ٢٥ی حوزەیران پێیوتم کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە [گوندی] ناوپردان، لە ناحیەی گەڵاڵە دەستیپێکردووە تەنیا بۆ ئەوەیە ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن، کاندیدی پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کە دراوە بە کورد هەڵنابژێرێت.

هەروەک ئاگادارن (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢٤٠ی ٢٩ی نیسان) بارزانی ڕەتیکردووەتەوە کوڕەکەی یان هەڤاڵە هەرە نزیکەکەی، دکتۆر [مەحمود] عوسمان کاندید بکرێن بۆ ئەم پۆستە. کەوابوو وادیارە لە کۆتاییدا حەبیب موحەمەد کەریم، [کوردی] فەیلیی لەدایکبووی بەغدا بۆ پۆستەکە کاندید دەکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر گرنگی بەم پۆستە نادات کە تەشریفاتییە، زۆرتر گرنگی دەدات کە پلانە سیاسی و ئابورییەکانی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کورد جێبەجێ بکات (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٢٧ی حوزەیران). هەندێ دەنگۆ بڵاو بووەتەوە کە دەڵێت ئەو بەرە نیشتمانییە و ئەو ئەنجوومەنی نوێنەرانەی بڕیار بووە دابمەزرێت گەیشتووەتە بنبەست، چونکە بەعس بەهیچ شێوەیەک ڕازی نییە حیزبەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا بەشدار بن.

**پییەغ سێغل**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٧ی تەمووزی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، نووسینگەی کاروباری باشوری ئەوڕوپای وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: ناکۆکی کورد و حکومەتی عێراق لە سەر کاندیدی پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار**

دەنگۆ لە بەغدا بڵاو بووەتەوە کە ناکۆکیی قوڵ کەوتووەتە نێو حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر دەستنیشانکردنی کاندیدی کورد بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق.

مەلا مستەفا بارزانی، حەبیب موحەمەد کەریمی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردووە، بەڵام دەوڵەتی عێراق تێبینی لە سەر ناوبراو هەیە[1]، دەیەوێت ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، یان دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ ئەم پۆستە کاندید بکرێن.

حەبیب موحەمەد کەریم بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کوردی (التاخی) و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بووە. دکتۆر مەحمود عوسمان سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە.

---

(١) تێبینییەکەی یان باشتر بڵێین بیانووەکەی سەدام ئەوەبوو کە حەبیب محەد کەریم فەیلییە و بەڕەگەز ئیرانییە. لە کۆتاییدا هیچ کوردێک نەبوو بە جێگری سەرۆک کۆمار. وەرگێڕ

**لە فغانسوا شاغل غۆز[1]، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**۸ی تەمووزی ۱۹۷۰**

**تاران**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن، مۆسکۆ، نیۆیۆرک، بەغدا، ئەنقەرە، کابول، نیودلهی، بەیروت، دیمەشق، قاهیرە، عەمان، جەددە، ئیسلام ئاباد، تونس، تریپولی، عەدەن، جەزاییر، تەلئەبیب**

**بابەت: کێشەکانی کورد و حکومەتی عێراق زیاتر دەبێت**

چاودێرانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر جیددی بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکانی کوردستانی عێراق دەکەن و بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە سەربازییەکانەوە وەریدەگرن ماوەیەکە ئاماژە بەو کێشانە دەکەن کە هاتووەتە سەر ڕێگای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی مانگی ئادار کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و نوێنەرانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد واژوو کراوە. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەم کە پێموایە بە کەڵکی وەزارەتی دەرەوە دێت:

۱- سەرچاوە سیاسییەکانی ئێران پێیانوایە ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد زیاتر قسەیە تا کردەوە، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەیانە تا ئێستا هیچکام لە بەندە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە. یەکینەی چواری سوپای عێراق هێشتا شوێنەکانی خۆی لە باشووری کوردستانی[عێراق] چۆڵ نەکردووە و گوشاری سەربازی لە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی

(1) François Charles Roux

ئۆتۆنۆمیخـواز کـەم نەبووەتـەوە.

لەلایـەن خۆیشـیەوە بارزانـی بەپێچەوانـەی مەرجەکانـی ڕێککەوتنامـەی ئـادار، چەکوچۆڵـی قورسـی ڕادەسـتی هێزەکانـی حکومـەت نەکـردووە و ۲٥ هـەزار پێشـمەرگە ناخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی کاربەدەسـتانی بەغـدا بۆئـەوەی سـنوورەکانی باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی عێـراق بپارێـزن. هەروەهـا ئیزگـەی ڕادیـۆی (دەنگـی کوردسـتان) کـە ماوەیـەک پەخشـی ڕاگیرابـوو، چەنـد هەفتەیەکـە دەسـتی بـە پەخشـکردووەتەوە.

۲- سـەرچاوەکانی ئێـران پێیانوایـە ڕێککەوتننامـەی ئـادار نەتەنیـا جێبەجـێ ناکرێـت، بەڵکـوو هیچـکام لـە داواکارییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەدیناهێنێـت، بەتایبـەت دان بـە کوردبوونـی شـاری مووسـڵ و کەرکووکـدا نانێـت. دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـە بیانـووی ئـەوەی زۆربـەی دانیشـتوانی کەرکـووک و مووسـڵ عـەرەب و تورکـمان و ئاشـورین، نەیانخسـتووەتە نـاو هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کودسـتان. کاربەدەسـتانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ئاسـانی تەسـلیمی ئـەم بڕیـارەی حکومـەت نابـن. لەلایەکـی دیکـەوە دەسـەڵاتدارانی کـورد پاشەکشـەیان لـە داواکاریەکەیـان نەکـردووە بۆئـەوەی بەشـێکی گونجـاو لـە داهاتـی نەوتیـان پێبدرێـت، چونکـە دەڵێـن یـەک لـە سـێی سـەرچاوەکانی نەوتـی عێـراق هـی هەرێمـی کوردسـتانە. حکوومەتـی عێراقیـش لەلایـەن خۆیـەوە دەڵێـت نـەوت سـامانێکی نیشـتمانییە و هـی هیـچ ناوچەیەکـی تایبـەت نییـە و دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەبـێ بەرهەمـی بهێنێـت.

۳- بـە وتـەی سـەرچاوەکانی ئێـران، دەسـەڵاتدارانی حزبـی بەعـس هێشـتا بۆچـوون و هەڵوێسـتی سیاسـیی زۆر جیاوازیـان هەیـە لـە هەمبـەر بزووتنـەوەی کـورد. سـکرتێری گشـتی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش[1]، لایەنگـری پێکەوەسـازانە و ڕژێمـی عێـراق بەگشـتی تـا ئێسـتا بـێ مـەرج ئـەم سیاسـەتەی پەیـڕەو کـردووە. [سـەدام] پێیوایـە لـە ئێسـتادا دەبـێ بـە شـێوەی کاتـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـورد بسـازێت بۆئـەوەی بتوانێـت بـە شـێوەیەکی چڕوپڕتـر بەرەنـگاری حزبـی شـیوعی

(۱) مەبەستی سەدام حوسەینە. وەرگێڕ

و لایەنەکانــی لایەنگــری [جەمــال عەبــدول] نــاسر بێتــەوە. ســەعدون غێــدان[١]، وەزیــری ناوخــۆ و حەمــادی شــەهاب[٢]، وەزیــری بەرگــری پشــتیوانی لــە [ســەدام حوســەین] ئەلتکریتــی دەکــەن. بەپێچەوانــەوە، تکریتیەکــەی دیکــە یانــی حــەردان عەبدولغەفــار[٣] و ســاڵح ئەلعەمــاش[٤] کــە هەردوویــان جێگــری ســەرۆک کۆمــارن، دژی ئــەوەن کــە هیــچ چەشــنە ڕێککەوتنێــک لەگــەڵ کــورد بکــرت. ســەرۆک کۆمــار، ژەنــەڕال ئەلبەکریــش تــا ئێســتا بــە ئاشــکرا لایەنــی هیچــکام لــە لایەنەکانــی نەگرتــووە کــە زۆربەیــان دژی ئــەوەن هیــچ چەشــنە ڕێککەوتنێکــی فەرمــی لەگــەڵ نوێنەرانــی بزووتنــەوەی ئۆتۆنۆمیخــوازی کــورد بکرێــت.

---

(1) Sadoun GHIADAN

(2) Hamedi CHEHAB

(3) Hardan Abdel GHAFAR

(4) Saleh Al AMMACHE

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی تەمووزی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەڕێز غەیمۆن [١]، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەڕێز فوغنییەغ[٢]، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێز دۆسوزا[٣]، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیاسی، نووسینگەی باکووری ئەفریقیای[ وەزارەتی دەرەوە]، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئابووری، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری زانیاری و ڕۆژنامەوانیی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، مادرید، نیۆیۆرک، پێکەن، تاران، جەزایير، عەدەن، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ئورشەلیم، ڕەبات، تریپولی، تونس، خەرتوم، تەلئەبیب، کوێت**

**بابەت: کۆتاییپێهاتنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە یەک تا ٧ی تەمووز لە ناوپەردان (ناحیەی گەڵاڵە، پارێزگای هەولێر) بەڕێوەچوو، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنامەیەک کۆتایی پێهات کە لەنێوان سەرجەم ڕۆژنامەکانی عێراق تەنیا ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پارتی ڕاگەیاندنامەکەی بڵاوکردەوە. ڕاگەیاندنامەکە هیچ ئاماژەیەکی بەو بڕیارانە نەکردووە کە پەسەندکراوە دەربارەی مەسەلە گرنگەکانی پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی و هیچ باسی وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری نەکردووە. زۆرتر باسی گفتوگۆ سەرنجڕاکێشەکانی ناو

(1) RAIMOND

(2) FOURNIERE

(3) DU SOUZA

کۆنگـرەی کـردووە و تیشـکی خسـتووەتە سـەر ئـەو هەوڵانـەی پ.د.ک. داویەتـی بـۆ پتەوکـردن و چەسـپاندنی ئـەو مافانـەی گەلـی کـورد کـە بـە خوێـن بەدەسـتی هێنـاوە.

٤٨٨ نوێنـەر، نەتەنیـا کـوردی عێـراق، بەڵکـوو هـی حیزبـە کوردەکانـی وڵاتانـی دراوسـێ و دەرەوەی وڵاتیـش، لـە کۆنگرەکـەدا بەشـدار بـوون. هـەرکام لـە نوێنـەرەکان بـە شـێوەیەکی دیموکراتـی لەلایـەن ١٨٦ پێشـمەرگەوە هەڵبژێردرابـوون. یەکێ لەوانـە کـە لـە دەرەوە هاتبـوو ئەمیـر دکتـۆر کامـەران عەلـی بەدرخـان، مامۆسـتای کۆلیـژی زمـان و شارسـتانییەتەکانی ڕۆژهـەڵات لـە پاریـس بـوو. پ.د.ک. بەتایبـەت زۆر هەوڵـی دابـوو نوێنـەری هێـز و لایـەن و حیزبـە سیاسـییە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق لـە کۆنگـرەدا بەشـدار بـن. حزبـی بەعـس، حزبـی شـیوعی، حزبـی دیموکراتـی سـەربەخۆ و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەب بـە گوێـرەی حیسـاب و کتابـی خۆیـان لـە کۆنگـرەدا بەشـدار بـوون. پـاش دەنگـدان لـە سـەر ئـەو ڕاپۆرتانـە کـە کۆمیتـەی ناوەندیـی پ.د.ک. ئامادەیـان کردبـوون، کۆنگـرە بڕیاریـدا بەهـۆی گۆڕانـی هەلومەرجەکـە هەنـدێ لـە بەندەکانـی پرۆگـرام و پەیـڕەوی پارتـی هەمـوار بکرێتـەوە.

لـە کۆتاییـدا ئەندامانـی نوێـی کۆمیتـەی ناوەندیـی هەڵبژێـرداران، ئەندامانـی پێشـووی مەکتەبـی سیاسـی دیسـان هەڵبژێردرانـەوە و حەبیـب موحەمـەد کەریـم دیسـان بـە سـکرتێری گشـتی پارتـی هەڵبژێردرایـەوە و بـە تێکـڕای دەنگ مـەلا [مستەفا] بارزانی وەک سـەرۆکی پ.د.ک. هەڵبژێردرایـەوە. موحەمـەد کەریـم فەیلییـە، یانـی بـە ئەسـڵ کـوردی ئێرانـە. بـە گوێـرەی هەنـدێ زانیـاری کـە ڕۆژنامەکانـی لوبنـان بڵاویـان کردوونەتـەوە، لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـدا [حەبیـب] موحەمـەد کەریـم ٤٦٩ دەنگـی بەدەسـتهێناوە، مەسـعود بارزانـی، کـوڕی مـەلا، ٤٤٨ دەنگـی بەدەسـتهێناوە و مەحمـود عوسـمان ٣١٥ دەنگـی بەدەسـتهێناوە. ئیدریـس، کـوڕی دیکـەی بارزانـی، دارا تۆفیـق[١]، ئەندامی پێشـووی حزبـی شـیوعی، ڕەشـید ئەلسـەفری[٢]، فەرمانـدەی هێـزی پێشـمەرگە و ژنێـک بـە نـاوی زەکییـە ئیسـماعیل حیلمیـش[٣] وەک ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردراون.

کۆنگـرە کۆمەڵێـک بڕیـاری دەربـارەی سیاسـەتی نێونەتەوەیـی داوە: لەلایەکـەوە

(1) Dora TAWFIQ

(2) Rachid ELSAFRI

(3) Zakia Ismail HILMI

ئیمپیریالیزم و ڕەگەزپەرستی ڕەتکردووەتەوە، لەلایەکی دیکەوە جەختی لە سەر پێکەوەسازانی ئاشتیخوازانە کردووەتەوە و داوای کردووە چەکی ناوکی قەدەخە بکرێت. کۆنگرە جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی لە خەباتی نەتەوەی عەرەب و گەلی فەلەستین دەربڕیوە.

باس و گفتوگۆ سەرەکییەکانی کۆنگرە دەربارەی مەسەلەکانی گەلی کورد بووە. داوا لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە کراوە کە کورد تێیاندا دەژی کۆتایی بە چەوساندنەوەی کورد بێنن و لە سەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن. نوێنەرانی کۆنگرە داوایان کردووە یەکێتیی نیشتمانی عێراق پتەو بکرێت و دۆستایەتی کورد و عەرەب بە گوێرەی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار پتەو بکرێت. بەتایبەت جەخت کراوەتەوە لە سەر چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری هەرێمی باکوور. پ.د.ک. سوپاسی هەندێ وڵاتی کردووە کە یارمەتیی داون[1]، داوای لێکردوون یارمەتی دەوڵەتی عێراق بدەن بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان.

کۆنگرە لە کۆتاییدا داوای لە نوێنەری هێز و لایەنە جۆراوجۆرە پێشکەوتنخوازەکان کردووە گفتوگۆ بکەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی و لە دەسەڵاتدا بەشدار بن لەپێناو زامنکردنی یەکێتی و سەقامگیری وڵات. ڕووی ئەم مەسەلەیە بەتایبەت لە دەسەڵاتدارانی بەعس بووە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٣٩٩ی ١٩ی تەمووزی ١٩٧٠).

لە ڕاگەیاندننامەکەی کۆتایی کۆنگرەدا هاتووە، پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، حزبی شیوعی عێراق، حزبی دیموکراتی نەتەوەیی، حزبی دیموکراتی سەربەخۆ و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ بڕیاری داوە ئەوەی لەدەستی دێت بیکات بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نێوان پ.د.ک. و حزبی بەعس، و داوای لە سەرجەم حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی عێراق کردووە بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز پێکبێنن و عێراقی نوێ دروستبکەن کە ڕژێمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بەڕێوەی ببات. کۆنگرە هەروەها داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە کەشوهەوایەکی سازگار بخولقێنن و

(١) لە ڕاگەیاندننامەکەدا هاتووە پارتی بە بۆنەی بەستنی کۆنگرە کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی بەتایبەت لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، مەجارستان (هەنگاریا)، کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای(ڕۆژهەڵات)، لهستان (پۆلۆنیا)، ڕۆمانی و بولغارستان (بولگاریا) بەدەستگەیشتووە.

زەمینەسازی بکەن بۆ جێبەجێبوونی ئەم ئامانجە و داوای لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە کورد، عەرەب، تورکمان و کەمینەکانی دیکەوە کردووە ئالقەی دۆستایەتی نێوانیان پتەو بکەن و هەڵوێستێکی یەکلایەنە بگرنەبەر لەهەمبەر ئەو لایەنانە کە شەڕ بە گەلی کورد دەفرۆشن.

ڕاگەیاندننامەکە لە کۆتاییدا لەلایەن پ.د.ک. وە هیوای خواستووە (عێراقیکی ئازاد و دیموکرات و خۆشبەخت دروست بێت لە سەر بنەمای برایەتی، سۆز و خۆشەویستی و ئاشتی.)

پاش خوێندنەوەی ئەم ڕاگەیاندننامایە بۆمان دەردەکەوێت کە باس و گفتوگۆکانی ناوپردان هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕەواندنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و کورد نەبووە کە سێ مانگە بەردەوامە. (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢٢ی ٢٦ی ئایار و ٢٧ی حوزەیران). هەروەک پێشتر وەزارەتی دەرەوەم ئاگادار کردووەتەوە، کۆنگرە بۆ ئەوە نەکرابوو کە کاندیدی کورد بۆ پۆستی جیگری سەرۆک کۆمار دیاری بکات.

دەوڵەتی عێراق تا ئێستا هیچی دەربارەی کۆنگرە نەوتووە و ڕۆژنامە عەرەبەکان ڕاگەیاندننامەکەی کۆتایی کۆنگرەکەیان بڵاو نەکردەوەتە. سەرنووسەری ڕۆژنامەکان وا بارهاتوون کە دژی نوێنەری ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانە بوەستنەوە کە پ دک بۆ کۆنگرە بانگهێشتی کردوون و ئەو ئازادی ڕادەربڕینەی پێیاندراوە لەم پێناوەدا بەکاربێنن.

لەلایەن کوردەوە، بارزانی بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ١٩٥٨ و ١٩٦٨ سەردانی بەغدای نەکردووە. ئەمە نیشان دەدات کە بەدگومانییەکی قوڵ لە نێوان سەرکردایەتی پ.د.ک. و کاربەدەستانی بەعسدا هەیە و بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە یەکدی نییە. ئەم بەدگومانییە تەنانەت پاش بڵاوبوونەوەی یاسای بنەڕەتی نوێی عێراق لە ١٧ی تەمووز نەڕەویوەتەوە (بەمزوانە دەقی یاساکە لەگەڵ شرۆڤەی خۆم بۆتان دەنیرم). کورد زۆر لە حکومەت ڕازی نییە. یاساکە بە فەرمی دانی بەوەدا ناوە کە دوو نەتەوەی سەرەکی -عەرەب و کورد- هەیە لە عێراق، ئەمە نیشان دەدات ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە زۆرترین دەسەڵاتی هەیە لە ناو دەوڵەتدا، تەنیا لە ناو بەرپرسانی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب هەڵبژێردراون.[١]

(١) مەبەستی ئەوەیە تەنیا کاربەدەستانی باڵای بەعس دەتوانن بڕیاری وا بدەن و لە یاسادا دان

**لە باڵوێزی فەڕەنسا لە بولغارستان (بولگاریا) بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣١ی تەمووزی ١٩٧٠**

**سوفیا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ، بەغدا، ئەنقەرە، تاران، دیمەشق**

**بابەت: سەردانی لێژنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وڵاتی بولگاریا**

لە سەر بانگهێشتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرەی وڵات، لیژنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی حەبیب کەریم، سکرتێری گشتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەم حیزبە لە ٢٧ی تەمووز سەردانی سۆفیای کرد. ئەم ئەنجوومەنە حیزبێکی سیاسی بولگاری نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە کە نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵکی بولگاریا دەکات. رابانیچیسکۆ دێلۆ[1] لە ٣٠ی تەمووز بەم بۆنەیە وتارێکی دەربارەی پارتی دیموکراتی کوردستان و خەباتەکەی لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بڵاو کردەوە.

ئەم ڕۆژنامە حزبییە سەرەتا باسی مێژووی پ.د.ک. ی کردووە کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا وەک (بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد)، خەباتی کردووە دژی ئیمپیریالیزم لە پێناو سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە کوردستاندا. پاشان ئاماژەی بەوە کردووە کە گەلی کورد دۆستی وەفادار و باشی لە یەکێتی سۆڤیەت

بەوەدا بنێن کە عێراق لە کورد و عەرەب پێکهاتووە. وەرگێڕ

(1) RABOTNITCHESKO DELO

ئەم ڕۆژنامەیە یەکێ لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی بولگاریا بووە، زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی بولگاریا بووە. یەکەمجار لە ١٩٢٧بڵاو بووتەوە، پاش ڕووخانی کۆماری دیموکراتی گەلی بولگاریا و هەڵوەشانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٢ ناوی گۆڕیوە بۆ (دۆما)، ئێستاش بڵاو دەبێتەوە. وادیارە ئەوەی ئەم وتارەی نووسیوە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە بە ناوی گیورگی فیلیپۆڤ بۆکۆڤ کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کومینیستی بولگاریا بووە. وەرگێڕ

و وڵاتانـی سۆسیالیسـت هەیـە، خەڵکـی کوردسـتان وڵاتـی بولگاریایـان خـۆش دەوێـت، زۆربـەی خوێندکارانـی کـورد لـە دەرەوە لـە زانکۆکانـی بولگاریـا دەخوێنـن.

ڕۆژنامەکـە پاشـان نووسـیویەتی: "پ.د.ک. و سـەرۆکەکەی، مستەفا بارزانـی، لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ەوە هـەوڵ دەدەن پێـش لـە هێرشـی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر گەلـی کـورد بگـرن. ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار لـە ئەنجامـی نیازپاکـی حزبـی بەعـس و پ.د.ک. کـراوە و بـە مانـای سـەرکەوتنی هێـز و لایەنـە پێشـکەوتنخوازەکانی عێراقـە. ئەگـەر بەندەکانـی ڕێککەوتنەکـە لـە کاتـی پێشـبینیکراودا وەک خـۆی جێبەجـێ بکرێت زۆر کاریگـەری دەبێت لەسـەر سـەقامگیریی بارودۆخـی سیاسـی عێـراق و چەسـپانی ئۆتۆنۆمی کوردسـتانی عێراق. پ دک ڕێـز لـە ڕێککەوتنەکـە دەگرێـت، ئەوی دیکە دەکەوێتە سـەر لایەنـی بەرامبەر. هێزە کۆنەپارێـزەکان، فیـوداڵ و دەرەبەگـەکان و دەسـتوپەیوەندییەکانی کۆمپانیاکانـی نـەوت، ناسیونالیسـتەکان و لایەنـە ئایینیـە دەمارگـرژەکان هـەوڵ دەدەن ڕێککەوتنەکـە جێبەجـێ نەبێـت و ئامانجەکانـی ئیمپیریالیسـتەکان و وڵاتانـی ئەندامـی پەیمانی سـینتۆ وەدیبێت. بۆ سـەرکەوتنی خەبات دژی لایەنە پاشـڤەڕۆکان و پوچەڵکردنەوەی هەوڵی ئیمپیریالیسـتەکان دەبـێ سـەرجەم حیزبـە پێشـکەوتنخواز و ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان لـە عێـراق یەکبگـرن. پێکهاتنـی بەرەیەکـی دیموکراتیکـی یەکگرتـوو پێگەی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی حزبی بەعس پتەوتـر دەکات و ئالوگـۆڕە کۆمەڵاتیـەکان بەرفراوانـتر دەکات کـە ئەمدواییـە ڕەوتەکـەی دەسـتپێکردووە. ئێسـتا بـوار بـۆ هـاوکاری و کـردەوەی هاوبـەش لـە نێوان حزبـی شـیوعی عێـراق و پ.د.ک. ڕەخسـاوە. ئـەم دوو حیزبـە پێشـتر هاوکاری یەکدیان کـردووە و کۆمەڵێک دەسـتکەوتی سیاسـی باشـیان هەبـووە. یەکێتیـی هێز و لایەنـە پێشـکەوتنخوازەکانی عێراق، خەباتەکەیـان دژی ئیمپیریالـیزم و زایۆنیـزم پتەو دەکات و لە ئەنجامـدا بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیـی کـورد لـە خەباتی دژە ئیمپیریالیسـتی نەتـەوەی عەرەب ڕۆڵی گرنـگ دەگێڕێت."

ئـەم وتـارە بـە لایەنگری لـە پ.د.ک. و خەباتـی گەلـی کـورد بـۆ ئۆتۆنۆمـی نـووسراوە و لەهەمـان کاتـدا ئەوەشـی پشـتگوێ نەخسـتووە کـە دەبـێ حزبـی شـیوعی بگەڕێتـەوە نـاو ژیانـی سیاسـی عێـراق.

**میشێل فۆنتێن**[1]

(1) Michel FONTAINE

**[وەزارەتی ناوخۆ]**

**پارێزگا[ی پاریس]**

**بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس**

**٢١ی ئابی ١٩٧٠**

**بۆ: وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی نووسینگەی کاروباری سیاسی و ئیداری وڵات، و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پۆلیس، نووسینگەی وەزیری دەرەوە نهێنی**

**بابەت: کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی گۆڤارێکی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق**

**لەگەڵ ڕێزدا ئەم کۆمەڵە زانیارییەتان بۆ دەنێرین:**

گۆڤاری (شۆڕش)(1) کە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٩ بە گوێرەی یاسای ژمارە ٣٥٣٦٧ مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە پاریس وەرگرتووە، هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە. ئەدرەسی نووسینگەی گۆڤارەکە لە ماڵی دایک و باوکی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە، بەڕێز میشێل هوانگ(2) تۆمار کراوە. ئەم گۆڤارە کە بڕیارە ساڵانە بە شێوەی پۆلیکۆپی لە لایەن ( کۆمیتەی هاوکاریی شۆڕشی کورد)ەوە چاپ و بڵاو بکرێتەوە بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی ماددی و تەکنیکی هێشتا بڵاو نەبووەتەوە. (کۆمیتەی هاوکاریی شۆڕشی کورد) لە ١٩٦٦ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسەوە مۆڵەتی دامەزراندنی لە بازنەی ١٣ی پاریس پێدراوە بە مەبەستی ناساندنی کێشەی کورد و ڕاکێشانی پشتیوانی و یارمەتی ماددی و مەعنەوی بۆ لای گەلی کورد کە بۆ ئۆتۆنۆمی خەبات دەکات. لە پێناو ئەم ئامانجەدا، کۆمیتەکە کە لە ١٥ تا ٢٠ ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز پێکدێت کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆری وەک بەڕێکخستنی خۆپیشاندان، بڵاوکردنەوەی تراکت و بروشور، گرتنی کۆڕوکۆمەڵ بۆ ناساندنی [دۆزی کورد] و بڵاوکردنەوەی وتار لە ڕۆژنامەکاندا ئەنجامداوە. لە ٨ی شوباتی ١٩٦٨ لەکاتی سەردانی سەرۆک کۆماری

(1) SHAWRESH

(2) Michel HOING

عێـراق بـۆ فەڕەنسـا، چـوار ئەندامـی ئـەم کۆمیتەیـە لـە بەرامبـەر هۆتیلـی شـوێنی مانـەوەی سـەرۆک کۆمـار، ئامادەبـوون و پلاکاردی ناڕەزایەتـی دەربڕینیـان دژی دەوڵەتـی عێـراق بەدەسـتەوە گـرت.

بەهەرحـاڵ لەوەتـەی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ لـە نێـوان دەوڵەتـی عێـراق و نوێنەرانـی کـورد واژۆ کـراوە، وادیـارە ئیـدی هیـچ هۆکارێـک نامێنێـت کـە ئـەم کۆمیتەیـە چالاکـی بـکات، بۆیـە وادیـارە گۆڤـاری (شـۆڕش)یش ئیـدی بـڵاو نابێتـەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا بەڕێـز هوانـگ پێیوایـە ڕێککەوتنامەکـەی کـورد و عێـراق جێبەجـێ ناکرێـت، بۆیـە بەتەمایـە لـە هاوینـی ئەمسـاڵ یەکـەم ژمـارەی گۆڤارەکـە بـڵاو بکاتـەوە. بەڕێـز هوانـگ نەیشـاردووەتەوە کـە بەهـۆی کێشـەی ماددی و نەبوونـی کەسـانێک کـە بـە شـێوەی خۆبەخـش هاوکاریـی بکـەن، بڵاوبوونـەوەی گۆڤارەکـە ڕووبـەڕووی کێشـە بووەتـەوە.

پاشان بە جیا زانیاری دیکەتان دەربارەی بەڕێز هوانگ بۆ دەنێرین.

**کلۆد بوسییەغ**[1]

بەوەکالەت لە بەڕێوەبەری نووسینگەی پۆلیس

(1) Claude BUSSIERE

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، نووسینگەی کاروباری ئوقیانووسی هیندی وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**بابەت: ئامادەکارییەکانی کورد بۆ ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی بەعس**

بە وتەی سەرچاوە سەربازییەکانی ئێران، چەند ئەفسەرێکی ئێرانیی (هێزی تایبەت) کە بە ئەسڵ خەڵکی پارێزگای کوردستان یان ئازەربایجانی ئێرانن[1] و بە جلوبەرگی پێشمەرگەییەوە لە شەڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا بەشدارییان کردووە و پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ عێراق گەڕاونەتەوە ئێران، خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و ئاگادارکراونەتەوە کە بەمزوانە لەوانەیە بیاننێرن بۆ بارەگای سەرکردایەیی بارزانی.

ئەم ئەفسەرانە پسپۆری ڕاهێنانی چەکوچۆڵی قورس، بەتایبەت تۆپن کە سوپای دیموکراتیکی کوردستانی عێراق هێزی شارەزای ئەم بوارەی نییە. ئەم ئەفسەرانە کە پلەیان ملازم یەکەم یان کاپیتانە جلوبەرگی پێشمەرگەکان لەبەر دەکەن، وەک ئەوان قسە دەکەن و ناسنامەی ئەوانیان پێیە، ئێستا لە دەوروبەری تاران خەریکی مەشق و ڕاهێنانن بۆئەوەی فێری تاکتیکی هێرش بۆ تەقاندنەوەی پرد و ڕێگاوبان و دامودەزگای تەکنیکیش بن.

ئێران ئامادەکاری کردووە بۆئەوەی چەکوچۆڵی قورس و تەقەمەنی و کەرەستەی جۆراوجۆری پێویست بداتە پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا بارزانی.

(١) مەبەستی ئەو کوردانەیە کە خەڵکی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێرانن کە ناوەندەکەی ئورومیەیە، ئەوکاتە ڕەزاییە بووە. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، نووسینگەی کاروباری ئوقیانووسی هیندی وەزارەتی دەرەوە، بەشی نەوت و بەنزینی وەزارەتی پیشەسازی**

**بابەت: ئامانجی کۆتاییی بارزانی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە**

بە وتەی چاودێرێکی سیاسی کە لە کۆتایی مانگی ئاب لە کوردستانی عێراق گەڕاوەتەوە، کورد پێیوایە تەنیا هەندێ لە ڕێوشوێنە لاوەکییەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ کراوە. گوندە کاولکراوەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕێگەی بە بەشداری لایەنە سیاسیەکانی دیکە لە دەسەڵات نەداوە، و دانانی کوردێک لە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار وەدوا خراوە. ئێستا بارزانی ئەو کەسە قەبوڵ ناکات کە دەوڵەتی عێراق دەیەوێت لەم پۆستە دابنرێت و دەوڵەتی عێراقیش ئەو کەسە قەبوڵ ناکات کە بارزانی دەستنیشانی کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستەکە. بارزانی دەڵێت کەڵکی نییە کەسێک لەم پۆستە دابنرێت کە خاوەن بڕیار و دەسەڵات نەبێت لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا. ئەگەر بارزانی بۆچوونەکەی بگۆڕێت، یەکێ لەم دوو کەسە دەبێت بە جێگری سەرۆک کۆمار: حەبیب موحەمەد کەریم، سکرتێری [گشتی] پارتی دیموکراتی کوردستان، یان دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان، پزشکی تایبەت و هەڤاڵی نزیکی بارزانی.

دەربارەی مەسەلەی سەرژمێرییەکە کە بڕیارە لە داهاتودا بکرێت و داهاتووی کەرکووک پەیوەندی بە ئەنجامی سەرژمێرییەکەوە دەبێت، وادیارە بارزانی دژی نابێت، بەڵام ناچێتە ژێر باری بڕیارێک کە نوێنەرایەتی زۆربەی دانیشتوانی کوردی ناوچەکە

نەکات. کەوابوو چاوەڕوان دەکرێت پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز بێت، بەڵام ئەگەری کەمە پەیوەندییەکانیان بەمزوانە بپچڕێت. ڕژێمی بەعس ناتوانێت هاوکات بەرگەی هێرشی کورد و کێشەکانی سەراسەری وڵات بگرێت.

کورد دەیەوێت سەرەتا ئۆتۆنۆمی وەربگرێت، پاشان، لە ماوەی پێنج ساڵدا، سەربەخۆیی بەدەستبێنێت. لە پێناو ئەم ئامانجەدا، کورد زۆر لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ مەسەلەی فەلەستین دەکات: دروستبوونی ناوچە یان دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین زەمینە خۆش دەکات بۆ بارزانی داوای دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بکات.

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز غەیمۆن)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دولافوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، ڕۆما، بۆن، مۆسکۆ، تاران، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، ئورشەلیم، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، خەرتوم، تریپولی**

**بابەت: مەسەلەی کەرکووک پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەکات**

کۆماری عێراق بڕیاریداوە ڕیفراندۆمی سەرژمێری کە بڕیاربوو لە ٢٦ی تشرینی یەکەم بکرێت، دوا بخرێت.[ڕۆژنامەی التاخی] زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٧ی تشرینی یەکەم بڵاویکردەوە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی[عێراق] ئەم بڕیارەی داوە. سەرچاوەکانی سەر بە حکومەت هەواڵەکەیان هێشتا پشتڕاست نەکردووەتەوە.

ئەم مەسەلەیە پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب ئاڵۆزتر دەکات و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار تووشی کێشە و چەڵەمە دەکات. ڕێککەوتننامەکە تا ئێستا بەهۆی سێ مەسەلە زۆر بە خاوی جێبەجێ کراوە:

- دیاریکردنی ڕێژەی دەسەڵات و حوکمڕانی کاربەدەستانی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی ئەو هەرێمەی زۆربەی دانیشتووەکانی کوردن.
- دیاریکردنی سنووری ئەم هەرێمە.
- مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات لە خودی بەغدا.

دەبێ سەرەتا دیاری بکرێت کۆماری عێراق چی ڕێژە ئۆتۆنۆمیەکی داوە بە کوردستان وەک ئیدارەیەکی یەکگرتوو. وادیارە دەوڵەتی عێراق نایەوێت بە شێوەی ڕاستەقینە ئیدارەی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووەکانی کوردن، بداتە دەستی خودی کورد. ژەنەڕاڵ بارزانی لە ١٦ی ئاب بە هاووڵاتییەکەمانی[١] وتووە: "حکومەتی عێراق لە پێناو جێبەجێکردنی [ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار]، لە بواری ئابووریدا چەند ڕێگاوبانێکی ئاسفاڵت کردووە، کۆمەڵێک پرۆژەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە کاولکراوەکان پەسەند کردووە و چاکسازی زەویوزار دەستپێکردووە. لە بواری سەربازییدا، ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان چەک کراون و ژمارەیەک لە هێزەکانی سوپا پاشەکشەیان پێکراوە. لە بواری سیاسیدا هەندێ کەس کە بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە چوونەتەوە سەر کارەکانیان لە سوپا و پۆلیس و دایرە مەدەنییەکاندا. پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەبەدوا بە ئاشکرا لە سەرجەم ناوچەکان چالاکی دەکات و پەیوەندی ڕۆژانە لە نێوان ئێمە و حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی دیکەی[ڕێککەوتنەکە] دروست بووە."

ئێستا دەسەڵاتێکی دوولایەنە لە باکووری وڵات حوکم دەکات: پارێزگارێکی عەرەب و پارێزگارێکی کورد لە کەرکووک هەیە. مەلا مستەفا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات پێگەی سیاسی، ئابووری، ئیداری و سەربازیی خۆی لە تەواوی کوردستان بەهێز بکات و تا ئەو شوێنەی پێیدەکرێت جێپێی دەسەڵاتی ناوەندی لەق بکات. ئێستا زۆربەی خەڵک لایەنگری بارزانییە. لە سەرەتای ئاب، [جەلال] تاڵەبانی چووتە لای بارزانی و لەگەڵی ئاشت بووەتەوە، و بارزانی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کوردێک دەرکردووە.

هەروەک وەزارەتی دەرەوە ئاگادارە، بڕیاربوو لە ٢٦ی تشرینی یەکەم سەرژمێری بکرێت بۆئەوەی بە گوێرەی ئەنجامی سەرژمێرییەکە، سنووری ئیدارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دیاری بکرێت. کورد لە ڕۆژنامەکانیاندا دەڵێن ( کەرکووک پایتەختمانە)، بۆئەوەی نیشانی بدەین کە بە هیچ شێوەیەک لە سەر کەرکووک سازش ناکەن. بارزانی خۆیشی لە گفتوگەیەکدا وتوویەتی: "هیچ پێویست ناکات لە ناوچەی کەرکووک سەرژمێری بکرێت، چونکە کوردستانییە. هەندێ وەزیری بەدکاری عێراق

(١) وادیارە مەبەستی (ژان پغادییە) یە کە لە بارزانی نزیک بووە، لە بەڵگەنامەکانی پێشوودا چەند جار باسی کراوە. وەرگێڕ

هەوڵ دەدەن شتەکە بەپێچەوانە بێت. ئێمە دان بە ئەنجامی هیچ سەرژمێرییەکەدا نانێین کە دوور بێت لە ڕاستی."

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەربارەی کاتی سەرژمێرییەکە، وەزیرێکی کورد کە یەکێ لە وەزارەتە گرنگەکانی بەدەستەوەیە(١)، لە سەرەتای ئەیلوول وتی پێیوانییە سەرژمێرییەکە لە کاتی خۆیدا بکرێت.

ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانییانەی لەم چەند هەفتەیەی دواییدا کراوە نیشان دەدات کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ناحیەی تازە[خورماتوو]، داقوق، توز[خورماتوو] و کفری(٢) کوردن و عەرەب تەنیا لە حەویجە و قەرەتەپە هەیە، یانی کەمتر لە یەک لە سێی لیواکە عەرەبە. تورکمانە شارنشینەکان هێشتا بڕیاری خۆیان نەداوە، چاوەڕوانن بزانن چی دەبێت. تورکمانە گوندنشینەکان بڕیاریان داوە لایەنی کورد بگرن و خۆیان بە (تورکمانی دانیشتووی کوردستان) ناونوس بکەن. مەسیحییەکانیش (ئاشوری و سریانی و ئەرمەن...) بڕیاریان داوە، بەپێچەوانەی خواستی ئوسقوفی بەغدا، خۆیان وەک (کلدانی دانیشتووی کوردستان) ناونووس بکەن.

ئەو کێشەیە دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵی ڕووبەڕوویە، بەشداریکردنی دوو نەتەوە-کورد و عەرەب- لە دەسەڵاتە. بارزانی بوونی ٥ وەزیری کورد لە ناو دەوڵەتی عێراق بە دابەشکردنی دەسەڵات نازانێت، چونکە یاسای بنەڕەتیی نوێی عێراق دانی بە دەسەڵاتی ڕەهای حزبی بەعس بەسەر سەرجەم جومگەکانی حکومەتدا ناوە و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کردووە بە باڵاترین مەرجەعی دەوڵەت. بۆیە بارزانی داوا دەکات کوردێک ببێت بە جێگری سەرۆک کۆمار بۆئەوەی ببێت بە خاوەن دەنگێک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا. بارزانی لەم پەیوەندییەدا وتوویەتی هێشتا بەربژێری کورد بۆ ئەم پۆستە دیاری نەکراوە. مەلا مستەفا بەپێویستی دەزانێت پ دک و حزبی بەعس هاوکاری یەکدی بکەن بۆئەوەی سەرجەم بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ بکرێت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کورد و عەرەب دەستەبەر بکرێت. بارزانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام بە

(١) مەبەستی عەزیز شەریف، وەزیری دادە. وەرگێڕ

(2) Taza, Tauq, Touz, Kifri

شـێوەیەکی بـەردەوام ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە ڕژێمـی عێـراق دیموکـرات نییـە.

ڕۆژێـک پـاش دواکەوتنـی ڕیفراندۆمـی سـەرژمێری، باڵوێـزی تورکیـا لەگـەڵ ژەنـەڕاڵ عەمـماش دیـداری کـردووە. عەماش زۆر بە تووندی هێرشـی کردووەتە سـەر کاربەدەسـتانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، وتویەتـی ئەمانـە تەنیا بـە مافەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار ناوەسـتن و پـاش ئـەوەی ئۆتۆنۆمیەکەیـان وەرگـرت داوای سـەربەخۆیی دەکـەن.

بـە بۆچوونـی بەڕێـز بالفـۆڕ پـۆل[1]، بڕیـاری ٧ی تشرینـی یەکەمـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی[عێراق] نیشـان دەدات کـە تاکتیکـی پێکەوەسـازانی بەهـاری ئەمسـاڵ دەربـارەی ناوچـەی کەرکـووک شکسـتی هێنـاوە. ئەوکاتـە هەمـوو کـەس پێیوابـوو لیـوای [کەرکـووک] دەخرێتـە سـەر هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان، بـا بەشـی کـورد لـە داهاتـی نەوتیـش نەدرێـت. لـە ١٣ی تشرینـی یەکـەم ڕێکەوتنێکـی دارایـی لـە نێـوان دەوڵەتـی عێـراق و کۆمپانیـای نـەوت کـراوە (بنـواڕن بـۆ ئـەو تیلیگرامـەی لـە هەمـان ڕۆژدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەم نـاردووە) کـە بێگومـان ڕێـگا خـۆش دەکات بۆئـەوەی بارزانـی و کاربەدەسـتانی عێـراق ڕێککەوتنێکـی تـازە بکـەن، چونکـە بارزانـی وازناهێنێـت و داوا دەکات بەشـێک لـە داهاتـی نـەوت تەرخـان بکرێـت بـۆ پێشخسـتنی ناوچـەی کوردسـتان لـە ڕووی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کولتورییـەوە، چونکـە ڕێـژەی دانیشـتوانی کوردسـتان بـە بـەراورد لەگـەڵ نێونجـی دانیشـتوانی عێـراق بـە گشـتی، چڕتـرە.

باڵوێـزی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەوڕوپـا پێیانوایـە بەعـس بـە هیـچ شـێوەیەک کـەس نـاکات بـە شـەریکی دەسـەڵات و دەڵێـن بەداخـەوە ئەمـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی وتووێـژەکان بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکـی نیشـتمانی و هەروەهـا ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراق کـە سـەرجەم هێـز و لایەنـەکان تێیدا بەشـدار بـن و زەمانەتـی یەکگرتوویـی عێراق بکـەن، گەیشـتووەتە بنبەسـت.

---

(1) BALFOUR PAUL

باڵوێزی بەریتانیا بووە لە عێراق. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی**

**بابەت: سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بە ناوبژیوانی بارزانی ئازاد دەکرێت**

**بارودۆخی سیاسی عێراق هێشتا ئاڵۆزە.**

بە وتەی هەندێ سەرچاوەی سیاسی عێراق لە بەغدا، بارزانی داوای لە کاربەدەستانی عێراق کردووە عەبدولڕەحمان بەزاز لە زیندان ئازاد بکەن، ئەوانیش ئازادیان کردووە. بەزاز پێشتر سەرۆک وەزیران بووە و بە دەستپێشخەریی ئەو ڕێککەوتننامە ١٢ خاڵییەکەی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەگەڵ کورد واژوو کرا کە پاشان [لەلایەن حکومەتی بەعسەوە] هەڵوەشایەوە. لە ئاداری ١٩٧٠ بارزانی داوای کردبوو ئەلبەزاز لە کابینەی نوێدا بەشدار بێت، بەڵام داواکارییەکەی جێبەجێ نەکرا و [بەزاز خرایە زیندانەوە].

بەهەرحاڵ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییەی بارزانی [بۆ ئازادکردنی بەزاز]، نابێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی نارەزایەتیی کورد لە حکومەت کەم بێتەوە کە بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ دروستبووە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێـکدا بۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٤ی تشرینی دووەم ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "سـەرۆک کۆمـاری عێـراق لـە بڕیارێـکدا لـە ٢٤ی تشرینـی یەکـەم، کۆتایـی بـە بـاری نائاسـایی لـە عێـراق هێنـاوە کـە لـە وەتـەی شۆڕشـی تەمـووزی ١٩٥٨ دژی دەسـەڵاتی پاشـایەتی هێشـتا بـە تـەواوی لە کۆڵ عێـراق نەبووەتـەوە. ڕۆژنامەی التاخـی، زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـەم هەنـگاوەی بـاش نرخانـدووە، بـەڵام وتوویەتـی پێویسـتە هەنـگاوی دیکـە بـۆ چەسـپانی ئاشـتی و سـەقامگیری لـە عێـراق هەڵبگیردرێـت، لەوانـە زیندانییـە سیاسـییەکان ئـازاد بکرێـن، ڕێگـە بـە دوورخـراوەکان بدرێـت بگەڕێنـەوە عێـراق و سانسـور لابرێـت". بارزانیـش ڕایگەیانـدووە: "نەمانـی بـاری نائاسـایی بەرهەمـی ڕێککەوتنننامـەی ١١ی ئـادارە. دەبـێ ئـازادی دیموکراتیـک لـە عێـراق بچەسـپێت و دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەنـگاوی دیکـە هەڵبگرێـت بـۆ سـەقامگیرکردنی عێراق لـە ڕووی سیاسـییەوە." زۆربـەی خەڵکـی عێـراق هەمـان داواکارییـان هەیـە. ئـەم بڕیـارەی بەعـس تەنیـا مانۆڕێکـی سیاسـییە و هیچـی لـێ سـەوز نابێـت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، کوێت، ئەنقەرە، دیمەشق**

**بابەت: هەوڵ بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی**

شەوی ٦ لە سەر ٧ی کانوونی یەکەم، لە ناوەڕاستی شاری بەغدا هێرش کرایە سەر ئیدریس بارزانی کە بە سەردانێک بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزان هاتبوو بۆ بەغدا. ئەو ئۆتۆمۆبیلەی کوڕی مەلا [مستەفا]ی تێدابووە بووەتە ئامانجی دەسڕێژی گولە. نازانین کەس لە سەرنشینەکانی ئۆتۆمۆبیلەکە کە هەموویان چەکداری کورد بوونە بووەتە قوربانی یان نا.

هێشتا مەسەلەکە ڕوون نییە، شتی جۆراوجۆر دەربارەی ناسنامەی هێرشبەرەکان دەڵێن. بەهەرحاڵ نیگەرانی لەئارادایە کە ئەم ڕووداوە بەدگومانی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی زیاتر بکات و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ تووشی تەنگوچەڵەمەی زیاتر بێت.

**لۆپینۆ**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵی فەڕەنسا لە بەغدا لە ١٠ی کانوونی یەکەم ئاماژەی بەوە کردووە: "حەمید بەرواری، ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هێرشەکەی شەوی ٦ لە سەر ٧ی کانوونی یەکەم بریندار بووە. ئەو ئۆتۆمۆبیلەی بەرواری تێدا بووە هی پ.د.ک. بووە و گولەباران کراوە. بەرواری ئێستا لە نەخۆشخانەیە لە بەغدا. ڕابەری کورد، مستەفا بارزانی ڕۆژی چوارشەمە تەلەفۆنی بۆ کردووە و هەواڵی پرسیوە". ڕۆژنامەی الثورة نووسیویەتی: "ئەم هێرشە کاری دەستوپەیوەندییەکانی ئیمپیریالیستی ئەمریکا و داردەستەکانیانە، بۆئەوەی ناکۆکی بکەوێتە نێو پ.د.ک. و حزبی بەعس لەلایەک و کورد و عەرەب لەلایەکی دیکەوە و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ نەبێت."

سێ کەس لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا بوونە: حەمید بەرواری، موحەمەد عەزیز و حەسەن کاوانی. حەمید بەرواری ساڵی ١٩٣٥ لە دهۆک لەدایکبووە، ئەفسەر بووە لە سوپای عێراق، لە ١٩٦١ پەیوەندی گرتووە بە ڕیزەکانی پ.د.ک، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی پ.د.ک. ساڵی ٢٠١١ لە دهۆک کۆچی دوایی کردووە.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی**

**بابەت: ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق**

بارزانی پێشنیاری حکومەتی قەبوڵ کردووە بۆ دواکەوتنی سەرژمێریەکە کە بڕیاربوو لە ناوچەی کەرکووک [لە ٢٧ی تشرینی یەکەم] بکرێت، بەم مەرجانە:

١- یەکسەر پارێزگاری دهۆک و سلێمانی دەستنیشان بکرێن. هاشم ئاکرەیی تازە کراوە بە پارێزگاری دهۆک و عەزیز ئاکرەیی و عەلی عەبدوڵڵا کاندید کراون بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی. هاشم ئاکرەیی و عەلی عەبدوڵڵا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانن. عەزیز ئاکرەیی پێشتر ئەفسەری سوپای عێراق بووە، پاشان بووە بە پێشمەرگەی بارزانی. ئەگەر بارزانی بمرێت، ناوبراو دەبێت بە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە.

٢- کورد و عەرەب بە هاوبەشی ئیدارەی شاری کەرکووک و سنجار و خانەقین بەڕێوە ببەن، هەتا کاتی ئاشکرابوونی ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە.

٣- هەتا کاتی ئەنجامدانی سەرژمێری، دەوڵەتی عێراق گەرەنتی ئەوە بکات کە ئەو کوردانەی [لە پرۆسەی تەعریبدا] دەرکراون بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و حکومەت ئاسانکارییان بۆ بکات.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

هەواڵنێـری ئاژانسـی هەواڵـی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە ١٧ی کانوونـی یەکـەم ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "حەسـەن ئەلبەکـر، سـەرۆک کۆمـاری عێـراق ئەمڕۆ بڕیاریـدا مانگـێ ١٠ دینـار (کـە دەکاتـە نزیکـەی ٢٥ دولار) بدرێـت بـەو بنەماڵانـەی کەسـوکاریان بووەتـە قوربانـی شـەڕی ئـەم ٩ سـاڵەی نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق. ئـەم بڕیـارە لەپێنـاو جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداردا دراوە."

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠**

**بەغدا**

**بابەت: پەیوەندییەکانی کورد و عێراق پاش هەوڵ بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی**

هەروەک پێشبینی دەکرا، هەوڵ بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی کاردانەوەی توندی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەدواوە بوو (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٨ی کانوونی یەکەم). ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پ.د.ک. لە سەروتارێکدا لە ١٣ی کانوونی یەکەم وتی: "ئیدریس بارزانی هاتبوو بۆ بەغدا بۆئەوەی جەژنی ڕەمەزان لە کاربەدەستانی عێراق پیرۆزبایی بکات، بەڵام لە سەر داوای باوکی، پێش لە جەژن گەڕابووەوە بۆ کوردستان و ئۆتۆمۆبیلەکەی دابوو بە پ دک، بەڵام هێرشبەرەکان ئەمەیان نەزانیوە. لە ئەنجامی دەستڕێژی گولە لە شەوی ٦ لەسەر ٧ی کانوونی یەکەم تەنیا یەک کەس لە سەرنشینەکانی ئۆتۆمۆبیلەکە بە توندی بریندار بووە، ئەویش حەمید بەرواری، ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ک. یە. ئەم ڕووداوە نە نوێیە و نە هەڵکەوتە. لایەنە ئیمپیریالیست و پاشڤەڕۆکان کردوویانە بۆئەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار تێکبدەن. ئێمە ئەوەی لە دەستمان بێت دەیکەین بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی ئەوانەی دەیانەوێت ئاسایش و سەقامگیری تێکبدەن."

حکومەتیش، لەلایەن خۆیەوە، هێرشەکەی شەرمەزار کردووە، وتوویەتی ئامانجی هێرشەکە ئەوەیە کە ناکۆکی بخاتە نێو پ.د.ک. و بەعس. ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزبی بەعس جەختی کردووەتەوە کە حکومەت بە توندترین شێوە هێرشبەرەکان سزا دەدات.

تا ئێستا ناسنامەی هێرشبەرەکان ڕاگەنەیەندراوە، لەوانەیە تەسفیە حیسابی نێوان

خـودی هێـز و لایەنـە کـوردەکان بێـت، یـان بەپێچەوانـەوە کردەوەیەکـی تاوانبارانـە بێـت کـە هەنـدێ لایەنـی نـاو سـوپا بەرنامەیـان بـۆ داڕشـتبێت کـە بـە وتـەی خۆیـان تەسـلیمبوونی سەرشـۆڕانەی سـوپا لەبەرامبـەر یاخیبوانـی باکووریـان پێقەبـوڵ ناکرێـت، یـان لەوانەشـە دەسـتی لایەنـی دەرەکـی تێدابێـت.

بەهەرحـاڵ بارزانـی و هەڤاڵەکانـی وادیـارە بڕیاریـان داوە چاوەڕوانـی ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکانـی حکومـەت نەکـەن و تۆڵـە لـە هێرشـبەرەکان بکەنـەوە.

هێرشـەکەی ٧ی کانوونـی یەکـەم لـە کەشـوهەوایەکی ئاڵـۆزدا کـراوە (کـە لـە تیلیگرامی ژمـارە ٥١٠ی ١٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٠دا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە باسـم کـردووە) و لـەو کاتـەوە فەرقێکـی ئەوتـۆی نەکـردووە. لـە دوو مانگـی ڕابـردوودا کـورد ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر بـە ئاشـکرا ناڕەزایەتـی دەربڕیـوە لەهەمبـەر ئەمـڕۆ و سـبێ کـردن بـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار. ڕۆژنامـەی [التاخـی]، زمانحاڵـی پ.د.ک. هەرچەنـدە بـە زمان پشـتگیری زۆربـەی بڕیارەکانـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی کـردووە، بـەڵام هەمیشـە بـە توونـدی ڕەخنـەی لـە سانسـۆری حکومـەت گرتـووە و پشـتگیری ڕێککەوتننامـەی حکومـەت و کۆمپانیـای نـەوت (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ژمـارە ٥٦٨ی ٤ی تشرینـی یەکـەم) و بڕیـاری کۆتاییهێنـان بـە بارودۆخـی نائاسـایی (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ژمـارە ٥٦٤ی ٤ی تشرینـی یەکـەم) و هەنگاوەکانـی دیکـەی حکومەتـی (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ژمـارە ٥٩٧ی ١٨ی تشرینـی یەکـەم) نەکـردووە. التاخـی بـەردەوام وتوویەتـی ئـەم بڕیارانـە سـنووردارن و حکومـەت بـە تـەواوی جێبەجێیـان نـاکات. التاخـی هەروەهـا چەندجـار ڕایگەیانـدووە دەسـەڵاتدارانی بەعـس بـە جیـددی نایانەوێـت پلانێـک ئامادە بکـەن بـۆ دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی و پۆسـتە ڕاستەقینەکانی ئیـدارەی پارێزگاکانـی باکـوور نـادەن بـە کـورد. هەروەهـا وەزیـرە کـوردەکان لـە نێـو خۆیانـدا گلەیـی دەکـەن کـە دەسـەڵاتەکەیان کارتۆنییـە و بـۆ بڕیارەکانـی پەیوەندیـدار بـە سیاسـەتی گشـتیی وڵات ڕاوێژیـان لەگـەڵ ناکرێـت.

لـە بـواری ئابووریـدا، داواکارییەکانـی کـورد بـە هەمـوو شـێوەیەک پشـتگوێ خـراوە. ئێسـتا پـاش ١٠ مانـگ لـە ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، هیـچ هەنگاوێکـی چڕوپـڕ بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـەی باکـوور، کـە بووەتـە قوربانیـی شـەڕ و هیـچ پیشەسازییەکی

تێدا نییە و زۆرێ لە خەڵکەکەی بێکارن، نەگیراوەتە بەر. لە ڕووی کولتورییەوە بارودۆخەکە تۆزێ باشترە. هەندێ کۆمەڵە و بنکە دامەزراون و هەندێ گۆڤار بە زمانی کوردی بڵاو بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بواری پەروەردەدا کورد لەگەڵ هەڵاواردن ڕووبەڕوو بووەتەوە و وەک هاووڵاتیانی عەرەب خزمەت ناکرێت.

سەرەڕای ئەم کەشوهەوای متمانە بەیەکدی نەکردنە، پێمانوانییە هێرشەکەی ٧ی کانوونی یەکەم پەیوەندییەکانی کورد و حکومەت کە پاش ١١ی ئادار دروستبووە، تێکبدات. ( کۆمیتەی ئاشتی) (بنوارن بۆ تیلیگرامی ژمارە ١٧٠ی ١٨ی ئاداری ١٩٧٠) بە ئاشکرا درێژە بە ئەرکی خۆی دەدات و بەعس و پ.د.ک. هێشتا پەیوەندیی نزیکیان پێکەوە هەیە. بە دڵنیاییەوە دیارینەکردنی کاتی سەرژمێریی گشتی دەبێتە بەربەست لە هەمبەر پێشکەوتنی ناوچەی کەرکووک کە پ.د.ک. دەیەوێت بخرێتە سەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان. بەهەرحاڵ هەم دەسەڵاتی ناوەندی و هەم کورد قازانجیان لەوەدایە بارودۆخەکە هەروا بمێنێتەوە. دەسەڵاتی ناوەندی تەنانەت ئەگەر بەردەوام ئەمڕۆ و سبێ بە جێبەجێکردنی داواکارییە سەرەکییەکانی کورد بکات کە بەڵێنی پێداون، نابێت ڕێککەوتنەکە تێکبدات، چونکە بۆ سەقامگیری ڕژێم زۆر پێویستە. کوردیش لەوە دەترسێت سوپا دەسەڵات بگرێ بە دەستەوە، ئەمەش نە لە کورتخایەن و نە لە درێژخایەندا بە قازانجی نییە.

لەوانەشە بەمزوانە قۆناخێکی نوێ دەستپێبکات، چونکە پێشتر ئەم بڕیارە گرنگانە دراوە: یاسای بنەڕەتی نوێ پەسەند کراوە کە تێدا پۆستی یەکێ لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار دراوە بە کورد و (چوارچێوەیەکی نیشتمانی) نوێ دیاریکراوە بۆ پەیوەندییەکانی بەعس و پ.د.ک. هەروەک موحەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان[1]، وەزیری کاروباری باکوور ئاماژەی پێکردووە، لایەنەکانی دیکەش دەتوانن بێنە ناوی.

(١) مەبەستی سامی عەبدولڕەحمانە. وەرگێڕ

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، ڕۆما، بۆن، مۆسکۆ، مادرید، تاران، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، ئورشەلیم، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، سەنعا، خەرتوم، تریپولی**

**بابەت: دیداری کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەگەڵ بارزانی**

کورت ڤونش[1]، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دادی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا لە ١٦ی کانونی یەکەم ڕێککەوتننامەیەکی دادوەریی دەربارەی دادگای مەدەنی و سزادان لەگەڵ عەزیز شەریف، وەزیری دادی عێراق واژوو کردووە. بەڕێز ڤونش وتوویەتی ئەمە یەکەمجارە ڕێککەوتنێکی بەمجۆرە لە نێوان عێراق و وڵاتێکی سۆسیالیستی دۆست واژوو بکرێت، ئاماژەی بەو یاسانە کردووە کە لە عێراق و ئەڵمانیا هەیە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار، سزادانی و بێبەشکردنی لە مافە گشتییەکان. ڤونش جەختی کردووەتەوە کە ئەڵمانیا پێگەیەکی تایبەتی لە عێراق هەیە.

ڤونش سەردانی کوردستانیشی کردووە و مەلا مستەفا بارزانی بینیوە. ناوبراو یەکەم کاربەدەستیی فەرمیی دەوڵەتێکی بیانییە کە بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق سەردانی ڕابەری کورد بکات. سەردانەکە بە هەنگاوێکی سیاسی

(1) Kurt WUNCHE

لەقەڵـەم دەدرێـت، کەوابـوو ئەنجامەکانـی کـەم تـا زۆر لـە داهاتـوودا دەردەکەوێـت.

بارزانـی و ڤونـش ڕێککەوتـوون لـەو ٣٠ مليـۆن دينـارەی بانکـی عێـراق تەرخانـی کـردووە، ٢ مليـۆن و ٣٥٠ هـەزار دينـاری تەرخـان بکرێـت [بۆئـەوەی کۆمپانياکانـی ئەڵمانيـا] بـە گوێـرەی ياسـای ئۆتۆنۆمـی کار بـۆ گەشـەپێدانی کوردسـتان بکـەن.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتیی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتیی فەرماندەیی هێزە زەمینییەکان**

**بابەت: دیسان مەسەلەی هەوڵ بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی**

بە وتەی کوردەکانی دانیشتووی پاریس، هەوڵدان بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ کە ڕۆژنامەکان سوچەکەیان خستووەتە ئەستۆی جەلال تاڵەبانی، پلانەکەی لەلایەن وەزیری ناوخۆ، سەعدون غێدان و وەزیری بەگری، شەهاب حمادیەوە داڕێژراوە.

هەرچەندە ئیدریس بارزانی بە سەلامەت لە هەوڵەکە ڕزگاری بووە، کوردەکان داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە بە جیددی بەدوای مەسەلەکەدا بچن، ئەگەرنا پێنج وەزیرەکانیان دەکشێننەوە. هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی کاربەدەستانی کورد لەو شارە کوردیانە دانراون کە دەسەڵاتدارەکانی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەن.

کوردەکان پێیانوایە بەهۆی ئەم کێشەیە حکومەتی عێراق هێزەکانی خۆی کە ئەمدوایە لە ئوردن پاشەکشەی پێکردوون، بنێرێت بۆ کوردستان.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**۲۲ی کانونی دووەمی ۱۹۷۱**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری باشوری وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، فەرماندەیی هێزە زەمینییەکان**

**بابەت: گوشار دەخرێتە سەر بارزانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بپچڕێنێت**

بە وتەی چاودێرێکی بیانی لە عێراق، لە دانیشتنێکی دۆستانەی خۆمانەدا، پرسیار لە مەلا مستەفا بارزانی کراوە چی پەیوەندییەکی بە ئێران و تورکیاوە هەیە. ئەویش جەختی کردووەتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەم دوو وڵاتەوە نییە.

لەلایەکی دیکەوە ڕابەری کورد ڕایگەیاندووە حەبیب محەمەد کەریم کاندیدی کورد دەبێت بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار. بارزانی هەروەها داوای کردووە کوردێک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشدار بێت و کاندیدی کوردیش بۆ ئەم پۆستە دکتۆر مەحمود عوسمانە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٥ی ئایار ئاماژەی بەوە کردووە: "حکومەتی تورکیا ١١ پارێزگای کوردنشینی گەمارۆ داوە و هاتوچۆی لە ناویاندا قەدەخە کردووە. حکومەت تاوانی ڕووداوەکانی خستووەتە ئەستۆی مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان". بارزانی هەرچەشنە دەستێوەردانێکی لە ڕووداوەکانی کوردستانی تورکیا ڕەتکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە: "سەرم لە لێدوانی هەندێ لە دەسەڵاتدارانی تورکیا سوڕما کە وتویانە من ڕێکخستنی نهێنیم لە کوردستانی تورکیا داناوە. ئەم زانیارییانە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نین."

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣ی شوباتی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز غەیمۆن)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دولافوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، نووسینگەی کاروباری ئابووری و سیاسی، نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، ڕۆما، مەدرید، بروکسێل، تاران، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، ئورشەلیم، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، خەرتوم، تریپولی**

**بابەت: کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی**

لە میانەی دیدارێکی کورت بۆ پارێزگاکانی باکوور، هاوکارێکم چاوی کەوتووە بە مەلا مستەفا بارزانی. ئەگەر ئەو شتانەی ناوبراو لە زمانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بیستوویەتی بخەینە پاڵ ئەو زانیارییانەی باڵوێزخانەکەمان کۆیکردونەتەوەنە، ئێستا لە ساڵوەگەری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا دەتوانین کێشەی کورد هەڵبسەنگێنین.

ئەو سەرکەوتنەی کورد بەدەستیهێناوە لە خەباتەکەی لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا، یانی دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد لە عێراق، بەشێکی بەهۆی ئەوەیە کە کورد ڕابەرێکی خاوەن هەیمەنە و بلیمەت و کوردستانێکی ئازادی هەیە کە سوپایەکی ڕاستەقینە دەیپارێزێت و ڕێکخستنە بەهێزەکانی حزبێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات.

١- مستەفا بارزانی هیچ لە دەسەڵات و هەیمەنە و پرستیژی کەم نەبووەتەوە. تەمەنە زۆرەکەی نەبووەتە هۆی ئەوەی جموجوڵ و چالاکی و خۆشبینیشی کەم بێتەوە.

گروپێکی بچووکی پێشمەرگە ئامادەن گیان و ڕۆحی خۆیان بکەن بە قوربانی، بارزانی دەپارێزن. بارزانی زیاتر لە گوندی دیلەمان، لە ٣٥ کیلۆمەتری گەلاڵە (پارێزگای هەولێر) دادەنیشێت. بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی ناو سەنگەر دەژیت. بەهۆی ئەزموونی ڕابردووی، ئێستا دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پ.د.ک. بە تەواوی جێگای متمانەی بارزانییە. مەلا مستەفا بارزانی زۆر خۆی دەرناخات، بۆیە ناسینی ئاسان نییە، بەڵام وادیارە ئینسانێکی فێڵزان نییە و بەناحەق قسە لە سەر کەسێک یان ڕووداوێک ناکات.

مەلا بارزانی باش دەزانێت کە وەک سەرۆکی بێ ئەملاو ئەولای بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد، چی ڕۆڵێک دەگێڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جاران سەرۆکەکانی دیکەی پ.د.ک. دەخاتە پێشەوە و پێداگری دەکات ئەوانیش لە بڕیارداندا بەشدار بن. بارزانی هەرچەندە سەرزەنشی هەندێ لە سەرکردەکان دەکات کە دەیانەوێت بچن لە بەغدا لە خۆشی و ڕاحەتیدا بژین، وتوویەتی پێویستە ڕێگا بۆ گەنجەکان خۆش بکرێت پۆستە باڵاکان وەدەستەوە بگرن.

بارزانی ئێستا زیاتر لە جاران ملی داوە بە بەها سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازەکان کە زۆربەی سەرکردەکانی کورد باسی دەکەن. بارزانی هەست دەکات پێویستە چاکسازی کۆمەڵایەتی بکرێت بۆئەوەی ماف و دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆک عەشیرەتەکان کە لە کۆنەوە پشتیوانی سەرەکی بارزانی بوونە، سنووردار بکرێت. سەرەڕای ناکۆکی و ڕکابەریی عەشیرەتەکان و ڕقوکینەی ئابا و ئەجدادی، مەلا بارزانی بە سەمبولی خەباتی کورد دژی عەرەب لەقەڵەمدەدرێت، دەسەڵات و هەیمەنەی پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە قۆناخێکی چارەنووسسازە بۆ خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی، زیاتر بووە. کوردەکان زۆر بە دەگمەن باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام بێگومان پێشمەرگەکان و بارزانیی ڕابەریان هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە ڕۆژێک بگەن بە سەربەخۆیی.

٢- بوونی ئەم کوردستانە ئازادەی ئێستا دەیسەلمێنێت کە هیوای سەربەخۆیی کوردستان خەون و خەیاڵ نییە. ئێستا ٨ هەزار کیلۆمەتر خاکی [کوردستان] لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا نییە. هەرێمی کوردستانی ئازاد، ئیدارە، پۆلیس و سیستمی دادی خۆی هەیە، دانیشتووەکانی باج بە حکومەتی عێراق نادەن. بارزانی و هەڤاڵە

نزیکەکانی بەرپرسیارێتی ئەم ناوچە ئازادەیان بە هەموو شێوەیەک لە ئەستۆ گرتووە کە بارەگای سەرکردایەتییان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕواندوز لە سەر سنووری ئێران هەڵکەوتووە، یانی بزووتنەوەی کورد دەرگای کراوەیە بەڕووی دەرەوە. ئەگەر ئەم دەرگایە نەبێت بزووتنەوەی کورد درنگ یا زوو تێکدەچێت.

لەگەڵ ئەوەشدا سنووری دیاریکراو لە نێوان ( کوردستانی ئازاد) و هەرێمی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدادا نییە. شۆڕشی کورد دەسەڵاتی سەرجەم ناوچە شاخاوییەکانی باکووری عێراقی بەدەستەوەیە، حکومەت و سوپای عێراق تەنیا لە ناوچە دەشتەکان و شارەکان و لە تەنیشت ڕێگا سەرەکییەکانی تەنیشت چەم ودۆڵەکاندا هەن. لە ناوچە دەشتەکان و شارەکانیش کورد دەسەڵاتی هەیە، ئەڵبەتە بە گوێرەی هەلومەرج بە ئاشکرا چالاکی ناکەن. کوردەکان ناوچە[ کوردنشینەکانی] ژێر دەسەڵاتی حکومەت بە داگیرکراو لەقەڵەمدەدەن و لەم ناوچانە شانەی نوستوویان بۆ خەبات داناوە کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ناوچە پشتیوانیان لێدەکەن. کەوابوو بارودۆخی پارێزگاکانی باکوور پێش لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ وەک بارودۆخی ئەلجەزاییر لە کاتی شەڕی سەربەخۆیی جەزاییرییەکان دژی فەڕەنسا بوو.

لە وەتەی شەڕ لە باکوور نەماوە، هاوکێشەکان ئاڵۆزتر بووە، بە شێوەیەکە کە سەری چاودێرە بیانییەکان سوڕدەمێنێت. پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، هەندێ لە ئەندامانی پ.د.ک. بە ڕەزامەندی بارزانی پۆستی گرنگیان لە بەغدا وەرگرت و پارێزگاری سلێمانی، هەولێر و دهۆک بوون بە کورد. سەرەڕای ئەم بەشداریکردنەش لە دەسەڵات، پ.د.ک. دامودەزگاکانی خۆی هەڵنەوەشاندووەتەوە و هەندێ لە کوردەکان ئەم کارەی پ.د.ک. بە مانۆڕێکی تاکتیکی و بەدڵنیاییەوە بە شتێکی کاتی دەزانن کە قازانجی کوردیشی تێدایە، بەڵام بە واتای ئەوە نییە کە کورد لە ناخی دڵەوە چووەتە لای دەسەڵاتی ناوەندی و قەبوڵیش ناکات لە درێژخایەندا لە ناو عەرەبدا بتوێتەوە. ئامانجی سەرەکیی کورد ئەوەیە کە لە ناو هەرێمێکی دیاریکراودا ئۆتۆنۆمی هەبێت. ئەم ئۆتۆنۆمیەش تەنیا کاتێک دەستبەردەبێت کە حکومەتی عێراق لاواز بێت و هێزی پێشمەرگە ی بزوتنەوەی ڕزگاری گەرەنتی پاراستنی بکات لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندی کە عەرەبە ناسیونالیستەکان حوکمی دەکەن و دژی ئەوەن کە هەرێمێکی کوردی لە ناو

وڵاتی عێراقدا دروست بێت.

٣- بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ئەنجامی ساڵەها خەبات دژی هێزەکانی سوپای عێراق، لە ڕووی سەربازییەوە زۆر پتەو بووە. هێزی پێشمەرگە ئێستا دوو بەرەی بەدەستەوەیە: بەرەی ڕۆژئاوا (بادینان) کە پارێزگای دهۆک و مووسڵ لە خۆ دەگرێت و هێزی چوار بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی، کۆنترۆڵی دەکات. بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆران) کە ناوچەی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و حاجی عومەران لە خۆدەگرێت لە ژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی مەلا [مستەفا] بارزانیدایە و لە ١٠ هێز پێکدێت. هەر هێزێک لە دو تا سێ تابور پێکدێت کە ژمارەیان لە تابورێک بۆ تابورێکی دیکە دەگۆڕدرێت.

ئێستا ٣٠ هەزار پێشمەرگەی کورد هەیە. جگە لەوەش هێزێکی تایبەتی بژاردە هەیە کە هەموویان سەر بە عەشیرەتی بارزانین و هێزی یەدەگی خۆبەخشیش هەیە کە ٢٠ تا ٣٠ هەزار کەسێک دەبن. ئەمانە ژیانی ئاسایی خۆیان لە شار و گوندەکاندا دەکەن، بەڵام چەکیان لەماڵەوە هەیە و هەر کاتێک بانگیان بکەن دەچن بۆشەڕ. مووچەی پێشمەرگە ٨ بۆ ١٥ دینارە. دیسیپلنیان زۆر توندوتۆڵە و ورەیان زۆر بەرزە. چەکوچۆڵی سوک و قورسیان (وەک هاوەن، تۆپ، ئارپیجی و چەکی دژە فڕۆکە و دۆشکا) هەیە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی عێراق لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزە و باش ڕێکخراوە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە وا نییە. پارتی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک قەیراندا تێپەڕیوە کە قوڵترینیان دابڕانی بارزانی لە هەڤاڵە هەرە نزیکەکەی، تاڵەبانی بوو. بەهۆی ئەم ڕقوکینە تاکەکەسییە، تاڵەبانی پاڵی بە حکومەتەوە دا. پاش ئەوەی هاوکاریی تاڵەبانی و حکومەت نەما، پ.د.ک. بوو بە تەنیا نوێنەری سەرجەم خەڵکی کوردستان. لە ئاداری ١٩٧٠ وە پ.د.ک. بە ئاشکرا چالاکی دەکات و [لە بەغدا] شانبەشانی حزبی بەعس کار دەکات و دەسەڵاتی هەیە. لە وەتەی شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨ یەکەمجارە ئەم هەلە بۆ پ.د.ک. بڕەخسێت.

پ.د.ک. لە ڕووی ڕێکخستنەوە وەک حزبی شیوعی عێراقە، بەڵام بەرپرسەکانی لە هەموو ئاستێکدا نە بە هاوکاری بەڵکوو بە شێوەیەکی دیموکراتی بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٤٠٩ی ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٠).

پ.د.ک. سەرۆکێکی هەیە کە مەلا بارزانی یە و سکرتێرێکی گشتی هەیە کە حەبیب موحەمەد کەریمە. کۆمیتەی ناوەندی لە ۱۳ تا ۱۷ ئەندام پێکدێت (زیاتر لە ۹یان ئەندامی یەدەکەن). حەبیب موحەمەد کەریم کارەکانی سکرتێری گشتی و لەهەمان کاتدا مەکتەبی سیاسی بەڕێوەدەبات کە ۷ کەسن و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵیاندەبژێرن. ٥ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەن و یەکێکیان ژنە. کوڕەکانی بارزانی هەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هەم ئەندامی مەکتەبی سیاسین.

پ.د.ک. پێنج لقی لە مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و بەغدا هەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەیان دەبەن. پ.د.ک. ڕۆژنامەیەکی هەیە بە ناوی (التاخی) (برایەتی) کە بە عەرەبی لە بەغدا بڵاو دەبێتەوە و [حەبیب ] موحەمەد کەریم بەڕێوەبەریەتی.

لە ڕووی ئیدوئولوژییەوە پ.د.ک. زیاتر لایەنی حیزبە پێشکەوتنخوازەکان لە سەراسەری جیهاندا دەگرێت. ئەو سۆسیالیزمە کە ئەو داوای دەکات زۆر لە (سۆسیالیزمی زانستی) کە کۆمۆنیستەکان شوێنی کەوتوون، جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرهۆکاری تاکتیکی، پ.د.ک. لەگەڵ شیوعییەکان کار دەکات و بە گشتی پەیوەندییان باشە، بەڵام هەندێ جار پەیوەندییەکانیان بەهۆی سیاسەتی حزبی شیوعی عێراق کە سۆڤیەت بەسەریاندا دەیسەپێنێت تێکدەچێت.

دیسیپلینێکی زۆر توند بەسەر ڕێکخستنەکانی پ.د.ک. دا زاڵە. حیزب بڕیاری کۆتایی دەدات پۆستەکانی حکومەتی عێراق [کە بەشی کوردە] بە کێ بدرێت. ئێستا سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ک. لە بەغدا پۆستی [وەزارییان] هەیە و سێی دیکە پارێزگاری پارێزگا کوردنشینەکانن. بەڵام پ.د.ک. لە سەر ئەوە سوورە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار کە بۆ کورد دانراوە، تەنیا پاش پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی نوێی عێراق پڕ دەکرێتەوە.

بەهەرحاڵ لە ناوخۆی پ.د.ک. کێشە و ململانی هەیە. گرنگترینیان ململانێی نێوان باڵی بارزانی و سەرکردە گەنجە فدراڵیخوازەکانە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات خوێندوویانە و دەیانەوێت دەست بە سەر پارتیدا بگرن، چونکە یەکڕیزی و یەکگرتوویی

بە ڕەمزی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد دەزانن. بەهەرحاڵ ئێستا پ.د.ک. لە هەمبەر حکومەتی بەغدا یەکڕیز و یەکگرتووە و بە یەک دەنگ بەرەنگاری هەوڵەکانی حکومەتی عێراق دەبێتەوە بۆئەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی بخاتە نێو کورد.

لە تیلیگرامی داهاتوودا باسی پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی پاش جێبەجێکرانی هەندێ لە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و ڕەهەندە نێونەتەوەییەکانی کێشەی کوردی عێراق دەکەم.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٠ی شوبات ئاماژەی بەوە کردووە: "حکومەتی عێراق بۆ ئارامکردنەوەی کورد کە لە دواکەوتنی جێبەجێکرانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار تووڕەیە، عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی التاخی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پ.د.ک.ی کردووە بە پارێزگاری سلێمانی، مووچەی ١٠ دیناری بڕیوەتەوە بۆ ئەوانەی پێشمەرگایەتییان کردووە و ١٦ ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان."

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٥ی ئادار ئاماژەی بەوە کردووە:

"بەکر، سەرۆک کۆمار و سەدامی جێگری، بە بۆنەی جەژنی قوربان سەردانی لقی بەغدای پ.د.ک. یان کردووە. حکومەت ڕێگەیداوە یەکێتی مامۆستایانی کورد دابمەزرێت و ئەو کوردە مووچەخۆرە مەدەنی و سەربازییانەی لە سەر کار دەرکراون یان خۆیان کارەکانیان بەجێهێشتووە، بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. حکومەت هەروەها (حزبی شۆڕشگێڕانی کوردستان)ی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەندامەکانی چوونەتە ناو پ.د.ک. لە ئەنجامدا پ.د.ک. بەهێزتر بووە، چونکە تەنیا حیزبێکە کە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات."

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٧ی ئاداری ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار(بەڕێز غەیمۆن)، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران(بەڕێز دولافوغنییەغ)، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ(بەڕێز سوزا)، نووسینگەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، نووسینگەی کاروباری ئابووری و سیاسی، نووسینگەی وەزیری دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، ڕۆما، مەدرید، بروکسێل، تاران، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، ئورشەلیم، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، ڕەبات، خەرتوم، تریپولی**

**بابەت: پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق ساڵێک پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**

ئەو سەرکەوتنانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەدەستیهێناوە، تەنیا ئەنجامی خەبات و ماندووبوونی خودی کورد نەبووە، بەڵکوو بەهۆی لاوازیی دوژمنەکەی، یانی دەوڵەتی عێراقیش بووە.

١- حکومەتی [پاشایەتی] هاشمی، هەر وەک حکومەتی عوسمانی، عەرەبە سوننەکان بەڕێوەیان دەبرد و دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو بەسەر ٧٥ لە ١٠٠ی خەڵکی عێراقدا، یانی کورد و عەرەبی شیعە. دەوڵەتی کۆماری، هەروەک دەزانین لە ١٩٥٨ دامەزرا، نەتەنیا نەیتوانی سیستمێکی تاڕادەیەک دیموکراتیک دابمەزرێنێت کە هاوسەنگی نێو پێکهاتەکانی عێراق ڕابگرێت، بەڵکوو عێراقیشی خستە ناو بەرەی ناسیونالیزمی عەرەب و لەگەڵ دژایەتیی توندی کوردی سوونە و عەرەبی شیعە ڕووبەڕوو بووەوە. بەهەرحاڵ دەوڵەتی عێراق لاواز نەدەبوو ئەگەر بە خێرایی دووبەرەکی نەکەوتبایە نێو عەرەبی سوننەی دەسەڵاتدار و لە ئەنجامدا ڕژێم لاوازتر نەدەبوو.

لـە هەمبـەر ئـەم بارودۆخـەدا، دوو کەمینـە گەورەکـە[1]، هەڵوێسـتی جیاوازیـان گرتەبـەر: شـیعەکان لەگـەڵ سـەرکوتی سـوونەکان بەربەرەکانییەکـی ئەوتۆیـان نەکـرد، چونکـە هیوایـان بـە سـەرکەوتنی هەوڵەکانیـان نەبـوو، بـەڵام کـورد، بـە ڕابەرایەتیـی بارزانـی دەسـتیان بـە خەباتـی چەکـداری کـرد و چـوار جـار حکومەتیـان ناچـار کـرد مـل بـۆ داواکارییەکانیـان نـەوی بـکات. لـە ۱۹٦۳، ۱۹٦٤، ۱۹٦٦ و ۱۹۷۰ شکسـتهێنانی سـوپای عێـراق لـە هەمبـەر کـورد، دەسـەڵاتی ناوەنـدی ناچـار کـرد لەگـەڵ کـورد وتوویـژ بـکات و هـەر جارێـک بـە شـێوەیەکی دیاریکراوتـر، بەرفراوانـتر و چڕوپڕتـر دان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورددا بنێـت و لـە کۆتاییـدا دانـی بـە مافـی ئۆتۆنۆمیـدا نـا. (بنـواڕن بـۆ: تیلیگرامـی ژمـارە ۱۷۰ی ۱۸ی ئـاداری ۱۹۷۰).

کەوابـوو جێبەجێکردنـی بـێ ئەمـلاو ئـەولای ڕێککەوتننامـەی ۱۱ی ئـاداری ۱۹۷۰ تەنیا ڕێگایـە بـۆ گەرەنتیکردنـی تێکنەچوونـی ئاگربەسـتەکەی ئێسـتا.

۲- دەسـەڵاتی ناوەنـدی بـە لێزانینـەوە لـە سـاڵانی ڕابـردوودا هەنـگاوی جۆراوجـۆری هەڵگرتـووە بـۆ ڕازیکردنـی کـورد. لـە ڕووی سیاسـییەوە هەنـدێ کـورد کـراون بـە وەزیـر، یاسـایەکی بنەڕەتیـی نـوێ و یاسـایەک بـۆ دامەزراندنـی پەرلەمـان پەسـەند کـراوە، لێبوردنـی گشـتی دەرکـراوە و بارودۆخـی نائاسـایی هەڵگیـراوە. ئازادییەکـی زۆر بـۆ چالاکیکـردن بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دراوە و ڕۆژنامەکـەی بـێ ئـەوەی سانسـۆر بکرێـت لـە بەغـدا بـڵاو دەبێتـەوە. بڕیـاردراوە سـەرژمێریی خەڵکـی عێـراق بکرێـت بەتایبـەت بۆئـەوەی سـنووری ئـەو ناوچانـە دیـاری بکرێـت کـە زۆربـەی دانیشـتووەکانی کـوردن و کۆمەڵێـک پۆسـتی حکومـی بدرێـت بـە کـورد.

لـە ڕووی ئیـداری و کۆمەڵایەتییـەوە، ژمارەیـەک لـە کارمەنـدە کوردەکان گەڕاونەتـەوە سـەر کارەکانیـان و هەنـدێ لـە پۆسـتە گرنگـەکان لـە پارێزگاکانـی باکـوور بـە کـورد دراوە. هەنـدێ بڕیـاری یاسـایی دەرچـووە بۆئـەوەی قەرەبـووی دانیشـتوانی ناوچـە زیانلێکەوتووەکانـی شـەڕ بکرێتـەوە و مووچـە بـۆ کەسـوکاری قوربانیانـی شـەڕ بڕاوەتـەوە.

لـە ڕووی سـەربازییەوە، هێـزی پێشـمەرگە وەک هێـزی سـنوورپارێز دانپێدانـراوە و

---

(۱) مەبەستی کورد و عەرەبی شیعەیە. وەرگێر

دەسـەڵاتی ناوەنـدی هێـزە چەکـدارە کوردەکانـی هەڵوەشـاندووەتەوە[١].

لـە ڕوی کوولتوورییـەوە، زانکۆیـەک کـە بەتایبـەت کۆلیـژی زمانـی کـوردی و کۆلیـژی پزشـکی لـە خۆدەگرێـت، لە سـلێمانی کراوەتـەوە. کۆمەڵـە و بنکـەی جۆراوجۆر دامـەزراوە، کتێـب بـە زمانـی کـوردی بـڵاو کراوەتـەوە و لـە قوتابخانـەکان پـەروەردە بـە کـوردی هەیـە و خوێنـدکاری کـورد دەچنـە زانکـۆ و کۆلیـژەکان.

لـە ڕووی ئابوورییـەوە بڕێـک بودجـە تەرخـان کـراوە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی پارێـزگا کوردنشـینەکان و لـە ئەنجامـدا پلانـی پێنـج سـاڵە هەمـوار کراوەتـەوە. بـڕی ١٦ ملیـۆن دینـار تەرخـان کـراوە بـۆ جێبەجێکردنـی پـڕۆژەی جۆراوجـۆر لـە باکـوور. ڕێگاوبـان و قوتابخانـەکان نـۆژەن کراونەتـەوە.

٣- لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت ئـەم هەنگاوانـە بـە لاڕێمانـدا ببـات. (کۆمیتـەی ئاشـتی) کـە ئاداری پارسـاڵ بـۆ چاودێریکـردن بـە سـەر پەیوەندییەکانـی کـورد و عێراقـدا دامـەزرا، بەهـۆی بەدگومانیـی قوڵـی ئـەم دوو لایەنـە لـە هەمبـەر یەکـدی، لەگـەڵ کۆمەڵێـک کێشـەی جۆراوجـۆر ڕووبـەڕوو بووەتـەوە. ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار تەنیـا لـە نێـوان باڵێکـی سـەربازیی [عێـراق] و ڕابـەری ڕاپەڕینـی [کـورد] واژۆ نەکـرا، بەڵکـوو لـە نێـوان دوو حزبـی سیاسیشـدا واژۆ کـرا: حزبـی بەعسـی سۆسیالیسـت و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بەتایبـەت لـە نێـوان دوو کـەس یانـی مـەلا مستەفا بارزانـی، سـەرۆکی پ.د.ک. و سـەدام حوسـەین، جێگـری سـەرۆکی حزبـی بەعـس و جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی[ عێـراق].

بـەڵام ڕاگرتنـی شـەڕ لەلایـەن ئـەم دوو کەسـەوە تەنیـا مانۆڕێکـی تاکتیکییـە، چونکـە پێویسـتیان بـەم قۆناخـە هەیـە بۆئـەوەی ئامـادەکاری بکـەن بـۆ ئامانجـە جۆراوجۆرەکانیان کـە لـە درێژخایەنـدا دژی ئامانجـی ئـەوی دیکەیـە، بـەڵام لـە کورتخایەنـدا یەکدەگرنـەوە.

بارزانـی گەیشـت بـە مافـی خـۆی، یانـی حکومەتـی عێـراق دانینا بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی گەلـی کـورددا. سـەدام حوسـەینیش لـە سـەر حیسـابی حزبـی بەعـس توانـی کێشـەی کـورد چارەسـەر بـکات کـە تـا ئەوکاتـە بەچارەسـەرنەکراوی مابـووەوە. خۆیشـی وەک پیاوێکـی بەهێـز دەرخسـت و بەسـەر باڵـی سـەربازیی حزبـی بەعسـدا بـەزی و خـۆی وەک

(١) مەبەستی جاشەکانی فرسان سەلاحەدینە. وەرگێر

کەسێک کە تەنیا ئەو دەتوانێت ئاشتی لە باکوور بچەسپێنێت، نیشان دا. (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٢٤٠ی ٢٩ی نیسان و ٢٩٠ی ٢٦ی ئایار).

ڕێککەوتنەکە بووە هۆی ئەوەی ناکۆکی لە ناو بەعسدا بێتە ئاراوە. هەندێ لایەن دژی وەستانەوە، بەتایبەت دەسەڵاتدارانی سوپا کە دژی ئەوە بوون کێشەکە بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بێت.

٤- لەم چوارچێوەیەدا بە ئاسانی تێدەگەین کە ئەو بڕیارانەی لە ڕێککەوتننامەکەدا دراوە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بەتایبەت کێشە سەرەکییەکیەکان چارەسەر نەکراون. تەنیا یاسای بنەڕەتی پەسەند کراوە و بڕیاردراوە ئەنجوومەنی نیشتمانی (مجلس الوطنی) و ئیدارەی هەرێمی ناوچەیی دابمەزرێت. نە حزبی بەعس و نە دەسەڵاتی ناوەندی لە ڕووی ئیدارییەوە هیچ مافێکی ئەوتۆیان نەداوە بە کورد بۆئەوەی بە شێوەی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتدا بەشدار بێت. ئەو لێبوردنەی دەرکراوە هەموو کەسێکی نەگرتووەتەوە و بارودۆخی نائاسایی بە تەواوی هەڵنەگیراوە. ئەو سەرژمێرییەی بڕیارە بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی (کوردستان)ی عێراق بکرێت، بەمزوانە ناکرێت. پ.د.ک. ش تا ئێستا کاندیدی خۆی بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار دەستنیشان نەکردووە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بڕیارەکان بە خاوی و بە نیوەچڵی جێبەجێ دەکرێن. بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی باکوور نالەبارە و ئەگەری زۆرە بەهۆی وشکەساڵییەوە خراپتر بێت. بە کردەوە هیچ بودجەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە گەشەنەکردووەکان خەرج نەکراوە و پڕۆژەکان لە قۆناخی سەرەتاییدان.

گەڕانەوەی کەرکووک بۆ [سەر هەرێمی کوردستان] ڕۆژ بە ڕۆژ خاوتر دەبێت بەهۆی ئەوەی ئەو کوردانەی لە کاتی شەڕدا ڕۆیشتبوون بۆ ناوچە شاخاوییەکانی [کوردستان]، شەپۆڵ شەپۆڵ دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان و خەریکن دەست بە سەر شارەکەدا دەگرن. ڕۆژنامە کوردەکان کەرکووک بە ( پایتەختی) خۆیان دەزانن. کەوابوو هەردوولا هەڵوێستیان دژی ئەوی دیکەیە.

بارزانی ڕایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات لە ناوچەی کەرکووک سەرژمێری بکرێت، چونکە خاکی کوردستانە. (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٥٢٠ی ١٤ی

تشرینی یەکەمی ١٩٧٠). بەڵام سەدام حوسەین لە ١٤ی ئادار لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری لوبنانی (الدستور) وتوویەتی کەرکووک هەر وەک بەغدا و هەولێر بەشێکی دانەبڕاوی عێراقە. جێگری سەرۆک کۆمار هەروەها وتوویەتی هەندێ لایەنی شۆڤینی دەیانەوێت دووبەرەکیی ئیداری بخەنە ناو پێکهاتەکان، بۆئەوەی لە ئەنجامدا هاتۆوچۆ سنووردار بکرێت، خەڵک شوێنی ژیانی خۆی نەگۆڕێت و کاری دەستنەکەوێت. سەدام جەختی کردووەتەوە کە: "ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، جیابوونەوە لە عێراقی لێدەکەوێتەوە و دژی رۆحی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارە". لەبیرمان نەچێت ئۆتۆنۆمی تەنیا بەم ناوچە و ئەو ناوچەیە نەدراوە، بەڵکوو دراوە بە سەرجەم دانیشتوان یانی دراوە بەو دانیشتوانەی لە ناوچەی خۆیان دەژین و زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێکدێنن. کەوابوو ڕێگە لەوە ناگرێت بەشێک لە کەمینەیەکی ئەتنیکی بچن لە ناوچەیەک کە ئۆتۆنۆمی پێدراوە بژین کە زۆربەی دانیشتوەکانی لە نەتەوەیەکی دیکەن. هەروەها ڕێگە لەوە ناگرێت ئەندامی نەتەوەیەک کە زۆربەی دانیشتوانی ناوچە پێکدێنن (مەبەستی عەرەبە) بچن لە ناوچەیەکی دیکە کە ئۆتۆنۆمی پێدراوە بژین کە هی کەمینەیەکی بچووکە (مەبەستی کوردە).

کەوابوو ڕوونە ئەندازیاری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار[1] نایەوێت ناوچەی [کەرکووک] کە زۆربەی نەوتی ئێستای عێراق لەوێ بەرهەمدەهێندرێت بکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی. لە کاتی سەردانی ئەمدواییەم[2] بۆ باکوور، بۆم دەرکەوت ئامانجی سەرەکیی بارزانی ئەوەیە دەسەڵاتی ئەم سامانی نەوتە بگرێتە دەست.

جگە لەم ناکۆکییەی [بارزانی و سەدام] دەربارەی مەسەلەی کەرکووک، ئەو سازشە تاکتیکییە کە لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا کراوە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٥٢٠ی ١٤ی تشرینی یەکەم)، کێشەی کورد و عەرەب لە ناوچەی کەرکووک ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزتر بووە بەهۆی بوونی کەمینەی تورکمان کە هەم کورد و هەم عەرەب بە بەشێک لە خۆیانی دەزانن، بەڵام خودی تورکمانەکان بڕیاری کۆتایی خۆیان نەداوە لایەنی کامیان بگرن. مەسیحییەکانیش، سەرەڕای کێشە و تەنگوچەڵەمەکانی ئەم

(١) مەبەستی سەدامە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی باڵوێزی فەرەنسایە لە بەغداد. وەرگێڕ

ساڵانەی دوایی، ناوچەی خۆیان بەجێنەهێشتووە و نەچوون لە بەغدا بژین، بە هەمان شێوە بڕیاری کۆتایی خۆیان نەداوە [لە کاتی سەرژمێریدا لایەنی کورد یان عەرەب بگرن]، هەرچەندە بە پێچەوانەی ئەوەی ڕابەرە ئایینییەکانیان ناڕاستەوخۆ ئامۆژگاریی کردوون لایەنی عێراق بگرن، وادیارە دەیانەوێت کارتی کورد دژی دەوڵەتی (عەرەب) کە بە تەواوی وەک هاوڵاتییەک مافی خۆیانی پێنەداوە، بەکاربێنن.

٥- کەوابوو ئەم بارودۆخەی ئێستا کە بەدوور لە شەڕە، سەقامگیر نییە، لە ئەنجامی پێکەوەسازانی تاکتیکییانەی دوو لایەندا هاتووەتە ئاراوە کە هەوڵ بۆ قایمکردنی جێپێی خۆیان دەدەن. پ.د.ک. تا ئێستا نەیتوانیوە نەیارەکانی بارزانی بهێنێتە ناو ڕیزەکانی حیزبەکەی و بەعسییش تەنیا باڵی مەدەنی حیزب توانیویەتی بەسەر ئەو کەندوکۆسپەدا [1] زاڵ بێت کە بووەتە هۆی ڕووخانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق و دەیەوێت لەمەبەدوا زیاتر بۆ پێشخستنی ئابووریی عێراق کار بکات. کەوابوو تێدەگەین بۆ نە پ.د.ک. و نە حزبی بەعس نایانەوێت بەمزوانە کارێک بکەن کە بارودۆخەکە تێکبچێت. لەم پێناوەدا پ.د.ک. ئەمدواییە دەستپێشخەریی کردووە: بۆئەوەی پێگەی سەدام حوسەین و هەڤاڵەکانی لەهەمبەر باڵی سەربازیی لاواز نەبێت، بارزانی بڕێک لە چەکوچۆڵە قورسەکانی ڕادەستی دەسەڵاتی ناوەندی کردووە و ئێزگەی ڕادیۆکەی لە ئاداری ١٩٧٠وە داخستووە، هەمان ئەو ڕادیۆیەی ساڵەهای ساڵ بە گوێی دنیایدا دەهێنا کە گەلی کورد قەد واز لە خەبات دژی (عەرەبی داپلۆسێنەر) ناهێنێت.

بەدەر لەم هەوڵانەی دوو لایەن بۆ ڕاگرتنی ئاشتی، هیچ ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیی بۆ کێشەی کورد بەدی ناکرێت چونکە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی عێراق بەردەوام دەبن لە دروستکردنی کەندوکۆسپ لە سەر ڕێگای چارەسەربوونی کێشەکە.

لە تیلیگرامێکی دیکەدا ئەم مەسەلەیە هەڵدەسەنگێنم.

(١) مەبەستی کێشەی کوردە. وەرگێڕ

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەرەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٨ی نیسانی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەرەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، ئەنقەرە، تاران**

**بابەت: ڕۆڵی تورکمانەکان لە هاوکێشەکانی کورد و حکومەتی عێراقدا**

ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی دەربارەی ڕاگەیاندننامەیەکی (حزبی کرێکارانی تورکیا)ی بڵاو کردەوە کە تێیدا دانی بە بوونی (گەلی کورد) لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا ناوە. التاخی ئاماژەی بەوە کردووە کۆمەڵگای تورکمان کە لە ناوچەی مووسڵ و کەرکووک دەژین ڕۆڵی سیاسی دەگێڕن لە نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و مەلا [مستەفا] بارزانیدا.

پ.د.ک. هەوڵ دەدات لەم هەلومەرجە کە ئەم هەڵوێستەی حزبی کرێکارانی تورکیا (کە لە ڕووی یاسایەوە دانیپێدانراوە) بۆی ڕەخساندووە، کەڵک وەربگرێت بۆئەوەی هەستوسۆزی خۆی بۆ کوردی تورکیای دراوسێ نیشان بدات. هەرچەندە پ.د.ک. داکۆکی لە مافی تورکمانەکان دەکات، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە کە سەرکردایەتی کورد هەستوسۆزی هەیە بۆ حزبی کرێکارانی تورکیا. ڕوونە کە کێشەی سەرەکیی سەرکردایەتیی کورد ئەوەیە نەهێڵن دەوڵەتی عێراق دیسان کارتی تورکمان [دژی کورد] بەکاربهێنێت.

کارمان بەسەر ئەوەوە نییە کە پ.د.ک. چەندە پێیخۆشە کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق دان بە مافە کولتوورییەکانی تورکمانەکانی عێراقدا بنێن، بەڵام ڕۆژنامەی التاخی پێیوایە جڵەوی کاروباری سیاسی تەنیا لە دەستی کورد و عەرەبدایە و بە هیچ شێوەیەک پشتیوانی لەوە ناکات کە کەم کەم ئۆتۆنۆمی بە تورکمان لە عێراقدا بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا التاخی بە پێویستی دەزانێت کورد و تورکمان پەیوەندییەکی باش و ئاساییان هەبێت بۆئەوەی کێشە و ناکۆکی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە لەنێوانیاندا سەرهەڵنەداتەوە.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٦ی ئابی ١٩٧١**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری باشوری وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری گشتی، فەرماندەیی هێزە زەمینییەکان**

**بابەت: کاریگەریی ململانێی دەسەڵات لە بەغدا لە سەر کێشەی کورد**

ئەو پێشهاتانەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات کە لە مانگی حوزەیرانەوە دەستیپێکردووە، نیشان دەدات کە بارودۆخی ناوخۆی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت. شەڕ لە کوردستانی عێراق دەستیپێکردووەتەوە، شەڕ و ناکۆکی دیسان لە نێوان عەشیرەتە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا سەریهەڵداوەتەوە و ناکۆکی و ڕکابەریی توونید لە ناو دەوڵەت و حزبی بەعسدا دروست بووە. ئەم شتانە نیشان دەدات کە عێراق لە سەروبەندی شۆڕشێکی دیکەدایە. هەروەها ئەو کودەتایەی لە سەرەتای مانگی تەمووز کرا و شەپۆلی دەستگیرکردنەکان کە کەم تا زۆر سەرەڕۆیانە بووە و بەردەوامە، ناتوانێت کۆتایی بەم قەیرانە بێنێت و ئەگەری زۆرە ببێتە هۆی پێکدادان.

**ناکۆکییەکانی ناو دەوڵەت**

سەدام حوسەین ئەلتکریتی، جێگری سەرۆکی حزبی بەعس و لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئامادەکاری دەکات بۆئەوەی ژەنەڕاڵ ئەلبەکر، سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق لە سەر دەسەڵات لاببات. سەرکردەکانی بەعس لەم پێناوەدا پشتیوانی لە سەدام و هەڤاڵەکانی دەکەن کە سەرجەم جومگەکانی حزبی بەعس، پۆلیس و دەزگای ئیستیخبارات (کە زۆر کاریگەرە) یان بەدەستەوەیە.

تـا ئـەو شـوێنەی ئێمـە دەزانیـن، ئێسـتا ژەنـەڕاڵ ئەلبەکـر و ژەنـەڕاڵ ئەلعەمـماش بەهـۆی کارەکانـی سـەدام دەیانەوێـت دەستلەکاربکێشـنەوە، بەتایبـەت شـەپۆلی دەستبەسـەرکردنەکانی پـاش هەوڵـی کودەتاکـەی سـەرەتای مانگـی تەمـووز. لایەنەکانـی نەیـاری سـەدام باوەڕیـان بـەو شـتانە نییـە کـە دەوڵـەت دەیڵێـت، پێیانوایـە [هـەوڵ بـۆ کودەتـا] سـیناریۆیەکە کـە خـودی سـەدام دایڕشـتووە.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق

بـە وتـەی سـەرچاوە کوەیتییـەکان، شـەڕ لـە نێـوان هێزەکانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی بـارزان کـە لـە سـنووری ئێـران دوور نییـە، دەسـتیپێکردووەتەوە. هۆکارەکـەی ئەوەیـە دەوڵەتـی عێـراق نایەوێـت بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ئـاداری ١٩٧٠ جێبەجـێ بـکات کـە یەکـێ لـە نموونـە بەرچاوەکانـی ئەوەیە حکومـەت ناسـنامەی عێراقـی نـادات بـە کـورد فەیلییـەکان. فەیلییـەکان بـە ئەسـڵ کـوردی ئێرانـن کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی بەغـدا دەژیـن و حزبـی بەعـس ناسـنامەی عێراقیـان ناداتـێ. حەبیـب موحەمـەد کەریـم، کاندیـدی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـار کـوردی فەیلییـە، ئەویـش ناسـنامەی عێراقـی نییـە.

کۆمەڵـەی ئاشـورییەکانی عێـراق لـە میانـەی کۆنگرەکەیانـدا کـە ئەمدواییـە لـە ئەڵمانیـای فیدێـراڵ بەڕێوەچـوو، داوای ئۆتۆنۆمـی لـە دەوڵەتـی عێـراق کـردووە، هەمـان جـۆرە ئۆتۆنۆمـی کـە بـرا کـوردە هاوخەباتەکانیـان هەیانـە[1]. ئێسـتا نزیکـەی ٣٠٠ هـەزار ئاشـووری لـە عێـراق هەیـە کـە زۆربەیـان لـە ناوچـەی بەغـدا و کەرکـووک دەژیـن.

بـە وتـەی هەنـدێ سـەرچاوەی متمانەپێکراو، دەوڵەتـی بەعسـی سـوریا دەسـتی هەیـە لـە هاندانـی کەمینەکانـی عێراقـدا.

(١) مەبەستی ئەوەیە کە ئاشوورییەکان لە سەنگەری کورددا خەباتیان کردووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١١ی ئابی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، مۆسکۆ، دیمەشق، لەندەن، ئەنقەرە، تاران و قاهیرە**

**بابەت: سەرکردایەتیی کورد هەڕەشە لە دەوڵەتی عێراق دەکات**

لەم مانگانەی دواییدا پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی بەغدا خراپتر بووە. نە ئەو ئەڵقە تاکەکەسییەی مەلا مستەفای بە سەدام حوسەین، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەستووەتەوە، نە ئەو کۆمیسیۆنە باڵایەی لە ١١ی ئاداری ١٩٧١ بۆ کاروباری باکوور دامەزراوە، ناتوانن ئەو ناکۆکیانە چارەسەر بکەن کە هەم بەعس، هەم سوپای عێراق و هەم پارتی دیموکراتی کوردستان لێی بەرپرسیارن. ئەو ناکۆکییە قوڵانەی بەهۆی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتووەتە ئاراوە، بەگژیەکداچوونی ڕۆژنامەکان و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەی مووسڵ، کەرکووک و خانەقین کە هەمیشە خوێناوین، بووەتە هۆی ئەوەی کەس متمانەی بە کەس نەبێت. ئەم قەیرانە ئەمدواییە قوڵتر بووەتەوە.

پاش هەوڵ بۆ کودەتا لە مانگی تەمووز (بنواڕن بۆ: تیلیگرامی ٢٢ی تەمووزی ١٩٧١)، لایەنەکانی سەر بە [جەماڵ عەبدول] ناسر کە نەیاری حکومەتی عێراقن لە پ.د.ک. نزیکبوونەتەوە. حکومەتی عێراق بەوەی زانیوە کە بارزانی هەوڵ دەدات دیسان لە ئێران نزیک بێتەوە. کاربەدەستانی بەعسیش هەوڵ دەدەن هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان کە نایانەوێت ملکەچی بارزانی بن، بەکاربێنن، ئەمەش کاردانەوەی بارزانی بەدواوە دەبێت.

لـەم بارودۆخـەدا کۆمیتـەی ناوەنـدی ی پ.د.ک. لـە ۲۲ و ۲۳ی تەمـووز لـە گەڵاڵـە کۆبووەتـەوە. سـەرچاوەیەکی متمانەپێکـراو پێیوتـم لـە کۆبوونەوەکـەدا بڕیـاردراوە نامەیەکـی هەڕەشـەئامێز بـۆ حکومەتـی عێـراق بنێردرێـت کـە تێیـدا هەڕەشـەی ئـەوە بکرێـت وەزیـرە کـوردەکان لـە بەغـدا دەسـت لـەکار دەکێشـنەوە، ئەگـەر وادەیـەک بـۆ جێبەجێکردنـی سـەرجەم بڕگەکانـی ڕێککەوتننامـەی ئاشـتی[1] دیـاری نەکرێـت. هەروەهـا لـە نامەکـەدا ئامـاژە بـەوە کـراوە پ.د.ک. دەیەوێـت لـە جێبەجێکردنـی پـرۆژە گـەورە سیاسـی و ئابووریەکانـدا بەشـدار بێـت.

هەروەهـا لـە ۲ی ئـاب، پ.د.ک. کۆبونەوەیەکـی گشـتی گرتـووە کـە تێیـدا پشـتگیری لـە بڕیارەکـەی بارزانـی کـردووە بۆئـەوەی وادە بـۆ دامـودەزگا باڵاکانـی بەعـس دابنێـت. لـە بارودۆخـی ئێسـتادا هەنگاوێکـی وا دەسـەڵاتدارانی بەغـدا زۆر لـە یـەک نزیکدەکاتـەوە. هەروەهـا باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت لـە بەغـدا کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک پشـتیوانی لـە دەوڵەتـی عێـراق دەکات، ئەوپـەڕی هەوڵـی خـۆی دەدات بۆئـەوەی بارزانـی لـە ناردنـی ئـەم نامـەی وادە دیاریکردنـە بـۆ حکومەتـی عێـراق پاشـگەز بێتـەوە. کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت لـە هەمـان کاتـدا گوشـار دەخەنەسـەر بەعـس بۆئەوەی بـە زووتریـن کات بەرەی نیشـتمانی و ئەنجوومەنـی نیشـتمانی دابمەزرێنێـت کـە سـەرۆک بەکـر لـە لێدوانەکەیـدا لـە ۱۷ی تەمـووز بـە بۆنـەی سـاڵوەگەڕی شـۆڕش ڕایگەیاندبـوو. سـەرۆکی عێـراق لـە لێدوانەکەیـدا خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی کـە کێشـەی کوردسـتان بـە شـێوەی ئاشـتیخوازانە چارەسـەرکراوە و بـۆ یەکەمجـار لـە چوارچێـوەی کۆمـاری یەکگرتـووی عێراقـدا ئۆتۆنۆمـی دراوە بـە گەلـی کـورد.

**پۆل دێپی**[2]

(۱) مەبەستی ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ یە. وەرگێڕ

(2) Paul Dépis

**لە پۆل دێپی، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە،**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٨ی ئابی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، مۆسکۆ، دیمەشق، لەندەن، ئەنقەرە، تاران و قاهیرە**

**بابەت: شەڕی دەسەڵات لە ناو بزووتنەوەی کورد**

ئەو یادداشتەی لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢ی ئاب لە گەڵاڵە پەسەند کرا (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ١٩ی ١١ی ئاب) لە ٧ یان ٨ یان ٩ی ئاب تەسلیم بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی [عێراق] کراوە. باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا، بارزانی ڕازی کردووە تۆنی هەڕەشەئامێزی یادداشتەکە نەرم بکاتەوە. سۆڤیەت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی بولگاریا (بولغارستان) و هەنگاریا (مەجارستان) ئەم داوایەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. پ.د.ک. ٢٧مین ساڵوەگەری دامەزراندنی جەژن دەگرێت. ئەمڕۆ ڕوون بووەتەوە کە نوێنەرانی ئەم سێ وڵاتە سۆسیالیستە[1]، کاتی خۆی بە نهێنی ڕۆڵیان لە ڕێککەوتنی کورد و عێراق گێڕاوە کە لە ئەنجامدا شەڕ ڕاوەستا.

بارزانی هەرچەندە لە هەڕەشەکەی بۆ دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرە کوردەکانی حکومەتی بەغدا پاشگەز نەبووەتەوە، بەڵام وادەی دانەناوە بۆ حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دەستیکردووەتەوە بە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەعس. وتووێژەکان لە ١٤ی ئاب دەستیپێکردووە و هێشتا بەردەوامە.

(١) مەبەستی سۆڤیەت، بولگاریا و هەنگاریایە. وەرگێڕ

لەلایـەن عێراقـەوە سـەدام حوسـەین، وەک جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش و سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی بـاڵای کاروبـاری باکـوور وتوویـژ دەکات. لیژنـەی کـورد بەتایبـەت داوا دەکات کەرکـووک بخرێتـەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و بەشـی کـورد لـە داهاتـی نـەوت بدرێـت. موحەمـەد مەحمـود[1]، وەزیـری کاروبـاری باکـوور و ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پ.د.ک. لـە ٢٧ی ئـاب ڕایگەیانـد، پ.د.ک. دەیەوێـت لـە کاروبـاری دارایـی و ئابووری وڵات و کۆنترۆڵکردنـی سـامانی نەوتـی وڵات بەشـدار بێـت. یەکـێ لـە ئامانجەکانـی ئـەم داواکارییـەی کـورد ئەوەیـە لـە ڕووی داراییـەوە سـەربەخۆ بـن، چونکـە بارودۆخـی ئابـووری کوردسـتان خراپـتر بـووە. کوردسـتان لەمێـژە توشـی وشکەسـاڵی بـووە و کاری پێشـمەرگە سـەختتر بـووە. ڕۆژنامـەی التاخـی ئەمدواییـە وتـی (ئێمـە دەبـێ خۆمـان لـە ژێـر منەتـی ئـەو پارەیـەی دەسـەڵاتی ناوەنـدی وەک خێـرو سـەدەقە دلـۆپ دلـۆپ دەمانداتـێ دەربێنیـن.)

زۆربـەی چاودێـران پێیانوایـە بەمزوانـە پەیوەندییەکانـی کـورد و حکومەتـی عێـراق تێکناچێـت. ئەگـەر تێکبچێـت هاوسـەنگیی ناوخـۆی عێـراق تێکدەچێـت و داردەسـتانی وڵاتانـی عەرەبـی دوژمنـی حکومەتـی عێـراق دەسـتبەکار دەبـن. سۆڤیەت نایەوێـت خـۆی تێکەڵـی ئـەم مەترسیە بـکات و پشـتیوانی لـە ڕژێمـی عێـراق دەکات. هەروەهـا ئەگـەری زۆرە سـۆڤیەت لـە داهاتـوودا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـووک بکەوێتـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق. لـە ئەنجامـدا پێگـەی سـۆڤیەت لـە نـاو کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق قایـم دەبێـت. پێگەکـەی ئێسـتا سسـتە.

لەلایەکـی دیکـەوە حزبـی شـیوعیی عێـراق کـە هەنـدێ لـە سـەرۆکەکانی پەنایـان بـۆ کوردسـتان بـردووە، چونکـە پۆلیسـی عێـراق دەیەوێـت بیانگرێـت، داوا لـە پ.د.ک. دەکات بـە زووتریـن کات بێتـە نـاو بـەرەی نیشـتمانی. ڕۆژنامـەی التاخـی وا دەڵێـت، ئیـدی نازانیـن ڕاسـتە یـان درۆ. وتارەکانـی ئـەم ڕۆژنامەیـە کـە ئەمدوایە بـڵاو دەبنـەوە نیشـان دەدات کـە ڕۆڵـی سۆسیالیسـتەکان بەرجەسـتە بـووە.

(١) مەبەستی سامی عەبدولڕەحمانە. وەرگێڕ

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٥ی ئەیلوولی ١٩٧١**

**بۆ: نووسینگەی سەرۆک کۆمار، نووسینگەی سەرۆک وەزیران، سکرتارییەتی گشتی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری باشوری وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: شەپۆلی دەستبەسەرکردنی بەرپرسانی کورد لە بەغدا**

دوابەدوای شەپۆلی دەدستبەسەرکردن، کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتنی کوردەکان لە دوو مانگی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی عێراق ئاڵۆز بووە. لە ناو ئەوانەدا کە لە سەرەتای تەمووز لە بەغدا گیراون، هەندێ ئەفسەر و کەسایەتی سیڤیلی کورد هەن، لەوانە ژەنەڕاڵ سەعید حەمۆ[1] (فەرماندەی یەکەی پێنج)، ژەنەڕاڵ موحەمەد عەلی سەعید، دوو عەقیدی هێزی ئاسمانی عێراق و فەرماندە ئەحمەد تاریق. ئەحمەد تاریق بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی تایبەت هاتووە بۆ بەغدا. ناوبراو پێشتر ئەفسەری دەزگای ئیستیخباراتی سوپا بووە، لە ١٩٦١ بووە بە پێێشمەرگەی بارزانی و بووە بە بەرپرسی دەزگای (پاراستن). یەکێ لە کەسایەتییە سیڤیلە گیراوەکان بەڕێوەبەری گشتی وزارەتی کشتوکاڵ، ئەحمەد تەها عەزوزە[2].

هەموو ئەم کوردانە، وەک سەرجەم گیراوەکانی دیکەی عێراق، بە تۆمەتی پلاندارشتن دژی ڕژێمی بەعس بە هاوکاری هێزێکی بیانی گیراون. بارزانی چەندجار داوای لە دەوڵەتی عێراق کردووە بەریانبدات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق وەڵامیان نەداوەتەوە.

هاوکات لە مانگی تەمووز و سەرەتای ئاب هێرشکراوەتە سەر لقی پارتی

(1) Said Hamou

(2) Ahmed Taha AZOUZ

دیموکراتی کوردستان لە خانەقین و کەرکووک، بارەگاکانیان بە تەواوی سووتێندراوە و دوو کورد کوژراون. دەوڵەتی عێراق بەڵێنی داوە لە بارەی ڕووداوەکە لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام هیچی نەکردووە.

بە وتەی حەمید بەرواری، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە کە ئێستا بە سەردان لە لەندەنە، بە ڕۆژی ڕووناک لە باڵکۆنی قاوەخانەیەک لە شاری بچووکی پێنجوێن تەقە لە دوو ئەفسەر کراوە، هەردوویان کوژراون. هاوشێوەی ڕووداوەکانی دیکە، حکومەت بەڵێنی داوە دەربارەی ڕووداوەکە لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام ئەنجامی نەبووە.

سەرکردە کوردەکانی دەوروبەری بارزانی دەڵێن حکومەتی بەغدا بە دەستی ئەنقەست ئەم کارانە دەکات بۆئەوەی کورد تۆڵە بکەنەوە و لە ئەنجامدا شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، چونکە پێشتر حکومەت بەم شێوەیە کاری کردووە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، مۆسکۆ، لەندەن، ئەنقەرە، تاران**

**بابەت: هەوڵ بۆ کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی**

پاشنیوەڕۆی دوێنی بومبێک لە شوێنی مانەوەی مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نزیک گوندی گەڵاڵە، تەقییەوە. بۆمبەکە بە مەبەستی کوشتنی بارزانی دانراوە، بەڵام بارزانی بە سەلامەت دەرچووە. ژمارەیەک لە پاسەوانەکانی کوژراون. ئەوانەی لە پشتی تەقینەوەکەوە بوونە کە کۆمەڵێک کەس بوونە و بۆ سەردانی بارزانی ڕۆیشتوون، بەهۆی تەقینەوەکە کوژراون، ئەگەر دەستبەجێ [لەلایەن پێشمەرگەوە] دەستڕێژی گولەیان نەکرابێتەسەر.

ئەم هەوڵە بۆ کوشتنی بارزانی لە بارودۆخێکی پڕ لە تەنگژە و ناکۆکی و لەوانەشە هاندانەدا کە بە سەر مەسەلەی کورددا زاڵ بووە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٤٧٤ی ٢٨ی ئاب) ڕوویداوە و لەوانەیە شتی خراپی بەدواوە بێت.

سەرکردایەتی حزبی بەعس یەکسەر تەقینەوەکەی شەرمەزار کرد، بە کردەوەیەکی تاوانبارانە لە قەڵەمیدا کە هەم دژی بارزانی و هەم ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کراوە.

**دێپی**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

لە ٣١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١ بۆ ڕەواندنەوەی گرژییەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، وەفدێکی زانایانی ئایینی لە بەغداوە سەردانی مەلا مستەفا بارزانی کرد. ڕژێمی بەعس بە یەکێ لە مەلاکان بە ناوی ئیبراهیم خوزاعی وتبوو ئەم دەزگایە لەگەڵ خۆت ببە بۆ تۆمارکردنی دەنگی بارزانی، هەر کە بارزانی دەستیکرد بە قسەکردن پەنجە لە سەر دۆکمەی تۆمارکردن دابنێ. یەکسەر پاش ئەوەی بارزانی دەستیکردووە بە قسەکردن خوزاعی پەنجەی لە سەر دوکمەکە داناوە و بۆمبەکە کە لە ناو دەزگاکەدا بووە تەقیوەتەوە. لەو کاتەدا کە بۆمبەکە دەتەقێتەوە پێشمەرگەیەک خەریکی دانانی چای دەبێت و دەکەوێتە نێوان بارزانی و خوزاعی و بەو شێوەیە بارزانی بە شێوەیەکی موعجزەیی بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت. هیچ کام لە مەلاکان ئاگایان لەو پیلانەی بەعس نەبوو، جگە لە شۆفیری ئەو ئۆتۆمبێلانە کە مەلاکانیان هێنابوو. شۆفێرەکانیش بەدەستی پێشمەرگە کوژران.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە،**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، مۆسکۆ، لەندەن، ئەنقەرە، تاران**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦١٦-١٨[١]**

**بابەت: هەڵسەنگاندنێک بۆ پیلانی کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی**

ئەو کۆمیسیۆنە تێکەڵەی نوێنەرانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی کە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی هەوڵ بۆ کوشتنی بارزانی پێکهاتووە، بە شێوەیەکی تەواو نهێنی درێژە بە کارەکانی دەدات. بێگومان ڕووداوەکە زۆر گرنگە. حزبی بەعس وەک خووخدەی هەمیشەیی، بەرپرسیارێتی ڕووداوەکەی خستووەتە ئەستۆی دوژمنانی شۆڕش، هەرچەندە کەم کەس باوەڕی پێدەکات. ئەو زانیارییانەی ئێمە کۆمانکردوونەتەوە، ئەم سەرەداوانەمان بۆ دەخاتەڕوو:

١- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، [بارزانی]، لەوانەیە لە پێشەوە ئاگاداری ئۆپەراسیۆنەکە بوبێت، ئەگەریش ئاگاداری وردەکارییەکان نەبووبێت ئاگاداری شتە سەرەکییەکان بووە. هەرچەندە دەڵێن بارزانی بریندار بووە، بەڵام وادیارە لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە کاتێک کە پێشمەرگەکان تەقەیان لە سەرنشینانی دوو ئۆتۆمۆبیلەکە کردووە کە لە بەغداوە چوون و هێزە تایبەتەکانی تێدا بووە. هەندێ لایەنی نزیک لە پ.د.ک. دەڵێن نەدەبوایا بەو پەلەیە دەستڕێژی گولە لەوانە کرابا.

٢- جۆری کاری هێرشبەرەکان و ئەو چەک و کەرەستە و دەزگای پەیوەندیکردنە کە

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی پێشووە. وەرگێڕ

بەکاریان هێناوە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە کەسی پرۆفیشناڵ بوونە. لەوانەیە گرووپێکی دیکە لە دوورەوە چاودێری ئۆپەراسیۆنەکەی کردبێت بێ ئەوەی ڕاستەخۆ تێوەگلابێت لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکارانە زۆر زەحمەتە بڵێین بەعس ئاگاداری ئەم پیلانە نەبووبێت، تەنانەت ئەگەر وایشیدابنێین کە خۆی جێبەجێی نەکردبێت. مەلا مستەفا بارزانی چەند کاتژمێر پاش ڕووداوەکە پەیامێکی ناردووە بۆ سەرۆکی حکومەتی عێراق، لە سەر ئەو ڕاستیە پێداگری کردووە کە ئۆتۆمۆبیلی هێرشبەرەکان بێ هیچ کێشەیەک ١٠ خاڵی پشکنینی حکومەتی پێش لە گەیشتن بە کوردستان تێپەڕاندووە. وتەبێژی بەعسیش وەڵامیداوەتەوە کە ئەو ئۆتۆمۆبیلانە بە ئاسانی سەرجەم خاڵەکانی پشکنینی پێشمەرگەشیان تێپەڕاندووە.[١]

کەوابوو جارێ دەبێ چاوەڕوان بکەین تا شتەکان ڕوون دەبێتەوە. لەوانەشە لە ئاستی سەرکردایەتی بەعسدا هەندێ کەس بە پەلە هەوڵیاندابێت بە هاوکاریی سەرکردە چەپەکانی پ.د.ک، بارزانی لەناو ببەن، بۆئەوەی کەسی دیکە جێگای بگرێتەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار هۆکاری پێکەوەسازانی پ.د.ک. و حکومەتی عێراقە، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنیدا کۆمەڵێک کێشە و تەنگوچەڵەمە سەریهەڵداوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبن. کەوابوو لەوانەیە ئەم مەسەلەیە پاڵی بە هەندێ لە دەسەڵاتدارانی بەعسەوە نابێت لە باتی بارزانی لەگەڵ کەسێکی دیکە مامەڵە بکەن.

دەسەڵاتی ناوەندی ئێستا هەوڵ دەدات بە پشتیوانی وڵاتانی سۆسیالیست، بە زووترین کات بەرەی نیشتمانی و ئەنجوومەنی نیشتمانی دابمەزرێنێت. لە پێناو ئەم ئامانجەدا بەعس دەیەوێت باڵی چەپی پ.د.ک. بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت بۆئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەتلەت بکات و ڕابەرە مێژووییەکەی، [بارزانی] گۆشەگیر بکات.

**پییەغ سێغل**

---

(١) مەبەستی ئەوە بووە بە هەمان شێوە کە پێشمەرگە نەیتوانیوە هیچ شتێکی نامۆ لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکاندا بدۆزێتەوە، خاڵی پشکنینەکانی حکومەتیش هیچ شتێکی نامۆیان لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکاندا نەبینیوە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە،**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، مۆسکۆ، لەندەن، ئەنقەرە، تاران، قاهیرە، پێکەن**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦٧١**

**بابەت: سەردانی لێژنەیەکی سۆڤیەت بۆ دڵنیاییدانەوەی مەلا مستەفا بارزانی**

ێژنەیەکی کۆمیتەی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی لە گەلانی ئەفریقایی- ئاسیایی بە سەرۆکایەتی غەفوروۆف بە سەردانێکی یەک هەفتەیی هاتووە بۆ عێراق. لە بەغدا ئاهەنگی جۆراوجۆر بۆ پێشوازیکردن لێیان ڕێکخراوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی سەفەرەکەیان چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا [مستەفا] بارزانی بووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر گرنگیداوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی گفتوگۆکانی لێژنەکەی حکومەتی سۆڤیەت لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای پ.د.ک. لێژنەکەی سۆڤیەت جەختی کردووەتەوە زۆر پێویستە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ بکرێت کە دانی بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ناوە. غەفوروۆف سەردانی شوێنی هەوڵدانی کوشتنی بارزانی کردووە، دەستخۆشی لە سەرۆکی پ.د.ک. کردووە کە عاقڵانە مامەڵەی کردووە و پیلانەکانی نەیارانی شۆڕشی سۆسیالیستی عێراقی پوچەڵ کردووەتەوە. هەروەها کوردی دڵنیا کردووەتەوە کە گەلی سۆڤیەت پشتیوانیان لێدەکات بۆئەوەی بە زووترین کات بەرەیەک لە نێو حیزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق دروستبکرێت.

بارزانیش وتوویەتی بەرژەوەندی کورد و عەرەب لە ئاشتیدایە، ئاشتییەک لە سەر

بنەمای دابەشکردنی دادپەروەرانەی ماف و ئەرکەکان و هەروەها ئازادیی هێز و حیزبە نیشتمانییەکانی عێراق. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە بارزانی لە قسەکانیدا بە هیچ شێوەیەک ناوی بەعسی نەهێناوە. ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی بەعس هیچ باسی سەردانی غەفوروۆف بۆ لای بارزانیان نەکردووە.

ڕەوتی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە سۆڤیەت یارمەتی سەدام حوسەین و باڵی مەدەنی دەدات بە شێوەیەکی تاڕادەیەک کاتی، بە سەر قەیرانەکەدا زاڵ بێت، عێراق سەقامگیر بێت و ببێت بە ڕژێمێکی دیموکراتیکی نیشتمانی. سۆڤیەت هەروەها هەوڵ دەدات دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕازی بکات، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی سۆسیالیستیش پێکنەهێنن، تا ڕادەیەک لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق هاوکاری بکەن، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق ئیدی بە شوێن سیاسەتی سۆڤیەت، بەتایبەت دەربارەی مەسەلەی فەلەستیندا ناچن. لە ئەنجامدا حزبی شیوعی دەتوانێت بە ئاشکرا چالاکی بکات و لە قۆناخی چەوساندنەوە کە زیاتر لە سێ ساڵە بەردەوامە، ڕزگاری بێت.

**پییەغ سێغل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢٦ی تشرینی دووەم ئاماژەی بەوە کردووە: "لە دوو هەفتەی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی ئاڵۆزتر بووە، بەتایبەت لە ناوچەی هەولێر و کەرکووک پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوویداوە. دە، پانزە کەسێک لە ئەندامانی پ دک ڕفێندراون، کوردەکان هەوڵیانداوە هەندێ لە ئەفسەرانی سوپای عێراق بکوژن و هێرش بکەنە سەر سەربازگەکان. ئێستا بارەگای سەرکردایەتی بارزانی و حکومەتی عێراق خەریکی گفتوگۆن دەربارەی پرۆژەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی."

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەرەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧١**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەرەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، بۆن، مۆسکۆ، ڕۆما، مادرید، بروکسێل، پێکەن، تاران، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، ڕەبات، تریپولی**

**بابەت: بارزانی لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک سازش ناکات**

ئەو پیلانەی بۆ کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی لە ٣١ی ئەیلوول دانراوە (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ١ی تشرینی یەکەم) و دواکەوتنی ڕیفڕاندۆمی سەرژمێری بۆ دیاریکردنی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە پەیوەندییەکانی بەغدا و گەڵاڵە ئاڵۆزە.

لە میانەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٧ی تشرینی دووەم، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی کێشەی کورد، سەرۆک کۆماری عێراق وتی: "ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی کورد و ڕەواندنەوەی ئاسەوارەکانی شەڕێ براکوژیی ڕابردوو بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گیراوەتەبەر. یاسای نیشتمانی سنوورەکانی ئەم ئۆتۆنۆمیەی دیاریکردووە، کەوابوو ئۆتۆنۆمیەکە نابێت لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاک و سیاسەتی نیشتمانی عێراق بچێتەدەرەوە. حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتوون ئۆتۆنۆمیەکە لە ماوەی ٤ ساڵدا و لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق و وڵاتێکی دیکەی عەرەب جێبەجێ بکرێت."

ژەنەڕاڵ بەکر لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی گوێڕایەڵبوونی هێزە چەکدارەکان،

بەتایبـەت کـورد، بـۆ فەرمانەکانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش وتـی بەرپرسـیارێتی ئـەم مەسـەلەیە لـە ئەسـتۆی فەرماندەیـی سـوپا و ڕێـڕەوە سیاسـییەکەیەتی. سـەرۆکی عێـراق بـە توونـدی جەختـی کـردەوە جگـە لـە حزبـی بەعـس، هیـچ ڕێکخراوێـک بـۆی نییـە کاری سیاسـی یـان ڕێکخسـتنی لـە نـاو هێـزە چەکدارەکانـدا بـکات.

هاوکات هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیەکی گەورەی لوبنانی لە گوندی دیلمان لەگەڵ بارزانی گفتوگۆی کردووە. بارزانی وتوویەتی: "بۆئەوەی کێشەی کورد وەک خۆی چارەسەر بکرێت، دەبێ حکومەتی عێراق سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و لە هەنگاوی یەکەمدا پەرلەمان دابمەزرێت. ئێمە هەمیشە وتومانە و دیسانیش دوپاتی دەکەینەوە کە تەنیا دەسەڵاتێکی دیموکراتێک کە نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵک بەڕێوەیببەن، گەرەنتی یەکێتی نیشتمانی عێراق دەکات. ئێمە نەمانویست ئەم مەرجە لە ناو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا بگونجێنین، چونکە شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسا و تۆمەتبار دەکراین کە نیازمان پاک نییە."

بـەڵام مـەلا مسـتەفا ئامـادە نییـە لـە ژێـر چەتـری بـەرەی نیشـتمانیدا بچێتـە ژێـر بـاری هەمـوو جـۆرە فەرمـان و بڕیارێـک. لـە وەڵامـی پرسـیاری ڕۆژنامـە لوبنانییەکـە دەربـارەی هەوڵـی بەعـس بۆئـەوەی باڵـی چەپـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بەسـەر باڵی ڕاسـتدا زاڵ بێـت (بنـوارن بـۆ تیلیگرامی ١٥ی تشرینی یەکـەم)، بارزانی جەختیکردووەتـەوە بزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد یەکدەسـت و یەکگرتـووە، مەڕومالاتیـش نییـە کـە تەسـلیمی هەمـوو بڕیارێکـی حکومەتـی بەغـدا بێـت. بارزانی وتوویەتی ئـەو ئەندامانی سـەرکردایەتی پ.د.ک ی بـە کەیفـی خـۆی دانـەناوە، بەڵکوو بەشـێوەیەکی دیموکراتـی ڕاسـتەقینە هەڵبژێردراون و داوا دەکات سـەرجەم خەڵکـی عێراقیش بتوانن بە هەمان شـێوە نوێنـەری خۆیان هەڵبژێرن.

گلەیـی و گازنـدەی سـەرەکیی مـەلا مسـتەفا لـە دەسـەڵاتدارانی بەعـس ئەوەیـە کـە نایانەوێـت لایەنـی دیکـە لـە دەسـەڵاتدا بەشـدار بێـت و نایانەوێـت ئۆتۆنۆمیەکـی ئیـداری بـدەن بـە کـورد، کـە دراوە بـە سـەرجەم نەتەوەکانـی دنیا لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە (١) بگرە تا چکسـلڤاکیا و یوگسـلاڤیا و تەنانـەت ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا. بارزانـی وتوویەتی ( ئێمـە کولتـور و دابونەریتـی تایبەتـی خۆمـان هەیە، کەس بـۆی نییە سەرزەنشـمان بکات.)

(١) لـە نیـوەی تشرینـی یەکـەم، جیگـری سـەرۆک وەزیرانـی کۆمـاری ئۆتۆنۆمـی ئەرمەنسـتان سـەردانی بەغـدادی کـردووە. دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت ویسـتوویانە بەمشـێوەیە بـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق نیشـان بـدەن کـە حکومەتـی سـۆڤیەت کێشـەی نەتەوەکانی چارەسـەر کـردووە، لـە ئێمـەوە فێـر بـن.

بارزانـی داوای نەکـردووە بودجەیەکـی تایبـەت و سـەربەخۆ بـۆ کوردسـتان تەرخـان بکرێـت، بـەڵام داوای کـردووە بەشـێک لـە بودجەی عێـراق بە گوێـرەی ڕێژەی دانیشـتووانی کـوردی عێـراق بدرێـت بـە کـورد. حکومەتـی عێـراق ئـەم مافـە نـادات بـە کـورد، چونکـە ئەگـەر بیانداتێ کۆمەڵگای شـیعە لـە باشـووریش داوای هەمـان مـاف دەکـەن، بەتایبـەت داوای بەشـی خۆیـان لـە کۆمپانیـای نەوتـی بـەسرە دەکـەن. بـە کورتـی سـەرۆکی پ.د.ک. داوای ئـەم شـتانە دەکات:

١- کـورد بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە و کاریگـەر لـە بەڕێوەبردنـی وڵاتـدا بەشـدار بێـت یانـی نەتەنیـا بـە گوێـرەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، پێنـج وەزارەت بدرێـت بـە کـورد، بەڵکـوو لـە فەرماندەیـی سـوپای عێـراق و بەتایبـەت ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـیش کـە باڵاتریـن دەسـەڵاتی عێراقـە، بەشـیان بدرێـت. پ.د.ک. کاندیـدی خـۆی بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کۆمـار دیـاری نـاکات، ئەگـەر دڵنیـا نەبێـت کـە پۆسـتەکە تەشریفاتـی نییـە و بڕیـار بەدەسـتە. پ.د.ک. هەروەهـا تـا ئێسـتا قەبوڵـی نەکـردووە ٢٤ کورسـیی (لـە کـۆی ١٠٠ کورسـی) پەرلەمانـی داهاتـووی عێـراق پـڕ بکاتـەوە، چونکـە هێشـتا ڕێوشـوێنەکانی دامەزراندنـی پەرلەمـان دیارینەکـراوە. دەوڵەتـی بەعـس ڕازی بـووە پەرلەمـان بـە ئامادەبوونـی وەزیـری ئابـوری و دارایـی گەنگەشـەی کاروبـاری ئابـوری و دارایـی بـکات.

٢- سـەرۆکی پ.د.ک. بەتایبـەت داوا دەکات سـوپای عێـراق لـە کوردسـتان نەمێنێـت و سەرزەنشـی دەسـەڵاتدارانی بەغـدای کـردووە کـە لـە کـۆی شـەش یەکینـەی سـوپای عێـراق، چـوار یەکینەیـان لـە باکـووری وڵات جێگیـر کـردووە، لەکاتێکـدا کـە دوژمـن لـە باشـووری عێراقـە ( تـا ئـەو شـوێنەی مـن دەزانـم تەنیـا یـەک یەکینـە لـە مووسـڵ و یـەک یەکینـە لـە کەرکـووک جێگیـر بـووە.)

داواکاریـی سـەرەکی بارزانـی ئەوەیـە شـاری کەرکـووک بخرێتـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان. بارزانـی وتوویەتـی: "٧٠٠ سـاڵە کەرکـووک کوردسـتانییە، زۆر پێشـتر لـەوەی کـە نەوتـی تێـدا بدۆزرێتـەوە. لـە ١٩٥٠کان تەنیـا سـی، چـل بنەماڵەیەکـی عـەرەب لـە کەرکـووک ژیـاوە. تەنانـەت ئەمـڕۆش عـەرەب قەبرسـتانی لـە کەرکـووک نییـە، مردووەکانیـان لـە شـوێنی دیکـە دەنێـژن. ئێمـە ناچینـە ژێـر بـاری ڕیفرانـدۆم، چونکـە

بەعس کوردی دەرکردووە و شاری کەرکوکی تەعریب کردووە. دەسەڵاتدارانی بەغدا ٢٠ هەزار کوردیان دەرکردووە و ٣٠ هەزار عەرەبیان لە جێیان داناوە. ٨٠ لە ١٠٠ی کەرکووک کوردە. پێویست ناکات لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەمەوە بۆئەوەی مێژووی کوردستانیبوونی کەرکووک نیشان بدەم. وا بچێتە پێشەوە، هەولێر و سلێمانیش تەعریب دەکەن.."

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئێستا لە نشێودایە. ١٨ مانگە مەلا مستەفا هەوڵ دەدات پێگەی سیاسی، ئابووری، ئیداری و سەربازی خۆی لە تەواوی کوردستان قایم بکات و هەتا ئەو شوێنەی پێدەکرێت پێگەی دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بکات، بەڵام سەرنەکەوتووە. ئێستا دەسەڵاتی ئیدارەی ئاسایش و پۆلیس و فەرماندەیی سوپای عێراق لە کەرکووک هەمووی بەدەستی عەرەبەوەیە. جگە لەوەش دانیشتوانی کوردی ئەم شارە خەریکن ئەو مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیانە لەدەستدەدەن کە یەکسەر پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بەدەستیانهێنا. بۆ نموونە مافی تاپۆکردنی هەندێ زەوی و دامەزران لە ئیدارەکاندا.

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا، کۆمەڵگای بچووکی تورکمان کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا لایەنی کوردیان دەگرت، ئێستا دەیانەوێت چاوەڕوان بکەن بزانن چی دەبێت.

ئەو هاوسەنگییەی لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیدا لە باکوور چەسپابوو، ئێستا بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداو کە هەردوویان لە پشتەوەینی، خەریکە تێکدەچێت. پێشمەرگەکان ئەمدوایە هەندێ ئەفسەری سوپای عێراقیان ڕفاندووە و هەندێ لە نوێنەرانی بارزانی لە کەرکووک و هەولێر و ژمارەیەک لە ئەندامی پ.د.ک. لە بەغدا گیراون. لەبیرمان نەچێت بەعس پێیخۆشە بارودۆخەکە ئاڵۆز بێت بۆئەوەی گوشار بخاتەسەر کورد و ناچاریان بکات بێنە ناو بەرەی نیشتمانی (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٦١٠).

باڵوێزی تورکیا لە بەغدا لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندجار پێیوتووم نیگەرانە کە دیسان کورد ببێتەوە بە مەترسی بۆیان و وتی: "بارزانی ئێستا کەوتووەتە ناو داوی ئاشتبوونەوە [لەگەڵ حکومەتی عێراق]. حکومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی

پ.د.ک. قوتابخانەی لە گوندەکان دروستکردووە و جادەی لە ناو چەم ودۆڵەکاندا کێشاوە، ئەمەش بەقازانجی حکومەتە، چونکە ئێستا دەستی گەیشتووە بەو شوێنانەی پێشتر قەد پێی تێنەنابوو و شوێنە ئیستراتژیکەکانی کوردستانی گرتووە، بەتایبەت ڕێگا سەرەکییەکانی هاتوچۆ." کەوابوو سەدام حوسەین و باڵی مەدەنی [بەعس] خەریکن بە باشی کارتی ئاشتی بەکاردێنن بۆئەوەی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن کە باڵی سەربازی نەیتوانیوە جێبەجێی بکات.[١]

هاوکات لەبیرمان نەچێت دیسان ناکۆکی کەوتووەتە ناو سەرکردایەتی کورد، بە هەمان شێوەی ساڵی ١٩٦٤، کە بارزانی تۆمەتبار دەکرا لەگەڵ حکومەتی عێراق سازشی کردووە[٢]. لە ناو پ.د.ک. دا باڵێک هەیە کە زۆر زۆر ناسیونالیستە و سەرزەنشی بارزانی دەکات لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاوشێوەی ڕێککەوتننامەی ( ئیڤیان) [٣] لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتووە.

**پییەغ سێغل**

---

(١) ئەم قسەیە بەتەواوی ڕاستە. حکومەتی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ جادە و ڕێگاوبانی زیاتری لە کوردستان دەکێشا. لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥ ئەمە ئاسانکاری کرد بۆ سوپای عێراق هەموو شوێنێکی کوردستان بگرێت، تەنانەت تا بناری چیا سەرکەشەکان بچێتە پێش. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی ئەوەیە باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێککەوتنی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ١٩٦٤ ناڕازی بوون، دەیانوت بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق سازشی کردووە بێ ئەوەی مافێکی ئەوتۆ وەربگرێت، کە لە کۆتاییدا جیابوونەوەی گروپی مەکتەبی سیاسی لێکەوتەوە. وەرگێڕ

(٣) ئیڤیان [لۆبەن] شارێکە لە فەڕەنسا لە نزیک سنووری سوئیس. ساڵی ١٩٦٢ حکومەتی فەڕەنسا بە نهێنی لەم شارە لەگەڵ حکومەتی کاتیی کۆماری ئەلجەزاییر وتوویژی کردووە و لە گەڵیان ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئەلجەزاییر و فەڕەنسا بە تەواوی بوەستێت کە سەربەخۆیی ئەلجەزایری لێکەوتەوە. هەندێ لایەنی فەرەنسی ئەم ڕێککەوتنە سەرزەنشت دەکەن و تەنانەت بە خیانەتیشی دەزانن. وەرگێڕ

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی ئاداری ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، سوفییە، پراگ، تاران، جەددە، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، ڕەبات، خەرتوم**

**بابەت: شەڕی دەروونیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس**

دوو ساڵ پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و دانبەخۆداگرتنی ڕواڵەتیانەی سەرکردایەتی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی لە هەمبەر بیروڕای گشتی، بەدگومانی و متمانەنەکردنی ئەم دوو لایەنە سەرەنجام گەیشتووەتە لوتکە. لەوەتەی هەوڵی کوشتنی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٧١ دراوە[١]، پارتی دیموکراتی کوردستان بە وریاییەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق مامەڵە دەکات، ئەگەر دژایەتیشی نەکات، بۆیە درەنگ و بە مەرج وەڵامی داواکارییەکەی حکومەتی داوەتەوە بۆئەوەی بچێتە ناو بەرەی نیشتمانی.

کاربەدەستانی کورد ئەمدواییە پێیانوتین لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەعس ناکۆکن، لە سیاسەتی ئەمڕۆ و سبێکردنی حکومەت ماندوو بوونە و هیوایان نەماوە بتوانن لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەن.

---

(١) لە بەڵگەنامەکانی پێشوودا جارێک دەڵێت لە ٢٩ی ئەیلوول، جارێکی دیکە دەڵێت لە ٣١ی ئەیلول، لێرەش دەڵێت لە ٢٧ی ئەیلول هەوڵدراوە بۆ کوشتنی بارزانی. جا ئیدی نازانم کامیان ڕاستە. وەرگێڕ

پێناسە و بۆچوونی بەعس بۆ) ئاشتی) ڕێگای ڕێککەوتنی سیاسی داخستووە. دەسەڵاتدارانی کورد دەڵێن ڕاستە حکومەت هەندێ لە برگەکانی ڕێککەوتنەکە کە پەیوەندی بە پرۆژە ئیداری و ئابوورییەکانەوە هەیە، جێبەجێکردووە، بەڵام برگە سیاسیەکانی جێبەجێ ناکات کە بێ ئەوانە ئۆتۆنۆمی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا واتای نامێنێت. هاوکات بەعس هەوڵ دەدات لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەرەولای هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق ڕابکێشێت: لە وەتەی پرۆژەی بەرەی نیشتمانی ڕاگەیەندراوە، کاربەدەستانی پ.د.ک. چەندجار ڕایانگەیاندووە، ئەم پرۆژەیە داواکارییەکانیان دەربارەی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو وەدیناهێنێت.

لەم هەلومەرجەدا چوارچێوەی کار و سیاسەتکردنی دەسەڵاتدارانی کورد تادێت تەسکتر دەبێتەوە. پ.د.ک. نایەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعس بەتەواوی تێکبچێت، چونکە پ.د.ک. ئالقەی پێکەوەبەستنی حیزبەکانی بەرەی نیشتمانییە و بەهۆی ئەوەی هەستوسۆزی هەیە بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عێراق، زەحمەتە بتوانێت دەستپێشخەرییەکانی بەعسییەکان ڕەت بکاتەوە. دەسەڵاتدارانی پ.د.ک. پێیانوایە (شۆڕشەکەیان) ڕەوایەتی خۆی سەلماندووە بە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق و عەرەب، بۆیە لە باتی ئەوەی بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بەگژ بەعسدا بچن، بەباشتری دەزانن خۆیان لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنخوازی عێراقدا ڕێکبخەن، چونکە ئەم ڕەوتە گرنگی بە ئەزموونی بەعسی عێراق دەدات.

پ.د.ک. بە وریاییەوە و بە شێوەیەکی بێلایەنانە لەگەڵ ڕژێمی ئێران و بزووتنەوەی کوردی ئێران مامەڵە دەکات، ئەمەش نیشان دەدات کە نایەوێت پشتیوانی ئێران لەکیس بدات، هەرچەندە پ.د.ک. کاتی خۆی داگیرکردنی سێ دوورگەی گەرووی هورموز لەلایەن سوپای ئێرانەوە شەرمەزار کردووە. (١)

(١) مەبەستی دوورگەی ابوموسی، طنب الصغری (تونبی بچوک) و طنب الکبری (تونبی گەورە) یە کە لە باشووری ئێران لە کەنداو هەڵکەوتووە. ئەم سێ دوورگەیە تا ساڵی ١٩٧١ لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون، پاش ئەوەی بەریتانیا چۆڵیکردن ئێران گرتنی. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب ئەم دوورگانە بە هی خۆی دەزانێت، لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی ئێران و ئیمارات لە سەر ئەم مەسەلەیە جارناجار ئاڵۆز بووە. وەرگێڕ

لـە ئەنجامـدا دەتوانیـن بڵێیـن پ.د.ک. و بەعـس لـە بارودۆخـی (شـەڕی دەروونـی) دان. پ.د.ک. بەرگری لـە خـۆی دەکات، ناتوانێـت بڕیـاری یەکلاییکـەرەوە بـدات: ئەگـەر بڕیـار بـدات نەچێتـە نـاو بـەرەی نیشـتمانییەوە، لایەنەکانـی دیکـە دەبـن بـە دوژمنـی و ئەگـەر بڕیـار بـدات بچێتـە نـاو بەرەکـە، داهاتـووی کێشـەی کـورد دەکەوێتـە نـاو مەترسـییەوە. لـە لایەکـی دیکـەوە دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـە دەستەوەسـانی پ.د.ک. ناڕازییـە و گوشـاری دەخاتەسـەر بڕیـاری خـۆی بـدات.

ئەگـەری کەمـە لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا شـەڕ لـە نێـوان پ.د.ک. و دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەڵبگیرسـێت، مەگـەر بـە بنبەسـت بگـەن. دەسـەڵاتدارانی کـورد جـارێ هـەوڵ دەدەن لـە هەمـوو ئامرازێکـی سیاسـی کەڵـک وەربگـرن و چـاوەڕوان بکـەن تـا ڕۆژێ بێـت هەلومەرجەکـە بـە قازانجیـان بگۆڕێـت.

**پییەغ سێغل**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢**

**بابەت: دیداری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی**

بە وتەی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق، کۆسیگین[1]، لە میانەی سەفەرەکەی بۆ عێراق لە سەرەتای مانگی نیسان، لە گوندێکی بچووکی کوردستان بە ناوی قەرەتەپە[2]، لە نێوان پارێزگای سلێمانی و کەرکووک، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و جێگرەکەی، دکتۆر مەحمود عوسمان دیدار و گفتوگۆی کردووە. لە دیدارەکەدا ئەم کەسانەش ئامادە بوونە: ڤلادیمیر کودریاتسێڤ[3]، چاودێری سیاسی [ڕۆژنامەی] ئیسڤیستیا[4]، جێگری سەرۆکی کۆمیتەی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی لە گەلانی ئەفریقایی-ئاسیایی، سەدام حوسەین ئەلتکریتی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، عەبدولخالق ئەلسامەرایی و ژەنەڕاڵ ساڵح مەهدی عەماش، باڵوێزی عێراق لە سۆڤیەت.

کودریاتسێڤ بە نهێنی بە یەکێ لە دۆستەکانی وتووە کە لایەنەکان لە سەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتوون:

- ژمارەی هێزەکانی سوپای عێراق لە کوردستان بۆ ٥٠٠ کەس کەم دەکرێتەوە، بەڵام هەرکاتێک لایەنەکی دەرەکی هەڕەشە لە عێراق بکات ژمارەیان بەرز دەکرێتەوە.
- ئەمساڵ ٣٥ ملیۆن دولار لە داهاتی نەوت دەدرێت بە کورد، ساڵی داهاتوو دەبێت بە ٦٥ ملیۆن و پاشان ٧٥ ملیۆن دولار. ئەم ڕێککەوتنە بە داوای کۆسیگین کراوە.

(1) Kossyguine

(2) Karatapeh

(3) Vladimir Koudriastev

(4) Isvestia

- کۆمۆسیۆنێکی تێکەڵی کورد و حکومەتی عێراق بە بەشداری نوێنەری سۆڤیەت پێکدێت بۆ تاوتوێکردنی چارەنووسی پارێزگای کەرکووک کە کورد و حکومەت لەسەری ناکۆکن. ئەم پێشنیارەش کۆسیگین خستوویەتیەڕوو بەڵام لە سەری ڕێککەوتن نەکراوە.

سەرچاوەیەکی ئێرانی وتویەتی بەڵێ ڕاستە، کاربەدەستانی سۆڤیەت و مەلا [مستەفا] بارزانی لە کاتی سەفەری کۆسیگین بۆ عێراق دیداریان کردووە، بەڵام بە دروستی نازانین خودی کۆسیگین لە دیدارەکەدا ئامادە بووە یان نا. سەرچاوەکە وتی ئامانجی ئەم دانیشتنە ئەوە بووە [سۆڤیەت و عێراق] گوشار بخەنە سەر کورد بارودۆخی ئێستا تێکنەدەن و شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق هەڵنەگیرسێننەوە.

تێبینی: گۆڤاری (نیوزویک[1])ی ئەمریکایی لە سەرەتای مانگی نیسان بڵاوی کردەوە کە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لەگەڵ بارزانی دیداری کردووە بۆئەوەی ڕێککەوتننامەی [١١ی ئاداری] ١٩٧٠ کارا بکرێت.

(1) Newsweek

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٢ی تەمووزی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، ئەنقەرە، تاران، جەددە، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، ڕەبات، تریپولی**

**بابەت: ڕووداوەکانی سنجار پەیوەندییەکانی گەڵاڵە[1] و بەغدا ئاڵۆز دەکات**

ناحیـەی تەپۆڵکەیـی سـنجار کـە کەوتووەتـە نێـوان شـاخەکانی کوردسـتان و باکـووری ڕۆژئـاوای عێـراق، ١٥ ڕۆژە، لـە کۆتایـی حوزەیـران تـا سـەرەتای تەمـووز، بـووە بـە مەکـۆی ڕووداویـی خوێنـاوی و لـە ئەنجامـدا پەیوەندییەکانـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و دەسـەڵاتی ناوەنـدی جارێکـی دیکـە زۆر ئاڵـۆز بـووە. پـاش پیلانـی کوشـتنی مـەلا [بارزانـی] لـە ٣٠ی ئەیلوولـی ١٩٧١، ئـەم ڕووداوانـە بێگومـان گرنگتریـن و جیددیتریـن ڕووداون کـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی ( لـە وەتـەی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ واژوو کـراوە) حزبـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان زۆر بەچـن بەگـژی یەکدیـدا.

---

(١) مەبەسـتی لـە گەڵاڵـە ڕێبەرایەتیـی کـوردە، چونکـە بـارەگای سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان ئەوکاتـە لـە گونـدی گەڵاڵـە بـوو. پـاش ڕێککەوتننامـەی ئـاداری ١٩٧٠ پێگـەی گەڵاڵـە بەهێزتـر بـوو، بـوو بـە لایەنێـک لـە هاوکێشـەکانی عێـراق و تەنانـەت ناوچـەش. باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە عێـراق لـە زۆربـەی پەیامەکانیـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، لـە باتـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان نووسـیویەتی گەڵاڵـە. وەرگێـڕ

ڕووداوەکە لەوەوە دەستپێکردووە کە هێزەکانی پۆلیس چەند هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان ئەنجامداوە، دوابەدوای ئەوەی عەشیرەتی بیابانشینی شەممەڕ کۆمەڵێک زانیارییان داوە بە ڕژێمی عێراق. لە کاتی جەولە و گەڕانی هێزەکانی پۆلیسدا، بەڕێوەبەری ناحیەی [سنجار] کوژراوە. وادیارە کوردەکان کوشتوویانە. (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ١٤ی ٥ی تەمووزی ١٩٧٢[١]). یەکسەر پاش ڕووداوی کوشتنەکە، هێزەکانی سەربازگەی مووسڵ و دوو گروپی کۆماندۆیی پەرەشووت[٢] هەڵمەتێکی بەرفراوانی گەڕان و پشکنینیان لە ناوچەکە ئەنجامداوە. لە هەمان کاتدا عەشیرەتە عەرەبەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر دوو گوندی کورد و یەکێکیانیان سووتاندووە. لە هەمان کاتدا بارەگای سەرکردایەتی [بارزانی] لە گەلاڵە هێزی پێشمەرگەی ناردووە بۆ سنجار، لانیکەم دوو جار پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق هەڵپژاون بەسەر یەکتردا. لە کۆتاییدا سی بۆ چل کەسێک کوژراون.

ئەم ڕووداوانە ئێستا باڵی کێشاوە بە سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا. حکومەت کۆمیسیۆنێکی بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕووداوەکە بە سەرۆکایەتیی ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەعس بە ناوی [عەبدولخالق] سامەڕائی و وەزیری داد (کە شیوعییە) بە ناوی عەزیز شەریف پێکهێناوە و لە سەر داواکاری بەپەلەی بارزانی، دوو وەزیری کوردیش چوونەتە ناو کومیسیۆنەکە. سەرۆکی پ.د.ک. بەم بۆنەیە بە ئاشکرا پەیامێکی ئاراستەی سەرۆکی عێراق کردووە کە تێیدا جەختی لە سەر یەکڕیزی و یەکێتیی نیشتمانی کردووەتەوە و داوای کردووە بە زووترین کات کۆتایی بە تۆمەتبارکردنی تاوانبارانە و بێ بنەمایانەی کورد بێت. بارزانی لە پەیامێکی نائاشکرای دیکەدا بۆ سەرۆکی عێراق، زۆر توندتر قسەی کردووە و داوای کردووە فەرماندە سەربازییەکانی عێراق کە بەرپرسیاری کۆمەڵکوژیی سنجارن سزا بدرێن.

---

(١) لە تیلیگرامی ٥ی تەموزدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە کوردەکان کوشتوویانە. بۆ کورتەیەک لە ناوەرۆکی تیلیگرامەکە بنواڕن بۆ پەراوێزی وەرگێڕ لە کۆتایی ئەم بەڵگەنامەیە. وەرگێڕ

(٢) مەبەستی ئەو هێزە تایبەتەن کە بە پەرەشووت خۆیان لە فڕۆکە یان هیلیکۆپتەر فڕێدەدەنە خوارەوە بۆ ئەوەی لە سەر زەوی ئەرکێکی تایبەت ئەنجام بدەن. وەرگێڕ

ئـەم ڕووداوانـە کـە قەیرانێکـی ناوچەیـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، لەوانەیـە گرنـگ بـن، بـەڵام نابێتـە هـۆی تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی بەغـدا و گەلاڵـە. ڕوونـە بەعـس نایەوێـت پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ کـورد بپچڕێنێـت و کوردیـش توانایـی ئـەوەی نییـە بچێتــە ژێــر بــاری ئەنجامەکانــی تێکچوونــی یەکجارەکــی پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ عێـراق. تـا دەچێـت تۆمەتبارکـردن و وەڵامدانـەوەی یەکـدی هێورتـر و کەمـتر دەبێتـەوە. دەوڵەتـی عێـراق بڕیاریـداوە حوکمـی دادگای سـەربازی مووسـڵ هەڵپەسـێرێت کـە بــۆ دەســتگیرکراوەکانی ســنجار دەریکــردووە و بــە وتــەی خۆیــان (تیرۆریســت و دەسـتوپەیوەندیی ئیمپیریالیـزم و کۆمپانیاکانـی نەوتـن).

ئـەم ناوچەیـە کـە لـە سـەر سـنووری کوردسـتان هەڵکەوتـووە، کـورد و عەشـیرەتی عــەرەب تێیــدا دەژیــن، یەکــێ لــە خاڵەکانــی ناکۆکــی نێــوان ســەرکردایەتی کــورد و دەســەڵاتی ناوەندییــە. لەوەتــەی شــەڕ لــە [١١ی ئــاداری] ١٩٧٠ وە وەســتاوە، ســەرکردایەتیی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد هــەوڵ دەدات مەســەلەی ڕیفرانــدۆم بــۆ دیاریکردنــی ســنوورەکانی ئیــدارەی هەرێمــی کوردســتان چارەســەر بکرێــت ( ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، ئۆتۆنۆمـی داوە بـە هەرێمـی کوردسـتان) بۆئـەوەی ناوچـە کوردنشـینەکان، لـە سـلێمانی هەتـا مووسـڵ، بکەوێتـە سـەر هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردســتان، بۆئــەوەی هەرێمــی کوردســتان لــە چوارچێــوەی ناوچــە شــاخاوییەکاندا قەتیـس نەمێنێـت. ئەگـەر سـنجار بکەوێتـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، کـورد لای سوریاشـەوە دەسـتی بـە سـێیەمین سـنووری نێونەتەوەیـی دەگات و دەسـت بـە سـەر ڕێـگای هاتوچـۆی ڕاسـتەوخۆی نێـوان عێـراق و تورکیـا دەگرێـت.

ئـەم ئامانجـەی کـورد بـۆ پەرەپێدانـی قەڵەمڕەوی هەرێمەکـەی، بەعسـی شـێلگیر کــردووە کــە بــە وتــەی خــۆی (هیــچ خاکێکــی عەرەبــی وڵاتــی عێــراق) نــەدات بــە کــورد و یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق ڕابگرێــت. حکومەتــی عێــراق توانــی زۆربــەی مەسـیحییەکانی باکـوور و تورکمانەکانـی کەرکـووک لـە کـورد دابڕێنێـت و بـەرەولای خـۆی ڕایانبکێشـێت، ئێسـتاش ماوەیەکـە هـەوڵ دەدات ئێزدییەکانـی سـنجاریش لـە کـورد دابڕێنێـت و بـەرەولای خـۆی ڕایانبکێشـێت.

ڕژێمــی عێــراق لــەوە دەترســێت شــانە نوســتووەکانی پ.د.ک. تۆڵــەی ڕووداوە

خوێناوییەکانی سنجار بکەنەوە، بۆیە هێزی زیاتر [دژی کورد] بەکاردێنێت، هاوکات دەیەوێت کوردیش ئاشتبکاتەوە. کەوابوو ئەگەری هەیە یەکسەر پاشساڵوەگەڕی شۆڕشی تەمووز کە ئەمساڵ بە (سەرکەوتن بە سەر کۆمپانیای نەوت[١])یش ناوزەد کراوە، مەلا مستەفا و سەرکردایەتی گەلاڵە زیاتر لە حکومەتی عێراق عاجز بن و ساردی بکەوێتە بەینیان.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٥ی تەمووز، یانی ١٠ ڕۆژ پێش ئەم تیلیگرامە ئاماژەی بەوە کردووە: وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند: "سەرلەبەیانی ٢ی تەمووز، بەڕێوەبەری ناحیەی سنجار و ئەفسەرێکی پلە نزم بە دەستی گروپێکی تروریستی کوژراون. لە کاتی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە سێ پۆلیسیش کوژراون. پاش ئەوە هێزەکانی سوپا سی چەکداریان دەستگیر کردووە کە سەر بە ئیمپیریالیزم و کومانیاکانی نەوت بوونە. ئەم هەوڵە بە دژی شۆڕش و یاسای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق دراوە. ئەو چەکانەی لە دەستبەسەرکراوەکانەوە گیراوە هی ئێرانە. بە وتەی هەندێ سەرچاوە، دەستبەسەرکراوەکان ئێزدین. ئەمدوایە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی عێراق و کورد لە نێوان سلێمانی و کەرکووک ڕوویداوە."

(١) مەبەستی ئەوەیە لە تەموزی ١٩٧٢ حکومەتی عێراق، کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی کرد و بەرهەمهێنانی نەوت ئیدی لە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیاکانی دەرەوە نەما و زیاتر لە سۆڤیەت نزیک بووەوە. یەکێ لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە کورد ئەم مەسەلەیە بوو. وەرگێڕ

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٤ی ئابی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، تۆکیۆ، نیودیلهی، بیلگراد، بۆخارست، بوداپێست، بروکسێل، پراگ، سۆفیە، وەرسۆڤی، لەندەن، مۆسکۆ، بۆن، پێکەن، ئەنقەرە، تاران، جەددە، جەزاییر، تەلئەبیب، کوێت، تونس، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، ڕەبات، تریپولی**

**بابەت: دیسان هەوڵ بۆ کوشتنی بارزانی**

مانگی تەمووز قەیرانی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب قوڵتر بووەوە. هەروەک خۆتان ئاگادارن( لە تیلیگرامی ژمارە ٣٨٩دا باسم کردووە) بەڕێوەبەرێکی ئیداریی ناوچەی سنجار لە سەرەتای مانگی تەمووز لە کاتی بەسەرکردنەوەی ناوچەکە بۆ چاودێریکردن بە سەر یاسای چاکسازیی زەویوزاردا، کوژراو. ئەم بەڕێوەبەرە هەوڵیداوە تەماح بخاتە بەر هەندێ لە ئیزدییەکان، بەتایبەت زەوییان بەسەردا دابەش بکات، بۆئەوەی بەرەولای بەعس ڕایانبکێشێت. کۆی دانیشتوانی ئیزدی ناوچەی سنجار دەگاتە نزیکەی ٥٠ هەزار کەس. حکومەت یەکسەر کاردانەوەی نیشاندا:کۆمیسیۆنێکی بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایەکی تایبەتی پێکهێنا، کۆمەڵێک کەس گیران کە ژمارەیەکی زۆریان پێشمەرگە بوون (نزیکەی ١٠٠ بۆ ٢٠٠ کەسێک)، هێزی سەربازی بە خێرایی ڕەوانەی ناوچە کرا و پێکدادانی بەربڵاو بە ماوەی چەند ڕۆژ لە نێوان کورد و هێزەکانی حکومەت ڕوویدا کە لە ئەنجامدا چەند کەس لە کوردەکان کوژران.

حکومـەت بەهـۆی ئـەوە ئـەم کاردانـەوە تووندوتیـژەی نیشـاندا کـە وڵاتـی عێـراق ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک کێشـە و تەنگوچەڵەمـەی نوێـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بووەتـەوە کـە پـاش بەخۆماڵیکردنـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق سـەریهەڵداوە.

بەهـۆی گرنگـی ڕووداوەکـە بارزانـی پێداگـری کـرد کـە دوو وەزیـری کـورد لـەو کۆمیسـیۆنەدا بەشـداربن کـە حکومـەت بـۆ ڕوونبوونـەوەی ئـەم زنجیـرە ڕووداوانـە پێکیهێنابـوو. حکومـەت داواکارییەکـەی بارزانـی قەبـوڵ کـرد و یەکـێ لـە وەزیـرە کوردەکانـی ئەندامـی کۆمیسـیۆنەکە بـە نـاوی نافیـز جـەلال[1]، وەزیـری کشـتوکاڵ، لـە ٩ی تەمـووز بەهـۆی ڕووداوی هاتوچـۆ لـە کاتـی ڕۆیشـتن بـۆ ناوچـەی سـنجار گیانـی لەدەسـتدا.

هەفتەیـەک پـاش ئـەوە [ڕۆژنامـەی التاخـی]، زمانحاڵـی پ.د.ک. بـۆ خۆشـیرینکردن لای بیـروڕای گشـتیی کـورد و قەرەبووکردنـەوەی کەمبوونـەوەی دەسـەڵاتی بزووتنـەوەی کـورد لـە باکـووری ڕۆژئـاوای عێـراق، لـە ٢٠ی تەمـووز دای لـە دهـۆڵ و زورنـا و بـە هەراوهوریـاوە ڕایگەیانـد دیسـان هـەوڵ بـۆ کوشـتنی بارزانـی دراوە. التاخـی ڕوونـی کـردەوە دەسـتوپەیوەندییەکی حکومەتـی عێـراق لـە شـەوی ١٥ لـە سـەر ١٦ی تەمـووز هەوڵیـداوە مـەلا مستەفا بکوژێـت. یەکسـەر پـاش بڵاوبوونـەوەی ئـەم هەواڵـە، سـەرجەم ژمـارە چاپکراوەکانـی التاخـی لـە بـازار کۆکرایـەوە، نووسـینگەکەی قـۆرخ کـرا و وەزیـری ناوخـۆ کـە ناڕاسـتەوخۆ پەنجـەی تۆمـەت بـەرەو لای ئـەو ڕاکێشرابـوو، تۆمەتبەخشـینەکانی پ.د.ک. ی بـە توونـدی ڕەتکـردەوە و داوای کـرد دەسـتبەجێ کۆمیسـیۆنێکی حکومـی بـۆ لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ئـەم مەسـەلەیە پێکبێـت.

سـەرلەبەیانی ڕۆژی دواتـر ڕۆژنامـەی [الثـورة]، زمانحاڵـی حزبـی بەعـس بـە توونـدی هێرشـی کـردە سـەر ڕۆژنامـەی التاخـی و کاربەدەسـتانی پ.د.ک.، تۆمەتبـاری کـردن کـە ئـەم سـناریۆ سـەرتاپا درۆ و پێکەنیناویـی دارشـتووە. ئـەم جـۆرە قسـەکردنە توونـد و تانەوتەشـەردانەی حزبـی بەعـس نیشـانیدا کـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق هەوڵـدەدەن گاڵتـە بـە مەسـەلەکە بکـەن و نەهێڵـن پ.د.ک. ئـەم هەوڵـە نوێیـە بـۆ کوشـتنی بارزانـی

(1) Nafed Jalal

نـاوی تـەواوی نافیـز جـەلال ئاغـای حەوێـزی بـووە. لـە سـەر پشـکی کـورد کـراوە بـە وەزیری کشـتوکاڵی عێـراق. بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک لـە کۆیـە بەخـاک سـپێدراوە. وەرگێڕ

بقۆزێتـەوە بۆئـەوەی قەرەبـووی سـەرنەکەوتنی پێشـمەرگە لـە ڕۆژهەڵاتـی جـادەی زاخـۆ-مووسـڵ بکاتـەوە[١]. ڕۆژنامـەی (ثـورة) بـە ئاشـکرا وتـی پ.د.ک. بـە جیـدی بەشـداری لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری وڵاتـدا نـاکات، بـەردەوام داوای کۆمەڵێـک شـت بـۆ کـورد دەکات، لەکاتێکـدا ئەرکەکانـی خـۆی لـە چوارچێـوەی بەشـداربوون لـە دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ناوەندیـدا جێبەجـێ نـاکات.

ئـەم تۆمەتبەخشـین و بەگژیەکداچوونـەی ڕۆژنامـەی التاخـی و ثـورة چەنـد ڕۆژی خایانـد. سـەرلەبەیانییەکەی التاخـی وتـی: "تەنیـا بیـروڕای گشـتی دەتوانێـت بڕیاربـدات و بزانـێ کامـان ڕاسـت دەکەیـن. ڕژێمـی عێـراق مافەکانـی گەلـی کـورد پشـتگوێ دەخـات، بـە شـێوەی ڕاسـتەقینە کـورد نـاکات بـە شـەریکی خـۆی و دەسـەڵاتەکانی لەگـەڵ دابـەش نـاکات."

پاشەکشـەی پێشـمەرگە لـە سـنجار، بارزانـی خسـتووەتە نـاو بارودۆخێکـی دژوار لـە نـاو حیزبەکەیـدا. بۆیـە بـارەگای سـەرکردایەتی گەلاڵـە بڕیاریـداوە دەستپێشـخەری بـکات و داواکارییەکانـی خـۆی کـە پەیوەنـدی بـە هەمـوو عێراقـەوە هەیـە ئاراسـتەی حکومـەت بـکات.

ڕۆژنامـەی (ثـورة) بـە مـاوەی سـێ ڕۆژ باسـی ئەنجامەکانـی کاروکردەوەکانـی پ.د.ک. لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠وە کـرد و تەنانـەت بزووتنـەوەی کـوردی تۆمەتبـار کـرد چەتەگـەری دەکات، پـارە لـە خەڵـک دەسـێنێت و دانیشـتوانی باکـووری عێـراق دەترسـێنێت و دەیانتۆقێنێـت. (ثـورة ( لـەوە زیاتریـش چووەپێـش و دەسـەڵاتدارانی کـوردی تۆمەتبـار کـرد کـە خۆیـان لکانـدووە بـە ڕژێمـی پاشـڤەڕۆی شـا، چەکوچۆڵـی قورسـی لێوەردەگـرن و خیانـەت لـە بەرژەوەندییـە باڵاکانـی عێـراق دەکـەن، چونکـە هەنـدێ خاڵـی سـنووریان داوە بـە دەوڵەتـی شاهەنشـاهیی ئێـران و پیـلان بـۆ حکومەتـی عێـراق دادەڕێـژن و لولـەی تفەنگیـان گرتـووە بـەرەولای هێزەکانـی ئاسـایش و پۆلیسـی عێـراق.

لـە ٢٦ی تەمـووز، عەزیـز شـەریف،کە هـەروەک دەزانیـن ڕۆڵـی لـە وتووێژەکانـی

---

(١) وادیـارە مەبەسـتی ئەوەیـە کـە پـاش زنجیـرە ڕووداوەکانـی سـنجار، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حکومـەت ڕێککەوتـوون کـە هێـزی پێشـمەرگە لـە زاخـۆ بەمـلاوە چالاکـی نـەکات، بەتایبـەت لـە سـنجار، لـە بەرامبـەردا حکومـەت گیـراوەکان ئـازاد بـکات. وەرگێـڕ

ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداردا بینیـوە، سـەردانی ژەنـەڕاڵ بەکـر و سـەدام حوسـەینی کـردووە. ئـەم وەزیـرەی دەوڵەتـی عێـراق بـە نوێنەرایەتـی دەوڵەتـی سـۆڤیەت[1]، هەڵیـداوە بارودۆخەکـە هێـور بکاتـەوە بۆئـەوەی پەیوەندییەکانـی پ.د.ک. و بەعـس بەتـەواوی تێکنەچێـت و لـە ئەنجامـدا شـەڕ لـە نێـوان کـورد و حکومەتـدا هەڵنەگیرسێت. سـەرچاوەیەکی متمانەپێکـراو پێیوتـم حکومەتـی عێـراق ڕازی بـووە کۆمەڵێـک مافـی دارایـی دیکـە بـە پ.د.ک. بـدات.

ڕۆژنامـەی (تاخـی) لـە ٢٧ی تەمـووز ڕایگەیانـد بارزانـی فەرمانـی پێـداوە ئیـدی وەڵامی وتـارە درۆکانـی ڕۆژنامـەی (ثـورة) نەداوەتـەوە، ئەمـەش لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکانـی گـەل و وڵاتـی عێـراق لـە هەلومەرجـی هەسـتیاری ئێسـتادایە. (تاخـی) هەروەهـا ڕایگەیانـد کۆمیسـیۆنێک پێکهاتـووە بـۆ لێکۆڵینـەوە دەربـارەی هـەوڵ بـۆ کوشـتنی مسـتەفا بارزانـی، سـەرۆکی پ.د.ک.

ڕۆژنامـەی (ثـورة) ش ڕایگەیانـد دادگای تایبەتـی ڕووداوەکانـی سـنجار بڕیاریـداوە ٢٠ تـا ٣٠ کـەس لـە گیـراوە کوردەکانـی تێـوەگلاوی ڕووداوەکان ئـازاد بـکات. ئیـدی داواکاری لـە ڕۆژنامەکانـی عێراقیـش بـڵاو نابێتـەوە بـۆ دەسـتگیرکردنی ئەوانـە کـە ڕایانکـردووە.

ئـەم هەواڵانـە نیشـان دەدات کـە پ.د.ک. و حکومەت دیسـان پێکەوەسـازاون بۆئەوەی واز لـە هێرشـی سیاسـی بـۆ سـەر یەکـدی بێنـن، تەنانـەت ئەگـەر هێرشـی چەکداریشـیان بـۆ سـەر یەکـدی کۆتایـی پێنەهێـت.

ڕۆژنامـەی تاخـی لـە سـەروتارێکدا لـە ٣١ی تەمـووز جەختـی کـردەوە: "بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانـە کـە سـەرتاپای عێراقـی گرتووەتـەوە پێویسـتە پێکهاتـەی دەسـەڵات لـە عێـراق بەهەمـوو شـێوەیەک بگۆڕدرێـت و سـەرجەم هێـز و لایەنـە نیشـتمانییەکانی عێـراق لـە پۆسـتە حکومییەکانـدا بەشـدار بـن. ئەگـەر ئـەم مەرجـە جێبەجێ نەکرێـت و بەرەیەکـی نیشـتمانی پێشـکەوتنخواز پێکنەهێـت هەمـوو ئاواتەکانـی گەلـی هێـژا و ڕەسـەنی عێـراق دەبێـت بـە بلقـی سـەر ئـاو."

---

(١) عەزیـز شـەریف کـورد بـووە، وەزیـری داد بـووە، شـیوعی بـووە و پەیوەنـدی لـە گـەڵ سـۆڤیەت بـاش بـووە. کەسـێکی سـەربەخۆ بـووە. وەرگێـڕ

**لە پۆل دێپی، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە،**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی ئابی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، دیمەشق، ئەنقەرە، تاران، قاهیرە**

**بابەت: پەیوەندییەکانی کورد و حکومەت ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێت**

پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی ناوەندی دیسان خراپتر و توندوتیژتر بووە. مەلا [مستەفا] بارزانی ئەمدواییانە ڕایگەیاند پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێت.

پێنج، شەش ڕۆژە لە ناوچەی ئاکرێ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق، کە ٤٠ تا ٥٠ ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشیان پێبووە، بە یەکدا هەڵپڕژاون. ئەم پێشهاتە پاش ئەوە ڕوویداوە کە پێشمەرگەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر عەشیرەتی هەرکی کە کوردن و حکومەتی عێراق دەیاندا بەگژ بارزانیدا.

سەرچاوە عێراقیەکان دەڵێن بارەگای سەرکردایەتیی گەلاڵە تۆڵەی پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنجار لە کۆتایی تەمووز، لە هەرکییەکان دەکاتەوە. زۆربەی چاودێران پێیانوایە پاش دورینەوەی خەلە و خەرمان، شەڕ لە کوردستان هەڵدەگیرسێتەوە. لەم پەیوەندییەدا فەرماندەیی سوپای عێراق لە سەرەتای ئەم مانگەوە داوای لە سەربازانی یەدەگ کردووە بچن بە هانای سەربازگەی مووسڵەوە.

سەرۆک کۆماری عێراق، هەر یەک لە عەزیز شەریف، وەزیری حکومەتی عێراق و

دوو ئەندامی حزبی بەعسی ناردووە بۆ لای بارزانی. وادیارە کورد و حکومەت هەوڵ دەدەن نەهێڵن پێکدادانەکانی ئاکریێ ببێ بە کێشەیەکی هەمەگیر. لە بارودۆخی ئێستادا قەیرانی نێوان کورد و حکومەت باڵی کێشاوە بە سەر هەموو عێراقدا و ئەنجامەکانی ئەم قەیرانە ناهێڵێت بەرەی نیشتمانی بەمزوانە پێکبێت. ئەم قەیرانە لە گیروگرفتەکانی پاش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوت ئەنجامی خراپتری بۆ ڕژێمی عێراق بەدواوە دەبێت.

بەهەرحاڵ سۆڤیەت هەوڵ دەدات لە کورد نزیکتر بێتەوە. لەم پەیوەندییەدا باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا هەوڵی چڕوپڕ دەدات و هاوکات لێژنەیەکی پ.د.ک. بانگهێشت کراوە سەردانی مۆسکۆ بکات. بە وتەی هەواڵنێرێکی تایبەتی ڕۆژنامەیەکی لوبنانی، [ئەنوەر] سادات، سەرۆک کۆماری مسر پێیناخۆشە سۆڤیەت هەوڵ دەدات کێشەی کورد چارەسەر بێت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٦ی ئابی ١٩٧٢**

**مۆسکۆ**

**بـۆ زانیـاری: باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە واشـنتۆن، لەنـدەن، بەغـدا، دیمەشـق، ئەنقـەرە، تـاران، قاهیـرە**

**بابەت: ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی سۆڤیەت**

ڕۆژنامـەی پراڤـدا سـەرلەبەیانی ئەمـڕۆ وتارێکـی بەشـێوەی ڕاگەیاندننامـە بـڵاو کـردەوە و تێیـدا نووسرابـوو لـە ٢٤ی ئـاب، سوسـلۆڤ[1]، یارمەتیـدەری ئۆلیانۆڤیسـکی[2]، جێگـری بەڕێوەبـەری نووسـینگەی پەیوەندییـە نێونەتەوەییەکانـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت و نوێنەرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بە بانگهێشـتی حزبی کومیسـتی سـۆڤیەت هاتـوون بـۆ مۆسـکۆ، دیـدار و گفتوگۆیـان کـردووە و ڕێککەوتنێکیـان واژوو کـردووە. ئەندامـە سـەرەکییەکانی لێژنـەی کـورد، مەحمـود عەبدولڕەحـمان[3] و دارا تۆفیـق، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی التاخـی بوونـە. مەحمـود عەبدولڕەحـمان وەزیـری کاروبـاری باکـوورە لـە کابینـەی عێراقـدا، ڕۆژنامەکانیـش چەنـد ڕۆژ لەمەوپێـش لـە کاتـی گەیشـتنی بـە مۆسـکۆ لـە ٢٢ی ئـاب هـەر بەمشـێوەیە ناویـان بـرد (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ١٥٨ی ٢٣ی ئـاب).

ئـەم ڕێککەوتنـە کـە پاشـان دەقـە وەرگێردراوەکەیتـان بـۆ دەنێـرم، لـە لاپـەڕەی تایبەت بـە کاروبـاری نێونەتەوەیـی ڕۆژنامەکـەدا بـڵاو نەکراوەتـەوە بەڵکـوو لـە لاپـەڕەی تایبـەت بـە پەیوەندییەکانـی حزبـی کۆمۆنیسـت لەگـەڵ حیزبەکانـی دیکـەدا بـڵاو کراوەتـەوە. ڕۆژنامـەی پراڤـدا وتـی دیدارەکـە دۆسـتانە و گەرموگـوڕ بـووە، دوو لایـەن بـە کورتـی

(1) SOUSLOV

(2) P.A OLIANOVOSKY

(٣) مەبەستی سامی عەبدولڕەحمانە. وەرگێر

باسی ئەم مەسەلانەیانە کردووە:

- نوێنەرانی سۆڤیەت باسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ٢٤ی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و پەنجاهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حکومەتی سۆسیالیستی سۆڤیەتیان کردووە و بەمبۆنەیەوە پیرۆزباییان لە خەڵکی سۆڤیەت کردووە.
- لێژنەکەی پ.د.ک. وتوویەتی بەشداری لە خەباتی گەلی عێراق دەکات دژی ئیمپیریالیزم و پاشڤەڕۆکان و وەوڵ بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی عێراق دەدات. هەروەها باسی هەوڵەکانی پ.د.ک. ی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠. هەردوولا جەختیان کردووەتەوە کە دەبێ کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتیک لە سەر بنەمای ڕێککەوتننامەکە چارەسەر بکرێت. لێژنەی کورد وتویەتی پ.د.ک. یارمەتیدەر دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پرۆژەی (چوارچێوەی نیشتمانی) و شانبەشانی حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق لە بەرەی نیشتمانی عێراقدا بەشدار دەبێت.
- لێژنەی کورد و سۆڤیەت پیرۆزبایی خۆماڵیبوونی کۆمپانیای نەوتی عێراق و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابووریە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقیان کردووە.
- دەربارەی مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەردوولا جەختیان کردووەتەوە کە دەبێ کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و لە سەر بنەمای هاوسەنگی و سەقامگیری چارەسەر بکرێت و سەرجەم خاکە داگیرکراوەکان ئازاد بکرێت و مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین وەدیبێت.
- هەردوولا جەختیان کردووەتەوە کە زۆر پێویستە دۆستایەتی نێوان وڵاتانی پێشکەوتنخوازی عەرەب و یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیست پتەو بێت، ئەگەرنا بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی عەرەب قەت سەرناکەوێت. لێژنەکەی پ.د.ک. ئەنجامی پەیمانی سۆڤیەت وعێراقی پشتڕاست کردووەتەوە.
- هەردوو لایەن لە کۆتاییدا جەختیان لە سەر پەیوەندی دۆستانە و هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و پەیوەندی نێوان گەلی سۆڤیەت و عێراق- بە کورد و عەرەبەوە- کردووەتەوە.

پێویستە ئەم ڕێککەوتنە و پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە ناوەرۆکەکەی هەڵبسەنگێنین.

لە ١٩٧١وە، بەتایبەت پاش سەردانی نۆڤیکۆڤ[1] [بۆ عێراق]، یەکێتی سۆڤیەت هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد بە باشی ڕابگرێت، بەڵام هەروەک باڵوێزەکەمان لە بەغدا کاتی خۆی ئاماژەی پێکردووە، ئیدی نایەوێت دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا بکات. تەنانەت ئێستا گوشار دەخرێتە سەر سۆڤیەت بۆئەوەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی عێراق ڕێکبخات. ئەم ڕێککەوتنەی نوێنەرانی پ.د.ک. و سۆڤیەتیش هەمان شتمان پێدەڵێت. شتێکی تا ڕادەیەک سروشتییە کە واش بێت: یەکێتی سۆڤیەت ئێستا هەوڵ دەدات پێگەی خۆی لە عێراق قایم بکات و لەهەمان کاتدا بارودۆخی ناوخۆی عێراق سەقامگیر بکات چونکە عێراق وڵاتێکی عەرەبی پێشکەوتنخوازە کە لە مسر زیاتر خێروبەری بۆ سۆڤیەت هەیە. لەوانەشە بەهۆی دەستپێکردنەوەی ناکۆکی و ڕووداووەکانی نێوان کورد و عەرەب لە مانگی حوزەیران بووبێت کە سۆڤیەت ئەم کاتەی هەڵبژاردبێت بۆ سەردانی لێژنەکەی پ.د.ک. بۆ سۆڤیەت.

بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ئێستا لە پشووی هاویندان، ناتوانین ئەنجامە سیاسییەکانی مەسەلەکە هەڵبسەنگێنین. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی سوسلۆڤ لە ڕێککەوتنەکەی پ.د.ک. و سۆڤیەتدا بکەین.

**نازێل**[2]

(1) NOVIKOV

(2) NAZELLE

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٢ی ئەیلوولی ١٩٧٢**

**تاران**

**بۆ زانیاری: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، نووسینگەی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، بەغدا، دیمەشق، ئەنقەرە، تاران، قاهیرە، کابوڵ، ئیسلامئاباد، نیودلهی، پێکەن، تۆکیۆ، جەزایر، تەلئەبیب، کوێت، تونس، بەیروت، عەمان، جەددە، ڕەبات**

**بابەت: سیاسەتی ئێران لە هەمبەر ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق**

کاربەدەستانی ئێران بە گرنگییەوە بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی عێراق و حکومەتی عێراق دەکەن. ئێران پێکداهەڵپژانەکانی ئەم دواییەی هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە کە لە ئەنجامی پشتیوانی سوپای عێراق لە هەندێ لە عەشیرەتەکان هاتووەتەئاراوە، بە یەکێ لە نیشانەکانی شەڕفرۆشتنی بەعس بە مەلا [مستەفا] بارزانی دەزانێت. گلە و گازندەکانی بارزانی لە هەڵسوکەوتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت.

کاربەدەستانی ئێران بە شێوەی فەرمی دەڵێن هۆکاری خراپبوونی پەیوەندییەکانی ئەو دوو لایەنە کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠یان واژوو کردووە ئەم مەسەلانەیە:

١- دەسەڵاتدارانی باڵا و هەڤاڵەکانی سەرۆک بەکر، بە پێچەوانەی ئەو شتانەی لە ڕێککەوتنەکەدا واژوویان کردووە و لەسەریانە جێبەجێی بکەن، بە شێوەی

ڕاستەقینە ڕێگەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەداوە لە دەسەڵاتی باڵای عێراقدا بەشدار بێت. وەزیرە کوردەکانی کابینەی حکومەتی بەغدا زۆر دەسەڵاتیان نییە، چونکە بڕیارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی شۆڕشەوە دەدرێت کە تەنیا بەعسییەکانی تێدایە. کەوابوو هەموو ئەو بەڵێنانەی حکومەت بە پ.د.ک. ەی داوە بڵقی سەر ئاوە و جێبەجێ ناکرێت. بۆیە پێش لە پەیماننامەی دۆستایەتیی سۆڤیەت و عێراق لە مانگی شوبات، دەسەڵاتدارانی عێراق مەلا بارزانییان بە هیچ شێوەیەک ئاگادار نەکردووەتەوە کە بەنیازن شتێکی وا بکەن.

حکومەت بەڵێنی داوە کوردێک بکات بە جێگری سەرۆک کۆمار، بەڵام ئەزمون نیشانیداوە لەم حکومەتەی ئێستای عێراقدا جێگری سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نابێت و ناتوانێت بە شێوەی سەربەخۆ لە ناو ئەنجوومەنی باڵادا بڕیار بدات.

٢- کورد دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لە بەغدا نییە، بۆیە لەو ناوچانەی زۆر بۆی گرنگن دەردەکرێت، لەلایەن سوپاوە گەمارۆ دەدرێت، دووبەرەکی و ناکۆکی دەخرێتە نێو ڕیزەکانی و لە ڕووی ئابوورییەوە پشتگوێ دەخرێت و هەژار دەبێت. لە پێناو ئەم ئامانجەدا حکومەت سەرەتا دەستیکردووە بە تەعریبی دەشتی کەرکووک، بۆئەوەی کورد ببێت بە کەمینە و نەکەوێتە ناو بازنەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠. لەلایەکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی پێشمەرگە ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، دەوڵەتی بەعس هێزەکانی سوپا لە دەوروبەری ناوچەی کوردنشین جێگیر دەکات. لە ڕووی ئابوورییەوە، کوردستان کە بەهۆی شەڕەوە زۆر هەژارە و گەشەی نەکردووە، خراپتر دەبێت، چونکە بەهۆی بەخۆماڵیکردنی ئەمدواییەی کۆمپانیای نەوت، پیشەسازیی نەوت لە باکوور ئیدی گەشە ناکات و بارودۆخی ژیان خراپتر دەبێت، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی پلانی پێنج ساڵەی حکومەت کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت، تەنیا ١٢ لە ١٠٠ی بودجەی تەرخانکردووە بۆ پرۆژە گەورەکانی کوردستان کە لەگەڵ پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانیان

ناگونجێــت. هــاوکات لەگــەڵ ئــەم هەوڵــە بــۆ هەژارکردنــی کودســتان، حکومەتــی عێــراق هــەوڵ دەدات - هەرچەنــدە هەوڵەکــەی ســەرنەکەوتووە- ناکۆکییەکانــی نــاو هەنــدێ لــە عەشــیرەتە کــوردەکان قــوڵ بکاتــەوە و بیانــدا بــە گژیەکدیــدا. دواییــن نموونــەی زەقــی ئــەم مەســەلەیە، پێکداهەڵپژانــی عەشــیرەتی هەرکــی - کــە ســوپای عێــراق پشــتیوانیان لێــدەکات- و هێزەکانــی پێشــمەرگەیە بــوو.

٣- ئــەو شــتەی بەتایبــەت دوژمنایەتــی دەوڵەتــی حەســەن ئەلبەکــر لــە هەمبــەر مــەلا مســتەفا بارزانــی نیشــان دەدات زنجیرەیــەک هــەوڵ بــووە بــۆ کوشــتنی بارزانــی لــە شــەش مانگــی ڕابــردوودا. کاربەدەســتانی ئێران دەڵێــن بەڵگــەی تــەواو بەدەســتەوەیە نیشــان دەدات ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش ئــەم پیلانانــەی داڕشــتووە. ئەمــە نیشــان دەدات دەســەڵاتدارانی عێــراق دەیانەوێــت بــە هــەر شــێوەیەک بــووە - تەنانــەت بــە کــردەوەی زۆر تاوانبارانــەش بێــت- ئۆتۆنۆمــی کــورد لەبــار بچێــت.

٤- کاربەدەســتانی ئێــران پێیانوایــە ڕۆڵــی ســۆڤیەت بــۆ لەیەکنزیکردنــەوەی کــورد و حکومەتــی عێــراق ســنووردارە و بەمزوانــە شکســتدەهێنێت. بەعســییەکان گوشــار دەخەنــە ســەر ســۆڤیەت و لــە هەڵگیرســانەوەی شــەڕی ناوخــۆ دەیانترســێنن. کوردیــش متمانــەی بــە زلهێــزی ســۆڤیەت نییــە، چونکــە بەرژەوەندیــی لەوەدایــە پەیوەنــدی نزیکــی لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق هەبێــت. لــەم پەیوەندییــەدا مــەلا مســتەفا بارزانــی بــە هەواڵنێــری ڕۆژنامــەی ( فیــگارۆ)ی[١] وتــووە: "دەوڵەتــی ســۆڤیەت پشــتیوانی لــە یەکــێ لــە قێزەونتریــن و لێبێزاوتریــن ڕژێمەکانــی دنیــا دەکات، ئەمــەش تەنیا بەهــۆی نەوتــی کەرکووکــە. ئــەو هۆکارانــەی پــاڵ بــە ئێمــەوە دەنێــت دیســان لەگــەڵ حکومــەت شــەڕ بکەیــن، ناچارمــان دەکات بــە شــوێن هاوپەیمانــی دیکــەدا بیــن بــۆ داهاتوومــان[٢]."

کەوابــوو ئێــران پێیوایــە زەحمەتــە دەوڵەتــی ســۆڤیەت بتوانێــت پێــش لــە هەڵگیرســانەوەی شــەڕ بگرێــت، هەرچەنــدە کێشــەی کــورد یەکــێ لــە هــۆکارە گرنگەکانــی ئاڵۆزبوونــی پەیوەندییەکانــی ســۆڤیەت و عێــراق دەبێــت.

(١) ڕۆژنامەی فیگارۆ یەکێ لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی فەڕەنسایە. وەرگێر

(٢) مـەلا مسـتەفا ناڕاسـتەوخۆ وتوویەتـی هـەوڵ دەدەیـن لەگـەڵ ئەمریـکا ببیـن بـە هاوپەیـمان. وەرگێـڕ

لـە کۆتاییـدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـورد لـە ڕووی زمـان و ئەسـڵ و ڕەگـەزەوە ئێرانییـە. ئەمـەش یەکـێ لـەو هـۆکارە سـەرەکیانەیە کـە پـاڵ بـە دەوڵەتـی شاهەنشـاهییەوە دەنێت بـە شـێوەیەکی تایبـەت پشـتیوانی لـە کـوردی عێـراق بـکات، تەنانـەت ئەگـەر بـە دزیشـەوە بێـت، یارمەتـی سـەربازییان بـدات.

ئـەم شـیکارییە کـە پێشکەشـمان کـردن لـە سـەر بنەمـای زانیاریـی باشـترین سـەرچاوەکان ئامادەکـراوە، بۆیـە شـایانی ئەوەیـە وەزارەتـی دەرەوە بـە هەنـد وەریبگرێـت.

**ماغسێل باغتێلێمی**(١)

**بەرپرسی کاروباری فەڕەنسا لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران**

(1) Marcele BARTHELEMY

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، مۆسکۆ، لەندەن، بروکسێل، ئەنقەرە، تاران، قاهیرە، دیمەشق**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٥١١ی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٧٢**

**بابەت: وتووێژی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی و حزبی بەعس**

نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق و کورد بە ماوەیەی هەفتەیەک بە شێوەی زۆر نهێنی لە بەغدا وتووێژیان کردووە، پاشان نوێنەرانی حزبی شیوعی عێراقیش چوونەتە ناو وتووێژەکانەوە. وتووێژەکان زیاتر دەربارەی جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و دامەزراندنی پەرلەمان بووە. دەربارەی پەرلەمان سێ لایەن لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ٨٠ کورسی بدرێت بە حزبی بەعس، ٣٠ کورسی بدرێت بە پ.د.ک.، ٢٠ کورسی بدرێت بە حزبی شیوعی و ٢٠ تا ٣٠ کورسی دیکە بدرێت بە لایەنەکانی دیکە (وەک ڕێکخراوی لاوان، ڕێکخراوی ژنان، سەندیکاکان و...).

وادیارە ئەم دیدار و گفتوگۆوانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. لێژنەکان هەرچەندە بە ڕواڵەت لەگەڵ یەک هاوڕا بوونە، بەڵام لە ڕاستیدا قەد هاوڕا نەبوونە، هیچ زانیارییەکیان دەربارەی ئەو بڕیارانەی لەوانەیە لەسەری ڕێککەوتبن، نەدرکاندووە.

وادیارە پەیوەندییەکانی بەعس و پ.د.ک. هێشتا ئاڵۆزە. پ.د.ک. دەڵێت دەوڵەتی

بەعـــس بڕگەکانـــی ڕێککەوتننامـــەی [١١ی ئـــادار]ی ١٩٧٠ جێبەجـــێ نـــاکات، ناوچـــە کورنشـــینەکان تەعریـــب دەکات، خـــراپ لەگـــەڵ کارمەنـــد و مووچەخـــۆرە کـــوردەکان مامەڵـــە دەکات و دەیاننێرێـــت بـــۆ پارێـــزگا دوورەکانـــی عێـــراق.

**پییەغ سێغل**

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، پراگ، لەندەن، مۆسکۆ، ڕۆما، پێکەن، ئەنقەرە، تاران، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان**

**بابەت: دیسان پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەبێت**

پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی ناوەندی دیسان ئاڵۆز بووە. ئەم ئاڵۆزیانە پشتڕاستی دەکاتەوە کە گفتوگۆکانی ئەمدواییەی نێوان حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان (بنوارن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢١ی ٦ی تشرینی یەکەم) سەرکەوتوو نەبووە. وتەبێژەکانی ئەم دوو لایەنە[1]، دیسان دەچن بەگژیەکدا و وەڵامی یەکدی دەدەنەوە. ئەمە نیشان دەدات کە دەسەڵاتدارانی بەعس و کورد پێداداگرن لە سەر هەڵوێست و داواکارییەکانیان و سازش ناکەن بۆئەوەی لەم بنبەستەی ئێستا دەربچن. بەعس دەڵێت حزبی باڵادەستە و دەسەڵاتی ناوەندی دەبێ بەدەستی ئەووە بێت، بە مافی خۆی دەزانێت ڕاستەوخۆ دەستوەربداتە ناو کاروباری پارێزگاکانی باکوور. هەروەها نایەوێت لە سەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار[ی ١٩٧٠] دەسەڵاتەکان لەگەڵ کورد، بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی دیکە دابەش بکات. پ.د.ک. یش لە سەر داواکارییەکانی پێدادەگرێت کە ئەمانەن: دیاریکردنی سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان، دامەزراندنی دامودەزگا ئیدارییە بنەڕەتییەکان کە بێ ئەوانە ئۆتۆنۆمی واتای نامێنێت و بەشداربوونی کورد بە شێوەی ڕاستەقینە لە دەسەڵات و پۆستەکانی

(١) مەبەستی ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پ د ک و ڕۆژنامەی الثورة، زمنحاڵی حیزبی بەعسە. وەرگێڕ

دەوڵـەت (لەگـەڵ مافـی چاودێریکـردن بەسـەر بودجـەی ئیـدارەی ئۆتۆنۆمیـدا). ئەگـەر وانەبێـت، پ.د.ک. وەک نوێنـەری هاووڵاتیانـی کـورد بـە تەنیـا دەمێنێتـەوە و ناتوانێـت حکومـەت ناچـار بـکات بڕگەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١٩٧٠ جێبەجـێ بـکات.

بەهەرحـاڵ هەرچەنـدە هـەر دوولا ڕێککەوتـوون کێشـەکە بـە شـێوەی دیموکراتـی و ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بکـەن، بـەڵام ئەمـە پێـش لـەوە ناگرێـت کـە ناکۆکـی و لەیەکتێنەگەیشـتن لەنێوانیانـدا سـەرهەڵنەدات. دەسـەڵاتدارانی کـورد لۆمـەی کاربەدەسـتانی بەعـس دەکـەن کـە بڕگـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتننامـەی [١١ی ئـادار] کـە بـێ ئەوانـە ئۆتۆنۆمـی کـورد لـە نـاو کۆمـاری عێراقـدا واتـای نامێنێـت جێبەجـێ ناکـەن و تەنانـەت ئـەو بڕگانـەش کـە پەیوەنـدی بـە ئیـدارە و ئابـووری کوردسـتانەوە هەیـە دەخەنـە پەراوێـزەوە.

ئـەم ناکۆکـی و بیروبۆچوونـە جیـاوازە دیسـان سـەریهەڵداوەتەوە بەهـۆی ئـەوەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیاریـداوە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و وەزارەتـی چاکسـازیی زەویـوزار تێکـەڵ بـکات و بیانـکات بـە یـەک وەزارەت. وەزیـری چاکسـازیی زەویـوزار، نافیـز جـەلال، ئەندامـی پ.د.ک. بـوو کـە پـاش ئـەوەی لـە مانگـی تەمـووز [لـە ڕووداوی هاتوچـۆدا] گیانـی لەدەسـتدا، ئێسـتا عیـزەت ئیبراهیـم ئەلـدوری کـە ئەندامـی سـەرکردایەتی بەعـس و وەزیـری کشـتوکاڵە، ئـەم وەزارەتـە بەڕێوەدەبـات. لـە سـەر ئـەم بڕیـارە دیسـان ڕۆژنامەکـەی کـورد و بەعـس بەگـژی یەکـدا دەچـن و هێـرش دەکەنـە سـەر یەکـدی و وەڵامـی یەکـدی دەدەنـەوە. ڕۆژنامـەی (تاخـی) دەڵێـت ئـەم دوو وەزارەتـە بـۆ ئـەوە تێکـەڵ دەکرێـن کـە وەزیرێـک لـە وەزیـرە کوردەکان لـە نـاو کابینـەدا کـەم بکرێتـەوە، بەتایبـەت لەبـەر ئـەوەی ئـەم وەزارەتـە گرنگـە و کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لـە سـەر ئابـووری ناوچـەی باکـوور هەیـە. ڕۆژنامەکـەی حزبـی بەعسـیش لـە وەڵامـدا دەڵێـت وەزیـرەکان لـە ئاسـتی عێراقـدا دەسـەڵاتیان هەیـە و ئـەم بڕیـارە بەلەبەرچاوگرتنـی بارودۆخـی کشـتوکاڵیی عێـراق دراوە و هیـچ کاریگەرییەکـی خراپـی لـە سـەر مافـی کـورد یـان بەشـداریکردنی لـە دەسـەڵاتدا نییـە.

کەوابـوو کەشـوهەوای بەدگومانـی و متمانـە بەیەکـدی نەکـردن باڵـی کێشـاوە بەسـەر پەیوەندییەکانـی کـورد و دەسـەڵاتی ناوەندیـدا. هەرچەنـدە بارودۆخەکـە ئێسـتا

تەنیا لـە ڕووی سیاسـییەوە ئاڵـۆزە، بـەڵام لەوانەیـە پێکدادانـی سەربازیشـی بـەدواوە بێـت، بەهەمـان شـێوەی ئەمدواییـە لـە کەرکـووک ڕوویـداوە. بۆیـە هـەم کـورد و هـەم بەعـس خەریکـن پێگـەی سـەربازیی خۆیـان قایـم دەکـەن.

حزبـی شـیوعی عێـراق بـە تـۆزێ فێڵبازییـەوە، ئاڵۆزبوونـی پەیوەندییەکانـی بەغـدا و گەڵاڵـە بـە سەرئێشـە بـۆ خـۆی دەزانێـت. وەزیرێکـی شـیوعی[1] لـەم پەیوەندییـەدا پێیوتـم بەعـس ناچـارە کۆتایـی بـە سیاسـەتی چاوەڕوانکـردن و ئەمـڕۆ و سـبێکردنی [پ.د.ک. ] بێنێـت و بەمزوانـە هەڵوێسـتی خـۆی لـە هەمبـەر بزووتنـەوەی کـورد یەکلایـی دەکاتـەوە و بـە ڕوونـی داواکارییەکانـی خـۆی دەخاتـە بەردەمیـان. ئـەم شـەفافییەتەی شـیوعییەکان نیشـان دەدات کـە سـۆڤیەت نایەوێـت لەبارودۆخـی ئێسـتادا سـەقامگیریی ڕژێمـی عێـراق تێکبچێـت و هـەوڵ دەدات ڕێـگا خـۆش بـکات بەعـس بـە شـەفافییەتەوە مامەڵـە بـکات و ئەوەنـدە لـە پ.د.ک. بەدگومـان نەبێـت، بۆئـەوەی لـە کۆتاییـدا سیاسـەتێکی واقعبینانـە لەهەمبـەر کەمینەکانـی عێـراق بگرێتەبـەر.

---

(١) وادیـارە مەبەسـتی عەزیـز شـەریف، وەزیـری دادە کـە کـورد بـووە، لـە سـەر حیسـابی حیزبـی شـیوعی بـووە بـە وەزیـر. وەرگێـڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، مۆسکۆ، لەندەن، تاران**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٥٩١ی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢**

**بابەت: کورد خەریکە عێراق تێکدەدات**

ناکۆکییەکانی حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی کێشاوە بە سەر هەموو لایەنە ئابوری، ئیداری، سەربازیی و سیاسییەکانی وڵاتی عێراقدا. تۆمەتبەخشینەکانی ئەم دوو لایەنە بە یەکدی نیشان دەدات کە پەیوەندییەکانی کەمینەی کورد و دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت. هەرچەندە سۆڤیەت کەوتووەتە بەینیان بۆئەوەی بارودۆخەکە هێور بێتەوە، بەڵام کردەوەی توندوتیژانە لە نێوانیاندا ئەوەندە زیادیکردووە ئیدی بەتەواوی کۆنترۆڵ ناکرێت. دوو ئۆتۆمۆبیل بە نارنجۆک تەقێندراونەتەوە، بەرپرسێکی ناوچەی حزبی بەعس ڕفێندراوە، ٧٣ ئەفسەر و سەربازی کورد لە سوپا ڕایانکردووە، تەنانەت هەوڵدراوە بۆ ڕفاندنی فڕۆکەیەکی عێراق.

بارودۆخەکە جێگای نیگەرانییە، بۆیە کاربەدەستانی عێراق کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ئەمنییان گرتووەتە بەر. بەتایبەت هێزی ئاسمانی سوپای عێراق خراوەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆئەوەی ڕووبەڕووی پێشهاتە گرنگەکانی پاش جەژنی ڕەمەزان ببێتەوە.

**پییەغ سێغل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە بەغــدا لــە تیلیگرامێکــدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ٢٤ی تشرینــی دووەم ئامــاژەی بــەوە کــردووە: "ڕێوشــوێنی ئەمنــی ڕۆژ بــەڕۆژ توونددوتۆڵــتر دەبێــت بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ڕووداوەکانــی کوردســتان. فەرماندەیــی ســوپای عێــراق بەتەمایــە گولــە و بۆمــب بخاتــە ســەر فڕۆکەکانــی بۆئــەوەی ئامــادەی هێــرش بــن و لــە کۆتایــی مانگــی کانوونــی یەکــەم کۆمەڵێــک جموجۆڵــی ســەربازیی گرنــگ لــە باکــوور ئەنجــام بــدات."

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی موغیس شۆمان، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**۲۰ی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۲**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەلجەزایر، ئەنقەرە، تاران، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەمان، جەددە، کوێت، تریپولی**

**بابەت: تەنگژەکانی کورد و حکومەت هێور دەبێتەوە**

پاش مانگێکی پڕ لە تەنگژە و ناکۆکی (بنوارن بۆ تیلیگرامی ۲٤ی تشرینی دووەم)، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی تا ڕادەیەک هێور بووەتەوە. کاربەدەستانی حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێویستیان زانیوە بارودۆخەکە هێور بکەنەوە، چونکە نیگەران بوون بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و لە کۆتاییدا شەڕ لەنێوانیاندا هەڵبگیرسێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندییەکانیان بە شێوەی ڕاستەقینە چاک نەبووەتەوە، چونکە ئەم دوو لایەنە کە ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئاداریان واژوو کردووە، بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە یەکدی نییە. (بنوارن بۆ تیلیگرامی ٥۹۱ی ۲٥ی تشرینی یەکەم). حزبی بەعس بەردەوامە لە تۆمەتبەخشینەوە بە پ.د.ک، سەرەڕای ئەوەش پ.د.ک. نەرمونیانتر بووە و هێرش و توندوتیژییەکانی وەستاندووە. هیچکام لەم دوو لایەنە ئامادە نییە تەنازول بۆ ئەوی دیکە بکات. ناکۆکیی نێوان بەعس و پ.د.ک. بووە بە بەشێکی دانەبڕوا و هەمیشەیی سیاسەتی ناوخۆی عێراق. کاربەدەستانی پ.د.ک. و بەعس پێداگری لە سەر هەڵوێست و داواکارییەکانیان دەکەن و هەتا ئەوکاتەی ناکۆکییەکانیان نەگاتە ئاستی تەقینەوە و هەڵگیرسانی شەڕ، پەیوەندییەکانیان چاک ناکەن.

حزبـی شـیوعیی عێراقیـش بـەدوور نییـە لـەم بنبەسـتەی ئێسـتا، هەرچەنـدە هـەوڵ دەدات بێلایـەن بێـت، بـەڵام بەفەرمـی هاتووەتـە دەنـگ و دەستپێشـخەری کـردووە بۆئـەوەی کۆمیتەیـەک بـە بەشـداری هـەر سێ لایـەن، یانـی پ.د.ک، بەعـس و حزبـی شـیوعی پێکبێـت بۆئـەوەی ڕێـگا خـۆش بـکات بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و لەناوبردنـی ئـەو کەندوکۆسـپانەی پێشـی لـە جێبەجێکردنـی سـەرجەم بڕگەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار گرتـووە.

سـۆڤیەتیش کـە بـەردەوام غەمـی سـەقامگیریی ڕژێمـی عێـراق دەخـوات، بـە دڵنیاییـەوە ڕۆڵـی بینیـوە لـە دەرچوونـی ئـەم بڕیـارە. ڕۆژنامـەی [طریـق الشـعب]، زمانحاڵـی حزبـی شـیوعی ڕایگەیانـدووە، بـۆ حزبـی شـیوعی عێـراق گرنگـە کێشـەی کـورد چارەسـەر بێـت و بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەتوو دابمەزرێـت. کەوابـوو ئاڵۆزبوونـی بارودۆخـی باکـوور کاردەکاتـە سـەر تێکچوونـی بارودۆخـی عێـراق بەگشـتی و بـوار خـۆش دەکات کاربەدەسـتانی بـاڵای سـوپا کـە هەمیشـە گومانیـان لـە یارمەتییـە جۆراوجۆرەکانـی سـۆڤیەت هەیـە، دەسـتێوەردان بکـەن و ڕۆڵ ببینـن.

لـە کۆتاییـدا پێویسـتە ئاماژە بـەوە بکـەم سـۆڤیەت داوای لـەم سێ حیزبـە سیاسییە کـردووە بـەرەی نیشـتمانی دابمەزرێنـن و بانگهێشـتی کـردوون لـە ڕێوڕەسـمی جەژنـی پەنجاهەمیـن سـاڵوەگەڕی دامەزراندنـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ بەشـدار بـن.

**پییەغ سێغل**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی نیشتمانی**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢**

**بابەت: ڕژێمی بەعس تۆمەتی قورس دەخاتەپاڵ سەرکردایەتی کورد**

پەیوەندییەکانی بەغدا و کورد ئێستا ئاڵۆزە، هۆکارەکەشی ڕۆژنامەکانی بەعسن. لە هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٢، ڕۆژنامەی (الثورة)، زمانحاڵی ڕژێمی بەعسی عێراق زنجیرەیەک وتاری بڵاو کردەوە، کوردی تۆمەتبار کرد کە:

- زانیاری دەربارەی سوپای عێراق دەدات بە ئێران و ئیسرائیل.
- یارمەتیی جولەکەکانی عێراق دەدات لە عێراق ڕابکەن بۆ ئێران و[لەوێوە بچن بۆ ئیسرائیل].
- هاوکاری لایەنەکانی نەیاری حکومەتی عێراق لە دەرەوە دەدات، لەوانە عەبدولڕەزاق ئەلنایف و عەبدولغەنی ئەلڕاوی.
- بە چەکوچۆڵی ئێران خەریکە سوپا بۆ خۆی دروست دەکات.

ئەم تۆمەتبەخشینانە نیشان دەدات کە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەڤاڵەکانی مستەفا بارزانی خراپە. ئەمدواییە پەیوەندیی لەنێوان ئەم دووانەدا دروست بووە بۆئەوەی کێشە سەرەکییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام پێداگریکردنیان لە سەر هەڵوێستەکانیان نیشان دەدات کە ناتوانن بە ئەنجام بگەن، کەوابوو دیسان بنبەست هاتووەتەوە ئاراوە و ئەگەری هەیە پەیوەندییەکانیان دیسان ئاڵۆز بێت و تەنانەت تا ئاستی پێکدادانی چەکداری بچێتەپێش.

لەم بارودۆخەدا چاودێران نازانن ئایا یەکێ لەم دوو لایەنە دەستپێشخەری دەکات بۆئەوەی تەنگژەکان - تەنانەت ئەگەر بە شێوەی کاتیش بێت- بوەستێت.

هەندێ لە چاودێران دەڵێن دەوڵەتی عێراق دەتوانێت هەڵمەتی هێرشی

ڕۆژنامەکانــی بوەســتێنێت بۆئــەوەی بــوار خــۆش بێــت بۆئــەوەی هــەردوولا دەســت بکەنــەوە بــە گفتوگــۆ. لــەم پەیوەندییــەدا ئەلبەکــر، ســەرۆک کۆمــار، لــە ١٦ی تشرینــی دووەم بــە بۆنــەی جەژنــی ڕەمــەزان ســەردانی بــارەگای پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی لــە بەغــدا کــردووە. ئەلبەکــر پێیباشــە لەگــەڵ کــورد گفتوگــۆ بــکات، وتوویەتــی لەناخــی دڵــەوە پێیناخۆشــە شــەڕی براکــوژی هەڵبگیرسێتەوە. وادیــارە دەســەڵاتدارانی بەعــس بۆیــە نەرمــی دەنوێنــن، چونکــە بارودۆخــی ناوخــۆی عێــراق هەســتیار و ناســکە بەهــۆی ڕووداوەکانــی پــاش خۆماڵیکردنــی کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق.

هــاوکات دەوڵەتــی عێــراق بەدڵنیاییــەوە درێــژە بــە هەوڵەکانــی دەدات بۆئــەوەی درز و دووبەرەکــی بخاتــە نــاو کــورد و پیــلان دابڕێژێــت بــۆ کوشــتنی بارزانــی و هەڤاڵــە نزیکەکانــی. لەوانەشــە پێکدادانــی چەکــداری لــە کوردســتان دەســتپێبکاتەوە. لەوانەیــە ڕژێمــی عێــراق پێشــوازی لــە ناوبژیوانیــی ســۆڤیەت بــکات، ئەڵبەتــە بــە مەرجێــک کــە بــە قازانجــی کۆتایــی پێبێــت.

**لە ڕۆبێغ دوسوزا [١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ[٢]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٣ی نیسانی ١٩٧٣**

**تاران**

**نهێنی**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، سەرۆکایەتی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، مۆسکۆ، لەندەن، بەغدا**

**بابەت: یارمەتییە سەربازییەکانی ئێران بە بارزانی دەستپێدەکاتەوە**

بەڕێز لویز ویکمەن مونۆز[٣]، نوێنەری تایبەتی بەڕێز ڤالدهایم[٤]، وەک ناوبژیوان کەوتووەتە نێوان دەوڵەتی ئێران و عێراق. دەسەڵاتدارانی ئێران کە تا ئێستا هیچیان دەربارەی ئەنجامی هەوڵەکانی بەڕێز مونۆز نەدرکاندووە، لە سەر سنوور لەگەڵ عێراق تووشی کێشە بوونە. بەڕێز مونۆز لە کاتی بەسەرکردنەوەی سنووری ئێران، بە یاوەریی بەرپرسی کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بینیویەتی لە خاکی عێراقەوە هێرش کراوەتە سەر بنکەیەکی سنووری ئێران بە ناوی قەڵا یەهودی[٥]، و ئێرانیش وەڵامی هێرشەکەی داوەتەوە. بە وتەی کاربەدەستانی ئێران، بەڕێز مونۆز بە چاوی خۆی بینیویەتی کە حەق بە ئێرانە و عێراق بەرپرسە لە کێشەکە.

(1) Robert DU SOUZA

(2) Michel JOBERT

(3) Luis WECKMANN MUNOZ

(4) WALDHEIM

کورت ڤالدهایم ئەوکاتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. وەرگێر

(5) Ghaleh Yahoudi

بەهەرحاڵ مەسەلەکە هەرچونێک بێت، وادیارە دەوڵەتی شاهەنشاهیی، دان بە خۆیدا دەگرێت و زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە نادات. هیچیشمان لێرە نەبینیوە کە نیشان بدات ئێران بیەوێت ئەرکەکەی بەڕێز مونۆز تێکبدات کە لە هەندێ ڕووەوە بە قازانجی ئێرانە. وادیارە نوێنەرەکەی بەڕێز ڤالدهایم کاری خۆی بە باشی ئەنجام دەدات، پەیامێکی دەوڵەتی عێراقی گەیاندووە بە دەوڵەتی ئێران و هەوڵ دەدات بوار خۆش بکات بۆئەوەی ئێران و عێراق ڕاستەوخۆ وتووێژ بکەن کە ئێران ئەمەش ڕەت ناکاتەوە.

کەشوهەوای پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە وەتەی بووە خراپ بووە، لێرە پێیدەڵێن پەیوەندیی نیمچە قەیراناوی. کاربەدەستانی ئێران دەستیانکردووەتەوە بە هەوڵەکانیان بۆئەوەی ئێرانییەکانی دانیشتووی بەغدا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. بۆیە، سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنێکی کولتووری لە نێوان هەر دوو وڵاتدا هەیە، کاربەدەستانی عێراق بڕیاریانداوە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ئێران لە بەغدا کەم بکەنەوە، بۆئەوەی ڕێککەوتنە کولتورییەکە هەموار بکرێتەوە. ئەم مەسەلەیە یەکێ لە تەوەرەکانی وتووێژەکانی باڵوێزی ئێران لە بەغدا دەبێت.

هەڵوێستی ئێران لەهەمبەر کێشەی کورد و دەوڵەتی عێراقیش لە هەمان چوارچێوەدا دەگونجێت. ئێران بەشێوەی فەرمی بە گرنگییەوە باسی ئەو هەواڵانە دەکات کە دەڵێن شەڕی کورد و عێراق دەستیپێکردووەتەوە و دەڵێن مەلا [مستەفا] بارزانی سەرکەوتووە. دەڵێن بارزانی بەردەوام دژی دەوڵەتی عێراق خەباتی کردووە، چونکە عێراق داواکارییەکانی کورد بە شێوەی ڕاستەقینە قەبوڵ ناکات، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ دابەشکردنی داهاتی نەوتی کەرکووک. سەدام حوسەین وتوویەتی ئەو چەکانەی لە ڕێگای ئێرانەوە دەگات بە دەستی مەلا [مستەفا] هی ئەمریکایە. کاربەدەستانی ئێران بە فەرمی هیچ ناڵێن، بەڵام ڕۆژنامەکانی ئێران بانگەشەکانی [سەدام حوسەین] تکریتی بە درۆ دەخەنەوە، قسەی پێدەڵێن، بۆ نموونە: "سەدام حوسەین وەک کۆلۆنێل [موعەمەر] قەزافی سەری لێشێواوە، هەردوویان دەبێت بنێردرێن بۆ نەخۆشخانەی شێتەکان."

بەهەرحاڵ دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران بە ئاشکرا یارمەتی پێشمەرگە دەدات.

بە وتەی سەرچاوەیەکی باش و متمانەپێکراو، ئێران بە شێوەیەکی ئاشکرا تەقەمەنی (بۆ تفەنگ تا بیکەیسی و تۆپی سووک) دەدات بە کورد و بارزانی لە جموجۆڵی هێزەکانی عێراق ئاگادار دەکاتەوە.

سەرچاوەکە پێیوتم: "بڕێکی زۆر چەک لە ئەوروپاوە کە زۆربەیان هی سوئید، ئەڵمانیا، بەریتانیا و ئیسرائیلن، گولەی چەکی دژە فڕۆکە کە هی چکسلۆڤاکیا، سوئیس یان سوئیدن دەنێردرێت بۆ ئێران و لێرەوە دەنێردرێت بۆ کوردستانی عێراق. هەندێ لەم چەکوچۆڵانە بە کەشتی دەنێردرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ئابادان و بەندەر شاپور کە بەندەرێکی تایبەتی ئێرانە بۆ گەیشتنی چەکوچۆڵ و پێداویستیی سەربازی. هەندێکی دیکەشیان بە ڕێگای فڕۆکە دەنێردرێت بۆ ئابادان و لەوێشەوە بە لۆری دنێردرێت بۆ سنووری عێراق. (کۆمیتەی کورد لە ئەوروپا) ئەم چەک و تەقەمەنییە، یان ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتانی ئەوروپا یان لە قاچاقچییەکان دەکڕێت. کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان لە داهاتوودا، لەوانەیە یارمەتیی ماددی بارزانی بدەن."

دەوڵەتی شاهەنشاهی بەوپەڕی نهێنیپارێزییەوە ئەم کارانە دەکات. تەنانەت ئەو سەرچاوانەش کە زانیاری دەدەن بە ئێمە، زۆر بە وریاییەوە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن. بەهەرحاڵ دەسەڵاتدارانی عێراق دەزانن کە ئێران یارمەتی ڕاپەڕین دەدات. ئەم مەسەلەیە دەبێت بە کەندوکۆسپ لە سەر ڕێگای باشبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و شانسی ئەوە کەم دەکاتەوە کە بەڕێز مونۆز کەشوهەوایەکی لەبار بڕەخسێنێت بۆ دەسپێکردنی وتووێژ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا. هەمان سەرچاوە پێیوتم باڵوێزی نوێی ئێران لە عێراق ڕاسپێردراوە دەستبکات بە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق، بەڵام عێراق بە پیرییەوە نەهاتووە.

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٥ی ئایاری ١٩٧٣**

**بەغدا**

**بابەت: پەیوەندییەکانی کورد و عێراق ئاڵۆز دەبێت**

جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی بە بەشداریی هێز و لایەنە سیاسیە سەرەکییە پێشکەوتنخوازەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆتۆنۆمی کورد لە ناو عێراق هێشتا ئامانجی سەرەکیی کاربەدەستانی بەعسە و ئەوەندەی گرنگی بەم مەسەلەیە دەدەن گرنگی بە مەسەلەی یەکگرتوویی ناوخۆی وڵات نادەن.

پاش ئەو ئاسانکارییانەی لەم مانگانەی دواییدا دەوڵەت بۆ بزووتنەوەی کوردی کردووە و ئەو لێدوانە فەرمییانەی سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک کۆمار کە تێیدا جەختیان کردووەتەوە دەیانەوێت ڕێککەوتننامەی سێ ساڵ لەمەوپێش جێبەجێ بکەن، دەوڵەتی عێراق دەڵێت لەمەبەدوا لە سەر مەلا مستەفا بارزانییە(١)، نیازپاکی و ویستی خۆی نیشان بدات لەگەڵ حکومەت هاوکاری بکات. (بنوارن بۆ تیلیگرامی ٢٥٩ی ١١ی نیسانی ١٩٧٣).

وادیارە پەیوەندییەکانی بارزانی و عێراق لەم چەند هەفتەیەی دواییدا سارد بووەتەوە، بەشێوەیەک کە کورد ڕۆژ بە ڕۆژ بە وریایی و سەختگیریی زیاترەوە لەگەڵ بەعس مامەڵە دەکات. ئەم مانگە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بنەڕەتی عێراقی بڵاو کردووەتەوە (کە دەقی وەرگێڕانەکەیتان هاوپێچ

(١) لە باتی مەلا مستەفا نوسراوە گەلالە، چونکە بارەگای سەرکردایەتی بارزانی ئەوکاتە لەوێ بووە. وەرگێڕ

بۆدەنێـرم)[١] کـە نیشـان دەدات پ.د.ک. و بەعـس بۆچوونـی زۆر جیاوازیـان دەربـارەی چەمکـی ئۆتۆنۆمـی هەیـە و بۆشـایی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە زۆر قوڵـتر دەکاتـەوە. لـە دەقەکـەدا پێشـبینی دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی یاسـادانان و جێبەجێـکاری ناوچەیـی کـراوە و هاتـووە: "ڕابـەری کـورد کـە تۆمەتـی ئـەوەی دەخرێتـە پـاڵ گوایـا دەیەوێـت یەکێتـی نیشـتمانی عێـراق تێکبـدات، لـە سـەریەتی کۆتایـی بـە دەسـتێوەردانی سـەرۆک کۆمـار لـە مەسـەلەی دەستنیشـانکردنی پارێـزگارەکان و کاربەدەسـتانی ئیـداری بێنێـت.. ئەگـەر کـورد ڕازیبـووە حکومەتـی ناوەنـدی نـەوت بەرهەمبهێنێـت هۆکارەکـەی ئـەوە نییـە کـە کـورد دەسـتبەرداری مافەکانـی خـۆی بـووە، بەڵکـوو ئەوەیـە کـە ناوچـەی کوردسـتان کەرەسـتە و هێـزی پسـپۆری نییـە خـۆی نەوتەکـە بەرهەمبهێنێـت."

بەهەرحـاڵ کاربەدەسـتانی عێـراق دەیانەوێـت کێشـەی کـورد چارەسـەر بکـەن، چونکـە نەتەنیـا کار دەکاتـە سـەر ئاسایشـی ناوخـۆ، بەڵکـوو کار دەکاتـە سـەر درێـژەدان بـە سیاسـەتی سـەربەخۆیی نیشـتمانی و گەشـەی ئابـووری کـە دەوڵـەت بڕیـاری لەسـەرداوە. لـە هەمبـەر سـەختگیری و ئەمـڕۆ و سـبەیکردنەکانی کـورد، دەوڵەتـی عێـراق جارناجـار بیـر لـەوە دەکاتـەوە خـۆی بەشـێوەی یەکلایەنـە کێشـەکە چارەسـەر بـکات. لەپێنـاو ئـەم ئامانجـەدا دەوڵەتـی عێـراق ئەمدواییـە لـە تورکیـا و ئێـران نزیـک بووەتـەوە.

دەوڵەتـی تورکیـا هەمیشـە نیگـەران بـووە لـە پرۆژەکانـی عێـراق بـۆ ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان، چونکـە دەترسـێت ئـەم سیاسـەتە کار بکاتـە سـەر کوردەکانـی تورکیـا، بـەڵام سـەردانی ئەمدواییـەی وەزیـری ناوخـۆی تورکیـا بـۆ بەغـدا، پەیوەندییەکانـی ئـەم دوو وڵاتـەی گەرموگوڕتـر کـردووە و بڕیاریـان داوە دەربـارەی کۆنترۆڵکردنـی ناوچـە سـنوورییەکان هاوکاریـی یەکـدی بکـەن لـە پێنـاو ئاسـایش و سـەقامگیری خۆیانـدا. (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی١٩ی ئایـاری ١٩٧٣). بـۆ ئـەوی ئـەم پرۆژەیـە سـەربگرێت، دەوڵەتـی عێـراق ڕازی بـووە دەوڵەتـی تورکیـا هەنـدێ یارمەتیـی کولتوریـی کەمینـەی تورکـمان بـدات بۆئـەوەی ناسـنامەی خۆیـان لـە نـاو وڵاتـی عێراقـدا بپارێـزن. ئەمـە هەنـگاوی یەکەمـە بـۆ بەخشـینی ئۆتۆنۆمـی کولتـوری و ئیـداری بـە تورکمانـەکان، بـەو

(١) دەقـی وەرگێـڕدراوی پـرۆژە یاسـاکە لـە نێـو بەڵگەنامەکـەدا هەیـە، بـەڵام وەرمنەگێـڕاوە، چونکـە دوورودرێـژە. وەرگێـڕ

شـێوەیەی بەعـس پێیباشـە. کەوابـوو هەمـان مـاف کـە دراوە بـە کەمینـەی کـورد، دەدرێ بـە تورکمانیـش، ئەمـەش پێگـەی کـورد لاواز دەکات.

دەربـارەی پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق، ئـەم دووانـە لـە کۆتایـی مانگـی نیسـان لـە ژنێـڤ بـە شـێوەی نهێنـی گفتوگۆیـان کـردووە، کەوابـوو لەوانەیـە پەیوەندییەکانـی ئـەم دوو وڵاتـە باشـتر بێـت (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ٢٤ی ئایـار). ئەگـەر وابێـت، کەمینـەی کـورد گۆشـەگیر دەبێـت. پ.د.ک. نایەوێـت بەرەیەکـی نیشـتمانی دروسـت بێـت کـە لەژێـر دەسـەڵاتی حزبـی بەعسـدا بێـت و دەڵێـت ئەگـەر حکومـەت دەیەوێـت یەکێتـی نیشـتمانی بپارێزێـت بـا ڕێککەوتنـە کولتـووری و ئیدارییەکـە جێبەجـێ بـکات کـە سـێ سـاڵ لەمەوپێـش لەگـەڵ کـورد کردوویەتـی.

ئەگـەر پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق باشـتر بێـت، دواتـر کێشـەی نەوتیـش لـە نێوانیانـدا چارەسـەر دەبێـت.[1] لـە ئەنجامـدا یەکێتیـی سـۆڤیەت یەکـێ لـە ڕێـگا گرنگەکانـی دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێراقـی لەکیـس دەچێـت، و پەیوەندییەکانـی عێـراق و سـۆڤیەت کـە پێشـتر چەندجـار ئاژەمـان پێکـردووە، خراپـتر دەبێـت.

(١) مەبەسـتی ئـەو چاڵانـەی نەوتـە کـە لـە سـەر سنووری ئێـران و عێـراق هەڵکەوتـووە و هـەر دوولا وتوویانـە هـی ئێمەیـە. وەرگێـڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**۱۲ی حوزەیرانی ۱۹۷۳**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، قاهیرە**

**بابەت: ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئادار بە بنبەست گەیشتووە**

بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری گشتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی [عێراق] پێیوتم سەرۆکی حیزبە سیاسییە سەرەکییەکان ئێستا خەریکی گفتوگۆی نهێنین بۆ تاوتوێکردنی ئەم دوو تەوەرە سەرەکییە: چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانیی، بۆ لەدەوری یەک کۆکردنەوەی هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی ولات.

۱- ئەو سەرچاوەیە هەروەها وتی بەهۆی نەرمی نەنواندنی بارزانی کە بەتایبەت لە بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بنەڕەتی عێراقدا دەردەکەوێت (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ۳٦٥)، دەسەڵاتی ناوەندی دەیەوێت کۆتایی بە سیاسەتی ئێستای خۆی بهێنێت و لە کاتێکی دیاریکراودا بە ڕەزامەندی یان بێ ڕەزامەندی بارەگای سەرکردایەتی گەلاڵە، بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە وتەی سەرچاوەکە، بڕیارە بەمزوانە پێشنیارێکی نوێ بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بخرێتە بەر دەم پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەگەر پ.د.ک. ڕەتی بکاتەوە، حکومەت یەکلایەنە هەنگاوی پێویست هەڵدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کە یان ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو پەسەندی دەکات یان ڕاستەخۆ دەخرێتە ڕیفراندۆم بۆئەوەی خەڵک بڕیاری لەسەر بدات. کاربەدەستانی

عێراق هیوادارن ئەم ئامانجانە بچێتەسەر و بە بەخشینی ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان بە کورد، زۆربەی کورد کە بە وتەی سەرچاوەکە تینووی ئاشتی و پێشکەوتنی ئابوورین، بەرەولای خۆیان ڕابکێشن و کەمینەیەکی ناو پ.د.ک. گۆشەگیر بکەن کە بەردەوام بارزانی هان دەدەن بە قازانجی زلهێزە بیانییەکان بجووڵێتەوە کە دەیانەوێت ڕژێمی بەعس بڕوخێنن.

٢- دارا تۆفیق، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردی [التاخی] وتی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بنەڕەتی کە لە ٢٥ی ئایار خراوەتەڕوو، تەنیا هەنگاوێکی بچووکە بۆ دەستپێکردنی گفتۆگۆ. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی [(طریق الشعب)]، زمانحاڵی حزبی شیوعی داکۆکی لە ڕاگەیاندننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و هەروەها یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە، وتوویەتی: "لە پێناو یەکێتی نیشتمانی و گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و عەرەب و پتەوکردنی ئەم یەکێتییە نیشتمانییە دژی هێزی ئیمپیریالیزم و پاشڤەڕۆ، دەبێ سەرجەم هێز و لایەنە وڵاتپارێزەکان بۆ خەبات یەکبگرن. ئێمەی شیوعی داوا دەکەین بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بە زووترین کات دروست بکرێت، دواتر لایەنە سیاسییەکانی عێراق گفتوگۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات."

دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا بەرەی نیشتمانی و ئەنجوومەنی نوێنەران دروست بکرێت کە هەندێ لە کورسییەکانی دادەنرێت بۆ کورد.

٣- سەرچاوەکە وتی کێشەی دەوڵەت ئەوەیە کە حزبی شیوعی ڕازی بکات پشتیوانی لە سیاسەتی بەعس دژی پ.د.ک. بکات.

ئەگەر سەدام حوسەین نەتوانێت لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی شیوعی ڕێکبکەوێت، ناچار دەبێت لەگەڵ ناسیونالیستە عەرەبەکان ببێت بە هاوپەیمان.

**پییەغ سێغل**

**[سەرۆکایەتیی وەزیران]**

**سکرتارییەتی گشتی بەرگری نیشتمانی**

**هەواڵنامەی ڕۆژانە**

**پاریس**

**٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٣**

**بابەت: شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق دەستپێدەکاتەوە**

دەوڵەتی عێراق چەند مانگێکە بڕیاریداوە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانی جێبەجێ بکات و کێشەی کورد چارەسەر بکات. لە بواری ناوخۆدا دەیەوێت هێز و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لەیەک نزیک بکاتەوە و لە بواری دەرەوەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی باشتر بکات. هەروەها دەیەوێت بەمزوانە پرۆژەیەک بۆ ئۆتۆنۆمی پارێزگا کوردەکان، بە ڕەزامەندی یان بێ ڕەزامەندیی مەلا [مستەفا] بارزانی بخاتەڕوو.

عێراق ئێستا هەوڵ دەدات لە ئێران نزیک بێتەوە. ئەگەر هەوڵەکەی سەربکەوێت، سیاسەتی بەعس لەپێناو پتەوکردنی سەقامگیریی ناوخۆیی عێراق بە خێرایی سەردەکەوێت.

بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ سێ ساڵە جێبەجێ نەکراوە، پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس ئاڵۆز بووە. کاربەدەستانی بەعس تا ئێستا ویستویانە کات بە فیڕۆ بدەن و کەمکەم پێگەی کورد لاواز بکەن، لەکاتێکدا کورد داوای کردووە بە ڕێککەوتن کێشەکە چارەسەر بکرێت. ئەمدواییە بارودۆخە ئاڵۆز بووە:

- لە مانگی ئاداری ئەمساڵ کاربەدەستانی عێراق هەوڵیاندا لە بزووتنەوەی کورد نزیک ببنەوە و جەختیان کردەوە لە ١٩٧٤ ئۆتۆنۆمی بە پارێزگا کوردەکان دەدەن.

• پ.د.ک. نەیتوانــی داواکارییەکانــی خــۆی بســەپێنێت بــە ســەر بەعســدا، قــەت یەکگرتــوو نەبــووە و لــە بەرامبــەر بەعــس نەرمونیانــی نەنوانــدووە. پ.د.ک. لــە ٢١ی ئایــار پــرۆژەی ڕەشنووســی یاسـای بنەڕەتیــی عێراقــی بڵاوکــردەوە کــە دەوڵەتــی عێــراق بــە لادانــی مــەلا [مســتەفا] بارزانــی و کارێکــی تێکدەرانــە نــاوزەدی کــرد.

کاربەدەســتانی عێــراق ئێســتا بڕیاریانــداوە کێشــەکە بــە شــێوەی خۆیــان چارەســەر بکــەن، چونکــە ئــەو کێشــەیە نەتەنیــا کاری کردووەتــە ســەر ئاسایشــی ناوخــۆی وڵات، بەڵکــوو بــووە بــە کەندوکۆســپ لــە هەمبــەر سیاســەتی ســەربەخۆیی نیشــتمانی و پێشــکەوتنی وڵاتــدا. ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش خەریکــی دروســتکردنی بەرەیەکــی نیشــتمانییە کــە ســەرجەم حیزبــە پێشــکەوتنخوازەکان تێیــدا بەشــدار بــن و ناسیونالیســتە عەرەبــەکان و حزبــی شــیوعیی عێــراق پشــتیوانی لێبکــەن، بــە مەرجێــک حزبــی بەعــس زۆرتریــن دەســەڵاتی هەبێــت. کەوابــوو ئەگــەری هەیــە بەمزوانــە بەرەیەکــی نیشــتمانی و ئەنجوومەنــی نوێنــەران دابمەزرێــت.

بەعــس هەروەهــا دەیەوێــت بەمزوانــە پرۆژەیەکــی نــوێ بــۆ ئیــدارەی پارێــزگا کــوردەکان بخاتــە بــەر دەم پ.د.ک، ئەگــەر پ.د.ک. ڕەتــی بکاتــەوە، دەوڵــەت یــان (یاســای ئۆتۆنۆمــی) لــە ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی داهاتــوودا دەخاتــە ڕوو بۆئــەوەی پەســەند بکرێــت، یــان دەیخاتــە ڕیفراندۆمــەوە بۆئــەوەی خەڵــک بڕیــاری لەســەر بــدات. کاربەدەســتانی عێــراق دەیانەوێــت زۆربــەی کــورد کــە ئاشــتیخوازن و پێشــکەوتنی ئابووریــان دەوێــت، بــەرەولای خۆیــان ڕابکێشــن. دەوڵەتــی عێــراق لــە پێشــەوە دەزانێــت دەبێــت بــە شــێوەی یەکلایەنــە کێشــەی کــورد چارەســەر بــکات، بۆیــە بڕیاریــداوە ئیــدی داواکارییەکانــی پ.د.ک. قەبــوڵ نــەکات و سیاســەتی دەرەوەی خــۆی بــەم ئاراســتەیە بگۆڕێــت:

لــە لایەکــەوە خــۆی لــە ژێــر هەیمەنــەی سیاســی یەکێتیــی ســۆڤیەت دەربهێنێــت کــە ڕاســتەوخۆ یــان لــە ڕێــگای حزبــی شــیوعییەوە دەوری ناوبژیوانــی لــە نێــوان پ.د.ک. و بەعســدا بینیــوە و هەمیشــە یەکــێ لەلایەنــەکان نــاڕازی بــووە. لەلایەکــی دیکــەوە پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ تورکیــا و ئێــران باشــتر بــکات بۆئــەوەی باشتر بتوانێــت ناوچــە ســنووریەکان کۆنتــرۆڵ بــکات و پێگــەی کــورد لــە وتووێژەکانــی ئێســتادا لاواز بــکات.

ئـەم گۆڕانکارییانـە لـە کاروکردەوەکانـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـەدی دەکرێـت کـە دەڵێــن دەبێــت ناکۆکییــەکان وەلاوە بنرێــت، یانــی یەکێتــی نیشــتمانی پتــەو بکرێــت بۆئــەوەی کار بکرێــت بــۆ پێشخســتنی ئابــووری وڵات. ســەرکەوتنی ئــەم پرۆژەیــە، تــا ڕادەیەکــی زۆر پەیوەنــدی بــە نزیکبوونــەوەی ئێــران و عێراقــەوە هەیــە. ئەگــەر ئــەم دوانــە لەیــەک نزیــک ببنــەوە، پ.د.ک. ناچــار دەبێــت بچێتــە نــاو ئــەو بــەرە نیشــتمانییەی لــە ژێــر دەســەڵاتی حزبــی بەعســدایە و پــرۆژە ئۆتۆنۆمیــە کولتــووری و ئیدارییــە پێشــنیارکراوەکەی دەســەڵاتی ناوەنــدی قەبــوڵ بــکات و لــە ئەنجامــدا بارودۆخــی ناوخــۆی عێــراق بەخێرایــی ســەقامگیر بێــت. ئەگەریــش ئێــران و عێــراق لەیــەک نزیــک نەبنــەوە، کەمینــەی دەســەڵاتداری کــورد کــە لایەنگــری ئێرانــە هەلــی بــۆ دەرەخســێت چالاکییەکانــی دژی دەوڵەتــی عێــراق زیاتــر بــکات و حکومــەت ناچــار دەبێــت بــە شــێوەیەکی تووندوتیژانــە بەرەنگاریــان بێتــەوە.

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی تەمووزی ١٩٧٣**

**بەغدا**

**بابەت: ناوبژیوانی حزبی شیوعی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد و حکومەت**

پاش ناردنی نامەیەکی بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، گفتوگۆکانی بەرپرسانی پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق کە لە مانگی حوزەیران بەردەوام بوو (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٥٧٤)، ئێستا گەرموگوڕتر بووە و ئەگەری چارەسەربوونی کێشەی کورد و دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی زیاتر بووە. جارێکی دیکە حزبی شیوعی عێراق وەک ناوبژیوان کەوتە نێوان دوو لایەنی ناکۆکی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاوی لەم پەیوەندییەدا گێڕاوە. هەروەک دەزانین حزبی شیوعی ڕۆڵی گرنگی بینی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٢ [١]، کە بەڵێنی ئۆتۆنۆمی داوە بە کەمینەی کورد و تێیدا هاتووە دەبێ سەرجەم هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکدا کۆببنەوە.

لەم بارودۆخەدا حزبی شیوعی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا. ئێستا کە بارزانی پێداگری لە سەر داواکارییەکانی دەکات (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٣٦٥ی ٢٥ی ئایاری١٩٧٣) و مەترسی ئەوە لەئارادایە کە بەعس یەکلایەنە یاسایەک بۆ ئۆتۆنۆمی [کوردستان] دەربکات و بەرەیەکی نیشتمانی کارتۆنی دابمەزرێنێت. حزبی شیوعی جارێکی دیکە هاتووەتە مەیدان و دەستپێشخەری کردووە بۆئەوەی بەغدا لەگەڵ بارەگای سەرکردایەتی [بارزانی لە] گەڵاڵە وتوویژ بکات. عەزیز موحەمەد، سکرتێری گشتی حزبی شیوعی، کوردە. ئەمە دەتوانێت کاری حزبی شیوعی ئاسانتر بکات.

(١) ١٩٧٠ ڕاستە. وەرگێڕ

حزبـی شـیوعی دەڵێـت: "کاربەدەسـتانی پ.د.ک. بیانەوێـت و نەیانەوێـت، حیزبەکەیـان تەنیـا هـی کـورد نییـە، بەڵکـوو بـە هەمـان شـێوە کـە نـاوی کوردسـتانی لەسـەرە، هـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی ناوچەیـە. بەهـۆی ئـەم پێکهاتـە تایبەتەیـە کـە مەسـەلەی دیاریکردنـی سـنوورەکانی هەرێمـی کوردسـتان تووشـی کێشـە بـووە. بەپێچەوانـەی پارێـزگای دهـۆک، سـلێمانی و هەولێـر کـە کـەس لاری نییـە بکەوێتـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان، کەرکـووک و خانەقیـن، بەهـۆی ئـەوەی سـەرچاوەی نەوتیـان زۆرە و دانیشـتووەکانیان تێکـەڵ و جۆراوجـۆرە، ئاسـان نییـە بـە شـێوەیەکی یەکلایـی بخرێتـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان یـان عێـراق. ناوچەکانـی سـنجار، ئاکـرێ و شـێخان کـە کـورد داوایـان دەکات، زۆربـەی دانیشـتووەکانیان ئێزدیـن و تورکمانیـش نزیکـەی ٣٠٠ هـەزار کەسـێک دەبـن. ئەگـەر پ.د.ک. پێداگـر بێـت ئیـدارەی خۆجێیـی زیاتـر کـورد بەڕێـوەی ببـات، باڵادەسـتیی بەعـس بەسـەر ئیـدارەی وڵات بەگشـتی تێکدەچێـت و بەپێچەوانـەی سیاسـەتی خۆیشـییە کـە لەهەمبـەر کەمینەکانـی کوردسـتان ڕوون نییـە. پ.د.ک. بەتایبـەت دەوڵەتـی عێـراق تۆمەتبـار دەکات کـە هەمـان سیاسـەتی دەوڵەتـی سـوریای گرتووەتـە بـەر و کوردسـتان تەعریـب دەکات."

حزبـی شـیوعی پێشـنیاری کـردووە ناوچـە کێشەلەسـەرەکان بەشـێوەی کاربەڕێکـەر بەشـێوەیەکی هاوبـەش لەلایـەن نوێنەرانـی سـێ حیزبـە سـەرەکییەی عێـراق بەڕێوەبچێـت.[1] ئەگـەر ئەمـە بکرێـت، یەکـێ لـە کەندوکۆسـپە سـەرەکییەکان لـە نـاو دەچێـت کـە بـە هۆیـەوە پ.د.ک. تـا ئێسـتا پـڕۆژە ئۆتۆنۆمیـە پێشـنیارکراوەی [بەعس] بـۆ کوردسـتان و دامەزراندنـی بـەرەی نیشـتمانی قەبـوڵ نەکـردووە. وادیـارە بـارەگای سـەرکردایەتی گەلاڵـە ئـەم پێشـنیارەی حزبـی شـیوعی ڕەت ناکاتـەوە.

لـە ئەنجامـی سـەرنەکەوتنی پیلانەکـەی ئەمدواییـە دژی سـەرۆک کۆمـار و دۆسـتەکانی، ئـەو لایەنـەی نوێنەرایەتـی سیاسـەتی دژایەتیکردنـی کـوردی دەکـرد، ڕۆڵـی نەمـا، کەوابـوو ئەمـە ڕێـگای دیکـە دەکاتـەوە بـۆ چارەسـەربوونی کێشـەکان. پ.د.ک. بـاش دەزانێـت سـەرلەبەیانی ڕۆژی کودەتـا تەنیـا حیزبێکـی بەهێـز دەتوانێـت بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ جێبەجـێ بـکات. ڕێککەوتننامەکـە

(١) مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی بەعس و حیزبی شیوعییە. وەرگێڕ

هەرچەنـدە تـەواو نییـە، بـەڵام دانـی بـە داواکارییـە بنەڕەتییەکانـی بزووتنـەوەی ئۆتۆنۆمیخـوازی کـورددا نـاوە.

باڵوێـزی یەکێتیـی سـۆڤیەت لـە بەغـدا ئەمدواییـە پێیوتـم سـۆڤیەت بـە هـەزار حـاڵ توانیویەتـی دەسـەڵاتدارانی عێـراق قایـل بـکات کـە پێویسـتە لەگـەڵ کـورد بسـازن. هەروەهـا وتـی جێگـری سـەرۆک کۆمـار، وتویەتـی نیگەرانـە کـە مەسـەلەی پێکهێنانـی بـەرەی نیشـتمانی بـگات بـە بنبەسـت. باڵوێـزی تورکیـا زۆر نیگەرانـە لـە ئەگـەری دەسـتێوەردانی سـۆڤیەت لـەم مەسـەلەیەدا.

هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە سـەدام حوسـەین ئێسـتا زیاتـر لـە هـەر کاتێکـی دیکـە دەیەوێـت ئـەم بـەرە نیشـتمانییە دروسـت بێـت. هەرچەنـدە وادیـارە دەسـەڵاتی سـەدام ئێسـتا پتـەو بـووە، ڕووداوەکانـی ئەمدواییـە سـەدامی لـە نـاو حزبـی بەعـس گۆشـەگیر کـردووە. ئەگـەر سـەدام بتوانێـت کێشـەکانی ناوخـۆ بـۆ هەتاهەتایـە چارەسـەر بـکات ( هـەر ئـەم کێشـانە بـوون کـە بوونـە هـۆی ڕووخانـی ڕژێمەکانـی پێشـووی عێـراق)، بارێکـی گرانـی لـە کـۆڵ دەبێتـەوە و زیاتـر هـەوڵ بـۆ گەشـەی ئابـووری وڵات دەدات.

**لە ئیڤ سەیلاغ[1]، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی ئابی ١٩٧٣**

**بەغدا**

**بابەت: حکومەتی عێراق چوار سیخوڕی کورد لەسێدارە دەدات**

ڕۆژنامەی [التاخی]، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: "لە ٢٠ی ئاب چوار ئەندامی پ.د.ک. لەسێدارەدراون. ئەم کەسانە چەند مانگ لەمەوپێش بە هۆکاری نەزانراو گیرابوون و تۆمەتیان خرابووە پاڵ و سەرجەم هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی کورد بۆ ئاگاداربوون لە فایلەکانیان و پێداچوونەوە بە حوکمەکانیان و ڕزگاربوونیان بێ ئەنجام بوو."

لەسێدارەدانی ئەم کەسانە کاردانەوەی توندی بەرپرسانی بزووتنەوەی کوردی بەدواوەبوو، یەکێک لە سێدارەدراوەکان سەر بە بنەماڵەی بارزانی بووە. لقی پێنجی پ.د.ک. لە بەغدا، بڕیاریداوە بۆنە و ڕێپێوان لە ٢٣ی ئاب بە بۆنەی ٢٧ مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پ.د.ک. هەڵبوەشێنێتەوە. ئەگەری هەیە پەیوەندییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی زۆر خراپ بێت و ئەندامانی پ.د.ک. چاوەڕوان دەکەن بارودۆخەکە ئاڵۆز بێت. ئەمدواییە کۆمەڵێک کێشە و پێکدادان لە نێوان کورد و ئەندامانی بەعس لە شارە جۆراوجۆرەکان ڕوویداوە، چونکە بەعسییەکان نەیانهێشتووە کوردەکان وێنە و نووسراو بە بۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پ دک هەڵبواسن.

ڕاستیەکەی هەر شتێک بێت، وتەبێژێکی فەرمی حکومەت وتوویەتی

(1) Yves SAILLARD

لەڕاستیدا سێ کەس لەسێدارە دراون، چونکە بە بیانووی کاری ئایینی و سیاسی، بۆ ئێران سیخوڕییان کردووە. ڕۆژنامەی (الثورة)، زمانحاڵی حزبی بەعس، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کورد بکات، باسی ڕووداوەکەی کردووە، بۆئەوەی بارودۆخەکە تێکنەچێت. ڕوونکردنەوەکانی حکومەت قەناعەتی بە کورد نەهێناوە و وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانیانی نەداوەتەوە. دەبێ چاوەڕوان بکەین کاردانەوەی پ.د.ک. لە ڕۆژانی داهاتوودا چی دەبێت بۆئەوەی ڕاستی مەسەلەکەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

ئەمە دوو هەفتەیە، شەڕ و پێکدادانی توندوتیژانە لە ناوچەی سنجار، خانەقین و کەرکووک، بەتایبەت بەهۆی هێنانی عەرەب بۆ ئەم ناوچانە ڕوویداوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارەگای سەرکردایەتی گەلالە بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە دەیەوێت لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی وتووێژ بکات لە سەر بنەمای دیموکراتی (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٥٦١) بۆئەوەی وەبیری دەسەڵاتدارانی عێراقی بهێنێتەوە کە پ.د.ک. وریایە و دەبێ کێشەی کورد بە زووترین کات چارەسەر بکرێت و سەرجەم بەندەکانی ڕێککەوتننامەی [١١ی ئاداری ١٩٧٠] جێبەجێ بکرێت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە**

**بابەت: شەڕ و پێکدادانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان**

کورد و شیوعی یەکدی تاوانبار دەکەن کە بەرپرسن لەو پێکدادان و توونودتیژییانەی ئێستا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق ئەنجام دەدرێت. [ڕۆژنامەی] طریق الشعب، زمانحالی حزبی شیوعی، سەرکردایەتی کورد تاوانبار دەکات کە بە دەستی ئەنقەست و بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو هەوڵ دەدات شیوعیەکان و ڕێکخستنەکانیان لە ناو ببات. ڕۆژنامەکە بۆ سەلماندی ئەم بانگەشەیە، ئاماژەی بە نووسراوێکی پارێزگاری سلێمانی کردووە کە فەرمانی بە پێشمەرگە داوە هێزەکانی شیوعی چەک بکەن. ڕۆژنامەکە هەروەها دەڵێت پێشمەرگەکانی بارزانی ڕێز لە ڕێککەوتنی ئاگربەستی ئەمدواییەی نێوان سەرکردایەتی کورد و شیوعی ناگرن.

ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت شیوعییەکان شەڕ بە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەفرۆشن و کێشە بۆ نووسینگە و لقەکانی پ.د.ک. دروست دەکەن. التاخی هەروەها جەختی کردووەتەوە کە هەڵوێست و تاکتیکەکانی حزبی شیوعی لە هەمبەر مەسەلەی کورد هەمیشە هەلپەرەستانە بووە.

ئەم پێکدادان و ناکۆکیانە کە بەعس هیچ هەڵوێستی لە هەمبەر نەبووە و هیچی دەربارەی نەوتووە، لەو قەیرانە سەرچاوە دەگرێت کە پاش ڕێککەوتننامەی نێوان حزبی شیوعی و دەوڵەتی عێراق لە ١٧ی تشرینی یەکەم دەستپێکرد و ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بوو.

**پییەغ سێغل**

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣**

**بەغدا**

**بابەت: ڕێککەوتنی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ١٢ی تشرینی دووەم**

ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، کۆتایی بە پێکدادانە چەکدارییە خوێناوییەکانی ئەم دوو هەفتەی دواییەی نێوان پێشمەرگە و چەکدارەکانی حزبی شیوعی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق هێنا.

لە ئەنجامی ناوبژیوانی وەزیری ناوخۆ، عەزیز شەریف، لە نێوان ڕابەری کورد و لێژنەیەکی باڵای حزبی شیوعی، هەردوولا لە ناوپردان ڕێککەوتن کۆتایی بە کێشەکانیان بهێنن و لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەن. لە ١٦ی تشرینی دووەمەوە، مستەفا بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگەکانی دابوو دان بە خۆیاندانا بگرن و خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شیوعییەکان بپارێزن. ڕۆژێک دوای ئاگربەستەکە، هێرش و وەڵامدانەوە و تەسویە حیساباتی ڕۆژنامەکانی[1] ئەم دوو لایەنەش وەستا.

لە ١٩ی تشرینی دووەم لێژنەیەکی حزبی شیوعی سەردانی سەرکردایەتی کوردیی کرد و سەرەنجام دوێنێ ڕێککەوتن. نازانین ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە چی بووە، بۆئەوەی هەڵیبسەنگێنین کە ئایا ڕێککەوتنەکە تەنیا ئاگربەستێکی کاتییە یان کێشەکانیان بە شێوەی هەمیشەیی چارەسەر کردووە. ئەم کێشانە پاش

(١) مەبەستی ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و طریق الشعب، زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراقە. وەرگێڕ

واژووکردنـی ڕێککەوتننامـەی حزبـی شـیوعی و دەسـەڵاتی ناوەنـدی سـەریهەڵدا و پـاش دامەزراندنـی بـەرەی نیشـتمانی و ڕەتکردنـەوەی لەلایـەن پ.د.ک. وە قوڵـتر بـووەوە و لـە کۆتاییـدا بـووە هـۆی ئـەوەی زنجیرەیـەک پێکدادانـی تووند و بەربـڵاو لـە نێـوان پێشـمەرگەکان و چەکدارەکانـی حزبـی شـیوعی ڕووبـدات. بەهـۆی ئـەوەی بارودۆخەکـە ڕۆژبـەڕۆژ ئاڵۆزتـر دەبـوو، ڕێبەرانـی هـەردوولا بڕیاریانـدا ڕاسـتەوخۆ دەسـتێوەردان بکـەن نەکـو بارودۆخـە لـە کۆنـترۆڵ دەربچێـت.

عەزیـز شـەریف، وەزیـری ناوخـۆ و دارا تۆفیـق، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پ.د.ک. ئەمدواییـە بـۆ بەشـداریکردن لـە کۆنفرانسـی لایەنگرانـی ئاشـتی سـەردانی مۆسـکۆیان کـرد. ئـەم مەسـەلەیە بێگومـان کاریگـەری هەبـووە لـە سـەر کۆتاییپێهاتنـی لەنـاکاوی قەیرانەکـە[1].

(١) مەبەستی ئەوەیە کە سۆڤیەت ڕۆڵی بینیوە لە ڕێککەوتنی پ د ک و حیزبی شیوعی. وەرگێڕ

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بابەت: حکومەتی بەعس پرۆژەیەکی نوێ بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان دەخاتەڕوو**

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ١١ی ئاداری (١) ١٩٧٤، کاربەدەستانی بەعس دیسان ڕوویان لە سەرکردایەتی ناوپردان کردووەتەوە و دوایین پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانیان (کە دەقی وەرگێڕدراوەکەیتان هاوپێچ بۆ دەنێرین(٢)) خستووەتە بەردەم سەرکردایەتی کورد. ئەم پرۆژە یاسایە کە ناوی بەرەی نیشتمانیی لە سەرە، لەلایەن سەرکردایەتی بەعس خراوەتەڕوو و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی[ عێراق] لە سێ دانیشتن لە مانگی ئەیلوولی ١٩٧٣ لەلایەن زیاتر لە ٢٠٠ کەسایەتی سیاسی تاوتوێ کراوە. ئەم هەنگاوە ڕێگا بۆ بەعسییەکان خۆش دەکات کۆتایی بە گفتوگۆ بێ ئەنجامەکانی ئەم سێ ساڵی دواییە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بێنن و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق گفتوگۆ بکەن. سەدام حوسەین لە دانیشتنی کۆتاییدا داوای لە کەسایەتیە سیاسیەکان کردووە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و ئەرکی خۆیان لەهەمبەر ئەم مەسەلە نیشتمانییە زۆر گرنگە کە بۆ درێژخایەن کار دەکاتە سەر وڵاتی عێراق، جێبەجێ بکەن.

پرۆژە نوێکەی بەعس بەتایبەت ئەم خاڵانەی تێدا بەدی دەکرێت:

---

(١) ١١ی ئاداری ١٩٧٤ بەروارێکی گرنگە، چونکە ئەو وادە چوار ساڵییە کۆتایی پێهاتووە کە ساڵی ١٩٧٠ دانراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەتننامەی ١١ی ئادار. ڕووداوەکانی پاش ئەم وادەیە چارەنووسی شۆڕشی کوردی گۆڕی. وەرگێڕ

(٢) دەقی پرۆژە یاساکە لە ناو بەڵگەنامەکەدا نییە. وەرگێڕ

١- بە ڕوونی باسی بابەتە سەرەکییەی نەکردووە کە بووەتە هۆی ناکۆکی کورد و حکومەت، یانی مەسەلەی دیاریکردنی سنووری کوردستان.

٢- باسی ئەوەی کردووە کە ئەنجوومەنێکی ناوچەیی یاسادانان و جێبەجێکار دروست دەکرێت. ئەمەش وەڵامی داواکارییەکانی کاربەدەستانی پ.د.ک. ناداتەوە و ڕازییان ناکات و گەرەنتی ئەوە بە کورد نادات کە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن. لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی سەرچاوەیەکی باش، دەسەڵاتدارانی گەلاڵە پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی سنورداریش قەبوڵ دەکەن ئەگەر سەرجەم ناوچە کوردنشینەکان لە خۆ بگرێت. کاربەدەستانی پ.د.ک. بە مافی خۆیانی دەزانن ئەو دەسەڵاتانە بەکاربێنن کە پێیان دراوە، بۆئەوەی کەمکەم ئۆتۆنۆمی کوردستان بەو شێوەیەی پێیان باشە پەرە پێبدەن.

٣- دەسەڵاتدارانی کورد پرۆژە نوێکەی بەعسیان وەک بنەمایەک بۆ گفتوگۆ قەبوڵ کردووە، هەرچەندە زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرن. حزبی بەعس پرۆژە نوێکە وەک ئامرازێکی تاکتیکی بەکاردێنێت بۆئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناچار بکات بڕیاری سیاسی کۆتایی خۆی بدات کە لەمێژە خۆی لێدەبوێرێت. لە ١٩٧٠وە بوار بۆ جموجۆڵی سیاسی پ.د.ک. ڕۆژبەڕۆژ تەسکتر بووەتەوە، کەوابوو نازانین مەلا [مستەفا] بارزانی چۆن دەتوانێت بڕیارێک بدات کە نەبێتە هۆی دابڕانی هەمیشەیی لەگەڵ حکومەتی عێراق، چونکە ئەم دابڕانە ئەنجامی زۆر خراپی بەدواوە دەبێت.

بەهەرحاڵ، لێژنەیەکی کورد تازە هاتووە بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ.

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بابەت: وتووێژەکانی کورد و حکومەت بە بنبەست گەیشتووە**

وتووێژەکانی ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەم لە بەغدا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان وادیارە دیسان بە بنبەست گەیشتووە. هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤، لە بەغدا باس لەوە دەکرێت کە دەسەڵاتدارانی کورد دیسان وادەیان بۆ حکومەتی عێراق دیاری کردووە بڕیاری خۆی بدات. ڕەشنووسی پرۆژە یاساکە کە لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٧٣ لەلایەن پ.د.ک. وە بڵاوبووەتەوە، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تێدایە کە لە ڕوانگەی بارەگای گەلاڵە بێ ئەوانە ئۆتۆنۆمی مانای نامێنێت.

حزبی مەلا [مستەفا] بارزانی داوا دەکات دەوڵەتی عێراق دان بە ناسنامەی یەکپارچە و لەتلەت نەکراوی کورد لە ناو کۆماری عێراقدا بنێت و جەخت دەکاتەوە کە کەمینەی کورد هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی عێراقدا ئەرکی لە سەرشانە. یانی پ.د.ک. نەتەنیا داوا دەکات خۆی کاروباری ناوچەی کوردستان بەڕێوەببات، بەڵکوو لە پۆستەکانی دەسەڵاتی ناوەندیشدا بەشی کورد بدرێت بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراق. پ.د.ک. تەنانەت لەوە زیاتریش چووەتە پێش و داوای کردووە زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لە سەرجەم قوتابخانەکانی وڵاتی عێراق بخوێندرێت، چونکە زمانی عەرەبی لە قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێندرێت.

لە ڕەشنووسی پرۆژەکەی پ.د.ک. دا ئاماژە بەوە کراوە کە بێ بەشداربوونی کورد لە ئەنجوومەنی یاسادانان و بێ دروستبوونی پەیوەندیی لە نێوان دەوڵەتی

عێـراق و ئەنجوومەنـی جێبەجێـکاری هەرێمیـی، ئۆتۆنۆمـی واتـای نامێنێـت. لـە ڕەشنووسـەکەدا هەروەهـا داوا کـراوە حکومـەت سـەرچاوەی دارایـی پێویسـت بـۆ پێشخسـتنی هەرێمـی کوردسـتان تەرخـان بـکات بـە گوێـرەی ڕێـژەی دانیشـتوانی کوردسـتان و پلانـی گەشـەپێدانی کوردسـتان لەلایـەن ئەنجوومەنـی جێبەجێکار کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی یـەک ئەنجوومەنـی هەرێمیـدا بێـت، دابنرێـت.

لـە پرۆژەکـەی پ.د.ک. دا باسـی یـەک خـاڵ نەکـراوە: دیاریکردنـی سـنووری کوردسـتان. چونکـە ئـەم مەسـەلەیە هەمیشـە وتووێژەکانـی تێکـداوە.

حکومەتـی عێراقیـش بـە نـاوی بـەرەی نیشـتمانییەوە پـرۆژەی خـۆی بـۆ ئۆتۆنۆمـی کورسـتان لـە کانوونـی دووەم خستتەوەتەڕوو کـە ئێسـتا خەریکـن تاوتوێـی دەکـەن. لـە پرۆژەکـەدا هاتـووە سـەرجەم ئـەو ناوچانـەی زۆربـەی دانیشـتووەکانیان کـوردن، دەخرێنـە سـەر هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی، بـەڵام بـارەگای سـەرکردایەتی گەلاڵـە دەڵێـت دەوڵەتـی عێـراق لـە سـێ سـاڵ لەمەوپێشـەوە کوردسـتان بـە زۆر تەعریـب دەکات بۆئـەوەی ناسـنامەی کوردیـی ئـەو ناوچـە دەشـتانە بسـڕێتەوە کـە بـێ ئـەو ناوچانـە ئۆتۆنۆمـی مانـای نامێنێـت. ئەمـە مەسـەلەیەکی گرنگـە، چونکـە ئـەم ناوچانـە نەوتـی زۆری هەیـە و زەوی کشـتوکاڵی بەرئـاوی زۆری هەیـە.

کەوابـوو بۆچوونـی بەغـدا و گەلاڵـە زۆر لەیـەک جیـاوازە. دەوڵەتـی عێـراق دەڵێـت کـورد وەک عـەرەب و کەمینەکانـی دیکـە، هاووڵاتـی عێراقـە، نابێـت مافێکـی تایبەتـی پێبدرێـت بـۆ بەشـداریکردن لـە جومگەکانـی دەسـەڵاتی ناوەندیـدا. حکومـەت دەیەوێـت زیاتـر دان بـە مافـە کولتوورییەکانـی کەمینـەی کـورد لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا بنێـت، بەتایبـەت زمانـی کـوردی لـە پـاڵ زمانـی عەرەبیـدا لـە قوتابخانـەکان بخوێندرێـت، بـەڵام لـەو ناوچانـەی کەمینـەی دیکـەی تێدایـە، دەبـێ ڕێـز لـە مافـی ئەوانیـش بگیردرێـت. حکومـەت دەڵێـت دەبـێ تەنیـا ئەنجوومەنـی یاسـادانانی ناوەنـدی بڕیـار لـە سـەر چالاکییەکانـی دامـودەزگا خۆجێییـەکان بـدات، یانـی ئەنجوومەنـی هەرێمیـی تەنیـا مافـی ڕاوێژپێکردنـی هەیـە نـە بڕیـاردان، بەتایبـەت بەهـۆی ئـەوەی کـە سـەرۆکی ئـەم ئەنجوومەنـە سـەرۆک کۆمـار دەستنیشـانی دەکات، هـەم یاسـا و بڕیارەکانـی هەرێـم و هـەم ئەوانـەی ناوەندیـش پەسـەند دەکات.

کەوابــوو ئەگــەر لــە ڕوانگــەی بەعســەوە ســەیری مەســەلەکە بکەیــن بۆمــان دەردەکەوێــت کــە ســەرجەم دەســەڵاتەکانی وڵات لــە دەســتی دەوڵەتــی ناوەندیــدا بێــت و تەنیــا هەنــدێ بڕیــاری لاوەکــی لــە دەســتی ئیــدارەی ئۆتۆنۆمیــدا دەبێــت. بەتایبــەت ناهێڵێــت کــە ئیــدارەی هەرێمیــی بڕیــار لــە ســەر مەســەلەی دارایــی و بودجــەی خــۆی بــدات، هەرچەنــدە لەوانەیــە پــلان و بودجــەی تایبــەت بــە هەرێــم دابنێــت بــە مەرجێــک کــە لەگــەڵ بــڕە بودجــەی گشــتی وڵات و ئــەو پلانانانــەی بودجــەی بــۆ تەرخانکــراوە، بگونجێــت.

کەوابــوو جیاوازیــی زۆر هەیــە لــە نێــوان بۆچــوون و ڕوانگــەی پ.د.ک. و دەوڵەتــی عێــراق دەربــارەی چەمکــی ئۆتۆنۆمــی. هــەردوولا ئەجێنــدا و ئامانجــی نهێنــی خۆیــان هەیــە کــە دەیانەوێــت بەســەر لایەنــی دیکــەدا بیســەپێنن، کەوابــوو ڕێکناکــەون. ئەمدواییــە لقــی بــەرەی نیشــتمانی لــە کەرکــووک، هەولێــر و ســلێمانی کراوەتــەوە و بــارەگای حزبــی شــیوعی عێــراق لــە هەولێــر کراوەتــەوە. بــارەگای ســەرکردایەتی گەلاڵــە ئــەم هەنگاوانــە بــە ئامرازێــک دەزانێــت کــە دەوڵەتــی عێــراق کەڵکــی لێوەردەگرێــت بۆئــەوەی یەکڕیــزی گەلــی کــورد تێکبــدات. ئــەم مەســەلەیە کار دەکاتــە ســەر وتووێژەکانــی پ.د.ک. و حکومەتــی عێــراق. وتووێــژەکان زۆر بــە خــاوی بەرەوپێــش دەچێــت ســەرەڕای ئــەوەی هــەم دەســەڵاتدارانی کــورد و هــەم دەســەڵاتدارانی بەعــس جەخــت دەکەنــەوە کــە دەبــێ بــە زووتریــن کات کێشــەکە چارەســەر بکرێــت.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە بەغــدا لــە تیلیگرامێکــدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ٢١ی شــوباتی ١٩٧٤ ئامــاژەی بــەوە کــردووە: "وەزیــری کاروبــاری باکــوور وتــی وتووێژەکانــی حزبــی بەعــس و پ.د.ک. بــاش بەرەوپێــش دەچێــت و ئەگــەری زۆرە ڕێکبکــەون. لێژنەیەکــی نوێنەرانــی بەعــس و حزبــی شــیوعی عێــراق بــە ئامادەبوونــی خــودی وەزیــری کاروبــاری باکــوور لــەم چەنــد ڕۆژەی دوایــی ســەردانی ســەرکردایەتی کوردیــان کــردووە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٥ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بـۆ زانیاریـی: باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە واشـنتۆن، نیۆیـۆرک، لەنـدەن، مۆسـکۆ، تـاران**

**بابەت: شەڕ و پێکدادانی کورد و سوپای عێراق لە کەرکووک**

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ١١ی ئادار، کێشە و پێکدادان بەردەوامە.

١- دوێنـی و ئەمـڕۆ ئێـران و عێـراق لـە سـەر سـنوور لـە یەکیـان داوە. بـە گوێـرەی ڕاگەیاندننامەیەکـی فەرماندەیـی سـوپای عێـراق، سـێ سـەربازی عێـراق کـوژراون و ئەفسـەرێک و ١١ سـەربازیش برینـدار بوونـە. هـاوکات ئێـران بـەردەوام ژمـارەی هێزەکانـی لـە سـەر سـنووری عێـراق زیاتـر دەکات.

٢- سـوپای عێـراق ئێسـتا خەریکـە پێگـەی خـۆی لـە باکـووری وڵات قایـم دەکات. پێشـتر دوو یەکینـەی سـوپا لـە باکـوور جێگیـر کـراوە. یەکینەیەکـی گـەورەی دیکـە لـەم ڕۆژانـەی دوایـی لـە هەولێـر جێگیـر کـراوە و یەکینەیەکـی دیکـە خەریکـە بـەرەو خانەقیـن دەچێـت.

٣- لـەم ڕۆژانـەی دوایـی کۆمەڵێـک پێشـهاتی بچـووک لـە کەرکـووک ڕوویـداوە، کـوردەکان هێرشـیان کردووەتـە سـەر هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٨ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بـۆ زانیاریـی: باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە واشـنتۆن، نیۆیـۆرک، لەنـدەن، مۆسـکۆ، تـاران، ئەنقـەرە**

**بابەت: هەڵوێستی سۆڤیەت لە هەمبەر کێشەکانی کورد و ڕژێمی عێراق**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی پێشووی ئەمرۆمان**[1]

سـێ ڕۆژ پێـش لـە کۆتاییپێهاتنـی وادەی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار، بارودۆخەکـە تـا دەچێـت ئاڵۆزتـر دەبێـت. ئەمـە یانـی گفتوگۆکانـی ئـەم سـێ هەفتـەی دوایـی نێـوان حزبـی بەعـس و حزبـی شـیوعی لەلایـەک و دەسـەڵاتدارانی کـورد لەلایەکـی دیکـەوە دیسـان بـە بنبەسـت گەیشـتووە. دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەیانەوێـت لەمەبـەدوا بـە شـێوەی یەکلایەنە ئۆتۆنۆمـی پارێزگاکانـی باکـوور ڕابگەیەنـن.

١- سـەرنەکەوتنی وتووێـژەکان، پاڵـی بـە کۆمیتـەی بـاڵای بـەرەی نیشـتمانی وەنـا کـە تەنیـا نوێنەرانـی حزبـی بەعـس و حزبـی شـیوعیی تێیـدا بەشـدارن، لـە ٣ی ئـادار پـرۆژەی کۆتایـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان ڕابگەیەنێـت کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی بـاڵای سـەرکردایەتی شـۆڕشـی [عێراقـەوە] هەمـوار کرابـووەوە. کەوابـوو ئەمـڕۆ حزبـی بەعس و حزبـی شـیوعیی بـەو قەناعەتـە گەیشـتوون کـە نابـێ لـە هەمبـەر نەرمـی نەنواندنـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد دەستەوەسـتان بمێنـن، بۆیـە گەڵاڵـەی تایبەتـی خۆیـان ڕاگەیانـدووە، بـێ ئـەوەی ئیـدی چاوەڕوانـی وەڵامـی کـورد بکـەن.

(١) لـە تیلیگرامەکـەدا هاتـووە کە دەسـەڵاتدارانی بەعس بەتەمان بە شـێوەی یەکلایەنـە پلانی ئۆتۆنۆمی بـۆ کوردسـتان ڕابگەیەنـن چونکە لەگەڵ پارتـی دیموکراتی کوردسـتان ڕێکنەکەوتوون. وەرگێڕ

٢- وادیـاره ئـەم بڕیـاره هاوبەشـەی حزبـی بەعـس و حزبـی شـیوعیی ڕۆژێـک پـاش سـەفەری سـەدام حوسـەین بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت دراوه. جێگـری سـەرۆک کۆمـار بـۆ ئـەوه ڕۆیشـتووه بـۆ مۆسـکۆ کـە دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت ڕازی بـکات پشـتیوانی لـە ڕژێمـی عێـراق بکـەن ئەگـەر هـات و بەرەنـگاری هەڕەشـەی کـورد و ئێـران بوونـەوە.

زۆربـەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق هەفتـەی ڕابـردوو لـە ڕۆژئـاوای وڵات نێـردراون بـۆ سـەر سـنووری عێـراق و ئێـران چونکـە کێشـەکان لـە کوردسـتان سـەریهەڵداوەتەوە. دەنگۆکان بـاس لـەوە دەکـەن ڕووداوی گرتنـی هێـزە چەکدارەکان (بیسـت ئەفسـەرێک گیـراون کـە هەندێکیـان هێـزی یـەدەک بوونـە) بـۆ ئـەوە بـووە کـە پێـش لـەوە بگـرن ئەفسـەرەکان هەلەکـە بقۆزنـەوە و کارێـک بکـەن ببێتـە هـۆی ئـەوەی شـەڕ لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـورد هەڵبگیرسـێتەوە، چونکـە بـاری ئـەوان بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری سیاسـی قورسـتر دەکات.

وادیـارە حزبـی بەعـس و پ.د.ک. دیسـان دەسـتیان کردووەتـەوە بـە ململانـێ. سـەدام حوسـەین هـەوڵ دەدات بارزانـی بخاتـە بنبەسـت بۆئـەوەی ڕابـەری کـورد ناچـار بێـت واز لـە یاریکردنـی دوو لایەنـە بـە ناکۆکییەکانـی ئێـران و عێـراق بهێنێـت و بـۆ یەکگرتوویـی عێـراق هـەوڵ بـدات. هەروەهـا سـەدام بڕیاریـداوە تەسـلیمی داواکارییەکانـی پ.د.ک. نەبێـت، بۆئـەوەی لـە کورتخایەنـدا ڕەخنـەی ڕکابەرەکانـی پوچـەڵ بکاتـەوە کـە دەڵێـن سـەدام سیاسـەتی ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـوردی گرتووەتەبـەر.

مەترسـی ئـەوە لە ئارادایە کە سـەدام حوسـەین کۆنترۆڵـی بارودۆخەکەی لەدەسـتبچێت، بۆیـە بـە وریاییـەوە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ پێکدادانـە سـەربازییە سـنووردارەکانی باکووری وڵات هەنـگاو هەڵدەگرێـت. سـۆڤیەت پشـتیوانی لـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەکات، ئەمـەش وا لـە شـا دەکات لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکانـی، زۆر گوشـار نەخاتـە سـەر عێـراق.

ئەگـەر شـەڕ لـە نێـوان دەسـەڵاتی ناوەنـدی و بزووتنـەوەی کـورد هەڵبگیرسـێت، بـوار بـۆ جموجۆڵـی سـەدام تەسـکتر دەبێتـەوە، بۆیـە بـۆی باشـترە لـە باتـی شـەر و ڕووبەرووبوونـەوە، هـەوڵ بـدات لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـورد بسـازێت، تەنانـەت ئەگـەر هـەردوولا ناچـار بـن تەنـازول بـۆ یەکـدی بکـەن.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٢ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت**

**بابەت: حکومەتی عێراق ئۆتۆنۆمی کوردستانی بە شێوەی یەکلایەنە ڕاگەیاند**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤٢٤**

سەرۆک کۆماری عێراق دوێنێ شەو ڕایگەیاند پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان بە گوێرەی ئەو بەڵێنانەی بەعس چوار ساڵ لەمەوپێش داویەتی، لە ئەمڕۆ بە دواوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی [عێراق] کە بێ ڕەزامەندی پارتی دیموکراتی کوردستان دراوە، لە ئەنجامی ململانیی پ.د.ک. و دەسەڵاتدارانی عێراق دراوە.

ڕابەرایەتی کورد ڕایگەیاندووە بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ئێستا، ڕۆژنامەی التاخی، زمانحاڵی پ.د.ک. بۆ ماوەیەکی نادیار دادەخات. بڵاوبوونەی ئەم ڕۆژنامەیە یەکێ لە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بوو(١). ئەمە یەکەم هەنگاوی ناڕەزایەتی دەربڕینی پ.د.ک.یە و مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە شتی دیکەی بەدواوە بێت، وەک کشاندنەوەی وەزیرە کوردەکان لە بەغدا.

---

(١) ڕۆژنامەی التاخی پاش ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ١٩٦٦ بڵاو بووەوە، هیچ پەیوەندی بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠وە نییە. حکومەتی بەزاز لە بەرامبەر داخرانی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە شاخ ڕازی بوو التاخی لە بەغداد بڵاو بێتەوە. وەرگێڕ

کەوابــوو لەوانەیــە دەســەڵاتدارانی بزووتنــەوەی کــورد بــە زووتریــن کات هەنــگاوی زیاتــر هەڵبگــرن بۆئــەوەی بەرەنــگاری دەستپێشــخەرییەکەی حزبــی بەعــس لەپەیوەنــدی لەگــەڵ ڕاگەیاندنــی ئۆتۆنۆمــی کوردســتان ببنــەوە کــە حزبــی شــیوعیش پشــتیوانی لێکــردووە. ئــەم بەرگرییــە نەرمــەی دەســەڵاتدارانی کــورد بــۆ ئەوەیــە بەعــس نەتوانێــت لــە ئامــرازی ئۆتۆنۆمــی کەڵــک وەربگرێــت بۆئــەوەی زۆربــەی کــورد بــەرەولای دەســەڵاتی ناوەنــدی ڕابکێشــێت (بنــواڕن بــۆ تیلیگرامــی ٥٧٤ی حوزەیرانــی ١٩٧٣)، و نیشــانی بــدات کــە بــێ ڕەزامەندیــی پ.د.ک کێشــەی پارێزگاکانــی باکــوور چارەســەر نابێــت.

**پییەغ سێغل**

**لە پییەغ سێغل، باڵوێزی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بابەت: شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق هەڵدەگیرسێت**

لە ململانێی دسەڵات لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەعس سیاسەتێکی لەلایەک سەخت و لەلایەکی دیکەوە نەرمی گرتووەتەبەر. وادەیەکی ١٥ ڕۆژی داوە بە سەرکردایەتی کورد بێتە ناو بەرەی نیشتمانی و هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی ئاشکرا بکات. سەدام حوسەین وتوویەتی: "پ.د.ک. هەتا ٢٦ی ئاداریش بە هاوپەیمانی دەسەڵاتی ناوەندی دەزانین، بە مەرجێک کارێک نەکات کە ئاسایشی وڵات تێکبچێت."

ئەم ڕاگەیاندننامەیەی جێگری سەرۆک کۆمار، وادیارە بۆ ئەوە بووە کە قەیرانی پ.د.ک. و بەعس قوڵتر نەبێتەوە، چونکە پ.د.ک. کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای کوردستانە. سەدام حوسەین هەرچەند هەڵوێستی حیزبەکەی بێ ئەملاوئەولا دەربارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ڕاگەیاندووە، بەڵام بارودۆخی سیاسی عێراق ڕێگەی پێنەدات هێرش بکات و عێراق دیسان بخاتە ناو بنبەست و خۆیشی گۆشەگیر بکات. سەدام باش دەزانێت شانسی سەرکەوتنی لەوەدایە کە پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی پارێزگاکانی باکوور بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکات و ئەگەر بەهۆی بەربەرەکانی پ.د.ک. بارودۆخەکە بگات بە بنبەست و بەردەوام لە حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتیدا بێت و دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی باکووری وڵات لەکاربکەون، دەسەڵاتی دەکەوێتە ناو مەترسییەوە.

کەوابوو دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕۆژ بە ڕۆژ نەرمونیانی زیاتر لە هەمبەر سەرکردایەتی کورد دەنوێنن بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و وتووێژ،

ئەگەرنـا خەڵکـی عێـراق تۆمەتباریـان دەکات وڵات بـەرەو پارچەچەبـوون دەبەنـە پێـش. دەبـێ چـاوەڕوان بکەیـن بزانیـن بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد هەنگاوەکانـی جێگـری سـەرۆک کۆمـار چـۆن لەیەکدەداتـەوە: بـە بڕیـاری کۆتایـی و یەکلاییکـەرەوەی دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەزانێـت یـان یارییـەک بۆئـەوەی پ.د.ک. بگەڕێتـەوە سـەر مێـزی وتوویـژ و لـە کۆتاییـدا پێکەوەسـازان. بێگومـان ناکۆکیـی قـوڵ لـە نێـوان پ.د.ک. و بەعسـدا هەیـە، بەتایبـەت لـە سـەر مەسـەلەی کەرکـووک، تەرخانکردنـی بودجـە بـۆ پارێزگاکانـی باکـوور و کۆنترۆڵکردنـی سـنووری ئێـران و کوردسـتانی عێـراق. جگـە لـەوەش هێشـتا نازانیـن سـەرکردایەتی گەڵاڵـە سـتراتژیی بـەرەی نیشـتمانی چـۆن لەیەکدەداتـەوە: بـە مانۆڕێکـی سـادەی دەزانێـت.

دەبـێ چـاوەڕوان بکەیـن بزانیـن ئایـا لایەنـەکان لـەم وادە ١٥ ڕۆژییـەدا لـە هەمبـەر یەکـدی نەرمـی دەنوێنـن یـان نـا، ئەگـەر نەرمـی نەنوێنـن شـەڕ لـە نێوانیـان هەڵدەگیرسـێت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تورکیا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٤ی ئاداری ١٩٧٤**

**ئەنقەرە**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، تاران**

**بابەت: نیگەرانی تورکیا لە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق**

حکومەتی تورکیا زۆر گرنگیی بە کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراق دەدات و تاڕادەیەک لێینیگەرانە. کێشەکە پاش ئەوە تەقییەوە کە کورد پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانی پێشنیارکراوی حکومەتی قەبوڵ نەکرد.

تورکیا تاڕادەیەک سنوورێکی درێژی لەگەڵ عێراقدا هەیە کە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیاییەوە کۆنترۆڵکردنی زەحمەتە. لەم دیو و ئەو دیوی سنوورەکە عەشیرەتە کوردەکان دەژین کە بەردەوام هاتوچۆ دەکەن و کێشە بۆ تورکیا و عێراق دروست دەکەن. خەڵکی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەمیشە لە نزیکەوە بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق کردووە و زۆر پشتیوانیان لێکردوون و هەستوسۆزیان هەبووە بۆ کوردی عێراق. بەڵام ئەمجارە وادیارە مەترسییەکە زۆر جیدییە و دەوڵەتی تورکیا هەندێ هەنگاوی هەڵگرتووە بۆئەوەی خەڵکی پارێزگا کوردنشینەکان قەد نەتوانن کێشە بۆ یەکپارچایی خاکەکەی دروست بکەن. فەرماندەی گشتی هێزی زەمینیی سوپا و ژندارمەیی تورکیا بەردەوام سەردانی ناوچە هەستیارەکان دەکەن و مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی زیاتر لەم ناوچانە جێگیر دەکەن. بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکانی تورکیا کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نەیویست پشتڕاستیان بکاتەوە، هەرچەندە ڕاستن، سنووری تورکیا و عێراق داخراوە.

تورکیا هەروەها لەوە نیگەرانە کە ئەم ڕووداوانە ببێت بە کێشە بۆ تورکمانەکانی عێراق لە کەرکووک کە تورکیا دەڵێت ژمارەیان یەک ملیۆن کەسە.

ڕەوتی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە ئێران بەردەوام پشتیوانی ماددی و مەعنەوی لە ڕاپەڕینی مەلا [مستەفا] بارزانی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دەکات، تەنانەت ئەگەر هانیشی نەدات. لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کاربدەستانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆمان دەرکەوت کە لەم ڕۆڵە تێکدەرانەی ئێران نیگەرانن، بە شێوەیەک کە لەم چەند مانگەی دواییدا پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا سارد بووەتەوە. هەرچەندە لە سەرەتاوە هەر دوو لایان ئەمەیان دەشاردەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئێستا شتەکەی بە شێوەی جۆراوجۆر ئاشکرا کردووە.

قۆغ[1]

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٥ی ئادار ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژنامەکانی تورکیا بە مانشێتی گەورە هەواڵی شەڕی هێزەکانی سوپای عێراق و مەلا مستەفا بارزانیان بڵاو کردووەتەوە." سەرنووسەری ڕۆژنامەی حوڕییەت نووسیویەتی: "نابێت ڕێگا بەوە بدرێت کێشەی کورد ببێ بە فەلەستینی دووەم. ئەم کێشەیە زۆر کار دەکاتە سەر ئاسایشی وڵاتەکەمان. نابێت بهێڵین هێزەکانی کوردی عێراق دزە بکەنە ناو باشووری وڵاتەکەمان و کێشە بۆ ئاسایشی وڵاتەکەمان دروست بکەن. ئەم کێشە کار دەکاتە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانمان چونکە لە سەدا هەفتای نەوتی هاوردەی تورکیا لە عێراقەوە دێت. ئەگەر بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت دەبێ تورکیا هەنگاوی دیکە بگرێتە بەر."

(1) VAURS

**لە ڕۆبێغ دوسوزا [١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ[٢]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٤ی ئاداری ١٩٧٤**

**تاران**

**بابەت: هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق**

لە تاران زۆر گرنگیی بەو ئۆتۆنۆمیە دەدرێت کە دەوڵەتی عێراق بە کوردستانی داوە. هەروەها کە لە تیلیگرامی ٩ی ئاداردا باسم کرد، لە تاران دەوترێت هەرچی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ئۆتۆنۆمیە نزیکتر دەبینەوە، ڕووداوە سنووریەکان لە ناوچەی کوردنشین زیاتر دەبێت. ئێران پێیوایە بڕیاری دەوڵەتی عێراق ئەنجامی باشی بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچە سنووریەکان بەدواوە دەبێت.

لایەنە فەرمییەکانی ئێران تا ئێستا شتێکی ئەوتۆیان لەمبارەوە نەوتووە. بەڵام ڕاگەیاندنەکان، ڕۆژنامەکان و ڕادیۆکان، باسیان کردووە. بە گشتی بۆچوونیان باش نییە. ڕادیۆکانی ئێران باسی کەموکورتییەکانی پرۆژەی ئۆتۆنۆمیان کردووە، بەتایبەت ئاماژەیان بەوە کردووە کە پرۆژەکە باسی چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتی نەوتی نەکردووە کە زۆربەی هەرە زۆری لە فرۆشتنی نەوتی باکوورەوە دێت کە خاکی کوردە، بەڵام دەچێتە گیرفانی حکومەت، بەڵام ئەوەی باشووری عێراق دەچێتە گیرفانی کۆمپانیاکان. ڕاگەیاندنەکان هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە جڵەوی دەسەڵاتی ئابووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا دەبێت و ئۆتۆنۆمیەکە کارتۆنییە.

---

(1) Robert DU SOUZA

(2) Michel JOBERT

ڕۆژنامـەی (مـردم) کـە سـەر بـە ئۆپۆزوسـیۆنی ئێرانـە، دەڵێـت: "ئـەو مافانـەی دەوڵەتـی عێـراق بـە کـوردی داوە زۆر جیـگای گومانـن، چونکـە هیـچ ڕێوشـوێنیکی جیـددی دانەنـراوە بـۆ گەرەنتیکردنـی ئۆتۆنۆمیەکـە. لـە ڕێککەوتننامـەی پێشـوودا[1]، ڕێوشـوێن دانرابـوو بۆئـەوەی سـوپای عێـراق ئیـدی پێنەخاتـە نـاو هەرێمـی کوردنشـین، بـەڵام ڕووداوەکانـی ئەمدواییـە نیشـانی دا کـە وانەبـووە. دەوڵەتـی عێـراق هەروەهـا دریـژە دەدات بـە تەعریبکردنـی شـارۆچکە و گوندەکانـی کوردسـتان، گونـدەکان بۆمبـاران دەکات، پیـلان دادەڕێژێـت بـۆ کوشـتنی بارزانـی. ئەمانـە هەمـوو نیشـان دەدات کـە حکومەتـی عێـراق نایەوێـت ڕێـز لـە پـرۆژە یاسـاکەی خـۆی بگرێـت."

ڕۆژنامـەی (ژوغنـاڵ دۆ تێهغـان[2]) لـە ڕۆژنامەکانـی دیکـە خۆشـبینترە، پێیوایـە حکومـەت بـۆ ئـەوە ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد داوە کـە شـەڕ و ناکۆکـی لـە کوردسـتان کـەم بێتـەوە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕادیـۆی کـورد لـە شـاخ لـە ١١ی ئـادارەوە تۆنـی هێـور بووەتـەوە. ئەمـە یانـی کـوردی عێـراق، بەتایبـەت مـەلا [مسـتەفا] بارزانـی نایانەوێـت ئـەو مافانـە ڕەت بکەنـەوە کـە دەوڵەتـی عێـراق پێیـداون، هەرچەنـدە کەمیـش بـن." ڕۆژنامەکـە ڕەخنـەی لـە عێـراق گرتـووە کـە ناوچـەی خـاوەن نەوتـی کەرکـووک، مووسـڵ، خانەقیـن و بـەدرەی[3] نەخسـتووەتە نـاو هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان.

ئەمـە بـوو ئـەو کەشوهەوا بەدگومانیـەی لـە ئێران هەیـە سـەبارەت بـە پرۆژەکـەی دەوڵەتـی عێـراق. ڕۆژنامـەکان بـە تـەواوی ناڵێـن دەسـەڵاتدارانی عێـراق نیازیـان پـاک نییـە، هەرچەنـدە بڕیارەکـەی بەکـر، سـەرۆک کۆمـاری عێـراق، یەکلایەنەیـە و کـورد بەتـەواوی ڕازی نـاکات.

لایەنـە فەرمییەکانـی ئێـران هیـچ کاردانەوەیەکیـان لـە هەمبـەر پـرۆژە یاسـا پێشـنیارکراوەکەی حکومـەت نەبـووە و هیـچ ئاماژەیەکیشـیان بـە هەڵوێسـتی مـەلا

(١) مەبەستی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠یە. وەرگێڕ

(2) Journal de Téhéran

ڕۆژنامەیـەک بـووە کـە تۆڕیـی میدیایـی (اطلاعـات) بـە زمانـی فەرەنسـی بـڵاوی کردووەتـەوە. یەکەمجـار لـە ١٩٣٥ بـڵاو بووەتـەوە، پـاش شۆڕشـی ١٩٧٩ داخـراوە. وەرگێـڕ

(3) Bardjar

مستەفا بارزانی لەم پەیوەندییەدا نەکردووە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بکەین بزانین ڕۆژنامەکان چی شتی دیکە لەم پەیوەندییەدا بڵاودەکەنەوە و لایەنە فەرمییەکان چی هەڵوێستێک دەگرنەبەر.

ئێران نایەوێت شەڕی کورد و عێراق هەڵبگیرسێتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبگیرسێت لەهەمبەری بێدەنگ نابێت، بەهەمان شێوەی ڕابردوو بێدەنگ نەبووە، و پشتیوانی لە بارزانی دەکات. ئێران هاوکات نیگەرانە کە ناکۆکی و دووبەرەکی بکەوێتە ناو سەرکردەکانی کورد و لە ئەنجامدا سەرکردایەتی کورد هەژموونی خۆی لەدەستبدات و هەندێ لە سەرکردەکان سەرەڕۆیانە کار بکەن. ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە و بەرەنگاری هەرچەشنە کردەوەیەکی تێکدەرانە دەبێتەوە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٤ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، دیمەشق، عەممان، بەیروت، تەلئەبیب، قاهیرە**

**بابەت: هاوکێشەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچە بە زەرەری بزووتنەوەی کوردە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤٦٧**

١- لەم ڕۆژانەی دوایی شەڕ[لە نێوان کورد و عێراق] لە ناوچەی دهۆک و زاخۆ لە نزیک سنووری تورکیا ڕوویداوە. سوپای عێراق ئێستا چەند لیوایەکی لەم ناوچەیە جێگیر کردووە کە دانیشتوەکانی هەموویان کوردن.

٢- ئەم شەڕ و ناکۆکییانە پاش ئەوە سەریهەڵدا کە سەدام حوسەین لە ١١ی ئادار وادەی ١٥ ڕۆژی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری کرد پرۆژەی ئۆتۆنۆمی کوردستان قەبوڵ بکات، ئەگەرنا بەعس بە شێوەی یەکلایەنە دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دادەمەزرێنێت. جێگری سەرۆک کۆماری عێراق جەختی کردووەتەوە کە (تا کۆتایی ئەم وادەیە دەرگا کراوە دەبێت بۆئەوەی پ.د.ک. بێتە ناو بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز.)

٣- ڕەوتی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە لەم وادەیەدا بارزانی داواکارییەکەی بەعس قەبوڵ ناکات و یەکسەر پاش ئەوە شەڕ هەڵدەگیرسێت، هەرچەندە هاوسەنگیی هێز، لە بواری سەربازیی و ناوچەییدا، زۆر بە قازانجی دەسەڵاتی ناوەندییە. لەلایەک چوار یەکینەی سوپای عێراق ئێستا لە سنووری ناوچە کورنشینەکان جێگیر کراوە، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکیاش تا ئەو شوێنەی پێیبکرێت

هـاوکاری عێـراق دەکات بۆئـەوەی سـنووری باکـوور کۆنـترۆڵ بـکات.

دەوڵەتـی ئێرانیـش وادیـارە پێیوایـە سـەرکردایەتی گەڵاڵـە دەربـارەی مەسـەلەی ئۆتۆنۆمـی توونـد چووەتـە پێـش، ئامـۆژگاری کـردووە سیاسـەتێک بگرێتـە بـەر کـە سـەقامگیریی کوردسـتان تێکنەچێـت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٨ی ئاداری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤٨٠**

**بابەت: کاریگەریی هاوکێشەکانی ناوچەکە لە سەر چارەنووسی شۆڕشی کوردی عێراق**

پێکدادانەکان بە دەستپێشخەری پێشمەرگە لە کوردستان زیاتر بووە لە وەتەی دەوڵەتی عێراق یەکلایەنە پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی بڵاوکردووەتەوە. بارودۆخی ئەم ناوچەیە ئاڵۆزتر بووە پاش ئەوەی سەدام حوسەین وادەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری کرد [پرۆژە ئۆتۆنۆمیە پێشنیارکراوەکەی قەبوڵ بکات][1]. ئەم پێشهاتانە پاڵی بە دەوڵەتی عێراقەوە نا هەندێ هەنگاو هەڵبگرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش. هاوکات دەرگاشی دانەخستووە بۆئەوەی پ.د.ک. و بەرەی نیشتمانی وتووێژ بکەن.

سوپا تا ئێستا نەیویستووە شەڕو پێکدادانەکان پەرە بسێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی هەندێ ناوچەی هەستیار ئاوارە بوونە، ڕێوشوێنەکان بۆ پاراستنی دامودەزگاکانی نەوت زۆر توندتر بووە و ڕێگای هاتوچۆ بۆ باکوور، بەتایبەت لە نێوان توز[خورماتوو] و کەرکووک، داخراوە. لەوەتەی وادەی ڕێککەوتننامەی کورد

(١) باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغداد لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٨ی ئادار ئاماژەی بەوە کردووە: "دارا تۆفیق، سەرنووسەری ڕۆژنامەی التاخی کە لەگەڵ وەزیرە کوردەکانی کابینەی حکومەت، بەغدادی بەرەو گەلاڵە بەجێهێشتبوو، گەڕاوەتەوە بەغداد. ئەمە یانی پەیوەندییەکانی پ د ک و بەعس بە تەواوی نەپچڕاوە". وەرگێڕ

و عێـراق لـە ٦ی ئـادار تـەواو بـووە، دەوڵەتـی عێـراق ئامـادەکاری زیاتـر دەکات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ پێشـهاتەکان.

دەوڵەتـی بەعـس درێـژە بـە ڕێـڕەوی خـۆی دەدات. سـۆڤیەتیش بـە تـەواوی پشـتیوانی لێـدەکات. بڕیـارە بەمزوانـە مارشـاڵ گرێشـکۆ[1][وەزیری بەرگریـی سـۆڤیەت] سـەردانی عێـراق بـکات. بەعـس بەتەمایـە، ئەگـەر لەگـەڵ پ.د.ک. ڕێکنەکەوێـت دامـودەزگای ئیداریـی ئۆتۆنۆمـی لـە شـارەکانی کوردسـتان دابمەزرێنێـت، بۆئـەوەی هەنـدێ لـە کاربەدەسـتانی کـورد لـە خـۆی نزیـک بکاتـەوە. بـەڵام پێمانوایـە سـەربکەوێت. ئـەو کێشـانەش کـە بـارەگای سـەرکردایەتی گەلاڵـە دروسـتی دەکات بـۆ ئەوەیـە گوشـار بخاتـە سـەر حکومـەت وتووێـژی لەگـەڵ بـکات.

لـەم بارودۆخـەدا پشـتیوانیی دەرەکـی لـە بارزانـی ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێـت، یانـی قوڵبوونـەوەی قەیرانەکـە پەیوەنـدی بـە هەڵوێسـتی ئێرانـەوە هەیـە: شـا بڕیـار دەدات یـان سـنوورەکانی دابخـات و بەمشـێوەیە پشـتیوانی لـە عێـراق بـکات یـان بـە گوێـرەی ڕقوکینـەی لـە بەعسـییەکان، ڕازی بێـت بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان (کـە هەنـدێ لـە دەسـەڵاتدارانی کـورد هیوایـان لەسـەر ئەمـە هەڵچنیـوە).

هاتنـی وەزیـری بەرگریـی سـۆڤیەت بـۆ عێـراق، سـێ ڕۆژ پێـش لـە کۆتاییپێهاتنـی وادەی دیاریکـراوی بەعـس بـۆ کـورد، نیشـان دەدات کـە دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت بەڵێنـی یەکەمـی خۆیـان بەجێهێنـاوە کـە مانگـی ڕابـردوو دابوویـان بـە سـەدام حوسـەین، بۆئـەوەی بەرەنـگاری ئەمریـکا لـە ناوچـە ببنـەوە. ڕژێمـی بەعـس هـەوڵ دەدات لـەم سیاسـەتەی سـۆڤیەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لـە کەرکووکـەوە بگـرە تـا عـەدەن و فەلەسـتین، کەڵـک وەربگرێـت بۆئـەوەی پێگـە و دەسـەڵاتی خـۆی قایـم بـکات و داکۆکـی لـە بەرژەوەندییەکانـی بـکات.

(1) GRETCHKO

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێـکدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١٥ی ئـادار ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "وەزارەتــی دەرەوەی عێـراق ئەمریـکای تۆمەتبـار کـردووە کـە بەرپرسـە لـە قەیرانـی باکـووری عێـراق، چونکـە چەکوچۆڵـی ئێـران لـە ئەمریـکاوە دابیـن دەکرێـت. بەڕێـز لاوری، بەرپرسـی نووسـینگەی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە بەغدایـش وتویەتـی هەمـان بەرپرسـیارێتی لـە ئەسـتۆی سـۆڤیەتە، چونکـە چەکوچۆڵـی عێـراق دابیـن دەکات. کاربەدەسـتانی عێـراق بـاش دەزانـن کـە سـۆڤیەت دەیەوێـت لـە کێشـەی ئێـران و عێـراق کەڵـک وەربگرێـت. بەڕێـز لاوری وتـی کلیلـی چارەسـەربوونی ئـەم قەیرانـە لـە دەسـتی ئێراندایـە. هێـزی دەوڵەتـی عێـراق لـە بارزانـی زۆر زیاتـرە، بۆیـە بارزانـی دەبێـت لەگـەڵ عێـراق بسـازێت. سـی هـەزار پێشـمەرگەی بارزانـی کـە تفەنگـی ئاساییان هەیـە ناتوانـن بەرەنـگاری ژمارەیەکـی یەکجـار زۆری سـەربازی عێـراق و ئـەو هەمـوو تانـک و فڕۆکانـە ببنـەوە."

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٠ی ئاداری ١٩٧٤**

**بابەت: دیداری شا و نوێنەرانی بارزانی**

شا لە ١١ی ئادار پێشوازی لە لێژنەیەکی کورد کردووە و بەڵێنی پێداون هەموو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە دابین بکات. لێژنەکە پێکهاتووە لە فەرماندەیەکی پێشمەرگەکانی بارزانی، نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمیتەی کوردەکانی ئێران لە سنە.

جگە لە پێداویستییە سەربازییەکان کە زیاتر بە کەشتی بە ئێران دەگات، فڕۆکەیەکی بارهەڵگر لە ئەوڕوپاوە هاتووە بۆ ئابادان بۆ هێنانی ئەو کەرەستانەی هێزەکانی بارزانی دەستبەجێ پێویستیان پێیەتی و بڕیارە لەوێوە بە فڕۆکەی سەربازیی سی ١٣٠ بنێردرێ بۆ سنە، کە ئەم شتانە لە خۆ دەگرێت:

- پێنج تا شەش هەزار ماسکی (دەمامک) دژە کیمیایی کە بەو وەجبانەی لە کۆتایی پاییزی ساڵی ڕابردووەوە نێردراوە کۆی دەکاتە ١٢ هەزار ماسک.
- چەکی قورس، لەوانە چەکی دژە فڕۆکە، دژە تانک، بیکەیسی و تەقەمەنییەکانیان.

شا هەروەها لێژنە کوردەکەی دڵنیا کردووەتەوە کە بەرەنگاری هێرشەکانی عێراق لە سەر سنووری ئێران و عێراق لە ناوچەی نێوان میهران و قەسری شیرین دەبێتەوە.

ئێران کوردەکانی خۆی بە بەشێکی دانەبڕاوی وڵاتەکەی دەزانێت، پلانێکی پێنج ساڵەی داناوە و دەیەوێت جێبەجێی بکات لە پارێزگای کرماشان و کوردستان بۆئەوەی کورد زیاتر خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران بگونجێنن. هاوکات ئێران کوردی ئێران هان دەدات بڕن بە پێشمەرگەی [بارزانی][1].

---

(١) ئەمە ڕاست نییە. ئێران قەد پێیخۆش نەبووە کوردی ئێران بەشداری بکەن لە شۆڕشی ئەیلولدا. خودی شا تەنانەت چەند جار داوای لە مەلا مستەفا کردبوو ئەو ئێرانییانە وەرنەگرێت کە دێن بۆ پێشمەرگایەتی، بەتایبەت کەسایەتییە سیاسییەکان. بەهەرحاڵ کوردی ئێران، بەتایبەت

مەلا مستەفا بارزانی لە ئیزگەی ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) داوای لە کوردەکانی دانیشتووی کوەیت، قەتەر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب کردووە بێن بۆ پێشمەرگایەتی. ئەوانەی پاسپۆرتیان نییە بە ڕێگای قاچاق هاتوون بە ئێران و پاشان گەیشتوون بە کوردستانی عێراق. بارزانی هیوای هەڵچنیوە پاش ئەم بانگەوازە، ژمارەی پێشمەرگەکانی بگات بە سی هەزار کەس. ئەرکی پێشمەرگە ئەوەیە هێرش بکاتە سەر بنکە و سەنگەری هێزەکانی سوپای عێراق و دەست بە سەر چەکوچۆڵەکانیاندا بگرێت.

پاش ئەو زەبرەی لەم ڕۆژانەی دوایی پێشمەرگەکان لە هێزەکانی عێراق لە نزیک سنووری تورکیا وەشاندیان، بارزانی بەتەمایە بەتایبەت لە ناوچەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی[عێراق] و ناوچەکانی خاوەن نەوت و ناوچە شاخاوییەکان شەڕ بکات. بارزانی نەتەنیا ئەو وادە ١٥ ڕۆژییەی ڕەت کردووەتەوە کە دەوڵەتی عێراق بۆی دانابوو، بەڵکوو تا ٢١ی ئادار ماوەی بۆ دەوڵەتی عێراق دیاری کردووە پاشەکشە بکەن بۆ ئەو شوێنانەی ڕێککەوتننامەی [١١ی ئاداری ١٩٧٠] بۆی دیاریکردوون، ئەگەرنا پێشمەرگە لە هەموو لایەوەکەوە هێرشیان دەکاتە سەر و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات هێرش دەکەنە سەر دامودەزگاکانی نەوتی کەرکووک و مووسڵ.

---

خەڵکی ناوچەی ئێمە، پاوە و جوانرۆ، زۆر بوون بە پێشمەرگەی بارزانی. وەرگێڕ

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٢ی ئاداری ١٩٧٤**

**بابەت: بارودۆخیی سەربازی و سیاسیی بزووتنەوەی کوردی عێراق**

بە وتەی کاربەدەستانی ئێران، ئێستا ١٦ هەزار پێشمەرگە [لە کوردستانی عێراق] هەیە کە ژمارەیان زۆر زیاتر دەبێت، چونکە مەلا مستەفا بارزانی بانگەوازی کردووە خەڵک بێن بۆ پێشمەرگایەتی.

پاش ئاگربەستی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، سەرکردایەتی کورد بە مووچەی دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خەڵکی کرد بە پێشمەرگە و باش ڕێکیخستن. لە ڕێگای ئێرانیشەوە، بڕێکی زۆر پێداویستی شەڕیان لە دەرەوە بۆ هات، لەوانە چەکی سوک، تۆپ و بیکەیسی و دۆشکا. دەسەڵاتدارانی عێراق غافڵگیر بوون، چونکە مۆڵەتیان دیاریکردبوو بۆ کورد بڕیاری خۆی دەربارەی پرۆژە ئۆتۆنۆمیە پێشنیارکراوەکە بدات، بەڵام کورد دەستی بەسەر هەندێ شوێن و بنکەو بارەگادا گرت. کاربەدەستانی عێراق هەندێ لە هێزەکانیان لە ناوچە شاخاوییەکان کێشاوەتەوە و ناردوویانن بۆ پێدەشتەکانی کەرکووک و مووسڵ. هەندێکیشیان لە سەر سنووری ئێران، بەتایبەت بەرزاییەکانی سلێمانی و قەسری شیرین جێگیر کردووە، تەنانەت شوێنپێی خۆیان لە سنووری ئێران لای باکوورەوە قایم کردووە.

ئێستا پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان لە هەمبەر چوار یەکینەی سوپای عێراق سەنگەری گرتووە، هەرچەندە ناتوانێت بە ئاسانی هاتوچۆی شار و شارۆچکەکان بکات، هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت دامودەزگاکانی نەوت بتەقێنێتەوە و ڕێگای بەغدا بۆ تورکیا دابخات و نەهێڵێت پرۆژەی ڕاکێشانی بۆری نەوتی کەرکووک بۆ [سنووری تورکیا] لە کاتی خۆیدا تەواو بێت.

باڵوێزی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران داوای لە وەزیری دەرەوەی ئێران کردووە هاوکارییان بکەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکە. هەندێ کەسایەتیی ئەمریکایی

وتوویانە پێویست دەکات نەتەوە یەکگرتووەکان لێژنەیەک بنێرێت بۆ عێراق بۆئەوەی سنووره واقعییەکانی کوردستان دەستنیشان بکات، بەڵام دەوڵەتی عێراق ئەم پێشنیارەی ڕەت کردووەتەوە و نایەوێت هیچ لایەنێکی دەرەکی لە وتووێژەکانیاندا بەشدار بێت.

نوێنەرانی ڕاپەڕینی کورد لە لوبنان ڕۆیشتوون بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت، داوای یارمەتییان لێکردوون، بەڵام باڵوێزخانە داواکارییەکەی ڕەتکردوونەتەوە. کاربەدەستانی ئەمریکا نایانەوێت هیچ کارێک دژی دەوڵەتی عێراق بکەن.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

لە ئابی ١٩٧٢وەوە ئەمریکا یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا، بەڵام چونکە مەسەلەکە سەداسەد نهێنی بوو، تەنیا چەند کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی کورد ئاگاداری ئەو شتە بوون و ئەوانەش کە ئاگادار بوون لە ڕاگەیاندنەکاندا بەردەوام داوایان لە ئەمریکا دەکرد یارمەتیان بدات و سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانیان دەکرد و داوای یارمەتییان لێدەکردن، بەو مەبەستە کە بڵێن ئەمریکا یارمەتیمان نادات. جگە لە کاربەدەستانی ئیسرائیل، شا، سەرۆکی ساڤاک، کیسینجەر و جیگرەکانی و باڵوێزی ئەمریکا لە تاران کەس ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبوو هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی پایک لە ١٩٧٦ کە بە نهێنی نووسرابوو دەربارەی چۆنییەتی تێوەگلانی ئەمریکا لە شۆڕشی کورد.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە سۆڤیەت بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣ی نیسانی ١٩٧٤**

**مۆسکۆ**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، تاران، بەغدا، ئەنقەرە**

**بابەت: سۆڤیەت پشتیوانی لە عێراق دژی کورد دەکات**

**درێژەی: تیلیگرامی ١٦٢١**

لە میانەی هەمان گفتوگۆدا، بەڕێز پیرلین[1]، باسی کێشەی کوردی کرد، وتی: (دەسەڵاتدارانی عێراق ئامادەن زۆربەی داواکارییەکانی بارزانی جێبەجێ بکەن. تەنیا هەندێ مەسەلە ماوە کە کێشەی لەسەرە، بەتایبەت مەسەلەی دیاریکردنی سنووری کوردستان و هەڵبژاردنی پایتەخت. کورد دەیەوێت کەرکووک پایتەختی بێت، بەڵام کاربەدەستانی عێراق دەیانەوێت هەولێر پایتەخت بێت. ئێستا بارودۆخەکە زۆر هەستیارە. هەندێ سەرچاوە پێیانوایە کورد خەریکە خۆی ئامادە دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی شەڕ بکات. کورد ئێزگەیەکی ڕادیۆی نوێی بە زمانی عەرەبی دامەزراندووە بۆ پڕۆپاگەنداکردن بۆ خەبات دژی دەوڵەتی عێراق. ئەمانە کۆمەڵێک نیشانەی نەرێنین و شتی خراپ و مەترسیداری بەدواوە دێت. سەرکردایەتی کورد لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو نین. هەندێکیان لایەنگری دەسەڵاتی ناوەندین و هەندێکی دیکەیان دژن. ئەوانەی هاوکاری حکومەتی ناوەندی دەکەن بارزانی گوێیان لێناگرێت، تەنیا ئەو گەنجانەی داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بە دەوروبەری بارزانییەوەن.)

---

(1) PYRLINE

جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بووە. وەرگێڕ

بەڕێز پیرلین لە وەڵامی پرسیاری هاوکارێکمدا وتی: "ئەو لایەنەی بارزانی داوای کردووە ببێت بە ناوبژیوان، مەبەستی ئێرانە، بەغدا شتی وا قەبوڵ ناکات. ئێران خۆیشی کوردی هەیە، بۆیە بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، هەرچەندە زۆر بە دوای ئەوەیە کە عێراقی دراوسێی لاواز بکات. یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵێک زانیاری کۆکردووەتەوە کە نیشان دەدات ئێران هەوڵ دەدات ناکۆکیی عەرەب-کورد قوڵتر بکاتەوە. ئەمریکاش نایەوێت پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی لەگەڵ عێراق دەستپێبکاتەوە و کێشەکانی لەگەڵ عێراق چارەسەر بکات، بەڵکوو دەیەوێت لەڕێگای ئێرانەوە کێشە بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکات."

ئەم دیپلۆماتە سۆڤیەتییە هەروەها وتی: "یەکێتی سۆڤیەت لایەنی دەسەڵاتدارانی بەغدا دەگرێت. دەبێ کورد ئەمە بزانن. بێگومان سۆڤیەت پێشتر پشتیوانی لە کورد کردووە، بەڵام چەند ساڵێکە هەلومەرجەکە گۆڕاوە: دەسەڵاتی ناوەندی سیاسەتێکی ئازادتری گرتووەتە بەر، بەڵام کورد بە پێچەوانەوە بەرەو پاش هەنگاوی هەڵگرتووە. کاربەدەستانی سۆڤیەت پێشتر کەوتوونەتە بەینی هەردوولا، داوایان لێکردوون دان بە خۆیاندا بگرن و کارێک نەکەن بارودۆخەکە ئاڵۆز بێت و پێکەوە بسازێن. بەتایبەت وەبیری کوردی هێناوەتەوە کە ئەو مافانەی حکومەتی ناوەندی پێیداون گرنگن و حکومەت ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی، ئێستا نۆرەی کوردە ئەوەی لەسەریەتی بیکات و وەڵامی ئەرێنی بداتەوە. هەردوولا پێشوازییان لە ڕاوێژ و ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەت کردووە، بەڵام بەداخەوە کورد جێبەجێی نەکردوون."

بەڕێز پیرلین جەختی کردەوە کە: "سەردانی مارشاڵ گرێشکۆ، وەزیری [بەرگری سۆڤیەت] بۆ عێراق پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە نەبووە، بەتایبەت وادە دانانی حکومەتی عێراق بۆ کورد، شتێکی بەهەڵکەوت بووە. دەربارەی حزبی شیوعی عێراق کە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت پیرۆزباییان لێکردووە بە بۆنەی چلەمین ساڵیادی دامەزراندنی"، بەڕێز پیرلین وتی: "حزبی شیوعی هەرچەند بووە بە هاوپەیمانی بەعس و لایەنی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی دەگرێت، بەڵام هیچ ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان دەوڵەتی سۆڤیەت و عێراقدا ناگێڕێت و سۆڤیەت

ئەگـەر بۆچۆنـی حکومەتـی عێراقـی بوێـت ڕاسـتەوخۆ لـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق پرسـیار دەکات. بێگومـان پەیوەنـدی هەیـە لـە نێـوان سـۆڤیەت و وەزیـرە شـیوعییەکانی حکومەتـی عێـراق، بـەڵام ئـەم پەیوەندییـە لـە سـنووری کار و ئەرکەکانیـان وەک وەزیـر ناچێتـە دەرەوە، چونکـە خـودی وەزیرەکانیـش ئەمەیـان ناوێـت."

**ڤیمۆن**(١)

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ لـە ٢٢ی ئـادار تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ئێـران پشـتیوانی لـە کـورد دەکات، چونکـە داواکاریەکانیـان ڕەوایـە، بـەڵام سـۆڤیەت بـە هەمـوو شـێوەیەک پشـتیوانی لـە عێـراق دەکات. باڵوێـزی ئێران وتـی سـۆڤیەت نایەوێـت لـە نێـوان کـورد و عێراقـدا ناوبژیوانـی بـکات، ئەگەرنـا لـە باتـی مارشـاڵ گرێشـکۆ، کاربەدەسـتێکی دیکـەی دەنـارد بـۆ عێـراق. ڕۆژنامـەی پراڤـدا، زمانحاڵـی حکومەتـی سـۆڤیەتیش لـە وتارەکانیـدا لایەنـی حکومەتـی عێراقـی گرتـووە و پـرۆژە ئۆتۆنۆمیەکـەی عێراقـی بـە خاڵـی وەرچەرخـان لەقەڵەمـداوە و هەنـدێ لـە سـەرکردەکانی کـوردی تۆمەتبـار کـردووە کـە دەیانەوێـت لـە عێـراق جیـا ببنـەوە."

(1) VIMONT

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٥ی نیسانی ١٩٧٤**

**بابەت: سوریا یارمەتی جەلال تاڵەبانی دەدات**

دەوڵەتی عێراق پێیوایە لە ١٥ی شوباتەوە پەیوەندیی گرنگ لە نێوان کاربەدەستانی سوریا و کوردی عێراق دروست بووە. لە ١٦ی شوبات جەلال تاڵەبانی، بە شێوەی نهێنی سەردانی دیمەشقی کردووە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک کۆماری سوریا، حافز ئەلئەسەد و پشتڕاستی کردووەتەوە کە ئێران و عەرەبستانی سعودی لە ڕادەبەدەر پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کورد دەکەن، بەڵام کوێت هێشتا بڕیاری نەداوە پشتیوانی لێبکات.

لەلایەکی دیکەوە نوێنەرانی ڕاپەڕینی کورد لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی سوریا لە سەر سنووری عێراق- سوریا لە پەیوەندیدان. کاربەدەستانی عێراق بەو ئەنجامە گەیشتوون کە:

- سوریا بەتەمایە یارمەتی بە ڕاپەڕینی کوردستان بدات.

- تورکیاش لە کاتی خۆیدا یارمەتی بە پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا بارزانی دەدات، بۆئەوەی لە پلانی ئەمریکا دژی عێراق بەشدار بێت.

**لە ئیڤ سەیلاغ[١]، بەرپرسی کاروباری عێراق لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**جەنابی میشێل ژۆبێغ، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٠ی نیسانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بابەت: هەندێ کەسایەتیی کورد دەچنە پاڵ حکومەتی عێراق**

دەسەڵاتدارانی بەعس پاش ئەوەی پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمیان لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ یەکلایەنە ڕاگەیاند، هەنگاویان هەڵگرتووە بۆئەوەی کۆتایی بە قۆناخی چاوەڕوانی و هەڵواسران بێنن کە پاش ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی دروست بوو، بڕیاری کۆتایی خۆیان داوە درێژە بە سیاسەتەکەیان بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

لەم پەیوەندییەدا لە ٤ی نیسان پارێزگاری نوێیان داناوە بۆ سلێمانی، هەولێر و دهۆک، لە جێگای ئەو پارێزگارانەی بە فەرمانی بارزانی دەستیان لەکار کێشابووەوە[٢]. دەوڵەتی عێراق هەروەها پێنج کوردی لایەنگری ئۆتۆنۆمیەکەی بەعسی کردووە بە وەزیر، لە جێگای ئەو وەزیرانە دایناون کە لە ئاداری ١٩٧٠ وە لە کابینەی حکومەتدا بوون و [ئەمدواییە بە فەرمانی بارزانی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان[٣]]. ژیاننامەی ئەم وەزیرانەتان هاوپێچ بۆ دەنێرین.[٤]

(1) Yves SAILLARD

(٢) ئەو کەسانەی دەستیان لە کار کێشابووەوە عەلی عوبدوڵڵا، پارێزگاری سلێمانی، عەبدولوەهاب ئەتروشی، پارێزگاری هەولێر و هاشم عەقراوی، پارێزگاری دهۆک بوون. پاش ئەوە هاشم عەقراوی کرا بە وەزیر لەلایەن سەدام حوسەینەوە. وەرگێڕ

(٣) ئەم وەزیرانەی دەستیان لە پۆستەکانیان کێشایەوە ئەمانە بوون: سامی عەبدولڕەحمان، وەزیری کاروباری باکور، نافیز جەلال، وەزیری کشتوکاڵ، ساڵح یوسفی، وەزیری دەوڵەت، نوری شاوەیس، وەزیری ئەشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە و ئیحسان شێرزاد، وەزیری شارەوانی. هەروەها کوردێکی دیکە، بەناوی عەزیز شەریف لە سەر حیسابی حیزبی شیوعی بوو بە وەزیری داد کە درێژەی بە کاری خۆیدا. وەرگێڕ

(٤) ئەم وەزیرانە بریتیبوون لە :عەزیز ڕەشید عەقراوی، هاشم حەسەن عەقراوی، عەبدوڵڵا

کەوابــوو مانگێــک پــاش سیاســەتی دەستەوەســتان و چاوەڕوانکردنــی بــارەگای ســەرکردایەتی گەلاڵــە و خۆبەدوورگرتــن لــە هــەر چەشــنە کردەوەیــەک کــە پچڕانــی هەمیشــەیی پەیوەندییەکانــی بەعــس و پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی لێبکەوێتــەوە، حکومەتــی عێــراق وادیــارە بڕیــاری کۆتایــی خــۆی داوە پــرۆژەی ١١ی ئــاداری ســەدام حوســەین بخاتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە. حکومــەت ڕوویکردووەتــەوە کــوردە نەیارەکانــی پ.د.ک. و کەســایەتییە کــوردە ســەربەخۆ و پێشــکەوتنخوازەکان بۆئــەوەی بەرەنــگاری پــرۆژەی ســەربەخۆیی کوردســتانی بارزانــی بێتــەوە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا حکومــەت دەزانێــت ئەوەنــدە کاربەدەســت و کەســایەتی کــوردی نییــە کــە لایەنگــری پــرۆژە ئۆتۆنۆمیەکــەی بێــت و ئەوانــەش کــە لایەنگرینــە ڕۆڵێکــی ئەوتــۆ لــە دژایەتیکردنــی مــەلا مستەفادا ناگێــڕن، بۆیــە کاربەدەســتانی بەعــس چاوەڕوانــی ئــەوە ناکــەن خەڵکــی کوردســتان پشــتیوانییەکی ئەوتــۆ لــە حکومــەت بکــەن و هاوکاریــی بکــەن. لــە پێنــاو ئــەم ئامانجــەدا، هێزەکانــی ســوپای عێــراق، پــاش ئــەوەی کۆنتڕۆڵــی شــارە گەورەکانــی باکووریــان گرتووەتــە دەســت، تــا ئێســتا وەڵامــی هێرشــەکانی پێشــمەرگەیان نەداوەتــەوە، نەکــو شــتێک بقۆمێــت ببێتــە هــۆی ئــەوەی شــەڕ لــە هەمــوو کوردســتان هەڵبگیرســێت.

جێگــری ســەرۆکی ئەنجوومەنی ســەرکردایەتی شــۆڕشــی [عێراق] لــە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامــە بیانییــەکان بــە بۆنــەی ٢٧ میــن ســاڵیادی دامەزراندنــی حزبــی بەعــس، بــە تووندی هێرشــی کردووەتە ســەر (باڵی ڕاســتی) ســەرکردایەتیی پ.د.ک، تۆمەتباری کردوون کە دژی شــۆڕش و یاســا و نەتــەوەی [عێراقــن] و جەختــی کردووەتــەوە کــە لــە کاتــی خۆیــدا لــەو کەســانە دەدەن کــە دژی ڕژێمــی سۆسیالیســتیی عێراقن. لەگەڵ ئەوەشــدا ســەدام حوســەین ئامــاژەی بــەوە کــردووە بــاوەڕی بــە ڕێگاچــارەی ســەربازی نییــە بــۆ چارەســەرکردنی قەیرانی ئێســتا و تەنیــا ڕێگاچارە بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد ئەوەیە کە سیاســەتێک بگیردرێتە بــەر کــە بەرژەوەندییەکانــی کــورد و عــەرەب دابیــن بکات.

ئیسماعیل ئەحمەد(مەلا ماتۆڕ)، عەبدولستار تاهیر شەریف و عوبەیدوڵڵا بارزانی. وەرگێڕ

**وەزارەتی سوپا**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٢ی نیسانی ١٩٧٤**

**بابەت: کۆمپانیاکانی نەوت یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دەدەن**

بارزانـی دەزانێـت دەوڵەتـی عێـراق بێهێـزە، بۆیـە بەتەمایـە زەبرێکـی کوشـندە لـە هێزەکانـی عێـراق بوەشـێنێت بۆئـەوەی ڕژێمـی بەعـس جارێکـی دیکـە نەتوانێـت پشـت ڕاسـت بکاتـەوە. ڕابـەری کـورد هـەوڵ دەدات ڕکابەرەکـەی، جـەلال تاڵەبانـی و گەنجـە کۆمۆنیسـتە کـوردەکان کـە لـە حزبـی شـیوعی عێـراق دابـڕاون و ڕووناکبیـرە مارکسـییەکان کـە دەسـەڵاتیان کـەم بووەتـەوە، بـەرەولای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕابکێشـێت.

بارزانـی هەروەهـا دەوڵەتـی تورکیـا و ئێرانـی دڵنیـا کردووەتـەوە کـە تەنیـا بـۆ مافـە ڕەواکانـی کـوردی عێـراق خەبـات دەکات و بـە هیـچ شـێوەیەک چـاوی تەماحـی نەبڕیوەتە کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان.

ئەمریـکا و ئێـران بەڵێنیـان بـە ڕاپەڕینـی کـورد داوە پێداویسـتییە سـەربازییەکانیان دابیـن بکـەن و پارەیـان بدەنـێ و ڕاوێـژکاری سـەربازییان بـۆ بنێـرن. هەروەهـا دوو کۆمپانیـای گـەورەی نـەوت لـە مانگـی ئـادار ٢٧ ملیـۆن فرانکیـان لـە بانکێکـی سـوئیس دانـاوە بـۆ پ.د.ک. ئێسـتا دەسـتوپەیوەندییەکانی پ.د.ک. سـەروژێری ئەوروپـا دەکـەن بـۆ کڕینـی چەکوچۆڵـی قاچـاخ.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٤ی نیسانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە**

**بابەت: کوردستان بەرەو هەڵگیرسانی شەڕ دەچێتەپێش**

بارودۆخی کوردستان لەم چەند هەفتەیەی دواییە زۆر خراپتر بووە. دەوڵەتی عێراق باش دەزانێت ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، مەترسی گەورەی بۆ خۆی بەدواوە دەبێت، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدات یەکڕیزیی هێزەکانی بارزانی تێکبدات. لە پێناو ئەم ئامانجەدا حکومەت هەنگاوەکانی خێراتر کردووە بۆئەوەی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێنێت و کوردێکی کردووە بە جێگری سەرۆک کۆمار(١).

مەلا مستەفاش دەستی کردووە بەهێرشی پێشمەرگەییانە بۆ سەر هێزەکانی عێراق. پێشمەرگە بۆسە بۆ هێزەکانی عێراق دەنێنەوە و هێرش دەکەنە سەر کاروانی ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی. بە شەو، کۆنترۆڵی زۆربەی گوند و شارۆچکەکانی پارێزگاکانی باکوور بە دەستی پێشمەرگەوەیە. لە ١٥ ڕۆژی ڕابردوودا، ٨٠ کەس لە هێزەکانی سوپای عێراق کوژراون.

هاوکات سوپای عێراق شوێنپێی خۆی لە باکوور پتەو دەکات: لە ١٥ی نیسان لیوایەک لە سنجار جێگیر بووە و یەکینەیەکی دیکە خەریکە بەرەو هەولێر

(١) مەبەستی تەها محێدین مەعروفە. ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لەدایک بووە. پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە. پاش جیابوونەوەی گروپی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەوان کەوتووە. لە ١٩٦٨ بوو بە وەزیر لە کابینەی حکومەت. هەتا کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ناو حکومەتدا بووە. لە ٢٠٠٩ لە ئوردون مردووە. لە دوکان نێژراوە. وەرگێڕ

دەچێت کە بە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتوو دادەنرێت. فڕۆکەکانی عێراق لەم ڕۆژانەی دوایی هەندێ شوێنیان بۆمبباران کردووە. فەرمان بە هێزەکانی سوپا دراوە هەندێ لە ڕێگاگانی هاتوچۆ بکەنەوە، بەڵام خۆیان بە دوور بگرن لە هەرچەشنە ڕووداوێک کە ببێتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و ڕێگاچارەی سیاسی لەباربچێت.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە سۆڤیەت بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**۲٥ی نیسانی ۱۹۷٤**

**مۆسکۆ**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، تاران، بەغدا**

**بابەت: پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی عێراق پچڕا**

**درێژەی: تیلیگرامی ۱۹۳۹**

بەڕێز پیرلین، دەربارەی کێشەی کوردی وتی: "حکومەتی عێراق کوردێکی لە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار داناوە کە هەواڵی بارزانی نییە. ئەمە یانی گفتوگۆکانی عێراق و ڕابەری بەتەمەنی کورد بە تەواوی کۆتاییپێهاتووە و لەمەو بەدواوە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نامێنێت. ئەو دابڕان و دووبەرەکییەی لە نێو بزووتنەوەی کورد سەریهەڵداوە، بارزانی لاواز دەکات."

هاوکات ئێران هەوڵ دەدات هەستوسۆزی کورد بۆ جیابوونەوە لە عێراق گەرموگوڕتر بکات. ئەمە یارییەکی مەترسیدارە، ئەویش لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە خۆی کەمینەیەکی بەهێزی کوردی هەیە. دەوڵەتی ئێران بە قازانجی کورد کار ناکات، بەڵکوو شەڕ بە عێراق دەفرۆشێت.

ئێران بە شێوەی کاتیی بووە بە هاوپەیمانی کورد، وەک ئامرازێک بۆ گوشارخستن لە سەر عێراق بەکاریان دێنێت. ململانێی ئێران و عێراق کۆتایی پێنەهاتووە: "کاربەدەستانی عێراق پێشنیاری گفتوگۆی ئێرانیان ڕەت کردووەتەوە، چونکە نایانەوێت دەربارەی ڕێککەوتنی ۱۹۳۷ [1]گفتوگۆ بکەن. لەم بارودۆخەدا دەوڵەتی ئێران دیسان فوو بە ئاگری کێشەی کورددا دەکات و بەکاری دێنێت."

---

(۱) مەبەستی ئەو ڕێککەوتنەیە کە ئێران و عێراق لە ۱۹۳۷ دەربارەی شەتولعەرەب کردوویانە کە تاڕادەیەک بە زەرەری ئێران بووە. هەرچەند ئێران قەت بە کردەوە ڕێزی لەو ڕێککەوتنە نەگرتووە و جێبەجێی نەکردووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٦ی نیسانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٥٢٢ و ٥٨٣**

**بابەت: سەدام حوسەین هەڕەشە لە مەلا مستەفا بارزانی دەکات**

ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی[ عێـراق] ڕایگەیانـد ژمارەیەکـی زۆر لـە مووچەخۆرانـی کـورد گەڕاونەتـەوە سـەر کارەکانیـان و دەیەوێـت دەرفەتێکـی دیکەشیان بداتـێ لـە بڕیـاری لێبوردنـی گشـتی کـە لـە ٢٦ی ئـادار دەرچـووە کەڵـک وەربگـرن و بڕیاریـداوە جارێکـی دیکـە ئـەو وادەیـە درێـژ بکاتـەوە کـە دابـووی بـە مووچەخـۆر و پۆلیـس و ئەفسـەرەکان بۆئـەوەی بگەڕێنـەوە سـەر کارەکانیـان، بـێ ئـەوەی سـزا بدرێـن.

ڕاگەیاندنەکانـی عێـراق زۆر باسـی لێدوانـی ئـەو کەسـایەتییە کوردانـە دەکـەن کـە چونەتـە پـاڵ حکومـەت و کارە تێکدەرانەکانـی بارزانـی شـەرمەزار دەکـەن. هـاوکات سـەدام حوسـەین هەنگاوێکـی تـازەی هەڵگرتـووە بـۆ گۆشـەگیرکردنی بـارەگای سـەرکردایەتی گەلالـە: دوێنـی لـە کۆبوونەوەیەکـی کۆمیسـیۆنی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیدا بـە فەرمـی هەڕەشـەی بـە وتـەی خـۆی لـەو (داردەسـتانە) کـرد کـە لـە شـاخ چەکیـان دژ بـە شـۆڕش، ئۆتۆنۆمـی و ئامانجـە پێشـکەوتنخوازەکانی گەلـی عێـراق هەڵگرتـووە. جێگـری سـەرۆک کۆمـار هەروەهـا وتـی ئیـدی مومکیـن نییـە لەگـەڵ ئـەم یاخیبوانـە وتووێـژ بـکات و لـە کۆتاییـدا وتـی: "بارزانـی و داروەدەسـتەکەی هیـچ ڕێـگای دیکەیـان نییـە ئیلا ئـاڵای سـپی هەڵبکـەن و خۆیـان ڕادەسـت بکـەن.

هەرچەنــدە دەرگای هــاوکاری بــۆ گەلــی کــورد کراوەیــە".

دەســەڵاتدارانی عێـراق تۆمەتـی ئەوەیـان خسـتووەتە پـاڵ دەسـەڵاتدارانی گەلاڵـە کـە بوونەتـە شـەریکی دوژمـن، کەوابـوو لەمـەو بـەدواوە بـە ئاشـکرا بەرەنگاریـان دەبنـەوە.

**سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٩ی نیسانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٥٨٣**

**بابەت: شەڕی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد دەستیپێکرد**

هەروەک پێشبینی دەکرا، سوپای عێراق بۆ گرتنی بنکە و سەنگەری پێشمەرگە هێرشی دەستپێکردووە، بەتایبەت لە شاری سنووریی زاخۆ و ناوچەی شاخاوییەکانی باکووری هەولێر و سلێمانی. ئەمە سێ ڕۆژە فڕۆکەکانی عێراق پشتیوانی لە هێزی زەمینی دەکەن و بنکە و سەنگەرەکانی کورد بۆمبباران دەکەن.

بارزانی پێشبینی شەڕێکی قورسی کردووە، بۆیە بانگەوازی کردووە خەڵک بچن بۆ پێشمەرگایەتی.

لایەنە فەرمییەکانی عێراق هیچ شتێک لەم پەیوەندییەدا ناڵێن.

**پییەغ سێغل**

**پەراوێزیی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسا لـە مۆسـکۆ لـە ٢٩ی ئـادار تیلیگرامێکـی نـاردووە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە تێیـدا ئاماژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژنامـەی پراڤـدا، زمانحاڵـی دەوڵەتـی سـۆڤیەت، ڕایگەیانـد بارودۆخـی کوردسـتانی عێـراق زۆر جێـگای نیگەرانییـە. هەڤاڵەکانـی بارزانـی کۆمەڵێـک کەسـی پاشـڤەڕۆ و داردەسـتی ئیمپیریالیزمـی ئەمریـکان". کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت پێیانوایـە ئامانجـی کـورد ئەوەیـە دەوڵەتـی عێـراق بڕوخێنێـت کـە دۆسـتی سـۆڤیەتە. سـۆڤیەت پێیوایـە ئەمریـکا لەڕێـگای کێشـەی کـوردەوە دەیەوێـت بەرەنـگاری سـۆڤیەت بێتـەوە. کێشـەی کـورد خەریکـە پەیوەندییەکانـی ئێـران و سـۆڤیەت تێکـدەدات.)

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی ئایاری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦٠٥**

**بابەت: سوپای عێراق لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکاتە سەر کوردستان**

هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر پێشمەرگە کە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو دەستیپێکرد، زۆر توندتر بووە. هێزەکانی عێراق لەم سێ میحوەرەوە هێرش دەکەنە سەر کورد: یەکەم، میحوەری مووسڵ بەرەو زاخۆ، بۆئەوەی دەست بگرن بە سەر ڕێگای گەورەی هاتوچۆ لە تورکیاوە بۆ کەنداوی[فارس]. دووەم، میحوەری هەولێر بۆ ڕواندوز، بۆئەوەی [گوندی] گەڵاڵە بگرن، سێییەم، میحوەری خانەقین بەرەو باکووری سلێمانی، بۆئەوەی کوردستان لە ئێران دابېڕن. لەوانەیە عێراق بتوانێت بێ کێشەیەکی ئەوتۆ زاخۆ بگرێت، بەڵام لە بەرەکانی دیکە لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەتایبەت بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی ناوچەکە کە زۆر گونجاوە بۆئەوەی پێشمەرگە بۆسەیان بۆ بنێنەوە.

تا ئێستا چەند سەد کەس لە هەردوولا کوژراون. فەرماندەیی سوپای عێراق دەیەوێت تا پێش هاوین کێشەکە بە ڕێگای سەربازی یەکلایی بکاتەوە، بۆیە یەکینەی شەشەمیشی هێناوە بۆ شەڕ لەگەڵ ٣٥ هەزار پێشمەرگە و ١٠٠ هەزار لایەنگری بارزانی[١].

(١) مەبەستی لە لایەنگر خەڵکی خۆبەخش و هێزی بەرگرییە، چونکە کەمتر لە سی هەزار

هاوکات لەگەڵ هێرشە سەربازییەکانی، دەوڵەتی عێراق زۆر بە توونـدی درێژە بە هەوڵە سیاسییەکانی دەدات بۆئەوەی یەکڕیزیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تێکبدات و ناکۆکی بخاتە نێوانیان. لەم ڕۆژانەی دواییدا دوو عەشیرەتی گەورەی کورد، هەرکی و زێباری، چوونەتە پاڵ حکومەت. حکومەت بەتەمایە بەمزوانە ئەنجوومەنی یاسادانان (مەجلیس تەشریعی)ی کوردستان لە هەولێر دابمەزرێنێت.

**پییەغ سێغل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢ی ئایار ئاماژەی بەوە کردووە: "سوپای عێراق توانی شاری سنوریی زاخۆ بگرێت و ڕێگای نێونەتەوەیی تورکیا بۆ عێراق و کەنداوی فارس بکاتەوە. هێزەکانی سوپا لە مووسڵ، کەرکووک و هەولێرەوە هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگە و بە ماوەی چەند کاتژمێرێک گوندی گەلاڵەیان گرتووە."

پێشمەرگە هەبووە ئەوکاتە، زۆربەشی تەنیا تفەنگ و چەکی کۆنی پێبووە. وەرگێڕ.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٠ی ئایاری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، نیودیلهی**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦١٠**

**بابەت: شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە توندی بەردەوامە**

حکومەتی عێراق درێژە بە هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان دەدات. شەڕەکە زۆر خوێناوییە، فڕۆکەکانی عێراق لە هەموو لایەکەوە کورد بۆمباران دەکەن.

١- فەرماندەیی سوپای عێراق کە نەیتوانیوە ڕێگای هاتوچۆ بۆ تورکیا بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات، یەکینەیەکی زرێپۆشی لە سەر ڕێگای مووسڵ- خابور جێگیر کردووە. ئەم جێگۆڕکەی هێزەکانی عێراق، ڕێگای بە پێشمەرگە داوە لە چەند شوێن لە نێوان زاخۆ و لای ڕۆژهەڵاتەوە هێرش بکەنە سەر سوپای عێراق. کوردە ڕاپەڕیوەکان پێشیان لە چوونی هێزەکانی عێراق لە هەولێر بۆ ڕواندوز گرتووە و زۆربەی پردەکانیان تەقاندووەتەوە، بۆیە تانکەکانی عێراق بە خاوی پێشڕەوی دەکەن. بەهەر حاڵ تانکەکان تەنیا لە بناری چیاکان جموڵۆڵیان هەیە و ناتوانن بەسەر چیادا سەربکەون.

٢- لە میحوەری خانەقین- سلێمانی، تانک و ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆش گەیشتوون بە دەربەندیخان. فڕۆکەکان ناوچەی هەڵەبجە بۆمباران دەکەن بۆئەوەی ڕێگای سەرەکی هاتنی پێداویستی لە ئێرانەوە بۆ پێشمەرگە بپچڕێنن.

٣- حکومەتی عێراق سەرەنجام بێدەنگی لە هەمبەر ڕووداوەکانی باکوور شکاند.

ڕاگەیاندنەکانی عێراق دەڵێن بارزانی بە هاوکاری هەمەلایەنەی ئێران شەڕ بۆ ( ئیمپیریالزمی پاشڤەڕۆ) دەکات. لەم ململانێ تازەیەدا وڵاتانی سۆسیالیستی یارمەتی عێراق دەدەن. ڕاگەیاندنەکان هەروەها هێرش دەکەنە سەر هەندێ هێز و لایەنی عێراقی، کە لەیەکدانەوەی هەڵە بۆ بارودۆخی ناوخۆی عێراق و ناوچە دەکەن و ڕژێمی عێراق بە ناسەقامگیر دەزانن و خەڵک بێهیوا دەکەن.

٤- لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەم کە ژەنەڕاڵ ئەمین پاش سەردانەکەی بۆ بەغدا، لە ٨ی ئایار گەڕاوەتەوە بۆ تاران و لەگەڵ شا و هوەیدا[١] گفتوگۆی کردووە.

**پییەغ سێغل**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٤ی ئایار ئاماژەی بەوە کردووە: "وەزیری دەرەوەی عێراق دوێنی لەگەڵ لێژنەیەکی فەرمی چووە بۆ ئەنقەرە بۆئەوەی پەیامێکی تایبەتی سەرۆک کۆماری عێراق بگەیەنێت بە سەرۆک کۆماری تورکیا. هیچ گومان لەوەدا نییە پەیامەکە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەیە. وەزیری دەرەوەی عێراق هەروەها دەیەوێت لە ئەنقەرە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران دابنیشێت بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق."

(١) ئەمیر عەباس هوەیدا سەرۆک وەزیرانی ئێران بووە. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لوبنان بۆ:**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٥ی ئایاری ١٩٧٤**

**بەیروت**

**بابەت: داواکارییەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی**

**لە ١٣ی ئایاری ١٩٧٤ ئەم داواکارییە لەلایەن گەلی کوردی عێراقەوە تەسلیم بە باڵوێزخانەی فەڕەنسا کرا.**

**داواکارییەک لە گەلی کوردی عێراقەوە**

**١٣ی ئایاری ١٩٧٤**

دەوڵەتی بەعسی عێراق گەلی کوردی عێراق جینۆساید دەکات، بە فڕۆکە دانیشتوانی مەدەنی شار و گوندەکان بەچڕی بۆمبباران دەکات، بێ دەستپاراستن شارەکان تۆپباران دەکات. هێزەکانی بەعس بە کەیفی خۆیان خەڵکی سیڤیلی کورد لە سەر ڕێگاکانی هاتوچۆ دەگرن و گولەبارانیان دەکەن و بەبارمتەیان دەگرن. لەوانەیە بەعس گازی کیمیایی دژی خەڵکی کوردستان بەکاربێنێت.

شاری قەڵادزێ، لە پارێزگای سلێمانی، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە، ٢٤ی نیسان لەگەڵ زەوی تەختکراوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی شەهید بوون. فڕۆکەکانی بەعس بەردەوام ئەم شارە ٢٠ هەزار کەسییە بۆمبباران دەکەن، لەکاتێکدا کە هیچ هێزێکی چەکداری کورد لەم شارە نییە. بۆمب بە سەر قوتابخانەیەکدا کەوتووە، لاشەی خوێناویی منداڵ و دەفتەر و قەڵەمیان تێکەڵ بە داروپەردووی ڕووخاوی

قوتابخانەکە بووە. ئەم لەکە ڕەشە بۆ هەتاهەتایە بە ناوچەوانی حکومەتی نیونازیی دەمێنێتەوە کە ئێستا حوکمی عێراق دەکات.

قەڵادزێ تەنیا یەک قوربانییە. زۆر شاری دیکە بوونەتە قوربانی. ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی بێگوناح گیانیان لەدەستداوە. ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بەردەوامە.

ئێمە بە ناوی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتییەوە داوا لە سەرجەم گەلانی ئازادی جیهان، سەرجەم ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەین وەدەنگ بێن و داوا بکەن ئەم تاوانانە دژی گەلی کوردی عێراق کۆتایی پێبێت. دەترسین ئەگەر جیهان بەردەوام بێت لە بێدەنگبوون لە هەمبەر ئەم تاوانانە، حکومەتی عێراق زیاتر خوێنیان بڕێژێت. داواتان لێدەکەین بێنە دەنگ بۆئەوەی ئەم تاوانانە بوەستێت و لەمە زیاتر خوێنی خەڵکی بێگوناح نەڕژێت.

**نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوبنان**

**بەیروت**

**٢٦ی نیسانی ١٩٧٤**

**ئەو شار و گوندانەی بۆمبباران کراون، خاپور کراون و سوتێندراون بە دەستی هێزەکانی بەعس لە کوردستان، لە ١٣ی نیسانی ١٩٧٤وە**

شار و شارۆچکەکان:

زاخۆ، دهۆک، بامەڕنی، ڕواندوز، دیانا، چۆمان، باڵەک، قەڵادزێ، ڕانییە، چەمچەماڵ، ئاکرێ، شەقڵاوە

**گوندەکان:**

دارەتووی سەروو، دارەتووی خواروو، کەندەکئاوا ئیسکان، بانیخێڵان، کارێزە، هۆمەرمەندان، بازیان، تورکومانباغ، بێتواتە، کۆڕە، تاینال، کوێرەتو، پەیماوا، کەڵەک، شاوەیس، شوست، کانیسوور، بنیباوەش، ماوەران، دەربەند، دەربەندی شەقڵاوە، مامەجەلکە، میراو، ئیسماعیل بەگ، کاریدانا.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

نووسینگەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوە لە ڕاگەیاندننامەیەکدا لە ٧ی نیسانی ١٩٧٥ ئاماژەی بەوە کردووە: "لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ هێزەکانی سوپای عێراق بە تانک زانکۆی سلێمانییان گەمارۆ داوە. لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ فڕۆکەکانی عێراق ناوەڕاستی شاری قەڵادزێیان بۆمبباران کردووە، لە ئەنجامدا ١٠ قوتابی زانکۆ کوژراون و دکتۆر عەباس و دکتۆر باڵدار کە هەردوویان مامۆستای کۆلیژی کشتوکاڵ بوونە، بریندار بوونە. هەروەها ژمارەیەک منداڵی قوتابی کوژراون و بریندار بوونە. لە ٣٠ی نیسانی ١٩٧٤ پێنج خوێندکاری کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا لەسێدارەدراون کە یەکێکیان کچێک بووە بە ناوی لەیلا قاسم. لە ٨ی ئایاری ١٩٧٤ شەش خوێندکاری دیکەی زانکۆ لەسێدارەدراون. ٥٥١ خوێندکار لە زانکۆ دەرکراون یان لە ترسی کوشتن زانکۆیان بەجێهێشتووە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی ئایاری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦١٧**

**بابەت: دوایین هەواڵەکانی شەڕی کوردستان**

سوپای عێراق بە یارمەتی ئەو چەکۆچۆڵە زۆرەی هەیەتی و پێشڕەوی تانکەکانی لە ناوچە دەشتەکاندا، سەرەتا هەندێ سەرکەوتنی لە کوردستان بەدەستهێنا، بەڵام ئێستا بۆ سەرکەوتن بەسەر شاخەکاندا تووشی کێشە بووە.

١- هەرچەندە ڕێگای هاتوچۆی مووسڵ- زاخۆ کراوەتەوە، شەڕی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ئەم میحوەرە بەردەوامە.

٢- لە میحوەری هەولێر- ڕواندوز و بەتایبەت دەربەندیخان - سلێمانی، بەهۆی هێرشی پێشمەرگە، ئۆتۆمۆبیلە زرێپۆشەکان بە خاوی پێشڕەوی دەکەن. هەروەها فەرماندەیی سوپای عێراق ئیستراتژی گەمارۆدانی ناوچەی گرتووەتە بەر و سەنگەری بچووک بچووکی زۆری داناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی پێشمەرگە لە شەودا.

٣- فڕۆکە و هیلیکۆپتەر بەردەوام سەنگەر و بنکەی پێشمەرگەکان بۆمباران دەکەن.

هەرچەندە ڕاگەیاندنەکانی عێراق باسی ئەوە دەکەن کە بەتایبەت لە ناوچەی کەرکووک و چەمچەماڵ [عەشیرەتە کوردەکان] چوونەتە پاڵ حکومەت، بەڵام

ڕەوتــی ڕووداوەکان نیشــان دەدات کــە ســوپای عێــراق لــە نــاو شــەڕدا چەقیــوە. بۆیــە ســوپای عێــراق دەیەوێــت لــە مانگەکانــی داهاتــوودا شــێوازی هێرشــەکانی بگۆڕێــت، بۆئــەوەی کێشــەی کــورد پێــش لــە هاتنــی زســتان یەکلایــی بکاتــەوە، چونکــە زســتان هاتوچــۆی هێزەکانــی عێــراق ئەســتەم دەکات.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٨ی ئایاری ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٦٣٣**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق سەرجەم سوپاکەی دژی کورد تەیار دەکات**

هێرشی سەربازیی عێراق بۆ کوردستان بە توندی بەردەوامە. سوپای عێراق زۆربەی هەرە زۆری هێزە زەمینییەکانی لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە ناردووە بۆ باکوور و چوار لیوای دیکەی لەو سەبازانە کە لەدایکبووی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ن دروستکردووە و لەم ڕۆژانەی دواییدا ئەو کەسانەشی کردووە بە سەرباز کە لەدایکبووی ١٩٤٨ن. وادیارە دەسەڵاتدارانی عێراق بەتەمان هەتا ئەو شوێنەی پێیاندەکرێت هێز کۆبکەنەوە و بە پشتبەستن بەو باڵادەستییەی لە ڕووی چەکوچۆڵەوە هەیانە، پێش لە زستان سەرکەوتنی یەکلایی بە دەستبهێنن.

سوپای عێراق لەم ڕۆژانەی دواییدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە، ڕێگای هەولێر-ڕواندوزی گرتووە. ئەم ئۆپەراسیۆنە بۆ دوو ئامانج ئەنجام دراوە: لە لایەک بۆئەوەی هێزە کوردەکان بکات بە دوو لەت و لەیەک دایان ببڕێت. لەلایەکی دیکەوە ڕێگای هاتوچۆیان بۆ ئێران بگرێت، چونکە بەشێکی سەرەکیی پێداویستییەکانیان لە ئێرانەوە لەم ڕێگایەوە بۆیان دێت.

هەر دوولا ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراوە. پێشمەرگە هەشت فڕۆکەی (پێنج فڕۆگەی میگ و سێ فڕۆکەی سۆخۆ حەوت)ی عێراقیان خستووەتە خوارەوە و بە شەو هێرش دەکەنە سەر بنکەی هێزەکانی عێراق لەو شوێنانەی لە ڕێگا سەرەکییەکان دوورن. نەخۆشخانەکانی بەغدا جمەی دێت لە سەرباز و ئەفسەری بریندار.

**پییەغ سێغل**

**سەرۆکایەتیی وەزیران**

**سکرتارییەتی گشتی بەرگری نیشتمانی**

**بەشی هەواڵگری و زانیاری**

**زانیاریی تایبەت**

**پاریس**

**٣١ی ئایاری ١٩٧٤**

**بابەت: ئاسۆی شەڕی کورد و حکومەتی عێراق**

حکومەتی عێراق بەو هیوایەی کوردە میانەڕەوەکان قایل بکات پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ ڕایگەیاندوە، قەبوڵ بکەن، بڕیاری لێبوردنی گشتی هەتا ٢٦ی ئایار درێژ کردەوە. پاش ئەم وادەیە، بارودۆخەکە بە گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر بووە.

لە دوو مانگی ڕابردوودا، کاربەدەستانی بەغدا هەوڵیانداوە دووبەرەکی بخەنە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە کوردەکان لەگەڵ سیاسەتە ئۆتۆنۆمییەکەیان بکەون. حکومەت جگە لە درێژکردنەوەی وادەی لێبوردنی گشتی، کوردێکی کردووە بە جێگری سەرۆک کۆمار و کوڕێکی مەلا [مستەفا] بارزانی[١] کە نەیاری باوکییەتی، کردووە بە وەزیری دەوڵەت. هاوکات هەندێ هەنگاوی سەربازیی گرنگیشی هەڵگرتووە بۆئەوەی زەفەر بە یاخیبوان ببات.

ئەم هەوڵانەی عێراق ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە، بەپێچەوانەوە لایەنی بەرامبەر شێلگیرتر بووە و ریزەکانی یەکگرتووتر بووە. مەلا [مستەفا] بارزانی یاسا پێشنیارکراوەکەی حکومەتی عێراقی ڕەت کردووەتەوە، حکومەتی خۆی دامەزراندووە و ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی

(١) مەبەستی عوبەیدوڵا بارزانییە. سەدام کردی بە وەزیر و پاشانیش بێسەروشوێنی کرد. محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بە ناوی ( چۆن بووم بە پرد؟) دەڵێت: "لە دانیشتنێکی مجلس تشریعی لە هەولێر کە خۆم تێیدا بەشداربووم سەدام هێرشی کردە سەر مەلا مستەفا بارزانی، و لوقمان بارزانیش بە توندی وەڵامیدایەوە. ماوەیەکی کورت پاش ئەوە سەدام بێسەروشوێنی کرد." وەرگێڕ

بۆ خۆی پێکهێناوە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی شار و دەشتەکان هاتوون بە پیری بانگەوازەکەیەوە و هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی. تەنانەت ئەو خوێندکارانەی لە وڵاتانی بیانی دەخوێنن گەڕاونەتەوە کوردستان و ئەفسەر و سەربازە کوردەکان سوپای عێراقیان بەجێهێشتووە.

هەر دوولا جێپێی خۆیان پتەو کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە یەک دەدەن. لە وەڵامی بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق بۆ سەر ئەو شوێنانەی هێزی زەمینی ناتوانێت بیانگرێت، پێشمەرگەکان لە ناوچە شاخاوییەکان هێرش دەکەنە سەر هێڵی پێشەوەی هێزەکانی عێراق و هەڕەشەیان کردووە دامودەزگاکانی نەوت دەتەقێننەوە بۆئەوەی ئابوری عێراق تێکبچێت.

سوپای عێراق شوێنپێی خۆی لە باکووری کەرکووک قایم کردووە، هێزی زرێپۆش و ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشی (لانیکەم لیوایەک) بەرەو چیاکانی جووڵاندووە و بەردەوام ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەکان بۆمباران دەکات بۆئەوەی کوردستان گۆشەگیر و لەتلەت بکات. ئێستا شەش لە هەشت یەکینەی سوپای عێراق لە شەڕدا بەشدارن و ناوچەی کوردستانیان گەمارۆ داوە. لەبەرامبەردا کورد ٣٥ هەزار پێشمەرگەی چەکداری هەیە و ژمارەیەکی بەرچاو وەک خۆبەخش و هێزی بەرگری ناویان تۆمار کردووە. پێشمەرگەکان هەرچەندە چەکوچۆڵی باشیان نییە (تفەنگ، بیکەیسی و چەند دانەیەک دۆشکای دژە فڕۆکەیان هەیە)، نەیانهێشتووە سوپای عێراق پێی بگات بە ناوچە شاخاوییەکان و هاتوچۆی هێزەکانی عێراقیان لە میحوەرە سەرەکییەکان خاو کردووەتەوە و هێڵی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران پاراستووە کە یارمەتی و پێداویستییەکانیان لەوێوە دابین دەکرێت.

هێشتا بارودۆخەکە ئەوەندە هێور نەبووەتەوە و شەڕەکە ئەهوەن نەبووەتەوە بۆئەوەی هیوادار بین کە دوو لایەن سازش بکەن. چوار ساڵ وتوویژ بێئەنجام بوو و شەڕ هەڵگیرسایەوە. بەڵام ئەمجارە، دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانی سۆڤیەت شێلگیرە یاخیبوونەکە لەناو ببات.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە و دابەشکردنی داهاتی سامانی نەوتی ناوچەی کەرکووک خەبات دەکات، دەیەوێت ڕژێمی عێراق لاواز بکات.

شەڕ بەردەوام دەبێت هەتا ئەوکاتەی یەکێکیان ماندوو بێت.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە سۆڤیەت بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**مۆسکۆ**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، تاران، بەغدا**

**بابەت: سۆڤیەت دەڵێت شەڕ، بارزانی بەهێزتر کردووە**

**درێژەی: تیلیگرامی ٢٥٨١**

بەڕێز پیرلین، جێگری بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا دەربارەی کێشەی کورد وتی: "هێرشەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان کۆتایی پێهاتووە. شەڕەکە کارەساتی لێکەوتووەتەوە. لە باتی ئەوەی بارزانی لاواز بکات، بەهێزتری کردووە و لایەنگری زیاتر بووە."

بەڕێز پیرلین هەروەها وتی: "ئامانجی بەعس وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە: گۆشەگیرکردنی ڕابەری کورد. بەڵام بەعس شێوازی ئۆپەراسیۆنەکانی گۆڕیوە."

بەڕێز پیرلین لەم ڕۆژانەی دواییدا لە گفتوگۆ لەگەڵ دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی ناڕاستەخۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە سوریا چەکوچۆڵی داوە بە کوردی[عێراق].

شایانی ئاماژەپێکردنە ڕۆژنامەی پراڤدا لە وتارێکدا لە ١٤ی ئایار، ناڕاستەوخۆ داوای لە دەوڵەتی عێراق کرد کۆتایی بە شەڕ و خوێنڕژتن بێنێت.

**ڤیمۆن**

**وەزارەتی بەرگری**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**بۆ: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: کوردی ئێران هاوکاریی بزووتنەوەکەی بارزانی دەکەن**

شەڕ لە کوردستانی عێراق دەتوانێت ببێت بە کێشە بۆ ڕژێمی بەعس، چونکە ئەگەری زۆر کەمە زەفەر بەپێشمەرگەکانی بارزانی ببات. بارودۆخی سەربازیی کورد باشە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤیل بوونەتە قوربانی. جموجۆڵە سەربازییەکانی عێراق لە ناوچەی زاخۆ ئەزیەتی پێشمەرگە نادات، چونکە وەک ڕابردوو، دەست بە سەر ناوچەدا دەگرنەوە، هەر کاتێک هێزەکانی سوپا پاشەکشە بکەن. ئەفسەرێکی سوپای عێراق کە لەم ناوچەیە کار دەکات وتی ورەی هێزەکانی عێراق بە تەواوی ڕووخاوە، چونکە کوردەکان هەموو شەوێک ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژن.

هاوکات پێداویستیی سەربازی و چەکوچۆڵ بەردەوام لە کوردستانی ئێرانەوە دێت بۆ پێشمەرگە:

- کوردی ئێران ئێستا زۆربەی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆیان دەنێرن بۆ کوردی عێراق. ١٥٠ لۆری بەکرێگیراوە بۆ گواستنەوەی.
- لە کۆتایی ئایار دیسان باری چەکوچۆڵ کە پێکهاتووە لە تۆپی قورس، پارچەی چەکی دژە فڕۆکە و دۆشکا، بە کەشتی گەیشتووە بە بەندەر عەباس لە ئێران بۆئەوەی بنێردرێت بۆ کورد.
- چەکی سووک، هی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی[ئەوروپا] وەجبە وەجبە بە قاچاغ، بەتایبەت لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلی توریستی، دەنێردرێت بۆ تورکیا [بۆئەوەی لەوێوە بنێردرێت بۆ کوردستانی عێراق].

- باری فڕۆکەیەک ماسک (دەمامک)ی دژە کیمیایی هی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەمزوانە بە کەشتی دەگات بە ئابادان[لە ئێران بۆئەوەی بنێردرێت بۆ کوردستانی عێراق].

هاوکات بارزانی هەڤاڵە هەرە نزیکەکانی ناردووە بۆ واشنتۆن و ڕۆژئاوای ئەوڕوپا، بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەین کە ڕابەری کورد پەیوەندی گرتووە لەگەڵ گروپێک لە کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق کە نەیاری بەعسن.

دیپلۆماتێک لە بەغدا ئاشکرای کردووە کە زیاتر لە ٢٠٠ ئەفسەری عێراق کە هەندێکیان پلەیان بەرزە، لە سەربازگەی ئەلڕەشید گیراون بەهۆی ئەوەی نارەزایەتییان دەربڕیوە لە هەمبەر شەڕی دەوڵەتی عێراق دژی کورد.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٠ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، بروکسێل**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٤١ و ٦٥٤**

**بابەت: هەڵوێستی حزبی شیوعیی عێراق لە هەمبەر کێشەی کورد**

هاوکات لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی ناوچەیی بزووتنەوەی کۆمۆنیست، بە پێویستی دەزانم بە کورتی ئاماژە بە پەیوەندییەکانی سێ پێکهاتەی سیاسی عێراق یانی حزبی بەعس، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق بکەم.

١- ڕێککەوتننامەی دۆستی سۆڤیەت و عێراق[1]، خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و گەلاڵە بوو. کاربەدەستانی پ.د.ک. پێیانوایە لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ سۆڤیەت لە پێناو بەرژەوەندییە ستراتژییە سیاسیی و ئابورییەکانی لە عێراق وازی لە کورد هێنا بۆئەوەی بەعس ڕازی بکات.

٢- حزبی شیوعیی عێراق (کە سکرتێری گشتی و هەندێ لە سەرکردەکانی کوردن) بۆئەوەی لەلایەک بە پ.د.ک. بسەلمێنێت کە بۆچوونەکەی هەڵەیە و لەلایەکی دیکەوە لایەنگری نوێ لە ناو عەرەب بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بە ڕواڵەت خۆی کرد بە ناوبژیوان لە نێوان کورد و عەرەبدا.

(١) ئەم ڕێککەوتنە لە ١٩٧٢ کراوە. پاش ئەوە ئەمریکا ترسا و یارمەتی کوردی دا. وەرگێڕ

شـیوعییەکان لەبیریـان نەچـووە کـە تـۆزێ پێـش لـەوە[١]، سـۆڤیەت پڕۆپاگەنـدەی دەکرد کـە حزبـی بەعـس ڕەگەزپەرەسـت و فاشـییە، بۆیـە شـیوعییەکان بەتـەواوی خۆیـان نەخسـت بـە لای پ.د.ک. یـان بەعسـدا و داوایـان کـرد کێشـەکە لـە سـەر بنەمـای بیرۆکەی ئێسـتالین بـۆ نەتـەوەکان چارەسـەر بکرێـت.

پـاش ئـەوەی بەعـس لـە کۆتایـی ١٩٧٣ هێشـتی لقـی بـەرەی نیشـتمانی لـە کەرکـووک، هەولێـر، دهـۆک و سـلێمانی بکرێتـەوە، لـە سـەرەتای هەمـان سـاڵ، حزبـی شـیوعی داوای کـرد ناوچـە کێشـە لـە سـەرەکان کـە کـورد داوایـان دەکات و سـامانی نەوتـی هەیـە، بـە شـێوەی هاوبـەش لەلایـەن پ.د.ک. بەعـس و حزبـی شـیوعییەوە ئیـدارە بکرێـت. بـەڵام پ.د.ک. ئـەم پێشـنیارەی ڕەت کـردەوە، چونکـە کاربەدەسـتانی بـاڵای پ.د.ک. لـە نێـو خۆیانـدا سـۆڤیەتیان تۆمەتبـار دەکـرد کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر لـە ناوچـەی باکـوور سـەرمایەگوزاری دەکات بۆئـەوەی لـە کۆتاییـدا کلیلەکـەی تەسـلیمی بەعـس بـکات. بۆیـە بارزانـی فەرمانـی بـە پێشـمەرگەکانی دا لـە گوندەکانـی [کوردسـتان] هێـرش بکەنـە سـەر مارکسـییەکان.

٣- پـاش ئـەوەی ئاگربەسـتی نێـوان بەغـدا و گەڵاڵـە لـە بەهـاری ئەمسـاڵ کۆتاییپێهـات و شـەڕ لـە نێوانیانـدا هەڵگیرسـایەوە، جارێکـی دیکـە دەرفـەت بـۆ حزبـی شـیوعی ڕەخسـا ڕێکخسـتنەکانی بەهێزتـر بـکات. هەرچەنـدە بـە گوێـرەی ڕێککەوتنـی نیشـتمانیی تشرینـی دووەمـی ١٩٧١، جڵـەوی هێـزە چەکدارەکان تەنیـا بـە دەسـتی حزبـی دەسـەڵاتدارەوە بـوو، حزبـی شـیوعی توانـی، لـە چوارچێـوەی هێـزی زیـادە لـە باکـوور، چـوار بەتالیۆنـی سـەربەخۆ بەتایبـەت لـە کەرکـووک، هەولێـر و سـلێمانی دابمەزرێنێـت. حزبـی شـیوعی لـە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە بـارەگای خـۆی لـە سـلێمانی کردووەتـەوە و ئـاڵای بـە سـەر بارەگاکـەدا دەشـەکێتەوە.

٤- بەعــس قــەت نەچووەتــە ژێــر بــاری داواکاریــی حزبــی شــیوعی بۆئــەوەی ناوچەیەکــی ئۆتۆنۆمــی تایبــەت بــە خــۆی پێبــدات و ئەمدواییــەش داواکاری حزبــی شــیوعی ڕەتکردووەتــەوە بۆئــەوەی (ڕێکخراوێکــی سیاســی- ســەربازیی) لــە کورســتان دابمەزرێنێــت بۆئــەوەی جێگای بــە وتــەی خــۆی) پارتــی دیموکراتــی

(١) مەبەستی کاتی بەدەسەڵاتگەیشتنی بەعسە لە ١٩٦٨. وەرگێڕ

کوردستانی پاشڤەڕۆ) بگرێتەوە و بە کردەوە ڕابەرایەتی ئەو بە وتەی خۆیان ١٠ هەزار ئەندام و لایەنگرە بکەن کە لە باکوور هەیانە. سەدام حوسەین بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم هەوڵەی حزبی شیوعی هەوڵیدا هێز و لایەنە کوردەکان (هەرچەندە ژمارەیان زۆر کەم بوو) بەرەولای دەسەڵاتی ناوەندی ڕابکێشێت.

٥- ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حزبی شیوعی هەم ڕەخنە لە (ڕەفتاری فیودالی و دەرەبەگانەی) بارزانی دەگرن و هەم ڕەخنە لە شەڕفرۆشتنی بەعس بە کورد دەگرن و داوا لە هەر دوولا دەکەن کێشەکانیان بە شێوەیەکی دیموکراتی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکەن. ڕۆژنامەی [طريق الشعب]، زمانحالی حزبی شیوعی داوای لێیان کردووە ئۆتۆنۆمی [کوردستان] بکەن بە مۆدێل و نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ خەباتی گەلی کورد لە ئێران و تورکیا.

٦- کەوابوو نزیکبونەوە و پێکەوەسازانی حیزبی شیوعی و بەعس هەم هۆکاری لۆجیکیی ڕووناکبیریی تایبەت و هەم هۆکاری حیسابکردنی پاشەڕۆژی لە پشتە. هۆکاری لۆجیکیی ڕووناکبیری لەوەی دیکە گرنگترە، چونکە شیوعییەکان پشتیوانی لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەکەن. دەوڵەتی سۆڤیەت لە ٩ی تەمووزی ١٩٦٣ ڕایگەیاندووە پێیناخۆش نییە جێگەوڕێگای هەبێت لە وڵاتێک لە نزیک سنووورەکانی، کەوابوو پەرەسەندنی کێشەی کورد و عێراق، ئاسایشی سۆڤیەت دەخاتە ناو مەترسییەوە. هۆکاری حیسابی پێشەڕۆژ یانی حزبی شیوعی و بەعس هەرکامیان هەوڵ دەدەن ئەوی دیکە لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن و هەر کاتێک بۆیان گونجا لەناوی بەرن.

کەوابوو ناکۆکیی بەعسییەکان و شیوعییەکان قوڵە. بەڵام بەهۆی ئەوەی مسر لە چوارچێوەی ئیستراتژیی ڕۆژهەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت چووەتە دەرەوە، سۆڤیەت هیچ ڕێگای دیکەی بۆ نەماوەتەوە ئیلا لەگەڵ حکەمەتی عێراق بسازێت.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**تاران**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەبوزەبی، دیمەشق، جەددە، قاهیرە، واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، ئەنقەرە**

**بابەت: وڵاتانی عەرەب هاوکاریی حکومەتی کوردی دەکەن**

سەرچاوەیەکی باش کە نابێت ئاشکرای بکەم، پێیوتم لە نیوەی مانگی ئایار کۆبوونەوەیەک لە قاهیرە کراوە بۆ تاوتوێکردنی کێشەی کورد کە یەکێ لە کوڕەکانی مەلا [مستەفا] بارزانی تێیدا بەشدار بووە. نوێنەری عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب و میسر لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوونە، بڕیاریانداوە یارمەتی حکومەتی کورد بدەن. سوریا نەیویستووە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بێت.

عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب بڕیاریانداوە هەرکامیان ١٥ ملیۆن دولار یارمەتی کورد بدەن، مسر بەڵێنی داوە بڕی ١٨٠٠ تۆن چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بە کەشتی بنێرێت بۆ بوشەهر[لە ئێران] بۆئەوەی لەوێوە بنێردرێت بۆ [کوردستانی عێراق].

هاوکات ڕێکخراوە کوردەکان لە ئەمریکا هەندێ پێداویستی، جلوبەرگ، بەتانی و دەواودەرمانیان کۆکردووەتەوە، بەتەمان لە ناوەڕاستی مانگی تەمووز بە کەشتی بینێرن بۆ بەندەرعەباس[ بۆئەوەی لەوێوە بچێت بۆ کوردستانی عێراق].

شایانی ئاماژەپێکردنە سێ هەزار کوردی ئێران، پاش ئەوەی خوڵی مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان لە ئێران تەواو کرد دەنێردرێن بۆ کوردستانی عێراق.

ئەگەر ئەم هەواڵەی یارمەتی ماددی و سەربازیی عەرەبستانی سعودی، مسر و

ئیمارات بە کورد ڕاست بێت، شەڕی کورد و عێراق پێ دەنێتە قۆناخێکی تازە. بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت ئەمە تەنیا یارمەتییەکی ڕەمزییە و سەرجەم پێداویستییەکانی بارزانی دابین ناکات، بەڵام وەرچەرخانێکی گەورەیە لە هەڵوێستی هەندێ وڵاتی عەرەب لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد و بەتایبەت دەوڵەتی عێراق.

ئەمە یەکەمجارە کە بەرەیەکی عەرەبی دروست دەبێت بۆئەوەی شانبەشانی ئێران یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دژی ڕژێمی عێراق بدات.

**بیتاغ**(١)

**تێبینی وەگێڕ:**

ئەم زانیارییانەی ناو ئەم بەڵگەنامەیە هیچی ڕاست نییە. لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە عەرەبستانی سعودی تۆزی یارمەتی کوردی داوە، بەڵام ئیمارات و میسر قەت یارمەتییان نەداوە. تەنیا ئەمریکا لە ئەیلوولی ١٩٧٢ تا کۆتایی ١٩٧٤ شانزە ملیۆن دولار یارمەتی شۆڕشی کوردی داوە و شای ئێران دوو قاتی ئەوە یارمەتی ماددی داوە. ئیسرائیل و ئەمریکا زیاتر چەکوچۆڵی سووکیان دەدا بە کورد. میسر خۆی گیری خواردبوو بە دەستی شەڕی ئیسرائیلەوە، دولارێک و کلاشینکۆڤێکی نەبووە بیدا بە کورد. ئەوانە ئەگەر پارەیان بوایە دەیاندا بە ئوردن، چونکە ئوردن هەژار بوو، موحتاجی شای ئێران بوو. ئەشرەف مەروانی مسری، زاوای جەمال عەبدولناسر کە پاشان بوو بە جاسوسی ئیسرائیل، لە سەرەتای ئاداری ١٩٧٥ وەک ناوبژیوان کەوتە بەینی سەدام و شا و بواری خۆش کرد لە جەزاییر ڕێککبکەون. دەوڵەتی مسر ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە ڕێککەوتننامەی جەزاییردا.

ئەوەش کە دەڵێت ئێران مەشقی بە کوردی خۆی کردووە بۆئەوەی پاشان بچن بۆ کوردستانی عێراق ڕاست نییە. ئێران خواخوایبوو کوردی ئێران تێکەڵی شۆڕشی ئەیلوول نەبن، بەردەوام داوای لە بارزانی دەکرد کوردی ئێران وەک پێشمەرگە وەرنەگرێت. ئەوکاتە لە هەموو سوپای ئێراندا هەزار ئەفسەری کورد نەبووە. ئەوەش کە دەڵێت ڕێکخراوە کوردەکان یارمەتییان لە ئەمریکا کۆکردووەتەوە ئەویش ڕاست نییە. ئەوکاتە هیچ ڕێکخراوێکی کورد نەبووە لە ئەمریکا. بە هەمووی بیست کورد نەژیاوە لە ئەمریکا. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بوو کە ئەمریکا کۆمەڵێک کوردی وەک پەنابەر وەرگرت.

(1) BITARD

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، بروکسێل**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی [١] ٧١٥**

**بابەت: حزبی شیوعیی عێراق داوای دامەزراندنی حیزبێکی نوێی کورد دەکات**

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق لە درێژەی هەوڵەکانی بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەی دیموکراتی، ئەمدواییە ڕاگەیاندننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا وتی پێویستە کێشەکە بە شێوەی سیاسی و بە گوێرەی بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و پێشەوایەتیی لایەنە پێشکەوتنخوازەکان چارەسەر بکرێت.

حزبی شیوعی، پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبار کردووە کە ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەکەی داخستووە، ئاماژەی بە ئەنجامە نەرێنییەکانی شەڕی چەکداری بۆ دەوڵەتی عێراق کردووە و جەختی کردووەتەوە ئەگەری هەیە هێز و لایەنە ڕاستڕەوەکان کە دەیانەوێت گەلی کورد لە ڕژێمی شۆڕشگێڕی عێراق دابڕێنن، شەڕەکە لە پێناو ئامانجی خۆیان بەکاربێنن. کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعیی وتوویەتی دەرگا هەمیشە کراوەیە بۆئەوەی هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی کورد یەکبگرن بۆئەوەی حیزبێکی ناسیونالیستی دیموکراتیک دابمەزرێنن کە بتوانێت لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیدا لەنزیکەوە هاوکاریی بەعس و حزبی شیوعی بکات.

لە ڕاگەیاندننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: "کەندوکۆسپ هەیە لە سەر ڕێگای

(١) مەبەستی بەڵگەنامەی ٢٠ی حوزەیرانە. وەرگێڕ

تەیارکردن و لەسەریەکخستنی هەوڵە سیاسیە سەربازی و گەلییەکان کە حزبی شیوعی دەیەوێت بیدات بۆ سەرکەوتنی پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی [ کوردستان]. شیوعییەکان پێیانوایە گەڵاڵە یاسای ئۆتۆنۆمی تەنیا لە ناو بەرەی نیشتمانی و بە یارمەتیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کورد جێبەجێ دەکرێت. هۆشداری بە حزبی دەسەڵاتدار دەدەین و داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە ناسیونالیست و دیموکراتەکان دەکەین بەهانای بزووتنەوە کۆمۆنیست و دیموکراتییەکانەوە بێن بۆئەوەی ئیدارەیەکی نوێ بە بەشداریی لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی کورد دابمەزرێت بۆئەوەی بە زووترین کات پلانە ئابووریە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت پلانی چاکسازی زەویوزار جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی کۆمەڵانی خەڵک متمانە بە سیاسەتی بەرەی نیشتمانی بکەن."

کەوابوو وادیارە تێگەیشتن و بۆچوونی بەعس و حزبی شیوعی دەربارەی پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەیەک جیاوازە، بەتایبەت لە سەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی. ئامانجیی کۆتایی شیوعییەکان ئەوەیە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن لەڕێگای دامەزراندنی بەرەیەک کە سەرجەم هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق تێیدا بەشدار بن.

**پییەغ سێغل**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ٢٧ی حوزەیران ئاماژەی بەوە کردووە: "باڵوێزی یوگسلاڤیا لە بەغدا وتی حزبی شیوعیی عێراق هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە کە لە پێناو ئامانجی خۆیدا کە بەرە بەرە بگات بە دەسەڵات، یەکسەر پاش دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی، فەرمانی بە ئەندام و لایەنگرەکانی داوە واز لە پێشمەرگایەتی بێنن. پاش ئەم بڕیارەی حزبی شیوعی، بە سەدان ئەندام و لایەنگر، حزبی شیوعییان تۆمەتبار کرد کە خیانەتی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان کردووە و بڕیاریاندا ببن بە لایەنگری بارزانی. بەشێک لە ڕقوکینەی حزبی شیوعی لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٣ی تەمووزی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بابەت: حزبی شیوعیی عێراق هێرش دەکاتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و شای ئێران**

حزبی شیوعیی عێراق کە هەوڵ دەدات کێشەی کورد بە شێوەی دیموکراتی چارەسەر بێت (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٢٥ی حوزەیران)، لە درێژەی هێرشەکانی بۆ سەر باڵی ڕاستی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامی قسەکانی شای ئێرانی دایەوە کە لە کاتی سەردانی بۆ فەڕەنسا، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هەواڵنێری تایبەتی ڕۆژنامەی (لۆمۆند) کردبووی.

شاهەنشا دەربارەی ڕاپەڕینی کوردی[عێراق] وتوویەتی ئەمە نابێت بە کێشە بۆ ئێران، چونکە کورد وەک فارس لە ڕەگەزی ئاریاین (ئاری)، و [کوردی ئێران] لە ئێران لەگەڵ هیچ هەڵاواردنێک ڕووبەڕوو نین و سەرجەم مافەکانی خۆیان هەیە. ئێمە وەک خەمخۆرێک لە ئێرانەوە بەدواداچوون بۆ مافەکانی کەمینەی کوردی عێراق دەکەین.)

ڕۆژنامەی (طريق الشعب)، زمانحاڵی حزبی شیوعیی عێراق وتوویەتی کێشەی کورد هەمیشە پەیوەندی بە خەبات بۆ دیموکراسییەوە بووە و جەختی کردووەتەوە: "بزووتنەوەی کورد پاش خەباتی دیموکراتیخوازانەی گەلی ئێران، پێیناوەتە قۆناخی شەڕ. ڕژێمی شا دیموکراسی لە ئێران لەبار بردووە، بەڵام خۆی تێکەڵی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد کردووە. لەبیرمان نەچووە ئێران چی کارەساتێکی بە سەر کۆماری مهابادا هێنا. ئێستاش چوار ملیۆن کوردی ئێران ناتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. هەر ئەم قسانەی شا کە لە ڕۆژنامەی لۆمۆندا کردوویەتی نیشان دەدات

کە دەوڵەتی ئێران بە شێوەی فەرمی دان بە مافەکانی گەلی کورددا نانێت. هەروەک مێژوو نیشان دەدات، باڵی ڕاستی پ د ک پشتی بە ڕژێمێکی پاشڤەڕۆی گەندەڵ و بەکرێکگیراو بەستووە کە ئامانجی ڕاوەستاندنی ڕەوتی دیموکراتی و ئازادیخوازانەی عێراق و لەباربردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە."

ڕۆژنامەکەی حزبی شیوعی جارێکی دیکە داوای لە حزبی دەسەڵاتدار کردووە پلانە کۆمەڵایەتییە- ئابوورییەکان لە کوردستان جێبەجێ بکات و ڕێوشوێنە دیموکراتیکەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی بە تەواوی جێبەجێ بکات. ئەگەر جێبەجێ بکرێت، یارمەتی دەدات بە خەباتی کورد لە وڵاتانی دراوسێ لەپێناو گەیشتن بەو مافانەی لە عێراق بە کورد دراوە.)

ڕۆژنامەی طریق الشعب هەروەها ئاماژەی بە ڕاگەیاندننامەیەکی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کردووە کە تێیدا سیاسەتی سەرکوتکارانەی شا و دەستێوەردانی ئێران لە باکووری عێراقی شەرمەزار کردووە و وتویەتی ئێران دەیەوێت یەکڕیزیی عێراق تێکبدات و کەمکەم کوردستانی عێراق بخاتە سەر خاکی ئێران.

حزبی شیوعی عێراق لە کۆتاییدا بە توندی داکۆکی لە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵاتی عێراق کردووە.

**وەزارەتی بەرگری**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٥ی تەمووزی ١٩٧٤**

**بابەت: وڵاتانی دەرەوە یارمەتی ڕاپەڕینی کورد دەدەن**

لە دوو مانگی ڕابردوودا، سەرکردایەتیی کورد چەند لێژنەیەکی ناردووە بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیی سیاسی، ماددی و کەرەستە و پێداویستی. هەندێ لە لێژنەکان لە ئەرکەکەیاندا سەرکەوتوو بوونە.

**لە ئێران:**

- لە سەرەتای مانگی حوزەیران، دەسەڵاتدارانی ئێران بەڵێنیان بە نوێنەرانی ژەنەڕاڵ بارزانی داوە چەکی دژە فڕۆکەیان بدەنێ.
- سێ هەزار کوردی ئێران خولی ڕاهێنانی تایبەتی هێرش و تەقاندنەوەیان تەواو کردووە و ڕۆیشتوون بۆ کوردستانی عێراق بۆئەوەی هێزەکانی هێڵی پاشەوەی عێراق لەنابەرن.

**لە مسر:**

- لە کۆتایی مانگی ئایار دەسەڵاتدارانی مسر بەڵێنیان داوە بە لێژنەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتووە لە عەبدولکەریم، عەزیز مستەفا و جەلال تاڵەبانی پشتیوانی لە کورد دژی حکومەتی بەعسی عێراق بکەن.
- نوێنەرانی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب ٢٥ ملیۆن دولاریان داوە بە مەسعود بارزانی. بارزانی بە بەشێک لەم پارەیە ١٨٠٠ تۆن چەکوچۆڵی لە مسر کڕیوە کە پێکهاتووە لە بیکەیسی، هاوەن و ئارپیجی دژە تانک و نێردراوە بۆ ئێران بۆئەوەی بنێردرێت بۆ کوردستانی عێراق.

**لە ئەمریکا:**

- لە سەرەتای مانگی تەمووز، ڕێکخراوە ئەمریکییەکان بڕیکی زۆر پێداویستی و دەواودەرمان و کەرەستەی برینپێچییان داوە بە کورد.

دەوڵەتی تورکیا هێشتا وەڵامی دەوڵەتی عێراقی نەداوەتەوە بۆ ڕادەستکردنی ئەو ٣٧ پێشمەرگەیەی لە کۆتایی مانگی نیسان لە ناوچەی زاخۆوە چوونەتە ناو خاکی تورکیا.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٢ی تەمووزی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەنقەرە**

**بابەت: بارودۆخی کوردستان پاش سێ مانگ شەڕ**

پاش سێ مانگ شەڕ، بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە:

١- میحوەری مووسڵ - زاخۆ کراوەتەوە، هاتوچۆ ڕۆژانە بەردەوامە. هێزەکانی عێراق خەریکن بەرەو لای ڕۆژهەڵات دەچنەپێش و دهۆک و تەنانەت ئاکرێشیان گرتووە.

٢- هێزەکانی عێراق سلێمانیان گرتووە و خەریکن بەرەو چوارتا پێشڕەوی دەکەن.

لە ٢٥ی حوزەیران لە دەوروبەری بەرزەنجە، پێشمەرگەکان هێرشیان کردووەتە سەر هێزەکانی عێراق، سێ هەزار کەسیان لێکوشتوون. شەڕی خوێناوی لە ناوچە بەردەوامە.

٣- لە میحوەری ناوەڕاست، هێزەکانی عێراق هێشتا نەیانتوانیوە گەلی عەلیبەگ بگرن، ئامانجیان لە گرتنی ئەم شوێنە ئەوەیە کە [لەلای چەپەوە] پێش لە هاتوچۆی پێشمەرگە بەرەولای تورکیا بگرن و [لای باکوورەوە] ڕێگای پەیوەندییان لەگەڵ تەوریز[لە ئێران] دابخەن. ئێستا کۆمەڵێک لە هێزەکانی عێراق بەرەو مێرگە[پان]دەچنە پێش.

کەوابوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی تەسک بووەتەوە لە ناوچە شاخاوییە بەرزەکاندا لە سەر سنووری تورکیا و ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکان بەتایبەت بە شەو لە بناری شاخەکاندا تەنگیان بە هێزەکانی عێراق هەڵچنیوە.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٦ی تەمووزی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، جەزاییر**

**بابەت: سەرۆک کۆماری جەزاییر هەڕەشە لە کورد دەکات**

بەرپرسی نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا کە تازە لە واشنتۆن گەڕاوەتەوە پێیوتم کۆلۆنیل (عەقید) بۆمیدیەن، سەرۆک کۆماری جەزاییر لە کاتی دیدارەکەی لەگەڵ نیکسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، باسی مەسەلەی کوردی کردووە، بە لەحنێکی توند وتوویەتی قەبوڵ ناکات یەکپارچەیی خاکی عێراق تێکبچێت. سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئەم هەڵوێستەی سەرۆک کۆماری جەزاییری بەلاوە سەیر بووە.

نیکسۆن لە وەڵامدا وتوویەتی هەمیشە کێشەی کوردی بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق لەقەڵەمداوە و بۆمیدیەنی دڵنیا کردووەتەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە هەمبەر کێشەی کورد بەتەواوی بێلایەنە و دەستیتێوەرنادات.

## تێبینیی وەرگێڕ:

پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕژێمی بەعس، ئەمریکا باڵوێزخانەی لە بەغدا نەما، بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناو باڵوێزخانەی بەلژیکا لە بەغدا کردەوە. بەرپرسەکەی کەسێک بووە بە ناوی لۆری کە بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەوە نەبووە کە ئەمریکا یارمەتی شۆڕشی کورد دەدات، بۆیە لەو پەیمانەدا کە ناردوونی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆرتر لایەنی حکومەتی عێراقی گرتووە و داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە قەناعەت بە شای ئێران بێنێت یارمەتی کورد نەدات. هەواری بۆمیدییەن ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ڕێککەوتنی سەدام و شا لە جەزاییر لە ٦ی ئاداری ۱۹۷٥. لە ٥ی ئادار شا و سەدام گفتوگۆیان کرد، بەڵام ڕێکنەکەوتن، شەوەکەی بومیدیەن کەوتە نێوانیان و قەناعەتی پێهێنان ڕێکبکەون. حکومەتی جەزاییر قەد دۆستایەتی کوردی نەکردووە. لەم ڕووەوە وڵاتی مەغریب تۆزی لە جەزاییر باشتر بوو.

نیکسۆن بوو کە لە ئابی ۱۹۷۲ فەرمانی یارمەتیدانی ئەمریکا بە کوردی واژوو کرد. دوو مانگ پاش ئەم دیدارە، سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا، جیراڵد فۆرد، لە یەکەم بڕیارەکان کە واژووی کرد بەردەوامبوونی یارمەتی ئەمریکا بۆ کورد بوو. کەوابوو پشتیوانی ئەمریکا لە کورد فەرمانێکی فەرمی بوو، هەرچەندە سەد لە سەد نهێنی بوو. مەلا مستەفا چۆن شکی بکردایا لە فەرمانێک کە دوو سەرۆک کۆمار واژوویان کردووە.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٥ی ئابی ۱۹۷٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ۷۷۷**

**بابەت: پرۆپاگەندەی سیاسیی حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق دژی پارتی دیموکراتی کوردستان**

هێزەکانی سوپای عێراق ڕۆژی شەممە، ۳ی ئاب هێرشیکی بەربڵاوی دیکەیان دژی هێزە کوردەکان دەستپێکرد و فڕۆکەکانیان لە هەموو لایەوەکە کوردیان بۆمبباران کرد. شەڕ و پێکدادانی خوێناوی بەتایبەت لە ناوچەی چوارتا و میحوەری ڕواندوز ڕوویداوە.

حکومەتی عێراق پاش ئەوەی لە ۳۰ی تەمووز دوایین هەنگاوی هەڵگرت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی، وادیارە ئێستا بڕیاریداوە هێرشە سەربازییەکانی چڕوپڕتر بکاتەوە و پەرەیپێبدات بۆئەوەی پێش لە کۆتایی هاوین ئاگربەست بسەپێنێت بە سەر بارزانیدا و دامودەزگاکانی یاسای ئۆتۆنۆمی بکاتە کار.

هاوکات، حکومەتی بەعس بەردەوام پروپاگەندا بۆ خۆی دەکات، لێدوانی کەسانی جۆراوجۆر بڵاو دەکاتەوە کە بە قازانجی سیاسەتی حکومەت قسە دەکەن.

[ڕۆژنامەی طريق الشعب]، زمانحاڵی حزبی شیوعی عێراق، بە تووندی هێرش دەکاتە سەر باڵی لایەنگری بارزانیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەت تۆمەتباری دەکات کە هەفتەی ڕابردوو یەکێ لە ئەندامانی لقی حزبی شیوعی لە سلێمانی کوشتووە و ئەمدواییەش بۆسەی ناوەتەوە بۆ کاروانی ئۆتۆمۆبیلی کرێکارانی کارگەی (مەعمەلی) توتنی سلێمانی.

**ئیف سەیلاغ**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٦ی ئابی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە، قاهیرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٨٤٣ و ٨٧٢-٨٧٨**

**بابەت: سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق بە سەر کورددا**

وادیارە هێزەکانی سوپای عێراق ئەمدواییە کۆمەڵێک سەرکەوتنی بەرچاویان لە کاتی هێرشەکانیان بۆ سەر کورد لە ٣ی ئاب بەدەستهێناوە. هێزەکانی عێراق توانیویانە ڕواندوز و جادەی ڕواندوز بەرەو ئێران بگرن، لە ئەنجامدا ڕێگای سەرەکیی هاتنی پێداویستی و یارمەتی بۆ پێشمەرگە پچڕاوە. فڕۆکەکانی عێراق بە توونددی ناوچەی چوارتایان بۆمبباران کردووە.

بەهۆی ئەوەی ژمارەی هێزەکانی ئێران لە سەر سنوور زیاتر بووە و ئەمدواییە هەندێ پێکدادان لە سەر سنوور لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراقدا ڕوویداوە، فەرماندەیی سوپای عێراق هەندێ چەکۆچۆڵی قورسی، بەتایبەت تۆپ، لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا، لە نێوان خانەقین و بەدرە، دامەزراندووە.

هاوکات لەگەڵ ئەم سەرکەوتنانە، حکومەتی عێراق دەیەوێت خەڵکی عێراق زیاتر بەرەو لای سیاسەتی ئۆتۆنۆمیەکەی بۆ کوردستان ڕابکێشێت، بۆیە ئەمدواییە دیسان لێبوردنی گشتی بۆ کورد دەرکردووە، داوای لە پۆلیس، سەرباز، ئەفسەر، مووچەخۆر و کرێکار کردووە لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا کە لە ٢٥ی ئابەوە دەستپێدەکات بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

بـۆ یەکەمجـار، جێگـری سـەرۆک کۆمـاری عێـراق هەفتـەی ڕابـردوو لـە دانیشـتنی ٦٠ ئەندامـی ئەنجوومەنـی یاسـادانان (مەجلـس تەشریعـی)ی کوردسـتان ئامـادە بـوو کـە لـە ٣٠ی تەمـووز بـە پێـی بڕیارێکـی سـەرۆک کۆمـار (بنـواڕن بـۆ تیلیگرامـی ژمـارە ٨٢٩) دەسـتی بـەکار کردبـوو. ڕۆژنامـە و ڕاگەیاندنەکانـی عێـراق دەڵێـن هەنـدێ پـرۆژە دەسـتیپێکردووە بـۆ گەشـەپێدانی ئابووریـی پارێزگاکانـی باکـوور.

**ئیڤ سەیلاغ**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٩ی ئەیلوولی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٨٧٩**

**بابەت: دوایین هەواڵەکانی شەڕی کوردستان**

بەرپرسی کاروباری سەربازیی باڵوێزخانەکەمان ئەمدواییە بە ماوەی پێنج ڕۆژ سەفەری باکووری کرد. ئەو زانیاریانەی ناوبراو کۆیکردوونەتەوە لەگەڵ ئەو هەواڵانە یەکناگرێتەوە کە ئێزگەی (ڕادیۆی کوردستانی ئازاد) دەربارەی میحوەری کەرکووک بڵاوی کردووەتەوە.

**ئێستا بارودۆخەکە بەمجۆرەیە:**

- شاری کەرکووک بەتەواوی ئارامە و ئەو سەربازە گەنجانەی تێدایە کە خۆلی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیان تازە تەواو کردووە.
- هاتوچۆ لە میحوەری کەرکووک- شەقڵاوە ئاساییە.
- هەوڵی سەرەکیی سوپای عێراق ئەوەیە میحوەری شەقڵاوە- ڕواندوز- سنووری ئێران بگرێت بۆئەوەی هێزە کوردەکان لەیەک داببڕێن و ڕێگای هاتنی پێداویستی هێزەکانی بارزانی لە ئێرانەوە ببپچڕێت. هاوکات هێزیی ئاسمانی عێراق ناوچەکانی سەر سنووری ئێران بەردەوام بۆمبباران دەکات.
- ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی پەنایان بردووە بۆ ئێران. ئەمە نیشان دەدات کە هەندێ شوێن بەهەڵە بۆمبباران کراوە. وادیارە پێکدادان لە سەر سنور لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراقدا ڕوویداوە بەهۆی ئەوەی هێزیان بەرامبەر یەکدی نیشان داوە.

- لـە ناوچـەی باکـووری سـلێمانی، پێشـمەرگەکان هێشـتا بۆسـە بـۆ هێزەکانـی عێـراق دەنێنـەوە.
- لـە ناوچـەی باکوور(دهـۆک- زاخـۆ) کـە چەنـد هەفتەیەکـە سـوپای عێراقـی بەتـەواوی خـۆی جێگیـر کـردووە، پێشـمەرگەکان ناوچـەی ئامێـدی- سەرسـەنگ و ناوچـە بەرزەکانـی سـەر سـنووری تورکیاـان بەدەسـتەوەیە، هێـرش دەکەنـە سـەرهێزەکانی عێـراق.

بـە دڵنیاییـەوە هێزەکانـی سـوپای عێـراق سـەرکەوتنی باشـیان بەدەسـتهێناوە، هەرچەنـدە ژمارەیەکـی زۆریـان لێکـوژراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێشـمەرگەکان، بەتایبـەت بـە شـەو هێـرش دەکەنـە سـەر هێزەکانـی عێـراق.

دەسـەڵاتدارانی عێـراق هـاوکات لەگـەڵ نزیکبوونـەوە لـە زسـتان زیاتـر دەیانەوێـت دامودەزگاکانـی ئۆتۆنۆمـی وەگەڕبخـەن تـا هێرشـی سـەربازی بکـەن، چونکـە زسـتان پێـش لـە جموجۆڵـی هێزەکانـی دەگرێـت. لـە پێنـاو ئـەم ئامانجـەدا، نەعیـم حـەداد، سـکرتێری گشـتیی بـەرەی نیشـتمانی ڕایگەیانـد لایەنـە کـوردە پێشـکەوتنخوازەکان لـە ڕۆژانـی داهاتـوودا دێنـە نـاو بـەرەی نیشـتمانی. وادیـارە ئـەو لێبوردنـە گشـتییەی حکومـەت لـە ٢٥ی ئـاب تـا ١٥ی ئەیلـوول دەریکردبـوو بۆئـەوەی مووچەخـۆرە کـوردە سـەربازی و مەدەنییـەکان بگەڕێنـەوە بـۆ سـەر کارە حکومییەکانیـان تـا ئێسـتا ئەنجامێکـی ئەوتـۆی نەبـووە. هـاوکات دەسـتکراوە بـە جێبەجێکردنـی هەنـدێ پـرۆژە بـۆ گەشـەپێدانی ئـەو ناوچـە کوردنشـینانەی حکومـەت تـا ئێسـتا گرتوونەتییـەوە.

**ئیڤ سەیلاغ**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٥ی ئەیلـوول ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "بـە فەرمانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، ١٢ کـوردی دیکـە کـران بـە ئەندامـی مەجلیسـی تەشریعـی کوردسـتان کـە یەکێکیـان هاشـم حەسـەن ئاکرەیـی، وەزیـری کاروبـاری شـارەوانییەکانە. هێشـتا هەشـت کورسـیی ئەنجوومەنەکـە پـڕ نەکراوەتـەوە، بۆیـە حکومـەت هێشـتا هیـوای لەسـەر ئـەوە هەڵچنیـوە کـە هەنـدێ کەسایەتی کـورد لـە بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبگەڕێنـەوە بۆئـەوەی ئـەم کورسـییە بەتاڵانـە پـڕ بکەنـەوە."

باڵوێزخانـەی فەڕەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـی دیکـەدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٤ی تشرینـی یەکـەم ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "یەکـەم دانیشـتنی مەجلیسـی تەشریعـی کوردسـتان بەیانـی لـە هەولێـر بـە سـەرۆکایەتی تەهـا محێدین مەعـروف، جێگری سـەرۆک کۆمـار کـە کـوردە، دەسـتپێدەکات. ئەرکـی یەکەمـی ئـەم ئەنجوومەنـە کـە ٧٢ ئەندامـی هەیـە ئەوەیـە سـەرۆک و جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومـەن هەڵبژێرێـت. هاشـم ئاکرەیـی کـە سـەرۆکی مەجلیسـی تەنفیزییـە لەگـەڵ ١٤ کـەس لـە ئەندامانـی ئەنجوومەنەکـەی لـە دانیشـتنی بەیانـی مەجلیسـی تەشریعیـدا ئامـادە دەبـن. "

**وەزارەتی بەرگری**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤**

**بابەت: ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی عێراق لە کوردستان کوژراون**

هەرچەندە هێرشەکانی سوپای عێراق بەردەوامە، هێزەکانی مستەفا بارزانی هێشتا یەکڕیز و یەکگرتوون.

لە ٢٥ی ئەیلوولەوە ناوچەی قەڵادزێ و ڕواندوز ئارامە. لە بەرزاییەکاندا کە بەسەر گوندەکاندا دەنواڕێت، کوردەکان پشوو دەدەن، جارێ نایانەوێت هێرش بکەن. بە پێچەوانەی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەی لۆمۆند لە ١١ی تشرینی یەکەم بڵاوی کردووەتەوە، پێشمەرگەکان ناوچەی چیای زۆزکیان بەتەواوی بەدەستەوەیە.

٢٠ ڕۆژە سوپای عێراق هێرشێکی یەکجار تووند دەکات بۆ گرتنی گەلی عومەرئاغا، کە ١٠ کیلۆمەتر لە ڕواندوز دوورە و ناوچەی بادینان بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەبەستێتەوە، بەڵام زەفەری بە پێشمەرگەکان نەبردووە، زیاتر لە ٥٠٠ کەسی لێکوژراوە، لە کاتێکدا تەنیا ٥٠ پێشمەرگە کوژراوە و نزیکەی سەد کەسێکیان لێ بریندار بووە.

کوردەکان بنکەیەکی مەشق و ڕاهێنانیان لە نێوان حاجی عومران و ڕانییە کردووەتەوە کە دەتوانێت ڕاهێنان بە ٣٠٠ پێشمەرگە بکات. لە خوڵی ڕاهێناندا لانیکەم سێ هاوەنی ١٠٥، بیکەیسی، ئارپیجی دژە تانک و مۆدێلێکی کۆنی چەکی دژە فڕۆکە تاقی دەکەنەوە. مامۆستاکان زۆربەیان ئەفسەری سوپای عێراقن کە هاتونەتە ناو ڕاپەڕینی کورد.

هێزە هێرشبەرەکانی بارزانی هاوەنی ١٠٥ بەکاردێنن و ئێران لۆری پێداون کەرەستەکانیان پێبگوازنەوە. پارچەی تۆپ بە بۆلدۆزر دەگوازرێتەوە.

ئەفسەرێکی کوردی سوپای عێراق پشتڕاستی کردووەتەوە کە لە ١٣ی ئەیلوول،

٣١ فڕۆکـەی عێـراق خراوەتەخـوارەوە و ٧٥٠٠ کـەس لـە هێزەکانـی عێـراق کـوژراوە و بریـنـدار بـووە.

کەسـایەتییەکی مـسری لـە مانگـی تشرینـی یەکـەم هاتـووە بـۆ ئێـران، بەنیـازە سـەردانی بارزانـی بـکات بۆئـەوەی ناوبژیوانـی بـکات لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی فەرەنسـا لـە بەغـدا لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ١١ی تشرینـی یەکـەم ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "کەرکـووک، هەولێـر، سـەلاحەدین و شـەقڵاوە ئارامـە و بەدەسـت حکومەتەوەیـە. بارزانـی هێشـتا هەنـدێ شـوێنی گرنگی بەدەسـتەوەیە، ئەمدوایيـە چەنـد دانـە تۆپـی ١٥٥ی لـە ئێرانـەوە بـۆ هاتـووە. ئـەم مەسـەلەیە فەرماندەیی سـوپای عێراقـی زۆر نیگـەران کـردووە. هەرچەندە سـوپای عێـراق بـە ڕۆژ کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانـی کوردسـتان دەکات بـەڵام بـە شـەو کۆنـترۆڵ بەدەسـتی پێشـمەرگەوەیە."

**وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا**

**بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بۆ: نووسینگەی وەزیر**

**پاریس**

**٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤**

**بابەت: نامەیەکی بەپەلەی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری فەڕەنسا**

ئەم نامەتان بۆدەنێرین کە ژەنەڕاڵ بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ناردوویەتی بۆ بەڕێز سەرۆک کۆمار. نامەکە نوێنەری پ.د.ک. لە تاران داوییەتی بە ڕاوێژکاریی یەکەمی باڵوێزخانەکەمان لە تاران.

ڕابەری کورد ئاماژەی بەوە کردووە زۆر خۆشحاڵە کە دەبینێت خەڵکی فەڕەنسا هەستوسۆزیان هەیە بۆ کورد و پشتیوانی لێدەکەن و باسی ئەو کێشە و ئازارانەی کردووە کە کورد چەشتوویەتی لە میانەی ١٣ ساڵ خەبات دژی دەوڵەتی عێراق لەپێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیەکی هەرێمیی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

ژەنەڕاڵ بارزانی دەڵێت دەسەڵاتدارانی عێراق بە دەستی ئەنقەست ئەو ڕێککەوتننامەیە پێشێل دەکەن کە لە ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان حزبی بەعس و پ.د.ک.دا واژوو کراوە و بە شێوەی یەکلایەنە جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی ناتەواو و لەرزۆکیان بەسەر کورددا سەپاندووە. بارزانی پاش وادە ١٥ ڕۆژەییەکەی عێراق، ئەم ئۆتۆنۆمیەی ڕەتکردووەتەوە. لە ئەنجامدا هێزەکانی سوپای عێراق، کوردستانیان داگیر کردووە و بە فڕۆکە بۆمبارانی دەکەن، لە ئەنجامدا چەند سەد گوند سووتاوە و کەشوهەوای ترس و تۆقان و مەرگ باڵی کێشاوە بە سەر کوردستاندا، خەڵک لە ترسی مردن و

قەڵاچۆکردن پەنایان بۆ بناری چیاکان و وڵاتی ئێران بردووە، ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە ئوردوگاکاندا دەژین.

بارزانی دەڵێت دەسەڵاتدارانی عێراق، بەتەمان چەکوچۆڵ لە فەڕەنسا بکڕن و بە دڵنیاییەوە چەکوچۆڵەکان دژی کورد بەکاردێنن. کەوابوو بارزانی داوا لە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا و گەلی فەڕەنسا دەکات داواکاریی دەوڵەتی عێراق بۆ کڕینی چەکوچۆڵ ڕەتبکەنەوە، بۆئەوەی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە زیاتر نەبێت.

تێبینی: کارمان بە سەر ئەوەوە نییە کە سووچی ژەنەڕاڵ بارزانییە یان سوچی دەوڵەتی عێراقە، ئێمە لایەنی هیچکامیان ناگرین، بەڵام ناکرێت بە شێوەی فەرمی و بە نووسراو وەڵامی پەیامەکەی بارزانی بدەینەوە، ئەگەرنا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق ئاڵۆز دەبێت. کەوابوو پێمانباشترە ڕاوێژکاریی باڵوێزخانەکەمان لە تاران بە شێوەی زارەکی تەنیا ئەوە بە نوێنەرەکەی بارزانی بڵێت کە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا ئاگاداری ئەو کێشە مرۆییانەن کە لە ناوچەدا هەیە.

**دەقی نامەکەی بارزانی:**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤**

**زۆر بەڕێز جەنابی ڤالێغی ژیسکاغ دێستەن**[١]

**سەرۆک کۆماری فەرەنسا**

**بەڕێز،**

سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق و شۆڕشـی کـورد بـاش دەزانێـت کـە جەنابـت وەک سـەرۆکی کۆمـاری فەرەنسـا- کـە سـەنگەری دادپەروەریـی، برایەتـی و یەکسـانییە- یەکێـک لـە سیاسـەتمەدارە بلیمەتەکانیـت کـە بـاوەڕی تـەواوت بـە دیموکراسـی، ئـازادی و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی هەیـە و خەڵکـی فەرەنسـاش ڕۆژبـەڕۆژ زیاتـر پشـتیوانی لـە خەباتـی گەلـی کـورد دژی دیکتاتۆریـی و پاوانخـوازی دەکـەن، بۆیـە ئێمـە هەسـت دەکەیـن لەجێـگای خۆیدایـە ڕوو لەجەنابتـان بکەیـن و ئـەو بارودۆخـە لەڕادەبـەدەر دژوار و ئـەو ئـازار و مەینەتیانەتـان بـۆ ڕوون بکەینـەوە کـە ئێسـتا بەسـەر گەلەکەمانـدا دێـت.

**بەڕێز،**

گەلـی کـوردی عێـراق کـە نزیکـەی سـێ ملیـۆن کەسـە، زمـان، کولتـوور و مێژووەکـەی لـەوەی عـەرەب جیـاوازە، لـە ١٣ سـاڵی ڕابـردوودا ناچـار کـراوە بـۆ ئـەو مافـە هـەرە سـەرەتاییانە خەبـات بـکات کـە سـەرجەم پەیماننامـە نێونەتەوەییـەکان و جاڕنامـە گەردوونییـەکان بـۆ مـرۆڤ دانیـان پێدانـاوە. بـەڵام بەداخـەوە دەوڵەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق کوردیـان لـەم مافانـە بێبـەش کـردووە. لەوانەیـە پێتـان سـەیر بێـت ئەگـەر بڵێیـن کـورد لەمێـژە شـەڕێکی ڤێزەونـی بەسـەردا سـەپاوە، تەنیا بەهـۆی ئـەوەی داوای ئۆتۆنۆمیەکـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان دەکات لـە نـاو عێراقێکـی دیموکراتـدا.

---

(١) Valéry Giscard d'Estaing

**بەڕێز،**

لەوانەیە سوودی هەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە چەند قۆناخ ئاگربەست ڕاگەیەندراوە و ڕێککەوتن لە پشتی ڕێککەوتن کراوە. دوایین ڕێککەوتن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی دەسەڵاتداری بەعسی سۆسیالیستی عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ واژوو کرا کە تێیدا هەردوولا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن چوار ساڵ کات دیاری بکرێت بۆئەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەوڵەتی عێراق ڕێککەوتنەکەی بە هەموو شێوەیەک پێشێل کرد و یەکلایەنە یاسایەکی درۆزنانە و لەرزۆکی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان دەرکرد. ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی ئێمە سوودی نەبوو. پاشان هەڕەشەی شەڕێکی هەمەلایەنەیان دژی گەلەکەمان کرد و ماوەی ١٥ ڕۆژیان بۆ حیزبەکەمان دیاری کرد یاساکە قەبوڵ بکات ئەگەرنا لەگەڵ شەڕ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دەوڵەتی عێراق هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی وەدەستخستبوو بۆئەوەی هێرشێکی گەورە بکاتە سەرمان و لەناومان ببات.

**بەڕێز،**

یەکسەر پاش تەواوبوونی وادەکەی دەوڵەتی عێراق، هێزەکانی هێرشیان کردە سەر کوردستان، کارەساتیان خولقاند، نەهامەتییان بەسەرماندا هێنا و وڵاتەکەمانیان کاول کرد و خەڵکەکەمانیان بە کۆمەڵ کوشت. تا ئێستا بە فڕۆکە زیاتر لە سێ هەزار جار ناوچەکەمان بۆمبباران کراوە، سەدان گوند و شارۆچکە لەگەڵ زەوی تەخت کراوە و بەهۆی تۆپباران و بۆمببارانی بەردەوام سەدان کەسی سیڤیل کوژراوە. بەهۆی بۆمببارانی شاری قەڵادزێ، ١٣٤ کەس کە زۆربەیان قوتابی، منداڵ و پیرەژن و پیرەمێرد بوونە، کوژراون.

**بەڕێز،**

ئەم شەڕە بێبەزەییانە و هۆڤانەیەی دژی گەلەکەمان بەڕێوەدەچێت هیچ نییە جگە لە جینۆساید. بۆیە خەڵکی سیڤیلی کورد لە ترسی ئەوەی قەڵاچۆ بکرێن و بە کۆمەڵ بکوژرێن، بە ناچاری مەزرا وماڵوحاڵی خۆیان لە گوند و شارەکاندا بەجێهێشتووە و پەنایان بۆ ئەشکەوتەکان و بناری چیاکان بردووە. ژمارەیەکی کەمیان، نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس، پەنایان بۆ ئێران بردووە، بەهۆی چاکەی دەوڵەتی ئێران

و ڕێکخـراوی (شیروخورشـید) ئێسـتا لـە نـاو هەشـت ئـوردوگادا دەژیـن. ئەوانـی دیکـە کـە ژمارەیـان نزیکـەی ٣٠٠ هـەزار کەسـە، لـە نـاو چیاکانـی کوردسـتان سـەرگەردانن و لـە کەشـوهەوایەکی زۆر سـەختدا دەژیـن.

**بەڕێز،**

گەلەکەمـان لەگـەڵ هەڕەشـەی سیاسـەتی قەڵاچۆکـردن، لەناوچـوون و جینۆسـاید ڕووبەڕوویـە. جگـە لـەوەش دەوڵەتـی عێـراق بـەردەوام هـەوڵ دەدات چەکوچۆڵـی زیاتـر بکڕێـت بۆئـەوەی زیاتـر وڵاتەکەمـان کاول بـکات و خەڵکەکەمـان بکوژێـت. ئێسـتا بەتەمایـە چەکوچـۆڵ لـە وڵاتـی بەڕێزتـان بکڕێـت. بۆیـە داوا لـە جەنابتـان وەک سـەرۆک کۆمـاری فەڕەنسـا و هەروەهـا ویژدانـی خەڵکـی فەڕەنسـا دەکەیـن چـەک مەفرۆشـن بـە دەوڵەتـی عێـراق، چونکـە ئـەم چەکانـە تەنیـا بـۆ قەڵاچۆکـردن و کوشـتنی گەلـی کـوردی عێـراق بەکاردێنێـت.

**بەڕێز،**

ئێمـە دڵنیایـن، بـە گوێـرەی پرەنسـیپی دادپەروەریـی، دیموکراسـی و ئـازادی، خـودی جەنابتـان و دەوڵەتەکەتـان و گەلەکەتـان چـەک نافرۆشـن بـە دەوڵەتـی دیکتاتـۆری عێـراق. هـاوکات داوا لـە جەنابتـان دەکەیـن یارمەتیـی ماددیـی گەلـە چەوسـاوەکەمان بـدەن و پشـتیوانی مەعنەویـمان لێبکـەن.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ جەنابتان.

موخلیستان

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری شۆڕشی کورد**

**وەزارەتی بەرگری**

**بەشی تۆماری دەرەکی و دژە سیخوڕی**

**٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق کورد لە مووسڵ دەردەکات**

سوپای عێراق درێژە بە هێرشەکانی دەدات، بەشی باشووری چیای زۆزکی گرتووە. ئێستا هەوڵ دەدات جادەی ڕواندوز- ڕەزائییە گەمارۆ بدات بۆئەوەی لای باکوورەوە زیاتر بەرەو سنور سەربکەوێت و ڕێگای ئێران لە پێشمەرگە بگرێت.

بەپێچەوانەی شەڕەکانی ڕابردوو، وادیارە ئەمساڵ سوپای عێراق نایەوێت لە زستاندا هێرشەکانی بوەستێنێت. پێشمەرگەکان هەوڵیان داوە شاری ڕواندوز بگرنەوە، بەڵام سەرنەکەوتوون و نەیانتوانیوە چەکوچۆڵی هێرشبەری عێراق لەناوبەرن. هۆکاری سەرنەکەوتنەکەیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆپیان نییە.

کوردەکان جادەی هامیلتۆنیان چۆڵ کردووە و هاوەنەکانیان ( هاوەنی ١٢٢ی سۆڤیەتییان هەیە) کێشاوەتەوە بۆ بەرەی ٧٠ کیلۆمەتریی باکووری ئەم جادەیە.

لە ناوچەی مووسڵ لە مانگی تشرینی یەکەم کاربەدەستانی عێراق ئەم بڕیارانەیانە داوە:

- ١٥ هەزار سەربازی یەدەگیان بانگ کردووە بۆئەوەی ئاسایشی دامودەزگاکانی نەوت و ئیدارەکان و بنکە حکومییەکان بپارێزن.
- بنەماڵە کوردەکان لە ناوچەی زوممار، لە نزیکی تەلەعفەر لە ڕۆژئاوای مووسڵ، دەربکەن و عەشیرەتە عەرەبەکان لە شوێنیان دابنێن.
- سەرژمێری ئەو کوردانە بکەن کە لە شاری مووسڵ دەژین.

لەلایەکی دیکەوە، ئێران بەردەوام بە شێوەیەکی سنووردار یارمەتی پێشمەرگەکانی بارزانی دەدات. لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمەوە، دەسەڵاتدارانی ئێران خولی فێرکردنی دانانی مینیان لە کوردستانی ئێران کردووەتەوە بۆ پێشمەرگەکانی بارزانی.

خولەکە کە مامۆستاکانی ئەفسەری [ئێرانین] بۆ ئەوەیە پێشمەرگەکان مین لە سەر ڕێگای هاتوچۆی هێزەکانی عێراق دابنێن. بەهەرحاڵ پێشمەرگەکان لە بواری کاری تەکنیکیدا زۆر لێهاتوو نین، بۆیە حکومەتی ئێران ئەفسەرەکانی خۆی کە هەموویان کوردن، ناردووە بۆ کوردستانی عێراق بۆئەوەی هاوکاریی پێشمەرگەکان بکەن.

نوێنەرانی بارزانی لە تاران داوای دۆشکا، ژمارەیەکی زۆر گولەی هاوەن و پێداویستیی گەرمیان کردووە بۆئەوەی پێش لە زستان ئەمباری خۆیان پڕ بکەن و ئامادەکاری خۆیان بکەن.

هاوکات، لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم، کاربەدەستێکی ئێران داوای لە دەوڵەتی تورکیا کردووە تۆزێ نەرمی بنوێنێت و لە ڕووی مرۆڤدۆستییەوە تۆزی یارمەتی کوردەکان بدات.

**تێبینی**: لە کاتی قەیرانی قوبرسدا لە تەمووزی ١٩٧٤، دەوڵەتی عێراق زۆر یارمەتی تورکیای دا، بەتایبەت بڕێکی زۆر بەنزینی پێدا. لەوکاتەوە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر بووە و تورکیا ڕێوشوێنی زۆر توندی لە هەمبەر کوردی عێراق گرتووەتەبەر.

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤**

**تاران**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا**

**بابەت: بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی مەلا مستەفا بارزانی**

دەنگۆ لە تاران بڵاو بووەتەوە کە مستەفا بارزانی مردووە. هەرچەندە ئەم هەواڵە ڕاست نییە، بەڵام سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر نەخۆشە، ئێستا لە نەخۆشخانەیەک لە ئێران عیلاج دەکرێت. باڵوێزخانەکانی وڵاتانی عەرەب و ڕۆژهەڵات ڕایانگەیاندووە کە هەواڵی مردنی بارزانی ڕاستە.

ئەگەر بارزانی لە مەیداندا نەمێنێت، کوڕەکانی توشی کێشە دەبن و ناتوانن دەسەڵاتی خۆیان بە سەر پێشمەرگەدا بسەپێنن.

ئەم هەفتەیە ڕۆژنامەکانی ئێران هەواڵی هێرشەکانی کورد بۆ سەر هێزەکانی عێراقیان بڵاو نەکردووەتەوە.

**سوزا**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە تـاران لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٥ی شـوباتی ١٩٧٥ ئامـاژەی بـەوە کـردووە:

"ئـەو زانیارییانـەی باڵوێـزی مسـر لـە عێـراق داویـە بـە نووسـینگەی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە بەغـدا کـە گوایـە مسـتەفا بارزانـی نەخۆشـە، یـان تەنـات مـردووە، ڕاسـت نییـە. دەوڵەتـی عێـراق پـار بانگەشـەی ئـەوەی کـرد بارزانـی مـردووە، بـەڵام دوابـەدوای ئـەوە کـە تەلەڤزیۆنێکـی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا لەگـەڵ بارزانـی دیمانـەی کـرد و وێنـەی بارزانـی بڵاوکـردەوە، ئـەو ڕۆژنامانـە کـە هەواڵـی مردنـی بارزانییـان بـڵاو کردبوویـەوە توشـی سەرسـوڕمان بـوون. کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی ئێـران دەڵێـن بارزانـی زینـدووە و تەندروسـتی باشـە و لـە کوردسـتان دەژی (نـە لـە ئێـران). لـە کاتـی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لەنێـوان کـورد و دەوڵەتـی عێـراق لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٤ تـا ئێسـتا، ئیدریسـی کـوڕی مسـتەفا بارزانـی بـووە بـە فەرمانـدەی هێـزی پێشـمەرگە."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**بۆ زانیاری: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە تاران و قاهیره**

**بابەت: سەرکردایەتیی کورد دەیەوێت لەگەڵ حکومەت وتووێژ بکات**

باڵوێـزی مـسر، نەجارِ، بەشـێوەیەکی نهێنـی پێیوتـم نوێنەرێکـی مـەلا [مسـتەفا] بارزانی ئەمدواییـە سـەردانی مـسری کـردووە، بۆئـەوەی کاربەدەسـتانی مـسر ناوبژیوانـی بکـەن کـورد لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دەسـت بـە وتووێـژ بکاتـەوە.

نەجـارِ وتــی ئــەم هەنــگاوەی بــارەگای ســەرکردایەتی گەڵاڵــە نیشــان دەدات کــە ڕاپەڕینــی کــورد لاواز بــووە، چونکــە حکومەتــی ســوریا چەنــد هەفتەیەکــە بەهیــچ شــێوەیەک یارمەتییــان نــادات.

**پییەغ سێغل**

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤**

**بەغدا**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٩٨٣**

**بابەت: کورد هێرش دەکاتە سەر دامودەزگای نەوتی کەرکووک**

بە هۆی هاتنی زستان لە کوردستان، هێزەکانی سوپای عێراق ناتوانن جموجۆڵ بکەن. تۆپی ١٥٥ و ١٧٢ و ئارپیچی دژە تانک بە دەستی کورد گەیشتووە. ئەمە دوایین گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی سەربازی لە باکووری عێراقە.

کۆنترۆڵی سەرجەم شارەکان، و میحوەری مووسڵ - سنووری تورکیا کە سەرجەم هاتوچۆ بۆ تورکیا لەوێوە دەکرێت، لە دەستی سوپای عێراقدایە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەر جادەی هامیلتۆن و ناوچەی شەقڵاوە- ڕواندوز پێشمەرگەکان بەردەوام هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی عێراق و لێیان دەکوژن. پێشمەرگەکان لە ٢٧ی تشرینی دووەم بە شەو دەستیان وەشاندووە لە دامودەزگاکانی نەوتی کەرکووک. هەرچەندە دامودەزگاکانی نەوت بەتەواوی لەکار نەکەوتوون، بەڵام ئەمجۆرە هێرشانە نیشانەی شکستهێنانی سوپای عێراقە و نیشان دەدات کە ناتوانن پێش لە هەندێ هێرشی خۆنواندن و خۆدەرخستنی کورد بگرن. بۆیە فەرماندەیی سوپای عێراق بڕیاریداوە بە توندی بە فڕۆکە دەست بە بۆمبارانی کورد بکاتەوە. فڕۆکەکانی عێراق لەم هەفتانەی دواییدا بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕتر کورد بۆمباران دەکەن.

هاوکات حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە چەند هەزار کەس لە دانیشتوانی ناحیەی ئاکرێ گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان. ڕۆژنامەکانی سەر بە حکومەت

هەمـوو ڕۆژێ پرۆپاگەنـدا دەکـەن، دەڵێـن خەڵـک بـۆ دەربڕینـی پشـتیوانی لـە یاسـای ئۆتۆنۆمـی حکومـەت ڕێپێـوان دەکـەن، دەڵێـن یاسـاکە کۆمەڵێـک ڕێوشـوێنی باشـی دانـاوە بـۆ گەشـەپێدانی باکـوور، بـەڵام بۆیـان ناشـاردرێتەوە کـە سیاسـەتی حکومـەت لـەم پەیوەندییـەدا تووشـی کۆمەڵێـک کێشـە و تەنگوچەڵەمـە بـووە.

حکومـەت بـەردەوام هـەوڵ دەدات دامودەزگاکانـی ئیـداری خۆجێیـی وەگەڕبخاتـەوە: مەجلیـس تەشریعـی کوردسـتان بـە گوێـرەی پەیـڕەوی ناوخـۆی خـۆی دەسـتی بـەکار کـردووە. بەهەرحـاڵ بەهـۆی ئـەوەی دژە هێرشـی پێشـمەرگەکان بـۆ سـەر هێزەکانـی عێـراق توونـدتـر بـووە، حکومـەت ناتوانێـت کێشـەی کـورد بـە شـێوەی یەکلایـی چارەسـەر بـکات، سـەرەڕای ئـەوەش کـە دەنگـۆی مردنـی مەلا[مستەفا] بارزانـی بـڵاو بووەتـەوە.

لـەم بارودۆخـەدا، حکومەتـی عێـراق، ئـوردن و عەرەبسـتانی سـعودی خەریکـن لەیـەک نزیـک دەبنـەوە و لـە دانیشـتنی وڵاتانـی عـەرەب لـە ڕەبـات بڕیـار دراوە کـە لەنێـوان ئێـران و عێـراق ناوبژیوانـی بکـەن، کەوابـوو مەسـەلەی پەیوەندییەکانـی عێـراق و ئێـران گۆڕانـکاری گرنـگ بەخـۆوە دەبینێـت.

**لە پۆل لۆگوغییێغێ[١] باڵوێزی فەڕەنسا لە بولغارستان (بولگاریا) بۆ:**

**جەنابی ژان سۆڤانئاغژ[٢]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥**

**سوفیا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە مۆسکۆ، بەغدا، ئەنقەرە، تاران**

**بابەت: هەڵوێستی بولگاریا لەهەمبەر کێشەی کوردی عێراق**

بۆ یەکەمجار لە بولگاریا، ڕاگەیاندنەکان پشتیوانی لە سیاسەتی دەوڵەی عێراق لەهەمبەر کورد دەکەن. هەروەک لە تشرینی دووەمی ١٩٧٢دا ئاماژەمان پێکرد، ئەوکاتە لە سەر بانگهێشتی بەرەی نیشتمانی [بولگاریا] لێژنەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی سۆفیای کرد. یەکسەر پاش ئەوە دەوڵەتی عێراق تۆمەتی بە بولگاریا بەخشی و لەو کاتەوە تا ئێستا پەیوەندییەکانی عێراق و بولگاریا ئاسایی نەبووەتەوە. چەند مانگ لەمەوپێش باڵوێزی بولگاریا لە بەغدا بە بەڕێز سێغل، [باڵوێزی فەڕەنسا لە بەغدا]ی وتبوو کە گومانی هەیە سیاسەتی بەعس لە هەرێمی باکوور سەربکەوێت (بنواڕن بۆ تیلیگرامی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا لە ٨ی تەمووزی ١٩٧٤).

وادیارە ئێستا بولگاریا هەڵوێستی گۆڕیوە، چونکە کالۆیانۆڤ[٣]، هەواڵنێری ڕۆژنامەی رابانیچیسکۆ دێلۆ[٤] لە بەیروت کە ئەمدواییە سەردانی باکووری عێراقی کردووە، ستایشی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کردووە کە عێراق داویەتی بە کوردستان. ئەم

(1) Pol Le GOURRIEREC

(2) Jean SAUVAGNARGUESE

(3) KALOYANOV

(4) RABOTNITCHESKO DELO

ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیستی بولگاریا بووە کە حیزبی دەسەڵاتدار بووە. وەرگێڕ

ڕۆژنامەنووسە بولگارییە کە لە دانیشتنی دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنی یاسادانان (مجلس تشريعی)ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئامادە بووە، بە شتێکی مێژوویی ناوزەدی کردووە و باسی دامودەزگاکا ناوچەییە نوێکانی [ئۆتۆنۆمی] کردووە و پاشان وتەکانی عادل ئەلنەجد سەلیم[1]، سکرتێری حزبی شیوعیی عێراقی بڵاو کردووەتەوە. کالۆیانۆڤ وتوویەتی: "لە وەتەی بەعس لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨وە هاتوەتە سەر دەسەڵات، هەولێر ئەوەندە ئاوەدان کراوەتەوە کە مرۆڤ هەست دەکات لەدایک بووەتەوە. ئەم ئۆتۆنۆمیەی هەرێمی [کوردستان] نەتەنیا خزمەتی کورد دەکات، بەڵکوو خزمەتی سەرجەم خەڵکی عێراقیش دەکات و دەبێت بە بەردی بناخەی یەکگرتنی خەڵکی عێراق، بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەوە." سکرتێری حزبی شیوعیی عێراقیش خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە کە حیزبەکەی باش هاوکاریی بەعس و پ.د.ک. دەکات، وتوویەتی نوێنەرانی پ.د.ک. لە مەلا مستەفا بارزانی دابڕاون و هاتوونەتە ناو بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عێراق. ڕوونە کە مەبەستی ئەو کەسایەتییە کوردانە بووە کە هاتوونەتە لای حکومەت. ناوبراو هەروەها وتوویەتی بارزانی و هەڤاڵەکانی ناسیونالیستی ڕاستڕەوەن کە یاسای ئۆتۆنۆمیان ڕەتکردووەتەوە، چەکیان هەڵگرتووە و خزمەتی ئیمپیریالیزم، زایۆنیزم و پاشڤەرۆکان (رجعی) دەکەن.)

کالۆیانۆڤ لە کۆتایی وتارەکەیدا وتوویەتی: "یاخیبووەکان کە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە سەر سنووری ئێرانن، هەرچەندە چەکداریان زۆرە (٢٠ تا ٣٠ هەزار کەس بە گوێرەی هەندێ زانیاری) و لە دەرەوە پشتیوانیان لێدەکرێت، بەڵام پێگەو دەسەڵاتی سیاسییان لە ناو خەڵکی عێراقدا نەماوە."

ئەم هەڵوێستە نوێیەی دەوڵەتی بولگاریا کە بەدڵنیاییەوە لە لایەن سۆڤیەتەوە بەسەریدا سەپاوە و لە چوارچێوەی ستراتیژی سۆڤیەتدایە، لەلایەن تورکیای دراوسێی بولگاریا و هەروەها دۆستە ئێرانییەکانی دەوڵەتی بولگاریاوە پێشوازی لێدەکرێت[2].

---

(1) Adel Al Nadj SELIM

(٢) مەبەستی ئەو ئێرانییانەیە کە کۆمۆنیست بوونە و نزیکبوونە لە دەوڵەتی کۆمۆنیستی بولگاریا و هەروەها سۆڤیەت. ئەوکاتە باڵی زاڵی ناو حیزبی کونیستی ئێران (حیزبی تودە) زۆر نزیک بووە لە سۆڤیەت و وڵاتانی داردەستی سۆڤیەت وەک بولگاریا. وەرگێڕ

**لە کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە ژنێڤ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٣ی شوباتی ١٩٧٥**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن، تاران، بەغدا، ئەنقەرە**

**بابەت: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەوڵ دەدات یارمەتی کوردی عێراق بدات**

بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ نوێنەری ئێرلەند (کە ئێستا سەرۆکی کۆمیسیۆنە) و پاشان لەگەڵ خۆمیش گفتوگۆی کرد، وتی: "مێشکم زۆر سەرقاڵی کوردە. کوردەکان لە بارودۆخی دژواردان، لە باکووری عێراق لە سووچێکدا گیریانخواردووە، لە سنووری ئێرانیش دابڕاون و بە شەو و ڕۆژ بۆمبباران دەکرێن. ژمارەیان ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار کەس دەبێت و لە ڕووی خواردەمەنی و خۆراکەوە بارودۆخیان زۆر خراپە. دەوڵەتی تورکیا نەتەنیا سنوورەکانی بەڕوویاندا نەکردووەتەوە، بەڵکوو نەشیهێشتووە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پێداویستییان بۆبنێرێت."

سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پێیوتم دوو لێژنەی ناردووە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم ناوچەیە، بەڵام هێشتا ڕاپۆرتی لێژنەکانی بەدەست نەگەیشتووە.

ئەڵبەتە کوردەکان هەتا کاتێک لە سەر خاکی عێراق بن ناتوانن بکەونە ژێر چەتری پاراستنی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، لەگەڵ ئەوەشدا شازادە سەدرەددین[1] بە شێوەی فەرمی داوای لە نوێنەری تورکیا کردووە لەم پەیوەندییەدا هاوکاریان بکات، بەڵام تورکیا ڕەتی کردووەتەوە. سەدرەددین لە ڕێگای نوێنەری ئێرلەندەوە پێشنیاری بە دەوڵەتی بەریتانیا کردووە لەگەڵ تورکیا وتووێژ بکات بۆئەوەی تورکیا سنووری خۆی بە ڕووی ئاوارەکانی کوردی عێراقدا بکاتەوە، لەبەرامبەردا بەریتانیاش ڕێگە بەو تورکانە بدات کە پەنایان بۆ بنکەی بەریتانیا لە دوورگەی قوبرس هێناوە

(1) Prince Sadruddin

بچـن بـۆ باکـووری قـبرس. شـازادە سـەدرەددین پێیوانییـە ئـەم مامەڵەیـە سـەر بگرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەڵێـت نابێـت دەستەوەسـتان بیـن و هیـچ نەکەیـن.

١٠٠ هـەزار کـوردی [عێـراق] ئـاوارەی ئێـران بـووە. مەسـەلەی ئـەم ئاوارانـە لـە دوایـین دانیشـتنی ئەنجوومەنـی کۆمیسـیۆنی بـاڵای پەنابەرانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا تاوتـوێ کـراوە، ئەنجوومـەن بـەو ئەنجامـە گەیشـتووە کـە ئێـران کێشـەیەکی ئەوتـۆ بـۆ کاری کۆمیسـیۆن دروسـت نـاکات، بـەڵام بـە کۆمیسـیۆنی وتـووە هەتـا کاتێـک ژمـارەی ئـاوارەکان نـەگات بـە ١٥٠ هـەزار کـەس، پێیبـاش نییـە کۆمەڵگای نێونەتەوەیـی یارمەتـی مـادی ئێـران بـدات.

بـــە جیـــا تێبینییەکانـــی نوێنـــەری ئێرلەنـــد لـــە میانـــەی گفتوگۆکانـــی لەگـــەڵ کۆمیســـیۆنتان بـــۆ دەنێـــرم.

**فێغناند لۆغۆن**[1]

(1) Fernand Laurent

**لە کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە ژنێڤ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٥ی شوباتی ١٩٧٥**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، تاران، ئەنقەرە**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی پێشووم و تیلیگرامی ژمارە ٢١٤ دەربارەی گفتوگۆکەم لەگەڵ بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**بابەت: هەڵوێستێکی ناجوامێرانەی تورکیا لەهەمبەر کوردی عێراق**

سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور ئەمڕۆ پێیوتم بەڕێز گغاند دۆهۆتڤیل[1] لە سەردانەکەی بۆ کوردستان و ئەنقەرە گەڕاوەتەوە [بۆ سوئیس]. ناوبراو لە ئێران بە چاوی خۆی بینیویەتی کە کاربەدەستانی ئێران باش هاوکاریی ١٥٠ هەزار کوردی [عێراقی] ئاوارەبووی ئێران دەکەن. نوێنەری کۆمیتەکە، بە هاوڕێیەتی پزشکێکی سوئیسی و سوئیدی کە چوار مانگە لە ناوچەکە کار دەکەن، لە ١٥ بۆ ٢٢ی کانوونی دووەم سەردانی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقی کردووە یانی زیاتر دۆڵی چۆمان کە ڕێگای هامیلتۆن لەوێوە دەڕوات و بارەگای سەرکردایەتی ڕاپەڕین لەوێیە. بەهۆی نەبوونی کات ناوبراو نەیتوانیوە سەردانی ناوچەی بادینان بکات کە لە سەر سنووری تورکیایە و لە چۆمان دابڕاوە، چونکە ڕێگای چۆمان بۆ بادینان کە ئاسفالتە و درێژە (بە ئۆتۆمۆبیل دوو ڕۆژ دەبێت، بە پیرۆیشتن دە ڕۆژ دەبێت) پچڕاوە و سوپای عێراق بەردەوام بۆمبارانی دەکات.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کوڕەکانی بارزانی و چەند پزشکێکی کورد بە بەڕێز (دۆهۆتۆڤیل) یان داوە، ٥٥٠ هەزار کەس لە ناوچەی بادینان هیچ پێداویستییەکی ژیانیان نییە و بارودۆخیان زۆر خراپە و مەترسی لە سەر ١٥٠ هەزار کەسیان هەیە

(1) Grand L'hauteville

نوێنەری کومیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بووە. وەرگێڕ

گیانیـان لەدەسـتبدەن. برسـێتی لـەم ناوچەیـە وەک ئـەوەی بیافـرای[1] لێهاتـووە.

بەڕێـز دۆهۆتۆڤیـل لـە ٢٧ تـا ٢٩ی کانوونـی دووەم سـەردانی ئەنقـەرەی کـردووە، تکاولاڵـەی لـە بەرپرسـی نووسـینگەی کاروبـاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا کـردووە سـنوورەکانیان بـەرەو ڕووی ئاوارەکانـدا بکەنـەوە یـان لانیکـەم بهێڵـن کۆمیتـەی خاچـی سـوور دەواودەرمـان بنێرێـت بـۆ کوردسـتان، بـەڵام تورکیـا بـە هیـچ شێوەیەک قەبوڵـی نەکردووە. تەنانـەت ڕێکخـراوی مانگـی سووری تورکیـاش پاسـاوی بـۆ ئـەم هەڵوێسـتە ناجوامێرانـەی دەوڵەتـی تورکیـا هێناوەتـەوە، وتوویەتـی تورکیـا پێویسـتی بـە نەوتـی عێراقـە، ئەگـەر سـنوورەکانی بکاتـەوە دەوڵەتـی عێـراق گوشـار دەخاتـە سـەر تورکمانـەکان.

کۆمیتـەی نێونەتەوەیـی خاچـی سـوور پێیوایـە هیـچ کەڵکـی نابێـت، ئەگـەر کۆمەڵـگای نێونەتەوەیـی لـە ڕێـگای ڕۆژنامەکانـەوە داوا لـە تورکیـا بـکات لـە پێنـاو مرۆڤایەتیـدا تـۆزێ لـەم پەیوەندییـەدا نەرمـی بنوێنێـت، یـان ڕاسـتەخۆ لـە میانـەی ئـەو دوو کۆنفرانسـە کـە ئێسـتا لـە ژنێـڤ بەڕێـوە دەچێـت ( کۆنفرانسـی دیپلۆماتیـک بـۆ پێداچوونـەوە بـە مافـی مـرۆڤ و کۆنفرانسـی کۆمیسـیۆنی مافـی مـرۆڤ) داوای شـتی وا لـە تورکیـا بکرێـت.

تـا ئێسـتا نـە بەڕێـز گالۆپـەن[2] و نـە نوێنەرەکـەی داوایـان لـە فەڕەنسـا نەکـردووە لـەم پەیوەندییـەدا هەنـگاو هەڵبگرێـت.

**فێغناند لۆغۆن**

---

(1) Biafra

بیافـرا وڵاتێکـی بچووکـی ئەفریقاییـە کـە پـاش جیابوونـەوە لـە وڵاتـی نیجریـا، لـە ١٩٧٠ تووشـی قاتوقڕی بـوو، ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکەکـەی ( ٨٠٠ هـەزار بـۆ یـەک ملیـۆن کـەس) بـە هـۆی برسـێتی و نەخۆشـییەوە گیانیـان لـە دەسـتدا. وەرگێـڕ

(2) GALOPPIN

**لە کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە ژنێڤ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٤ی شوباتی ١٩٧٥**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، قاهیرە**

**بابەت: داواکارییەکی ژەنەڕاڵ بارزانی لە کۆنفرانسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان**

ژەنەڕاڵ بارزانی نامەیەکی ناردووە بۆ سکرتێری کۆنفرانسی مافی مرۆڤ، دیسان داوای کردووە بزووتنەوەی کورد وەک چاودێر لە کۆنفرانسەکەیاندا بەشداربێت. جەنابی سکرتێر(کە لە وڵاتی نیکاراگۆیە) دەڵێت ڕاستەوخۆ داواکارییەکەی بارزانی ناردووە بۆ سەرۆکی کۆنفرانسی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵام وادیارە ڕاست ناکات. بەهەرحاڵ نامەکەی بارزانی لە ١٢ی شوبات لە دانیشتنی یەکەمی کۆمیسیۆنی کۆنفرانسەکە خراوەتەڕوو کە لە ١٠ ئەندام پێکدێت.

نوێنەری عێراق [لە کۆمیسیۆنەکەدا] بەشدار نەبووە، چونکە ژمارەی ئەندامانی لێژنەکەی زۆر کەم بووە بۆئەوەی لە سەرجەم کۆمیسیۆنەکاندا کار بکات، بۆیە نوێنەری ئوستراليا، کامێرۆن، ماداگاسکار، پیرو، سینێگال، چکسلڤاکی و تایلەند دژی داواکارییەکەی کورد نەوەستاونەتەوە. تەنیا لێژنەی ئەمریکا وتوویەتی کێشەی کورد پەیوەندی بە کۆمیسیۆنەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە کۆنفرانسەوە هەیە.

بە وتەی سەرۆکی کۆمیسیۆن، لێژنەی نوێنەرایەتیی عێراق لەو کاتەوە داوای لە ئەندامانی کۆمیسیۆن کردووە داواکارییەکەی کورد تاوتوێ نەکەن. ئەم مەسەلەیە بووە بە سەرئێشە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی کۆمیسیۆن، بەتایبەت گروپی وڵاتانی عەرەب، هەرچەندە عێراق مەسەلەکەی لە ناو ئەم گروپەدا نەخستووەتەڕوو. وادیارە بیروڕای جیاواز هەیە لە نێو ئەندامانی گروپەکەدا، بەتایبەت لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و مسر بەهۆی کێشەی فەلەستین (کە کێشەکەیان وەک ئەوەی کوردە) ئاڵۆزە.

ئەگەر بێت کێشەی کورد لە دانیشتنی گشتیدا بخرێتەڕوو- کە زۆرێک لە ئەندامەکان ئەمەیان پێخۆش نییە، چونکە نایانەوێت مەسەلەی بانگهێشتکردنی ئەم

لێژنە و ئەو لێژنە سەرهەڵبداتەوە- سوپاسی وەزارەتی دەرەوە دەکەم ڕێنوێنیم بکات وەک لێژنەی فەڕەنسا چی هەڵوێستێک لە چوارچێوەی ئەم کۆنفرانسەدا بگرینەبەر.

**فێغناند لۆغۆن**

**وەڵامی وەزارەتی دەرەوە:**

١- کێشەی کورد، کێشەی ناوخۆیی عێراقە. دەوڵەتی عێراق زۆر هەستیارە لە هەمبەر هەر چەشنە دەستێوەردانێک لەم مەسەلەیەدا.

٢- دەوڵەتی ئێران، هەرچەندە خۆی کەمینەی کوردی هەیە، یارمەتیی ئاوارەکانی کوردی عێراقی داوە، بەڵام تورکیا هەڵوێستی زۆر جیاوازی بووە، چونکە ئێران پشتیوانی لە ڕاپەڕیوانی کورد دەکات، بەڵام تورکیا دەترسێت هەستوسۆزی ئۆتۆنۆمیخوازیی کوردی عێراق کار بکاتە سەر وڵاتەکەی، پێیخۆشە ڕاپەرینی کورد بە زووترین کات لەناو بچێت و سەری پان بکرێتەوە.

٣- وڵاتانی عەرەب هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نییە لە هەمبەر سیاسەتی عێراق سەبارەت بە کێشەی کورد و هەڵوێستی هەرکامیان پەیوەندی بە چۆنییەتی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقەوە هەیە.

٤- تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، دەبێ زۆر بە پارێز و وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرین، بۆئەوەی ڕژێمی عێراق هەوڵی ڕاستەقینە بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەی ئاشتیخوازانە. ئەگەر هات و کێشەی کورد چی لە کۆمیسیۆن و چی لە دانیشتنی گشتیدا خرایەڕوو، ئێوە نابێت پشتیوانی لێبکەن.

**کۆغسێل**

**١٩ی شوباتی ١٩٧٥**

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

عیسمەت شەیف وانلی، نوێنەری شۆڕشی کورد لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٥ نامەیەکی تێروتەسەلی چوار لاپەڕەیی ناردووە بۆ سکرتێری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراقی دژی کورد کردووە، داوای لێکردووە بە زووترین کات تاوتوێی پێشێلکردنی مافی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بکرێت. وانلی ئاماژە بەوە کردووە: "لە نێوان ١٥ی نیسان و ٣١ی ئایاری ١٩٧٤، فڕۆکەکانی عێراق ١٥ شار و ٢٠٥ گوندیان بۆمبباران کردووە. لە نێوان نیسان و ئەیلوولی ١٩٧٤ لانیکەم ٦٥ کەس لەسێدارەدراون و تا ئاستی مەرگ ئەشکەنجە دراون. لە ١٩ی نیسان بۆ ١٥ی تەمووزی ١٩٧٤، ٥٠٠ گوندیی بەهۆی بۆمبارانەکانەوە کوژراون."

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٧ی شوباتی ١٩٧٥**

**بەغدا**

**زۆر نهێنی، بەپەلە**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە جەزایير**

**بابەت: هاوکێشەکانی ناوچەکە، بزووتنەوەی کورد بەرەو ڕووخان پاڵدەنێت**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ١٩٥ی پێشوومان**

باڵوێزی ئێران [لە بەغدا] بە قەد کاربەدەستانی عێراق سەرقاڵی مەترسییەکانی بەردەوامبوونی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی [ئێران و عێراقە]. باڵوێزی ئێران لێینەشاردمەوە کە ئێران و عێراق دەبێ بە زووترین کات ڕێگاچارەیەک بۆ بارودۆخی ئێستا بدۆزنەوە کە هاوسەنگیی ئاسایشیی ناوچەی تێکداوە.

بەڕێز شەهیدزادە ئەو ئاماژە جۆراوجۆرانەی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقی بە باش زانی کە کردوویەتی بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران حاڵی بکات ئەگەر وتووێژەکان دوا بکەوێت مەترسی لێدەکەوێتەوە. لێدوانەکانی [سەدام حوسەین] لە یەکی شوبات لە کۆنفرانسی پشتیوانی لە عێراق لەهەمبەر دەستدرێژیی ئێران، ڕێک وەک ئەو هۆشدارییەوە کە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١ داویەتی بە کۆمپانیای نەوتی عێراق[١]، کە تێیدا وتبووی ئەگەر ئێران پێشنیاری ئاشتی ئێمە قەبوڵ نەکات ئێمە هەڵوێستمان توندتر دەبێت. بەڕێز شەهیدزادە وتی بەداخەوە جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمدواییەی عێراق، (دانیشتنی عولەما) و ( کۆنگرەی هێزە ئاشتیخوازەکانی ئاسیا) کە ئەمدواییە بەڕێوەچووە، هەلی بۆ هێز و لایەنە چەپەکان

(١) مەبەستی ئەوەیە کە سەدام لە ١٩٧١ هەڕەشەی کردووە کۆمپانیای نەوتی عێراق خۆماڵی دەکات و لە چنگی وڵاتانی ئەوروپایی دەریدەهێنێت. وەرگێڕ

ڕەخساندووە بە توندترین شێوە هێرش بکەنە سەر ڕژێمی شا، و خزمەتی بە ئامانجی حکومەتی عێراق کردووە بۆئەوەی هێز و لایەنەکانی ناوخۆ و دەرەوە پشتیوانی لێبکەن.

باڵوێزی ئێران وتی ئەم لێدوان و ئاماژانە لە چوارچێوەی بانگەوازە تاڕادەیەک ئاشکراکانی سەدام حوسەینە بۆ وتوویژ لەگەڵ ئێران کە لە کۆنگرە جۆراوجۆرەکان و دیمانەکانیدا، وەک دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی (الاهرام)ی مسردا باسی کردووە. باڵوێزی ئێران بە دەقیقی وتی پێشهاتەکانی ئەمدواییەی نێوان ئێران و عێراق (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ١٥١) بەهۆی ڕەخنە توندەکانی ئەمدواییەی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە هەندێ لە باڵە پاوانخواز و زیادەخوازەکانی ناو بەعس بووە، بەتایبەت لێدوانەکانی لە ١٥ی کانوونی دووەم و یەک و ٢٣ی شوبات. باڵوێزی ئێران بە ئاشکرا ئاماژەی بەو ڕۆڵە کرد کە فەڕەنسا پێشتر گێڕاویەتی بۆئەوەی عێراق نەچێتە ناو پەیمانی کۆمیکۆن[١]. وتی جێگیربوونی فەڕەنسا لە ناوچەی بەینونەهرەین[٢] باشترین ئامرازە بۆئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەم ناوچەیە لاواز بێت و لە ئەنجامدا پێگەی سەدام حوسەین قایمتر دەبێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی دژی لایەنە توندئاژۆکانی ناو بەعس و دەسەڵاتی شیوعییەکان.

خاڵێکی بەرچاوی دیکە ئەوەیە کە بەڕێز شەهیدزادە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕیبوو. بەڕێزیان پێشتر نکوڵی لەوە دەکرد کە کێشەی ئەتنیکی لە ئێراندا هەبێت، بەڵام ئەمجارە لە گفتوگۆیەکی دووروردرێژ و متمانەپێکردندا، پێیوتم نیگەرانە لە توندبوونی ناسیونالیزمی کورد و وتی: "باڵی پێشکەوتنخواز[٣]، ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتیان لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە گەلالە زیاتر دەبێت. ئەم باڵە دەیانەوێت خەڵک بە گوێرەی مۆدێلی سۆڤیەت و چین ڕێکبخەن و لەپێناو سەرکەوتنی خۆیاندا، باڵی فیوداڵ کە پشتیوانی لە بارزانی دەکەن، لەناو ببەن."

---

(١) پەیمانی کۆمیکۆن ڕێککەوتنێکی ئابووری بووە کە لە ١٩٤٩ لەنێوان وڵاتانی کۆمۆنیستدا کراوە، پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ١٩٩١ پەیمانەکەش هەڵوەشاوەتەوە. وەرگێڕ

(٢) بەینونەهرەین کاتی خۆی بە ناوچەی نێوان ڕووباری دیجلە و فورات وتراوە کە لانکەی شارستانییەت بووە، ئێستا بۆ ئاماژەکردن بە وڵاتی عێراق بەکاردێت. وەرگێڕ

(٣) مەبەستی چەپەکانە. وەرگێڕ

باڵوێـزی ئێـران هەروەهـا نیگەرانـی ئـەوە بـوو کـە لـە نێـو ئەوانـەی شـەپۆل شـەپۆل وەک پەنابـەر چوونەتـە ئێـران، چەنـد هـەزار کەسـێکیان کاری خراپکارانـە لـە ئێـران ئەنجـام بـدەن. باڵوێـزی سـوریا لـە بەغـدا پێیوتـم وەزیـرە کوردەکانـی پێشـووی کابینـەی عێـراق، [سـامی] عەبدولڕەحـمان، [سـاڵح] یوسـفی و [موحسـین ] دزەیـی و دارا تۆفیـق، سەرنووسـەری پێشـووی ڕۆژنامـەی [التاخـی]، زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پێیانوایـە ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی وڵاتانـی سۆسیالیسـتیدا وتوویـژ بکرێـت بۆئـەوەی کێشـەی کـورد بەشـێوەی دیموکراتـی و ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بکرێـت. باڵوێـزی سـوریا وتـی سـەردانەکەی ئەمدواییـەی تاریـق عەزیـز بـۆ سـۆفیا (لـە ۹ی شـوبات) بـۆ ئـەوە بـووە کـە دەوڵەتـی بولگاریـا (بولغارسـتان) لـە نێـوان دەوڵەتـی عێراق و بـارەگای سـەرکردایەتیی گەڵاڵـە لەلایـەک و لەنێـوان عێـراق و سـۆڤیەت لەلایەکـی دیکـەوە ناوبژیوانـی بـکات. هـەروەک دەزانیـن ئێسـتا کێشـەی کـورد بـووە بـە خاڵـی ناکۆکیـی عێـراق و سـۆڤیەت.

باڵوێـزی مـسر لـە بەغدایـش پێیوتـم بارزانـی نوێنـەری نـاردووە بـۆ لای دەوڵەتـی مـسر[ بۆئـەوەی ناوبژیوانـی بـکات لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێراقـدا]، بـەڵام سـەدام حوسـەین نایەوێـت هەمـان هەڵـەی ۱۹۷۰ [1]دووپـات بکاتـەوە، وتوویەتـی تەنیـا کاتێـک لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وتوویـژ دەکات کـە پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق ئاسـایی بێتـەوە.

کەوابـوو ڕەوتـی پێشـهاتەکان نیشـان دەدات کـە دەرفەتێکـی جیـددی ڕەخسـاوە پەیوەندییەکانـی ئێـران و عێـراق بەمزوانـە ئاسـایی بێتـەوە. باڵوێـزی ئێـران پێیوایە پێویسـتە دەوڵەتـی ئێـران ئـەم هەلـە لەدەسـتنەدات کـە بەهـۆی دەسـتپێشـخەریی ئەمدواییـەی سـەدام حوسـەین ڕەخسـاوە، چونکـە لەبارودۆخـی ئێسـتادا لـە نـاو دەوڵەتـی عێراقـدا سـەدام حوسـەین باشـترین کەسـە کـە وتوویـژی لەگـەڵ بکرێـت. جێگـری سـەرۆک کۆمـاری عێـراق زۆر بـاش دەزانێـت هەنگاوەکانـی بـۆ ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ شـا، چـی مەترسـییەکی بـۆ دەسـەڵاتەکەی بـەدواوە دەبێـت، بۆیـە دەیەوێـت ئێـران بـە زووتریـن کات بـەدەم دەستپێشـخەرییەکانییەوە بێـت.

(۱) مەبەستی ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰یە. وەرگێڕ

باڵوێزی ئێران بە شێوەی نهێنی پێوتم بۆئەوەی پێگەی سەدام حوسەین لەهەمبەر باڵە زیادەخواز و توندئاژۆکانی ناو بەعس بەهێز بێت دەسەڵاتدارانی ئێران ئیدی پێداگری ناکەن کە شەتولعەرەب لەنێوان ئێران و عێراقدا دابەش بکرێت، بەڵکوو بەوەش ڕازین کە ڕێککەوتنێکی سادە بکرێت بۆئەوەی کەشتییەکانی هەردوو وڵات بە ئاسانی لە شەتولعەرەب هاتوچۆ بکەن.

بەڕێز شەهیدزادە بۆی باس کردم پێیوایە لە کۆتاییدا چی دەبێت، وتی دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانەوێت سیاسەتی خۆیان سەد لە سەد بگۆڕن، چونکە هەر جارێک کە هیوایەک بۆ چەسپانی ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراقدا دێتەکایەوە، بەهۆی پێکدادانێکی سەربازی یان ڕووداوێکی دیپلۆماتیک، بارودۆخەکە دیسان ئاڵۆز دەبێتەوە و پێش لەوە دەگرێت کە ئێران و عێراق ڕێکبکەون. باڵوێزی ئێران وتی پێویستە کارێک بکرێت ئەو لایەنانەی لە عێراق و دەرەوە دەیانەوێت کێشەکە ئاڵۆزتر بێت، سەریان سوڕبمێنێت. بەڕێزیان وتی لە ناخی دڵییەوە ئاواتەخوازە لە کۆنفرانسی جەزاییر کە لە داهاتوویەکی نزیک بەڕێوەدەچێت، شا و سەدام حوسەین دوو بە دوو دەربارەی مەسەلە ئابووری و ئیستراتژییەکان وتووێژ بکەن و ئەم هەلە بەکاربێنن بۆئەوەی عێراق بگەڕێتەوە ناو هاوکێشەکانی ناوچە.

**پییەغ سێغل**

**لە کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە ژنێڤ بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١١ی ئاداری ١٩٧٥**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بێرن، نیۆیۆرک، جەزاییر، تاران، بەغدا، ئەنقەرە**

**بابەت: مەرگی شۆڕشی کورد و بێدەنگی دنیای ئازاد**

تەنیا چەند کاتژمێر پاش ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لە جەزاییر، هێرشێکی زەمینی توند و بەرفراوانی هێزەکانی سوپای عێراق دژی کورد دەستپێکردووە. فدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە لە ژنێڤ لە تیلیگرامێکدا ئەم زانیارییانە و کۆمەڵێک زانیاریی دیکەی ناردووە بۆ بەڕێز ڤاڵدهەیم[1]، بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و بۆ سکرتێری گشتیی لقەکانی خاچی سوور. ئەم فدراسیۆنە بەتایبەت ئاماژەی بە کۆنڤانسیۆنی ١٩٤٨ کردووە، وتوویەتی ئەگەری هەیە کورد ڕووبەڕووی تاوانی جینۆساید بێتەوە و داوای لێیان کردووە پێش لەم تاوانە بگرن.

پێشتر ئاماژەم بە هەوڵەکانی شازادە سەدرەدین (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢١٤ی ٣ی شوبات) و سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ٢٧٢ی ٥ی شوبات) کردبوو، ئێستاش ڕۆژنامەکانی سوئیس بە هەستوسۆزەوە باسی کورد دەکەن. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ئانتوان بۆساغ[2] وتارێکی لە ژێر ناوی (جادوگەر و سیحرباز)[3] لە ڕۆژنامەی (ژنیڤ) دا بڵاوکردەوە، وتی کورد خەریکە دەخنکێت و جیهان بێدەنگە.

فێغناند لۆغۆن

---

(1) WALDHEIM

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. وەرگێڕ

(2) Antoine BOSSARD

(٣) مەبەستی ئەوەیە کە کورد بووە بە قوربانی فێڵ و سیحر و جادووی دەوڵەتەکان. وەرگێڕ

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**١٧ی ئاداری ١٩٧٥**

**بەغدا**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، نیۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، تاران، قاهیرە، جەزاییر**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ٢٥٥ و ٢٧٠**

**بابەت: شا سووچی نسکۆی شۆڕشی کورد دەخاتە ملی سەرکردایەتیی کورد**

باڵوێزی بەریتانیا [لە بەغدا] پێیوتم شا لە دیدارێکدا لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا لە تاران، وتوویەتی لەبەر هۆکاری سیاسی و سەربازیی وازی لە مەلا [مستەفا] بارزانی هێناوە.

شاهەنشا وتوویەتی لەبەرئەوە سیاسەتی خۆی گۆڕیوە، چونکە ئەمدوایانە کورد لە شەڕدا سەرکەوتوو نەبووە، و بەپێچەوانەی جاران، لە ئەنجامی هێرشەکاندا لە زستان، ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراوە، سەرەڕای ئەوەش ئێران لە ڕووی لوجستیکی و تەنانەت تاکتیکییەوە زۆر پشتیوانی لێکردوون. شا وتوویەتی خەباتی بارزانی بێئەنجام بوو، تا دەهات شەڕەکە بەرفراوانتر و توندتر دەبوو و سوپای شاهەنشاهی ناچار دەبوو [بۆ بەرگری لە کورد] ڕاستەوخۆ شەڕی کردبا.

شا هەروەها بە باڵوێزی بەریتانیا لە تارانی وتووە، هەڵسوکەوتی سەدام حوسەین لە کاتی گفتوگۆکان لە جەزاییر زۆر کاری تێکردووە.

بەڕێز گراهام وتی پێشهاتەکانی ئەم مانگانەی دوایی ئەو هیوایەی لەباربرد کە ڕژێمی بەعس بەمزووانە بڕووخێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە مەلیک فەهد، پاشای عەرەبستانی سعودی، لە هەفتەی سەرەتای مانگی نیسان بە شێوەی فەرمی سەردانی عێراق دەکات.

**پییەغ سێغل**

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە جەزاییـر لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ۸ی ئـاداری ۱۹۷۵ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "باڵوێـزی مـسر لـە جەزاییر پێیوتـم مـسر بـوو بـواری خـۆش کـرد بۆئـەوەی ئێـران و عێـراق ئاشـت ببنـەوە. ئێسـتاش مـسر خەریکـە بـوار خـۆش دەکات بۆئـەوەی عێـراق و عەرەبسـتانی سـعودیش ئاشـت ببنـەوە. ئێـران و عێـراق زۆر لـەوە پێشـتر گفتوگۆیـان کـردووە. بـۆ ئاشـتکردنەوەی ئێـران و عێـراق، لـە شـوباتی ۱۹۷٤ بومیدییـەن، سـەرۆکی جەزاییـر لـە میانـەی کۆنفرانسـی وڵاتانـی ئیسـلامی لـە لاهـوری پاکسـتان لەگـەڵ وەزیـری دەرەوەی ئێـران گفتوگـۆی کـردووە. بڕیاربـووە شـا خـۆی لـە کۆنفرانسـەکەدا بەشـداربێت بۆئـەوەی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی عێـراق و هەروەهـا مەلیـک فەیسـەڵ دیـدار بـکات، بـەڵام بەهـۆی ئامادەبوونـی موعەمـەر قەزافـی لـە کۆنفرانسـەکەدا، لـە بڕیارەکـەی پەشـیمان بووەتـەوە."

باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە لەنـدەن لـە تیلیگرامێکـدا لە ۲۰ی ئـاداری ۱۹۷۵ بـۆ وەزارەتی دەرەوە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "ڕۆژی ۹ی ئـادار شـا لەگـەڵ باڵوێـزی بەریتانیـا لەبـارەی ڕێککەوتنـی جەزاییـر قسـەی کـردووە، پێیوتـووە بەهـۆی ئـەوەی سـوپای عێراق ئەمدواییە سـەرکەوتنی باشـی بـە سـەر کـورددا بەدەسـت هێنابـوو، ئێـران دەبوایـە دەسـتێوەردانی زیاتـری لـە شـەڕی بەهـاری ۱۹۷۵کردبـا بـۆ پشـتیوانیکردن لـە کـورد، ئەمـەش مەترسـی ئـەوەی لێدەکەوتـەوە شـەڕێکی بەرفراوان لەنێـوان ئێران و عێراقدا هەڵبگیرسێت. ڕابەری کـورد، بارزانـی پیـر بـووە، بەگشـتی مانـدوو بـووە."

باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە تـاران لە تیلیگرامێکـدا بۆ وەزارەتـی دەرەوە لە ١٤ی ئـاداری ۱۹۷۵ ئامـاژەی بـەوە کـردووە: "[ئەسـەدوڵڵا] عەلـەم، وەزیـری دەربـاری ئێـران پێیوتـم ڕۆژنامـە بیانییـەکان، بەتایبـەت بەریتانیـا تۆمەتبارمـان دەکـەن کـە وازمـان لـە بارزانـی هێنـاوە. ئایـا دەزانـن ئـەم شـەڕی کـوردە چەنـدە تێچـووی بـۆ ئێمـە زۆر بـوو؟ جگـە لـەوەش ئێمـە دەبوایـا ڕاسـتەخۆ لـە شـەڕەکەدا بەشـداریمان کردبـا. ئەمـەش دەبـوو بـە بارگرانـی بـۆ ئێمـە. شـا بـەو ئەنجامـە گەیشـتبوو کـە کاتـی هاتـووە ئـەم بـارە سـووک بـکات. پێتانوایـە ئەگـەر ئێمـە یارمەتیـمان نەدابایـا، بارزانـی دەیتوانـی ئـەم زسـتانە لـە بەرامبـەر سـوپای عێراقـدا خـۆی ڕابگرێـت؟ ئێمـە لـە سـەر واقیـع بڕیـار دەدەیـن نـە هەسـتوسـۆز. هێـزی

کورد کاتی بەسەر چووبوو و شوێنی لە ناو هاوکێشە دیپلۆماتییەکاندا نەمابوو."

لە ٨ی ئادار ئەسەدوڵلا عەلەم چووەتە لای شا. دەربارەی چۆنییەتی ڕێککەوتن لەگەڵ سەدام، شا پێیوتووە: "لە دوو کاری باوکم زۆر دڵگران و زیز بووم: یەکەم، درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی نەوت. دووەم، مەسەلەی شەتولعەرەب. لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمانە ببایا بە عەیب و شورەیی بۆ بنەماڵەی پەهلەویی. سوپاس بۆ خوا، کێشەی نەوتم بە شێوەی بنەڕەتی چارەسەر کرد و ڕێوشوێنەکانی شەتولعەرەبیشم لە جەزائیر هەڵوەشاندەوە. هەڵبەتە لە کردەوەدا ١٢ ساڵە ئێمە هیچ ڕێزێکمان لەو ڕێوشوێنانە نەگرتووە، بەڵام دیسانیش پێمخۆش نەبوو ڕێککەوتننامەکە بمێنێت و سوپاس بۆ خوا سەریش کەوتم."

عەلەم سەبارەت بە ڕوانگەکانی شا لەبارەی چارەنووسی شۆڕشی کوردستان و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد دەڵێت: "پرسیارم لە خاوەنشکۆ کرد ئەی چارەنووسی کورد بە چی دەبێت؟ فەرمووی بە سەرۆکی ساواکم وتووە بە کورد بڵێت ئەگەر بیانەوێت بێنە ئێران، میوانی ئێمە دەبن و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بەخێویان دەکەین." پرسیارم کرد ئەی مەسەلەی ئۆتۆنۆمی و ئامانجەکانی کورد بە چی دەبێت؟ خاوەنشکۆ فەرمووی: هیچ، کورد کە زۆر شکستیان لە عێراق دەخوارد و خۆیشیان باش دەزانن ئەگەر ئێمە نەباین لە بەرانبەر هێرشی هەمەلایەنەی عێراقدا ١٠ ڕۆژ نەیاندەتوانی بەربەرەکانی بکەن. کورد دەتوانن چی بڵێن؟ لە چاوپێکەوتنەکەمان لە جەزائیر کە ٤ کاتژمێری خایاند سەدام حوسێن وتی: "چەندجار تەنیا هەنگاوێکمان مابوو بۆئەوەی بە یەکجاری بەسەر کورددا سەر بکەوین، بەڵام تۆپ و سەربازەکانی ئێوە نەیهێشت سەر بکەوین. ئێوە لاوە هەرە باشەکانی ئێمەتان کۆمەڵکوژ کرد". کەوابوو کورد خۆیان باش دەزانن تواناییان نییە، چی چاوەڕوانییەکیان لە ئێمە هەیە؟ منیش وتم: ئەی قوربان چی بە قسە و بانگەشەکانیان لە داهاتوودا بکەین؟ خاوەنشکۆ فەرمووی: ئەو پرسیارە لە جێی خۆیدایە و شایانی بیر لێکردنەوەیە، بەڵام من هیچ بە دووری نازانم عێراقییەکان (دەرگایەکی پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە کردووەتەوە) نایانەوێت بەتەواوی لە شەڕی سیاسەتە دەرەکییەکان، بەتایبەت سۆڤیەت خۆیان ڕزگار بکەن. دەبێت سەیر بکەین، بزانن چی دەبێت. وتم: ئاخر پار دەوڵەتی عێراق

ئامادەبــوو ئۆتۆنۆمــی بــە کــورد بــدات، بــەڵام جەنابتــان بــە کوردتــان فەرمــوو قەبووڵــی مەکــەن، ئەوانیــش بــە دڵــی جەنابتیــان کــرد. خاوەنشــکۆ فەرمــووی هــەم کــورد و هــەم عێراقییــەکان بــاش دەزانــن ئــەوە ڕاســت نەبــوو، عێــراق دەیویســت کــورد تێکبشــکێنێت.)

لــە ١١ی ئــاداری ١٩٧٥ وەزیــری دەربــار، ســەردانی شــای کــردووە و ناڕاســتەوخۆ پێیوتــووە دەبوایــا شــا زیاتــر بــۆ چارەنووســی کــورد هەوڵــی دابایــە، چونکــە ڕەخنــەی زۆری لەبــارەی قوربانیکردنــی بزووتنــەوەی کــورد هاتووەتەســەر. وەزیــری دەربــار لــەو پەیوەندییــەدا دەڵێــت:

(لەبــارەی کــورد و عێــراق وتــم ڕادیۆکانــی عێــراق ســووکایەتییمان پــێ دەکــەن و دیســان دەســتیان کردووەتــەوە بــە پڕوپاگەنــدە دژی ئێمــە. خاوەنشــکۆ زۆر پێــی ســەیر بــوو. وتــم مەســەلەی دیکــە ئەوەیــە، لەوانەیــە ســۆڤیەت هــەوڵ بــدات لــە ڕێگــەی ســوریاوە کــورد بخاتــە ژێــر ڕکێفــی خــۆی. خاوەنشــکۆ فەرمــووی ســوریا توانــای ئــەوەی نییــە. وتــم بــە هەرحــاڵ ڕۆژنامەکانــی ڕۆژئــاوا و خــودی کــورد تێکــڕا دەڵێــن ئێمــە مامەڵەمــان بەســەریانەوە کــردووە. خاوەنشــکۆ فەرمــووی تــا ئەبــەد نەماندەتوانــی ســوپای ئێــران لــەوێ جێگیــر بکەیــن و شــەڕ بکەیــن. وتــم بــە هەرحــاڵ ئێمــە کــە پێشــتر ڕێوشــوێنەکانی شــەتولعەرەبمان تێکدابــوو، لەوانەیــە نمانتوانیبــا زیاتــر بــۆ چارەنووســی کــورد هەوڵــمان بدایــە، چونکــە وادیــارە لــە ٤٨ کاتژمێــری ڕابــردوودا ســوپای عێــراق بــە شــێوەیەکی بێبەزەییانــە کــورد تێکدەشــکێنێت، ســەرەڕای ئــەوەی ئاگربەســتیان ڕاگەیانــدووە. خاوەنشــکۆ ئیــدی هیچــی نەفەرمــوو.)(1)

ڕۆژی ١٨ی ئــادار، بەرپرســی نووســینگەی CIA لــە ئێــران باســی مەســەلەی کــوردی لەگــەڵ شــا کــردووە. شــا ئــەو هــۆکارە لۆژیکییانــەی دووپــات کردووەتــەوە کــە پاڵــی پێوەنــاوە لــە جەزائیــر لەگــەڵ عێــراق ڕێکبکــەوێــت، وتویەتــی هیــچ ڕێگــەی دیکــەی نەبووە، یــان دەبووایــە بێدەنــگ ببایــە لــە بەرانبــەر لەناوچوونــی کــورد لــە ئەنجامــی هێرشــەکانی عێــراق لــە بەهــاری ئــەم ســاڵدا، یــان بــە ئاشــکرا لەگــەڵ عێــراق شــەڕی کردبــا بۆئــەوەی کــورد بپارێزێــت.

(1) The Diaries of Asadollah Alam, volume VI, edited by Alinaghi Alikhani, IBEX Publi- shers, Bethesda, Maryland, USA

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە ئەمریکا بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢١ی ئاداری ١٩٧٥**

**واشنتۆن**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن، مۆسکۆ، جەزاییر، تاران، بەغدا، دیمەشق، جەددە، قاهیرە**

**بابەت: هۆکارەکانی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لە جەزاییر و نسکۆی شۆڕشی کورد**

کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیانوایە ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لە جەزاییر لە چوارچێوەی هاوکێشەکانی پەیوەندییە دوولایەنەکانی ئەم دوو وڵاتەدا کراوە.

ئێمە، بە هەمان شێوەی باڵوێزەکەمان لە مۆسکۆ (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ژمارە ١٤٦٩) پێمانوایە ئاشتبوونەوەی ئێران و عێراق، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ناوچەکە و زیاتربوونی ڕۆڵی وڵاتە میانەڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕێگا خۆش دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین. دەبێ سەرنج بەوە بدەین کە سەدام حوسەین، هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ناوخۆی عێراق (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٣١٥ی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا) بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆ زیاتر لە سۆڤیەت دوور دەکەوێتەوە و نایەوێت خۆی زۆر تێکەڵی کاروباری جیهانی ئیسلام بکات. ڕوونە مسر و عەرەبستانی سعودیش ئەمەیان پێخۆشە و پاڵ بە عێراقەوە دەنێن بەرەو ئەم ئاراستەیە بڕوات.

ئێستا بازرگان و سەرمایەدارەکانی ئەمریکا ناتوانن ڕاستەوخۆ لە بەغدا کار بکەن ( هەرچەندە ناڕاستەخۆ کاری لەگەڵ دەکەن و تاڕادەیەکیش ڕازین)، بەڵام ئەمریکا لە قۆناخی ئێستادا زیاتر دەیەوێت دەوڵەتی ئێران بەهێز بێت، و لە قۆناخی دواتردا گرنگی بەوە دەدات ناوچەکە سەقامگیر بێت. ئێران لە ڕووی ماددییەوە زۆر دەوڵەمەندە و پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا نایابە (کە ئەمدواییەش دیسان ڕێککەوتنێکی ئابووری

گرنگیان واژوو کردووە). شا دەیەوێت بە یارمەتی ئەمریکا وڵاتەکەی لە ڕووی ئابووری و ئیستراتژیکییەوە زیاتر پێشبخات. ئەمریکا، بە ڕواڵەتیش بێت، هەستوسۆزی هەیە بۆ ڕژێمی شا و پشتیوانی لێدەکات. ئەم هۆکارانە وایکردووە ئەمریکا هەمیشە چاوێکی لە ئێران بێت و یارمەتی بدات لە ناوچەکە باڵادەست بێت، ئەگەریش نەڵێین ببێت بە پارێزەری کەنداوی فارس.

لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا زۆر بۆی گرنگ نییە کوردی عێراق چی بەسەردێت، چونکە لەپێناو نزیکبوونەوەی ئێران و عێراقدا پێویستبوو بارزانی وەلاوە بنرێت. شکستهێنانی بەرچاوی ڕابەری کورد لە زستانی ئەمساڵدا[1]، کاربەدەستانی ئەمریکای گەیاندە ئەو قەناعەتە کە ئێران ناچار دەبوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەرفراوان بێتە ناو شەڕەکە، بۆئەوەی کورد شەڕەکە نەدۆڕێنێت. ئەمەش ئاسان نەبوو و سەرکەوتنی تێدا بەدینەدەکرا. کەوابوو کاربەدەستانی ئەمریکا بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ڕێککەوتنی ئێران و عێراق بێگومان باشترین ڕێگاچارەیە، تەنانەت بۆ خودی کوردیش، چونکە ئێران ڕازی بووە بە شێوەی کاتیی سنوورەکانی بەرەو ڕووی ئاوارەکان بکاتەوە. کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیانوانییە ئێران دیسان یارمەتی کورد بدات کە دژی عێراق ڕاپەڕن. ئێستا عێراق دەرفەتی بۆڕەخساوە سنوورەکانی کۆنترۆڵ بکات. ئێران هیچ ڕێگای دیکەی نییە ئیللا ئەو بەڵێنانەی بە عێراقی داوە جێبەجێیان بکات.

**کۆسیسکۆ موغیزێ**[2]

(١) مەبەستی ئەوەیە لە زستاندا سوپای عێراق بە سەر بارزانیدا سەرکەوتووە. زستانی ١٩٧٥ یەکەم زستان بوو لە مێژووی عێراقدا کە سوپا لە کوردستان پاشەکشەی نەکرد، تەنانەت درێژەی بە هێرشەکانی دا. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای عێراق قەت بە سەر بارزانیدا سەرنەکەوت، هەرچەندە تەنیا ناوچە زۆر شاخاوییەکان بەدەستی بارزانییەوە مابوو. وەرگێڕ

(2) Kosciusko Morizet

## پەراوێزی وەرگێڕ:

وادیارە ئەو کاربەدەستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە ئەم زانیارییانەی بە باڵوێزی فەڕەنسا لە واشنتۆن داوە، ئاگای لە پشتیوانیی ئەمریکا لە شۆڕشی کورد نەبووە، چونکە جگە لە کیسینجەر، وەزیری دەرەوە و دوو دانە لە جێگرەکانی، هیچ کاربەدەستێکی دیکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نەیدەزانی ئەمریکا یارمەتی بارزانی دەدات. بۆیە کاتێک خوێنەر ئەم بەڵگەنامەیە دەخوێنێتەوە ئەو تێگەیشتنەی بۆ دروستدەبێت کە ئەمریکا ئاسانکاری کردووە بۆ ڕێککەوتنی شا و سەدام. شتی وا ڕاست نییە. ۱۸ ڕۆژ پێش ڕێککەوتنی جەزائیر، شا لە سوئیس باسی ئەوەی بۆ کیسنجەر کردبوو ئەگەر کاربەدەستانی عێراق ببینێت لەوانەیە وتوێژیان لەگەڵدا بکات. کیسنجەر هۆشداری بە شا دابوو لەگەڵ عێراق ڕێکنەکەوێت، چونکە بەڵێنەکانی سەدام جێگەی متمانە نین. کیسنجەر پێشبینی ئەوەی نەدەکرد شا و سەدام بەمزووانە و بەو شێوە کتوپڕە ڕێکبکەون، بۆیە پلانێکی تۆکمەی دانابوو زیاتر یارمەتی ماددی کورد بدات، بۆئەوەی دەوڵەتی عێراق بەسەر کورددا زاڵ نەبێت، نە بۆئەوەی کورد سەربکەوێت یان بگات بە مافی خۆی.

لە ۹ی ئادار لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ئیسحاق ڕابین، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە ئورشەلیم، کیسنجەر بە ڕابینی وتووە: "ڕێککەوتنی جەزائیرم پێ ناخۆش بوو، بە شام وتبوو لەگەڵ سەدام ڕێک نەکەوێت، بەڵام بە دڵی نەکردم". لە ۱۰ی ئادار کیسنجەر نامەیەکی ساردی بۆ شا ناردووە، پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکەی لێنەکردووە، تەنیا وتوویەتی)خۆتان بەرژەوەندی وڵاتەکەتان باشتر دەزانن و ڕێزم بۆ بڕیارەکانتان هەیە).

بەڵام ئەوە ڕاست دەکات کە دەڵێت شا ناچار دەبوو ببێت بە لایەنێک لە شەڕی کورد و عێراق. لە دوایین دیداری شا و بارزانی لە تاران لە ۱۲ی ئادار، شا بە بارزانی وتبوو کە سوپای عێراق ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە سنووری ئێران نزیک بووەتەوە، ئێوە نەتانتوانیوە پێشی لێبگرن. لەو قسانەدا کە شا لە دیدارەکەی لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا لە تاران کردوویەتی دەردەکەوێت شا زیاتر لە بەر ئەوە لەگەڵ عێراق رێککەوتووە کە ئیدی هیوای نەبووە ڕژێمی سەدام بڕوخێت و پێشبینی ئەوەی کردووە شەڕی کورد زیاتر یەخەی دەگرێت، چونکە پاش زستان، سوپای عێراق بە هەموو هێزییەوە هێرش دەکاتە سەر کورد، ئەویش دەبێ بەرگرییان لێبکات.

**لە نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**٢٦ی ئاداری ١٩٧٥**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، تاران، نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ**

**ئاماژە بە: تیلیگرامی ژمارە ١١١٣ی نووسینگەی نوێنەرایەتیی فەڕەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ**

**بابەت: هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان**

نوێنەرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنی داواکارییەکی پێشکەشی سکرتێری گشتی [نەتەوە یەکگرتووەکان] کردووە، هۆشداریداوە لەوانەیە دەوڵەتی عێراق یەکسەر پاش ئاگربەستی ئێستا کە لە ١ی نیسان کۆتایی پێدێت، کورد کۆمەڵکوژ بکات.

نوێنەرەکەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1]، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: "١٣٠ هەزار کوردی عێراق ئاوارەی ئێرانە بوونە و ٢٠٠ هەزار کەسی دیکەش دەیانەوێت پەنا بۆ ئێران ببەن. بۆئەوەی ئەم ٢٠٠ هەزار کەسە بتوانن بچن بۆ ئێران دەبێ ئاگربەست تا ١٥ی نیسان، باشترە تا کۆتایی مانگی نیسان، درێژ بکرێتەوە."

وتەبێژی سکرتێری گشتی [نەتەوە یەکگرتووەکان]، بەڕێز ڤاڵدهەیم، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ڕایگەیاند بەڕێزیان داواکارییەکەی کوردی بەدەستگەیشتووە، بڕیاریداوە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و عێراقدا بگرێت، داوایان لێبکات لە ڕێی بەها مرۆڤایەتییەکاندا، هاوکاری کورد بکەن. ناوبراو هەروها وتی بەرپرسی کۆمیتەی باڵای

(١) وادیارە ئەم نوێنەرە موحەمەد دۆسکی بووە. وەرگێڕ

کاروبـاری پەنابەرانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەگـەڵ دەوڵەتـی ئێـران و عێـراق پەیوەنـدی گرتـووە و نوێنـەری بـۆ ناوچەکـە نـاردووە.

**لۆکۆم**[1]

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

کونسـوڵخانەی فەڕەنسـا لـە ژنێـڤ لـە تیلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٤ی نیسـان ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە: "کومیسـاریای بـاڵای کاروبـاری پەنابەرانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کۆمیتـەی نێونەتەوەیـی خاچـی سـنوور نەیانتوانیـوە ئێـران و عێـراق ڕازی بکـەن ئـەو مۆڵەتـەی لـە یەکـی نیسـان کۆتایـی پێدێـت درێـژ بکەنـەوە بۆئـەوەی سـەرجەم ئـاوارەکان بتوانـن بچـن بـۆ ئێـران. کاربەدەسـتانی عێـراق وتوویانـە سـنوور تەنیـا بـۆ گەڕانـەوەی ئـاوارەکان کـراوە دەبێـت. تورکیـاش بـە هیـچ شـێوەیەک ناهێڵێـت پەنابـەرەکان بـە خاکـی ئـەو وڵاتـەدا دەربـاز بـن."

---

(1) LECOMPT

**لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق بۆ:**

**وەزارەتی دەرەوە**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**٨ی نیسانی ١٩٧٥**

**بەغدا**

**بابەت: دەوڵەتی عێراق هەڕەشە لە کوردی دانیشتووی فەڕەنسا دەکات**

بەڕێوەبەری کاروباری کونسوڵخانەکان لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق داوای لە ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەمان کرد بچێت ببینێت. ناوبراو بە شێوەی زارەکی ڕاوێژکارەکەمانی ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەری هەیە هەندێ لە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، چ کورد چ غەیرە کورد، لە چەند هەفتەی داهاتوودا لە ئەوروپا، بەتایبەت فەڕەنسا، خۆپیشاندانی توندوتیژانە بکەن بەهۆی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق و هەڵوەشانەوەی یاخیبوونی کورد. وتوویەتی لەوانەیە ئەم خۆپیشاندانانە لە لایەن خوێندکارانی کوردی سوریا و ئێران ڕێکبخرێت. بۆ نموونە ئاماژەی بە ناوی جەمیل وەقاس[١] و عەزیز مەلا حوسەین[٢] کردووە کە کوردی سوریان و سادق عەبدولڕەحمان[٣]، کوردی ئێران، کە لە فەڕەنسا دەژین.

عەبدولجەببار، [بەڕێوەبەری کاروباری کونسوڵخانەکان] وتوویەتی هیوادارە فەڕەنسا ئەم هۆشدارییە بە هەند وەربگرێت بۆئەوەی هیچ پێشهاتێک کار نەکاتە سەر پەیوەندییەکانی عێراق و فەڕەنسا یان چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

**پییەغ سێغل**

(1) Jamil WAKAS

(2) Aziz Moullah Houssein

(3) Sadek Abdherhman

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**نوێنەرایەتیی دەرەوە**

**١٤ی نیسانی ١٩٧٥**

**بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا**

**جەنابی وەزیر،**

بەدڵنیاییەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەمدواییەی پاش ڕێککەوتننامەی ٦ی ئادار لە نێوان دەوڵەتی ئێران و عێراق لە جەزاییریت. ئەم ڕێککەوتنە زۆر بە زەرەری گەلی کورد بوو کە زیاتر لە دە ساڵە بۆ مافە بنەڕەتییەکانی خەبات دەکات. ئەم پێشهاتانە، وەک هەموو کێشەکانی دیکەی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، دەیان هەزار سیڤیلی کوردی ئاوارەی ئێران کرد کە ٥٥١ کەسیان خوێندکاری کوردن و بە زۆر لە زێدی خۆیان دەرکراون یان بەهۆی زەبروزەنگی دەوڵەتی عێراق، ناچار بوونە ماڵوحاڵی خۆیان بەجێبێڵن. لیستی ناوی ئەم خوێندکارانە، لەگەڵ ناوی زانکۆکانیان و قۆناخی خوێندنیان هاوپێچ بۆتان دەنێرین.

جگە لەوەش، ٣٥٠٠ قوتابیی قوتابخانەی دواناوەندی هەیە کە خوێندنیان تەواو کردووە و لە زانکۆ وەرگیراون. ئەم قوتابیانە دەبێ بە زووترین کات لە زانکۆ یان کۆلیژەکان وەربگیرێن و پێویستیان بە یارمەتیی ماددی و پاسپۆرت بۆ سەفەرکردن هەیە. ئەگەر تەنانەت نەتوانن ئەم پێداویستیانەیان بۆدابین بکەن داواتان لێدەکەین لانیکەم هەندێکیان لە فەڕەنسا وەک کۆچبەر وەربگرن.

بۆیە ئەم داواکارییەتان پێشکەش دەکەین، چونکە فەڕەنسا هەمیشە یارمەتی لێقەوماوان و چەوساوە بێ پشتیوانەکانی داوە کە ئەم خوێندکارانەش بەشێک لەوانەن.

هیوادارین جەنابتان ئەم داواکارییەمان بە هەند وەربگرن.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**ج عەلی**(1)

**لەندەن**

(1) J Ali

## پەراوێزی وەرگێڕ:

باڵوێزخانــەی فەڕەنســا لــە تــاران لــە تیلیگرامێکــدا بــۆ وەزارەتــی دەرەوە لــە ١١ی ئەیلوولــی ١٩٧٥ ڕایگەیانــدووە: "لــە وەتــەی ســەرۆکی ڕاپەڕینــی کــورد، ژەنــەڕاڵ بارزانــی ئــاوارەی ئێــران بــووە، هیــچ داواکارییەکــمان بەدەستنەگەیشــتبوو بۆئــەوەی ڤیــزا بــە خوێندکارانــی کــورد بدەیــن، بــەڵام باڵوێــزی وڵاتانــی ئەوروپــای ڕۆژئــاوا داواکاریــی وایــان بەدەستگەیشــتووە. لــەم ڕۆژانــەی دواییــدا شــەش خوێنــدکاری کــورد داوایــان پێشــکەش کــردووە بۆئــەوەی کــۆچ بکــەن بــۆ فەڕەنســا. هیچکامیــان ناســنامە یــان پاســپۆرتییان نییــە. کاربەدەســتانی ئێــران بەڵگــەی هاتــن بــۆ دەرەوەیــان پێنــەداون. ئەم شــەش کــوردە پەنابەرە کــە پیــاون و ســەڵتن داوای ڤیــزای یــەک ســاڵیان کــردووە بۆئــەوەی لــە فەڕەنســا درێــژە بــە خوێندنەکەیــان بــدەن. هیچکامیــان فەڕەنســی نازانێــت. بەڕێــز ئانــدرێ ژاک[1] کەفالەتــی هەموویانــی بــۆ مــاوەی ســاڵێکی خوێنــدن کــردووە. سوپاســتان دەکــەم ڕێنوێنیــمان بکەیــن چــی بــە داواکاری ئــەم شــەش کەســە و داواکاریــی پەنابەرانــی دیکــەی کــورد بکەیــن."

(1) André JACQUES

**لە ڕۆبێغ دوسوزا (١)، باڵوێزی فەڕەنسا لە ئێران بۆ:**

**جەنابی ژان سۆڤانئاغژ(٢)، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٧ی نیسانی ١٩٧٥**

**تاران**

**بۆ زانیاریی: بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، بەرپرسی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، سکرتارییەتی گشتی، باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە واشنتۆن، لەندەن، مۆسکۆ، بەغدا ئیسلامئاباد، کابۆل، مەسقەت، پێکەن، جەزایر، کوێت، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، عەدەن، جەددە**

**بابەت: ئێران و چارەنووسی شۆڕشی کوردی عێراق**

لەوەتـەی ڕێککەوتنـی جەزاییـر کـراوە، کاربەدەسـتانی ئێـران بـە ئاشـکرا هیـچ دەربـارەی کێشـەی پەنابەرانـی کـوردی عێـراق لـە ئێـران ناڵێـن. لـە ڕۆژانـی یەکسـەر پـاش ئاگربەسـت، تەنیـا دوو هـەزار پەنابـەر دەهـات بـۆ ئێـران، بـەڵام ڕۆژبـەڕۆژ ژمارەیـان زیاتـر بـوو، گەیشـت بـە ٥٠ هـەزار کـەس لـە ڕۆژدا و لـە کۆتاییـدا بـۆ ١٠ هـەزار کـەس لـە ڕۆژدا دابـەزی. بـە گشـتی ٢٠٠ هـەزار ئـاوارەی نـوێ بـە سـەر ٢٠٠ هـەزار ئـاوارەی کۆنـدا زیادیکـردووە کـە لـە زسـتاندا پەنایـان بـۆ ئێـران هێنابـوو. هێـزی ئاسـمانی ئێـران بـە ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتدارانی عێـراق، بـە هیلیکۆپتـەری سیکورسـکی ڕۆژێ دە جـار دەچێـت بـۆ ناوچـەی سـەر سـنووری تورکیـا و عێـراق(٣) و هـەر جارێـک ٦٠ کـەس دەگوازێتـەوە بـۆ ئێـران.

چەککردنـی پێشـمەرگە نەبـووە بـە کێشـە، هەرچەنـدە هەندێکیـان پێیانباشـترە

(1) Robert DU SOUZA

(2) Jean SAUVAGNARGUESE

(٣) مەبەستی ناوچەی بادینانە، چونکە ڕێگای زەمینییان بۆ هاتن بۆ ئێران لێداخرابوو. وەرگێڕ

بـە چەکـی ئێرانـەوە خۆیـان ڕادەسـتی ڕژێمـی عێـراق بکـەن، نـە ئـەوەی لـە ئێـران بـبن بـە پەنابـەر. ڕێکخـراوی (شـیر و خورشـید)ی ئێـران کـوردە پەنابەرەکانـی لـە نـاو خێوەتـدا لـە نزیـک سـنووری عێـراق دانـاوە، هەندێکیشـیانی لـە نزیـک شـارەکان لـە نـاو ئوردوگاکانـدا جێگیـر کـردووە کـە ئـەم زسـتانە دروسـتیکردوون. سـوپای ئێـران پێداویسـتییەکانیان بـە تـەواوی بـۆ دابیـن دەکات.

ئـەو هەواڵـە کـە ڕۆژنامـەی (لۆمۆنـد)[ی فەرەنسـی] ئەمدواییـە بڵاوی کردووەتـەوە کـە گوایـا سـوپای شاهەنشـاهیی ئێـران مەشـق و ڕاهێنـان بـە ٣٠ هـەزار پێشـمەرگە دەکات بۆئـەوەی فێـری بەکارهێنانـی چەکـی مۆدێـرن بـن، ڕاسـت نییـە. بەپێچەوانـەوە، ئێـران خواخوایەتـی پێشـمەرگە هیـچ چالاکییـەک لـە نـاو خاکـی ئێرانـدا نـەکات، بەتایبـەت ٢٠ هـەزار کەسیان کـە سـەر بـە حزبـی شـیوعین[١] و ئێـران زۆر بـە توونـدی خسـتوونییەتییە ژێـر چاودێرییـەوە.

یەکسـەر پـاش ڕێککەوتنـی جەزاییـر، نووسـینگەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە تـاران داخـراوە و نووسـینگەی بـەرەی ئازادیـی ئەهـواز و بـەرەی ئازادیـی ئێـران لـە بەغدایـش داخـراون. بارزانـی، کوڕەکانـی و هەڤاڵـە نزیکەکانـی بـە ئـازادی لـە گوندێکـی پەنابـەرەکان بـە نـاوی نەریـوان[٢] لـە ٢٠ کیلۆمەتریـی شـنۆ دەژیـن، بـەردەوام هاتوچـۆی ڕەزاییـە و تەنانـەت تەورێزیـش دەکـەن.

ڕابـەری بەسـاڵاچووی ڕاپەڕینـی کـورد، وادیـارە ئـەو بەدبەختییـەی بەسـەریدا هاتـووە تێکینـەداوە[٣]، بـەڵام بـە وتـەی باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە تـاران، بزووتنەوەکـەی خنکێنـدراوە و ئیـدی زینـدوو نابێتـەوە.

---

(١) ئـەم ژمارەیـە زیادەڕۆیـی تێدایـە. ئەوکاتـە لـە هەمـوو کوردسـتان دوو هـەزار کـەس سـەر بـە حیزبـی شـیوعی نەبـووە. وەرگێـڕ

(2) Nariwan

(٣) مـەلا مسـتەفا نـە لـە کاتـی سـەرکەوتندا لەخۆبایـی دەبـوو و نـە لەکاتـی بنکەوتنـدا خـۆی دەدۆڕانـد. باڵوێزخانـەی ئەمریـکا لـە لوبنـان لـە تێلیگرامێکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٢ی ئـاداری ١٩٧٥ ڕایگەیانـدووە: "جیـم هۆگلەنـد، هەواڵنێـری ڕۆژنامـەی ( واشـنگتۆن پۆسـت) کـە شـەوی ١٩ لـە سـەر٢٠ی ئـادار لـە بـارەگای سـەرکردایەتی بارزانـی بـووە پێیوتیـن کەشـوهەوای سـەرکردایەتی بارزانـی لەڕادەبـەدەر غەمگیـن و شـڵەژاو بـووە. ئیدریـس و مەسـعود بارزانـی و مەحمـود عوسـمان بـە تـەواوی بێهیـوا بوونـە، بـەڵام مـەلا مسـتەفا ئـارام و لەسـەرخۆ بـووە." وەرگێـڕ

مەسـەلەی خۆگونجاندنـی پەنابـەرەکان لەگـەڵ ژیانـی ئێـران، بـووە بـە کێشـە بـۆ دەوڵەتـی ئێـران. هەرچەنـدە ٢٠ تـا ٣٠ هـەزار لـە پەنابـەرەکان گەڕاونەتـەوە بـۆ عێـراق کـە ئێرانیـش ئەمـەی پێخۆشـە و بـە دزییـەوە پاڵیانپێوەدەنێـت بگەڕێنـەوە، کاربەدەسـتانی حکومەتـی شاهەنشـاهیی پێیانوایـە زۆربـەی کـوردی عێـراق لـە ئێـران دەمێننـەوە. جـارێ حکومەتـی ئێـران وازی لێهێنـاون و کاری بەسـەریانەوە نییە، بـەڵام هـەروەک وەزیـری دەربـار لـە مانگـی ئـادار پێیوتـم، هەرکاتێـک بۆیـان گونجا دەیاننێـرن بـۆ [پارێـزگای] سیسـتان و بەلوچسـتان و زەوییـان دەدەنـێ بیکێڵـن و کشـتوکاڵی تێـدا بکـەن[١]. ئامانجـی ئێـران ئەوەیـە کـوردی عێـراق لـە بـرا کوردەکانـی ئێـران دابـبڕێـت، بۆئـەوەی تێکـەڵ نەبـن و دەسـتنەکەن بـە خەباتـی چەکـداری و خەڵکـی کوردسـتانی ئێـران دژی شـا هـان نـەدەن، چونکـە پێیانوایـە شـا خیانەتـی لێکـردوون. بەهەرحـاڵ ئەمـە یەکەمجـار نییـە لـە مێـژووی ئێرانـدا کـورد بـۆ شـوێنی زۆر دوور و پـەرت لـە نـاو ئیمپراتۆریـی شاهەنشـاهیدا دووردەخرێتـەوە. لـە سـەدەی ١٧ی زایینـی، شـا عەبـاس، بەهێزتریـن شـای سـەفەوی، چەندسـەد هـەزار بنەماڵـەی کـوردی بـۆ خوراسـان لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران دوورخسـتەوە بۆئـەوەی ئیمپراتـۆری ئێـران لەهەمبـەر هێرشـی عەشـیرەتە تورکمانـەکان بپارێـزن.

کێشـەی سـەرەکیی ئێـران، ئـەو پەنابەرانـەن کـە ڕووناکبیـر و خوێنـدەوارن: ١٥٠ کەسـیان پزشـکە، ٣٠٠ یـان ئەندازیـارە، ٤٥٠٠یـان مامۆسـتایە، ١٥٠ یـان ئەفسـەرە کـە ٥ یـان ژەنەڕاڵـن، ٢٠٠یـان پارێـزەرە، زۆرێکیـان کارمەنـد و مووچەخـۆرن[٢]. زۆر زەحمەتـە ئەمانـە لـە ئێـران بچنـە سـەر کار.

کێشـەی دیکـە پەروەردەیـە: ئێـران تەحەمـول نـاکات منداڵـە پەنابـەرەکان لـە قوتابخانـەدا بـە زمانـی کـوردی بخوێنـن و بنووسـن، لەکاتێکـدا کـوردی ئێـران ئـەو مافەیانـە نییـە. جـارێ بەهـۆی ئـەوەی ئێران بـاش دەچێـت بـە هانایانـەوە ( تـا ئێسـتا

---

(١) سیسـتان و بەلوچسـتان لـە سـەر سـنووری ئێـران و پاکسـتان هەڵکەوتـووە. لـە ڕووی ئاوهـەوا و بـاری جوغرافیایـی و کۆمەڵایەتییـەوە ناخۆشـترین و دواکەوتووتریـن شـوێنی ئێرانـە. پەنابـەرەکان بـۆ ناوەڕاسـت و باکـوری ئێـران دوورخراونەتـەوە، نەمبیسـتووە هیچیـان نێردرابێـت بـۆ باشـور یـان ڕۆژهەڵاتـی ئێـران. وەرگێـڕ

(٢) ئەم ژمارەیە زیادەڕۆییەکی یەکجار زۆری تێدایە. وەرگێڕ

٢٦٥ ملیۆن دولاری بۆ خەرج کردوون) پەنابەرەکان کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕاهاتنی چەند سەد هەزار ئاوارە لەگەڵ ژیانی ئێران ئاسان نییە و دەبێت بە کێشەیەکی گەورە بۆ دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران. خۆ ناکرێت ئەم پەنابەرانە، وەک پەنابەرانی فەلەستینی، بۆ هەتاهەتایە لە ناو ئوردوگادا بژین. دەبێت دەوڵەتی ئێران هەموو ئیمکانێکیان بۆبڕەخسێنێت بۆئەوەی داوای مافی کوردایەتی نەکەن. بەهەرحاڵ مەترسی ئەوە هەمیشە لە ئارادایە کە پەنابەرە کوردەکانی عێراق کار بکەنە سەر کوردی ئێران و هانیان بدەن، هەرچەندە کوردی ئێران تا ئاستێکی زۆر لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا تواونەتەوە. بۆیە ئێران بەنیازە زۆربەی پەنابەرەکان بنێرێت بۆ ناوچە زۆر دوردەست و پەرتەکان، بۆئەوەی ئەو ناوچانە ئاوەدان بکەنەوە.

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

باڵوێزی فەڕەنسا لە تاران لە تیلیگرامێکدا بۆ وەزیری دەرەوە لە ١٣ی ئایاری ١٩٧٥ ئاماژەی بەوە کردووە: "لەوەتەی مەلا مستەفا بارزانی پەنای بۆ ئێران هێناوە، هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا نەکردووە. لەوانەیە کاربەدەستانی ئێران ڕێگەیان پێنەدابێت. دەڵێن بارزانی لە خیانەتی ئێران زۆر عاجزە. هەندێ سەرچاوە دەڵێن بارزانی بە دزییەوە خەریکە ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەکات."

**نامـەی نوێنـەری شۆڕشـی کـورد لـە ئەوڕوپـا بـۆ سـکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان**

**٢٨ی نیسانی ١٩٧٥**

**ژێنێڤ**

**زۆر بەڕێز جەنابی دکتۆر کورت والدهەیم، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**نیۆیۆرک**

**جەنابی سکرتێری گشتی،**

وەک نوێنـەری بزووتنـەوەی کـورد و بـە نـاوی گەلـی کـوردەوە، بـە شـانازییەوە دەمەوێـت کۆمەڵێـک زانیاریـی زۆر گرنـگ بـە جەنابـت بـدەم کـە سـەرچاوە دیپلۆماتییەکانـی ڕۆژئـاوا پێیانـداوم و نیشـان دەدات کاربەدەسـتانی ئێـران دەسـتیان کـردووە بـە ناردنـی زۆرەملێـی ٣١٥ هـەزار بـۆ ٣٤٥ هـەزار ئـاوارەی کـوردی عێـراق بـۆ [ناوچـەی] بەلوچسـتان. هـاوکات دەوڵەتـی عێراقیـش بەتەمایـە دەیـان هـەزار بنەماڵـەی [عەرەبـی] مـسری کـە لـە وڵاتـی عێـراق جمەیـان دێـت، لـە ناوچـەی کوردنشـین نیشـتەجێ بـکات کـە دانیشـتووەکانی پێشـتر دەرکـراون.

٣٠٠ هـەزار پێشـمەرگە- جەنگاوەریـی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق- لـە هەنـدێ ئـوردوگای تایبەتـدا لـە ئێـران ڕاگیـراون، بەتەمـان بیانکـەن بـە هێـزی چڵکاوخـۆر لـە خزمەتـی دەوڵەتـی شاهەنشـاهیدا، بۆئـەوەی، پێیانخـۆش بێـت یـان پێیانناخـۆش بێـت، بیاننێـرن بـۆ شـەڕ لـە وڵاتانـی دیکـە. ئـەو کوردانـەی عێـراق کـە خۆیـان ڕادەسـتی دەوڵەتـی عێـراق کـردووە دەبـێ دوو سـاڵ لـە ئوردوگاکانـدا بمێننـەوە.

پێموایـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ناتوانێـت لـە هەمبـەر ئـەم سیاسـەتە ڕاستەقینەیەی نەتەوەکـوژی و کۆیلایەتییـە کـە هـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـووە، بێدەنـگ بێـت. بەهـۆی ئـەوەی کـورد دەوڵەتـی نییـە داکۆکـی لـە مـاف و بەرژەوەندییەکانـی بـکات، مـن بـە نـاوی کـوردەوە و لـە پێنـاو ڕێزگرتـن لـە مافـی مـرۆڤ، تـکا لـە جەنابتـان دەکـەم بـە زووتریـن کات ئـەم مەسـەلەیە لـە دانیشـتنێکی تایبەتـی ئەنجوومەنـی

گشــتی و ئەنجوومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ڕێکخراوەکانــی دیکــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بخەنــەڕوو بۆئــەوەی دادپــەروەری دەرهــەق بــە گەلەکەمــان دەســتەبەر بکرێــت و ڕێگــە بــە ســەرجەم کــوردە ئاوارەکانــی عێــراق لــە ئێــران یــان کــوردە دەربەدەربووەکانــی نــاو وڵاتــی عێــراق بدرێــت بگەڕێنــەوە زێــدی خۆیــان.

بــەداوای لێبــوردن، ناچــارم ئــەم داواکارییــە بــۆ بیــروڕای گشــتی بــڵاو بکەمــەوە، دڵنیــام جەنابــت لێــم تێدەگەیــت.

جەنابی سکرتێری گشتی، ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم قەبوڵ بفەرموون.

**دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی**

**١٧ی نیسانی ١٩٧٥**

**لۆزان**

**لە کلۆد لێبێل[١]، باڵوێزی فەڕەنسا لە سوئیس بۆ:**

**جەنابی لویی گیغۆنگۆد[٢]، وەزیری دەرەوە، پاریس**

**وەزارەتی دەرەوە، نووسینگەی کاروباری ئەفریقا - ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦**

**بێرن**

**بۆ زانیاریی: باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە بەغدا، ئەنقەرە، تاران، و کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە ژنێڤ، لۆزان**

**بابەت: هەوڵ بۆ کوشتنی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەوڕووپا**

مەسەلەی هەوڵ بۆ کوشتنی بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی، کوردی نەیاری [دەوڵەتی عێراق] کە لە سوئیس دەژی، لە ٧ی تشرینی یەکەم، دیسان بووە بە سەرباسی ڕۆژنامەکان، لەبەرئەوەی کونسوڵی گشتیی پێشووی عێراق لە ژنێڤ، نەبیل نەجم ئەلتکریتی، دەستی لە پیلانەکەدا بووە.

بەڕێز شەریف وانلی، پاش ئەوەی برینەکانی چاک بووەتەوە، ڕایگەیاندووە نەبیل ئەلتکریتی پیلانەکەی داڕشتووە. وانلی لە نزیکەوە ئەم دیپلۆماتە عێراقییەی ناسیوە، چونکە لە ١٩٧٥ هەوڵی داوە وانلی بەرەولای حکومەتی عێراق ڕابکێشێت. وانلی لە ٣ی تشرینی یەکەم لە ماڵی خۆی پێشوازی لێکردووە. گفتوگۆی وانلی و ئەلتکریتی دۆستانە و گەرموگوڕ بووە، پاش گفتوگۆکە ئەلتکریتی بە وانلی وتووە عەلاگەیەک خورمای بۆ دەنێرێت. ئەو کەسەی خورماکەی لە ٧ی تشرینی یەکەم هێناوە بۆ ماڵی شەریف وانلی، بە دەمانچە دوو گولەی لێداوە. یەکێک لەوانەی تەقەی لێکردووە هەمان ئەو کەسە بووە کە لە کاتی دانیشتن لەگەڵ ئەلتکریتیدا ئامادە بووە.

ئەم ڕووداوە ناوازەیە کە سەرنجی ڕۆژنامەکانی بەرەولای خۆی ڕاکێشاوە،

(1) Claude LEBEL

(2) Luis DE GUIRINGAUD

دەنگدانەوەی زۆری بەدواوە بووە. چونکە ئەلتکریتی ئێستا پۆستی گرنگی لە عێراق بەدەستەوەیە، ئامۆزای سەدام حوسەین، جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراقە، ئەمدواییە سەردانی سوئیسی کردووە.

پاش دەرکردنی دیپلۆماتێکی ئێرانی (بنواڕن بۆ تیلیگرامی ٨٢١ی یەکی ئەیلوول) مەسەلەی وانلی لەوانەیە دیسان پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی فیدڕاڵی سوئیس لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکبدات. دەوڵەتی سوئیس ناتوانێت قەبوڵ بکات کە خاکی وڵاتەکەی بێ غەم و خەیاڵ بۆ تەسویە حیساباتی [سیاسی] بەکاربێت، بەتایبەت ئەگەر قووربانییەکانی، وەک بەڕێز شەریف وانلی، هاووڵاتی سوئیس بن.

پۆلیسی کانتۆنی ڤۆد خەریکی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەیە. وەزیری کاروباری گشتیی دەوڵەتی فیدراڵی سوئیس، هەرچەندە مافی ئەوەی هەیە دەستێوەردان لە کاروباری دیپلۆماتیکدا بکات، تا ئێستا هیچی دەربارەی دۆسییەکە نەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکان بەردەوام زانیاری دەربارەی دۆسییەکە بڵاو دەکەنەوە.

**تێبینی وەرگێڕ:**

ئینسان سەری سوڕدەمێنێت چۆن دەبێت کەسێک وەک شەریف وانلی کە نوێنەری شۆڕشی کورد بووە و ئەو هەمووە خەباتە سیاسییەی دژی دەوڵەتی عێراق کردووە وعێراق بە خوێنی تینوو بوو، ڕێگە بەوە بدات کاربەدەستێکی دەوڵەتی عێراق سەردانی ماڵی بکات و لەگەڵی دابنیشێت. نازانم بۆ هەندێ لە سەرکردە و سیاسەتمەداری کورد ئەوەندە بە ئاسانی فریوی دوژمنەکانیان دەخۆن و دەکەونە داویانەوە، لە ئیسماعیل ئاغا سمکۆوە بگرە تا دکتۆر قاسملۆ و وانلی و ساڵح یوسفی هتد.

## کتێبەکانی دیکەی وەرگێڕ:

- جاڵجاڵۆکـە، ژیاننامـەی نووسـەر، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڤیئـا، فەڕانسـا، ٢٠٢٤
- کاروانـی مـەرگ، بیرەوەریـی دەربازبووانـی گـۆڕە بەکۆمەڵەکانـی ئەنفـال، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی هارماتـان، پاریـس، ٢٠٢٣
- مـەلا مستەفا بارزانی لـە بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی ئەمریکادا، دەسـتەی ئەنسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، ٢٠٢٣
- حەکایەتەکانـی پاشـا و وەزیـر، کۆمەڵێـک چیرۆکی فۆلکلـۆری کوردی ناوچـەی جافایەتی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئنسـتیتیوتی کەلەپـووری کـورد، سلێمانی، ٢٠٢٣
- کـورد و ئەمریـکا، سیاسـەتێکی دڵڕەقانـە، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی زانکۆکانـی ئەوروپـا، ٢٠١٩
- فەرهەنگـی ئەدەبیاتـی کـورد، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی زانکۆکانـی ئوروپـا،، ٢٠١٨
- چیرۆک و ئەفسانە کوردییـەکان، بە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئیدیلیـور، پاریس، ٢٠١٧
- کـورد، ڕۆژنامەنـووس و ئـازاد، کۆمەڵـی بیـرەوەری نووسـەر، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی هارماتـان، پاریـس، ٢٠١٥
- فەرهەنگـی سیاسـی و مێژوویـی کـورد، بـە زمانـی فەرەنسـی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی هارماتـان، پاریـس، ٢٠١٤
- هەڵەبجـە و ئەنفـال لـە بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی ئەمریـکادا، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠١٣
- مێـژووی پەیوەندیەکانی کـورد و ئەمریـکا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٢
- شۆڕشـی ئەیلـوول لـە بەڵگەنامـە نهێنیەکانـی ئەمریـکادا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سـلێمانی، ٢٠١٢

- ناسیونالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢
- سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان لە ڕوانگەی پسپۆڕانی رۆژئاوایی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١
- تراژیدیای کورد، ژێرار شاڵیان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠
- کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩
- کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩
- کوردستانی ئێران و تورکیا لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٠٩
- کولتوور و ناسنامەی کورد، فیلیپ کرینبروك - کریستییەن ئالیسۆن، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، چاپی دووەم، دەزگای کولتوور، هەولێر،٢٠٢٢
- تراژیدیا کوردان(راپۆرتەك ژبۆ نەتەوەیێن یەکبوویی)، ڤەرگەرا ژ ئینگلیزی بۆ کوردیا کورمانجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٧

# بەڵگەنامە ئۆریجیناڵەکان

-4-

Il leur a été répondu affirmativement, mais jusqu'ici personne n'a encore cherché à bénéficier de cette mesure. Mollah Mostafa, de son côté, a adressé une requête semblable pour lui et ses hommes. Il semble qu'on se soit déclaré, ou qu'on se dispose à le faire, prêt à l'accueillir, mais à la condition que sa troupe se laisse désarmer. Elle serait alors internée. Dans le cas contraire, le franchissement de la frontière lui serait interdit par la force.

En prévision des développements de la situation en Irak, le renforcement des mesures de sécurité maintenues de façon permanente dans le Kurdistan iranien est activement étudié par l'Etat-Major. D'autre part, le Chah lui-même a réuni ces jours derniers en conférence à Téhéran les chefs kurdes dont le loyalisme paraît le mieux assuré ; il les a renvoyés avec de riches présents et des assurances quant aux perspectives d'application de la réforme agraire à leurs domaines, mais sans s'engager à leur fournir les armes qu'ils lui ont naturellement demandées.

\+ \+ \+

Tous les rapports confirment l'absence de tension dans les provinces kurdes de la Perse, mais ils indiqu

.../...

-[illegible]-

du 1er août). Cependant, mis au ennemis de Mollah Mostafa les Kurdes d'Irak communiaient dans leur déception à l'égard de Bagdad qui, loin de tenir les promesses inscrites dans la constitution provisoire revenait peu à peu aux errements de l'ancien régime dans les provinces du Nord.

D'après l'informateur iranien dont je rapporte les indications, les choses en seraient venu au point que, depuis quelque temps déjà, les Barzanis et leurs adversaire auraient fait la paix pour se préparer à une résistance commune contre le pouvoir central. Ce que l'on ne sait pas à Téhéran c'est si les Kurdes ont pris eux-mêmes l'initiative des hostilités ou si, au contraire, le Gouvernement irakien a décidé d'enrayer un soulèvement imminent par une répression préventive.

Il est à peu près certain en tout cas que celle-ci a été menée avec la dernière rigueur; l'aviation irakienne paraît avoir bombardé et mitraillé à vue tous les villages et rassemblements kurdes survolés par elle; la façon dont s'est déroulé l'incident frontalier rapporté par notre consul à Tabriz dans sa dépêche jointe en annexe tendrait à le prouver.

Depuis plusieurs semaines déjà, diverses tribus ont fait demander aux autorités iraniennes si elles accepterai des réfugiés, femmes et enfants surtout, sur leur territoi

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

**TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE**

ATTRIBUTIONS : ETAT AL

[illegible]

[illegible]

MOSCOU LE 23 SEPTEMBRE 1961

Reçu le 23 " 20h

NO [illegible]

AFRIQUE LEVANT
25 SEP 1961
ARRIVÉE

JE ME REFERE A MON TG NO 5235.

QUESTIONNE SUR LE SENS ET LA PORTEE DES EVENEMENTS SURVENUS DANS LE NORD DE L'IRAK, UN ORATEUR DU PARTI QUI FAISAIT LE 17 SEPTEMBRE, AU MUSEE POLYTECHNIQUE DE MOSCOU, UNE CONFERENCE SUR LA SITUATION INTERNATIONALE, S'EST BORNE A DECLARER :

" SELON CERTAINS RAPPORTS, LE MOUVEMENT INSURRECTIONNEL KURDE A MAINTENANT ETE REPRIME D'APRES D'AUTRES IL NE L'A TOUJOURS PAS ETE ENTIEREMENT. LA RAISON DU SOULEVEMENT N'A PAS ENCORE ETE TIREE AU CLAIR, NI DANS LA PRESSE SOVIETIQUE NI DANS LA PRESSE OCCIDENTALE ".

CETTE REPONSE AMBIGUE DENOTE UNE ATTITUDE D'EXPECTATIVE DONNANT A PENSER QUE LES AUTORITES SOVIETIQUES N'ONT PAS ENCORE CHOISI LA LIGNE A SUIVRE VIS A VIS DE LA LUTTE INTESTINE DONT LE KURDISTAN IRAKIEN EST ACTUELLEMENT LE THEATRE.

ELLE TENDRAIT AINSI A CONFIRMER L'ANALYSE DE LA SITUATION QUI EST FAITE PAR LE DEPARTEMENT D'ETAT ( CF TG NO 4930 DE WASH./.

MAURICE DEJEAN

-5-

aussi que les évènements d'Irak y sont suivis avec une extrême attention par tous les éléments de la population, nationalistes ou non. Il est certain que si Mollah Mostafa et ses fidèles parvenaient à franchir la frontière en armes, des incidents ne manqueraient pas de se produire. Quoiqu'il en soit, les tenants d'une politique libérale à l'égard des Kurdes éprouvent une certaine satisfaction à constater que, pour le moment, leurs efforts semblent porter leurs fruits. C'est dans cet esprit aussi qu'ils paraissent désireux de faire prévaloir une attitude humaine vis-à-vis des réfugiés qui pourraient venir d'Irak, en évitant toutefois d'indisposer le pays voisin.

Quant aux réactions de la presse iranienne qui, contrairement à sa voisine de Turquie peut librement appeler les Kurdes de leur nom, elles ont été dans l'ensemble plutôt de sympathie à l'égard des insurgés. Les affirmations de Bagdad sur les menées impérialistes qui seraient à l'origine de la révolte n'ont pas été prises au sérieux ; par contre, ont été soulignés l'appartenance des Kurdes à la grande famille aryenne et le caractère souvent intolérable de la domination qu'ils ont à subir de la part des Arabes d'Irak et de la R.A.U. ou même de celle de l'allié turc./.

2

Il n'est pas exclu que l'opération ait été montée de l'extérieur, notamment par des éléments russes en liaison avec Barzani./.

---

R.O.-5-8 (Kurdes

DÉLÉGATION DE LA FRANCE
AU CONSEIL DE L'ATLANTIQUE NORD

Paris le 27 septembre 1

AFRIQUE LEVANT
28 SEP 1961
ARRIVÉE

618

NOTE
pour la Direction d'Afrique-Levant

Soulèvement Kurde
en Irak

A la réunion du Comité politique du 26 septembre, le représentant turc a donné les informations suivantes sur le récent soulèvement des Kurdes en Irak.

Le soulèvement aurait trouvé son origine dans un c entre tribus rivales. Le chef Barzani en aurait tiré prétexte po donner à ce conflit le caractère d'un soulèvement général et ai favoriser ses desseins. La police n'ayant pas été en mesure de tablir l'ordre, le Gouvernement de Bagdad aurait dû faire appel à la troupe. Les tribus se seraient retirées dans la région m gneuse où elles auraient d'ailleurs été encerclées. Plutôt que les anéantir, comme il pouvait le faire, Kassem aurait préféré composer, dans le dessein de maintenir entre ces tribus l'équ bre indispensable. Certaines de ces tribus se seraient du rest mises rapidement dans le camp gouvernemental. Au cours du soul ment des liaisons auraient été établies par les tribus avec l Kurdes de l'Iran. Enfin le soulèvement paraît avoir été organi

Direction d'Europe
Service des Pactes

.../

---

Pro-5-8

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

EN CLAIR

ATTRIBUTIONS : 2/AL - AL
3/SC - /
EU - EU - SJ - IP

AFRIQUE LEVANT
28 OCT 1961
ARRIVÉE

DIPLOMATIE PARIS N° 714

Téhéran, le 25 Octob
Reçu, le 26 Octob

Je me réfère à ma dépêche n° 1161/AL du 10 Octobre.

Contrairement aux nouvelles diffusées par la presse, Moustafa Barzani ne semble être ni blessé ni en fuite. Il a effectué récemment une incursion contre la tribu des Barados près de la frontière persane puis, après avoir séjourné que temps dans la région, s'est replié vers l' Ouest. Ce mouvem avait profondément inquiété l'Etat Major iranien qui, craig de voir les rebelles quitter l' Irak pour se diriger vers l Nord, avait mis toutes les unités stationnées au Kurdistan pied de guerre.

D'après les sources compétentes de Téhéran, le poten militaire de Moustafa Barzani n'a été aucunement atteint p interventions de l'aviation irakienne et ne pourra que se cer d'ici le printemps. Les chutes de neige dans les monta rendent d'ores et déjà les opérations impossibles. Les aut iraniennes redoutent dans ces conditions et compte tenu de situation en Turquie que la rébellion ne s'étende au delà territoire irakien. C'est sans doute en raison de ces préc tions que le Dr.Amini a laissé annoncer à son retour de T qu'il proposerait l'inclusion de 27 détenus politiques ku dans la liste des amnisties qui sont traditionnellement p à l'occasion de l'anniversaire du Chah le 26 Octobre./.

---

Pro-5-8 Kurdes

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DÉCHIFFREMENT

AFRIQUE LEVANT
- 9 OCT 1961
ARRIVÉE

ATTRIBUTIONS : 2 AL - AL -
3 IP -

TEHERAN, le 7 OCTOBRE 1961 08H
Reçu, le 7 " 16H53

N° 659/660

Le Premier Ministre qui rentre d'un voyage à Jérusalem et au Kurdistan, m'a dit que les troubles continuaient dans le Nord de l'Irak où l'aviation gouvernementale poursuit ses opérations. Plus d'un millier de Kurdes appartenant à des tribus "bombardées par erreur" se sont réfugiés en Iran. On ne sait où se trouve Mustapha Barzani.

Monsieur Amini a visité les principales villes kurdes d'Iran et même certaines localités frontalières.

Il a été frappé par l'état de semi-abandon dans lequel il a trouvé cette province et il ne cache pas la préoccupation que lui cause l'état d'esprit des populations de la région de Mehabad./.

LESCOT

AFFAIRES ÉTRANGÈRES
DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

AFRIQUE LEVANT
ARRIVÉE

ATTRIBUTIONS : 2 AL AL
3 SC
EU EU IP

LONDRES, LE 30 JANVIER 1962
Reçu, le 30 "

NOS 367/370.

LES INDICATIONS DONNEES PAR LE FOREIGN OFFICE A L'UN DE MES COLLABORATEURS SUR LA SITUATION AU KURDISTAN RECOUPENT CELLES DE VOTRE AMBASSADE A TEHERAN ( TELEGRAMME EN CLAIR PAR COURRIER NO 47 DU 26 JANVIER).

1.- CONTRAIREMENT AUX INFORMATIONS DE PRESSE EN PROVENANCE DE BEYROUTH ( MON TELEGRAMME 164) AUCUN CESSEZ-LE-FEU N'EST INTERVENU ENTRE LE GENERAL KASSEM ET MOLLAH MUSTAFA BARZANI. CELUI-CI EST RETRANCHE DANS DES MONTAGNES ESCARPEES ET COUVERTES DE NEIGE AVEC UN MILLIER D'HOMMES BIEN ARMES. LES TROUPES IRAKIENNES-C'EST-A-DIRE ESSENTIELLEMENT UNE DIVISION D'ELITE-TIENNENT LES AXES DE COMMUNICATION DANS LA VALLEE SANS CHERCHER SERIEUSEMENT A DELOGER LES HOMMES DU MOLLAH. LE GOUVERNEUR DE KIRKOUK, SOUS LA PROTECTION DU DRAPEAU BLANC, A RENDU RECEMMENT VISITE AU CHEF DE BANDE DANS SON REPAIRE, CE QUI LUI A VALU D'AILLEURS UNE VIVE REPRIMANDE DU GENERAL KASSEM.

2.- LE MOLLAH REVENDIQUE NON PAS L'AUTONOMIE, MAIS L'EGALITE DES DROITS POUR LES KURDES ET L'APPLICATION DE LA CONSTITUTION QUI PREVOIT L'EGALITE LINGUISTIQUE ET CULTURELLE, ENFIN, LA POSSIBILITE POUR LES KURDES D'AVOIR LEURS PROPRES ADMINISTRATEURS.

3.- SUR L'AIDE QUE LUI APPORTERAIT LES SOVIETIQUES, LE FOREIGN OFFICE NE POSSEDE AUCUN RENSEIGNEMENT PRECIS. ON NE SUPPOSE PAS ICI QU'ELLE DOIVE REVETIR UNE GRANDE AMPLEUR. IL S'AGIT, EN EFFET, POUR LES RUSSES, D'UNE OPERATION MARGINALE QUI PRESENTE MOINS D'INTERET ACTUELLEMENT QUE LA CONSOLIDATION DE LEUR INFLUENCE EN IRAK MEME./.

CHAUVEL.

---

AFFAIRES ETRANGÈRES
EN CLAIR

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

ATTRIBUTIONS: 2/ AS - AS -
3/AL - AL -
SC -
EU - EU - DE - SJ - IP -

AFRIQUE LEVANT
ARRIVÉE

LONDRES, LE 13 JANVIER 1962 - 12 H 45
REÇU, LE 13 " " - 15 H 51
NO 196

AU COURS D'UNE CONFERENCE DE PRESSE QU'IL A TENUE LE 12 JANVIER A BAGDAD, LE GENERAL KASSEM A DEMENTI LES RUMEURS RELATIVES A L'OUVERTURE DE NEGOCIATIONS AVEC MOLLAH MUSTAPHA BARZANI.

"CETTE MUTINERIE FOMENTEE PAR LES IMPERIALISTES A ETE COMPLETEMENT ECRASEE", A-T-IL DECLARE.

IL A, D'AUTRE PART, REITERE SES MENACES CONTRE KOWEIT ET SOULIGNE QUE L'EXISTENCE DE CET ETAT N'ETAIT PAS MOINS DANGEREUSE POUR LES PAYS ARABES QUE CELLE D'ISRAEL, CAR C'ETAIT A PARTIR DE CETTE BASE QUE LES IMPERIALISTES ETAIENT EN MESURE D'ETOUFFER TOUT MOUVEMENT DE LIBERATION DANS CETTE REGION, MEME EN ARABIE SEOUDITE ET EN IRAN.

LE GENERAL KASSEM A ENFIN DECLARE QUE LES CONCENTRATIONS ACTUELLES DE TROUPES AVAIENT POUR BUT DE FAIRE PRESSION SUR L'IRAK POUR LUI FAIRE ACCEPTER LES DEMANDES FORMULEES PAR LES COMPAGNIES PETROLIERES ./.

CHAUVEL

---

AFFAIRES ÉTRANGÈRES
EN CLAIR

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

MR

ATTRIBUTIONS : 2. AL AL
3. SC
EU EU SJ IP

TEHERAN LE 27 AVRIL 1962 - PAR COURRIER
RECU 2 MAI " 15 H 25

NO 245

A/S question Kurde et situation en Irak.

Je me réfère au télégramme NO 198 de cette Ambassa[de]

Depuis plusieurs jours, la presse iranienne fait é[tat] d'une aggravation constante de la situation au Kurdistan irak[ien]. En dépit de l'importance des effectifs engagés (le tiers de l'armée) et de la brutalité des méthodes mises en oeuvre (bom[bar]dements aériens de villages et de campements), les forces gou[ver]nementales seraient encore loin d'une victoire sur les rebell[es]. Ceux-ci resteraient pratiquement maîtres de toute la région comprise entre Suleymaniyé, Mossoul et la frontière turque. L[es] pertes seraient lourdes de part et d'autre. Moustafa BARZANI, soutenu par la majorité des Kurdes irakiens serait décidé à p[our]suivre la lutte jusqu'à ce que le général KASSEM accepte les revendications en onze points présentées par le Parti démocra[te] Kurde.

Les journaux de Téhéran; obéissant manifestement à des directives officielles mettant l'accent sur les relatio[ns] de Mollah Moustafa avec le monde communiste et sur le fait qu[e] ses hommes seraient équipés surtout d'armes de provenance du

---

AFFAIRES ÉTRANGÈRES
EN CLAIR

AFRIQUE LEVANT
- 5 AVR. 1962
ARRIVÉE

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

JA.
ATTRIBUTIONS : 2/AL - AL
3/SC -
IP -

TEHERAN, le 3 avril 1962 -
Reçu, le 5 avril 1962 - 11.H.12

PAR COURRIER.

N° 198

a/s : question kurde.

Je me réfère à mon télégramme n° 47.

J'apprends que le gouvernement irakien aurait avisé les ambassades de Turquie et d'Iran de l'éventualit[é] d'opérations militaires à proximité immédiate des frontiè[res] de ces deux pays. Les activités de Moustafa BARZANI, qui [a] mis les mois d'hiver à profit pour consolider ses positio[ns] tactiques et son autorité sur bon nombre de tribus, devi[en]draient en effet de plus en plus inquiétantes ; elles préoccupent d'ailleurs beaucoup les autorités iraniennes.

Il semble que les tentatives de négociation ent[re] le général KASSEM et le Mollah aient toutes échoué. Les dernières en date de ces conversations auraient été mené[es] par l'intermédiaire de Cheikh Ahmad BARZANI, frère aîné de Moustafa et qui se trouvait en résidence forcée à Bagdad. Irrité de s'entendre proposer l'octroi de l'auto[no]mie au Kurdistan, le général aurait fait emprisonner s[on] interlocuteur.

Je signale enfin au Département, de source turque, que la tribu des Zibari qui s'était, l'an derni[er] réfugiée en Turquie après de durs accrochages avec les Barzanis, aurait depuis longtemps regagné l'Irak, fort d[éçue] de l'accueil rencontré dans le pays d'asile./.

SIVAN.

Pro - S - 8 - (Ku

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

EN CLAIR

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

Téhéran, le 12 Mai 1962
RECU, le 15/5/62 - 10 H 4

TELEGRAMME EN CLAIR PAR COURRIER
MJS ATTRIBUTIONS : 2 - AL - AL
3 - SC - SC
EU - EU - SJ - IP

AFRIQUE LEVANT
ARRIVÉE

DIPLOMATIE PARIS N° 276

Je me réfère à mon télégramme n° 245.

On continue, à Téhéran, à suivre avec attention la sit[uation] en Irak, qui est jugée très inquiétante pour l'avenir du Gl Kassem

Les combats au Kurdistan, où, de source américaine, se[raient] engagées cinq brigades gouvernementales, seraient de plus en plus dur[s] Irakiens auraient subi de sérieux revers et des pertes s'élèvent à plu[sieurs] centaines d'hommes dans la région d'Akkra.

A Bagdad même, la presse iranienne a relevé les manife[sta]tions communistes et les tracts distribués par les Frères Musulmans en des Kurdes, ainsi que l'arrestation d'une vingtaine d'officiers de p[...] et la mise en liberté suivie d'une nouvelle incarcération du Colonel A[...] Tous ces événements sont interprétés comme avant-coureurs d'une crise [du] régime./.

RIVAN

- 2 -

rideau de fer. Ils reconnaissent, il est vrai que la plus grand[e] partie de cet armement a été prise sur l'armée irakienne.

Les autorités iraniennes se montrent avares de comme[n]taires sur les évènements d'Irak, mais on décèle un indice de leur inquiétude dans la publicité récemment faite autour de la distribution de terres domaniales à des paysans kurdes de la région de Rezaiyeh (référence ma dépêche N° 504/AL du 21 avril 1962).

Si l'on s'en rapporte aux nouvelles qui circulent ic[i] les troubles dont les provinces septentrionales sont le théâtre ne seraient pas sans conséquences pour la stabilité du régime irakien : l'état d'esprit de l'armée serait mauvais ; défection[s] désertions et refus d'obéissance se multiplieraient dans les unités au contact avec les rebelles. Or, souligne t-on, l'armée constitue le principal soutien du général KASSEM. Il résulterai[t] de cet état de choses un affaiblissement de l'autorité du dicta[]teur qui devrait à nouveau compter avec certains politiciens civils. A cet égard, la rentrée en scène de M. TCHADORTCHI, qui réclame des élections est fort remarquée à Téhéran ./.

LESCOT.

et doués d'un bon moral.

Selon l'Eastern Department, les forces gouvernementales ne paraissent pas s'être adaptées à cette sorte de mission et les soldats irakiens manifesteraient fort peu d'entrain. Beaucoup d'entre eux répugneraient même à cette répression contre les rebelles kurdes qu'ils continuent à considérer comme des compatriotes.

Du côté kurde, Mullah Mostapha Barzani a réussi à rallier à sa cause certaines tribus, élément que les Britanniques considèrent comme important. En Irak même, le mouvement kurde n'est soutenu par personne, mais il est discrètement exploité par certains adversaires du Général Kassem, notamment par le Parti communiste ( clandestin ) bien que l'Union Soviétique ne paraisse nullement encourager la rébellion. Rien ne permettrait d'affirmer que la Russie équipe ou ravitaille les rebelles, dont l'armement est rarement d'origine russe, sauf pour les déserteurs assez nombreux qui sont passés dans les rangs kurdes depuis quelques mois.

Quant aux répercussions de cette affaire sur la position du Général Kassem, l'Eastern Department n'estime pas qu'elles soient suffisamment graves pour ébranler le régime, et entraîner directement sa chute. Il s'agit, toutefois, d'un facteur nouveau qui s'ajoute à beaucoup d'autres : économie chancelante, récoltes déficitaires, insatisfaction ou désaffection des élites intellectuelles et de la moyenne bourgeoisie. Le Général Kassem se maintient depuis bientôt quatre ans dans une situation précaire, contre toute prévision. Il est aujourd'hui très isolé, se méfiant de tous et ayant éliminé dans l'Armée, comme au sein des groupes politiques, tous ceux qui pouvaient le concurrencer. Sa méfiance est telle que pour les opérations au Kurdistan, il s'est gardé de nommer un Commandant en Chef, de peur de voir une partie de l'Armée se retourner contre Bagdad.

Dans la perspective d'une chute du Général Kassem qui n'est pas à exclure, le Foreign Office considère comme douteux que les communistes soient en mesure de prendre le pouvoir ; il envisage plutôt le succès des

Ambassade de France en Grande Bretagne

Londres le 24 Mai 1962

FBL/FC

No. 743 /AL

L'Ambassadeur de France en Grande Bretagne
à
Son Excellence Monsieur Couve de Murville
Ministre des Affaires Etrangères
Direction d'Afrique-Levant

AFRIQUE LEVANT
25 MAI 1962
ARRIVÉE

A/S. Troubles au Kurdistan.-
& Situation en Irak.-

Le Service d'Irak au Foreign Office donne sur la situation au Kurdistan des informations qui, dans l'ensemble, rejoignent et confirment celles reçues par le State Department ( dépêche n° 1.001/AL de Washington ). La révolte kurde est aujourd'hui solidement implantée et, en raison du terrain où se livrent les combats, il serait difficile et relativement coûteux d'en venir à bout. La réduction des rebelles exige en effet de la part des troupes gouvernementales un travail très ingrat : opérant en région montagneuse, il faut avant toute progression s'emparer des sommets pour protéger la marche des colonnes. Devant la tactique de guerilla naturellement adoptée par les Kurdes, celui qui attaque prend les plus grand risques et ses pertes sont généralement supérieures à celles de l'adversaire. Sur le plan militaire, les Britanniques comparent ce genre d'opérations avec celles qu'ils ont eux-mêmes menées dans le Nord de l'Inde et dont ils n'ont pas oublié les difficultés. Le matériel moderne, les blindés, l'aviation même ne sont pas, dans ce cas, d'un grand secours ; il faut des unités spéciales très entraînées

Cpié :
EU
Beyrouth
Téhéran
Washington

./...

Ambassade de France en Grande Bretagne

Londres, le 27 Juillet 1962.-

AFRIQUE LEVANT
ARRIVÉE

FBL/WJ

No. 1026/AL

CONFIDENTIEL

L'AMBASSADEUR DE FRANCE EN GRANDE BRETAGNE
à
SON EXCELLENCE MONSIEUR COUVE DE MURVILLE
MINISTRE DES AFFAIRES ETRANGERES
- Direction d'Afrique-Levant -

A/S.- Aide-mémoire du Parti démocratique kurde.-

J'ai l'honneur d'adresser ci-joint au Département un aide-mémoire émanant du Parti démocratique kurde qui a été remis à cette Ambassade le 27 juillet par M. Mustapha Mohamed Karadaghi, se présentant comme mandaté par ce parti.

C'est l'un de mes collaborateurs qui a reçu M. Karadaghi, après que celui-ci ait pris préalablement rendez-vous sans mentionner l'objet de sa visite. M. Karadaghi, qui appartient au cadre des Affaires Etrangères d'Irak et qui exerçait jusqu'à une date toute récente les fonctions de Consul à Lagos, a indiqué au cours de l'entretien qu'il a eu avec mon collaborateur qu'il venait de se démettre de son poste pour se consacrer à la lutte des kurdes contre le gouvernement irakien. Il a précisé que les démissions de fonctionnaires et d'officiers kurdes étaient de plus en plus nombreuses depuis quelques semaines; cependant la résistance kurde avait réussi jusqu'à présent à tenir en échec les forces du Général Kassem. Mollah Mustapha Barzani contrôlait maintenant une vaste

./...

Copié: EU
Téhéran
Ankara

2.

région montagneuse et avait derrière lui toutes les tribus.

M. Karadaghi a souligné qu'il s'agissait là d'une première étape et que Mollah Mustapha ne renonçait pas à s'attaquer aux villes de Kirkouk et Mossoul dès que l'équipement de ses forces le lui permettrait. Mais dans les circonstances présentes, il devait se cantonner dans la tactique de guérilla qui lui avait si bien réussi et sur laquelle s'étaient brisées les attaques massives mais inefficaces de l'armée irakienne.

Interrogé par mon collaborateur sur les relations de la rébellion kurde avec les minorités voisines, M. Karadaghi a indiqué que les partisans de Mollah Mustapha trouvaient asile et aide chez leurs compatriotes d'Iran, avec la complicité des autorités de ce pays. Selon lui, le gouvernement iranien, désireux de voir sombrer le régime du Général Kassem, favoriserait secrètement les menées autonomistes au Kurdistan irakien et aurait pratiquement renoncé à contrôler la frontière; cette complaisance offrait aux rebelles des avantages non négligeables. On ne se faisait, toutefois, aucune illusion sur les véritables intentions du gouvernement impérial; si le conflit irako-kurde devait entraîner la chute de Kassem, Téhéran modifierait aussitôt son attitude et en reviendrait à sa politique traditionnelle. Les souvenirs et les leçons de l'éphémère République de Mahabad n'avaient pas été oubliés par le Chah.

Du côté des Turcs, le mouvement de Mollah Mustapha Barzani ne bénéficiait, en revanche, d'aucune complicité ou assistance. Selon M. Karadaghi, le Général Kassem aurait récemment obtenu du gouvernement turc que celui-ci se solidarise avec les Irakiens dans le conflit.

Quant à l'Union Soviétique, elle ne marquait non plus aucune sympathie active à l'égard de la résistance kurde et elle continuait à soutenir Kassem. Le Parti communiste irakien s'était, en revanche, prononcé

./...

3.

en faveur de la rébellion.

Au stade actuel de la lutte, le Parti démocratique avait le plus grand besoin d'une assistance extérieure, morale et matérielle. Il s'adressait à la France, parce que notre pays connaissait bien le problème et s'y était intéressé à l'époque où nous exercions un mandat sur la Syrie. On espérait donc nous voir appuyer par la voie diplomatique, notamment aux Nations Unies, les revendications de la Nation Kurde; des démarches semblables étaient faites auprès de la République fédérale d'Allemagne et des Etats-Unis.

Le Parti démocratique n'attendait pas seulement du gouvernement français qu'il défende le droit des Kurdes à l'auto-détermination, mais aussi qu'il apporte une aide pratique à la rébellion, en armes et en matériel.

Mon collaborateur s'est, bien entendu, gardé d'entretenir sur ce point les illusions de M. Karadaghi et il s'est borné à indiquer que le présent aide-mémoire serait transmis au Département à toutes fins utiles.

